

کرستینا کۆیڤونەن
جەنگی شاراوە
لە باکوری کوردستان
وەرگێڕانی
پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتی

## ئەم بەرهەمە پێشکەشە :

- بە "ماریا" ئەو کچە پەرستارە کریستانییەی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا لە نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی راژەی دەکـردو فریشتەئاسـاو بەوپـەڕی سـۆزو میهرەبانییەوە لە ئازاری نەخۆشەکانی کەمدەکردەوە.

- هەموو ئـەو پزیشـکانەی پابەنـدی ئـەخلاقی پیشـەیی خۆیـانن و ئاکـاری مرۆڤدرستانەیان لەدەستنەداوەو کارەکەیان نەکردۆتە ئامرازێك بۆ بازرگانیی بە ژیانی نەخۆشەکانەوەو لەسەر گیرفانی خەڵکانی رەشوڕووت کۆشـك و ڤـێلای شاهانەیان پێکەوەنەناوە .

- بۆ هەموو ئەوانەی چییەتی دەسەڵات و دەسەڵاتداران باش تێدەگەن و دەتوانن جیاکاریی بکەن لەنێوان درۆ بریقەدارەکانی سیاسەتبازان و ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێت.

- بە گیانی مرۆڤدۆستانە و ئەکادیمستانەی نووسەری ئەم کۆڵینەوەیە خاتوو کریستینا کۆیڤونەن.

-"مافی ژیان به تەندروستیی مافێکی بنەڕەتییەو بنەمایەکی چەسپاوی مافەکانی مرۆڤە لە دەستوورەکەماندا. سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزاریی بایەخپێدانی تەندروستیی لەلایەن هەر هاوڵاتییەکەوە (نێربێ یان مێ) کە پێویستی پێی بێت، نەهێشتنی نایەکسانییە هەرێمییەکان، درککردنو بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیی گەلەکەمان بەشێکن لە ئامانجە بنەڕەتییەکانمان.

لەرێگەی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی زانیارییە تەندروستییەکان وەك پێویست دەکات، دەتوانرێت خزمەتگوزاریی بایەخپێدانە تەندروستییەکان هاوجووت لەگەڵ ئامانجەکانی ئێمە ئاراستەو چاودێریی بکات."

( د. ه. ئیبراهیم ئۆکسۆی، وەزیری تەندروستیی، 1995 )

" هۆکاری نەخۆشیی هەژارییە، بەڵام نەك تەنیا هەژاریی، بەڵکو ئەوە بە ئاسانیی سیاسەتی دەوڵەتی تورکییە بۆ تێکشکاندنی نەتەوەیەك، نەك تەنیا بەوەی بڕوات تەقەیان لێبکاتو بیانکوژێت، بەڵکو رێگەی دیکە بۆ ئەوە هەیە."

ژنێکی کورد

## لیستی کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| AKIN | تۆڕی زانیاریی کوردیی ئەمەریکیی |
| ANAP | ( ئەنەوەتەن پارتەسی ) پارتی دایکی نیشتیمان |
| ARGK | ئەرتەشی رزگاریی گەلی کوردستان |
| CATOM | ناوەندی کۆمەڵایەتی فرە ئامانج |
| CHP | پارتی کۆماری گەل لەلایەن ئەتاتورکەوە دامەزراوە |
| DEP | پارتی دیموکرات 1993/5/7 – 1994/6/16 |
| DSP | پارتی چەپی دیموکرات (دیموکراسی سۆڵ پارتەسی) |
| DYP | پارتی رێگای راست (دیپ) |
| ERNK | بەرەی رزگاریی گەلی کوردستان |
| GAP | پرۆژەی ئەنەدۆڵی مەزن (گاپ) |
| HADEP | پارتی گەلی کوردستان (هالکین دیموکراسی پارتەسی) |
| HEP | پارتی کاری گەل ( هالك ئەمەك پارتەسی) |
| HERT | دامەزراوەی تورکیی بۆ ماوفەکانی مرۆڤ |
| IHD | کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ |
| IMK. e.V | کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی بۆ مافەکانی مرۆڤی کوردان |
| KHRP | پرۆژەی کوردیی مافەکانی مرۆڤ |
| KLC | ململانێیی توندیی نزمەئاست |
| MHP | پارتی جووڵانەوەی نەتەوەیی (میللەتچی هەرەکەت پارتەسی) |
| MIT | رێکخراوەی ئاسایشی نەتەوەیی (میللی ئیستیخبارات تەشکیلات) |
| MSF | پزیشکانی بێسنوور |
| MSP | پارتی رەفای ئیسلامیی |
| PHR | پزیشکان بۆ مافەکانی مرۆڤ |
| PKK | پارتیا کارکەرێن کوردستان |

| | |
|---|---|
| SHP | پارتی سۆشیال دیموکراتی |
| SES | یەکێتی پیشەیی بایەخپێدانی تەندروستیی (سەندیکای ساغڵەمی) |
| TDHS | رووماڵی دانیشتووان و تەندروستیی تورکیی |
| TTB | کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی (تورك تەبیبلەر بیرلگی) |
| UNHCR | کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران |
| WHO | رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی |

# نێوەرۆک


| | |
|---|---|
| وتەی وەرگێڕ | 13 |
| پێزانین | 17 |
| یەکەم: دەروازە: کەمیی زانیاریی سەبارەت بە تەندروستیی کوردان | 29-19 |
| دووەم: ڕێدۆزی تیۆریی | 80-31 |
| 2. 1. شوناسی ئیتنیی | 31 |
| 2. 2. جینۆسایدو ئیتنۆساید | 47 |
| 2 .3. جەنگی توندیی نزمەئاست | 71 |
| سێیەم: ئاکاری کۆڵینەوە لەبارەی جەنگەوە | 114-81 |
| 3. 1 . ئاکاری کۆڵینەوە لەبارەی جەنگەوە | 81 |
| 3. 2. کاری مەیدانیی لەبارەی توندوتیژیی | 90 |
| چوارەم: میتۆدەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی | 134-115 |
| 4 . 1 . میتۆدەکان و ماتریاڵی کۆڵینەوە | 115 |
| 4 .2 . ڕەخنەکردنی سەرچاوەکان | 129 |
| پێنجەم: مێژووی کوردان لە تورکیا | 195-135 |
| 5. 1 . زانیاریی بنەڕەتیی لەبارەی کوردانەوە | 135 |
| 5. 2. چەند کاریگەرییەك لەسەر مێژووی کوردان لە تورکیا | 140 |
| شەشەم : ئیتنۆسایدی کوردان لە تورکیا | 250-196 |
| 6. 1 نکۆڵییکردن لە شوناسی کوردان | 196 |

| | |
|---|---|
| 6. 2 بەکارهێنانی پرۆژەی گاپ بۆ تێکدانی شوناسی کوردیی | 220 |
| 6. 3 .کۆڵینەوەو سەرژمێرییەکان: نکۆڵییکردن لە بوونی کوردان | |
| 6 . 3 . 1 کۆڵینەوە | 230 |
| 6. 3. 2 ئامارەکان | 247 |
| حەوتەم : میلیتاریزەکردنی پارێزگا کوردییەکان | 290-251 |
| 7. 1 . سیستمی بەرگریی و ئاسایشیی کوردان | 251 |
| 7 . 2 . گروپە نیمچەسەربازییەکان | 262 |
| 7 . 3 . میتۆدەکانی ناچالاکهێشتنەوە کە دژی خەڵکی سڤیل گیراوەتەبەر | 272 |
| هەشتەم : بایەخپێدانی تەندروستیی لە باکووری کوردستان | 326-291 |
| 8 . 1 . پراکتیکەکانی بایەخپێدانی تەندروستیی کوردیی | 291 |
| 8 . 2 . بایەخپێدانی تەندروستیی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا | 296 |
| 8 . 3 . رەوشگەلی کارکردن لەسایەی یاسای حاڵەتی ئاوارتەدا | 311 |
| 8. 4 . دارمانی بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپاراستن | 319 |
| 8 . 5 . لاوازیی بایەخپێدانی تەندروستیی ژینگەیی | 324 |
| نۆیەم : بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەساڵانی 1990کان لە باکووری کوردستان | 367-327 |

| | |
|---|---|
| 327 | 9 . 1 . بایەخپێدانی تەندروستیی لە رەوشگەلی ئاوارتەدا |
| 334 | 9. 2 . نەخۆشییەکانی سکچوون (Diarrhoea) |
| 344 | 9 . 3 . هەوکردنی سییەکان (Pneumonia) |
| 347 | 9. 4 . مەلاریا (Malaria) |
| 353 | 9 .5. سیل ( Tuberculosis ) |
| 356 | 9 . 6 . ئیفلیجیی منداڵان ( Poilo ) |
| 359 | 9 . 7 . سورێژە ( Measles ) |
| 361 | 9. 8 . نەخۆشییەکانی دیکەو سەرنجێکی گشتیی لەمەڕ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە ساڵانی 1990کاندا |
| 375-368 | دەیەم: : مەرگی ساواو منداڵان لە باکووری کوردستان |
| 386-376 | یازدەیەم : گرفتە تەندروستییەکان لە ئاکامی جەنگدا ، میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست، هەروەها کاردانەوەی ئیتنۆساید |
| 418-387 | دوازدەیەم : پوختەو مشتومڕ |
| 471-419 | **References** |

## وتەی وەرگێڕ

خوێنەری ئازیز، ئەم بەرهەمەی بەردەستت کۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە لەلایەن ژنەکۆڵەری هۆڵەندیی خاتوو" کریستینا کۆیڤەنەن" بۆ وەرگرتنی پلەی دکتۆرا پێشکەشکراوە لە بنەڕەتدا بەزمانی ئینگلیزیی نووسراوە بە ناونیشانی ( The Invisible War in North Kurdistan / جەنگی شاراوە لە باکووری کوردستان ) کە لە رەوشی کوردانی باکوور لەساڵانی نەوەتەکاندا دەکۆڵێتەوەو تیشکی خستۆتە سەر ستراتیجیی سەربازیی دەوڵەتی تورك دژی جووڵانەوەی پەرەسەندووی رزگارییخوازیی نەتەوەیی کورد بەڕابەری پارتیا کارگەرێن کوردستان "پەکەکە". ئەم کۆڵینەوەیە ستراتیجی "جەنگی توندیی نزمەئاست" مان پێ دەناسێنێت کە دەسەڵاتدارانی تورکیا لەسەرەتای نەوەتەکانەوە بۆ زاڵبوون بەسەر پەکەکەو تێکدانی شیرازەی ژیانی دانیشتووانی کورد لە باکووری کوردستان گرتوویانەتەبەر. ئەو جەنگەی کە لەشێوەی جەنگی سوننەتییدا نامێنێتەوە، بەڵکو جەنگێگی دژە گەریلایی هەمەلایەنەیە (سەربازیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، تەندروستیی، سایکۆلۆجیی و ژینگەیی) دوور لە ورووژاندنی میدیاکان و هەژاندی رای گشتیی بەڕێوەدەچێت. ئەم جەنگە ستراتیجییەکی وێرانکەرەو ئامانج لێی دابڕانی هێزەکانی گەریلایە لە ژینگەکەیان، لەسەرچاوەی پشتگیریی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییان، ئامانج لێی "وشککردنی دەریاکەیە لەپێناوی کوشتنی ماسییەکان"، ستراتیجێك کە پێشتر دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ئەمەریکا لە جەنگی ڤێتنامدا گرتوویێتییەبەرو دەوڵەتی تورکیش لەپێناو لەناوبردنی خەباتی رزگارییخوازانەی نەتەوەیی و توانەوەی گەلی کورددا لاسایی دەکاتەوە.

هەروەك چوارساڵ بەر لە ئێستا لە بڵاوكراوەی "رۆژی وڵات"دا ئاماژەمان پێدابوو، دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی توركیا تا ئەو كاتەی بڕوایان بە دروشمی فاشیستانەی"یەك نەتەوەیی" توركیا هەبێت، نە كێشەی كوردو نە كێشەی دیموكراتییو مافی مرۆڤ لەو وڵاتە ناچێتە سەر نەخشەرێگای چارەسەریی راستینەی خۆیو تیرۆری دەوڵەت هەمیشە ئامادەیەو بەردەوامبوونی جەنگە ناوخۆكە و مەترسیی كەوتنەوەی جەنگی هەرێمیی لەئارادایە، بەتایبەت لە قۆناغی ئێستادا كە بەهۆی شۆڕشەكانی گەلانی ناوچەكەوە دژی دەسەڵاتە دیكتاتۆرو گەندەڵكارەكانیان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گڕیگرتووەو پشێوییەكی بەرفراوان ناوچەكەی گرتۆتەوەو دەسەڵاتدارانی توركیا سەریان لە فراوانخوازییو باڵادەستیی دەخورێ. ئەمەش بە تەواویی ئەو خۆشخەیاڵییە پوچەڵكاتەوە كە بازرگانانی سیاسەت بۆ گەوجاندنی خەڵكو ورەبەردانی رزگارییخوازان پاگەندەیان بۆ دەكرد گوایە پارتەكەی عەدالەتو تەنمیەی ئۆردۆغان رەچەتەی چارەسەری كێشەی كوردی لە توركیا پێیەو سیاسەتی كرانەوەی دیموكراتییان گرتۆتەبەرو چیدی پێویستییەك بۆ خەباتی چەكداریی كورد لەتوركیا ومەترسییەك لەسەر بوونی نەتەوەیی نەماوە!!!.

وا جارێكی دیكە ناوچەكە كەوتۆتەوە بەر پەلامارەكانی لەشكری توركیاو ئەمجارەیان بە پاڵپشتی ئێران بەتۆپو فڕۆكە هێرشدەكرێتە سەر گوندەكانی بناری قەندیلو ئەگەرێكی بەهێزی لەشكركێشییەكی بەرفراوان بۆسەر ناوچەكە لەئارادایە كە وەك چوارساڵ پێشتر ئاماژەمان بۆ كردووە زۆر لایەنی جیهانییو هەرێمییو تەنانەت خۆماڵیشی تێوەگلاون. هەر لەكاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا، هەواڵی كۆمەڵكوژیی تەواوی خێزانێكی سڤیل لە كورتەك لەبناری قەندیل راگەیەندرا كە لەلایەن فڕۆكە جەنگییەكانی توركیاوە كراونەتە ئامانج. دیارە بەئامانجگرتنی خەڵكی سڤیلو بێدیفاعی كورد بەشێكە لە ستراتیجیی جەنگی توندیی نزمە ئاست جا چ بە ئامرازەكانی جەنگیی وەك تانكو فڕۆكە یاخود لەرێگەی بەكتریاو بڵاوكردنەوەی نەخۆشییو تێكدانی شیرازەی كۆمەڵگاوە بێت. بۆ دەسەڵاتدارانی

توركیا، ئەم ستراتیجە تێکەڵ بەو قەڵاچۆکردنە کەلتوورییە بۆتەوە کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دەدرێت. ئەو دەوڵەتەی کە لە سەدەی بیستەمدا دوو پرۆسەی جینۆسایدی مەزنی دژ بە کۆنترین دوو گەلی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەبردووە کە "ئەرمەن و کوردە". دیارە تورکیا بەتەواویی لە پرۆسەی لەناوبردنی نەتەوەی ئەرمەن لە تورکیا سەرکەوتووبووە، هەروەها لە پرۆسەی توانەوەی کورداندا هەنگاوی گەورەی نا، بەڵام لە پلەکانی کۆتادا پێی ترازاوەو بەخراپیی گیرییخواردووە، نەئەوەتا بتوانێت بەرەو کۆتایی هەنگاوبنێت و نە ئەوەتا بگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتاو بناغە خوارەکەی ئەتاتورك راستبکاتەوە، بەڵکو لەڕێگای ئیحتیواو دیماگۆجیی و دروشمی عوسمانییەتی نویٚ وە کە ئالاهەڵگرەکەی حیزبەکەی ئۆردۆغانە دەیەوێت ئامانجی فاشیستانەی خۆی بێنێتەدی. ئەو حیزبەی لە بەشە تورکییەکەدا کار بۆ عەدالەت و تەنمییە دەکات و لە باکوری کوردستان و پارێزگا کوردییەکان بە کردەوە حەقارەت بە گەلی کورد و تەسفییەی جووڵانەوە رزگارییخوازانەکەی گرتۆتەبەر، ئەو دووڕوویی و گەوجاندنەی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش گیراوەتەبەر، لەکاتێکدا لەشکرەکەی ئۆردۆگان لە تەواوی کوردستاندا کۆمەڵکوژیی لە خەڵکی سیڤیلی کورد دەکات و ژن و منداڵانی کورد دەکوژێت، هەر ئەو کاتەش دەچێتە سۆماڵ و منداڵانی برسیی لەباوەش دەگرێت!!

خوێنەری بەڕێز، ئەم کۆڵینەوەیە چییەتیی دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتی داگیرکارانەو فاشیستانەی لەئاست گەلی کورد لە باکووری کوردستان روونەدەکاتەوە، هەروەها رەوشی تەندروستیی گەلی کوردمان لەو بەشەی کوردستاندا لەسایەی جینۆسایدی تەندروستییدا پێشاندەدات کە ئامانجی تێکشکاندنی جووڵانەوەی کورد و بەئامانجگرتنی کۆمەڵگای کوردییە. هەربۆیە بە پێویستمان زانی ئەم بەرهەمە ناوازەیە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردیی و راستییە هەڵهێنجراوەکانی بیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی کورد و کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکەین، هیوادارم وشوێنی شیاوی خۆی بگرێت، لەگەڵ رێزدا.

**دکتۆر یاسین سەردەشتیی**

**سلێمانی**/ 22**ی ئووتی** 2011

## پێزانین:

ئەم کۆڵینەوەیە گەشتێکی ناوازەیە بۆ جیهانێکی پڕهەراو توندوتیژیی. دەستکەوتنی راوێژو ئامۆژگاریی بۆ لایەنی زانستیی کۆڵینەوەکە لەلایەك و هەروەها سەبارەت بەوەی کە چۆن لەرووی سۆزەکییەوە رووبەڕووی نەهامەتییە زۆروزەوەندەکانی ئەو خەڵکە ببینەوە، شتێکی فرە ئەستەم بوو. زۆربەی ئەو هاوکارییانەی بەدەستمهێنان لەلایەن کوردانەوە بوو، چ لە خەڵکە رەشوڕووتەکەی ئامەدەوە، یاخود لە روناکبیران و مەزنە سیاسەتکارەکانی کورد لە ئەوروپا. ئەوان هانیاندام و سوپاسی ئەوەشیان کردم کە لەڕێی ئەنجامدانی ئەم کۆڵینەوەیەوە بایەخ بە گەلەکەیان دەدەم. تەنانەت زۆر لە کوردان بە چەشنێك سوپاسگوزرام بوون، سەرمسوڕمابوو، بگرە بێزاریش بووم. ئەوەی تەواو بۆخۆی ئاشکرایە لەم ماوە هاوچەرخەدا ئەوەیە کە هێمایەکی تایبەت نیە بۆ سوپاسکردن، لە ئەوروپا رەوشی ئەو گەلانەی لە سایەی کێشمەکێشی چەکدارییدا دەژین، رووماڵدەکرێت. بەتایبەت، ئەگەر مەسەلەکە بە دەستەوتاقمێکی بچووك و لاوەکییەوە تایبەت نەبێت و ژمارەی قوربانییەکان چەند ملیۆنێك بن.

خوازیارم سوپاسی ئانتی کاریستۆ، ئاننا ماریا ڤیلجانین، عومەر شێخموس و هالوك جەرگیر بکەم کە بە رەخنەو سەرنجەوە ئەم کۆڵینەوەیان خوێندۆتەوە. بەتایبەت سوپاسی هەر یەك لە پێرتی مولتانین و رایجا لینا پوناماکی دەکەم کە بەم کۆڵینەوەیەدا چوونەتەوە. هەروەها دەمەوێت سوپاسی جیرکی کاکۆنین و ئۆستن والبێك بکەم کە تێبینیان سەبارەت بە تێزی لیسانسەکەم پێشکەشکردووەو هاوکارییان کردم لەبارەی تیۆرەکانی تایبەت بە جینۆسایدو ئیتنۆسایدەوە( قەڵاچۆکردنی کەلتووریی) تێبگەم. تێزی لیسانسەکەم ( بایەخدانی تەندروستیی لەسایەی جینۆسایدی کەلتووریی لە بەشە کوردستانەکەی تورکیا ) بریتییە لە رەشنووسی ئەم کۆڵینەوەیە، بەشە پراکتیکییەکەی ئەم کۆڵینەوەیە بەتەواویی هەمان شتە، بەڵام لە بەشە تیۆرییەکەی و لێکدانەوەی رەوشەکە زێدەکارییم کردووە. مشتومڕی زۆرم لەگەڵ تارجا تیانینی خوشکمدا یارمەتیدام پرسەکانی کۆڵینەوەکە بە شێوازێکی نوێ گەڵاڵە بکەمەوە.

کوردان بە لێکدانەوەی مەسەلە وردو درشتەکان بۆم، هەروەها بە گەڕان بەدوای

زانیاریی‌و پێکهێنانی پەیوەندییەکاندا، یارمەتییاندام لە ڕەوشەکەیان تێبگەم. لەبەرئەوەی من کوردیی نازانم‌و تەنیا تورکییەکی سەرەتایی دەزانم، ئەوان چ چاوپێکەوتنەکان‌و چ بابەتە نووسراوەکانیشیان بۆ وەردەگێڕام. لەبەر لایەنی ئەمنیی ناتوانم بە ئاشکرا سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە لە تورکیا هاوکاریان کردم. هەروەها زۆربەی ئەو کوردانەی سەرچاوەی زانیارییەکانم بوون‌و لە ئەورووپا دەژین وایان بە باش زانی ناویان نەبرێت. هەندێك لەوانەی ناویان دەهێنم : نیجلە ئەچیك، دیجلە ئەنتەر، م.ئەمین بوزەرسلان، هەنەڤ جەلەبلی، جەلادەت جیلیکار، زەردەشت هاجۆ، مێمەد ئوسەل، فاتمە یاساو ڕەهسان یوروزلو. هەروەها سوپاسی یارمەتیی ئەندامەکانی ( یەکێتیا ئازادیا ژنێن کوردستان ) دەکەم.

سوپاسێکی تایبەتی براین کروگێرو لایمدۆتا مازارینس قەرزارم کە لە زمانی ئینگلیزییدا یارمەتییاندام.

هەروەها دەمەوێت سوپاسی نۆرفا(ئەکادیمیای نۆردیك بۆ کۆڵینەوە پێشکەوتووەکان) بکەم کە یارمەتیاندام بتوانم بۆ ماوەی پێنج مانگ، لە بەهارو هاوینی ساڵی 1998دا، لە سوید کار لەسەر ئەم کۆڵینەوەیە بکەم. هەروەها خەرجی بەشدارییکردنم لە کورسی کۆڵینەوەیی باڵتیك–نۆردیك، لە یورمالاو لاتیڤیا لە ژونی 1998دا، کە بەناونیشانی " جێندەرو فرەکەلتوورگەرایی " بوو، لەلایەن ئەوانەوە دابینکرا. لەو کاتەی لەم کۆرسەدا بەشدار بووم، تێبینییەکی زۆرم لە بوارەکەدا هەبوو، هەروەها لە ماتەریاڵی لێکۆڵینەوەکەی تردا، بەڵام لە بارێکی زۆر ناڕێك‌و پشێودا بوو. کۆرسەکە لە فۆرمەڵەکردنی پرسە وردەکانی کۆڵینەوەکەو دۆزینەوەی هاوسەنگیی لەنێوان بەشە تیۆریی‌و بەشە پراکتیکییەکەیدا، فرە یارمەتییدام. هەروەها سوپاسی کۆمەڵەی سەوز لە فینلەند دەکەم، کە خەرجی سەفەرەکەمیان دابینکرد، تا بەشداریی لە ڤیستیڤاڵی شەمەندەفەری ئاشتیی موسا عەنتەر، لە ئوتی 1997 دا، بکەم هەروەها ئەو گەشتەشم بۆ ئەستەمبوڵ لە فێبرایەری 2000دا تا بەشداریی لە کۆنفرانسی " ژن‌و ئاشتیی" دا بکەم( ئەوەی بەهۆی مۆڵەت نەدانی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕێگەی بەستنی لێگیرا ).

سارا تیکانین‌و هەروەها ئارو کۆیڤونەن ی باوکم یارمەتییەکی مەزنیاندام، کاتێك لەکاتی سەردانەکانم بۆ تورکیا، ئەڵمانیاو سوید چاویان لە ریکوی کوڕمەوە

كريستينا كۆيڤونەن
هيلينسكی ، ئەپرل 2002

# يەكەم: دەروازە

# كەميی زانياريی سەبارەت بە تەندروستيی كوردان

## جەنگی ناوخۆ لە باكووری كوردستان

كاتێك لە مارتی 1997دا، سەردانی كەمپی ئاوارەكانی سیرینتەپەی• نزيك ئامەدم لە كوردستانی بەشە توركييەكەدا كرد، خەڵكی كەمپەكەدا سەرقاڵی پرسەی ژنێكی سی ساڵە بوون كە رۆژی پێشوو تووشی تەنگەنەفەسيی ببوو، بۆ ئەوەش رەوانەی خەستەخانەيان كردبوو. بەڵام چونكە هيچ پارەيەكی نەبوو، ئاوڕيان لێنەدابووەوە، هەربۆيە پاش چەند ساتێك دوای ئەوە گيانی لەدەستدابوو. ئەم رووداوە سەرنجڕاكێشە هانيدام زانياريی زياتر لەمەڕ تەندروستی كوردە راگوێزراوەكانەوە بەدەستبێنم، ئەمەش وايكرد بڕياری ئەوە بدەم كە تەندروستی دانيشتووانی كورد لە توركياو ئەو بايەخدانە تەندروستييەی بۆيان دابينكراوە، بكەمە بابەتی تێزی دكتۆراكەم.

هەر لەساڵی 1984ەوە، كێشمەكێشێكی چەكداريی لە باكووری كوردستان( باشووری رۆژهەڵاتی توركيا ) لە نێوان سوپای تورك‌و (پارتيا كاركەرێن كوردستان– پ ك ك ) دا هەيە. لەماوەی ساڵی 1992دا، سوپای تورك گۆڕانێكی لە

• ئەو 450 تەلارە چوار قاتانەيەيە كە لە بنەڕەتدا بۆ قوربانييە لادێييەكانی بومەلەرزەكەی ساڵی 1975 ی ليس لە دەوروبەری ئامەد دروستكراوە. ئەوەی دواتر لەلايەن هەندێك لە ئاوارەكانی كوردی عێراقەوە بەكارهێنرا. لە ساڵی 1994دا، نزيكەی 3000 كوردی راگوێزراوی باشووری رۆژهەڵاتی توركيای بۆ گواسترايەوە.

KHRP 1996, 11; Randal 1999, 266.

ستراتیژیی جەنگیی خۆیدا دژ بە چەکدارانی پەکەکە ئەنجامداو ڕێبازەکانی شێوەی ( جەنگی توندی نزمەئاست )ی دەستپێکرد. سوپا بۆئەوەی پشتگیریی خۆماڵیی لە گەریلاکان بپڕێت کە لە گوندەکانەوە پێیدەگەیشت، کەوتە ڕاگواستنی زۆرەملەی گوندەکان.[1]

چڕترین وێرانکاریی گوندەکانی باکووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1992ەوە بۆ ساڵی 1996دا ئەنجامدرا. جەنگە سوننەتییەکە بەرەو هێرشکردنە سەر دانیشتووانی سڤیل وەرچەرخا. لە باکووری کوردستان نزیکەی سێ هەزار گوند لەلایەن سوپاوە تەختکران‌و لانیکەم دوو ملیۆن کوردی ئاوارەی خۆوڵاتیی لە گەڕەگە پەراوێزنشینەکانی شارە کوردیی‌و تورکییەکاندا ژیانیان دەگوزەران.[2] لەساڵی 20000دا، نزیکەی 35000 کەس لە جەنگدا کوژرابوون، بەڵام هیچ کەس ئەو کوردە سیڤیلانەی نەژماردبوو کە لەبەر پەشێویی‌و خراپیی ڕەوشی ژیان‌و بەهۆی زێدەبوونی نەخۆشییەکانەوە گیانیان لەدەستدابوو. ڕاگواستنی ناوخۆیی دانیشتووان وەك مەسەلەیەکی خۆماڵیی لەقەڵەم دەدرا، هەربۆیە ئەوانە بەگشتیی هیچ یارمەتییەکیان لە دەرەوە پێ نەدەگەیشت. لە تورکیادا، خاچی سووری نێودەوڵەتیی، لەماوەی قەیرانی کەنداو لە 1991دا، یارمەتی ئەو کوردانەی دەدا کە لە باکووری عێراقەوە هاتبوون، هەروەها UNHCR ( کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان ) هێشتا هاوکاریی ئەو ئاوارەنەیان دەکرد کە لە وڵاتانی دیکەی وەك ئێران‌و عێراقەوە دەهاتنە تورکیا، بەڵام هیچ کامیان دەستی یارمەتی بۆ کوردەکانی ناوخۆی تورکیا درێژ نەدەکرد. کوردانی ڕاگوێزراو هیچ یارمەتییەکی مرۆیی نێودەوڵەتییان وەرنەدەگرت، هەروەها ڕێکخراوە NGOکانیش وەك ( پزیشکانی بێسنوور ) ڕێگەی کارکردنیان لە تورکیادا پێنادرێت. ماسمیدیای ئەورووپیی لەمەڕ چارەنووسی کوردانی ڕاگوێزراوی ناوخۆ بێدەنگە.

---

[1] Kürkçü 1997, 8.

[2] Amnesty International 1996b, 3.

له باكووری كوردستان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەنێو كوردانی راگوێزراو لە رۆژئاوای توركیادا لەزێدەبووندایە، كەوتنەوەی ئەو نەخۆشییانە لەنێو خەڵكەكەدا، بۆ هۆكاری ڤایرۆسیی لە هەلومەرجی ژیانیاندا دەگەڕێنرێتەوە. من هەلومەرجی تەندروستیی لەماوەی نەوەتەكاندا وەسفدەكەمو بەدوای پەیوەندییەكانی نێوان جەنگەكەو راگواستنی خەڵكانی سیڤیلو دەگمەنیی یارمەتییە مرۆییەكان بۆ كوردە راگوێزراوەكاندا دەگەڕێم.

روخسارێكی گرنگی دیكە بریتییە لە هۆكارەكانی دەگمەنیی زانیارییەكان. ئاشكرابوو كە دەستكەوتنی زانیاریی لەمەڕ رەوشی تەندروستیی لە باكووری كوردستاندا فرە ئەستەمە. هەندێك لە رێكخراوەكانی وەك لێبوردنی نێودەوڵەتیی و هەروەها كۆمەڵەی مافەكانی مرۆڤ چاودێریی رەوشی مافەكانی مرۆڤ بوون، لەوانە دەستبەسەركردنو بێسەروشوێنكردنەكان. دەزگای مافەكانی مرۆڤ لە توركیا( HRFT ) لە ئەگەری رووداونی ئەشكەنجە دەكۆڵێتەوە. بەڵام بەگشتیی چ داتایەك سەبارەت بە كاریگەریی تەندروستیی فیزیكیی وەك ئاكامێكی ئەو جەنگەو راگواستنی ناوخۆی دوو بۆ سێ ملیۆن خەڵك نییە. رێكخراوی سەربەخۆی پیشەیی سەبارەت بە بایەخدانی تەندروستیی ( SES ) هەندێك راپۆرتی بڵاوكردۆتەوە، بەڵام بەگشتیی تێكڕای ئەو راپۆرتانە بە توركیی بڵاوكراونەتەوە. هەندێك رێكخراوی مرۆڤدۆستی نێودەوڵەتیی هەوڵیانداوە زانیارییان لەمەڕ رەوشی كوردانی راگوێزراو دەستكەوێت. بۆ نموونە، بەشە ئەڵمانییەكەی ( پزیشكانی نێودەوڵەتیی بۆ رێگرتن لە جەنگی ناوكیی/ IPPNW ) چەند نوێنەرێكیان رەوانەی باشووری رۆژهەڵاتی توركیا كرد تا چاودێریی رەوشی تەندروستیی دانیشتووانەكە بكەن.

## ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاست

من بەدوای لێكدانەوەكانی دارمانی رەوشی تەندروستییو هەروەها كەمیی

زانیاریی و دەگمەنیی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان بۆ کوردە ئاوارەکان دەگەڕێم، بۆئەمەش تیۆری جەنگی توندیی نزمەئاست و قەلاچۆکردنی کەلتووریی (ئیتنۆساید) بەکاردەهێنم. ئەمە لێکدانەوەیەکی تیۆری فرە کەمی ئەم بوارە تیۆرییانەیە. جەنگی توندیی نزمەئاست بنەمایەکی سەربازییە لەلایەن حکومەتەکەی جۆن.ف.کنێدییەوە لە ئەمەریکا لەسالآنی شەستەکاندا، وەك وەلآمدەرێك بە ئەزمونە بریندارکەرەکەی جەنگی ڤێتنام، پەرەیپێدراوە. ئامانج لەمە بریتیبوو لە سنوردارکردنی جەنگەکە لە مەودای ناوچەیەکی جیۆگرافیی دیارییکراودا تاکو وەك جەنگێکی بەرفراوان نەیەتە بەرچاوو لەنێوخۆی ولآتدا( لە ئەمەریکا ) نەبێتە هۆی کاردانەوەی گشتیی جەماوەر.[1] وەك باوە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ مەسەلەی ڕاگواستنی کوردان وەك ڕێبازێکی جەنگی توندیی نزمەئاست دەبینن، "دەریاکە لە ماسییەکان دووربخەنەوە ". زۆرجار ئەم بەراوردکارییە بەتەواویی بۆ وەسفکردنی ستراتیژیی سوپای تورك لە باکووری کوردستان بەکاردەهێنرێت. بەلآم لێکدانەوەی قووڵ سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕێبازەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست نەکراوە.

کۆڵەران سەبارەت بەوە کۆك نین کە داخۆ دەبێت ئیتنۆساید وەك فۆرمێکی جینۆساید لەقەڵەم بدرێت و پێویستە بخرێتە نێوەرۆکی ئەو کۆڵینەوانەی کە لەمەڕ کەیسەکانی جینۆسایدن. کۆڵینەوە لەمەڕ ئیتنۆساید بەئاشکرا لەدەرەوەی ئەو کۆڵینەوە بنەڕەتییانەن کە لەمەڕ جینۆساید ئەنجامدراون و لەوبارەیەشەوە زۆر کەم لێکدانەوەی تیۆریی هەن. فەین، پێشنیازی پێناسەیەکی زانستیی کۆمەلآیەتیی بۆ چەمکی جینۆساید دەکات کە لەوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان فراوانترە. بەگوێرەی ئەو، جینۆساید ئەنجامدانی کارێکی مەبەستدارە لەلایەن ئەنجامدەرەکەیەوە بۆ تێکشکاندنی فیزیکیی کۆمەڵێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەڕێگەی ڕێگرتن لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بایەلۆژیی و کۆمەلآیەتیی

[1] Barnet 1987, 207-208.

ئەندامەکانی کۆمەڵەکە، بێ لەبەرچاوگرتنی خۆبەدەستەوەدان یان کەمیی ئەو هەڕەشەیەی کەلەلایەن قوربانییەکەوە پێشاندەدرێت.[1] بەگوێرەی کیوپەر، کارەکانی ئیتنۆساید بریتییە لە رێگرتن‌و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمان، پراکتیزەکردنی ئاین، ئەفراندنی هونەر بەشێوەیەکی باو، پاراستنی دەزگا سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان، پاراستنی یادەوەریی‌و نەریت‌و کارەکان بەشێوەیەکی دەستەجەمعی بەرەو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان.[2]

من ئەو میتۆدە دیارو هەروەها شاراوانەش پێشکەش دەکەم کە بەهۆیەوە سوپای تورك کوردانی پێ دەچەوسێنێتەوە. بۆ نموونە، وەك باوە تەنیا هەندێك لەو میتۆدە دیارانەی وەك کۆتوبەندکردنەکانی زمانی کوردیی‌و پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ پێشکەشکراون‌و لەلایەن ماسمیدیای ئەوروپیشەوە رەخنەیان لێگیراوە. وێڕای ئەوانەش، لە باکگراونددا هێشتا میتۆدی شاراوە هەن، کە بەکردار کوردان وەك گروپێکی ئیتنیی بۆماوەیەکی درێژخایەن سەرکوتکراون–میتۆدەکانی ئیتنۆساید. ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە رەوشی تەندروستیی لە پەیوەندیی بە ئیتنۆسایدی کوردانەوە چەندە کەمن؟ هەروەها دەمەوێت پەیوەندیی نێوان میتۆدی جەنگی توندیی نزمەئاست‌و ئیتنۆسایدی کوردان شرۆڤە بکەم. بۆ نموونە، وەك باوە راگواستن وەك میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست تەماشا دەکرێت، بەڵام چ کاریگەرییەکی ئیتنۆسایدی دەبێت؟ شاردنەوەی زانیارییەکان چ رووخسارێکی جیاوازیان دەبێت کاتێك لە جەنگی توندیی نزمەئاست‌و ئیتنۆسایددا بەکاردێن؟

من بە دوورودرێژییەکی بەرچاوەوە پێشینەی قەیرانەکەم وەسفکردووە، ئەوەی قۆناغێك پێشکەشدەکات تێیدا تەنیا هەنگاوێکە لە مێژووی درێژخایەنی سەرکوتی کوردان‌و تواندنەوەی زۆرەملێیان. وەك پێشینەیەك، بە پێشکەشکردنی مێژووی کوردان لە تورکیادا دەستمپێکردووە، کە بەشێوەیەکی فراوانتر چەمکەکانم پێناسە کردووە چونکە بابەتەکە بەچاکیی پەرەینەسەندووە. لەسۆنگەی ئەوەوە کە

[1] Fein 1992, 3.

[2] Fein 1992, 3.

ئامانجی ئەم کۆڵینەوەیە وەسفی ڕەوشی کوردانە لەچوارچێوەی تیۆریی ئیتنۆسایددا، هەروەها ئەمە ئەو دیدەیە کە لەوبەشەدا گیراوەتەبەر کە باس لە مێژوو دەکات.

گروپی بەئامانجکراو بریتییە لە کورد، ئەوانەی لە ناوچەیەکی ژێر سایەی حاڵەتی ئاوارتەدا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دەژین یان ژیاون. هەرێمە کوردییەکان بەکردار هەر لەساڵی 1987ەوە لە سایەی فەرمانڕەوایەتییەکی ئاوارتەدا ژیان دەگوزەرێنن. درێژترین ماوەی شەرعیی ڕاگەیاندنی حاڵەتی ئاوارتە بۆ ماوەی شەش مانگە. ئەو ناوچەیەی لەسایەی حاڵەتی ئاوارتەدا بووە، هەموویان لەم ماوەیەدا( 1987–1999 ) وەك یەك نەبوون، ژمارەی ئەو هەرێمانەی ملکەچی ئەم یاسایەش بوون بەگوێرەی هەلومەرجە سەربازییەکە جیاوازبوون. من لە ڕەوشی تەندروستیی هەرێمە کوردییەکانی: باتمان، بینگۆل، بتلیس، دیاربەکر، ئیلزاگ، هەکاری، ماردین، موش، سیرت، شیرناك، تونجلیو هەروەها وانم کۆڵیوەتەوە. ئەمانە ئەو هەرێمانە بوون– جگە لە ئیلزاگ– کە لەساڵی 1996دا وەك هەرێمی ژێر فەرمانڕەوایەتیی ئاوارتە وەسفکراون.[1]

ئەم کۆڵینەوەیە ڕاگواستنی کوردان لەماوەی نەوەتەکاندا وەسفدەکات، بەڵام ناتوانم بە وردیی ماوەی کۆڵینەوەکە بناسێنم، هەروەها ئەو ماتریالانەی بەکاریاندەهێنم زۆر ورد نین. ڕاگواستنەکە لەساڵی 1992دا تینی سەند، هەربۆیە ئەم ساڵە خاڵێکی دەستپێکی لۆژیکییە بۆ وەسفکردن. زۆربەی لادێییە ڕاگوێزراوەکان لەساڵی 1996دا ماڵەکانی خۆیان جێهێڵابوو، بەڵام من سەبارەت بە هەندێك کەیس قسەدەکەم کە پاش ئەو ساڵە ڕوویانداوە. من زانیاریم سەبارەت بەو ڕووداوانە وەرگرتووە کە پاش پایزی 1998 ڕوویانداوە، ئەویش تەنیا لە

---

[1] Amnesty International 1996a.

من ئیلزاگیشم خستۆتە چوارچێوەی کۆڵینەوەکەمەوە چونکە بەشێکی دانەبڕاوە لە باکووری کوردستان کە دەکەوێتە نێوان تونجلیو دیاربەکرەوە، هەروەها لەبەرئەوەی شوێنەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەنداوی کیبانو کەرەکایا.

پەیوەندییاندا لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە پێش ئەو ماوەیە ڕوویانداوە. ڕۆیشتنی ئۆجەلان لە سوریا( ئۆکتۆبەری 1998 )، ڕاگەیاندنی پەکەکە سەبارەت بە وەستاندنی خەباتی چەکداریی( سێپتەمبەری 1999 )، هەروەها هەوڵەکانی ڕاگوێزراوەکان بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان ( ئەوەی بۆ نموونە لەلایەن گۆچ دەرەوە لە بەهاری 2000دا ڕێکخراوە )، تێکڕای ئەمانە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم کۆڵینەوەیەن. گۆڕین لە ستراتیژی پەکەکەدا، پلانی گێڕانەوەی ڕاگواستراوەکان، هەروەها دانوسانەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا لە چوارچێوەی کاتیی ئەم کۆڵینەوەیە بەدەرە، کە بۆخۆی تەواو بەرفراوانە.

## ئاکاری کۆڵینەوە لە خەڵکانێکی سڤیل کە تووشی ململانێی چەکداریی بوون

لە جیهاندا چەندین کێشمەکێشی چەکداریی دەگوزەرێت، بەڵام زانیارییەکی کەم سەبارەت بە وێناکردنی ژیانی ئەو خەڵکە سڤیلە هەیە کە کەوتوونەتە نێو کێشمەکێشەکەوە. کۆڵینەوەکانی جەنگ‌و ئاشتیی بایەخێکی زیاتر بە رووە سەربازیی‌و سیاسییەکانی کێشمەکێشەکان دەدەن، کۆڵینەوە سۆسیۆلۆجییەکان کە بایەخ بە ژیان لەسایەی هەلومەرجەکانی جەنگدا دەدەن فرە دەگمەنن. هەربۆیە خوازیارم کە ئاکارو پراکتیکی ئەنجامدانی کۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجیی سەبارەت بە کێشمەکێشی چەکداریی‌و چۆنیەتیی بەدەستهێنان‌و شرۆڤەکردنی زانیارییەکان بخەمەبەرچاو کە بە چ شێوەیەك لە هەلومەرجە ئاساییەکاندا جیاوازن.

یەك لەو رووخسارە گرنگە تایبەتییە بریتییە لە پێگەو شوێنی کۆڵەرەکە، لە کێشمەکێشێکدا کە لانیکەم دوو لایەن تێیدا بەشدارە، هەربۆیە دوو دیدی جیاواز لەمەڕ بابەتەکە هەیە. ئایا بۆ کۆڵەر دەگونجێت کە وەك تەماشاکەرێکی دەرەکیی بمێنێتەوەو راستییە " بابەتییەکان " یش درك بکات؟ زۆر ئەستەمە مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجێکدا بکرێت کە سنووردارییەکی زۆر خراوەتە سەر ئەوەی کۆڵینەوە لەبارەیەوە ئەنجام بدرێت. کۆڵەر ئازاد نییە بەملاولادا بگەڕێت، زانیاریی

کۆبکاتەوەو چاوپێکەوتنو دیدەنیی ئەنجامبدات، سەرژمێریی بڕواپێکراو لەبەردەستدانینو هەردوو بەری کێشمەکێشەکەش گێڕانەوەی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە رەوشەکەو وردەکارییەکانییەوە هەیە.

ریکاردۆ فالاّ، لەو کۆڵینەوەیەیدا کە سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی وەرزێرە هندییەکانە بەدەستی سوپای گواتیمالا، مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە ئەو مەسەلەیە ئاشکرایە کە خەڵکی لەمیانەی کێشمەکێشەکاندا لایەنەکان هەڵدەبژێرن. ئەو لە کتێبەکەیدا " کۆمەڵکوژیی لە جەنگلّدا " دیدی قوربانییەکانی وەرگرتووە. وەلاّمی فالاّ سەبارەت بە داواکاریی بابەتییبوون ئەوەیە:" ئەگەر سوپا رازیی نەبوو، وازبێنە با لێکۆڵینەوەی خۆیان ئەنجامبدەن، بەپشتبەستن بە سەرچاوەکانی خۆیان. بەئومێدەوە، سوپا رووەکەی تری کۆمەڵکوژییەکە پێشاندەدات، بەلاّم بە رێگایەکی دروست. "[1] دیدی من لەم کۆڵینەوەیەدا زیاتر لە دیدی وەرزێرە کوردە راگوێزراوەکانەوە نزیکترە تا سوپای تورکو حکومەت. من زانیاریم لە هەریەك لە سەرچاوە کوردییو تورکییەکانەوە بەکارهێناوەو لەسەر بنەمای بەراوردکاریی گەیشتوومەتە چەند ئەنجامگیرییەك، بەلاّم هیواداریشم کە خوێنەران بەهۆی ئەو ماتریالاّنەی پێشکەشم کردووە، بگەنە داوەریی و ئەنجامگیریی تایبەت بە خۆیان. لە هەلومەرجێکدا کە رێگە بە کۆڵەر نادرێت ئازادانە زانیاریی پێویست کۆبکاتەوە، بارودۆخەکانی کۆڵینەوەکە بۆخۆی دەبێتە بەشێك لە کۆڵینەوەکەو بگرە بۆخۆی دەبێتە پرسی کۆڵینەوەیەك. من لەگەڵ فالاّدا هاوڕامو هیوادارم کە " لایەنەکەی تر "، واتە دەسەلاّتدارانی تورك، دیدوسەرنجی خۆیان لەمەڕ رەوشی تەندروستیی لەنێو کوردە سیڤیلە راگوێزراوەکاندا پێشانبدەن، بەلاّم بە شێوەیەکی دروست. هەروەها بەتایبەت هیوادارم کە ئەوان رێگە بە رێکخراوە نێودەوڵەتییە سەربەخۆکان بدەن، بۆ نموونە وەك خاچی سوور، کە رووماڵێکی گونجاوی رەوشەکە بکەن. رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ماڤی مرۆڤ لەمێژە داوایەکی لەمجۆرەیان کردووە. بۆ

[1] Falla, interviewed in Manz 1995, 265.

نموونە، هیومان رایتس وۆچ/هیلینسکی لە ئۆکتۆبەری 1994و هەروەها لە ژونی 1996دا، داوای ئەوەیکردووە کە پێویستە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ هەبێت تاکو لێکۆڵینەوە لە راگواستنی گوندەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بکات.[1]

پێویست نییە بابەتگەلێگی ئەوتۆ هەبن کە کۆڵینەوە لێیان مەحاڵ بێت. کاتێك میتۆدەکانی بواری کاری ئەنترۆپۆلۆجی سوننەتیی فراوانبکرێت، زۆر لە مەسەلەکان شایەنی لێکۆڵینەوە دەبن. ئەو بابەتانەی کە ناتوانرێت بەهۆی کاری مەیدانییەوە زانیاریی لەبارەوە وەربگیرێت، لەرێگەی میتۆدەکانی ترەوە کاری لەسەردەکرێت و لێیتێدەگەین. ئەگەر هیچ شتێکی دیکە نەگونجابوو، لانیکەم ئەو گرفت و لەمپەرانەی لەکاتی ئەنجامدانی کۆڵینەوەکە دەردەکەون دەتوانرێت بە بەڵگەیی بکرێن.

## ئەم کۆڵینەوەیە: کاریگەرییەکانی ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاستە لەرەوشی تەندروستیی

ئەم کۆڵینەوەیە لە چواربەش پێکدێت: یەکەم، من لە باسی دووەمدا وەسفی بنەما تیۆرییەکانی ئەم کۆڵینەوەیەم کردووە، ئەو تیۆرانەی پەیوەندییان بە ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاستەوە هەیە. رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی جینۆساید ئەو بنەمایەیە کە من بۆ ناساندنی ئیتنۆساید بەکارمهێناوە، وێڕای چەند بۆچوونێکی لیمکین کە لەکاتی کاری ئامادەکاریی رێکەوتننامەکە مشتومڕی لەبارەوە کراوە بەڵام نەخراوەتە چوارچێوەی دوا دەقی رێکەوتننامەکە.

دووەم، لە باسی پێنجەم و شەشەم و هەروەها حەوتەمدا، وەك پێشینەیەکی ئەم کۆڵینەوەیە، وەسفێکی تەواوی رەوشی مێژوویی و ئەمڕۆیی کوردان لە تورکیا کراوە. ئەم باسانە بەچڕیی قسە لەوە دەکەن کە چۆن سیاسەتەکانی ئیتنۆسایدو

[1] HRW/H 1994, 5 and 1996, 4.

جەنگی توندیی نزمەئاست دژ بەکوردان بەکاردەهێنرێت. من لە باسی پێنجەمدا پوختەیەکی مێژووی کوردانم پێشکەشکردووە. باسی شەشەم مامەڵە لەگەڵ ئەو سیاسەتانەی ئیتنۆساید دەکات کە دەوڵەتی تورک دژی کوردان جێبەجێیدەکات، هەروەها هەر لەم باسەدا ئەو سەرژمێریی و لێکۆڵینەوانەم پێشکەشکردووە کە سەبارەت بە کوردانن لە تورکیادا– یان زیاتر ئەو کەمە گشتییەی کە هەن. لەباسی حەوتەمدا مەسەلەی میلیتاریزەکردنی هەرێمە کوردییەکانم شرۆڤە کردووەو ئەوەم پێشانداوە کە چۆن میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست لە باکووری کوردستان بەکارهێنراوە. هەروەها لە باسی پێنجەمدا باس لەو جەنگە سوننەتییە کراوە کە هەر لەساڵی 1984ەوە لەنێوان سوپای تورکو پەکەکەدا هەڵگیرساوە.

بەشی سێیەمی کتێبەکە مامەڵە لەگەڵ مەسەلە راستیینەکەدا دەکات کە بریتییە لە رەوشیی تەندروستی، بایەخپێدانی تەندروستیی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە باکووری کوردستان لەماوەی ساڵانی نەوەتەکاندا. باسی هەشتەمو نۆیەم زانیاریی ورد لەبارەی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان، رەوشی تەندروستیی و هەروەها گرفتەکانی بەردەم بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپاراستنو چارەسەریی پێشکەشدەکات. باسی دەیەم لە مەرگی ساوایانو منداڵان دەکۆڵێتەوە.

دواجار، لە دوو باسی کۆتاییدا، لە پەیوەندیی نێوان هەموو ئەو مەسەلانەی پێشتر باسیان لێوەکراوە دەکۆڵمەوە. چۆن سیاسەتەکانی ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاست کاریگەرییان لە رەوشی تەندروستیی لە باکووری کوردستان کردووە. لەسەر دوو ئاست بەدوای وەڵامەکانو شرۆڤەی ئەو مەسەلانەدا کەوتووم: یەکەم، ئایا تێکچوونی رەوشی تەندروستیی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمییەکان بەهۆی بەرێوەبردنی جەنگی توندیی نزمەئاستی دژ بە کوردانە؟ هەروەها دووەم، ئایا دەگمەنیی زانیاریی سەبارەت بە رەوشە تەندروستییە هەژارەکە یەك لە میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاستە یاخود ئاکامی چەند پرسێکی دیکەیە، بۆ نموونە، هەڵسوڕانە ئیتنۆسایدییەکانی دەوڵەتی تورك؟ من بەدوای پەیوەندیی و جیاوازییگەلێك لەنێوان میتۆدەکانی ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاستدا

دەگەڕێم. یەك لە مەسەلە گرنگەكان بریتییە لە بایەخەكانی كۆڵینەوە-بۆ نموونە سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستیی- لەناوەڕاستی پرۆسەیەكی ئیتنۆسایددا. ئەم مەسەلەیە بۆ هەر كۆڵینەوەیەك گرنگە كە باس لە ئیتنۆساید بكات، بەڵام ئەوە پشتگوێخراوە. كۆڵینەوە سەبارەت بە ئیتنۆساید بەشێوەیەكی بنەڕەتیی مامەڵە لەگەڵ سەركوتی بوونی كەلتووریی و زمانیی گروپە بەئامانجكراوەكان دەكات. ئیتنۆساید چەندین پێناسەی هەیە، من لە پەیوەندیی بە كۆڵینەوەكە ئاماژەم بە هەندێك لەو پێناسانە داوە.

ئەم كۆڵینەوەیە لە ژیانی خەڵكانێكی سیڤیل دەكۆڵێتەوە كە لەسایەی ڕەوشێكی كێشمەكێشی چەكدارییدا دەژین. كۆڵینەوەیەكی بەم چەشنە تەواو ناوازەیە، هەروەها لە ئەدەبیاتە ئەنترۆپۆلۆجییەكاندا ڕێنیشاندەرێك بۆ كۆڵینەوەیەكی بەم چەشنە نییە. بەشێوەیەكی سوننەتیی، كۆڵینەوەكانی جەنگ و ئاشتیی مامەڵە لەگەڵ ژێرخانە سیاسییەكەدا دەكەن، نەك سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە و لەسەرئاستی بنچینەیی. من لە باسی چوارەمدا بەدرێژیی باسم لەوە كردووە كە چۆن زانیارییم بۆ ئەم كۆڵینەوەیە كۆكردۆتەوە. لە باسی سێیەمدا بە جیدیی بایەخم بە ئاكاری كۆڵینەوە لەمەڕ جەنگ و چۆنێتی كاری مەیدانیی لە سایەی ڕەوشی توندوتیژییدا داوە. پاش مشتومڕ سەبارەت بە ئەزموونی خۆم لەبارەی پرۆسەی كۆڵینەوەكەوە، گەڕاومەتەوە سەر ئەم گرفتە و لە دوا باسدا مشتومڕم لە بەرپرسیارییەتییەكانی كۆڵەر كردووە،باسی ژمارە 12( پوختە ومشتومڕ ).

# دووەم: ڕێدۆزی تیۆریی

## 2. 1 شوناسی ئیتنیی

ئیتنسیتی• بریتییە لە سیمای درککردن و دانبەخۆدانانی کۆمەڵێك لەگەڵ سیمای درکپێکردن و دانپێدانانی ئەو کۆمەڵە لەلایەن خەڵکانێکی بێگانەوە. ئەو شارپێیەیە کە تاکەکان بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە، بەمانایەکی دیکە، بە نۆرمە کۆمەڵایەتیی و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە.[1] ئەوەی دوو بنەمای هەیە کە ئامرازیی و سۆزەکییە. گروپە ئیتنییەکان دەتوانن وەك گروپی بەرژەوەندیی لەنێوان کۆمەڵگادا هەڵسوڕێن، هەروەها دەتوانن لە پەیوەندیی بە ئەندامەتیی گروپەکەوە قازانج و بەرژەوەندییەکی (یان زیانێکی) ئابووریی و سیاسیی بن. دووەمین هۆکاری بایەخدار بریتییە لە لایەنە سۆزەکیی و سیمبولیی و ماناداریيەکەی ئیتنسیتی، ئەوەی کە هەستی ئینتیما و پەیوەستبوون بە کۆمەڵگا دوورلەیەك و نێوکەسایەتیی و جیهانیی دەبەخشێت.[2] ئیتنسیتی بریتییە لە هۆشیارییەکی دەستەجەمعی کە بەشێوەیەکی

---

• ئیتنیك (ethnic)و ڕەیس (race) هەردووکیان مانای نەژاد یان ڕەگەز دەگەیەنن، بەڵام هەریەکەیان ڕوویەکی جیایان هەیە، یەکەمیان ڕوویەکی کەلتووریی هەیەو واتای گروپێکی کەلتووریی تایبەت، بەڵام دووەمیان ڕوویەکی فیزیکیی دیارییکراوی هەیە وەك ڕەنگی پێست و ڕەنگ و جۆری قژو جۆری چاوو لوت..هتد. لە زمانی فارسییدا وشەی "قوم" و "قومی" بەکاردێت بۆ "ئیتنیك"و "ئیتنیسیتی" کە لە زمانی عەرەبیی وەرگیراوە. ئێمە چەمکەکەمان هەر بەو شێوەیە داناوە کە لەزمانی ئینگلیزییدا بەکارهاتووە. (سەردەشتیی)

[1] Fishman 1977, 16.

[2] Wahlbeck 1997, 32.

ئۆتۆماتیکیی دوای سەرچاوە سەرەتاییەکانی هۆشیاریی ئیتنیی وەك: زمان‌و مێژووی هاوبەش ناکەوێت، بەڵکو ئەوە پێویستییەکە بۆ بەئەزمونکردنی چارەنووسێکی مێژوویی هاوبەش، بنەچەو ئایندەیەکی هاوبەش، هەروەها هەستێك بە بوونی "ئێمە" لەگەڵ "ئەوان" دا.[1]

جۆشوا ئەی.فیشمان، وادەبینێت کە ئیتنسیتی بریتییە لە سیمای درککردن‌و دانبەخۆداناانی کۆمەڵێك لەگەڵ سیمای درکپێکردن‌و دانپێدانانی ئەو کۆمەڵە لەلایەن خەڵکانێکی بێگانەوە. ئەو ئیتنسیتی بۆ سێ رەهەندی: paternity/باوکبۆماوەیی، patrimony/بۆماوەیی گشتیی، هەروەها phenomenology/ دیاردەناسیی، دابەشکردووە. باوکبۆماوەیی، مامەڵە لەگەڵ دانپێدانانە بنەچە بایۆلۆجییەکەدا دەکات‌و شتێکی زگماك‌و بۆماوەییە. لەکاتێکدا بۆماوەیی گشتیی تایبەتمەندییەکە کە فێری دەبیت. ئەو بە ئاشکرا بەشێکی کەلتوورییە لە ئیتنسیتی. ئەو تەنیا حاڵەتێکی بوون نییە بەڵکو سیستمێکی ئاکاریی‌و جێبەجێکارییە. رەهەندی بۆماوەیی گشتیی ئیتنسیتی بەو پرسانەوە بەستراوەتەوە کە چۆن کۆمەڵە ئیتنییەکان هەڵدەسوڕێن‌و ئەندامەکانیان چی دەکەن بۆئەوەی ئەندامێتییان دەربڕن. باوکبۆماوەیی‌و بۆماوەیی گشتیی بەبەردەوامیی لە ئیتنسیتیدا کارلێکدەکەن، دەشێت ئە دووانە یەکتری پتەوبکەن یاخود ئاوێتەی یەکتری بن، یاخود هەریەکەو بەشێوەی جودا لەیەکتر درك بکرێن. ئەوانە دوو پایەن کە بەشێوەیەکی هاوجووت درێژ دەبنەوە، ئاراستەی خۆیان دەگۆڕن یان یەکتری دەبڕن. رەهەندەکانی باوکبۆماوەیی کەمتر بێنەوبەرە هەڵدەگرن، بۆماوەیی گشتیی فرە گۆڕاوترە. سنووری نێوان باوکبۆماوەیی‌و بۆماوەیی گشتیی دیارییینەکراوە، هەمان سیما هەندێك جار وەك بۆماوەییەك دەبینرێت‌و جاروباریش وەك شتێك کە فێری دەبیت. زمان لە تێکڕای قۆناغەکاندا بە ئیتنسیتییەوە بەستراوەتەوە، بەڵام هەندێکجار وەك بۆماوەییەکی بایۆلۆجیی دەبینرێت، لەگەڵ باوکبۆماوەیی ئیتنییدا

[1] Hettne 1990, 22.

هاوجووت‌و پەیوەستە، هەندێك جاریش لەگەڵ بۆماوەیی گشتییدا. هەندێکجار دەتوانرێت فێریبین یان بگۆڕدرێت.[1]

ئیتنسیتی تەنیا بە باوکبۆماوەیی‌و بۆماوەیی گشتییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بایەخ بەو مانایانەش دەدات کە کەسەکان بە بنەچەوباوانیانەوە پەیوەست دەکات‌و هەروەها بە ئاکاریشیانەوە. فیشمان ئەمە بە دیاردەناسیی ناودەنێت. ئەمە ئەوە شرۆڤە دەکات کە ئەندامانی گروپە ئیتنییەکان‌و خودی گروپەکان خۆیان، چۆن سەیری ئیتنسیتی دەکەن. بینینی ئاکتۆرەکان بۆ ئیتنسیتی بەشێکە لە شوناسی ئیتنییان. دیاردەناسیی بونیاتێکی زانستیی سروشتیی رێکوپێك نیە، زیاتر لەوەی بونیاتێکی کەلتووریی بابەتییە کە دڵ‌و عەقڵەکان‌و خولە رۆژانەییەکانی مرۆڤ‌و تێکڕای سیستمەکان پڕو ئاراستە دەکات.[2]

کەلتووری خێڵەکیی ئەو فۆرمە سۆسیۆلۆجیی‌و کەلتوورییانەی کۆمەڵێك دەگرێتەخۆ کە لەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییانەدا هەن کە ئابوورییەکەیان لەسەر خاوەندارێی فیوداڵیی زەوی بنەمای گرتووە. کۆمەڵگا خێڵەکییەکان شێوەزاری لۆکاڵیی بەکاردێنن‌و پەیوەندییەکانیشیان بەشێوەی زارەکییە، لەکاتێکدا کۆمەڵگا هاوچەرخەکان زمانی ئەدەبیی‌و نووسین بەکاردەهێنن. بەبەراورد بە یەکە نەتەوەییەکان، کۆمەڵگا خێڵەکییەکان ژیانێکی ئۆتۆنۆم‌و داخراو بەسەردەبەن‌و هەستێکیان بۆ یەکەیەکی باڵاتر لە گوندەکەیان یان خێڵەکەیان نییە. تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسا، ئەوروپا لەم جۆرە کۆمەڵە گەورەو بچووکانە پێکدەهات. تەنانەت گەربێتو گروپە لۆکاڵییەکان لەلایەن جۆرە حکومەتێکیشەوە فەرمانڕەوایەتیی بکرێن، هێشتا ئەوان ژیانێکی ئۆتۆنۆم بەسەردەبەن‌و ئەندامانی کۆمەڵە لۆکاڵییەکە لەپەیوەندییان بە وڵاتەکەوە هەستی هاوڵاتییبوونیان لا دروست نابێت. هەندێکجار ئەنترۆپۆلۆجیستەکان چەمکی "indigenous /خۆماڵیی" بەکاردەهێنن بۆئەوەی بەگشتیی ئاماژە بەو خەڵکانە بدەن کە لەڕووی نەریت‌و

[1] Fishman 1977, 20 and 1988, 7, 24-28.
[2] Fishman 1988, 6, 30-31.

شێوەی ژیانیانەوە لەوانە جیاوازن کە لەدەسەلاَتدان.[1] زانیاریی خۆماڵیی واتە زانیاریی خەڵکە ئاساییە رەشۆکییەکە، ئەوەی کە زۆرجار لەگەڵ زانستدا دژو ناکۆکە. درککردنی قووڵیی و پەیوەستی زانیاریی خۆماڵیی تاڕادەیەك لە چوارچێوەی زانستدا نوێیە. زانیاریی خۆماڵیی زیاتر شارەزایی و لێزانییە تا زانیاریی، فێربوون و گواستنەوەشی لە نەوەکانەوە بەشێوەی زارەکیی و بەهۆی ئەزموونەوەیە. مۆدێلێکی تیۆری گشتگیریی پێکەوەگرێدراوی نییە، ئەوەندە ناجۆرە کە ئەستەمە بچیتەناوی، دیسکۆرسە سیمبولیکی و سرووتییەکانی تەنیا لەلایەن رێبەرانی ئەو گروپەوە پراکتیزە دەکرێت.[2]

هۆبسباون، چەمکی" proto-natioalism / نەتەوایەتیی سەرەتایی " بۆ وەسفکردنی پەرەسەندنی گروپە ئیتنییەکان بەرەو نەتەوایەتیی بەکاردەهێنێت. نەتەوە سەرەتاییەکان لە ناوچەیەکی بەرفراوان دەژین و هەروەها تەنانەت بەشێوەی پەرتەوازەییش، ئەوان لەسۆنگەی ئیتنسیتی هاوبەشیان، پێکەوە هەست بە بوونی هاوبەستەگیی دەکەن، بەلاَم حکومەتێکی هاوبەشیان نوقستانە. لەهەر جێیەك نەتەوایەتیی سەرەتایی هەبێت، دەگونجێت مۆبیلیزەی ئەو سیمبولە ئامادەییانەی نەتەوایەتیی بکات بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن.[3]

ئیتنسیتی لەماوەی پرۆسەی مۆدێرنیزەدا دەگۆڕێت. لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا، ئیتنسیتی پێی باشە پێبەپێ کەلتوور بەگشتیی بڕواتەپێش، دەشێت ئەو هۆشیارییەکی کەمتری هەبێت بەلاَم بەربلاَوترە. ئیتنسیتی، لەژیانی زێدە مۆدێرندا، دەگونجێت بۆ گۆشەیەکی ئەزموونی کۆمەلاَیەتیی بکشێتەوە لەسایەی کاریگەریی کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها دەشێت زۆرجار هۆشیارانەتر دەربکەوێت. ئیتنسیتی پێش مۆدێرنە، بەئەندازەی دڵەڕاوکێی ئەکتەرێکی تازەکار، خاوەن لانیکەمی هۆشیارییەکی تایبەت بەخۆیە. ئەو لەباشترین حاڵەتدا درکی توێژبەندیی

---

[1] Bowen 2000, 12 .

[2] Sillitoe 2000, 3-4 .

[3] Bowen 2000, 12 .

ئیتنیی دەکات. دیاردەناسیی ئیتنستیی پێش مۆدێرنە بەشێوەیەکی سەرەتایی بەدیهیی‌و روو لەخۆیە. ئیتنسیتی، وەك هۆشیارییەکی باڵا، ئامرازیی‌و ئایدۆلۆژیایەکی رووله دەرەوەیە، له جیهانی رۆژئاوادا له سەدەی شازدەهەمدا بەڵگەیەکی فرەی دەرکەوتنی هەبوو، هەروەها لەبەشەکانی دیکەی جیهانیشدا لەسەدەی نۆزدەهەمدا. ئەو لە دەیەکانی پێشوودا، زیاتر تایبەتمەندیی "بوژانەوەیەکی ئیتنسیتی" هەبوو. لە هەلومەرجی مۆدێرندا، ئیتنسیتی تاوسەندووترە چونکە سوودبەخشتر دەبێت.[1] سکوتناب کانگاس، وادەبینێت کە کە ئیتنسیتی وەك پەیوەندییەکی نێوان ناسێنەرو ناسێندراو، بەشێوەیەکی بنەڕەتیی تایبەتمەندیی گروپێکی ئیتنی نییە.[2] هەربۆیە وەك هەموو پەیوەندییەکانی تر کە دەیکەن، پێویستی بە دانوسان هەیە، هەربۆیە هێزی ڕێژەیی پەیوەندییەکان لەنێوان گروپە دانوسانکەرەکاندا وەك بەشێك لە کۆڵینەوەی ئیتنسیتیدا دەبینرێت. چەمکی ئیتنسیتی لە پرۆسەی مۆدێرنەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پەرەسەندن لە گواستنەوەدا، تێلیکۆمیونیکەیشن، هەروەها کۆچی نێودەوڵەتیی وایکردوە کە ئەو گروپە ئیتنۆ-کەلتوورییانەی پێشتر لێکدابڕابوون، ئەندامەکانیان پەیوەندیی پێکەوە گرێبدەنەوەو لەگەڵ گروپەکانی دیکەشدا پەیوەندیی ببەستن. لەئاکامی پەرەسەندنی بەرفراوانی سیاسیی، ناتوانرێت چیدی میللەتانێك کەلەلایەن ئەنترۆپۆلۆجیستەکان‌و زانایانی دیکەی کۆمەڵایەتییەوە کۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، لەچوارچێوەی گروپبەندیی ئیتنییە کۆنەکەیاندا بهێنرێنەبەرچاو. بەگوێرەی کالین، پێویستە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان سەرنجی خۆیان لە روانینە کەلتوورییە گشتییەکانی گروپە ئیتنییەکان بگۆڕن بەرەو دینامیکیەتی پەیوەندییە نێوئیتنییەکان‌و پاراستنی سنوورە ئیتنییەکە.[3]

بەگوێرەی ئالاردت، پێودانگەکانی گروپێکی ئیتنی بریتییە لە:

---

[1] Fishman 1977, 35-36 and 1988, 6, 31.

[2] Skutnabb-Kangas 2000c, 176 .

[3] Kallen 1996, 113-116 .

1- پلەبەندیی خۆیی ( خۆناساندن ).

2- باوانی هاوبەش ( راستیینە یاخود ئەفسانەیی ).

3- تایبەتمەندییەکی کەلتووریی دیارییکراو، بۆ نموونە، توانای ئاخاوتن بە زمانێکی تایبەت.

4- رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی بۆ کارلێککردن، لەنێوخۆی گروپەکەو هەروەها لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی گروپەکەشدا.[1]

مەرج نیە کە تەواوی ئەندامەکانی گروپێکی ئیتنی هەموو ئەو پێودانگەیان تێدا بێتەدی. بەڵام ئەوە-

پێویستە کە هەندێك ئەندام هەموو ئەو پێودانگەیان تێدابێت، هەروەها هەموو ئەندامەکانیش دەبێت لانیکەم تەنیا پێودانگێکیان تێدابێت. کۆمەڵناسە زماننناسەکان سێ پێودانگی یەکەمی پێناسەکەی ئالاردتیان لا پەسەندە، لەکاتێکدا کۆمەڵناسە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان مەیلیان وایە جەخت لە رێکخراوە کۆمەلایەتییەکەی گروپەکە بکرێتەوە کە چوارەمین پێودانگی ئالاردتە.[2]

## گەل ، نەتەوە و نەتەوایەتیی

کاتێك دێنە سەر قسەکردن لەبارەی ئیتنسیتیەوە، پێویستە چەمکە فرە بایەخدارەکانی وەك "گەل"، "نەتەوە"و "نەتەوایەتیی" پێناسەبکرێن.

چەمکی "گەل" بە روونیی لەهیچ یەك لە نووسراوەکانی یاسای نێودەوڵەتییدا پێناسە نەکراوە. زۆربەی مشتومڕەکانی رێکەوتننامەی ( ILO / رێکخراوی کاری جیهانیی ) سەبارەت بە گەلانی خۆماڵیی و خێڵەکیی لە وڵاتانی سەربەخۆدا، سەرنجی خۆی لەسەر (terminology/ زاراوەناسیی) چڕکردۆتەوە.[3] بەگوێرەی

[1] Allardt and Starck 1981, 43 .

[2] Skutnabb-Kangas 2000c, 174-175 .

[3] Convention No. 169, 27 June 1989 .

ئەلفرێدسۆن، ئاماژەی روون هەیە کە چەمکی "گەل" مانای خەڵکانێك دەگەیەنێت کە لەنێو یەکەیەکی سیاسیی جیادان کە خاكو قەڵمڕەوی خۆی هەیە.

لەوکاتەوەی "گەلان" بوون بەوەی خاوەن دیارییکردنی چارەنووس بن، دەوڵەتان هەوڵێکی بێوچان دەدەن خۆیان لە بەکارهێنانی چەمکی " گەلانی رەسەنی خۆماڵیی" لابدەنو زاراوەکانی وەك "مافەکانی خۆماڵیی"و " کەسە خۆماڵییەکان"یان پێ باشترە. یاسای نێودەوڵەتیی لەلایەن دەوڵەتانێکەوە دانراوەو جێبەجێدەکرێت کە ئامانجیان لێی پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیانە. ئەلفرێدسۆن بڕوای وایە کە لەناوی سالی نێودەوڵەتیی 1993 بۆ گەلی رەسەنی خۆماڵیی جیهانو هەروەها لە بڕیارەکانی دیکەدا، چەمکەکە بەشێوەی تاك ئاماژەی پێدراوە.[1] بەهەرحاڵ، گرفتەکە لەوەدایە کە چەمکی"people / گەل" لەزمانی ئینگلیزییدا دوو مانا دەگەیەنێت: دەتوانرێت وەك کۆی "person/کەس" یاخود هاوشێوەی وشە ئینگلیزییە ئەمەریکییەکەی "folk/ میللەت" مانا ببەخشێت.لە دوا بەکارهێنانیاندا، کۆی وشەکە " people" ە چەمکە ئینگلیزییەکە بوار بۆ راڤەی جیاواز هەڵدەگرێت کە لە هەندێك لە زمانەکانی دیکەدا نییە. بەگوێرەی دایس، خەڵکانی رەسەنی خۆماڵیی بێ سێ‌ودوو "گەلن" بەهەموو مانایەکی کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی‌و ئیتنۆلۆجیی ئەم چەمکە. ئەوە نە لۆژیکەو نە زانسیتیشە کە هەمان مامەڵەی گەلانی دەوروبەریان لەگەڵدا بکرێت کە بە ئاشکرا زمانو مێژووو کەلتوورێکی جیاوازیان لەوان هەیە، ئەوانەی زۆربەی جار سەرکوتکەریشیانن. لە رێکەوتننامەی ILO دا ژمارە 169، چەمکی "گەل" بەکارهاتووە، بەڵام بەشی 3 لە مادەی 1 دەڵێت :" بەکارهێنانی چەمکی "گەل" نابێت والێکبدرێتەوە کە ئەوانە بگرێتەخۆ کە سەبارەت بەو مافانەیە کە لەسایەی یاسای نێودەوڵەتییدا بەو چەمکەوە گرێدراوە.[2]

بەگوێرەی ئەلفرێدسۆن، سەیر ئەوەیە کە رێکخراوە نێوحکومییەکانیش

---

[1] Alfredsson 1996, 59-60, 64, 69 .

[2] Daes 1996, 50-51 .

**لەچوارچێوەیەکی وردی بەکارهێنانی چەمکەکانی وەك "گەل"و "کەمینە" دا هەڵنەسوڕاون. پێناسە پێشنیازکراوەکانی وەك چەمکی "کەمینە" زیاتر مانای هاوشێوەکەی "گروپە ئیتنییەکان" دەدات. ئەمەش تایبەتمەندییە بابەتییەکانی وەك بنەچەی نەتەوەیی یان ئیتنی، رەگەزە خۆییەکانی پەیوەندییدار بە ناساندنی کەسەکە لەگەڵ گروپەکەیدا، لەبەرچاوگرتنە ژمارەییەکان کە هەڵقوڵاوی خودی چەمکەکەیە، هەروەها بوونی گروپەکە لە وڵاتەکەدا بۆ ماوەیەکی دیار، دەگرێتەخۆ. لەسەر بنەمای ئەم پێشنیازانە، ئێمە زۆربەی ئەو ماوەیە دەزانین کە گروپێك تێیدا کەمینە پێکدەهێنێت، ئەو بوارەی دەمێنێتەوە بەئاسانیی لەنێو کارو هەڵسوڕانی نەتەوەیی و نێوحکومەتییدا دەئاخنرێت.**[1]

**بەگوێرەی ئەنتۆنی.دی سمس، نەتەوە کۆمەڵە خەڵکانێکن کە خاکێکی مێژوویی، ئەفسانەی هاوبەش، یادەوەرییەکی مێژوویی، کەلتوورێکی گشتیی هاوبەش، ئابوورییەکی هاوبەش و مافگەل و ئەرکگەلێکی یاسایی هاوبەشی بۆ هەموو ئەندامەکانی هەبێت.**[2] **سمس لەم پێناسایەدا هۆکارەکانی دەرکەوتنی نەتەوەی( وەك خاکی مێژوویی هاوبەش، ئابووریی هاوبەش و سیستمی یاسایی هاوبەش ) بە دەرەنجامەکانی وەك( ئەفسانەی هاوبەش، یادەوەریی هاوبەش و هەروەها کەلتووری گشتیی هاوبەش ) تێکەڵ بەیەك کردووە. یەك لە سیماکانی نەتەوایەتیی ئەوەیە تاکەکان وا خۆیان دەبینن کە لە گەڵ ئەندامەکانی دیکەدا هاوبەستەگیی و بەرپرسیارن. برایەتیی لەو بنەمایەوە دەبینرێت کە نەتەوە وەك قەوارەیەکی دەستەجەمعی بۆ کەوتنەوە لە باوانێکی هاوبەش و هەروەها چارەنووسێکی هاوبەش نەماشا دەکات. نەتەوایەتیی، برایەتیی تۆکمەو بەهێز دەکات، چ لەنێوان خودی ئەندامانی رۆژی نەتەوەکەو چ بەدرێژایی هاتنی نەوە یەك بەدوا یەکەکانی نەتەوەیەکدا.**[3]

---

[1] Alfredsson 1996, 71 .

[2] Smith, A. 1991, 14 .

[3] Tamir 1995, 424-425, 432 .

بەگوێرەی بیندیکت ئەندەرسۆن، نەتەوە کۆمەڵێکی سیاسیی خەیاڵئامێزە، چونکە تەنانەت لە بچووکترین نەتەوەشدا ئەندامەکانی هەرگیز زۆربەی ئەندامەکانی دیکەی نەتەوەکەی خۆیان ناناسن. بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە، کۆمەڵێك بە شێوەیەکی خەیاڵئامێز دەناسێنرێت نەك بەهۆی قەبارەکەیەوە یاخود بەهۆی ئەگەری پەیوەندییگرتنی رووبەڕووی نێوان ئەندامەکانییەوە. خەیاڵئامێزە، چونکە بوونی پشت بەخولیا و خەیاڵێکی تایبەتی ئەندامەکانی دەبەستێت و لەسەر بنەمای خولیا و هەستی ئەندامەکانی راوەستاوە.[1]

هیتنی، وەسفی نەتەوە دەکات کە گروپێکن هەمان کەلتوورو مێژوویان هەیەو بڕیاریانداوە کە پێویستیان بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەیە تا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بپارێزن.[2] فیشمان چەمکی "نەتەوە" بۆئەوە بەکاردەهێنێت تاکو ئاماژە بە هەر یەکەیەکی قەڵەمڕەوی–سیاسیی سەربەخۆ بکات کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بندەسەڵاتی نەتەوایەتییەکی تایبەتدایە.[3] ئەو چەمکەکە لەبەرامبەر چەمکە هاوشێوەکانی وەك "دەوڵەت"، حکومەت"و "وڵات"دا دادەنێت.

نەتەوایەتیی وادەبینرێت کە یەکێکە لە ئاکامەکانی تێکوپێکدانی ژیانی سوننەتیی و هەڵوەشاندنەوەی سنووورە خێڵەکیی، ئیتنیی و زمانییەکانە بەهۆی پیشەسازیی و ئابووریی دراویی هاوچەرخ. نەتەوایەتیی، شوناسی کەسایەتیی و گروپەکان سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە، لەکاتێکدا پێناسەکەی پێشوو لەئاکامی گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا پوچبووەو لەکارکەوتووە.[4] مۆدێرنیتە لەرێگەی فۆرمو ئایدیای نەتەوە–دەوڵەتەوە بەرجەستەی خۆی دەکات، هەروەها " شوناسی نەتەوایەتیی" وەك ئاکامێکی لابەلای پێکهاتنی مۆدێرنیتە سەرهەڵدەدات.[5]

---

[1] Anderson 1991, 6; Tamir 1995, 420- 423 .

[2] Hettne 1990, 57 .

[3] Fishman 1988, 108 .

[4] Fishman 1988, 114, 139, 286 .

[5] Ahmed 1995, 16 .

خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی "ئیتنۆ–نەتەوایەتیی" پێدەوترێت. ئایدیای دەوڵەتی تایبەت بەخۆ دەتوانێت لەنێو گروپێکدا بژی، بۆ نموونە، هەروەك لەساڵی 1700ەکاندا لای پۆڵەندییەکان هەبوو پاش ئەوەی پۆڵەندا لەسەر نەخشە سڕایەوە. هیتنی پێیوایە کە ئەو گروپەی ویستی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەیە ئیدی نەتەوەیە، بەگوێرەی ئەو، نەتەوایەتیی وێڕای پێکهاتە بابەتییەکانی وەك ( ڕەگەز، زمان، ئاین )، هۆشیاریی ئیتنیی خۆیی دەگرێتەخۆ کە لەسەر ئەزموونی مێژوویی هاوبەش بنەمادەگرێت. ئەمە دەتوانێت بەرەو پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە ئاراستەی بکاتو هەروەها دەتوانێت گروپەکەش بە سیاسەت بارگاویی بکات، ئەوەی ئەو مانایە دەبەخشێت کە پرۆسەکە ڕەهەندگەلێکی نوێ بەدەستدەهێنێت. ئەمەش هۆشیاریی ئیتنیی لەنێو گروپەکەدا زێدە دەکات.[1]

دڵی ئەزموونی نەتەوەیی بریتییە لە ئامادەیی هەستو خولیای هاوبەش، هەروەها ئارەزووی هاوبەش بۆ پاراستنو بایەخپێدانی دەستەجەمعی شوناسی نەتەوەیی. سەرچاوەی هێزی نەتەوایەتیی بریتییە لە دیدی نەتەوەکە وەك کۆمەڵێکی بەردەوام کە کاریگەریی خولیاکانی خۆی لەسەرخۆی هەیە، هەروەها رابردووو ئایندەی خۆشی.[2] فیشمان وەسفی نەتەوایەتیی دەکات کە هۆشێکە یاخود هاوبەستەگییەکی ئیتنۆ–کەلتوورییە کە لەدەرەوەی بوارە سەرەتاییەکەی خۆی ئاراستەکراوە بەرەو ئامانجگەلێکی سیاسیی، ئابووریی و هەروەها ئاینیی. هەربۆیە یەکەمجار پێویستە بۆ گروپەکە کە قەناعەت بەخۆی بهێنێت کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی ئیتنۆ–کەلتووریی ناوازەی دیارییکراوی هەیە کە بۆیان گرنگە.[3] لێرەدا زمانە خۆماڵییەکە، پەروەردەو فێرکردن، هەروەها ماسمیدیا رۆڵێکی گرنگ دەبینین، هەموو ئەوانەش پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە.

ئەم خوێندنەوەیە لەنێو نەخوێندەواری پێشوودا نەك هەر پەیوەستێکی نوێی

---

[1] Hettne 1990, 12, 57-58 .

[2] Tamir 1995, 430 .

[3] Fishman 1988, 108-109 .

لەگەڵ زماندا پێکهێنا، هۆشیاریی زمان وەك بەشێك لە سەرلەنوێ ژیانەوەی خودو هەروەها هۆشیارییەکی خۆیی جەختلێکراو، بەڵکو بژاردە سەرەتاییەکانیش بە جەماوەرەوە دەبەستێتەوە، کە ئەگەر وانەبووایە ئەستەم بوو پێی بگەیشتایە یاخود کاریگەریی هەبووایە.[1]

بێدەوڵەتیی حاڵەتێکی زهنییەو نزیکە لە بێوڵاتییەوە، نەتەوەکان وا هەستدەکەن کە خەڵکانێك بە تەواوەتیی دەتوان ببنە مرۆڤ ، ببنە خۆیان، تەنیا ئەو کاتەی کە شوێنی تایبەت بەخۆیان هەبێت.[2]ڕۆژنامەنووس کارین مانەرفێلت لە وتارێکی خوێدا کە لەبارەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ نووسیویەتی، ئەوانەی کە لە شوناسەکەی خۆیان بێبەرییکراون هەمیشە بە دوای ئەو شوناسەی خۆیاندا دەگەڕێن‌و دەشیسەلمێنن. ئەگەر لە ئەلبانییەکی کۆسۆڤۆ بپرسن تۆ کێی؟ لە وەڵامدا دەڵێت " من ئەلبانیم"، لەکاتێکدا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا زۆربەی خەڵکەکە بە وتنی ناوی خۆیان‌و کارەکەیان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە. ئەو ئاماژە بە ڕۆژنامەنووسی ئەفێردیتا کیلماندی دەکات، کە پێویستی بەوەی کە وەك ئەلبانییەك دانیپێدابنرێت وایلێکردوون وەکو ناك خۆیان لەبیر بکەن.[3]

## بوژانەوەی ئیتنیی

هۆکاری بنەڕەتیی بەسیاسییکردنی شوناسی ئیتنیی ئەوەنییە کە گروپە ئیتنییەکان جیاوازن، زیاتر گرفتەکە لەوێوە سەرهەڵدەدات کە چیدی ڕێگەی ئەوەیان پێنادرێت جیاوازبن. ئەمەبوو کە سەبارەت بە پێگەی کەمینەکان ڕوویدا کاتێك ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوو بە کۆماری تورکیا. ئەوان بوونە هاوشێوە ڕۆژهەڵات ناوەڕاستییەکەی کەمینەکان لە ئەوروپای هاوچەرخ‌و هۆشیاریی

[1] Fishman 1988, 273 .

[2] Ignatieff 1994, 183 .

[3] Mannerfelt 1999 .

ئەمەریکاییەکانی باکووردا: چیدی ئەوان بەشێکی هەمیشەیی‌و جیاوازنین لە تۆڕێکی ڕەنگاوڕەنگ، ئەوان بوونەتە گروپێکی تایبەت کە گونجاندنیان لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگاکەدا بۆتە " ناتەواوو کورتوکوێر"و هەربۆیە بەشدارییکردنیان بە چەند شێوەیەك وەك گرفتێك دەبینرێت. ئەمە ئاکامی ئەو گۆڕانە بوو کە بەسەر ئیمپراتۆریی عوسمانییدا هات، ئەوەی کە خاکی موسوڵمانان بووو چەندین "میللەتان"ی لەسەر دەژیان، بۆ تورکیایەك کە بە خەیاڵی فەرمانڕەوایانی تورك تەنیا نەتەوەی تورکی تێدا نیشتەجێیە. ئاکامێکی ئەو گۆڕانەی تورکیا لە کۆمەڵگایەکی فرە ئیتنی تەواو جێگیرەوە بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن، کە تێیدا نەتەوایەتیی هێزی سیاسییە، بریتیبوو لە جینۆسایدی ئەرمەن لەساڵی 1915دا، یەکەمین جینۆساید کە تەکنیکی هاوچەرخی لە ئاستێکی بەربڵاودا تێدا بەکارهێنرا.[1] تا ئەو کاتەی دەوڵەتان بە نەرمیی‌و هێواشیی سەنترالیزە بکرێن، تەحمولکردنی کەمینەکان‌و چاوپۆشیی لێیان لەبارترە.[2] هیلین فین مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە ئەو قوربانیانی جینۆسایدی عەمدیی لە سەدەی بیستەمدا بریتین لە: جووەکان، قەرەجەکان، ئەرمەنییەکان، ئەوانە لەناوبران لەپێناو خواستی دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ڕژێمێکی نوێ. جەنگ بەکارهێنرا تاکو نەتەوەیەك بگۆڕێت، بەجۆرێك بگونجێنرێت لەگەڵ فۆرمەڵەی چینی فەرمانڕەوادا لەرێگەی قەڵاچۆکردنی گروپگەلێکەوەو پێشاندانی وەك بێگانەیەك‌و ناساندنیان وەك دوژمن.[3]

بەگوێرەی سمس، بەها کەلتووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و هەروەها سیاسییەکان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ لە پێکهاتنی ئیتنسیتیدا دەبینن. لەکاتێکدا بوژانەوەی ئیتنی شرۆڤە دەکرێت، پێویستە بایەخ بە هەماهەنگیی نێوان کەلتوورو سیاسەت بدرێت، پەرەسەندنی ئابووریی تەنیا وەك هاندەرێك لە هەلومەرجگەلێکی تایبەتدا

---

[1] Jafar 1974, 153; Libaridian 1987, 203-204; Phillipson et al. 1994, 7; Uppsala universitet 1999, 34-35 .

[2] Chaliand 1980, 10 .

[3] Fein 1979, 29-30 .

کاردەکات. بوونی هەڕەشە لەسەر شوناسی زمانییو کەلتووریی دەتوانێت وزەیەکی فرە بەهێز بۆ مۆبێلیزەکردنی گروپەکان بێنێتەئارا. بێبەشکردنی ئابووریی تەنیا باراشێکە بۆ ئاشی نەتەوایەتیی، بەلاّم خۆی لەخۆیدا هیچ سۆزێکی نەتەوەیی یاخود جولاّنەوەیەکی نەتەوایەتیی پێکناهێنێت، گرفتە قوولّەکانی دیکە بەکاردەهێنرێت. لە زۆربەی حالّەتەکانی بوژانەوەی ئیتنییدا، دەرکەوتە کەلتوورییەکان پێش سیاسییەکان خۆیان دەردەخەن، رێکخراوە کەلتووریەکان یاخود گۆڤارو رۆژنامەکان دەکەونە پێش دەرکەوتنی رێکخراوە سیاسییەکان. مافە کەلتووریی‌و سیاسییەکان پێکەوە گرێدراون، چونکە مافە سیاسییەکان پێویست بە بڕیارسازیی دەکات هەربۆیە پێویستە کەلتوور بپارێزرێت‌و پەرەپێبدرێت. دەگونجێت ئەو کینەو ناحەزییەی کە گروپێکی ئیتنی دەتوانێت دژی گروپێکی دیکە پەرەیپێبدا، کەمتر بۆ لایەنی ململانێ بگەڕێتەوەو زیاتر بۆ سەرەڕۆیی بێت لە بوونی وازهێنان لە شتێکی تایبەت بەخۆ کە شوناسە. ئەوە مەسەلەی ژیانەوەی کەلتورێکە وەك لەوەی هەستێکی ماددیی بێت. ئەگەر ئەندامان بڕوایان وابوو کە بوونی دەستەجەمعی گروپە ئیتنییەکەیان کەوتووەتە بەر هەڕەشە، ئەو دەمە تین‌وتاوی ئیتنسیتیان بەهێزترو پەرەسەندووتر دەبێت.[1] لەم سالاّنەی دواییدا، بوژانەوە ئیتنییەکان‌و بەسیاسییکردنی ئیتنسیتی لەنێو چەندین گروپە ئیتنییەکانی جیهاندا بەڕێوەچووە. لەنێو ئەم گوندە"گلۆباڵەدا" گروپگەلێك کە لە ماوەی پێشوودا پەرتەوازەو لێکدابڕاو بوون، ئەمێستا لەرێگەی تێلیکۆمیونیکەیشن، ماسمیدیا، کۆچ‌و گەشت‌و سەردانەوە پەیوەندیی زیاتریان بە جیهانی دەرەوە هەیە. دژوارییە ئیتنییەکانی ولاّتانی دیکە کاریگەریی دەستبەجێی لەسەریان هەیە.[2]

[1] (Alfredsson 1996, 73; Kallen 1996, 116; Phillipson et al. 1994, 7; Skutnabb-Kangas 2000c, 434; Skutnabb-Kangas and Toukomaa 1976, 2; Smith, A. 1981, 5, 13-14, 23, 44 .

[2] Kallen 1996, 114 .

بەگوێرەی ئچدیگو، ڕۆمانۆ وهەروەها سیرکەسی، بوژانەوەی ئیتنی دەرئەنجامی کارلێکێکی ئاڵۆزە کە چەندین هۆکاری کارلێکراو دەگرێتەخۆ: کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، کەلتووریی‌و هەروەها سیاسیی. دەگونجێت ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی–ئابووریی هەژار ڕاستەوخۆ بەشداریی لە بوژانەوەی ئیتنییدا نەکات، بەڵکو زیاتر نائاسایشیەکی مەزنترو ناجێگیرییەکی سیاسیی پێکدەهێنێت کە زۆرجار پلەکانی ئیتنیی بایەخیان زێدەتر دەبێت. لە پێناسەکردنیاندا بۆ "ژینگەی نائاسایشیی"، ئچدیگو لە شوێنێکی تریشدا، جیاوازیی دەکات لەنێوان "نائاسایشیی مادیی": داهات، موڵك، پەروەردەو فێرکردن، تەندروستیی، خزمەتگوزاریی دەوڵەتیی‌و هەروەها خودی ژیان، هەروەها " نائاسایشیی غەیرە مادیی": زمان، کەلتوور(شوناس)، خاوەنێتیی ( پێچەوانەی دەستبەسەرداگرتن‌و لێسەندنەوە).[1] کیندال مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە فۆرمەکانی جیاوازییکردن وەك ئاکامێکی ئەوەی کاتێك گەلێك ڕێگەی ئەوەی لێدەگیرێت کە بەشێوەیەکی کەلتووریی بەرجەستەی خۆی بکات زۆرجار لەوە ئەستەمترە کە بەرگەی هەژاریی مادیی یاخود دادۆشینی ئابووریی بگرێت.[2]

بەگوێرەی سمس، جەنگەکان، کارە سیاسییەکان، هەروەها ڕێکخراوە سەربازییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە پەرەسەندنی کۆمەڵە ئیتنییەکاندا دەبینن. ئەگەر مەیلی نەریتە کشتوکاڵییەکان بەو ئاراستەیەدا بێت کە هەر هەستێکی ئیتنیی پەرتەوازەو لێکدابڕن، جەنگەکان مەیلیان بە ئاراستەی هاندان‌و پەککستنێتی.[3] مشتومڕی پۆوڵتۆن لەوبارەوەیە کە زۆرجار جەنگەکان پێش هاتنی نەتەوایەتیی مۆدێرن دەبنە بەشێکی کاریگەر لە دیارییکردن‌و قەوارەگرتنی شوناسدا.[4]

دراکولیك ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن لەجەنگی کرواتیادا شوناسەکەی گۆڕاوە:

---

[1] Içduygu et al. 1999, 991-992 .

[2] Kendal 1980b, 83 .

[3] Smith, A. 1976, 74-75 .

[4] Poulton 1997, 8 .

"هەندێك لە هاوڕێ بیانییەکانم ناتوانن لەوە تێبگەن کە ئێستاکە کەمتر لەپێشوو هاوبەستەگییمان لەنێواندا هەیە، من لە وڵاتێکدا دەژیم کە بۆ ماوەی شەش مانگ ئەزموونی شەڕێکی خوێناویی کردووە. ئەوە ئەستەمە بۆ ئەوان لەوە تێبگەن کە چارەنووسی من ئەوەیە ببمە کروات. چۆن ئەتوانم ئەوەیان بۆ شرۆڤە بکەم کە ئەوەی لەم جەنگەدایە نەتەوایەتیی منە، هەروەها تەنیا ئەوەشە کە شوناسی من دیارییدەکات... ئەمە ئەوەیە کە جەنگ بۆ ئێمەی کرد: ئەو ئێمەی کردە تاکە ڕەهەندێك: نەتەوە. ئەو شتەی بەدبەختییە سەبارەت بە نەتەوایەتییەکەم ئەوەیە کە پێشتر شوناسی من بەهۆی خوێندنەکەم، کارەکەم، بیروبڕواکانمو هەروەها کەسایەتییمو بەدڵنیاییەوە نەتەوایەتییەکەشم پێکدەهات. ئێستا من لە هەموو ئەوانە بێبەش بووم، من هیچ نیم، چیدی من تاکێك نیم. من یەکێکم لەو چوارملیۆنو نیو کرواتییە."[1]

گروپی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە ماوەی دەیەیەکی خایاند تاکو ڕەشنووسی ڕاگەیاندنی مافەکانی گەلانی ڕەسەنی خۆماڵیی ئامادە بکات، ناوی لێنرا " گروپی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دانیشتووانە ڕەسەنە خۆماڵییەکان " نەك "گەلان". وێڕای ئەوەی کە خودی ڕەشنووسی ڕاگەیاندنەکە بە " ڕەشنووسی ڕاگەیاندنی مافەکانی گەلانی ڕەسەنو خۆماڵیی".[2]

لە یاسای نێودەوڵەتییدا، کاتێك مافی خۆدیارییکردنی چارەنووس لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیی فۆرمەڵە کرا، مەبەست لێی ئەوە بوو کە بۆ "دیارییکردنی چارەنووسی خۆیی دەرەکیی" یان بە مانایەکی دیکە:سەربەخۆیی، تەرخان بکرێت، هەروەها بۆ کۆڵۆنییە سوننەتییەکان دابنرێت. لەبەرئەوەی وادەهاتەپێش چاو کە مافی خۆدیارییکردنی چارەنووس هیچی لێنەمێنێتەوە پاش ئەوەی کە زۆربەی کۆڵۆنییەکانی پێشوو سەربەخۆبوون، هەربۆیە پێویستبوو کە دەستبکرێت بە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی "خۆدیارییکردنی چارەنووس" لە ساڵانی

---

[1] Drakulic 1995, 60-61, translation KK

[2] Skutnabb-Kangas 2000b .

1970کاندا بۆئەوەی "خۆدیارییکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" بگرێتەخۆ، بەمانایەکی دیکە، ئۆتۆنۆمی بەجۆرێك لە جۆرەکان. خۆدیارییکردنی چارەنووس تایبەتکرا بە نەتەوە یاخود گەلانەوە نەك گروپەکانی دیکە، ئەو یەکانەی وەك کەمینە، دانیشتووان، هەروەها گروپە ئیتنییەکان پێناسەکران مافی خۆدیارییکردنی چارەنووسیان نەبوو. کاتێك گەلانێکی رەسەنی خۆماڵیی دەیانەوێت ئیدعای مافی بوون وەك کیانێکی جیاواز بکەن، ئەوە گرنگە کە ئەوان وەك "گەلان" ناسێنراون، نەك وەك "کەمینەکان".[1]

بەگوێرەی سکوتناب– کەنگاس، ئەوە کێشەیە کە ناوەکان لەلایەن گەلانی رەسەنی خۆماڵییەوە یاخود لەلایەن بێگانەوە بەکاربێن، تەنانەت دانە ئەرێییەکەشیان، هەمیشە ئەوەی لێهەڵناوەرێ کە لە یاسای نێودەوڵەتییدا چی زۆر بە قازانجی ئەوانە ئەوە ببێت. دەگونجێت زاراوەناسیی زۆرجار بەدژی بەرژەوەندییەکانی گروپێك بکەوێتەوە.[2] هەروەها ئەوەی گرنگە بیبینین ئەوەیە کە دەگونجێت پێویستییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی و دیپلۆماسیی لە پێویستییەکانی کۆڵینەوە جیاوازبێت. ئەو دەشێت ئەو پێناسانەی بۆ یاسای نێودەوڵەتیی داتاشرابن، بۆ ژیانی ئەکادیمیی دەستنەیەن، هەروەك ئەوەی دواتر لە چەمکی "جینۆساید" دا دەیبینین.

لە کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بە بەردەوامیی "خۆدیارییکردنی چارەنووس" ئاماژەی بۆکراوە، هەروەها وەك بڕواو بنەماش لە یاسای نێودەوڵەتییدا زامنکراوە. بەڵام لە کرداردا، مرۆڤەکان وەك گروپ مافگەلێکی کەمتریان هەیە وەك ئەوەی کە تاك بن، تا ئەو کاتەی دەوڵەت پێکدەهێنن. کەمینەکان لەبەرئەوەی کە دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان نییە، لەوڵاتە رەهاو هەژمونگەرەکاندا، بەتایبەت لە جیهانی سێیەم، مافی کەلتووریشیان نییە.[3]

---

[1] Skutnabb-Kangas 2000b and 2000c, 487 .

[2] Skutnabb-Kangas 2000b .

[3] Chaliand 1980, 8 .

## 2 .2 جینۆسایدو ئیتنۆساید

کاتێك گەلێك هێندە زۆرن کە ناتوانرێت تێکڕایان بەشێوەیەکی فیزیکیی لەناوببرێن، داگیرکەران جینۆسایدی کەلتووریی و"linguicide / زمانکوژیی" بەکاردەهێنن. ئەوەی کە لەرێگەی جینۆسایدی فیزیکییەوە ناتوانرێت لە نەوەیەکدا بهێنرێتەدی، دەتوانرێت لەرێگەی جینۆسایدی زمانکوژییەوە بۆ چەند نەوەیەك بهێنرێتەدی.[1]

چەمکی "جینۆساید" بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای یاساناسیی پۆڵەندیی "ڕەفائیل لیمکین"ەوە بەکارهێنراوە، هەروەها ئەم چەمکە لە تاوانبارکردنی تاوانبارانی جەنگی نازییدا لە نۆرەمبێرگ لەساڵی 1944دا دەرکەوت. لیمکین نووسەری سەرەکیی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی 1948بوو بۆ قەدەغەکردن و سزادانی جینۆساید.[2] ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەرامبەر کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا، لەو بەیاننامەیەدا کە لە 11ی دیسەمبەری 1946دا بڵاویکردۆتەوە، رایگەیاندووە " جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتییدا تاوانە، بەپێچەوانەی پشتگیریی و پێداگرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لەلایەن جیهانی شارستانییەوە ریسواکراوە". جینۆساید لەلایەن ئەنجومەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە شرۆڤەی زیاتری لەبارەوە کراوە، ئەوەی کۆمیتەیەکی تایبەتی دامەزراند، ئەو کۆمیتەیەی کە

---

[1] Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 366-367; Skutnabb-Kangas and Phillipson 1991, 140-141.

[2] Charny 1988, 1; du Prees 1994, 7 .

**ڕێکەوتننامەی 9ی دیسەمبەری 1948ی دژی جینۆساید سەلماند. بەگوێرەی بەندی دووەمی ڕێکەوتننامەکە:**

**جینۆساید مانای ئەوەیە کە ئەم کارانەی خوارەوە بەئەنقەست بکرێت بۆ تێکدان‌و وێرانکردنی، تەواوی یان بەشێکی : نەتەوەیەك، ئیتنیێك، ڕەگەزێك، یان گروپێکی ئاینیی، هەر وەك:**

**1- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.**

**2- گەیاندنی زیانێکی جدیی جەستەیی یان عەقڵیی بە ئەندامانی گروپەکە.**

**3- بە مەبەست گورز لە هەلومەرجی ژیانی گروپێك بدرێت بە حیسابی ئەوەی تووشی تێکشکاندنی فیزیکیی، تەواو یاخود بەشێکیان، ببن.**

**4- ئەو هەنگاوانە بسەپێنرێت کە مەبەست لێی ڕێگرتنە لە لەدایکبوون لە گروپەکەدا.**

**5- بەزۆر منداڵی گروپێك بۆ گروپێکی تر بگوێزرێتەوە.**[1]

**ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیاننامەیەکی بنەڕەتییە لە یاسای نێودەوڵەتییدا سەبارەت بە تاوانی جینۆساید، بەڵام بەکارهێنانی ئەم پێناسەیە لە کۆڵینەوە سۆسیۆلۆجییەکاندا چەندین گرفتی هەیە. ڕێکەوتننامەکە بڕیارێکەو لەلایەن ژمارەیەك لە دەوڵەتە ئەندامەکانی یوئێنەوە پەسەندکراوە، هەربۆیە پێناسەکردنی پێناسەیەکی زانستیی نییە. ئەوانە بۆ مەبەستی یاسای نێودەوڵەتیی پەرەیانپێدراوە نەك بۆ کۆڵینەوە. پێناسەکە بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی چەند وڵاتێك‌و کەلتوورو ئەزموونە مێژووییەکەیان دەکات.**

---

[1] Yearbook of the United Nations 1947-48, 595-599; Yearbook of the United Nations 1948-49, 958-959.

**بەگوێرەی سکەتناب- کەنگاس‌و فلیپۆس(1974، 72-73) دەگونجێت ڕاگواستنی بەزۆری منداڵ بۆ کۆمەڵێك یان گروپێکی تر فیزیکیی یان سایکۆلۆجیی بێت یاخود هەردووکیان.**

پیتەر دوپرێس، مشتومڕ لەبارەیەوە دەکات کە هەر لەوکاتەوەی وڵاتانی ئەندام ڕێکەوتننامەکەیان داڕشتووە، ئەوان لەبارەیەوە سەبارەت پێشێلکارییەکانی تایبەت بە خۆیان هۆشیاربوون‌و هەوڵیانداوە لە بەرامبەر هەر ئەگەرێکی تۆمەتبارکردنیان بەرگریی لەخۆیان بکەن. فەین دەنووسێت کە بەشێکی گومان لەبارەی بێسوودیی پێناسەکەی یوئێنەوە لە نەبوونی حاڵەتە یاساییەکەوە سەرچاوە دەگرێت: هیچ وڵاتێك کەسێکی بە تاوانی جینۆساید نەهێناوەتە دادگا.[1] کورت جۆناسۆن مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە پێناسەکەی یوئێن بۆیە کورتوکوێرە چونکە هیچ یەك لەو گروپە سەرەکییانەی قوربانیی جینۆسایدن کە هەر لە کاتی گرتنەبەری ئەو پێناسەیەوە ڕوویانداوە نەکەوتوونەتە چوارچێوەی سنووری تایبەتی ئەو پێناسەیەوە.[2]

وشەکانی "مەبەست" و " هەروەك " بەتایبەتیی وادەکات ئەستەم بێت جینۆساید بناسێنیت. : دەگونجێت قوربانیی هەبێت‌و دەگونجێت جەلادیش هەبێت، بەڵام جینۆساید لە دەرەوەی بوونی "مەبەست" ێك بۆ تێکشکاندنی گروپێك، نییە.[3]

فەین بۆ چەمکی "جینۆساید" پێشنیازی پێناسەیەکی کۆمەڵایەتیی–زانستیی دەکات کە لەوەکەی یوئێن بەرفراوانترە. بەگوێرەی ئەو، جینۆساید کارێکی مەبەستدارە لەلایەن بکەرەکەیەوە ئامانج لێی تێکشکاندنی کۆمەڵێکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەهۆی ڕێگرتن لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی بایەلۆجیی‌و

---

[1] Fein 1992, 3; Kuper 1990, 20-21; du Prees 1994, 8 .

[2] Jonassohn 1992, 17- 18 .

[3] du Prees 1994, 9 .

گرفتێکی دیکە بریتیە لەوەی کە کەلێنێك لە گروپە قوربانییەکاندا هەیە کە لە ڕێکەوتننامەکەدا ڕوومالْکراوە(.Fein 1993, 10 ) جۆناسۆن ڕێکەوتننامەکەی یوئێن ڕەخنە دەکات‌و دەڵێت کە کاتێك ئەو ڕێکەوتننامەیە گروپە قوربانییەکانی وەك : نەتەوە ، ئیتنیك، ڕەگەزو هەروەها گروپە ئاینییەکان دەناسێنێت، کەچی چەندین گروپی وەك گروپە ئابووریی، سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەرهاویشتووە.(1992, 18)

**کۆمەڵایەتیی ئەندامانی گروپەکە، بێ لەبەرچاوگرتنی خۆبەدەستەوەدان یان کەمی ئەو هەڕەشەیەی لە قوربانییەکە دەکرێت. بڕارەی ئەو ئەوەیە کە لەو کاتەوەی "جینۆساید" چەمکێکە لە یاسای نێودەوڵەتییدا، پێناسەی سۆسیۆلۆجیی ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە.**[1]

**بەگوێرەی لیمکین، جینۆساید تەنیا مانای تێکشکاندنی دەستبەجێی نەتەوەیەك نییە، بەڵکو هەروەها مانای تێکشکاندنی دەزگا بنەڕەتییەکانی ژیانی گروپێکی ئیتنییە، بەمەبەستی قەلاچۆکردنی خودی گروپەکە. جینۆساید دژی گروپێکی نەتەوەیی ئاراستە دەکرێت، هەروەها کارەکان دژی تاکەکان وەك ئەندامانی گروپەکە ئاراستە دەکرێن.**[2] **جینۆساید پەلامارێکی هاوکاتو هاوتەریبە بۆسەر رووخسارە جیاوازەکانی ژیانی گروپێکی بەئامانجکراو:**

1- **لە بواری سیاسییدا، بەهۆی تێکشکاندنی دەزگاکانی خۆبەڕێوەبەریی.**

2- **لە بواری کۆمەڵایەتییدا، بەهۆی لەمپەرخستنە بەردەم هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتیی، هەروەها بەهۆی کوشتنی یان ریشەکێشکردنی گروپگەلێکی بایەخدار وەك روناکبیرانو رێبەرانی ئاینیی.**

3- **لەبواری کەلتوورییدا، بەهۆی قەدەغەکردنی یان تێکشکاندنی دەزگاو چالاکییە کەلتوورییەکان، هەروەها بەهۆی گۆڕینی فێرکردنی پیشەیی هونەرە ئازادەکانەوە لەپێناو رێگرتن لە بیرکردنەوەی مرۆڤدۆستانە، ئەوەی مەترسیدارە چونکە بیرکردنەوەی نەتەوەیی تۆکمە دەکات.**

4- **لەبواری ئابوورییدا، بەهۆی گواستنەوەی سامانەوە بۆ وڵاتی داگیرکەر هەروەها بەهۆی قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی بازرگانیو پۆستو پێگە بەلایەن ئەوانەوە کە دەهۆڵ بۆ ئایدۆلۆجیای باڵادەست ناکوتن.**

5- **لەبواری بایەلۆجییدا، بەهۆی سیاسەتی راگواستنەوە.**

6- **لەبواری بوونی فیزیکییدا، بەهۆی هێنانەکایەی سیستمێکی**

---

[1] Fein 1992, 3 .

[2] Lemkin 1944, 79.

**لەبرسامردووانەی دابەشکردنی خۆراکیی و لەرێگەی کۆمەڵکوژییەوە.**

**7– لەبواری ئاینییدا، بەدەستێوەردانی چالاکییەکانی کڵێسا، ئەوەی لە هەندێك لە وڵاتان وێڕای رێبەرایەتییە ئاینییەکە، رێبەرایەتیی نەتەوەییش دابیندەکات.**

**8– لەبواری ئەخلاقییدا، بەهۆی سووککردنی بەها ئەخلاقییەکان، بۆ نموونە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی بەرەڵایی سێکسیی و خواردنەوە ئەلکهولییەکان.**[1]

**خاڵی 4و 6 پەیوەندیی نزیکیان پێکەوە هەیە. بەگوێرەی لیمکین، ئەو برسییکردن و قاتوقڕییەی بەهۆی تێکشکاندنی ژیانی ئابوورییەوە دێتەئارا، لە ئاکامی جەنگەوە نییە، بەڵکو بەهۆی تاکتیکی جینۆسایدەوەیە. رۆژانە راکردن بەدوای پارچەنانێکدا دەگونجێت لەچوارچێوە گشتیی و نەتەوەییەکەیدا ئاستەنگ لەبەردەم بیرکردنەوەدا پێکبهێنێت. نازییەکان هەوڵیاندەدا بەمەبەست هەلومەرجیی بەدخۆراکیی لەنێو گەلانی ئەو وڵاتانەدا بێننەکایەوە کە داگیریان کردبوون، بەتایبەت ئەو گەلانەی یەکەمین ئامانجی پلانبۆدانراوی جینۆساید بوون: جوو، پۆڵەندیی و سلۆفاکییەکان.**[2]

**ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان ئەکادیمیستەکاندا هەیە سەبارەت بەوەی کە چۆن پێویستە جینۆساید پلەبەندیی بکرێت، هەروەها داخۆ تەنانەت ئەگەری بەراوردکاریی لەنێوانیاندا هەیە. بەگوێرەی فەین، هیچ کۆڵینەوەیەکی سیستماتیك یان تیۆریزاندنێك سەبارەت بە جینۆساید یاخود شێوەکانی دیکەی توندوتیژیی بەکۆمەڵ لە زانستە سۆسیۆلۆجیی، سایکۆلۆجیی، فیزیۆلۆجیی، ئەنترۆپۆلۆجیی یاخود لە زانستە سیاسییەکاندا نییە. بەهۆی کارەکتەری تایبەتی کۆمەڵکوژییەوە، پێناسەکردنی چەمکەکە ئەستەم بووە. ئەکادیمیستەکان زۆرجار دەکەونە ژێرباری پرسگەلێکی ئاکاریی و ویژدانییەوە کاتێك هەوڵی ئەوەدەدەن ئەو جیاوازییانە**

---

[1] Lemkin ,1944, xi-xii .

[2] Hilberg 1961, 101- 105; Lemkin 1944, 85.

بناسێنن کە لەنێوان جینۆسایدو کێشمەکێش و جەنگی "ئاسایی"دا هەیە.[1]

جینۆساید دوو رووخساری هەیە: تێکشکاندنی نموونە نەتەوەییەکەی گروپە بەئامانجکراوەکەو شوێنگرتنەوەی ئەو بە نموونە نەتەوەییەکەی گروپە سەرکوتکارەکە.[2] ئەو درێژکراوەی سوننەتێکی دوورودرێژی جیاوازییکردنی شەرعییە، هەروەك هیلبێرگ وەسفی پەرەسەندنی هەڵوێستەکانی لە کارگێڕیی دژەسامیی نازییە ئەڵمانییەکاندا کردووە: "ئێوە وەك جوو مافی ئەوەتان نییە لەناوماندا بژین، ئێوە مافی ژیانتان لەناو ئێمەدا نییە، ئێوە مافی ژیانتان نییە."[3]

جینۆساید شێوەیەکی پێشکەوتووی تیرۆریزمی دەوڵەتە، بەکارهێنانێکی هەماهەنگی هێزە بەهۆی بژاردەگەلێکەوە لەنێو کۆمەڵگایەکدا بۆئەوەی دەسەلاتی خۆیان بەسەر گروپە بەئامانجکراوەکەدا بچەسپێنن یان پەرەپێبدەن لەنێو هەمان دەوڵەتدا کە وەك هەڕەشە وێنادەکرێن. ئەو ولاتانەی مێژوویەکی درێژیان لە سەرکوتکاریی ناوخۆییدا هەیە، هەر ئەوانەن کە مەیلی پێشاندانی نموونەی جینۆسایدیان لە سەردەمی هاوچەرخدا هەیە. هۆرۆویتز ئاماژە بە دوو نموونە لەو چەشنە دەوڵەتانە دەکات: یەکێتی سۆڤێت کە پێشتر رووسیای تزاریی بوو، هەروەها کۆماری تورکیا کە پێشتر ئیمپراتۆریی عوسمانیی بووە.[4] باومان وا دەبینێت کە نەبوونی دیموکراسیی هۆکارێکی هەرە گرنگە کە وا دەکات ئەگەری روودانی جینۆساید لەباربێت. زۆرجار ئەمە لەکاتی یاخود بەدوای شۆرشە ریشەقووڵدارەکاندا دێت کە بونیاتی دەسەلاتە کۆنەکە ئیفلیج دەکات، بێئەوەی هێشتا بونیاتی دەسەلاتە نوێیەکە ئەفرێندرابێت. لەم چەشنە هەلومەرجانەدا، هێزە سیاسیی و سەربازییەکان هاوسەنگ نین.[5]

---

[1] Uppsala universitet 1999, 27, 32.

[2] Lemkin 1944, 79. 

[3] Bauman 1989, 1-2; Hilberg 1961, 3-4.

[4] Horowitz 1997, 35-36.

[5] Bauman 1989, 111

کۆمەڵکوژییەکان بەهۆی جینۆسایدەوە ڕوونادەن: وەك باوە ئەوانە دوا هەنگاون لە پرۆسەیەکی سەرکوتکاریی درێژخایەنداو کاتێك ڕوودەدەن کە سەرکوتکار لەسایەی شکستێکی سەربازییدا دەناڵێنێت. بۆ نموونە، جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەکاتی شکستی تورکان لە بولگاریا لەساڵی 1912دا ڕوویدا، هەروەها کوشتنی جووەکان لە پاش شکستی نازییەکان لە ستالینگراد لە ساڵی 1943 تاوی سەند، زۆربەی جووەکان پاش ئەو دەمە کوژران کە ئەڵمانەکان بەفیعلیی جەنگەکەیان دۆڕاند.[1]

جینۆساید دوو ڕەهەندی بونیاتیی گرنگی هەیە: ئەو بەرجەستەی هەوڵێکی سیستماتیك دەکات بەدرێژایی کات بۆ تواندنەوەی دانیشتوانێکی نەتەوەیی، وەك باوە کەمینەکان، هەروەها وەك سیاسەتێکی سیاسیی بنەڕەتیی کاردەکات بۆ گوێڕایەڵیی و بەشدارییکردن لەلایەن هاوڵاتیانەوە. هەروەها باومانیش هەروەك لیمکین دەڵێت کە بەدەگمەن ئامانجی جینۆساید قەڵاچۆکردنی تەواوی گروپێکە، زیاتر لەوەی مەبەستی ئەوەیە کە بە توندوتیژیی گروپە بەئامانجکراوەکە وەك کۆمەڵێکی زیندوو کە توانای خۆهێشتنەوەو بەرگرییکردنی لە شوناسی خۆی هەبێت، تێکبشکێنێت. زۆربەی کات ئامانجی جینۆساید وەختێك دێتەدی کاتێك ئاستی توندوتیژییەکان هێندە بەرز دەبنەوە کە ویستی ئازارچێژەکان لاواز دەکاتو وایان لێدەکات ئەو فەرمانە پەسەند بکەن کە پێیان دەدرێت، هەروەها کاتێك گروپە بەئامانجکراوەکە لەو سەرچاوانە بێبەشدەکرێت کە بۆ بەردەوامییپێدانی ململانێکە پێویستن. ئامانجی جینۆساید ئەوەیە کە ئەو گروپە دیارییکراوەی لە ڕێبەرایەتییو ناوەندی بڕیاردانی بێبەشدەکرێت، هاوبەستەگییو توانای

---

مکدۆواڵ لێکچوونێکی زۆر لەنێوان هەلومەرجەکەی تورکیای سەرەتای سەدەی بیستەمو ئەمڕۆدا دەبینێت: تۆڕێکی بەرفراوانی ڕاپۆرتنووسو سیخوڕ، ئازاردانی جەستەیی زیندانییەکان، کوشتن لەدەرەوەی بڕیاری دادگاکان، دوورخستنەوەی نێوخۆیی چ بۆ تاك یاخود گروپەکان، هەروەها پێکهێنانی گروپە نهێنییەکان کە بۆ گۆڕینی سیستم تەرخانکراون. McDowall 1997, 87.

[1] Hilberg 1961, 4; Horowitz 1987, 65.

پاراستنی شوناسەکەی خۆی لەدەستدەدات. بونیاتی ناوخۆیی ئەو گروپە دادەڕمێت، هەروەها دەتوانرێت ئەندامەکانی یەك لەدوای یەك لەناو بونیاتە نوێیەکەدا بتوێنرێنەوە، یان بە زۆر لەنێو تاقمێکی نوێدا بئاخنرێن.[1]

گرنگە لەنێوان جینۆسایدو غافڵکوژییدا جیاوازیی بکرێت. هۆرۆویتز جینۆساید وەك تێکشکاندنێکی بونیاتیی و سیستماتیکی گەلێکی بێدیفاع لەلایەن دەزگایەکی فەرمیی بیرۆکراتییەوە دەناسێنێت، لەکاتێکدا تەرکیزی سەرەکیی غافڵکوژیی ئامانجێکی سیمبولیكو تەسفییەی دوژمنێکی بەهێزی هەڵبژێردراوە. جیاوازیی نێوان جینۆسایدو غافڵکوژیی نزیکەی هاوشێوەی ئەوەیە کە لەنێوان هێزدا وەك جیاوكو مافێکی دەسەڵاتی دەوڵەت، لەگەڵ توندوتیژیی وەك ئامرازێك لەوانەی کە بەدەرن لە دەسەڵاتی دەوڵەت.[2]

پێویستە جینۆساید بە ئاشکرا لە شێوە تێکشکاندنەکانی دیکەی مرۆڤ جیابکرێتەوە، وەك کارەساتی سروشتیی، حاڵەتی کوشتنی رەمەکیی، جەنگو هەروەها هێرشە سیمبولییو کەلتوورییەکان. سروشتی گشتیی جینۆساید کە تێیدا قوربانییەکە وەك ئەوەی کە بەشێکە لە هەندێك گروپی تایبەت، خێڵێك، رەگەزێك، یان ئاینێك "سزا" دەدرێت، وادەکات لە تاوانە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بەدەر بێت.[3]

جەنگێك، بەتایبەت جەنگێکی ناوخۆ، دەتوانێت بگاتە ئاستی جینۆساید. کۆڵەران ناکۆکن سەبارەت بەوەی کە داخۆ مردنی 600000بۆ 1000000 ئیبۆس(بیافرایی) لە جەنگی ناوخۆی نیجیریا لە کۆتایی 1960کاندا جینۆسایدبووە. مردنی بەکۆمەڵی دانیشتوانی سیڤیل بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بەهۆی شەڕەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی نەخۆشییەوە بوو. لەماوەی جەنگەکەدا،

---

[1] Bauman 1989, 119; Hitchcock and Twedt 1995, 491-492; Horowitz 1997, 20-21.

[2] Horowitz 1997, 20-21 .

[3] Horowitz 1987, 68; 1997, 27-28 .

حکومەتی نیجیریی ڕێگەیدا بە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان تاکو هاوکاریی خۆراکو دەرمان بۆ دانیشتووانە سیڤیلەکە بهێنن، کەمەهەوڵێکی فریاکەوتن دەستیپێکرد بەڵام تەنیا پاش کەوتنی بیافرا بوو لەساڵی 1970دا. بەگوێرەی هۆرۆویتز، ئەوەی کارمەندانی فریاکەوتن بینیان بەرجەستەی سنووری دەرەکیی جەنگو هەروەها قۆناغە سەرەتاییەکانی جینۆسایدی دەکرد: لە نزیکەی 5,8 ملیۆن ئیبۆس، 970000یان بەدەست نەخۆشییە جۆربەجۆرەکانی بێخۆراکیی و بەدخۆراکییەوە(وشکبوونەوە، ئاوسانی جەستە، لاوازیی)• دەیانناڵاند. نزیکەی سێیەکی منداڵانی بیافرایی نیشانەکانی بەدخۆراکیی توندیان پێوەدیاربوو. دوپریس مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە تەنانەت ئەگەر قاتوقڕییەکە بە ئەنقەستیش لەلایەن گەمارۆدەرانەوە سەپێنرابێت، جەنگی بیافرا ناچێتە ناو چوارچێوەی پێناسەکەی یوئێنەوە بۆ جینۆساید، چونکە مەبەستێك بۆ قەلاچۆکردنی ڕێکخراوو سیستماتیکی گروپێکی ئیتنیی نییە پاش ئەوەی سوپای نیجیریی ئامانجەکانی هێنایەدی.[1]

چەندین کەیسی زەحمەتی جینۆسایدو ئەو دژوارییانە هەن کە پاڵپشتیی دەوڵەتیان هەبووە کە کورتیهێناوە بگاتە کۆمەڵکوژیی، بەڵام زۆر نا، کۆڵەرانی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەساڵی 1910کاندا، بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕاگواستنی بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان لە ڕیشە کەلتووریی و جیۆگرافییەکەیان شێوەیەکی درێژکراوەی جینۆساید بووە، چونکە ئەرمەنییە هەڵکەنراوە ڕاگوێزراوەکان نەیانتوانی کۆمەڵگاکەیان یان کەلتوورەکەیان بەشێوەیەکی ماناداری نەوەیی سەرلەنوێ بئافرێننەوە. گرانیی ئەو مشتومڕەی کە ڕاگواستن شێوەیەکە لە جینۆساید ئەوەیە کە هەرچەندە پڕئازارو وەحشییانەو ئەستەم بێت وەك ئەوەی ژیانەکەیانی تێدایە، بەڵام پەرتکردنێکی فیزیکی ڕاستیینە

---

• ناوی پزیشکیی ئەم نەخۆشیانە بریتیین لە: endma, marmasmus, kwashiokor

[1] Horowitz 1997, 36- 37; du Prees 1994, 11, 22, 26, 27.

نییه.[1] مەسەلەی "مەبەست" یارمەتییمان دەدات تاکو سنووری نێوان جینۆسایدو کارەساتی ئاسایی مرۆڤکرد بناسێنین. جۆناسۆن دەڵێت زۆربەی پەتای نەخۆشییە درمەکان کە دەگەنە ئاستی جینۆساید بەهۆی کارە بێمەبەستەکانی مرۆڤەوە روودەدەن، ئەوان لەوەدا مەبەستێکیان نەبووە چونکە زانیارییەکان سەبارەت بە هۆکارو ئاکامەکانی ئەو پەتایانە هێشتا لەبەردەستدا نەبوون.[2]

## ئیتنۆساید

لیمکین چەمکی "قەڵاچۆکردنی کەلتووریی" بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەو دانی بەوەداناوە کە هیتلەر چەندین ئامانج‌و سیاسەتیی دانیشتووانیی جیاوازی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا هەبووە: هەندێك لەو هەرێمانە پێویستبوو "جێرمانیزە" و ئیحتیوا بکرێن، هەروەها جیاوازییکردنی کەلتووریی رێگەیەك بوو بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە. لیمکین ئەم پرۆسەیە ناونانێت جینۆساید، بەڵام دواتر بە سیاسەتی ئەسمیلاسیۆنی زۆرەملێ وترا "جینۆسایدی کەلتووریی".[3]

فاکان دادریان جیاوازیی لە نێوان پێنج شێوەی جینۆسایددا دەکات:

1- جینۆسایدی کەلتووریی، کە ئامانجەکەی تواندنەوەو ئەسمیلاسیۆنە.

2- جینۆسایدی شاراوە، کە دەرئەنجامی ئاکامە نەخوازراوەکانە، وەك مردنی هاوڵاتیی لەکاتی هێرشی تەقینەوەکان، یان رووداوی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەکاتی داگیرکارییەکاندا.

3- جینۆسایدی سزادەرانە، بۆ سزادانی بەشێکی کەمینەیەك داهێنراوە.

4- جینۆسایدی قازانجخوازانە، کۆمەڵکوژیی بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە ئابوورییەکان بەکاردەهێنێت.

---

[1] Horowitz 1997, 37-38 .

[2] Jonassohn 1992, 20-21 .

[3] Fein 1993, 8-11 .

5- جینۆسایدی نموونەیی، کوشتنی ئەندامانی گروپێك بۆ بەدیهێنانی سڕینەوەی تەواویان، وەك لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و هۆلۆکۆستی جووەکاندا بووە.[1]

هەروەها جینۆسایدی کەلتووریی "ئیتنۆساید"یشی پیّ دەوترێت. ئەوە بریتییە لە قەڵاچۆکردنی یادەوەریی، شوناس، یان کەلتووری دەستەجەمعی گروپێك، بیّ قەڵاچۆکردنی فیزیکیی. ئەو هێرشگەلێك بۆسەر دەزگا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، کەلتوور، زمان، هەستی نەتەوەیی، ئاین، هەروەها بوونی ئابووریی گروپەکە دەگرێتەخۆی.[2]

نموونەیەکی دیاری ئیتنۆساید بریتییە لە چارەنووسی هیندییە ئەمریکاییەکان، کە ئەمەریکیی رەسەن بوون. چالك و جۆناسۆن وەك سیاسەتێکی بنەڕەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەئاست ئەمەریکییە خۆماڵییە رەسەنەکان دەبینن. هێنری فۆکسی وەزیری جەنگی جۆرج واشنگتۆن، هەروەها کارمەندانی لێپرسراو لە کاروباری هیندییەکان، بەرنامەیەکیان بۆ "رامکردن"یان دانا. ئیتنۆساید، کە قەڵاچۆکردنی کەلتوورەکەیانە، کرۆکی ئەم بەرنامەیە بوو. بەڵام کاتێك کەلتوورەکەیان تێکشکێنرا، فۆکس بەهیوای رزگارکردنی گیانیان هەوڵیدا بەوە رازیی بن کە ئابوورییە سوننەتییە تێکەڵاوەکەیان بگۆڕن بۆ کشتوکاڵی بازرگانیی بەرتەسك. بەردی بناغەی تێکشکاندنی کەلتووریی ئەمەریکییە رەسەنەکان بریتیبوو لە راگواستنیان لە زەوییە سوننەتییەکانیان، سیستمی دەستبەسەرداگرتن، کاری هەڵکوتانەسەر، هەروەها پەروەردەکردنی منداڵە ئەمەریکییە رەسەنەکان لە خوێندنگە نێوخۆییەکاندا.[3]

لەکاتی ئامادەکردنی رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە

---

[1] Dadrian 1975, ref. Jonassohn and Chalk 1987, 9 .

[2] van Bruinessen 1994a, 166-167; Fein 1992, 4-5; Jonassohn 1992, 21; Jonassohn and Chalk 1987, 8.

[3] Chalk and Jonassohn 1990, 195- 196, 203. 

جینۆساید، ئەگەری لەخۆگرتنی جینۆسایدی کەلتووریی مشتومڕی لەبارەوە کراوە. جینۆسایدی کەلتووریی دەگونجێت شێوەی زمانکوژیی بگرێتەخۆ.[1] لەدوا رەشنووسی رێکەوتننامەکەدا، لە خاڵی 1-2ی بەندی 3 دا، جینۆسایدی کەلتووریی گرتۆتەخۆو وەك لای خوارەوە ناساندوویەتیی:

1- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی گروپێك لە ژیانی رۆژانە یاخود لە خوێندنگەکاندا، یاخود لە چاپکردن‌و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان بەزمانی گروپەکە.

2- وێرانکردن یاخود قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کتێبخانەکان، مۆزەخانەکان، خوێندنگەکان، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، شوێنی پەرستگا یاخود دەزگا کەلتوورییەکانی تایبەت بە گروپەکە.[2]

ناوەرۆکی جینۆسایدی کەلتووریی بۆتە بابەتی مشتومڕ. بلۆکی سۆڤێتیی فشاری دەکرد تا رێکەوتننامەکە جینۆسایدی کەلتووریی بگرێتەخۆ، لەکاتێکدا وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوایی بەرهەڵستیی ئەمەیان دەکرد. بەگوێرەی کوپەر، ململانێ لە دیدو سەرنجەکاندا لەرووی ئایدۆلۆژییەوە توند نەبوو، بەڵکو نوێنەری هێزە کۆلۆنیالییەکان لەهەمبەر رەخنەکردنی سیاسەتەکانیان لەو ناوچانەی خۆبەڕێوەبەریی نەبوون، هەستیاربوون. لەکۆتاییدا ئەم خواستە لەلایەن 16 دەوڵەتەوە پەککخراو لە رێکەوتننامەکەی کۆتاییدا شوێنی بۆ نەکرایەوە. بەڵام لەئاکامی ئەم مشتومڕەدا، رێکەوتننامەکە ئاماژەی بە راگواستنی زۆرەملێی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە کرد، هەروەها وشەی "ئیتنیی" بۆ لیستی ئەو گروپانە زێدەکرا کە رێکەوتننامەکە رووماڵی کردبوو.[3] مشتومڕ لەبارەی ئەوەی

---

[1] Phillipson and Skutnabb-Kangas 1996, 202; Selbmann 1998 .

[2] Yearbook of the United Nations 1948-49, 958 .

[3] Kuper 1981, 31; Skutnabb-Kangas 1996, 128; Skutnabb- Kangas and Buçak 1994, 359-360.

داخۆ دەبێت جینۆسایدی کەلتووریی لە رێکەوتننامەکەدا جیٚ بگرێت بەئاشکرا گرفتی بەکارهێنانی رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی وەك تیۆرێك لە کۆڵینەوەدا پێشاندەدات: مشتومڕ لەبارەی رێکەوتننامەکە لە ناوەندە سیاسییەکاندا روویداوە نەك لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا.

کۆڵەران لەو رووەوە ناکۆکن داخۆ ئیتنۆساید شێوەیەکی جینۆسایدەو پێویست دەکات بئاخنرێتە ناو ئەو کۆڵینەوانەی لەبارەی جینۆسایدەوە دەکرێن. کۆڵینەوە لەبارەی ئیتنۆسایدەوە بەئاشکرا لە دەرەوەی کۆڵینەوە سەرەکییەکانی جینۆسایدە، هەروەها زۆر کەم شرۆڤەی تیۆریی بۆ کراوە. رۆبێرت .ك هیتکۆكو تارا.م تویٚدت دەڵێن کە زۆربەی کۆڵەرانو هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ و هەروەها رۆژنامەنووسان چەمکی "جینۆساید" لە چوارچێوەی پێناسەیەکی فراوانتر لە رێکەوتننامەکەی یوئێن بەکاردەهێنن.[1] هەندێك کۆڵەر جینۆساید بەگوێرەی ئەو پێناسەیە دەبینن کە لەرێکەوتننامەکەدایە، لەکاتێکدا هەندێکی تریان بابەتەکە فراوانتر وەردەگرن تاکو هەندێك کرداری وەك قەدەغەکردنی بەئەنقەستی گروپە ئیتنییەکان لە پراکتیزەکردنی دابو نەریتە سوننەتییەکانیان، نیشتەجێکردنەوەی زۆرەملیٚ، رێگرتن لە دەستگەیشتن بە فریاکەوتنی خۆراکیی، هاوکاریی تەندروستییو هەروەها بڕی داراییی تەرخانکراو بۆ پەرەسەندن، هەروەها وێرانکردنی ئەو شوێنو ژینگەیەی دانیشتووانە رەسەنە خۆماڵییەکان سوودی لێدەبینن.

لیۆ کوپەر، مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە وێڕای ئەوەی جینۆسایدی کەلتووریی وەك تاوانێك لە رێکەوتننامەکەدا نەهاتووە، بەڵام بەگشتیی وەك تاوان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەو جینۆسایدی کەلتووریی وەك ئەو کارانە پێناسە کردووە کە مەبەست لێی لەناوبردنی تەواو یان بەشێکی بنەڕەتیی کەلتوورێکە. لەنێو کارە ئیتنۆسایدەکان بێبەشکردن لە دەرفەتی بەکارهێنانی زمانێك، پراکتیزەکردنی ئاینێك، نواندنی هونەر بەشێوە نەریتییەکەی، پاراستنی دەزگا کۆمەڵایەتییە

---

[1] Hitchcock and Twedt 1995, 490 .

بنەڕەتییەکان، پاراستنی یادەوەریی و نەریتەکان، هەروەها کارکردن بەهاوکاریی بەرەو ئامانجی کۆمەڵایەتیی.[1] تەنانەت لەکاتێکدا ئیتنۆساید بەگشتیی وەك شێوەیەکی جینۆساید مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لە هیچ رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییدا سزا بۆ بەکارهێنانی ئیتنۆساید نییە.[2]

کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو ئەم کارانەی خوارەوە وەك تاوانی ئیتنۆساید لەقەڵەم دەدەن:

1- نیشتەجێکردنەوەی زۆرەملێی گروپە ئیتنییەکان.

2- سەرکوتی کەلتوورێك هەروەها قەدەغەکردنی قسەی زارەکیی یان نووسین بە زمانی دایك.

3- دەستێوەردانی بەئەنقەستی سیاسەتی دانیشتووان و پەرەسەندن.

4- وێرانکردنی سیستمی سوننەتیی ئابووریی، بەتایبەت ئەوانەی گەلانی خێڵەکیی.

5- گۆڕینی زۆرەملێی ئاین لەلایەن مسیۆنێرەکانەوە.

6- وێرانکردنی سیستماتیکی ئەو تەلارانەی کە بەشێکن لە میراتی کەلتووریی و هەروەها جێنزرگە ئاینیی و کەلتوورییەکان، چ لە هەلومەرجی نەبوونی جەنگ و چ لە ماوەی جەنگیشدا.

ئەم پێناسەیە وێرانکردنی تەلارێك کە بەشێکە لە میراتی کەلتووریی بە جینۆساید دەناسێنێت، بەڵام سەبارەت بە وێرانکردنی کۆڵینەوە هیچ شتێكناڵێت. لە وتارێکی سێلبمانس دا، وێنەیەکی کتێبخانەی نەتەوەیی بۆسنیی بەوێرانکراوی لە سەرایڤۆ تێدایە کە لەلایەن سربەکانەوە بۆمباران کراوە. ئەوەش نموونەیەکە بە روونیی وێرانکردنی کەلتووریی نەتەوەیی و تەنانەت کۆڵینەوەش پیشاندەدات. ناساندنی "قەدەغەکردنی کۆڵینەوە" وەك شێوەیەکی ئیتنۆساید گرفتئامێزە.

---

[1] Kuper 1981, 31 .

[2] Selbmann 1998 .

پێناسەکانی ئیتنۆساید زۆرجار ئاماژە بە شێوەکانی کەلتوور دەکەن ئەوەی زیاتر زانیارییەکان پەرتەوازە دەکەن وەك ئەوەی کە ئێستاکە هەن. کۆڵینەوە بریتییە لە ئەفراندنی زانیاریی نوێ لەبارەی ئیتنۆیەکەوە. کتێبە زانستییەکان و کتێبخانەکان ماتریاڵێکی کۆنکرێتین کە دەتوانرێت وێران بکرێت. لەهەمان کاتدا، ئەوانە سیمبولی هەندێك بیرو ئایدیان، لەکاتێکدا کتێبەکان دەسووتێنرێن یان دەستیان بەسەردا دەگیرێت، ئامانجەکە کاغەزو مەرەکەبە نین بەڵکو ئەو بیرو ئایدیایەن کە ئەو کتێبانە بەرجەستەی دەکەن. ئەگەر "وێرانکردن"ی تەلارێك کە بەشێکە لە میراتی کەلتووریی، بۆ نموونە کتێبخانەی نەتەوەیی، وەك شێوەیەکی ئیتنۆساید وەسفبکرێت، دواتر "رێگرتن" لە بنیاتنانی کتێبخانەیەکی نەتەوەیی هەروەها سیاسەتێکی ئیتنۆسایدئامێزە. جینۆسایدو کارە ئیتنۆسایدئامێزەکان کە زۆرجار بڕوا وایە لەماوەیەکی خێرادا روودەدەن، دەگونجێت لەمیانەی چەندین ساڵدا بێت، بەڵام نەك دەیەیەکی زۆر یان چەندین نەوە. ئەگەر تەقاندنەوەی کتێبخانەی نەتەوەیی بۆسنیی وەك کارێکی ئیتنۆساید لەقەڵەم بدرێت، هەربۆیە دەبێت "کەمی کتێبخانە نەتەوەییەکان" لەنێو زۆربەی کەمینەکاندا وەك ئەوە حیساب بکرێت. ئەم کێشەیە یەکجار ئاڵۆزە، وەك ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی زەحمەتی ئەوەوە نیە کە تەلارێك بۆ کتێبخانە بەکرێ بگریت، بەڵام بەهۆی کەمیی ئەدەبیات و کۆڵینەوەیە سەبارەت بە ئیتنۆیەك. کاتێك کتێبخانەی نەتەوەیی بۆسنیی تەقێنرایەوە، کتێبەکان لەناوچوون بەڵام ئەو ئایدیایانەی کە بەرجەستەیاندەکرد مانەوە. بەڵام زۆربەی گروپە کەمینەکان تەنانەت ئایدیای کتێبخانەیەکی نەتەوەیی و تێکڕای ئەوانەی بەرجەستەیان دەکەن، لەلایان دەگمەنە. ئەمە بەهۆی تاکە کارێکەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە بووە بەدرێژایی چەندین ساڵ.

کۆڵینەوەی ئەکادیمیی دیاردەیەکی سەردەمی هاوچەرخە. زانستە کۆمەڵایەتییەکان یەك لەو رێگایانەی تێگەیشتنی گۆڕانە لە سوننەتییەوە بۆ مۆدێرن، بۆ نموونە، "خێڵگەرایی" شوێنی بە بیری نەتەوایەتیی گیراوەتەوە.

دەگمەنیی کۆڵینەوەکان لەمەڕ گروپی کەمینە دەتوانێت ڕێبازێك بێت لەلایەن زۆرینەوە بەکاربهێنرێت بۆ ڕێگرتن لە گروپی کەمینە تاکو ڕێگەی "مۆدێرن" بۆ بیرکردنەوە پەرەپێبدات، لەبەرئەوەی ناگونجێت بەتەواویی لە هەلومەرجی ئێستاکە تێبگەیت بێئەوەی پێشینەکەی بزانیت. زۆرجار وشەی "مەبەست" وادەکات پێناسەکردنی جینۆساید ئەستەم بێت. بەڵام کاتێك کە کۆڵینەوە لەمەڕ ئیتنییەك ڕێگەی لێبگیرێت، ئاشکرایە ئەوە بەمەبەست بکرێت یان بێ مەبەست، کۆڵینەوەو رووماڵکردن هەرگیز بێ پلاندانان ناکرێن. بە ڕێگرتن لە کۆڵینەوە سەبارەت بە کەمینە، زۆرینە دەتوانێت لە قاڵبە سوننتییەکەیدا بیهێڵێتەوە لەکاتێکدا کۆمەڵگاکەی خۆی بەشێوەیەکی مۆدێرن پەرەپێدەدات. ئەمە لە چوارچێوە کوردییەکەیدا مانای ئەوەیە کە ئەگەر لەنێو کورددا تێگەیشتنێکی گونجاو لەمەڕ سیستمە خێڵەکییەکەیان هەبێت، دەشێت بۆیان ئاسانتربێت کە بەسەر لاوازیی یەکێتییەکەیاندا زاڵبن کە سیستمەکە بۆی پێکهێناون.

جینۆسایدی کەلتووریی لە سایەی هەلومەرجێکدا روودەدات کە دەوڵەت هەڵدەسێت بە سەپاندنی پرۆگرامێکی فێرکردن، هەوڵی مۆدێرنیزەکردن، هەروەها بنیاتنانی نەتەوە. هیچکۆك‌و توێدت باس لەوە دەکەن هەرچەندە سیاسەتە ئیتنۆسایدئامێزەکان بە بەرفراوانی پراکتیزە دەکرێت، بەڵام پێویست نیە کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کەلتووریی. لەنێو زۆر لە گەلانی رەسەنی خۆماڵییدا بوژانەوەی کەلتووریی یاخود جۆرێك لە پرۆسەی "ethnogenesis / نەشەی ئیتنۆ" سەریهەڵداوە.[1]

## مافی زمانیی مرۆڤ و زمانکوژیی

زمان دوورە لەوەی سروشتیی بێت: ئەو بریتییە لە سیستمێك لە بیروبڕواکان،

[1] Hitchcock and Twedt (1995, 493) .

بەهاکانو هەروەها لێکدانەوەکان کە جەخت لە کەلتوورێکی دیارییکراو دەکەنەوە. وەرگرتنی زمانێکی دیارییکراو دەبێتەهۆی بالأدەستبوون بەسەر پراکتیزەکردنی کەلتووریی و هەروەها ملدان بە بەها کەلتوورییە جیاوازەکانی. زمان شوناسسازو بەهایەکی جەوهەرییە کە سیمبولیزەی ئینتیمای کەسێك بۆ کۆمەڵێکی تایبەت دەکات. زمانو شوناس پەیوەستن بە خۆدیارییکردنی چارەنووسەوە، زمان ئامرازێکی پیادەکردنی دەسەلأتو کۆنترۆڵە، بریتییە لە رێبازێك بۆ داگیرکردنی هۆشی خەڵکانێك لەپێناو هێشتنەوەی بونیاتی سەرکوتکارییدا.[1] فیشمان زمان وەك تۆماری باوکبۆماوەییو دەربڕی دابی گشتییو هەروەها هەڵگری دیاردەناسیی ناودەبات، زمان بریتییە لە سیمبولی سەرەکیی ئیتنسیتی.[2] سکوتناب–کەنگاس مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە گروپە بالأدەستەکان کە تەنیا بە زەبری چەكو توندوتیژیی فیزیکیی فەرمانڕەوایەتیی دەکەن لە کەمییان داوە، ئەوانەی کە لەرێگەی ئایدۆلۆجییو ئیقناعی ئابوورییە هەڵدەسوڕین زێدەبوون. زمان بۆتە شێوازێکی سەرەکیی دەستبەسەرداگرتن لەکاتێکدا گروپە بەئامانجکراوەکە بە رازیبوونی هەندەکیی خۆی لەبندەستدا دەمێنێتەوە. لەجیاتی ئەوەی، یاخود وێڕای، داگیرکردنی خاكو سەرچاوە سروشتییەکانی گروپی بندەست وەك لەسایەی کۆلۆنیالیزمدا دەکرێت، شێوازە نوێیەکەی دەستبەسەرداگرتن بەشێوەیەکی زێدە عەقڵو هۆشی گروپە بندەستەکە داگیردەکات. کاتێك هۆشیاریی دروستدەکرێت (فێرکردن، ماسمیدیا، ئاین) کە لەرووی کۆمەلأیەتییەوە رەزامەندیی پێکدەهێنێت، ئەو رەزامەندییە پێویستە لەلایەن زمانەوە ناوەندگیریی، دروستکردن یاخود دانوسان بکات. هەربۆیە، گرنگە بۆ فەرمانڕەوایان کە بندەستەکان لە زمانی فەرمانڕەواکانیان حاڵیی بن، دەنا ناتوانرێت ئەوانە بە رازیبوونی تایبەت بەخۆیان حوکم بکرێن.[3]

---

[1] Skutnabb-Kangas and Toukomaa 1976, 7, 37-38; Tsuda 1986, 49.

[2] Fishman 1977, 25 .

[3] Skutnabb-Kangas 1996, 124-126; Smolicz 1994, 237 .

**ئەو بنەمایانەی چەمکی مافە جیهانییەکانی مرۆڤ دیارییدەکەن ئەوەیە کە تاکەکان و گروپەکان مافگەلێکیان هەیە کە هیچ دەوڵەتێك پاساوی سنووردارکردن و پێشێلکردنیانی نییە. ئازادیی زمان مەرجێکی پێشوەختی بەدیهێنانی زۆربەی مافە بنەڕەتییەکانە، ئەو مافانەی کە زۆر ئەستەمە پێیان شاد بیت هەتا ڕێگەت پێنەدرێت کە زمانی دایکی خۆت بەکاربێنیت و پەرەی پێ بدەیت. خەڵکێك کە لە مافی زمانیی مرۆڤ بێبەشدەکرێن دەگونجێت ڕێگەی ئەوەشیان لێبگیرێت کە لە مافەکانی دیکەی مرۆڤ بەهرەمەند بن، لەوانە: نوێنەرایەتییکردنێکی سیاسیی دادپەروەرانە، دادگاییکردنی دادپەروەرانە، چوونە نێو فێرکردن، وەرگرتنی زانیاریی و ئازادیی دەربڕین، هەروەها پاراستنی کەلتوورو کەلەپووریان. هەڕەشە لەسەر زمانی گروپێکی ئیتنیی ڕێگەی ئەوەی لێدەگرێت کە یەکسانیی پەروەردەیی، ئابووریی، هەروەها سیاسیی لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا بەدەستبێنێت.[1] مافە کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان بە چەندین شێوە تەواوکەری یەکترین، بەڵام شێوازی مافەکانی کەمینە بەشێوەیەکی سەرەکیی لەگەڵ پرسە کەلتوورییەکاندا مامەڵە دەکات.[2]**

**مافەکانی زمانیی مرۆڤ لەسەر ئاستی تاك دەڵێت کە هەرکەسێك دەتوانێت بەشێوەیەکی ئەرێیی بەهۆی زمانی دایکییەوە بناسرێت، مافی ئەوەی هەیە زمانی دایکی فێربێت، لانیکەم فێرکردنی بنەڕەتیی بەهۆی زمانی دایکەوە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە کە ئەو زمانە لە چوارچێوە فەرمییەکاندا بەکاربهێنێت. لەئاستێکی گشتگیردا، مافەکانی زمانیی مرۆڤ ، مافی بوون بۆ گروپە کەمینەکان دەگەیەنێت. بۆ ئەوان واتای مافی بەهرەمەندیی و پەرەپێدانی زمان و پاراستنی خوێندنگەو دەزگا پەروەردەییەکانی دیکەیان بەزمانی خۆیان. هەروەها زامنکردنی نوێنەرایەتییکردنی لە کاروباری سیاسیی دەوڵەتدا گرتۆتەخۆ، هەروەها**

[1] Phillipson et al. 1994, 2; Phillipson and Skutnabb-Kangas 1996, 201; Skutnabb-Kangas 1996, 131.

[2] medico international and KHRP 1997, 2.

زامنکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی نێوخۆیی گروپەکان، لانیکەم لە بواری: کەلتوور، فێرکردن، ئاین، زانیاریی و کاروباری کۆمەڵایەتییدا، لەگەڵ پێویستیی دارایی بۆ پێڕاگەیشتنی ئەو ئەرکانە .[1] بەگوێرەی سکوتناب–کەنگاس و بوجاك، مافەکانی زمانیی مرۆڤ لەسەر ئاستی تاك ئەوەش دەگرێتەخۆ کە خەڵك دەتوانێت لەرووی زمانی دایکەوە دوو زمانی هەبێت، هەروەها زمانێکی فەرمیشی هەبێت کە خۆی هەڵیبژاردبێت، هەر گۆڕینێکیش لە زمانی دایکدا ئارەزوومەندانەیە، و ناسەپێنرێت.[2]

مافەکانی زمانیی مرۆڤ لەسەر ئاستی تاك و کۆ دوو ڕەهەندی هەیە. ئاستی تاکەکەی، بەردەوامیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لەخۆگرتووە. ئەوە مافی زمانیی مرۆڤە داوای بەدەستهێنانی بۆماوەیی کەلتووریی نەوەکانی پێشوو دەکات. ئاستی کۆکەی، هاوکاریی نێوان تاکەکان و پێکەوەگرێدانیان لە گروپێکدا دەگرێتەخۆ. زۆرینە زمانییەکان، قسەکەران بە زمانی زۆرینە، زۆرجار لە تێکڕای ئەو مافە زمانییانەی مرۆڤ بەهرەمەندن کە دەتوانرێت وەك بنەڕەتیی ببینرێن.[3] کەمینەکانیش دەتوانن ئەو حاڵەتە بەدەستبهێنن کە بە زۆرینە بەخشراوە تەنیا کاتێك بتوانن زمانی خۆیان بەکاربهێنن و خوێندنگەکانی تایبەت بەخۆیان بەڕێوەبەرن.[4]

ئەگەر مافەکانی زمان زامن نەکرێن، بێبەشکردن لە زمانی دایکی بەدوادادێت، کە ئاکامگەلێکی قووڵی لە ئاستی تاك و هەروەها کۆمەڵ دەبێت. جوان کۆباروبیاس کە کۆڵەرێکی باسکەو لە ئەمەریکادا دەژی، "پلەبەندیی هەڵوێستگەلی فەرمیی لەئاست زمانی کەمینەکان" پێشکەشدەکات ، کە دەوڵەت دەتوانێت یەك لەمانەی خوارەوە هەڵبژێرێت:

---

[1] Phillipson et al. 1994, 2 .

[2] Skutnabb-Kangas and Bucak ,194, 361.

[3] Phillipson et al. 1994, 1-2, 11-12 .

[4] Skutnabb-Kangas and Phillipson ,1994, 78.

1- **هەوڵی کوشتنی زمانەکە بدات.**

2- **ڕێگەبدات زمانەکە بمرێت.**

3- **پشتگیرییینەکردنی پێکەوەبوون.**

4- **کەمەپشتگیریی ئەرکەکانی زمانێکی تایبەت.**

5- **وەرگرتنی وەك زمانێکی فەرمیی.**[1]

**کوشتنی زمانێك ئەوە بەرجەستە دەکات کە لەسەر ئاستی گرووپەکە ڕوودەدات. لەسەر ئاستی تاك، کوشتنی زمانێك واتە کوشتنی ئەو کەسەی قسەی پێدەکات یاخود وایان لێدەکات زمانی دایکیان بگۆڕن، ئەگەر خەڵکانێك ڕێگەیان پێنەدرا بەهۆی زمانی دایكو گرووپە ئیتنییەکەیانەوە بناسرێنو زمانی دایکیان لە خوێندنگەکاندا فێربنو پەرەی پێبدەنو لەکاروباری گشتییدا بەکاریبهێنن، ئەو ئاکامەی لەماوەی درێژخایەندا دێتەپێشێ بریتییە لە کوشتنی زمانەکە. ئەمەش** "linguicide/ قەلاچۆی زمان یان زمانکوژیی"**ی پێدەوترێت. پێدەچێت سێ سیاسەتی یەکەم، بە لێبەدەرکردنێکی کەمەوە، وابکات زمانەکە بمرێت یان بکوژرێت. بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە تێکڕای منداڵەکان لە خوێندنی فەرمییدا بەشداربن، تەنیا دوو سیاسەتەکەی دواییان وا دەردەخات کە زمانەکە سەلامەت دەرچێت.**[2]

**بەگوێرەی سکوتنای-کەنگاس، زمانگەرایی یەکێکە لەبونیاتە ئایدۆلۆجییو پراکتیکییەکان کە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕەواییدانو کارتێکردنو ڕێکخستنو هەروەها سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دابەشکردنی نایەکسانی دەسەڵاتو سەرچاوەکانە(چ مادییو چ غەیرەمادیی) لەنێوان گرووپەکاندا.**[3] **ئەو لەسەر بنەمای زمان ناسێنراوە،**

---

[1] Cobarrubias 1983, 71.

[2] Skutnabb-Kangas 2000c, 297, 311; Skutnabb-Kangas and Buçak 1994, 362 .

[3] Skutnabb-Kangas 2000c, 369.

لەکاتێکدا لە ڕەیسیزمدا گروپ لەسەر بنەمای ڕەگەز ناسێنراوە، لە سێکسگەراییشدا لەسەربنەمای جێندەر، لە ئیتنسیزمیشدا لەسەربنەمای ئیتنیکیی. زمانگەرایی تەنیا گرفتێکی زانیاریی نییە. پێویستە پێناسەی هەریەك لە ڕەیسیزمو ئیتنیسیزمو زمانگەرایی لەسەر هەردوو ئاستی ئایدلۆجیی و بونیاتیی بکرێت. وێڕای ڕەهەندی ئایدۆلۆجیی، تێکڕایان ئەو بنیات و پراکتیکانە دەگرنە خۆیان کە زەمینە بۆ گەیشتنێکی نایەکسان بە دەسەلات و سەرچاوەکان خۆشدەکات. ئیتنسییزمو زمانگەرایی کۆمەلایەتییانە سەرچاوەکانی گروپە بێدەسەلاتەکان پێکدەهێنن، لەبەرئەوەیە ئەوان دیارنابن یاخود وەك بێتوانا دەبینرێن. ئایدۆلۆجی زمانگەرایی ئەوە دەگرێتەخۆ کە گروپی بالادەست وێنایەکی ئایدیالیی سەبارەت بەخۆی پێشکەشدەکات، زمانی گروپی کەمینە سووك دەکات، هەروەها هەمیشە بەقازانجی گروپە بالادەستەکەو زمانەکەی، پاساو بۆ پەیوەندیی نێوان هەردوو زمانەکە دەهێنێتەوە, ئەو دەتوانێت بە نهێنیی و بە ئاشکرا، لەسەر ئاستی تاك و لەسەر ئاستی کۆمەڵ، کاربکات. زمانگەرایی چەمکێکەو هەموو ئەو دیاردانەی ئەو ئاماژەیان بۆ دەکات هێشتا بەشێوەیەکی ڕێژەیی شرۆڤە نەکراون.[1]

میدیاو سیستمی فێرکردن ئامرازگەلێکی فرە گرنگن لە کوشتنی زمانەکاندا.[2] مێژوو نموونەگەلێك لەبارەی کوشتنی بەئەنقەستی زمانی کەمینەکان دەخاتەبەرچاو: یەك لەوانە چارەنووسی زمانی ئەمەریکییە ڕەسەنەکانە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، سوپای ئەمەریکا چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی دژی خێڵە خۆماڵییەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری میسیسپی بەڕێوەبرد، ئەمە بە "کردنەوەی ڕۆژئاوا" ناوبرا. زۆربەی ئەوانەی لە خێڵەکانی ڕۆژهەلات مابوونەوە بۆ ناوچە دوورەکان لە زێدی خۆیانەوە، بەدرێژایی" کاروانی فرمێسك" ڕاگوێزران. بۆماوەی زیاتر لە سەدەیەك حکومەتی فیدراڵی ئامانجی قەلاچۆکردنی کەلتووریی و فیزیکیی ئەمەرکییە ڕەسەنەکانی گرتبووەبەر. پلانی هەڵوەشاندنەوەی کەلتووریی بەهۆی

---

[1] Phillipson 1988, 339, 341; Skutnabb- Kangas and Phillipson 1994, 105

[2] Skutnabb-Kangas 2000a.

یاساگەلێکەوە جێبەجێکران کە کاری بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتییە خێڵەکییەکان، هێزەکانی پۆلیس، هەروەها سیستمی دادگاکان کە هاوشێوەی دەزگاکانی سپیپێستەکانە.[1] هەندێك لە خێڵە راگوێزراوەکانی وەك : چۆکتاو، سینکا، هەروەها چیرۆکی، سیستمی خوێندنگەی تایبەت بەخۆیان دامەزراند، هەندێکیان شانبەشانی زمانی ئینگلیزیی، بە زمانی خۆیان وانەکان فێردەبوون. ئەم خوێندنگایانە بەهۆی کاری "کورتس"ەوە لە ساڵی 1898 دا پێچرانەوە. کاریگەرترین میتۆد بۆ لەناوبردنی زمانی ئەمەریکییە رەسەنەکان بریتیبوو لە دامەزراندنی خوێندنگە نێوخۆییەکان کە لەساڵی 1879دا دەستییپێکرد. لە ساڵانی 1920کاندا، 72 خوێندنگەی نێوخۆیی هەبوو کە دوور بوو لە ناوەندە پارێزراوەکان بۆئەوەی منداڵانی ئەمەریکییە رەسەنەکانی بەتەواویی تێدا بتوێننەوە .[2] کۆمیساری کاروباری هێندییەکان وەك پاساوهێنانەوەیەك بۆ گواستنەوەی منداڵەکان لە خوێندنگای ناوەندە پارێزراوەکانەوە بۆ ئەم جۆرە خوێندنگایانە تێبینیی ئەوەی کردوە کە زەحمەتییەکی زۆریان بینیوە بۆ" رزگارکردنی منداڵەکان لە زمانو نەریتی باوانە نەخوێندەوارو زۆرجار دڕندەکانیان."[3] منداڵان لە خێڵە جیاوازەکانەوە بۆ خوێندنگە نێوخۆییەکان رادەگوێزران، زۆرجار دوای ئەوەی بەزۆر لەبندەستی دایكو باوکیان دەردەهێنان. ئەوان لەژێر چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەی بەکارهێنانی سزای جەستییدا، بەکارهێنانی زمانە خۆماڵییەکەی خۆیان لێ قەدەغە دەکرا. بۆ تەواوکردنی پرۆسەی بەئینگلیزکردن، منداڵەکان پاش ئەوەی لە خوێندنگە دەردەچوون بۆماوەی سێ ساڵ لەماڵی خێزانێکی سپیپێست دادەنران.[4]

---

[1] Hernández-Chávez 1994, 144 .

[2] Hernández-Chávez 1994, 144-145.

[3] US Government Printing Office, 1886: xxiii, ref. Hernández-Chávez 1994, 144-145.

[4] Hernández- Chávez 1994, 145 .

لەماوەی سالآنی 1930کاندا، کەمە پرۆگرامێکی فێرکردنی نوێی جووتزمانیی دەستپێکرد، بەلآم ئەوانە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت هەبوون. سالآنی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی جەختکردنەوەیەکی نوێی سەبارەت بە تواندنەوەی گەلانی ئەمەریکیی رەسەن لەگەڵ خۆی هێنا، ئەوەی لە سیاسەتەکانی "کۆتاییپێهان"ی سالآنی 1950کاندا گەیشتە چڵەپۆپە بەوەی کە دانپێدانانی فەرمیی لە چەندین خێڵ سەندرایەوە، خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی فیدراڵ وەستێنرا، هەروەها ئەمەریکییە رەسەنەکان هاندران کە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ خێڵەکانیاندا ببڕن و بۆ ناوچە شارنشینەکان کۆچبکەن. جولآنەوەی مافە مەدەنییەکان لە سالآنی 1960کان و 1970کاندا، پرۆگرامی فێرکردنی جووتزمانیی هێنایەوەئارا، بەلآم لە کاتی ئێستادا زمانی خۆماڵیی زۆربەی خێڵەکان بەخێرایی لەناودانەماون و فێرکردنی جووتزمانیی تەنیا وەك مەبەستێکی راگوزەر راژەدەکات.[1]

سکوتناب-کەنگاس لەو دیدەوە شرۆڤەی زمانکوژیی دەکات کە چۆن لەگەڵ رێکەوتننامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبارەت بە جینۆساید دێتەوە. فێرکردنی فەرمیی کە منداڵآن "لەسەر حسابی" زمانی خۆیان فێری زمانی بالآدەست دەکات جینۆسایدە. پێویستە فێربوونی زمانێکی نوێ "وێڕای" زمانەکەی خۆی بێت. لەوکاتەوەی لە زۆربەی کەیسەکاندا ئەلتەرناتیڤێك بۆ زمانی فەرمیی نییە، لەدەستچوونی زمانی یەکەمی منداڵآن و گواستنەوە بۆ زمانی گروپی زۆرینە بەشێوەیەکی زۆرەملێ دەگوزەرێت. سکوتناب-کەنگاس ئاماژە بە کۆڵینەوەیەك دەدات کە لەلایەن ئێدوارد ولیەمەوە ئەنجامدراوە، ئەوەی کە خوێندکارەکانی لە کینیا و مەلاوی تاقیکردۆتەوە. لەکینیا خوێندنیان بەهۆی زمانی ئینگلیزییەوەیە و زمانە خۆماڵییەکەش وەك بابەتێك دەخوێنن. لە مەلاوی منداڵآن بەزمانی خۆماڵیی فێردەکرێن و ئینگلیزییش بە بابەتێك دەخوێنن. ئەو ئاشکرایکرد کە وێڕای ئەوەی منداڵە کینییەکان کاروخوێندنیان بە زمانی ئینگلیزیی ئەنجامدەدەن، بەلآم ئاکامی

[1] Hernández-Chávez 1994, 145.

تاقیکردنەوەکانیان لە زمانی ئینگلیزییدا لە منداڵە مەلاوییەکان چاکتر نەبوو، بەڵکو زۆرجار خراپتریش بوو. سەبارەت بە زمانە خۆماڵییەکەش، ئاکامەکە وابوو کە تێکڕای منداڵە مەلاوییەکان دەتوانن بە تێگەیشتنەوە تێکستێك بخوێننەوە، بەلاّم زۆربەی منداڵە کینییەکان ناتوانرێت تەنانەت لە زمانە خۆماڵییەکەدا تاقیبکرێنەوە چونکە ئەوان ناتوانن بیخوێننەوە. ولیامز ئەنجامگیریی کردووە کە "بۆ زۆرینەی منداڵەکان لە هەردوو وڵاتەکەدا، ئاکامی تاقیکردنەوەکانو چاودێری پۆلەکانیان وا دەردەخەن سەرەڕۆیی ئاشکرا بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییە وەك زمانی گواستنەوەی فیکریی کە دەبێتە" لەمپەر دروستکردن زیاتر لەوەی گەشەی ئەکادیمییو زانیاریی تۆکمە بکات."[1] بەگوێرەی سکوتناب– کەنگاس، ئەمە لەگەڵ پێودانگی ڕێکەوتننامەکەی یوئێن بۆ پێناسەی جینۆساید دێتەوە. منداڵەکانی کەمینە کە بە زمانی دایکیان ئاشنا نەبن وادەکات گواستنەوەی زمانەکە بۆ نەوەکان لەمپەری بێتەبەردەم. بەگوێرەی سکوتناب–کەنگاس، ئەمە مانای ئەوەیە کە منداڵانی گروپێك بەزۆرەملێ بۆ گروپێکی دیکە رابگوازرێن، ئەوەی کە بەشێکە لە پێناسەکەی یوئێن بۆ جینۆساید. جینۆساید بەشێوەیەکی چونیەك کاریگەرانە روودەدات کاتێك لەرووی سایکۆلۆجییەوە ڕێگە لە منداڵێك دەگیرێت کە بەزمانی خۆی قسان بکات، ئەوەی گواستنەوەیەکی سایکۆلۆجییانەیە بۆ گروپەکەی دیکە، ئەوەی وادەکات لەبری گروپەکەی خۆی لەگەڵ گروپەکەی دیکەدا بناسرێتەوە.[2]

حەسەنپور پێیوایە لەکاتێکدا زمانەوانەکان تۆماری کەیسگەلێکی سەرکوتی زمانەکانی تاکیان کردووە، هێشتا زمانکوژیی وەك سیمایەکی ژیانی زمانێك وێنا و تیۆریزە نەکراوە.[3]

---

[1] Williams ,1998, 63-64, ref. Skutnabb-Kangas 2000a, italics Skutnabb-Kangas.

[2] Skutnabb-Kangas 2000a and 2000c, xxxiii, 115.

[3] Hassanpour, 2000.

## 2 .3 جەنگی توندیی نزمەئاست

شرۆڤەکردنی چەمکی " جەنگی توندیی نزمەئاست" لە بەراییدایەو هێشتا مشتومڕی لەبارەوە نەکراوە، لەبەرئەوەی لەرووی کردارییەوە باسی تایبەت بە جەنگی توندیی نزمەئاست لەبەردەستدا نییە.[1] زۆربەی ئەو باسانەی کە هەن لەلایەن سەرچاوە سەربازییەکانی ئەمەریکاوە بڵاوکراونەتەوەو جەوهەریی نین، بەڵکو زیاتر زانیاریی لەورووەوە بەدەستەوە دەدەن کە چۆن میتۆدەکانی جێبەجێدەکرێت و پەرەی پێدەدەرێت.

میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست ئەوکاتە پەرەپێدرا کە سەرۆك جۆن.ف کنیدی فەرمانیکرد وەڵامێکی توندی فرەئاست بە هەڕەشە شۆرشگێڕییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمی وەك : کوبا، جەزائیرو هیندی چینیی بدرێتەوە. ئەو تاکتیکانەی ئەمڕۆ بە جەنگی توندیی نزمەئاست ناودەبرێت، یەکەمجار بە "دژە یاخیبوون" ناودەبرا.[2] لەساڵی 1966دا، رۆبەرت ماکنامارای وەزیری جەنگی ئەمەریکا "جەنگێکی سنووردار"ی وەك رێبازێکی سەرکەوتوو بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆمۆنیستەکان دەبینی بێئەوەی بێزاریی گشتیی بورووژێنێت"[3] لەسەردەمی ریگاندا، بنەمای دژە یاخیبوون بۆ ئۆپەراسیۆنگەلێکی هەمەچەشن و بەرفراوانی دیکەی سیاسیی–سەربازیی و هەروەها نهێنیی فراوانبووەوە. جەنگی ڤێتنام بەرگرییەکی قووڵی گشتیی دژ بە درێژکردنەوەی تێوەگلانی سەربازیی ئەمەریکا لە دەرەوە ورووژاند. جەنگی توندیی نزمەئاست ئەگەری بەڕێوەبردنی جەنگێکی هێنایەئارا کە وەك جەنگ نەناسرێت. نە پێویستی بە رەشبگیریی و نە بڵاوکردنەوەی سەربازو سوپایەکی زۆرە، تەنانەت ژمارەیەکی کەمیش لە تابوتەکانیاندا رەوانەی ماڵەوەیان دەکرێنەوە.[4]

---

[1] Castro Apreza 1998 .

[2] Maechling 1987, 21-22 .

[3] Barnet 1987, 207 .

[4] Klare and Kornbluh 1987, 3, 9 .

هەروەها جەنگی توندیی نزمەئاست بە "ئاشتیی توندوتیژ"و "شەڕکردن بێئەوەی وا دەربکەوێت کە شەڕ دەکەیت" ناودەبرێت. بەگوێرەی هیپلەر، ئەم ستراتیژە ئاکامی خواستی ئەمەریکایە بۆ پاراستن‌و گێڕانەوەی کۆنترۆڵ بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەروەها بۆ لاوازکردن یاخود تێکشکاندنی حکومەتە پێشکەوتووخوازەکان‌و جوڵانەوە رزگارییخوازەکان لە ئەمەریکای لاتین، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقاو ئاسیادا. زۆرجار تێوەگلانی ئەمەریکا لە جەنگی توندیی نزمەئاست دیار نییە. دەگونجێت گەلی ئەمەریکا لە تێوەگلانی ئەمەریکا ئاگادار نەبێت. بۆ نموونە، دژە یاخییبوون پێویستی بە هەلومەرجگەلێکی گشتیی ئابووریی بەرێژەیەك جێگیرە، کاتێك ئەوانە نەبێت، پرۆگرامەکانی پشتگیریی دارایی ئابووریی ئەمەریکیی جێگیرییەکی ساختە دێنێتەئارا. لە کۆتایی 1980کاندا، 80٪ی ئەم پشتگیرییە داراییانە دەدرا بە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.[1] لە ئەمەریکای لاتین، بەشە چەك‌و کەلوپەلەکانی ئەمەریکیی کە بۆ هەوڵە دژە بەرگرییکارەکان تەرخانکرابوو زۆرجار لە دژە یاخییبووندا بەکاردەهات.

جەنگی توندیی نزمەئاست وەك بنەمایەکی دژەیاخییبوونی پاش–ڤێتنام ناودەبرێت، بەڵام لەراستییدا، مێژووەکەی بۆ زۆر پێشتر لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیی کنیدی دەگەڕێتەوە. لە فیلیپین، کاتێك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی 1898دا وەك هێزێکی کۆلۆنیاڵیی شوێنی ئیسپانیای گرتەوە، جوڵانەوەیەکی سەربەخۆخوازیی چالاك لەلایەن ئێمیلۆ ئەگویناڵدۆوە رێبەرایەتیی دەکرا. سوپای ئەمەریکا لە هەوڵیدا بۆ پێشگیرییکردن لەم شۆڕشە، ئەو ئەزموونانەی گرتەبەر کە لەماوەی جەنگەکانی هیندیی لەپاش قۆناغی جەنگی ناوخۆوە بەدەستیهێنابوو. ئەو هەڵمەتێکی دژەیاخییبوونی دڕندانەی ئەنجامدا کە تاکتیکەکانی دواتر لە زۆربەی بوارەکاندا لە هیندی چینیی پیادەکرا. بەمەبەستی پاکتاوکردنی ئەو بنکانەی پشتگیریی خێڵەکان بوون، ناوچەیەکی بەرفراوان لە

[1] Hippler 1987, 33-34, 38 .

سەرچاوەکانی خۆراك دابڕێنران‌و هەزارەها خەڵکی بێدیفاع‌و سڤیل بەزۆر ناچارکران لە گوندە گەمارۆدراوەکاندا نیشتەجێبن. لەماوەی سێ ساڵدا، نزیکەی 220000 فلیپینیی لە شەڕدا یان بەهۆی قاتوقڕییەوە گیانیان لەدەستدا. ئەمڕۆ، پاش سەدەیەك، هێشتا پسپۆڕانی ئەمەریکیی دژەیاخیبوون، لە شۆڕشەکەی فلیپین دەکۆڵنەوە تاکو وانەکانی لە جەنگی توندیی نزمەئاست لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تاقیبکەنەوە. لە بەشێکی " دەستبەسەرداگرتنی خەڵك‌و سەرچاوەکان"JLICP / پرۆژەی هاوبەشی جەنگی توندیی نزمەئاست لەلایەن سوپاو هێزی ئاسمانییەوە" ئەنجامگیریی ئەوە دەکات کە گورزی توندو برسییکردنێکی وردو ئامانجدار دەکرێت ببنە بەردی بناغەی ستراتیژییەکی کاریگەری جەنگی توندیی نزمەئاست گەر مرۆڤ "ئیرادەیەکی سیاسیی" هەبێت بۆ بەکارهێنانیان.[1]

دوا راپۆرتی جەنگی توندیی نزمەئاست تێبینییکردووە:

ئەو وانەیەی لەم ئەزموونەوە( فیلیپینی 1898) فێردەبین ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەربازیی دەتوانێت دژی ئەو هێزە گەریلایانە کاریگەربێت کە پشتگیریی خەڵکیان هەیە.

هەرچەندە سەرکەوتن ئیرادەی سیاسیی گەرەکە بۆ چەسپاندنی کۆنترۆڵی تەواو بەسەر خەڵك‌و حکومەتدا. ئەم ئەزموونە بەراییەی ئەمەریکیی بەقووڵی نموونەیەکی کلاسیکی ئاسایشی "کۆنترۆڵی خەڵك‌و سەرچاوەکانی" پێشاندا. سەرەتا یاخیبووەکان لەڕێگەی کاروهەنگاوی ئاسایشیی توند لە خەڵکەکە جیاکرانەوە، وەك: نیشتەجێکردنەوە، قەدەغەکردنی هاتوچۆ، دامەزراندنی بەرایی ئەو هەرێمانەی تەقەی تێدا ئازادە. راگواستنی خەڵکەکە هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی رێگرتن لە خۆراك بووە هۆی شکستی یاخیبووە چەکدارەکان.[2]

لەراستییدا ئەم بنەمایانەی سستکردن تەنانەت نزیکەی پێش ئەزموونی

---

[1] Bello 1987, 159; Hippler 1987, 33 .

[2] Joint Low-Intensity Conflict Project Final Report, 1986, 2-3, ref. Bello 1987, 158, italics KK

فیلیپینیش بەکارهێنراوە. بۆ نموونە، لە ئوسترالیا، کاتێك قەڵاچۆکردنی دانیشتووانە رەسەنەکەی بەهۆی میتۆدگەلێکەوە جێبەجێدەکرا کە تەنانەت زۆر لەوانەی ئەمەریکییەکان دڕندانەتر بوو. کاتێك جۆرج ئارسەر لەساڵی 1826دا، یاسای سەربازیی لە ناوچەی ڤان دیامینس (تاسمانیا) راگەیاند، ئامانج لەمە بریتیبوو لە راگواستنی تەواوی ئەبۆرجینییەکان بوو لە دوورگە سەرەکییەکەی تاسمانیا، دوای ئەو کێشمەکێشەی لەنێوان ئەبۆرجینییەکان و کۆڵۆنیالیستەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی خاکەکە هاتەپێش، ئەوانەی بە یەك ملیۆن سەر مەڕەوە هاتبوونە ناوچەکە. ئەبۆرجینییەکان بۆ ناوچە سەرەکییەکانی ئوسترالیا گواسترانەوە کە لەوێڕا لەگەڵ خێڵەکانی دیکەدا تارومار بوون.[1]تۆنی بارتا، لە زانکۆی مێلبۆرن، پێیوایە کە ئوسترالیی نەتەوەیەکە لەسەر جینۆساید بنیاتنراوە، هەروەك زۆربەی نەتەوەکانی دیکە لە جیهانی کۆڵۆنیزەکراودا. ئەو کۆمەڵگایەکی جینۆسایدئامێزی لەماوەی 200ساڵی بوونیدا هێناوەتەبەر. هەرچەندە تێکڕای ئامرازەکانی حکومەتیی دەگونجێت بە فەرمیی بۆ پاراستنی خەڵکانی بێتاوان ئاراستە کرابێت ، وێڕای ئەوە، تەواوی رەگەزێك ملکەچی فشارێکی دڕندانەن بۆ تێکشکاندن کە بەشێکی زۆر سەرەکییە لە سروشتی کۆمەڵگا. بەگوێرەی بارتا، زۆر کەم لە ئوسترالییەکان ئاگاداری ئەو دڵڕەقییەی راگواستنەکان بوون. ئاماژەکانی پاشتر لە مێژوودا "مردنی رەگەزێك بە نەرمیی دەشێلێت" پاساوی بۆ فڕاندنی منداڵان لە باوەشی دایك و باوکیان و تواندنەوەی زۆرەملێی منداڵانی رەگەزە

[1] بۆ نموونە، لە بەندەری ناوچەی فلیپس لەنزیك مێلبۆرن، ژمارەی ئەبۆرجینییەکان لە زیاتر لە دە هەزارەوە لە سەرەتای 1800کاندا بۆ دوو هەزار لە ماوەی هەشتا ساڵدا دابەزی. لە کۆڵۆنی نوێی باشووری ئوسترالیا نزیك ( ئادیلیلدی) لەماوەی پازدە ساڵدا، ژمارەیان لە 650 کەسەوە بۆ 180کەس دابەزی. بەڕادەیەك کەم لەوانەی مردن ، دەگونجێت پێنجیەکیان، لەئاکامی توندوتیژیی راستەوخۆوە مردبن. زۆربەی ئەوانەی مردن بەهۆی نەخۆشیی نادیار، بەدخۆراکیی و ئەلکهولەوە بوو. Barta 1987, 241-246

**تێکەڵەکانی هێناوەتەو وای پێشانداوە کە شتێکی حەتمیی بووە.[1]**

**وێناکردنی پنتاگۆن بۆ "شەبەنگی ململانێکان" بریتییە لە دابەشکردنێکی تیۆریی ململانێ چەکدارییەکان بۆ سێ ئاستی "نزم"، "ناوەند"و هەروەها "بەرز"، بەگوێرەی پلەی هێزو توندوتیژیی بەکارهێنراو. جەنگەکانی گەریلاو هەروەها ململانێ سنووردارەکانی شەڕکردن لەگەڵ یەکە غەیرە نیزامییەکان وەك "جەنگی توندیی نزمەئاست" پلەبەندی کراوە، جەنگە هەرێمییەکان بە چەکی مۆدێرن وەك "جەنگی توندیی ناوەند"، هەروەها جەنگە نائەتۆمییە جیهانییەکانی وەك (یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانیی)و تێوەگلان لە جەنگی ئەتۆمیی ئەکەوێتە خانەی" جەنگی توندیی بەرز".[2] لەبەر ئەو کێشمەکێشەی کە شۆڕشەکانی جیهانی سێیەم هێنایانە ئارا، ئەوانەی وەك باوە میتۆدەکانی جەنگی گەریلاییان بەکارهێناو لە سروشتدا سیاسیی بوون زیاتر لەوەی سەربازیی بن، وەڵامی ئەمەریکا بەشێوەیەکی چوونیەك گشتگیر بوو. ئامانجی بنەڕەتیی ستراتیژیی جەنگی توندیی نزمەئاست بریتییە لە جیاکردنەوەی هێزە گەریلاکانی دژ بە حکومەت لە دانیشتووان.[3] پێناسەکردنی جەنگی توندیی نزمەئاست گشتگیرە زیاتر لەوەی پلەبەندیی توندوتیژیی بێت. بەگوێرەی دوا راپۆرتی پرۆژەی هاوبەشی جەنگی توندیی نزمەئاست لەلایەن سوپای ئەمەریکاو هێزی ئاسمانییەوە، بریتییە لە :**

**ئەو ژینگەیەی کە ململانێیەکەی تێدا روودەدات، هەروەها دووەم ئەو چالاکیی و ئۆپەراسیۆنە سڤیلە-سەربازییە جدییانەی کە لەو ژینگەیەوە بەڕێوەدەبرێن.[4]**

---

[1] Barta 1987, 238-246; Skutnabb- Kangas 2000c, 54-55 .

[2] Klare and Kornbluh 1987, 6-7 .

[3] Hippler 1987,

34; Klare and Kornbluh 1987, 5-6.

[4] US Army Joint Low-Intensity Conflict Project Final Report, 1986, 4. ref. Klare and Kornbluh 1987, 7.

وەسفێکی دیکەی فەرمیی جەنگی توندیی نزمەئاست وەك لای خوارەوەیە:

جەنگی توندیی نزمەئاست بریتییە لە ململانێیەکی سیاسیی–سەربازیی سنووردار بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی یاخود سایکۆلۆجیی. ئەوەی زۆرجار لە چوارچێوەی زنجیرەیەك فشاری دپلۆماتیی، ئابووریی، سایکۆ–کۆمەڵایەتیی‌و لەکاتی تیرۆریزم‌و یاخیبوونی چەکدارییەوە درێژەی پێدەدرێت.

جەنگی توندی نزمەئاست بەگشتیی لە ناوچەیەکی جیۆگرافییدا بەرتەسك دەکرێتەوە‌و هەروەها زۆرجار بە سنووردارکردنی چەك، ئامرازەکان‌و هەروەها ئاستی توندوییژیی جیادەکرێتەوە.[1]

دەوترێت ئەم پێناسەیە فرە فراوانە. دژەیاخییبوون پێویستی بە هەوڵێکی سیاسیی–ئابووریی هەیە بۆ بەدیهێنانی لایەنگریی دانیشتووانی گوندنشین، ئەوەش گەریلاکان لە بنکە جەماوەرییەکەیان بێبەشدەکات (وشککردنی ئەو دەریایەی گەریلاکان مەلەوانی تێدا دەکەن). ئەمەش وا دەخوازێت کە حکومەت مەسەلەی چاککردنی هەلومەرجی ژیانی جووتیاران بەشێوەیەکی راستیینە بگرێتە ئەستۆی خۆی. رۆڵی ئەمەریکا لەم چوارچێوەیەدا لەرووی تیۆرییەوە سنووردار‌بوو بۆ پێدانی هاوکاریی پەرەپێدان‌و پشتگیریی راوێژی سەربازیی– ئەوەی پێشتریان لەوەی دواتر لەپێشترە. دژەیاخییبوونی "سوننەتیی" ئەم جۆرە لەساڵە بەرایییەکانی تێوەگلانی ئەمەریکا لە ڤێتنامدا گیرایەبەر. پاشتر لە جەنگی ڤێتنامدا بەرپرسانی ئەمەریکیی پشتیان بە "سستکردن" بەست، کە هەوڵی سەربازیی بوو بۆ ناچارکردنی جووتیارەکان تا ملکەچبن لەڕێگەی هەڕەشەکردن یان بەکارهێنانی توندوتیژیی، زیاتر لەوەی لەڕێگەی بەڵێنپێدانی چاکسازیی ئەوان بەلای خۆیاندا رابکێشن. کاتێك بەرنامەکانی پەرەپێدان وەك بەشێك لە جەنگی توندیی نزمەئاست بەکارهێنرا، ئامانج لێی بریتیبوو لە هێنانەکایەی "هیوا" بە ژیانێکی باشتر لەنێو

[1] US Army and Training Command, 1986, 2, ref. Klare 1987, 53 .

جووتیاراندا، ئەوەش فراوانکردنی کۆنترۆڵی حکومەتی بۆ ناوچە گوندنشینەکان لێدەکەویتەوە.[1] لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ جوڵانەوەیەکی گەریلاییدا، ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا لە ستراتیژیی جەنگی توندیی نزمەئاستدا ئەوە نییە هێزەکانی یاخیبووەکان تێکبشکێنن، بەڵکو ناچارکردنیانە بە پاشەکشێ لەرێگەی ویرانکردنی ژێرخانی چەکدارە یاخیبووەکانەوە.لەکاتی شەڕکردن دژی رژێمێکی رادیکاڵی وەك ساندینستانس لە نیجیریا، کاری هێزەکانی کۆنترا ئەوەنییە دەستبەسەر خاکدا بگرن، بەڵکو بریتییە لە ویرانکردنی ئابووریی، بونیاتو فەزا بنەڕەتییە سیاسیەکەی.[2] ئەمەریکا بۆ بەشدارییکردنو پشتگیرییکردنی جەنگی توندیی نزمەئاست لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەر تەعەهودێکی پەرەپێدان پێشکەشدەکات، هەروەها هەمان شتیش بۆ ئەو حکومەتانە تەرخاندەکرێت کە ئەم بنەما سەربازییانە جێبەجێدەکات. بارنێت دەنووسێت کە لەماوەی ئەو ساڵانەی ئەمەریکا لە سلڤادۆر پشتگیریی داراییو راوێژکاریی جەنگی دژەیاخیبوونی دژ بە گەریلاکان کردووە، بێکاریی لە 21٪ بۆ 33٪ بەرزبۆتەوە، نەخوێندەواریی لە 43٪ بۆ 51٪ ، هەروەها ئەو خێزانانەی لە ئاوی پاکی خواردنەوە بێبەشن لە 56٪ بۆ 81٪ زیادی کردووە. ستراتیژیی جەنگی توندی نزمەئاست گورزێکە لە ناوجەرگەی پرۆسەگەلی پەرەپێدان، ئەوەش مەبەستەکەیەتی. مەزنترین لەمپەر لەبەردەم پەرەپێدان لە وڵاتە هەژارەکاندا بریتییە لە پشێوی، گومانو هەروەها تەرەفگیریی ململانێیەکان، یەکخستنی بیزنسمانە خۆماڵییەکان، یەکێتییە پیشەییەکان، هەروەها رۆژنامەکان لە هەڵمەتێکی ناجێگیریی کە لە ئەمەریکا پلانی بۆ دانرابوو، هەوڵی جەمسەربەندیی کۆمەڵگا بەئامانجکراوەکانو ئیفلیجکردنی هەوڵەکانی پەرەپێدانی دەکرد.[3]

جەنگی بیافرا لە چوارچێوەی پێناسەکەی یوئێن بۆ جینۆساید نەبوو، تەنانەت

---

[1] Hippler 1987, 35; Klare 1987, 56-57 .

[2] Hippler 1987, 35-36.

[3] Barnet 1987, 215-214 .

وێڕای ئەوەی قاتوقڕییەکە بەئەنقەست لەلایەن گەمارۆدەرەکانەوە سەپێنرابوو، بەڵام ئایا حکومەتی نایجیریا میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاستی بەکاردەهێنا کاتێك ڕێگەی بە هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان نەدەدا ڕەوانەی دانیشتووانە سڤیلەکەی بیافرا بکرێن؟ جەنگەگە لەم دیدەوە شرۆڤەی بۆناکرێت، هەروەك لە سالانی 1960کانەوە ڕوویداو ئەو کاتە میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست بە ئاشکرا نەزانرابوو. گایلا سمس قاتوقڕییەکەی ئیسیوپیای سالانی 1980کانو گواستنەوەی هاوکارییە مرۆڤایەتییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ خەڵکە لەبرسامردووەکەی ژێر سایەی هەلومەرجی جەنگی ناوخۆی نێوان سوپای ئیسیوپیاو بەرەی ڕزگارییخوازی گەلی ئەریتریاو هەروەها بەرەی ڕزگارییخوازی گەلی تیگرای، شرۆڤە کردووە. کاتێك وەرزی باران بۆ ماوەی پێنجەمین ساڵی لە 1984دا وشکەساڵ بوو، خۆراك بووە چەکێکی سەرەکیی لە هەموو بەرەکانی جەنگدا. زۆرینەی قوربانییەکانی قاتوقڕیی لە ئەریتریاو تگرای، دانیشتووانی ئەو ناوچانە بوون کە لە سایەی کارگێڕیی گەریلاکاندا بوون. ئامانجی هەردوو بەرە ڕزگارییخوازەکە ئەوەبوو کە خەڵکەکە لەو ناوچانەدا بهێڵنەوە کە لەبندەستی خۆیاندا بوو، لەکاتێکدا ستراتیژیی حکومەت ئەوە بوو کە جووتیارە برسییەکان ڕابکێشێتە ناوەندی شارەکان. سمس دەڵێت گوایە قاتوقڕییەکە دەرفەتی داوەتە ئەمەریکا کە دەست لەکاروباری نێوخۆی ئسیوپیا وەربدات. لەماوەی 1985-1986دا، ئیسیوپیا زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری تایبەت بە هاوکاریی قاتوقڕیی وەرگرتووە، کە ئەمەریکا پشکی شێری لەو هاوکارییەدا هەبوو. زیاتر 80٪ی هاوکارییەکان بۆ حکومەت تەرخانکرابوو، وێڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەو ڕێگەی بە هاتنەناوەوەی کەمتر لە نیوەی قوربانییەکانی قاتوقڕییەکە دا. نزیکەی یەك ملیۆن لە دانیشتووانی بندەسەڵاتی گەریلاکان لەناوچەکانی ئەریتریاو تیگرانی بەهۆی کەمی هاوکارییەکانەوە لەبرسا مردن، هەروەها ملیۆنەهای دیکە ناچارکران زەوییەکانیان جێبهێڵنو کۆچبکەن. لە تیگرانی، جووتیارە کۆچپێنراوەکان هاننەدەدران بۆ گوندەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، بەڵکو ئەوانە لەناوەندە فراوانەکانی خۆراکپێدانەوە هێڵرابوونەوەو دواجار لە بەشی باشووری وڵاتدا نیشتەجێکرانەوە، هەروەها زۆرینەی ئەو جووتیارانەشی چووبوونە نێو شارەکانی حکومەتەوە لە جولانەوەی ڕزگارییخوازیی دابڕان. بەگوێرەی سمس، بەشێکی ئەوە بەهۆی هاوکاریی ڕۆژئاواوە بوو کە وایکرد

حکومەتی ئیسیوپیا بتوانێت سەدەها لەو هەزارەها جووتیارە لە ناوچەکانی بندەسەڵاتی گەریلاکان دووربخاتەوە.[1]

بەگوێرەی دەستەیەك کۆڵەر• کە لە کاریگەرییەکانی جەنگی توندیی نزمەئاستیان دژبە جووڵانەوەی زاپاتیستا لە هەرێمی چیاپاس لە باشووری مەکسیك کۆڵیوەتەوە، گرنگترین پێکهێنەرەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست لە چیاپاس بریتیبوون لە:

1- بەهێزکردنی رووخسارە تەکنیکیی و مادیی و سیمبولییەکانی سوپا.

2- هەوڵدان بۆ رەواییدان بە حکومەت.

3- "دوورخستنەوەی ئاوەکە لە ماسییەکە" بەمانایەکی تر، رێگرتن لەوەی جووتیارانی زیاتر بە جوڵانەوەکەی زاپاتیستاوە پەیوەستبن و جیاکردنەوەی لایەنگرانی زاپاتیستا.

4- کەمکردنەوەی هاوبەستەگیی نێودەوڵەتیی لەناو جووڵانەوەکەی زاپاتیستا.[2]

خاڵی ژمارە 4 لەو لیستە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەوروپییەکان سەرنجڕاکێش بوو چونکە تایبەت بوو بە رۆڵی ئەوان لە جەنگی توندیی نزمەئاست، ئەوەی کە ئێستا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەڕێوەدەبرێت. بەگوێرەی ریچارد.ج بارنێت، ئەوەی لە ماوەی کارگێڕیی کنیدیدا لە ئەمەریکا وەك کارمەندی وەزارەتی دەرەوەو ئاژانسی کۆنترۆڵی چەکداریی و چەکداماڵین، کاریکردووە، سەرکردە سیاسیەکان لە ئەمەریکا لەوبڕوایەدان کە ئەوان بۆیە جەنگی ڤێتنامیان دۆڕاند چونکە میدیا و جووڵانەوەی ئاشتیی ویستی گەلیان بۆ بردنەوەی جەنگەکە ئیفلیجکرد، بۆ نموونە، لەرێگەی پێشاندانی وێنەی منداڵانێك کە بە بۆمبی ناپاڵم لێدرابوون.[3] ئەو دەڵێت چاودێرانی سیاسیی سەریان لەوە سوڕمابوو کە ئەوە چۆنە ئەمەریکا دەتوانێت پێگەی خۆی وەك زلهێزێك لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا بپارێزێت و وەك دەوڵەتێکی دیموکراتییش بمێنێتەوە. دژواریی لە نێوان ئەوانەی تیشکیان دەخستە سەر هێز لەدەرەوەو سەربەستیی لە ناوەوە بەشێوەیەکی تایبەت توند بوو کاتێك دەسەڵاتی سەربازیی ئەمەریکا ئەو مەبەستەی گرتە ئەستۆ کە گەلی ئەمەریکا یان ئەوەتە تێناگەن یان پشتگیریی ناکەن. جەنگی توندیی نزمەئاست

---

[1] Smith, G. 1987, 31-37 .

• ئەنگیلیکا ئیندە، ئەندرێس ئوبری، گەستاڤۆ کاسترۆ، هەروەها ئنیس کاسترۆ.

[2] Castro Apreza 1998 .

[3] Barnet 1987, 208, 220 .

ستراتیژییەكە بۆ شەڕكردن لە جەنگەكاندا بیٚ پشتیوانیی جەماوەر. بەگوێرەی بارێنت، هەندێك دەسەڵاتداری سەربازیی بڕوایان وایە كە ئەم ستراتیژییە ناتوانێت بیٚ سانسۆر كاربكات. مایژۆرێكی مارێنزی ئەمەریكیی توڕە لە وتارێكییدا لە بڵاوكراوەی سەربازییدا پێشنیازی ئەوەیكردبوو كە پێویستە تەلەفیزۆن لە زۆنێكی شەڕەكاندا قەدەغە بكرێت، نەك بەهۆی وێنەی درۆیینەوە، بەڵكو ئەو كەمە وێنەو كوتە راستییانەی كە رایدەگوێزن كاریگەرییەكی سۆزەكییانە دێنێتە ئارا كە راستییە فەرمییەكان سنووردارد‌ەكەن.[1]

نموونەیەكی ئەم سیاسەتەی كەمكردنەوەی دزەكردنی زانیاریی ئەوەیە كە چۆن هەلومەرجەكەی چیاپاس لەلایەن ماسمیدیاوە لە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە رووماڵكرا. لەساڵی 1993دا، دانوسانی NATFA /رێكەوتننامەی بازرگانی ئازاد لەنێوان مەكسیك‌و ئەمەریكادا لە قۆناغێكی گرنگیدا بوو. ململانێی چەكداریی لە چیاپاس لە مایۆی ساڵی 1993دا دەستیپێكرد. لەكۆتایی مایۆی 1993دا، سوپای مەكسیك هێرشێكی بەرفراوانی لە ناوچەكەدا دەستپێكردو بەدوای گەریلاكاندا دەگەڕا. سەرجەم رۆژنامەكانی مەكسیك‌و میدیا ئەوروپییەكان هەواڵەكانیان بڵاودەكردەوە، بەڵام بەراستیی لە ئەمەریكا هیچ هەواڵێك نەبوون. دۆلیا ئیستاڤیسی رۆژنامەنووسی مەكسیكیی لەوبڕوایەدایە گەر چالاكیی گەریلاكانی باشووری مەكسیك لە رۆژنامە سەرەكییەكانی ئەمەریكادا بڵاوكرابایەتەوە، دەگونجا رێكەوتننامەی NAFTA شكست بێنێت.[2]

لەماوەی كارەساتی قاتوقڕییەكەی ئیسیوپیادا لەساڵی 1948، نزیكەی 50٪ یاخود زیاتری قوربانییەكانی ئەو قاتوقڕییە لەو ناوچانەدا بوون كە بەدەست گەریلاكانەوە بوو، بەڵام تەنیا 10٪ هاوكارییە نێودەوڵەتییەكانیان بۆ دابینكرا. میدیای رۆژئاواو ئاژانسەكانی فریاگوزاریی بە بێدەنگییەكی گشتییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئاڵۆزییەكانی ئەو كارەساتەدا كرد. ئەوان ئاماژەیان بەو جەنگە نەكرد كە هۆكاری كەوتنەوەی قاتوقڕییەكە بوو. لە ئەمەریكا، بایەخی میدیا بە شێوەیەكی تایبەت لەبارەی كۆمسیۆنی فریاگوزاریی‌و چاككردنەوەی حكومەتی ئیسیوپیاوە چڕببووەوە. گایلا سمس دەڵێت كە حكومەتی ئەمەریكا زۆر بە باشیی ئاگای لە هەلومەرجەكە بوو، بەڵام تاكو ساڵی 1948 مۆڵەتی بە

---

[1] Barnet 1987, 219-220 .

[2] Estévez 1994, 47 .

گەیاندنی هاوكاریی بەرفراوان بۆ ناوچەی بندەستی گەریلاكان نەدا. ئنجا هاوكارییەكانی ئەمەریكا لەڕێگەی بەرنامەی خۆراكیی جیهانیی و رێكخراوە خێرخوازە تایبەتەكانی ئەمەریكاوە روویان لە ئیسیوپیا كرد.[1]

# سێیەم : ئاكارەكانی كۆڵینەوە لەبارەی جەنگەوە

## 3 .1 ئاكارەكانی كۆڵینەوە لەبارەی جەنگەوە

نووسەرانی بوارگەلێكی جیاواز كە مامەڵە لەگەڵ ئەو گەلانە دەكەن لەسایەی هەلومەرجە قەیراناوییەكاندا ژیان دەگوزەرێنن سەبارەت بەو ئاكارگەلانەی لە مردن، جەنگ و هەروەها جینۆساید دەكۆڵنەوە، كاردانەوەی خۆیان هەیە. هۆرۆویتز ئاماژە بەوە دەكات كە پیشەییبوون لە كۆڵینەوەكانی جەنگ و ئاشتییدا گرفتگەلێكی تایبەت بەخۆی دێنێتەئارا. مرۆڤ سەبارەت بە مردنی بەكۆمەڵ و تارومارکردنی خەڵكی بێتاوان دەبێت خۆی لە وەڵامی وشكی رووت بەدوور بگرێت. پیشەییبوون پێویستی بە رێگەكارێكی نەشتەرگەرییانەیە–ئەو شێوە رێگەكارەی پزیشكەكان لەمەڕ پەتای ئایدز یاخود كۆلێرا دەیگرنەبەر– بەڵام ئەوە نابێت ببێتە میتۆدێك بۆ جیاكردنەوەی پسپۆڕەكە لە جەماوەر. ژیانی ئەكادیمیی زۆرجار كۆڵەران لە هەستكردن بەو ئازارو ناڵەیە دادەبڕێت كە هاوكاتە لەگەڵ مردنی بەكۆمەڵ، ئەوەش بۆ خودی بابەتەكە مەترسییدارە.[2] گرین یش هەمان شتی تێبینیكردووە: گرفتێكی سەرەكیی ئەو زانا كۆمەڵایەتییانەی لە گواتیمالا هەڵدەسوڕان ئەوە بوو كە بۆئەوەی ژیانیان لەدەستنەدەن پێویستبوو خۆیان لەسەر توندوتیژیی رابهێنن، یەكەمجار خۆیان لەسەر ئەوە رابهێنن كە بێكاردانەوە بن،

---

[1] Smith, G. 1987, 35 .

[2] Horowitz 1997, 7-8.

ئنجا پاشتر هەستی پێ نەکەن. ئەوان ئەو چوارچێوەیە داپۆشن کە خەڵکەکەی تێدا دەژی، ئەوەشی خۆیانی تێدا دەژین. خۆسانسۆرکردن ببێتە کارێکی سروشتیی.[1]

## هەڵبژاردنی لایەنێك

ئەنترۆپۆلۆجیستەکانو سۆسیۆلۆجیستەکان بەشێوەیەکی سوننەتیی کاریان لە کۆڵینەوەکانی ململانێ، جەنگو هەروەها دوژمنکارییەکانی مرۆڤ کردووە، کۆڵینەوەکەی ئۆلی–پێکە رۆهۆماکی سەبارەت بە ماسیگرە خۆماڵییەکانو کەشتیوانە راوچییەکان لە فەنگنان بای لە تایلەند نموونەیەکی دیارە. ئەو نووسیویەتی:

رای بەهێزی خۆم ئەوە بوو کە سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە راوکردنی ماسی سیاسەتێکی کورتبینو تەنانەت جیاخوازانەشە. بەڵام من هەستمکرد کە وەك کۆڵەرێکی بیانیی ئەو مافە ئەخلاقییەم نییە سەبارەت بەشێوەکاری حکومەت داوەریی بکەم...کاتێك چالاکوانانی ژینگەپارێز گروپێکی تەلەفیزۆنیان لە بانگکۆکەوە بانگکرد تاکو بەرنامەیەکی بەڵگەنامەیی سەبارەت بە گچکە راوچییەکانی ماسی بکەن، ویستیان چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکەن، من رەتمکردەوە، وێرای بێهیواییان، چونکە من نەمویست مۆری چالاکوانێکی ژینگەپارێزم لێبدرێت.[2]

رۆهۆماکی لە کۆڵینەوە راپۆرتئامێزەکەیدا هەوڵیداوە دیدو سەرنجی جیاواز پێشکەشبکات. ئەو نووسیویەتی کە لەماوەی پرۆسەی نووسینەکەیدا هەوڵیداوە ئەو هەلومەرجە بخاتەبەرچاو کە گچکە راوچییەکانی ماسی سەبارەت بە سیاسەتی

[1] Green 1995, 108-109.

[2] Ruohomäki 1997, 187, translation KK.

حکومەت لەگەڵ چالاکوانانی ژینگەپارێزو سەرمایەدارەکان مشتومڕیان کردووە. ئەو روونیکردۆتەوە کە پێویستە کاری مەیدانی ئەنترۆپۆلۆجیی و راپۆرتەکان هاوسەنگییەك بدۆزێتەوە لەنێوان دیدو بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا: ئەوە نیشانەی کۆڵینەوەیەکی باشە کاتێك کۆڵەر بتوانێت وەك "جادوگەرێکی تەڕدەستی کۆمەڵایەتیی" لە بواری مەیدانییدا کاربکات.[1]

لەلایەکی ترەوە، ریکاردۆ فالای ئەنترۆپۆلۆجیست و قەشەی مەسیحیی مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە مومکین نیە لەململانێکان بکۆڵیتەوە بێئەوەی لایەك هەڵبژێریت. ئەو شەش ساڵی تەمەنی لەگەڵ هیندییە راکردووەکانی مایا لە قووڵایی دارستانی ئیکسکانی بارانویی ئیستوائیی لە گواتیمالا بەسەربرد. کۆڵینەوەکەی مامەڵە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکات.

"تێکەڵکردنی ئەنترۆپۆلۆجی بۆ مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە تێکەڵکردنی ئەنترۆپۆلۆجی لەگەڵ هەستێکی دیارییکراو لە دادپەروەریی. پێویستە بەشێوەیەك داوەریی بکەین، بەتایبەت لەچوارچێوەی ئەو زوڵمە گەورەیەی وەك ئەوەی لە گواتیمالا هەمانە، لەگەڵ ئەو قەسابخانەیەی کە روویداوە. ئێمە ناتوانین تەنیا بە سستیی بمێنینەوەو وەك بەرهەمێکی کەلتووری سەربازیی کۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژییەکە بکەین...پێویستە لایەك هەڵبژێرین. پێویستە تۆ یان لە سوپاوە داوەریی بۆ رووداوەکان تێبگەیت، یاخود داوەریی خەڵکەکە هەڵبژێریت. یاخود بڕیار لە بژارەی تایبەت بەخۆت بدەی، لەبەرئەوەی تۆش لەنێو ئەم هەموو شتانەدا بەدوای راستییدا دەگەڕێیت.[2]

بۆ فالا، ئەوە ئاشکرایە کە خەڵکی لە ململانێیەکدا لایەنێك هەڵدەبژێرێت و ئیدی هەموو شتێك بەژێر ئەو زەڕەبینەدا تێدەپەڕێت. فالا لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "کۆمەڵکوژیی لە جەنگڵدا" دیدی گوندنشینە هندییەکانی وەرگرتووە. "ئەگەر سوپا رازیی نییە، لێگەڕێ ئەوان لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆیان ئەنجامبدەن، لەگەڵ

---

[1] Ruohomäki 1997, 188 .

[2] Falla, interviewed in Manz 1995, 266 .

سەرچاوەکانی تایبەت بەخۆیان...بە ئومێدی ئەوەی سوپا رووەکەی دیکەی کۆمەڵکوژییەکە پێشانبدات، بەڵام بەشێوەیەکی دروست."[1]ئەمە تەواو هەمان ئەو شتەیە کە ئیسکۆلا لەبارەیەوە دواوە، ئەوەی کە بابەتیبوونو جێمتمانەیی هەمان شت نین. پێویستە جێمتمانەیی ئامانجی کۆڵەر بێت تەنانەت کاتێك گەر بابەتیبوونیش ئیمکانی نەبوو، یاخود کاتێك ئامانجی بابەتیبوون بەرەو سازشێك دەڕوات کە بەهای کۆڵینەوەکە کەمبکاتەوە.[2] من بڕواناکەم کە لە هەلومەرجێکی ستەمی سیاسیی یان ستەمێکی دیکەدا، راستییەکی بابەتیی‌و زانستیی بتوانرێت لە شوێنێکی وا لە نێوان دیدو سەرنجی ستەملێکراوان‌و ستەمکاراندا ببینرێتەوە. لەوێ تەنیا یەك راستیی دەبینیت کە هەمیشە لەلایەن دیدی کەسێکەوە وەسفدەکرێت. دادپەروەرانەیە بۆ کۆڵەر کە راشکاوانە بڵێت ئەو لەکام دیدەوە تەماشای هەلومەرجەکە دەکات. وادەبینم کە بەم هەستەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەم چەند دەیەیەی دواییدا فرە پەرەیسەندووە.[3]

---

[1] Falla, interviewed in Manz 1995, 265 .
لەگواتیمالا ئەنجامدانی کۆڵینەوە فرە ئەستەمە. کۆکردنەوەی ماتریاڵ بۆ کۆڵینەوە سەبارەت بە جەنگی ناوخۆ نیمچە مەحاڵە، هەروەها ئەرشیفی حکومەت بۆ مەبەستی کۆڵینەوە کراوە نییە. پەرلەمانتارانی وەك هیکتۆر کلی ئۆریلاناو قەشە جوان گیراردی پاش ئەوەی داوایانکردبوو کە بچنە نێو ئەرشیفی تایبەت بە جەنگی ناوخۆ، کوژران. پاش ئەوەی ریکاردۆ فالا کتێبەکەی لەبارەی هندییە راگوێزراوەکان نووسیوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مەنفا دەژی.
Galeano 1999.

[2] Eskola 1975, 33-35 .

[3] دەتوانرێت کۆڵینەوەکەم بۆ نموونە لەگەڵ نامەیەکی تری دکتۆرا بەراوردبکرێت کە لە بەشی سیاسیەتی کۆمەڵایەتیی زانکۆی هیلینسکی سەبارەت بە کورد پێشکەشکراوە. م..ر جافەر"کەمتر لە دواکەوتوو". کاتێك ئەو هەلومەرجی ئابووریی هەرێمە کوردییەکانی وەك کۆڵۆنییەك لە تورکیا وەسفکردووە. جافەر کە بۆخۆی کوردە، بەشێوەیەکی سەرەکیی داتاو سەرژمێریی دەوڵەتی تورکیی بۆ سەلماندنی ئەمە بەکاردەهێنێت‌و بەشێوەیەکی بێلایەن دەنووسێت بێئەوەی دیدو کۆمێنتی خۆی دەرببڕێت. ئەو لەو پەراوێزە زۆرەی کە جاروبار بۆ سێ

بۆرجویس، مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان بەپرسیارێتییەکی مێژووییان لەئەستۆیە تا بایەخ بە کێشە ئەخلاقییە مەزنەکان بدەن چونکە دیسپلینی بابەتگەلی کۆڵینەوە سوننەتییەکان– خەڵك لە ناوچە دووردەستەکانی جیهانی سێیەم – بە توندوتیژیی خزێنراونەتە نێو ئابووریی جیهانیی بەشێوازێك زۆرجار برسێتیی، سەرکوتی سیاسیی، تەنانەت جینۆسایدیش لەخۆدەگرێت. بەشێوەیەکی سوننەتیی ئەم ڕێگەکارە وەك ئاکارێکی گرفتئامێز ریسواکرا. بۆرجویس مشتومڕ لەبارەیەوە دەکات کە چوارچێوەبەندیی پرسە ئاکارییەکان لە کەلتووری ئەنترۆپۆلۆجسیتیدا پێویستی بەوەیە کە لەچوارچێوە مێژووییەکەی پەرەسەندنی دیسپلین لە کۆمەڵگا بەرفروانترەکاندا لێی تێبگەیت، لە جیهانێکی سیاسیی جەمسەربەندیدا.[1]

تۆڤ سکوتناب–کەنگاسی زمانناس، کە بانگەشە بۆ هەمەڕەنگی زمانەکان دەکات، هەستدەکات کە کۆڵەر بەرپرسیارێتییەکی لە ئەستۆدایە کەلەسەر بنەمای زانیارییەکانی راوەستاوە، بۆئەوەی زانیاریی لەبارەی ئەو گرفتانەوە دابەشیکات کە رووماڵیان دەکات:

نامەوێت زیاد لەوەی پێویستە نواندن بکەم– بەلاّم هێشتا دەمەوێت ئەوە بەبیر خۆماندا بێنمەوە: کاتێك کوڕی کوڕەزاکەمان بپرسێت: ئەم شێتایەتییەتان بۆچی نەوەستان؟ دەتانتوانی بیکەن!! یەك لە ئێمە وەلاّمدەداتەوە کە نەمانتوانی بیدەین: نەمزانی. دووەم، ئەگەر هەندێك لە ئێوە هەست بکات ورووژاوە، تەنانەت تائەندازەی توڕەبوون، بەیارمەتیی لە پەیامهێنەرەکە مەدە، زیاتر کاردانەوەت

---

لاپەڕە درێژدەبێتەوە، ئەوە بیروڕای خۆی لەمەڕ تواندنەوەو کارەکانی دیکەی تورك لەئاست کوردان شرۆڤە دەکات.(Jafar 1974. ). لەماوەی 25 ساڵدا، فەزای ئەکادیمیی تا ئەو رادەیە گۆڕاوە کە کۆڵەر توانای دەربڕینی سەرنجە تایبەتەکانی خۆی لە ناوەندی خودی تێکستەکانیشدا هەیە نەك هەر لە پەراوێزدا.

[1] Bourgois 1990, 43-44.

لەئاست پەیامەکە هەبێت.[1]

لەبواری فێرکردندا، ئەوەندە بەس نییە کە مشتومڕ لەبارەی میتۆدگەلی فێربوونی زمانی بالأدەست( یاخود تەنانەت بالأدەستکراو) بکرێت. زیاتر پێویستە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کۆلەرێك دەبێت پەیوەندیی زانیاریی فەرهەنگیی بە بنەما ئەخلاقییەکان، ئەرکەکان و هەروەها ململانیٚ بۆخۆی روونبکاتەوە...[2]

پێویستە ئێمە هەنگاوی پێویست بۆ جولأندنی پرسی مافەکانی زمانیی مرۆڤ بەرەو ناوەندی نەك هەر تەنیا دیسپلینی زمانیی بەڵکو هەروەها فێرکردن، یاساو چەند دانەیەکی تریش بنێین، پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێت. لەگەڵ خۆشەویستیی، دڵسۆزیی، تێگەیشتن و هەروەها دانایی. ئەمە تەنانەت ریسکی پەراوێزخستنی ئەکادیمی(هەروەها ئابووریی) لەخۆدەگرێت، پرسیار لە هەندێك بێزارکەرانیش دەکات بۆچی–پرسیارکردن، هاواری راستییان لێدەکات و داوای وەلأمەکانیش دەوێت.[3]

فالأ داوادەکات کە ئەو زانستەی خواستی خزمەتکردنی خەڵکی چەوساوەی هەیە پێویستە بەدوای ئەو بابەتانەدا بگەڕێت کە زۆر پەیوەندیی بە نەهامەتییەکانیانەوە هەیە.[4] لە کۆمێنتێکدا سەبارەت بە ئیدیعای ئەنترۆپۆلۆجی لە بابەتی ئەمەریکییە رەسەنەکان، پاوڵ دۆوتی پرسیاری ئەوەی لێکرا کە بۆچی کۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی سیستماتیك ئاماژەیان نەکردووە بە " پرسگەلە زۆر زیندووەکان کە بەئاشکرا بەشێوەیەکی بەردەوام کاریگەریی لە ئەمەریکییە رەسەنەکان کردووە هەر لە داگیرکردنی ئەوروپییەکانەوە"– مردن، هەلأواردن، راگواستن، دەستبەسەرداگرتنی موڵك ومالٚ، رەگەزپەرستیی، نەخۆشییە کوشندەکان،

---

[1] Skutnabb-Kangas 2000a .

[2] Skutnabb-Kangas 2000c, xxv .

[3] Skutnabb-Kangas 2000c, xxvii .

[4] interviewed in Manz 1995, 266 .

برسێتیی، هەژارکردن‌و هەروەها دوژمنکارییە جەستەیی‌و سایکۆلۆجییەکان.[1] چارنی مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە گەلێك لە بایەخدارانی ژینگەو کۆڵەرانی ئاشتیی بایەخ بە مەسەلەی ناپەرەسەندن دەدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوان لە واقیعدا بێدەنگن‌و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەهەمبەر وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو جینۆسایدە بەئەنقەستەی ئەنجامدەدرێت بێجۆش‌و سستن.[2]

شیپیر هۆوز سەبارەت بە کۆڵینەوەکەی لەبارەی ئەو توندوتیژییەی ڕۆژانە لە باکووری بەرازیل دەگوزەرا، رایگەیاند کە :"پراکتیکی بایەخداریی زانستی کۆمەڵایەتیی بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات کە زۆر پراکتیکێك نیە ململانێی ئەپستمۆلۆجیی بێت."[3] گرین وا هەستدەکات کە ململانێی لەنێوان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات لە گرەوێکدایە، هەربۆیە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان دەبێت لەدیدی خۆیانەوە بڕیاربدەن.[4] ئەم جۆرە هەڵوێستانە لەنێو کۆڵەراندا بڵاون، بەڵام زانیاریی ئەنترۆپۆلۆجیستیی‌و سۆسیۆلۆجیستیی هەروەها دەتوانێت دژ بە گروپی بەئامانجکراو بەکاربهێنرێت ئەگەر دوژمنەکەی هەوڵی بەدەستهێنانی نهێنییەکانیان بدات‌و تێگەیشتنێکی باشتر لەبارەی شێوەی بیرکردنەوەیانەوە بەدەستبێنێت.[5]

فیلیپ بۆرجویس لەساڵی 1990دا نووسیویەتیی کە بەدەر لە چەند ناسراوێك، زۆربەی ئەنترۆپۆلۆجیستەکانی باکووری ئەمەریکا چ ڕەهەندگەلێکی سیاسیی‌و مافی مرۆڤیان سەبارەت بەو خەڵکەوە نەبووە کە لە مشتومڕەکانی "ئاکارگەلی ئەنترۆپۆلۆجیی"دا لێیان کۆڵیونەتەوە. لەبری ئەوە، مەیلی باڵادەست وایکردووە لەم پرسانە خۆیان بەدووربگرن. هەروەك نموونەیەك، ئەو ئاماژەی بەوەداوە کە لەساڵانی 1980کاندا چەندین نامەی دکتۆرا سەبارەت بە لێکدانەوەی شەرم لەلای

---

[1] Doughty, 1988, ref. Green 1995, 107 .

[2] Charny 1988, 7.

[3] Scheper-Hughes 1992 .

[4] Green 1995, 107 .

[5] Nash 1976, 149 .

مایا نووسراوە. بۆرجویس پرسیاردەکات کە چۆن بتوانین لەمانای ئەم پێکهاتە کەلتوورییە گرنگە تێبگەین گەر ئێمە ئەوەمان بێبایەخ وەرگرت کە لەم ماوەیەدا دەیان هەزار مایا لەلایەن سوپاوە کۆمەڵکوژ کراون.[1] بەوەش هەڵبژاردنی بابەتو چوارچێوەی تیۆریی کۆڵینەوەکە پێش هەموو شت مانای هەڵبژاردنی دیدو سەرنجە.[2]

شیپیر هۆوز ئاماژەی بەوە داوە کە پاش بینینی دیمەنی مردنی سەدەها منداڵ لەگەڕەکە هەژارنشینەکانی بەرازیل لە ساڵانی 1960کاندا، یەکسەر لەدوای کودەتا سەربازییەکە یەك لەو هۆکارانە بووە کە بووەتەهۆی ئەوەی لە 1980کاندا بگەڕێتەوە بەرازیل بۆ ئەنجامدانی کۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجیی. ئەو کۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجیستییەکەی وەك کۆڵینەوەیەکی چالاكو بایەخدار بینی. کۆڵینەوەکەی ئەو لە دوو بواری زانیاریی‌و کارو کاریگەرییدا بوونی هەبوو. نووسینە

---

[1] Bourgois 1990, 43, 46.

[2] بۆ نموونە، ئەم کۆڵینەوە جیاواز دەبوو گەر بابەتی کۆڵینەوەکە لەمەڕ ڕەوشی تەندروستیی گەڕە هەژارەکانی شارە خێراپەرەگرتووەکانی تورکییەکان بووایە، یاخود ئەگەر چوارچێوەی تیۆریی کۆڵینەوەکە ئەو تیۆرگەلێکی تایبەت بە پەرەسەندنی ئابووریی یان بایەخی تەندروستیی بگرتبایەخۆ لە کەلتووری ئیسلامییدا لەبری تیۆرە سەربازییەکان. بە بەراوردکردنی ئەم کۆڵینەوەیە بە نامەی دکتۆراکەی تولا ساکاراناهۆ سەبارەت بە ژنانی تورك کە ناونیشانەکەی "ئاڵۆزەکانی دیکە"یە، فرە ئەستەمە بڕوابکەی کە قسە لە هەمان وڵات دەکات کە کۆڵینەوەکەی من کردوویەتی، هەروەها ئەو کاتێك چاوپێکەوتنەکانی خۆی لەنێو تورکیا ئەنجامداوە کە جەنگ دژی کوردان لەگەرمەیدا بوو(1991–1993). ساکاراناهۆ تورکیای وەك وڵاتێك "لەنێوان ئیسلام‌و سێکیولاریسم"دا پێشانداوە نەك وەك وڵاتێك کە جەنگێکی ناوخۆی تێدا دەگوزەرێت. ئەو جووڵانەوەی ئیسلامیی لە دیدەکەی دیکەوە پێشکەشکردووە لەو دیدانەی کە بریتیین لە لەیەکێك لە فرە گروپگەلە بچووکەکانی تورکیا کە دەوێرن ڕەخنە لەسوپا بگرن. ئەو لە سێکوچکەی ئایدۆلۆجی کەمالیزم، فیمینیزم‌و ئیسلامەوە لە پێگەی ژنانی کۆڵیوەتەوە، ئەو چ بایەخێکی بە ئیتنسیتی نەداوە، بگرە چەمکی ئیتنسیتی لە نێوەرۆکی کتێبەکەشیدا نەهاتووە. (Sakaranaho 1998.).

ئەنترۆپۆلۆجستییەکان دەتوانن ببنە پێگەیەك بۆ بەرگریی.[1] میشاڵ تۆوسین بانگەشە بۆ جۆرە رێگەکارێکی "نووسین دژ بە تیرۆر" دەکات.

فرانك.ن.پیك هەستدەکات کە کۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجستەکان دەتوانێت هێندە بایەخداربێت کە نەك هەر بایەخی بۆ کۆڵەرو ئەنترۆپۆلۆجیستەکانی دیکە هەبێت، بەڵکو بۆ ئەو گەلەش کە کۆڵینەوەکەی لەبارەوە کراوە. نووسینە ئەنترۆپۆلۆجستییەکان دەتوانێت ببێتە رێگەیەك بۆ گەلانی رەسەنی خۆماڵیی تا لەچوارچێوەی ئەو رووداوانە بێنەدەر کە ژیانیان گەلاڵە دەکاتو بەکاریاندەهێنێت بۆ ئەو ئایندەیەی کە پەیوەندیی بە کۆمەڵگایەی تایبەت بەخۆیانەوە هەیە.[2] پێموایە کە ئەمە لە چوارچێوە کوردییەکەیدا یەکجار راستە. کاتێك کە ملم لە کۆڵینەوەکەم نابوو، پیشتگیریی و داواکارییەکی زۆرم لە کوردان پێگەیشت کە هەرکاتێك گونجا کۆڵینەوەکەم بڵاوبکەمەوە. هەروەها من تێبینیمکردووە کە هەرچەندە رێکخراوە کوردییەکان لە دەرەوە سیستمێکی کاریگەریی پەیوەندییان لەنێو کۆمەڵگای تاراوگەدا هەیە، بۆ نموونە، ئەو بەرنامانەی تەلەفیزۆن کە بە سەتەلایت بڵاودەکرێتەوە، ئەوان بەشێوەیەکی سەرەکیی بایەخ بە جەنگە سوننەتییەکەی ململانێیەکە دەدەن. واپێناچێت ئەوان بە ستراتیژیی جەنگی توندیی نزمەئاستو میتۆدە جیاوازەکانی ئاشنا بن، هەربۆیە پێموایە کە کۆڵینەوەکەم سوود بە گرووپی بەئامانجکراو دەگەیەنێت بەوەی هاوکارییان بکات تاکو لەو ستراتیژییە تێبگەن کە دوژمنەکەیان دژیان بەکاری دەهێنێت.

بۆرجویس پێشنیازدەکات کە رێگەیەك بۆ داڕشتنەوەو گەلاڵەکردنەوەی ئاکاری ئەنترۆپۆلۆجستیی وادەبێت کە پێویستی بەوەیە کە کۆڵینەوە لەنێو "هەژار"و "بێدەسەڵاتەکان" دا، بەشداریی دەکات لە لەسەرپێ راوەستانیاندا. لەلایەکەی ترەوە، کۆڵینەوە لەم بابەتانە هەمیشە شتێکی کۆنکرێتیی نییە تا پێشکەشی گرووپە بەئامانجکراوەکەمانی بکات بۆ خەباتیان لەپێناو مانەوەدا یاخود بۆ مافە

---

[1] Scheper-Hughes ,1992, 15-16, 24-25.

[2] Pieke 1995, 76. 

سیاسییەکانیان– کۆڵەران وێڕای پابەندبوونیان، کەسانێکی غەوارەن.[1]

## 2. 3 . کاری مەیدانیی لەبارەی توندوتیژیی

یەکەمین پەیوەندییم بە کوردانەوە لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی 1990دا بوو لە هیلنسکی، کە بەهۆی کارەکەمەوە تێیدا بەشدارییم کرد. ئاهەنگەکە کە بە مۆزیکی رۆژهەڵاتیی، خواردنی بەتامو ژنانی قەشەنگو رازاوە بەجلی ئاڵاووالاوە رازابووەوە، خستمیە سەر ئەو خەیاڵەی کە لەوانەیە چووبێتمە ناو چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەوە. لە دیسەمبەری 1996دا، کۆڵینەوەی دەرچوونەکەم سەبارەت بەو ژنە کوردانەی تورکیاو عێراق کە لە فینلەندا نیشتەجێن، کۆتاییپێهێنا. لە کۆڵینەوەکەمدا چاوپێکەوتنم لەگەڵ پازدە کورددا ئەنجامدا، کە نۆیان لە فینلەندو شەشیان لە وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا بوون. پەیوەندییم بە هەندێك خێزانی کوردەوە کرد، هەستمکرد پەیوەندییەکانمان دۆستانەیە بەڵام بەجۆرێك لە جۆرەکان دوورە لەگەرموگوڕیی. هەڵوێستم لە کێشەی کورد پرۆفیشنەڵانە بوو. هەموو ئەمانە لە مارتی 1997دا گۆڕا کاتێك وەك ئەندامێکی نوێنەرایەتیی فینلەندیی مافی مرۆڤی سەردانی کوردستانی بەشە تورکییەکەمان کرد. مارتن ڤان برونسن ئەوە روونیدەکاتەوە کە یەکەمین سەردانی بۆ کوردستان چەندە کاریتێکردووە. هەروەها بۆ منیش. جوانی سروشتیی کوردستان شتێکە کە ناتوانرێت تەنیا لە سەیرکردنی وێنەکانەوە درك بکرێت. هەروەها رەوشی جەنگو میلیتاریستیی لە هەموو جێیەك ئامادەیی هەیە. نەمدەزانی مرۆ بەچ شێوەیەك خۆی بۆ ئامادەکات. ڤان برونسن روونیدەکاتەوە کە چۆن بەقووڵیی لەرووی ویژدانییەوە لەماوەی شەڕەکانی

---

[1] Bourgois 1990, 52-53. 

**باشووری کوردستان لە فێبرایەری 1975دا تێکەڵ بە کێشەی کورد بووە.[1] لەمارتی 1997دا لە کوردستان، هەروەها لە ئوتی 1997 لە ئەستەمبوڵ هەمان شتیش لە من روویدا. هەستمکرد بزربووم. زۆر شت هەبوون کە من نەمئەتوانی بە ئاسانیی لێیان تێبگەم. بەگوێرەی فالا، کۆڵینەوە لە ناوچەکانی ململانێدا تەنانەت کۆڵەر زیاتر لە کۆمەڵەکە نزیکدەکاتەوە، ئەو نەهامەتییو ترسەی دەبینرێت دەگونجێت وا بکات نزیکبوونەوەو پابەندبوونێکی تایبەت لەلای ئەو کەسە بێنێتەئارا.[2]ئانیکا ساندلاندی رۆژنامەنووس باسی لە رەوشەکەی بەلقان کردووە کە ئەوە ترسو ئازارە کە چاودێران لەگەڵ قوربانیانی جەنگدا پێکەوە دەبەستێتەوە.[3]**

**لە بورای کاری ئەنترۆپۆلۆجیستییدا، رۆڵی شەخسییو پیشەیی کۆڵەر ئاوێتەی یەکتر دەبن. ئەگەر کەسی زانیارییبەخش هەروەها هاوڕێی کۆڵەر بێت، ژیانی شەخسییو پیشەیی تێکەڵ بە کۆڵینەوەکە دەبن. سەرگوزەشتەی بورای کاری بابەتەکە نابێت پشتگوێبخرێت، بەڵکو دەبێت لە پەیوەندیی بەو پرسیارانەوە شرۆڤەبکرێت کە کێ پێویستە پرسیاری لێبکرێتو کێش خۆتی لێ لابدەیت. کەسایەتیی کۆڵەرو ئەزموونەکانی ژیانی بەشێك لە پرۆسەکە پێکدەهێنن، ئەوەی وایلێدەکات بگاتە جۆرێکی تایبەت لە درککردنو تێگەیشتن. کۆڵەر دەبێت ئەمە درك بکاتو ببینێت کە چ جۆرە ئەنجامگیرییەك لەسەر لێکدانەوەکانی هەڵدەهێنجێت. ئۆکیلی، مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە ئەگەر کەسایەتیی سیاسیی بێت، ئەو هەروەها کەسایەتیی تیۆرییشە. تاکە شتێك کە هەستی پێبکەیت: تێبگەیت کە ئەم هەستە چی دەکاتە پێویست، دەگونجێت چۆن ئەوانە کارو کاردانەوەکانی بەڕێوەبەرن هەروەها لەپێشیی تیۆریی تەواو شتێکی دیکەیە. نۆرمان بڕوای وایە گرفتێکی زۆر لەوەدایە شرۆڤەی ئەوە بکەیت چۆن ئەنترۆپۆلۆجیستێکی تایبەت بەشێوەیەکی سۆزەکییانە کۆڵینەوەکەی ئەزموون**

---

[1] van Bruinessen 1992, 1, 5 .

[2] interviewed in Manz 1995, 273-274 .

[3] Sandlund 1999 .

دەكات زیاتر لە لەبەرچاوگرتنی كاریگەریی پێشینەی كەلتووریی، ترادسیۆنی ئەكادیمیی، تەمەن، هەروەها سیما فرە نموونەییەكەی كەسی كۆمەڵایەتیی.[1]

## شۆكی هەبوون

لەكاتی كۆكردنەوەی مەتریاڵ بۆ ئەم كۆڵینەوەیە، بەقووڵیی لە بابەتی مەرگ‌و ژیانەوە تێوەگلام. یەكەمین بیرەوەریی منداڵیم بۆ هاوینی 1963 دەگەڕێتەوە، ئەو دەمە كیژۆڵەیەكی چوارساڵانە بووم‌و پرسەی خوشكەكەم بوو كە ساوایەكی دوو مانگانە بوو بە نەخۆشی سنگ گیانی لەدەستدا. بەدرێژایی ژیانی منداڵیم ئەو سەردانە بەردەوامە خێزانیانەم لەبیرە كە بۆ گۆڕستانمان دەكرد. پێدەچێت كە كوردان بەشێوەیەكی زیاتر نەرم‌و ئاساییترەوە مامەڵە لەگەڵ مردندا بكەن. جارێكیان هاوڕێیەكی كورد كە لە تەمەنی مندایە پێیوتم كاتێك منداڵ بوون، پێنج دانە لە براو خوشكەكانی مردوون، ئەوەی سەرسامیكردم ئەوەبوو كە ئەو بە وردیی نەیدەزانی كە چەند لەوبراو خوشكە مردووانەی پێش ئەو لەدایك بوون یان دوای ئەو. شیپیر هۆوز كە لە مردنی منداڵانی گەڕەكە هەژارنشینەكانی شارەكانی باكووری بەرازیلی كۆڵیوەتەوە، سەبارەت بە هەڵوێستە جیاوازەكان لەئاست مەرگی منداڵانەوە نووسیویەتی:

لەم جیهانەی كە زۆربەی ئێمەی تێدا دەژین، مشتومڕ لەنێوان هاتنە نێو ژیان‌و فەنابووندا سنووری خۆی لەدەستداوەو لە پشتەوەی هۆشیاریی ئێمەدا گۆڕەوشار دراوە. بۆ زۆربەی ئەوروپییەكان‌و خەڵكی باكووری ئەمەریكا، هەر لەدایكبوونێك بەڵگەی ژیانێكی نوێیە، نەك هەڕەشەی مەرگێكی نابەكەم. بەڵام زۆر لەمێژ نییە كە لە جیهانەكەی "رۆژئاوا"ی لەمەڕ خۆمان، دابەشكردنەوەی بەرهەم وەك

---

[1] Dyck 2000, 36; Norman 2000, 140, 123-124; Pink 2000, 96; Okely 1992,9 .

مەسەلەیەکی پێشبینیی نەکراو، مەرگ وەك شتێکی رەمەکییو پشێوئامێز، هەروەك ئەوەی ئەمڕۆ لە باکووری بەرازیل لەئارادایە.[1]

رەوشێك کە تێیدا ئتنۆگرافەرەکان لە ئەزموونی توندوتیژیی دەکۆڵنەوەو حاڵەتێکی سەرسوڕمانیان لە یەکەم سەرنجدا لادروست دەبێت لەلایەن رۆبنو نۆردستۆرمەوە ناونراوە"شۆکی هەبوون". ئەوە لادانو شپرزەییەکە لەنێوان سنووری ژیانو مەرگدا، کە زیاتر لەگەڵ یەکدا تێکەڵە وەك لەوەی جیاکرابێتەوە. هەندێکجار ئەم دژوارییانە بە هەڵە وەك شۆکی کەلتووریی لێکدەدرێتەوە. بەڵام دەگونجێت قەیرانەکانی بواری کار هەروەها تێگەشتنی ئیتنۆگرافەر سەبارەت بە خەڵکەکە قووڵبکاتەوە کە بە کێوە پەیوەستدەبنو ئەو توندوتیژییەش کە لێیدەکۆڵنەوە.[2] سلاڤینکا دراکولیکی تووسەری کرواتیی دەڵێت کە لەماوەی جەنگدا ئامادەیی مەرگ دەبێتە بەشێك لە ژیانی رۆژانە، خەڵك بە بەردەوامیی بیری لێدەکەنەوەو دەست بەوەدەکەن بیر لە مەرگی خۆیان بکەنەوە.[3]

نانسی شیپیر هۆوز نووسیویەتی کە ئەو فێربووە خۆی لە مەرگ بەدوور بگرێت بۆئەوەی بتوانێت لە کارەکەی بەردەوامبێت. تەنیا پاش ئەوەی کە لە بواری کارەکەی گەڕایەوە ماڵەوە هەستیارییو تورەیی ئەخلاقیی خۆی لەو"تۆقاندنەکە، تۆقاندنەکە" گێڕایەوە کە ئەزموونی کردبوون. تۆقاندنەکە بەرۆتینکردنی نەهامەتییەکانی مرۆڤو توندوتیژیی "ئاسایی" ژیانی رۆژانە بوو.[4] مارك دانەر لەکاتی گەمارۆکە وەك ئەندامێکی دەستەی هەواڵی ئەی بی سی لە سرایڤۆ بوو. دەتوانرێت هەڵوێستێکی پیشەیی ببینرێت، کە هیچ بۆشاییەك بۆ هەستو سۆزی ئاسایی ناهێڵێتەوە، لە وەسفکردنەکەیدا کە لە راپۆرتی کارەکەیدا هاتووە پاش کۆمەڵکوژیی مارکێلا لە 5ی فێبرایەری 1994دا کە 68 سەرایڤۆیی تێدا کوژرا:

---

[1] Scheper-Hughes 1992, 273 .

[2] Robben and Nordstrom 1995, 13-14.

[3] Drakulic 1995, 11, 41.

[4] Scheper-Hughes 1992, 15.

دەفتەری یاداشتەکانم دەرهێنا، هەناسەیەکی قووڵیشم هەڵکێشا، دەستمکرد بە ژماردن، ئێستا ئاسانترە، ئەوەی هەیە بەتەواویی رێكو ئامادەیە، کام پارچە دەستو لاق مابوونەوە لەلایەن کەسانێکەوە کە زۆر باش بۆ ئەو کارە راهێنرابوون سووتێنران. بیستو یەك، بیستو دوو، بیستو سێ...بەڵێ، ئەمە چیرۆکێکی مەزنە، دەشێت مەزنترین چیرۆکی جەنگەکە بێت، سیو یەك، سیو دوو...بەڵێ، چیرۆکێکی یەکجار مەزنە...[1]

## زمانی کۆڵینەوەکانی تایبەت بە ململانێیەکان

فرە پەشۆکابووم لەوەی کە نەمدەتوانی لەگەڵ خەڵکانێکی فینلەندیی پێکەوە بەشداربین لەو ئەزموونانەی چێژتبووم. لەڕاستییدا، یەك لە هەرە شتە شۆکئامێزەکان کە پێویستە درکبکرێت ئەوەیە کە خەڵکی وڵاتەکەی من چ شتێك لەبارەی ئەو جەنگەوە نازانن کە لە تورکیادا دەگوزەرێت. پێدەچێت ئەمە رەوشێکی ئاسایی زۆربەی کۆڵەرەکان بێت پاش ئەوەی لە هەرێمەکانی جەنگەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە:

ئەوەم دۆزییەوە کە جووڵە بەنێو ناوچە مەترسییدارەکاندا دژوارییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، دەگونجێت قورسترین شتیان ئەوە بێت چەندە مەحاڵە ئاساییبوونی توندوتیژیی رۆژانە بگوێزیتەوە بۆ هەرکەسێك کە لەنێو چینی ناوەڕاستی بێوەی وەك ئەم شوێنە پارێزراوەی ئەمەریکا بژی. فرە زەحمەتە کەسێك قانع بکەیت کە "حاڵەتی ئاوارتە"...شتێکی نائاساییو دەگمەن نییە، بەڵکو بنەمایە. هەربۆیە کەسێك زۆرجار شەرم دەکات کاتێك لە تۆقاندن قسان دەکات، لەکاتێکدا زۆربەی خەڵك بە حەپەسانو بڕوانەکردنو بەزەییەکی زێدەڕۆیانەوە وەڵامدەدەنەوە بەڵام بەدەگمەن درك بەوە دەکەن کە "حاڵەتی ئاوارتە"بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە

---

[1] Danner 1998a, 35 .

پەیوەندییدارە.[1]

زۆرجار کاتێك لەبارەی کۆڵینەوەکەمەوە قسەم دەکرد، کەسانێك کە بە هەلومەرجی کوردستان ئاشنا نەبوون بڕوایان پێنەدەکردم. ئەوان دەلێن کە من زێدەڕۆیی دەکەم، هەربۆیە پێویستە کە زیاتر بابەتیی بم. پێدەچێت ئەمە کاردانەوەیەکی باو بێت بەرامبەر ماسمیدیاو هەروەها ئەو کۆڵینەوانەی زانیاریی نوێ سەبارەت بە جەنگ یاخود جینۆساید دەخەنەبەرچاو. لیمکین دەڵێت کە چۆن خەڵکی لەکاتو دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئامادەنەبوون بڕوا بەو زانیارییانە بکەن کە لە ئەڵمانیاوە دەگەیشتن لەبەرئەوەی زۆر تۆقێنەر بوون. هەروەها باومان دەنووسێت کە چۆن خەڵکی ئامادەنەبوون بڕوا بە هەموو ئەو دڕندایەتییەی نازییەکان بکەن کە دەرحەق بە جووەکان کردبوویان:

تەنیا ئەوەیە چەندە کەسەری لەخۆڕازیبوون کە دەگونجێت لەکۆتاییدا بسەلمێت ئاشکرا دەبێت کاتێك بەیادی دێنینەوە هێشتا لە ساڵی 1941دا هۆلۆکۆست چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوەی زانیاریی هەبووی لەمەڕ "ڕاستییەکانی کەیسەکە" دەدا چاوەڕواننەکراو بوو. کاتێك دواجار ساڵێك دواتر قەوما، ئەوسا لەگەڵ گومانی جیهانییدا یەکیانگرتەوە. خەڵکی بڕوایان بەو ڕاستییانە نەدەکرد کە چاویان تێبڕیبوو. نەك بەو هۆیەوە کە گێل یاخود بەدنیاز بن. تەنیا بەهۆی ئەوەوە کە هیچ شتێك لەوانەی کە پێشتر دەیانزانی بۆ ئەوە ئامادەی نەکردبوون کە بڕوا بکەن، بۆ ئەوانەشی کە دەیانزانیو باوەڕیان پێی بوو، کۆمەڵکوژیی کە هێشتا ناوەکەی بۆیان ئاشنا نەبوو، بە پوختییو بە ئاسانیی، نەدەهێنرایەپێش چاو. لەساڵی 1988دا، هەروەها دووبارە نەدەهێنرایەپێش چاو. هەرچەندە لەساڵی 1988دا، ئەوەمان دەزانی کە ساڵی 1941 نەماندەزانی، ئەوەی هەروەها نەدەهاتەپێش چاو پێویستبوو بهێنرێتەپێش چاو.[2]

لەلایەکی ترەوە، من هەروەها نەمدەتوانی هەستی خۆم لەگەڵ هاورێ کوردەکانمدا

---

[1] Swedenburg 1995, 34 .

[2] Bauman 1989, 85 .

**هاوبەش بکەم– شتگەلێك پەیوەندییان بە جەنگەکەوە بوو کە بۆ من شتێکی نامۆ بوو، لای ئەوان بەشێکی ئاسایی بوو لە ژیانی رۆژانەیان. شیپیر هۆوز نموونەیەکی فرە باشمان لەبارەی ئەم رەوشەوە پێدەدات. ئەو ساڵەکانی یەکەمی لە بەرزایل وەك هەڵسوڕاوێکی کۆمەڵی تەندروستیی تایبەت بە دایکایەتییو تەندروستیی منداڵان لە فاڤێلا بردۆتەسەر، لەوێ لەماوەی ساڵێکدا سێسەد منداڵ مردن، لەوێ تێکڕای دانیشتووان پێنج هەزار کەس بوو، جارێکیان دەبوو منداڵە مردووەکە لە خەستەخانەوە هەڵگرێتو بیباتەوەماڵەوە:**

**"ئەبووایە ئەو هەموو رێگایە لە شارۆکەکەوە بە پێ بڕمو بە ئالتۆدا سەربکەومو ئەم بچکۆلەیەشم بە باوەشەوە بێت، بچکۆلە بەڵام بەشێوەیەکی نامۆ قورس، کێشی مردوویەك بە باوەشمەوە، لەوە قورستر بوو بتوانم هەڵیبگرم، هەروەها بەدرێژایی رێگاکە فرمێسکی تاڵییو توڕەییم لێدەبارییی، وێڕای سەرسوڕمانو پەشێوی زۆرم، ژنێکی گەنج ئەوەی هەڵمگرتبوو لێوەرگرتمو بێمەبەستو بەشێوەیەکی رەمەکیی تیبینیی چاوی سوورو رووی فرمێسکاویمی کردو هەروەك ئەوەی بیەوێت شتێك بڵێت رووی کردە ژنێکی هاوسێیان کە لەوناوەدا وەستابوو وتی: هین هین!! ئای چەندە داماوە! چەند مایەی پێکەنینە! وانییە؟ ئەوەی سەیرو مایەی پێکەنین بوو لەوەدەچوو ئەو رووخسارە غەمگینو پەشێوییەی من بێت بۆ شتێك کە بایەخێکی کەمی هەبوو، هیچ کەس، لانیکەم تێکڕای دایکان، چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەو منداڵە بچووکە لە هیچ حاڵێکدا بژی."[1]**

---

[1] Scheper-Hughes 1992, 270- 271.

**من لە ئەزموونی خۆمدا هەمان شتم بەسەرداهاتووە، هەرچەندە زۆر بەو چەشنە دڵڕەقانە نەبووە. لە سێپتەمبەری ساڵی 1988دا خۆپێشاندانێکی "دایکانی شەممە" دایکانی کەسە سەرنگومکراوەکانم بینی لە شەقامی ئیستیقلال لە ئەستەمبوڵ. پۆلیس سی ژنی دەستگیرکردو بە پاڵەپەستۆو لێدان کردیاننە ناو پاسێکەوە تاکو رێگە لە خۆپێشاندانەکە بگرن. من زۆر پەشۆکام پاش ئەوەی سەدەها پۆلیسم بینی، بەتایبەتیی کاتێك بیستم کە ژنە گیراوەکان بە گازی بیبەر هێرشیانکراوەتەسەر . راستەوخۆ پاش ئەوە چوومە کۆمەڵەی میسۆپۆتامیا کە**

گرنگە ئەوەش تێبگەین کە هەروەها ئەزموونەکانی کۆڵەرانی ئەوروپیی سەبارەت بە ئاستی سۆزەکیی لەو شوێنانەی کە خەڵك لەسایەی هەرێمەکانی جەنگدا دەژین، جیاوازە. زیا لیلوەی رۆژنامەنووسی عێراقیی کە وەك پەنابەر لە فینلەند دەژی، دەنووسێت کە لە وڵاتێکدا کە بەدرێژایی مێژووی خۆی لەنێو جەنگ‌و کینەدا دەژی، نەهامەتیی‌و پەژارە وەك بارێکی سەرشانی خەڵکەکە دەمێنێتەوە.[1] بۆ کوردانیش بەهەمان شێوەیە، ململانێی‌و جوانەمەرگیی بەشێکە لە یادەوەریی هاوبەشی نەتەوەییان. ئەوەی یارمەتییدام لێیانتێبگەم بریتییبوو لە خوێندنەوەم سەبارەت بە جەنگەکانی فینلەند لە ساڵانی 1939–1945دا، هەروەها وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە چۆن خەڵکی قسەیان لەبارەی جەنگەوە دەکرد لە دەورانی منداڵیمدا لەساڵانی 1960کاندا. کاتێك قسە لەگەڵ دایکی گەریلایەك دەکەیت، دیدی راست ئەوەیە کە لەگەڵ دایکی سەربازەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا بەراوردی بکەیت زیاتر لەوەی رەوشکەی لەگەڵ خودی کۆڵەر خۆی بێت، هەرچەندە ئەمە دەگونجێت دیدێکی سروشتیی بێت گەر کۆڵەرەکە بۆخۆی هەروەها دایك بێت.

زیگمونت باومان سەبارەت بە کۆڵینەوە لەمەڕ هۆلۆکۆست روونیدەکاتەوە کە هۆلۆکۆست تەنیا گوناهو تۆقاندن نەبوو، بەڵکو هەروەها رووداوێك بوو کە ئاسان نییە لەگەڵ رووداوە باوەکاندا ، چەمکگەلی "ئاسایی" بەراورد بکرێت. هۆلۆکۆست دەبێت بە کۆدی تایبەت بەخۆی بنووسرێت، ئەوەی ئنجا دەبێت بشکێنرێت تاکو

---

کۆمەڵەیەکی کەلتووری کوردییە کەوتۆتە هەمان شەقامەوە. لەوێ کافیتریاکە جمەی دەهات، خەڵکی چایان دەخواردەوەو قسەیان بۆ یەکتری دەکرد، کاتێك پرسیم ئەوە چی بەسەر ئەو ژنانەدا دێت‌و خێرە ئەم خەڵکە وا ئارامە، ئەوان وەڵامیاندایەوە:"ژنەکان براونەتە بنکەی پۆلیسی بەیرەم پاشاو لانیکەم سێ رۆژ لەوێ رایاندەگرن. IHD (رێکخراوی مافی مرۆڤ/تورکیی) پارێزەرێکی رەوانەی ئەوێ کردووە، ئەمە ژیانی رۆژانەی ئێرەیە: خەڵکی کاردانەوەیان نییە چونکە ئەوان چەندین جار ئەم جۆرە رەوشە دەبینن."

[1] Tuomarla 1999, 42.

ئەگەری لێتێگەیشتنی بۆ بلوێ. ئەو بەراوردی کۆڵینەوەکان سەبارەت بە هۆلۆکۆست دەکات وەکو ئاوێنەیەك کە بەهۆیەوە یەکێك دەتوانێت چەندین دیمەنی ناوازە سەبارەت بە چەندین شت ببینێت کە بەبێ ئەوە ئەو دیمەنانە شاراوەو نادیارن، پێویستە هەموو ئەو هۆکارانە درك بکەین کە پەیوەندییان بە پرۆسەکەوە هەیە.[1] فەین مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە کاتێك ئەوروپا لە هۆلۆکۆست بەئاگاهات، لە سەرەتادا وشەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە بۆ کۆمەڵکوژیی جووەکان گونجاوبێتو لەگەڵیدا بێتەوە، هەروەها وابکات لەڕووی ویژدانییەوە شایەنی لێتێگەیشتن بێت.[2]

کۆمێنتی هاوڕێیەکی ئەمیری حەسەنپور(کە ئەو ناوی نەبردووە) سەبارەت بەنامەی دکتۆراکەی هەمان زەحمەتیی دەردەبرێت کە بە زمانی ئاسایی رەوشێك روونبکرێتەوە(لەم کەیسەدا کە زمانی ئەکادیمییە) کە بۆخۆی ئاسایی نییە:

ئەوە شێوازی نامەی دکتۆراکە نییە وایکردووە کە ئەوەی تۆ نووسیوتە زەحمەت بێت بخوێنرێتەوە، توڕەیی لەوەدایە کە تۆ نووسیوتە. توڕەیی لەوەی کە بەسەر کورددا هاتووە. هەرچەندە گومانم هەیە کە ئەم توڕەییە وزەی ئەوەت بداتێ ئەوە بکەی کە خەریکیت ئەیکەی. هیوادارم رێگەیەك ببنییەوە کە شرۆڤەکارییو مشتومڕەکانت لە ساکارییو بێڕەونەقیی بەدوور بگری.[3]

سکوتناب-کەنگاس لەبارەی زمانکوژییەوە چەمکگەلێکی قورسی وەك "مەرگی زمان"و "کوشتنی زمان "ی بەکارهێناوە(چەمکی ئانا پاکیر). دەگونجێت ئەم چەمکانە هەڵگری گرانابییەکی زۆری ویژدانیی بن، چونکە بابەتەکە گرانابییەکی ویژدانیی هەیە. ناگونجێت بە وشەگەلێکی جوان تەعبیر لە شتگەلێکی ناشرین بکەین. بەڵام کاتێك ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن کە گرانابییەکی ویژدانییان هەیە، ئەوا پێویستیان بەوەیە کە بناسێنرێن. بەکارهێنانی رەوانبیژییو ئیستیعارە بۆ

---

[1] Bauman 1989, VIII .

[2] Fein 1979, 3 .

[3] a friend of Amir Hassanpour, 10.4.1985, cit. in Hassanpour 2000 .

ناونانی راستییەکان دەشێت ئەو راستییانە بشارێتەوە یان زەقیانکاتەوە. "کوشتنی زمان"لەهەمان کاتدا ئیستیعارەیە بۆ "زمانی بکوژ"، بەڵام لەوەی یەکەمدا لە بکەرو ئامراز دوورە، ئەوەی نەمانی زمانێك وەك شتێکی سروشتیی و ئاسایی پێشاندەدات، هەر وەك مردنی پیرەپیاوێك.[1]

نووسینی هەستیار سەبارەت بە خەڵکانێکی نەهامەتبار فرە بایەخدارە، لەبەرئەوەی دابڕانی قوربانییەکان لە بەها مرۆییەکان و ئەنجامدانی وورووژاندن و ئەفراندنی فۆرمێکی خیلاعەو رووتبازیی کۆمەڵایەتیی کارێکی مەترسییدارە.[2] دارکولیك دەڵێت کە جەنگ باس لە "رووتبازییەکانی مەرگ" دەکات، ئەو تەنیا هەموو وردەکاریی دڵڕەقییەکان پێشاندەدات بێئەوەی هۆکارێك بۆ گۆڕینی رەوشەکە بێنێتەئارا.[3]

سلوکا پێشنیازی ئەوەیکردووە کە ئەنجامدانی ئەنترۆپۆلۆجیی کۆمەڵایەتیی-کەلتووریی، لەگەڵ جەختکردنیەوە لەسەر دیدگایەکی کەلتووریی هاوبەش و بەراوردکاریی، رێگەکارێکی گشتگیر، پشتبەستن بە تێبینیی بەشداربووەکان، تەریکزکردن لەسەر شرۆڤەکاریی ئاستی لۆکاڵی، هەروەها سەرنج و بۆچوونی "ئێمیك"ی، زۆر گونجاوە بۆ تێگەیشتنی رەهەندە بابەتیی، ئەزموونیی و ماناکارەکانی ململانێی کۆمەڵایەتیی.[4] بەگوێرەی رۆبن و نۆردستۆرم، ژیانی رۆژانە لەسایەی رەوشی جەنگدا لەهەر شوێن و کاتێکدا بێت ژیانێکی دژوارە و پڕە لە ئازارو پەژارە، بەواتای دڵەڕاوکێیەکی بێکۆتایی سەبارەت بە ژەمەخۆراکی داهاتوو، جووڵەی داهاتوو، هەروەها هێرش و پەلاماری داهاتوو. ئەمە ئەو کارە دەستبەجێیانەیە کە نەك تەنیا جەنگەکە بەڵکو هەروەها هەر شێوەیەکی دیکەی توندوتیژیی جیادەکاتەوە. هەروەها چەند دیدێکی کەمی کۆمەڵایەتیی هەیە

---

[1] Skutnabb- Kangas 2000b and 2000c, xxxi-xxxii.

[2] Feldman 1995, 245 .

[3] Drakulic 1995, 179 .

[4] Sluka ,1992.

لەبارەی ئەوەی کە چۆن لە ڕەوشەکانی توندوتیژییدا دەتوانێت خۆت قورتار بکەیت‌و بمێنیتەوە. کۆڵینەوە سەبارەت بە جەنگ هەمیشە کۆڵینەوەیە سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی، نەك سەبارەت بە ئازارو نەهامەتییەکانی مرۆڤ.[1]

## توانای هاوکاریی

تەنیا بە چاودێریی ڕەوشەکەی کوردان هەست بە بێهیواییەکی تەواو دەکەیت. من زۆرجار ئەو هەستەم کردووە کە پێویستە شتێك بکەم، ئەوە بەس نییە کە تەنیا وەسفی گرفتگەلێك بکەم. لەڕاستییدا ئەم هەستە لەماوەی کاری کۆڵینەوەکەمدا بەخراپیی بێزاری کردبووم. زۆربەی ئەو کۆڵەرانەی جەنگ‌و توندوتیژیی هەمان هەستی ناتەواوییان هەبووە کاتێك نەهامەتیی مەزنی گروپی کۆڵینەوەکانیان بینیوە. میرنا ماك، کە ئەنترۆپۆلۆجستێکی گواتیمالییەو لە 12ی سێپتەمبەری 1990دا لە گواتیمالا ستی لەکاتی ئەنجامدانی کۆڵینەوەکەی سەبارەت بە ڕاگواستنی هیندییەکان، کوژرا، لەنامەیەکییدا بۆ هاوڕێیەکی ئەم هەستەی شرۆڤەکردووە:

"لەوکاتەدا کە(گوندی چاجول) مان جێهێشت، واپێدەچوو کە خەڵکەکە لە کۆمەڵەکەدا زێدە پێمانەوە پەیوەستبن، دەیانویست بێینەدەرو بانگێشتیان دەکردین کە سەردانی ماڵەوەیان بکەین. ئەوان پێویستییەکی مەزنیان بە کەسێك بوو گوێیان لێبگرێت. نەمدەتوانی ئەو هەستی بێئومێدییەم سەبارەت بە ناتواناییم بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی زیاتر بەرجەستە، ڕاگرم."[2]

جارێکیان خەریکبووم پرسیارم لە گرفتە تەندروستییەکانی ژنانی کورد لە گەڕەکە هەژارنشینەکان دەکرد، ئەوان بەهیوابوون بتوانم جۆرە یارمەتییەکی

---

[1] Robben and Nordstrom 1995, 1, 3 .

[2] Myrna Mack 16.12.1989, ref. Oglesby 1995, 259.

بەرجەستەیان بۆ ئامادەبکەم. ئەستەم بوو ئەوە روونبکەمەوە کە من نوێنەرایەتیی هیچ رێکخراوێك ناکەمو تەنیا کتێبێك سەبارەت بە رەوشەکەیان دەنووسم.

فالا، کە تاقیکردوەنەکانی خۆی سەبارەت بە ئەزموونەکانی تاكو کۆمەڵی خەڵکی گواتیمالا لە ماوەی سالانی تیرۆدا کردوتە کارێکی بەڵگەنامەیی، هەستدەکات کە ئەنترۆپۆلۆجی دەتوانێت وەك ئامرازێك بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بخرێتەگەڕ. کۆڵەران دەتوانن ببنە ناوەندگیرێك، ئەوان دەتوانن دەنگی خۆیان بخەنە شوێنی دەنگی ئەوانەی کە رووداوە دزێوو تۆقێنەرەکانیان بینیوەو لەسایەیدا ژیاون.[1]

لە بەهاری 1998دا، هەوڵی تەماشای ئەو کۆڵینەوەو ماتریالانەمدا کە سەبارەت بە کێشەی کورد هەنو تێبینیمکرد کە بەگشتیی کۆڵینەوە لەبارەی ئەم بابەتەوە نییە. ئەوەی دیدێکی نوێی لەمەڕ کارەکەمەوە پێ بەخشیم، هەروەها هاتمە سەر ئەو بڕوایەی کە "تەنیا وەسفکردن"ی رەوشەکەش کارێکی بەهاداردەبێت، ئەوە کارێکی شەخسیی من نییە کە دەرمانو نەخۆشخانە بۆ کوردان ئامادەبکەم. هەروەها کارین نۆرمان، لەلایەن ئەو خەڵکەی لێیکۆڵینەتەوە تووشی هەمان کێشە بۆتەوە، پەنابەرە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ لە سوید پێویستییەکی مەزنیان بە هاوکاریی هەیە. ئەو تێبینیی ئەوەیکردووە کە خۆی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی ئامادەکردووە، بەڵام "یارمەتی" هەرگیز بەشێك نیە لە بواری کاری ئەو. مەزنترین یارمەتیی کە ئەو بتوانێت بیانداتێ ئەوەیە ئەو رێگایانە بدۆزێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئەو کێشانەی تایبەتە بەوان.[2]

ماریا .ب ئۆلوجیك، کە لە ئەمەریکاوە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی لە کرواتیا لە دیسەمبەری 1991دا لەماوەی جەنگدا بۆ ئەوەی لە وەزارەتی زانست کاربکات، هەستی خۆی رووندەکاتەوە:

"من رۆڵی خۆم وەك ئەنترۆپۆلۆجستێك تاقیدەکەمەوە کە بە ئاشکرا راهێنراوە هەڵوەستەیەکی بابەتیی لە تۆمارکردنو چاودێرییکردنی ئەوەدا هەبێت کە

---

[1] Falla 1994, 2-3.

[2] Norman 2000, 135 .

رووده‌ده‌ن. هه‌رچه‌نده‌، میتۆده‌كانی ئێمه‌ له‌ ئیتنۆگرافییدا بریتییه‌ له‌ چاودێرییكردنی به‌شداربوویه‌ك– به‌ڵام له‌ ره‌وشی ململانێی به‌رزدا، چۆن مرۆ له‌ نه‌هامه‌تیی و توندوتیژیی مرۆڤدا به‌شداربێت؟"[1]

فالاش رووبه‌ڕووی هه‌مان به‌زم بووه‌ته‌وه‌:

ئه‌وه‌ی پێیده‌وترێت چاودێریی به‌شداربوو خاوه‌نی رێگه‌یه‌كه‌ بۆ راكێشانی ئیتنۆگرافه‌ر بۆ بۆشایی ژیانی مرۆڤ كه‌ ده‌گونجێت ئه‌و هه‌رگیز پێی خۆش نه‌بووایه‌ بچێته‌ناوی، هه‌روه‌ها جارێك، نازانێت چۆن بێته‌ده‌ره‌وه‌ جگه‌له‌وه‌ی له‌رێگه‌ی نووسینه‌وه‌ نه‌بێت، كه‌ به‌باشیی خه‌ڵكی دیكه‌ش به‌دوای خۆیدا راده‌كێشێت، ده‌یانكاته‌ ته‌ره‌فێك له‌ كاری گه‌واهیدان.[2]

## به‌رپرسیارێتیی ئه‌خلاقیی

له‌ بۆلیڤیا له‌ساڵی 1967، كاتێك چی جیڤارا له‌ دارستانه‌ ئیستیوائییه‌كانی سانتا كروزدا ده‌جه‌نگا، جونا ناش، كارێكی مه‌یدانیی سه‌باره‌ت به‌ یه‌كێتیی پیشه‌یی كرێكاران له‌ شاری كانزایی ئۆرورۆ ئه‌نجامدا، ناش مشتومڕ له‌وباره‌یه‌وه‌ ده‌كات كه‌ مومكین نیه‌ رۆڵی چاودێرێكی پاك‌و بێلایه‌ن هه‌ڵبژێریت‌و هێشتا كاركردن له‌ كۆمه‌ڵه‌یه‌كی كانزاكاریی بچووكدا كه‌ كانزاكاران چوونه‌ته‌ نێو بوارێكی پیشه‌سازیی هاوچه‌رخ‌و داوای ده‌سه‌ڵاتیان تێدا ده‌كرد. ئه‌وه‌ ره‌وشی ململانێیه‌ك بوو كه‌ تێیدا رێگه‌ به‌ ته‌ماشاكه‌رێكی بێلایه‌ن نه‌ده‌درا. ئه‌و هه‌ستیكرد كه‌ ته‌نیا به‌ بوونی له‌وێ ده‌بێته‌ ئامرازێك له‌ كۆڵینه‌وه‌كه‌دا، هه‌ڕه‌شه‌ له‌ بونیاتی رۆڵی هه‌بوو ده‌كات‌و له‌ ململانێی پێناسه‌كه‌دا ئه‌مبه‌رو ئه‌وبه‌رێتی.[3]

هه‌میشه‌ هه‌ستمكردووه‌ كه‌ ئه‌نجامدانی ئه‌م كۆڵینه‌وه‌یه‌ بریتییه‌ له‌ "شتێكی

---

[1] Olujic 1995, 203 .

[2] Falla 1992, XII, ref. Manz ,1995, 262-263.

[3] Nash 1976, 150, 163.

دروست" کە پێویستە بکرێت. لەسەرەتای هۆکارەکاندا تەنیا هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەم زیاتر ویژدانیی بوو تا عەقڵانیی. پاش ئەوەی کە بینیم چەندە زانیاریی لەبارەی ژیانی خەڵکانی سیڤیل لە سایەی ئەم جەنگەدا کەمە، خوازیاربووم چەندە بۆم بلوێ بەخێرایی ئەم کۆڵینەوەیە تەواوبکەمو بڵاوی بکەمەوە. ئەم ئامانجە ئەوەندە لام بایەخداربوو کە بەئاسانیی توانیم پەشۆکاویی‌و لایەنی سۆزەکییم دەرحەق بەو رەوشگەلە تۆقێنەرە لەبیرکەمو چەندە دەتوانم تەرکیز بکەمە سەر ئەنجامدانی کارەکەم. هەروەها ئەوە یارمەتییدام بەسەر شۆکەکەمدا زاڵبم. کاتێك سەبارەت بە جەنگ دەنووسم شتێك دژی دڵڕەقیی‌و دڕندایەتیی ئەنجامدەدەم، ئەوەش واملێدەکات هەستێکی باشتر بکەمو لەماڵ بەتەنیایی دانەنیشمو بگریم. سۆزم بۆ کوردان گۆڕا بۆ خولیایەك بۆ تێگەیشتن لەو هۆکارانەی بۆتەهۆی ئەو رەوشەی تێیدان، هەروەها هەوڵمدا لەو سۆزە وزەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆڵینەوەیە بەدەستبێنم. گیانێکی هیوا کە هەروەها هێزی بە سکونتاب–کەنگاس بەخشیی کە کتێبێك سەبارەت بە جینۆسایدی زمان بنووسێت:

"ئەمە کتێبێکی گران بوو، بەڵام پێویست بوو کە بنووسرێت. هەروەها فرە ئازارو پەژارە(ناپێویست) لە ناوەخنی ئەزموونەکانی ئەو خەڵك‌و گروپانەن کە وەسفمکردوون...بەڵام هەروەها گەلێك خۆشیی‌و هاندانیشی تێدابوو، خەڵکەکە وزە، تێگەیشتن، کارو خۆشەویستییەکی سەرسوڕهێنەریان هەبوو، زۆر شت روویاندا."[1]

پرسێکی گرنگی دیکە بریتییە لە مەسەلەی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی، کاتێك مرۆ نەهامەتیی مەزنی کوردان دەبینێت دەست بەوەدەکات رەوشەکەی خۆی لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکات. ئیڤا جونك، ئەنتەرناسیونالیستێکی ئەڵمانییەو بە پەکەکەوە پەیوەستبووە. پاش چوار ساڵ شەڕکردن وەك گەریلا، لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1997دا، لەلایەن سوپای تورکەوە لە عێراق دەستبەسەرکراو ئێستا لە زیندانی سێواس سزای پازدەساڵ زیندانیی بۆ بڕاوەتەوە. ئەو روونیکردەوە کە هۆکاری

[1] Skutnabb-Kangas 2000c, xv .

**پەیوەستبوونی بە خەباتی چەکدارییەوە دژ بە سوپای تورکان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیاکانی ئەڵمانی چەك بە تورکیا دەفرۆشن. ئەوەش بەرپرسیارێتیی دەخاتە ئەستۆی گەلی ئەڵمان کە یارمەتیی کوردان بدەن.[1] لەماوەی یەکەمین سەردانم بۆ کوردستان، لەگەڵ نوێنەرایەتیی ئێن جی ئۆدا، بەدرێژیی سەبارەت بە پرسی ئەخلاقیی و ئەوەی کە ژیانی کوردان چەندە زەحمەتە قسەمانکرد، هەرچەندە ئێمەمانان زۆر بەختەوەرین کە لە وڵاتێکی دەوڵەمەندو دیموکراتیی لەدایکبووین. جونی پیریل، ئەندامێکی نوێنەرایەتییەکە، وەڵامی ئەم قسەیەی منی بەم وتەیە دایەوە" مرۆ پێویست ناکات هەست بە گوناهباریی بکات بەوەی کە لە وڵاتێکی دەوڵەمەند لەدایکبووە، بەڵکو لەبری ئەوە پێویستە ئەو راستییە بەرزبنرخێنێت کە ئەوە جیاوکێکەو بەرێگایەکی دروست کاری لەسەر بکات." هەوڵمدەدا لەکاتی هەستکردن بە بێهیوایی و ماندووبووندا، ئەم قسەیە بە بیرخۆم بێنمەوە. لە کۆبوونەوەیەکی (تۆڕا ناوەندێین لێکۆڵینێن ژنێن کورد) لە لەندەن لە ژوئیەی 1999، مشتومڕێکی درێژ لەبارەی ئاکارگەلی ئەنجامدانی کۆڵینەوە لەبارەی ژنانی کوردو بەشداریی لە کاری تۆڕەکەدا کرا. بەشداربووان ئەوەیان پەسەندکرد کە " ناتوانرێت یەکسانیی بەدیبهێنرێت لەکاتێکدا پێگەی خەڵکەکە وەك یەك نییە، ئەو خەڵکانەی دیارترن و سەرچاوەکانیان زیاترە هەروەها بەرپرسیارێتییەکەشیان زێدەترە."لەم چوارچێوەیەدا، دیارتر مانای وایە ئەنجامدانی کۆڵینەوەی زیاتر سەبارەت بەکوردان لەم هەرێمە (تورکیا، ئێران، و عێراق) فرە سنووردارترو مەترسییدارترە لەوەی کە لە دەرەوەی هەرێمەکە ئەنجامبدرێت.**

## سۆزی کۆڵەر لە پرۆسەی کۆڵینەوەدا

**ماتریاڵێکی زۆرم لەبارەی زیندانەکان و ئەشکەنجەدانەوە لە تورکیا خوێندبووەوە.**

[1] Lippmann-Kasten 1998.

هەرچەندە، خوێندنەوە لەبارەی ئەشکەنجەدانەوە زۆر جیاوازترە لەوەی خەڵکانێك ببینی کە ئەشکەنجەدرابن. زۆربەی گێڕانەوەکانیان هێندە ترسناك بوو وا هەستمدەکرد کە لەنێو چیرۆکێکی ترسناکدام کە ناتوانرێت راستیی بێت. لە بەهاری ساڵی 1998دا، چاپە سویدییەکەی کتێبەکەی مەهدی زانام خوێندەوە(پازدەساڵ لە زیندانی تورکاندا) زانا کە لەماوەی سالآنی 1977–1980 سەرۆکی شارەوانی ئامەد بووە، لەکتێبەکەیدا بەدرێژیی ئەو باسەی گێڕاوەتەوە کە چۆن لە زیندانی ژمارە 5ی دیاربەکر کە ناوبانگی وەك خراپترین زیندانی جیهان رۆیشتووە، ئەشکەنجە دراوە.[1] جارێکیان لەگەڵ هەندێك لە کوردان سەبارەت بەو کتێبە قسەمان کرد، پێموتن کە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بچووکە سێ رۆژی لێ بردووم، نەمدەتوانی خێراتر بیخوێنمەوە، چونکە ناوەرۆکەکەی زۆر ترسناك بوو. ئەوان تەنیا بەوە پێکەنین و وتیان کە ئەوروپییەکان ناتوانن سەبارەت بەو شتانە بخوێننەوە، هەروەها چاپە سویدییەکە بە بەراورد لەچاو نوسخە تورکییە ئەسڵییەکەیدا زۆر نەرمترە کە هیچ ئەوروپییەك ناتوانێت بیخوێنێتەوە. تەنیا دواتر زانیم کە یەك لەوانە بۆخۆی لە هەمان زیندانی ئامەددا بووەو هەمان مامەڵەشی لەگەڵدا کراوە. لەهاوینی ساڵی 1988دا، مەهدی زانام بینی و پێموت کە زۆر بۆم زەحمەت بوو کە کتێبەکەت بخوێنمەوە، ئەو وتی کە یەکێکی تریش هەمان شتی پێ وتووە، ئەوان لە خوێندنەوەی کتێبەکە راوەستاون و نەیانتوانیوە زیاتر بڕۆن.

"بەلآم من تێکڕای ئەو شتانەم نەنووسیوە کە بەڕاستیی لەو شوێنە روویانداوە. من و هاوڕێکانم بڕیاری ئەوەماندا کە نامانەوێت سەبارەت بە هەموو شتەکان بدوێن. زۆر ئەستەمە بۆ خەڵکی بڕوا بەوە بێنن کە هەموو ئەو شتانە بەڕاستیی روویانداوەو ئێمەش لەوێ بووین. کاتێك من لە ئینگلتەرا بووم و لەبارەی ئەو حەیوانەوە دەدوام، ئەو سەگە، کەسێك نەبوو لە حەقەتدا بتوانێت تێبگات، ئەوە لەنێو خەڵکەکەدا حاڵەتێکی بەهێزی

[1] Laber 1988, 14 .

سۆزهەژێنی هێنابووەئارا. بەڵام هەرچییەکی وتبووم راستە."[1]

ڤان برونسن، دەنووسێت ئەو کۆڵەرەی لە کۆمەڵکوژییەکان دەکۆڵێتەوە لەنێوان سۆزو رێزگرتنی بۆ هەواڵی قوربانییەکانیو پێویستیی بۆ زانیارییە بەڵگەییە باوەڕپێکراوەکاندا، دابەشدەبێت.[2] گۆسۆنی، روونیدەکاتەوە کە پابەندبوونی سۆزەکیی لەهەر بوارێکی کاردا پێویستییەکی بنەڕەتییە، بەڵام کاڵسۆزیی بۆ هەموو کۆڵینەوەیەکی رەخنەیی پێویستە. ئەمەش مانای ئەوەی کە توانای عەقڵیی کەسێك بەشێوەیەکی کاتیی لە سۆزو ئیحساساتی پاشەکشە دەکاتو لە هەستی پێکەوەبوون دەوەستێت. مانای ئەوەی چاودێرییکردنی رەوشەکە لە دوورایییەکی کاڵسۆزییانەوە، لە دیدێکی inter-subjective/ نێونابابەتییبوونەوە. وادەکات تێبینییگەلی بوارەکە میتۆدێکی باش بێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. لەم بوارەدا، نووسین رێگەیەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەستی خودی کەسێك، بۆئەوەی شرۆڤەیان بکاتو لێیان تێبگات، هەروەها ئەوە وادەکات کۆڵەر لە ماڵ هەست بە رەوشێکی نامۆ بکات.[3]

بۆ کارۆلین نۆلیس، ئەستەمی ژیانی گروپێك( لای ئەو شیزفرینیا بێلانەکان وەك کەیسێك ) تەنیا یەك لە بابەتی کۆڵینەوەکانە لەنێو ئەوانەی تردا. ئەو دەڵێت "ئازارەکانیان داتاکانی منن".[4] چۆكو جۆناسۆن، ئامۆژگاریی کۆڵەران دەکەن کە وەك هەر بابەتی کۆڵینەوەیەکی دیکە لە جینۆساید بکۆڵنەوەو رێگەنەدەن کارەکانیان بەهۆی سۆزو ئیحساساتەوە تووشی بێزاریی بێت.

"پێویستە جەختبکەینەوە کە ئێمە چەمکی جینۆساید بەو شێوەیە بەکاردەهێنن کە لەخوارەوە ناسێنراوە. ئەمە مانای ئامادەنەبوونی هەست، هەڵوێستو بژارە

---

[1] *Zana 1998* .

[2] Van Bruinessen 1994a, 175-175 .

[3] Gothóni 1997, 142-143.

[4] Knowles 2000, 61.

ناگەیەنێت، دەتوانرێت ئەمانە بەجیا دەربڕێن. بەڵام لەوکاتەوەی وا وەرمانگرت کە تێکڕامان دژی جینۆسایدین، ئەوسا واباشترە ئێمە بەشێوەی کارێکی زانستییانە بەردەوامبین"[1]

ریتا گرانفێڵت، نامەی دکتۆراکەی سەبارەت بە ژنانی بێلانەی فینلەندیی نووسیوە. لە کۆکردنەوەی مەتریاڵی بابەتەکەیو چاوپێکەوتنی لەگەڵ 21 ژندا رووبەڕووی ئازارو نەهامەتییەکی قووڵ بۆتەوە کە کاری تێکردووە. ئەو هەستیکردووە کە پاش ئەوەی بۆ یەکەمین جار هەندێك دوورایی لێیانەوە وەرگرتووە، توانیویەتیی زیاتر بچێتە نێو قووڵایی چیرۆکی ژنەکانەوە. گرانفێڵت روونیدەکاتەوە کە ئەمە گرنگو بەهادارە بۆ کۆڵەر کە هاوسۆزیی لەگەڵ ئامانجی کۆڵینەوەکەیدا هەبێت، بەڵام دیدێکی هاوسۆزیی ئەوکاتە مومکینە کە کۆڵەر سەراپا غەرقی سۆزو ئحیساسات نەبێت. پێویست ناکات کە گێژەڵوکەیەکی سۆزەکیی ئەزموون بکەین بۆئەوەی هەست بە هاوسۆزیی بکەین. میتۆدێکی کارکردن کە تێگەیشتنێکە بیرکردنەوەیەکی شرۆڤەکارییو چڕکردنەوەیی دەگرێتەخۆ کە ناتوانێت تەنیا بە سۆزەوە پەیوەست بێت. هاوسۆزیی دیالۆگێکە لەنێوان سۆزو بیرکردنەوەدا، هەروەها دیالۆگێکی هاوکاتە لەنێوان خودی کەسێكو خەڵکانی دیکەدا.[2]

ئەنجامدانی ئەم کۆڵینەوەیە کارێکی ئەستەم بوو، چونکە ئەمە یەکەمین رووماڵگەلی رەوشەکەی خەڵکی سڤیلە لە باکووری کوردستان. پێشتر چ رووماڵێك نییە کە میتۆدەکانی هەمان ئەوانە بن کە من بەکارمهێناون، نە ئەو تایبەتمەندانەی کە من راوێژم پێکردوون، نە ئەو ئەرشیفو تۆڕە ئەکادیمییانەشی من بەکارمهێناون. لە هەمان کاتدا خولیایەکە بۆ هێنانەئارای شتێکی نوێ. هەستدەکەم من ئەو جیاوکەم پێبڕا کە بتوانم چاودێریی ئەو رووداوە مێژووییانە بکەم. زستانی 1988–1999، کاتێك عەبدوڵلا ئۆجەلان یەکەمجار لە رۆما دەرکەوتو دواتر لە

---

[1] Chalk and Jonassohn 1990, 3-4.

[2] Granfelt 1998, 28-30 .

نەیروبی دەستگیرکرا، بۆ کوردان شکستێك بوو کە هاوشێوەی هەڵواسینی شێخ سەعید لە سێپتەمبەری 1925و هەڵواسینی سەید رەزا لەزستانی 1937–1938 دا بوو. بەڵام جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ساڵی 1999دا بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی ساڵانی بیستەکانو سییەکان کاردانەوەی نواند. دەگونجێت ئەم ساڵانە لە کێشەی کورددا خاڵی وەرچەرخان بن. بەئاگابوونم لە ناوازەیی رەوشەکە هۆکارێك بوو کە یارمەتییدام لەبیرکردنەوەم سەبارەت بە سۆزی خۆم بوەستمو سەر بکەمە سەر کارەکەم.[1]

## ئاسایشی زانیارییبەخشەکان

کاتێك فلیپ بۆرجویس خەریکی ئەنجامدانی کارێکی مەیدانیی بوو لە کەمپی پەنابەرەکانی سلڤادۆر لە هندۆراس لەسەرەتای ساڵانی 1980کان، کڵێساو رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو کەمپەیان بەڕێوەدەبرد پێشوازییان لێکرد. ئەوان هەستیانکرد کە بوونی کۆڵەرێك لە پێگەیەکی باشدا دەبێت کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دیکیومێنتاریی بکات. بەڵام ئەو سەری سوڕما پاش

---

[1] من ئەمە لە هەڵەیەکی تاڵەوە فێربووم. لە سێپتەمبەری 1997دا، لەکاتی فیستیڤاڵی شەمەندەفەری ئاشتیی موسا عەنتەردا، من بەشداربوویەکی بەرنامەی Med-TV بووم، ئێمەی بەشداربوو ئەوەمان داواکرد کە لەرێگەی پەیوەندیی تەلەفونییەوە پرسیار لە ئۆجەلان بکەین. من دەمویست لێی بپرسم کە چۆن سەبارەت بە حوسنکێفو پلانی حکومەت بۆ وێرانکردنی لەرێگەی بنیاتنانی بەندی ئیلسو بیردەکاتەوە. بەڵام بڕیارمدا کە هیچ شتێك نەڵێم، چونکە درەنگ گەیشتمە بەرنامەکە (سەفەرەکەم بۆ برۆکسل دواکەوتبوو). ئەو کوردانەی لەوبارەیەوە قسەم لەگەڵ کردن هەمیشە پێیان دەگوتم کە دەرفەتگەلێکی دیکە دێتەپێش. تەنانەت ئەو کاتەی کە ئۆجەلان لە رۆما بوو، هیچ هەوڵێکی ئەوتۆم نەدا کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا سازبکەم ، تەنیا پلانم بۆ ئەنجامدانی گەشتێك بوو بۆ تورکیا و لەوە دەترسام کە چاوپێکەوتنێکی بەوچەشنە دەسەڵاتدارانی تورك دەورووژێنێت. لەبەرئەوە ئەم ئەگەرانە لەدەستچوونو چ دەرفەتیچکی نوێش نەهاتنەپێش.

ئەوەی درکی بەوە کرد کە پەنابەرەکان پەرۆشبوون بۆئەوەی خەڵکانێکی بیانیی لە کەمپەکەدا لەگەڵیان نیشتەجێبن. ئەوان هیوایان بەوەبوو کە بوونی بیانی دەشێت رێگرێك بێت لە کارمەندانی سەربازیی خۆجیٚ کە بگلێنە پەلاماری لابەلاوە. بۆرجویس گێڕایەوە کە لەجیاتی ئەوەی پەنابەرەکان بکەونە بەر مەترسیی، ئامادەیی جەستەیی کۆڵەران بڕێك ئاسایشی بەوان بەخشی.[1] لەتورکیادا، رەوشەکە بەتەواویی پێچەوانە بوو، هەر هاوڵاتییەکی تورکیی هاوکاریی هەر رۆژنامەنووسێکی بیانی، چالاکوانی مافی مرۆڤ یان کۆڵەرێك بکات ئەوا ریسکی ئەوە دەکات زیندانیی بکرێتو ئەشکەنجە بدرێت. وێڕای ئەوەش، هێشتا خەڵکانێکی زۆر هەن کە خوازیارن رێبەریی بیانییەکان بکەنو سەبارەت بە رەوشەکە هەواڵو زانیارییان پێبدەن. هۆکاری ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان، ئێن جی ئۆکانو هەروەها رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەوەندە پێویستییەکی زۆریان بە پشتگیرییە لە دەرەوە کە چالاکوانەکانیان بۆ ئەوە ئامادەدەکرێن کە لەپێناو سوودی رێکخراوەکانیان ریسکی شەخسیی بکەن.

شیپیر هۆوز، کارەمەیدانییەکەی خۆی بۆ گەڕەکە هەژارنشینەکانی بەرازیل بۆماوەیەکی درێژ دواخست. ئەو هەستیکرد کە ناتوانێت بڕوات تاکو بەرازیل لەسایەی دیکتاتۆریی سەربازیی بمێنێتەوە، ئەوەی پشتی بە ئەشکەنجەو هەڕەشەکردن بە ئەشکەنجەدان، زیندانییکردنو دوورخستنەوە بەستبوو. هەربۆیە سەلامەتییو ئاسایشێك نەبوو، چ بۆ ئەو گروپەی جێگەی ئامانجی کۆڵینەکەبوون، یاخود بۆ خودی کۆڵەر.[2]

ریسکێکی مەزنە بۆ کوردان کە قسە لەگەڵ بیانییەکدا بکەن لەکاتێکدا ئەندامێکی دەزگای میت لەوناوەدا بە کامێراکەیەوە یان ڤیدۆکامێراکەیەوە وەستابێت. لەڕاستییدا ئێمەی بیانی ئەوەمان دەزانیو نەماندەویست ببینەهۆی هیچ ئازارێك بۆیان. سیدی نەزیفە لە بارەگای پارتی (HADEP/ هادیپ)ی سەر بە کوردان لە

---

[1] Bourgois 1990, 48.

[2] Scheper-Hughes 1992, 14-15. 

وان، له مارتی 1988دا، چاوی به نوێنەرایەتیی فینلەندیی کەوتبوو، کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرابوو که ئەو چاوپێکەوتنه چەنده لەسەری دەکەوێت، وەڵامی ئەوەبوو:

" لەسەدا سەد دڵنیام که ئەم ئێوارەیه لەبارەگای پۆلیس دەستبەسەر دەبم. لەماوەی ئەمساڵدا پێشتر دوو جاری دیکه دەستبەسەرکراوم تەنیا لەبەر ئەوەی که سەردانی بارەگای هادیپم کردووە."[1]

سەلامەتیی زانیارییبەخشەکانی خۆم له تورکیا، زیاتر له سەلامەتیی خودی خۆم، هەمیشه جێگەی دڵەڕاوکێی بەردەوامم بووە، چونکه دەوڵەتی تورکیا سیاسەتی غافڵکوژیی چاودێرانی بیانیی نەبوو. یەك له نموونه ترسناکەکان، چارەنووسی رۆژنامەنووس حافز ئاکدەمیر بوو، ئەوەی که رێنیشاندەری یەکەمین نوێنەرایەتیی فینلەندیی مافەکانی مرۆڤ بوو له ئامەد لەساڵی 1992دا. ئەو هەر ئەوەنده دوای ئەوەی نوێنەرایەتییەکه وڵاتەکەی جێهێشت، کوژرا. ئەو رووداوه برینێکی قووڵ بوو له دڵی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤی فینلەندیی‌و مەسەلەکەش بەئاشکرا مشتومڕی لێوەنەکرا. لەم ساڵانەی دواییدا، نوێنەرایەتیی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ئەو وەرگێڕانەیان بەکاردەهێنا که هەڵگریی رەگەزنامەی یەکێك له وڵاتەکانی یەکێتیی ئەورووپا بوون. ئەوانه زۆرجار هاوڵاتیانی پێشووی تورك بوون، چونکه کەم له ئەورووپییەکان هەبوون که بەتورکیی قسەبکەن یاخود کوردییەکی رەوان بئاخفن، هەروەها سەلامەتیشیان هەمیشه لەماوەی گەشتەکەدا جێگەی دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام بوو.[2] بەلای منەوە، هیچ چاودێرێکی بیانیی له مردنی حافز ئەکدەمیر گوناهبار نییه، ئەو خۆبەخشانه کاری بۆ رۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆن

---

[1] Sidi Nezifa, interviewed in Lodenius 1998a, 6.

[2] لەماوەی گەشتێك بۆ تورکیا، وەرگێڕەکەی نوێنەرایەتیی ئینگلیزیی، نافیز بۆستانچی، تووشی هەوڵێکی غافڵکوژیی بووەوەو تێدا گیانی بەسەلامەتی دەرکرد، نیلوفەر کۆچ که وەرگێڕی نوێنەرایەتییەکەی ئەڵمانیا بوو، گیراو دەستبەسەرکرا. Berger et al. 1998, 101; Koç 1995

دەکردو لە وڵاتێکدا چاوی بە بیانییەکان دەکەوت کە خۆی ڕەوشەکەی دەزانی. بەهەرحاڵ، کارە مەیدانییەکەی من لەوەی شیپیر هۆوز جیاواز بوو لەو ڕووەوە کە گەشتەکەی من بۆ تورکیا فرە کورتخایەن بوو، کە نزیکەی یەك دوو هەفتە دەبوو. بۆ من نەدەگونجا کارێکی مەیدانیی ئەنترۆپۆلۆجستێکی سوننەتیی ئەنجامبدەمو چەندین مانگ لەنێو کوردانی گوندەکان یان گەڕەکە هەژارەکانی هەندێك لەشارەکاندا بگوزەرێنم لە هەرێمێکدا کە لەحاڵەتیی ڕەوشی ئاوارتەدا بوو. بوونی ژنە قژکاڵێکی ئەوروپیی، زوو یان درەنگ، سەرنجی دەزگا هەواڵگرییەکانی رادەکێشاو زانیارییبەخشەکەشم دەستگیردەکرا. ئەم سیناریۆیە زۆر ئاشکرا بوو کاتێك لە یەکێك لە گەڕەکە تورکە هەژارنشینەکاندا ڕووداێکی ئۆتۆمبێل ڕوویدا، ئەو ئۆتۆمبێلەی کە من سەردانەکەم پێ دەکرد لە منداڵێکی بچووکی دا، لەماوەی چەند چرکەیەکدا خەڵکانێکی توڕە لە دەورمان قەرەباڵغییان دروستکرد. لە ڕەوشێکی وادا چی ڕوودەدات گەر بێتو پۆلیس بێتو بۆی دەرکەوێت کە شۆفێرەکە لەو ڕووداوەدا تاوانبارە، لەوەش خراپتر، بۆتە ڕێنیشاندەری سیخوڕێکی بیانیی. بۆ خۆشبەختیی، منداڵەکە برایە خەستەخانە پێش ئەوەی پۆلیس دەستوەرداتە ڕووداوەکەوە.

گرانفێڵت، مشتومڕی لەبارەی ئاکاری کوڵینەوەکەی سەبارەت بێلانەیی لەنێو ژنانی فینلەندیی کردووە، کوڵەر چ مافێکی هەیە تاکو بچێتە نێو ژیانی گروپە بەئامانجکراوەکەوە؟ ئەو وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆی دەداتەوە بەوەی ڕوونیدەکاتەوە کە چیرۆکەکانی ژنانی بێلانە، کوڵینەوە فیمینستییەکان دەوڵەمەند دەکاتو ئەوەش بە بواری کۆمەڵایەتیی-سیاسییەوە پەیوەستە.[1] ڕەوشی کوردانی ڕاگوێزراو لە ژنانی بێلانەی فینلەندیی جیاوازە، لەتورکیا جەنگێك بەڕێوەدەچێت بەڵام فینلەند کۆمەڵگایەکی مەدەنییە. مشتومڕ لەبارەی هۆکارەکانی بێلانەییو هەژاریی لە فینلەند بەشێکی ئاساییە لە دیسکۆرسێکی ئەکادیمییوسیاسیی. بەڵام لە تورکیا سوپای تورك جەنگێکی توندیی نزمەئاست دژی کوردان

[1] Granfelt 1998, 39-40 .

بەرپێوەدەبات کە یەك لە میتۆدە گرنگەکانی بریتییە لە سانسۆر تاکو سەرنجی نێودەوڵەتیی کزبکاتو هەروەها پشتگیریی قوربانییەکانی جەنگەکە کەمبکاتەوە. پێگەی تاکە زانیارییبەخشەکان پێویستە دژی ئەم پێشینەیە ببینرێت. زانیاریی سەبارەت بە رەوشی کوردان بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك ئاکامگەلی ئەرێیی بێتەئارا. بەڵام پێویستە بۆ هەر کۆڵەرێك، رۆژنامەنووسێك، چاودێرێکی مافەکانی مرۆڤ یاخود هەرکەسێك سەردانی تورکیا یان هەر ناوچەیەکی جەنگ بکات بەباشیی لەم رەوشگەلە بەئاگابێتو بە تەواویی پابەندی کارەکە بێت، لەبەرئەوە بەتەواویی ئەو زانیارییانە دابەشبکات کە دەستیدەکەوێت، بەپێچەوانەوە ئەو قوربانییو مەترسییانەی رووبەڕووی زانیارییبەخشەکان دەبنەوە بەهەدەر دەڕوات.

ئەوەش گرنگە خەڵکانێك کە کاتی خۆیان تەرخاندەکەنو ریسکی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ کۆڵینەوە دەکەن، هەروەها زانیارییان لەبارەی ئاکامەکانییەوە پێبگات. من زۆرجار ئەم جۆرە گازەندەو گلەییانەم بیستووە:

"زۆر لە نوێنەرایەتییەکان دێنە تورکیا، ئەوانە پرسیارێکی زۆر دەکەن، ئنجا پاشتر دەڕۆن، بەڵام هیچ کات زانیارییەکمان لەوبارەیەوە پێنادەن کە چی دەکەن. ئەوانە ئێمە ئیستیغلال دەکەن، ئەوان بۆ گەشتەکان پارە وەردەگرن، زۆرێك لە ژنان ریسکی ئەوە دەکەن کە لەگەڵ بێگانانندا قسان بکەن، بیانیەکان وێنەیەکی زۆری ئێمە دەگرن، ئەوانە چی لەو وێنانە دەکەن؟ ئایا بۆ ئەوە بەکاریدەهێنن کە پارەی پێ وەربگرن؟ ئەوانە کاتێك تەماشامان دەکەن روویەکی سەیریان هەیە، هەروەك ئەوەی بەزەییان پێماندا بێتەوە."[1]

پێویستە بڵێم کە یەکەمین کاردانەوەم بۆ ئەم چەشنە گلەییو بێزارییانە، توڕەبوون بوو. زۆربەی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ کاتێکی زۆر (هەروەها پارەش) سەرفدەکەن تاکو لە وڵاتەکانی لەمەڕ خۆیان سەرنج بۆ گرفتەکانی تورکیا رابکێشن، ئەوان قازانجی مادییان لەم کارە چنگ ناکەوێت. ئەو ئەوروپییانەی سەردانی تورکیا دەکەن زۆرجار رووبەڕووی ئەم گلەییانە دەبنەوە. نوێنەرایەتییەك کە لەلایەن

[1] *a woman, Istanbul.*

پرۆژەی مافی مرۆڤی کوردییەوە نێردرابوون، لەلایەن گوندنشینە راگوێزراوەکانەوە سەرزەنشت کرابوون، ئەوان وتبوویان کە "نوێنەرایەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ هەمیشە دێن و پرسیارمان لێدەکەن، بەڵام هیچمان بۆ ناکەن."[1] بەڵام پرۆژەی مافەکانی مرۆڤی کوردیی رێکخراوێکە کە سەدەها کەیسی دژی دەوڵەتی تورکیا خستۆتە بەردەم دادگای ئەوروپیی مافی مرۆڤ، یەکێکە لە رێکخراوە چالاکەکانی ئێن جی ئۆکان کە بایەخ بە کێشەی کورد دەدات. بەڵام هێشتا بێهیواییەکانی گوندنشینان دەتوانرێت مایەی لێتێگەیشتن بێت. ماکدۆواڵ سەبارەت بەم دژوارییە دەڵێت:

" راستییەکی بەرفراوان سەبارەت بە گومانی گوندنشینە راگوێزراوەکان هەیە. توانای گروپەکانی مافەکانی مرۆڤ بە توندیی بەرتەسککراوەتەوە، نەك تەنیا بەهۆی سنووردارێی سەرچاوەکان و نفوزی تایبەت بەخۆیان، بەڵکو زێدە گرنگتر، ئەو توانایە بەهۆی سنووردارێی جدیبوونی ئیرادەی ئەوروپییەکان و حکومەتەکانی دیکەی رۆژئاوا بۆ پرسی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها داخۆ ئەوان ئامادەن ئەو بایەخە بدەن بەو پرسانە کە شایەنین.[2]

کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر زانیارییبەخشەکان لە تورکیا مرۆ دەبێت لە واقیعی تێنەپەڕنێت، چاوەڕوانیی ناواقیعی نەهێنێتەئارا، بەتەواوییش ئەو بەڵێنانە بێنێتەدی کە داونی. من هەست بە بێهیوایی دەکەم کاتێك چاوێکەوتنم لەگەڵ ژنانێکی راگوێزراو لە ئامەد بەبیردێنمەوە. ئەوان گیرۆدەی چەندین نەخۆشیی بوون، ئەوان بنکەی تەندروستیی و دەرمانی هەرزانیان دەویست، هەروەها ئەوە لەسەروو ئەو توانایەی منەوە بوو کە دەمویست بۆیان روونبکەمەوە چۆن پرۆژەی کۆڵینەوەیەك سەبارەت بە جەنگ دەتوانێت سوود بە کوردان بگەیەنێت. لەکاتێکدا چەندین چالاکیی سۆڵیدارێتی(هاوبەستەگیی) لە ئەوروپا بەڕێوەدەچێت، چەشنە کەلێنێکی پەیوەندیی وا لەڕاستییدا جێگەی داخە. کۆڵینەوەو کاری سۆڵیدارێتی

---

[1] KHRP 1996, ii.

[2] McDowall, KHRP 1996, ii-iii.

دووشتی جیاوازن، بەڵام زۆربەی جار ڕێکخراوەکانی سوڵیداریتی بۆ مەبەستی کرداریی سوود لەو زانیارییانە دەبینن کە کۆڵینەوەکان کۆیدەکەنەوە. بەپشتبەستن بە جۆری کۆڵینەوەکەو هەروەها تاچەند کۆڵەر لەگەڵ زانیارییبەخشەکان لەپەیوەندییدایە، پێویستە پرۆژەگەلێك بە مەبەستی سیاسیی یاخود مرۆڤدۆستانە ڕێکبخرێت بۆیە ڕێکخراوێکی لۆکاڵیی دەبێت(یان هاوشێوەیەك) کە پێکەوە پرۆژەکە ئەنجامبدەن، ئەوەی کە هەروەها دەبێتە کەناڵێك بۆ پەیوەندییکردن. ئەوە جێگەی بایەخە کە هەرکەسێك سەردانی کوردستان یان هەر هەرێمێکی جەنگ دەکات، ڕاستگۆیانە بیر لە هاندەرەکانی گەشتەکەی بکاتەوە، گەڕان بەدوای قازانجدا هۆکارێکی پەسەند نییە بۆ سەردانی ئەوێ.

# چوارەم: میتۆدەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی

## 4: 1 میتۆدەکان و ماتریاڵی کۆڵینەوە

جاکلین .پ وایزمان، کۆڵەری جۆریی بە ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە کەیسی کوشتنێکی سوننەتیی ئاڵۆز، وێنادەکات، ئەو بێ گومانلێکراوێك دەستپێدەکات، هەربۆیە ئاکامەکەش تەواو کراوەیە. بەبەراورد لەگەڵ رووماڵکردنی کۆڵینەوەدا، بۆ نموونە، ئەو رەگەزانەی کە لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێت وا بیریان لێدەکرێتەوە کە زۆرجار ناسراو بن– زیاتر وەك ئەو پیاوکوژەی کە میتۆدی تاوانکارییەکەی بۆ پیاوانی پۆلیس ئاشکرایە. لەکۆڵینەوەی جۆرییدا، میتۆدی کۆکردنەوەی داتا و میتۆدی چارەسەرکردنی پێکەوە گرێدراون و هەر پێکەوەش پەرەدەگرن.[1] ئەم بەراوردکارییە وەسفی ئەوەدەکات کە کۆڵینەوە لە رەوشی تەندروستیی لەسایەی هەلومەرجی جەنگدا چییە. بۆ من، تەماشاکردنی سەرچاوە سوننەتییەکانی زانیاریی، وەك سەرژمێرییەکان، شتێکی بێهودە بوو. هەروەها هەستم بە بێهیوایی کرد کاتێك میتۆدەکانی کۆڵینەوەی سوننەتیی و ئامۆژگارییەکانم لەوبارەیەوە بەراورد دەکرد کە چۆن کاری مەیدانیی بکرێت.

شیلی تایلەر، وەسفی بنەماکانی کۆڵینەوەی ئیتنۆگرافی کردووە، هەروەها هەندێك جار دەتوانرێت بوارەکە بەگشتیی فراوانبکرێت بۆ لەخۆگرتنی کۆڵینەوەی جۆریی، بۆ نموونە، کۆڵینەوەی ئیتنۆگرافی گشتگیرە، بەمانایەکی دی، ئەو بەشانەی وەسفدەکرێن پەیوەندییان بە تەواوی حاڵەتەکەوە هەیە. کۆکردنەوەی داتاکان لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی تیۆریی دەبێت و بەراوردکارییە، لەبەرئەوە کۆڵەر

---

[1] Wiseman 1974, 317-318 .

گشتاندن له حاڵەتێکەوە بۆ ئەوانی تر دەکات. ئامانجی شرۆڤەکاریی ئیتنۆگرافی تەنیا ئەوەنییە بابەتەکان پێناسەبکەیت، بەڵکو دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیانە.[1]

ئیتنۆگرافی رەخنەیی بریتییە لە میتۆدناسییەك کە "بەشێوەیەکی ستراتیژیی دانراوە تاکو رووناکیی بخەنەسەر پرسگەلێکی فراوانتری کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، سیمبولیی‌و ئابووریی." ئەوەی جەخت دەکاتە سەر ژینگەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی ئەو گروپانەی لێیان دەکۆڵرێتەوە. چاودێریی بەشداربوو میتۆدێکە زۆرجار لە ئیتنۆگرافیادا بەکارهێنراوە. تایبەتمەندییەکانی بریتیین لە أ- مەبەستێکی دوولایەنەی هەیە( چاودێر هەم تەماشاکەرەو هەم بەشداربوو)، ب- کۆڵەر لەو چاودێرییە بەردەوامەکان بەئاگایە، ج- رەوشەکە بە زەرەبینێکی پان دەبینرێت کە تەماشای ئەودیوی هاوێنەکە دەکات، د- دیدێکی دوولایەنەی هەیە(ناوەکیی- دەرەکیی)و هەروەها هـ- تۆمارێك دادەنرێت بۆ ئەوەی دەبینرێن یاخود ئەزموونەدەکرێن. چاودێرە بەشداربووەکانی خۆم سێ تایبەتمەندیی یەکەم دەگرنەخۆ هەروەها هەوڵمداوە کە دیدێکی ناوەکیی پەرەپێبدەم(وێڕای ئەو راستییەی کە کوردان بە ئاشکرا منیان خستە پێگەی دەرەکییەوە).[2]

من زۆربەی کات تێبینیی مەیدانیم نووسیوە، بەڵام ئێستاکە، واهەستدەکەم کە دەبووایە بە وریاییەوە ئەوەم بکردایە. لە تورکیا، هەرچیەکم بینیبێت بە درێژیی نووسیومە، بەڵام بەداخەوە لەئەوروپا هەمیشە ئەوەم نەکردووە، لەبەر ماندوێتیی یاخود هەستم بەوەکردووە کە کات نییە. هەندێکجار کە بەنێو تێبینییەکان‌و ئەو وێنانەدا تێدەپەڕم کە لامن، دان بەوەدا دەنێم کە شتگەلێکم درك کردووەو لێیتێگەیشتووم کە جیاوازن لەوانەی پێشوو، هەروەها هەندێکجار تەنانەت شتی نوێشم وەبیردێتەوە. تویجا لینکیڤیست، دەڵێت کە ئەو چەندین شتی نوێی وەبیرهاتووەتەوە کە پێشتر نەینووسیون‌و تەنانەت سالێك یان دوو بەسەر

---

[1] Taylor 2001.

[2] Van Maanen 1988, 127; Taylor 2001.

دانیشتنی چاودێرییەکەشدا تێپەڕیوە. هەندێك لە کۆڵەران ئەو تێبینییەیان هەیە کە وەبیرکەوتنەوەی چاودێریی پاش ماوەیەکی درێژ بریتییە لە دیاردەیەك کە تێیدا ئامۆژگارییەك لە ئەدەبیاتی میتۆدناسییدا نییە. بڕوام وایە کە ئەوە پرسی تێگەیشتنی ڕەوشەکەیە لە قۆناغێکی پاشتردا. هەندێکجار پاش خوێندنەوەی شتێك، شتێکی هاوشێوەم بیردەکەوێتەوە کە لەکاتی چاودێرییکردندا بە تەواویی باش لێیتێنەگەیشتبووم. نموونەیەك لەمبارەیەوە دەدەم: ژنێکی کورد پێیوتم کە خوشکە بێوەژنەکەی دەبێت مێرد بە شووبراکەی بکات، هەروەك لە داب‌ونەریتی کورداندا هەیە. ئەو لەکاتێکدا ئەمەی بە من ڕاگەیاند شەرمی دەکرد، چونکە ئەو دەیزانی کە ئەمە لە ئەوروپادا باونیە. لە فیلمەکەی "یۆل" ی یەلماز گۆنای دا، دیمەنێك هەیە کە پیاوێکی کورد بە براژنەکەی ڕادەگەیەنێت کە مێردەکەی مردووەو بەوەی پێیدەڵێت کە ئەو دەبێتە مێردە نوێیەکەی. کاتێك ئەم دیمەنەم بینی، ئەو مشتومڕەم وەبیرکەوتەوە هەروەها ئەوسا بەتەواویی چوارچێوەکە تێگەیشتم.

من شێوازی جیاوازی کۆکردنەوەی ماتریاڵو تەکنیکی داتام بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە بابەتەکە بەکارهێناوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکانی کورد، چاودێریی بەشداربوو، ڕاپۆرتگەلی سەفەرو ڕاپۆرتەکانی چاودێرانی ماڤی مرۆڤ ، هەروەها سەرژمێرییەکان سەبارەت بە ڕەوشی هەرێمەکانی کوردستان. زانیارییەکانی ئەم سەرچاوانە بەراوردکراون. ئەو زانیارییانەی کە هەن زۆر ورد نیین، بەڵام فکرەیەکی روون لەوبارەیەوە دەبەخشێت کە لە باکووری کوردستان ڕوودەدات، کە دەتوانێت وێنەیەکی سیستماتیکی تەواو سەبارەت بە ڕەوشگەلەکەی ئەوێ وێنابکات.

## چاوپێکەوتنەکانو چاودێرییکردن

لەساڵی 1997دا، دووجار لەگەڵ گروپی مافەکانی مرۆڤدا سەردانی تورکیام کرد.

لە سێپتەمبەری 1998دا، هەفتەیەکم لە ئەستەمبوڵ بردەسەر، هەروەها لە یەنایەرو فێبرایەری 1999دا، بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ بە تەنیا سەردانی ئەنقەرە، ئەستەمبوڵو هەروەها ئامەدم کرد. لە فێبرایەری 2000دا، سەردانی ئەستەمبوڵم کرد بۆ ئەوەی بەشداریی لە کۆنفرانسی "ژنو ئاشتیی" بکەم، بەڵام ئەم کۆنفرانسە ڕەتکرایەوە چونکە دەسەڵاتداران مۆڵەتی ئەنجامدانیان پێ نەدا. لە فێبرایەری 2001دا، دوو هەفتەم لە ئەنکەرە، ئامەدو ئەستەمبول بردەسەر، بەڵام لەم کاتەدا نزیکەی ئەوەندە ماتریاڵم هەبوو تاکو ئەم کۆڵینەوەیە ئەنجامبدەم.

هەروەها من زانیارییم لەرێگەی چاوپێکەوتنی ژنانو پیاوانی کوردەوە لە ئەوروپا کۆکردەوە. چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ بیستو پێنج کورددا لەسەر کاسێتی ڤیدیۆیی تۆمار کرد، نۆ پیاوو شازدە ژن. هەندێك لەوانە ئەو خەڵکانە بوون کە زانیاریی تازەیان لەمەڕ ڕەوشەکە هەبوو، بەهۆی ئەوەی کە ئەوانە تازە لە کوردستانەوە وەك پەنابەر گەیشتبوونە ئەوروپا، یاخود هەندێکیان بەم زووانە لەوێ بوون، بۆ نموونە، پشووەکانیان لەوێ بەسەر بردبوو. هەندێکی دیکە لەوانە زۆریان لە بارەی پرسەکەوە دەزانی، چونکە چالاکوانی کۆمەڵە کوردییەکان بوون. هەندێك لەو خەڵکانە بە ناو ناویانهێنراوە، بەوەی کە هەموویان لە سیاسەتو کەلتووری کوردییدا چالاکن، بەڵام پازدە کەس ناویان بەشاراوەیی ماوەتەوە. ئەو کوردە چالاکوانە سیاسییو کەلتوورییانەی من چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون بریتیین لە: هالە عەنتەر، ئاکین بیرداڵ، م. ئەمین بوزئەرسلان، هانیفە چەلەبی، نەدیم داگدیڤریم، ئێرین کاسکین، نازەنین.م ڕەشید، حیکمەت تاباك، ڕەهسان یوروزلو، هەروەها مەهدی زانا. پازدەکەی دیکە ئەو ژنو پیاوانەن کە لە ئەوروپا وەك پەنابەر دەژین، پێنج لەوانە تەمەنی لەنێوان 20–30 دایە، پێنجیان 30–40و باقی دیکەش لەژێر 50 ساڵییەوەن. پێنج لەو کەسانە مامۆستاو چواریان ژنی ماڵەوەن، یەك لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە دوکانی پیتزای هەیە، چواریان خوێندکارنو یەکێکی دیکەشیان پەرستارە، بەتایبەت پەرستارەکەیان زانیارییەکی زۆر دورودرێژیی پێدام. لەم کۆڵینەوەیەدا زانیاریی تێدایە کە لە دوو پەرستار

وەرگیراون، یەکێکیان کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە ناوی نەهێنراوە، ئەوی تریشیان "هانیفە" کە پەرستارو ئەندامی دەستەی ساغڵەمی دیاربەکرە. ئەو چەندین گوتاری لەمەڕ ڕەوشی تەندروستیی لە باکووری کوردستان لە ئینتەرنێتدا نووسیوە. زۆربەی ئەو کوردانەی چاومانپێکەوتوون لە کوردستانی بەشە تورکییەکەوە هاتوون، یەکێك لەوانە خەڵکی سوریایەو یەکێکیش لە ئێرانەوە، هەروەها دووانیان لە عێراقەوە هاتوون. هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی سەرەکیی پرسیاریان سەبارەت بە زانیاریی گشتیی لەمەڕ خەڵکانی خۆیانەوە لێکراوە. چاوپێکەوتنەکان لە بەلجیکا، هۆڵندا، سویدو هەروەها لە تورکیادا کراون. ئەو تۆمارانەی هەن جیاوازن لەنێوان دە خولەك بۆ دوو سات‌و نیو. من تێبینیم لەسەر دە سات چاوپێکەوتن نووسیوە. بابەت‌و پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکان بەگوێرەی ئەو پرسانەی کە چاوپێکەوتووان زانیاریی باشیان لەبارەیەوە هەیە، جیاوازە. زۆرجار پرسیارم لە چاوپێکەوتووان کردووە کە وەسفی شوناسی خۆیان وەکو کورد بکەن، باس لە نەخۆشییەکان بکەن‌و هەروەها خەڵکی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن‌و چۆن خەڵکە ڕاگوێزراوەکان ژیانی ڕۆژانەیان بەڕێوەدەبەن. وێڕای چاوپێکەوتنە تۆمارکراوەکان، من هەندێك چاوپێکەوتنم کردووە کە تێبینیم تێدا نووسیوە. هەروەها زانیارییم لەڕێگەی چاودێریی بەشداربوون‌و تێبینیی کاری مەیدانییەوە کۆکردۆتەوە. هەربۆیە ژمارەی ئەو خەڵکانەی قسەم لەگەڵکردوون‌و ئەوانەی هەڵوێستەکانیانم لە ماوەی مشتومڕی ڕەمەکییەوە کردۆتە تێبینیی، زۆر لەوانە زێدەترە کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون.

من پرسیارەکانی چاوپێکەوتنێکی دووروودرێژم پێشتر ئامادە نەکردووە، چاوپێکەوتنەکان زیاتر لەشێوەی گفتوگۆی تۆمارکراوە سەبارەت بە بابەتەکانی کەلتووری کوردیی‌و شێوەکانی ژیان‌و ڕەوشی تەندروستیی لە کوردستان. ئەم گفتوگۆیانە پێشینەیەکی زانیاریی پێدام‌و هەروەها هاوکارییکردم کە لە سەرچاوەکانی دیکەوە زانیاریی تێبگەم، بەتایبەتی ڕاپۆرتی سەفەرەکان‌و ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن SES/ سەندیکای تەندروستیی‌و هەروەها کۆمەڵەی پزیشکانی

توركیی. هەروەها زانیارییم کۆکردۆتەوە لەرێگەی چاودێرییکردنی خەڵکانی کوردەوە لە رەوش‌و شوێنی جیاوازدا، سەردانی چەندین خێزان‌و رێکخراوەکانی سیاسییم کردوون‌و چەندین ساتم لە چا خواردنەوە، گوێگرتن لە مۆزیك‌و هەروەها سەیرکردنی کەناڵی ئاسمانی MED-TV بردۆتەسەر. چاودێریی زیاتر لە دە خۆپیێشاندانم کردوون، لەوانە خۆپیێشاندانە جەماوەرییەکەی هامبۆرگ لە ژونی 1996و هەروەها ئەوەکەی بۆن لە ئەپرڵی 1999.

لە مارتی 1997و لە یەنایەری 1999و هەروەها لە فێبرایەری 2001دا، سەردانی ئامەدم کردووە. ئەم سێ گەشتە جۆری ئەزموونی فرە جیاواز بوون، شارەکە وەك هەمان شت دەرکەوت، بەڵام لەسەردانی دووەم‌و سێیەمدا سەرنجم بۆ هەندێك شت چوو، کە لەیەکەم سەردانمدا درکم پێنەکردبوو. شارەکە نەگۆڕا بوو، بەڵام ئەوە من بووم کە زۆر شت فێرببووم لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا، هەروەها دەمتوانی باشتر لەوە تێبگەم کە بینیبووم.

## پەیوەندییکردن بە کوردانەوە

لە کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ ئەم کۆڵینەوەیە لەگەڵ خەڵکانێکدا پەیوەندییم هەبووە کە سەر بە هەر دوو نەتەوەی کوردو تورك بوون. بۆ پەیوەندییکردن بە کوردانەوە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات. زۆربەی ئەو کوردانەی لە فینلەندان خەڵکی تورکیان‌و پەنابەری سیاسیین، ئەوان بە پێچەوانەی کوردانی ئەڵمانیاو سویدەوە، پشتگیریی لە پەکەکە دەکەن. لەبەرئەوە شتێکی سروشتییە کە پەیوەندییەکانی خۆم لەرێگەی ئەو کوردانەوە بنیاتبنێم کە لە ERNK / بەرەی رزگارییخوازی نەتەوەیی کوردستان چالاکن.[1] لە ئەوروپای رۆژئاوادا، هەموو ئەو رێکخراوانەی

---

[1] دواتریش کەوتمە ناسینی ئەو کوردە خوێندەوارانەی کە پشتگیریی پەکەکەیان نەدەکرد. مشتومڕکردنم لەگەڵیاندا دیدو تێڕوانینمی سەبارەت بە پرسەکە فراوانتر کرد. بۆ نموونە، کەوتمە ئەوەی کە درك بە قووڵایی ناکۆکییەکان لەنێوان کورداندا بکەم. ئەو کوردانە نەیانتوانی هیچ

وابەستەی پەکەکەن بە ڕێکخراوی تیرۆرستیی لەقەڵەم دەدرێن، ئەوانە لەلایەن پۆلیسی نهێنییەوە لەژێر چاودێرییەکی توندداندان، لەوانەش فینلەندا.

ئاکامی لۆجیکی ئەمە بریتیبوو لەوەی کە چالاکوانانی نێو ئەم گروپە فرە لەهەمبەر خەڵکانی بێگانە بەگومان بن. وێڕای ئەوەی بابەتی کۆڵینەوەکەی من لەبارەی چالاکییەکانی پەکەکەو ئاڕنەکەوە لە ئەوروپا نەبوو، لەگەڵ ئەو کوردانەدا مامەڵەم کرد کە پشتگیرییان دەکردن، بۆئەوەی زانیاریی دیکە بەدەستبێنم. فای.گ.کۆهین، کە لە جوڵانەوەی ئەمەریکییە ڕەسەنەکانی لە ئەمەریکا لەساڵانی 1960کاندا کۆڵیوەتەوە، ڕوونیدەکاتەوە کە زۆرجار وا بیر لەو خەڵکە نوێیە دەکرێتەوە کە دەچنە نێو گروپە بچووکەکانەوە بەوەی کە سیخوڕ بن.[1] جێفری.ا.سولکا، کە لە سوپای ڕزگارییخوازی ئێرلەندای کۆڵیوەتەوە، وتوویەتی کە وەك سیخوڕ ناساندن کارێکی مەترسییدارە. لەکەیسی کورداندا، مەسەلەیەکی وا ئەگەر مەترسییداریش نەبێت، ئەوا تەگەرەیەکە لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیارییدا. ئەگەر یەکێك نەخوازێت وەك سیخوڕ بناسێنرێت، پێویستە کە وەك سیخوڕ هەڵسوکەوت نەکات. سلوکا، خۆی لەو ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانە دەپاراست کە تایبەتن بە بابەتی سیاسیی هەستیار.[2] منیش هەمان ڕێبازم گرتەبەر، بۆ نموونە، ئەو پرسانەی کە بەهیچ شێوەیەك خۆم لێنەدا بریتیبوو لە مەسەلەکانی ئەو ڕێگا قاچاخانەی کە پەنابەرانی لێوە دێنە ئەوروپا، هەروەها لایەنی دارایی پەکەکە.[3] لەکاتێکدا دووجار سەردانی تورکیام کرد لەگەڵ گروپی مافەکانی مرۆڤدا،

---

زانیارییەکی نوێم سەبارەت بە ڕەوشە هەنوکەییەکەی کوردستان پێبدەن بەو شێوەیەی کە لایەنگرانی پەکەکە کردیان.

[1] Cohen 1976, 88 .

[2] Sluka 1995, 283 .

[3] پێش ئەوەی ئەم کۆڵینەوەیە ئەنجامبدەم وەك کارمەندی کۆمەڵایەتیی کارم دەکرد، هەروەها ڕۆژنامەوانیشم دەخوێند. داهاتێکی جێگیرم نەبوو کە پشتگیریی کۆڵینەوەکەم بکات، هەربۆیە گوتارم لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە کوردان بڵاودەکردەوە، لەبەرئەوەی کە زانیارییم لەمبارەیەوە

**پەیوەندییگەلێکم دروستکرد، ئەوەی بۆ من لەماوەی چوار گەشتمدا سوودبەخشبوو کاتێك بە تەنیا سەفەری ئەوێم کرد. لەبەر ئاسایشی زانیارییبەخشەکانم ناتوانم درێژەی ئەو یەکتربینییانە بڵاوبکەمەوە.**

## پەیوەندییکردن بە تورکانەوە

**نوێنەرایەتیی مافەکانی مرۆڤ بۆ تورکیا لە چالاکوانانی ئاشتیی پێکدەهاتن، هەروەها وێڕای ئەوەی کە چەندین لە کەسایەتییەکان وایانکردبوو کە گەشتەکە بە تەواویی ناپیشەیی بێت، دەزگای میت ئەو مەترسییەی زۆر بە جدیی وەرگرتبوو کە دەگونجێت بەهۆی ئەوانەوە بێتەئارا. نوێنەرایەتیی فینلەندیی لە 20ی مارتدا چووە ئیلیە(باتمان)، لەهوتێلێك دابەزیبوون کە کەوتبووە پەنا بنکەی پۆلیسەوە، بەڵام نوێنەرایەتیی هۆڵەندیی ڕێگەیان پێنەدرابوو بچنەنێو شارەکەوە. کاتێك ئێمە ڕۆژی دواتر ڕۆیشتین، ئەوان ڕێگەیان پێدرا کە سەردانی ئیلیە بکەن. لەماوەی مارتی 1997دا، هیچ نوێنەرایەتییەکی نێودەوڵەتیی ڕێگەی پێنەدراوە سەردانی لیس، دێرسیم، یان جۆلەمێریگ(هەکاریی) بکەن. بۆچی هۆڵەندییەکان ڕێگەیان**

---

لە بابەتی کۆڵینەوەکەم زێدەتر بوو. ئەمە بەقازانجی من کەوتەوە، وایانکرد کە گەلێك لە کوردان متمانەم پێبکەن. دەشێت ئەگەر وا نەبووایە زەحمەت بووایە کە خەڵکانێکی دڵنیا بکەیت کە خۆیان بەگومانن، یان تەنانەت پارانۆیایانە(نەخۆشییەکی سایکۆلۆجییە تێدا بەچاوی گومانو ڕاڕاییەکی قووڵەوە لە هەموو شت دەڕوانرێت– سەردەشتیی)، کە کتێبێك دەنووسم سەبارەت بە پۆلیسی نهێنییو هەروەها دەسەڵاتدارانی تورکو سالانێکە زانیارییان لەبارەوە کۆدەکەمەوە. هەرچەندە، ئەوان متمانەیان بە ڕاستگۆیی من کرد پاش ئەوەی گوتارێکی ڕۆژنامەیی منیان خوێندبووەوە کە من ئەوانم لە دیدێکی ترەوە پێشاندابوو وەك لەوەی وەك تیرۆرست ببینرێن. لەبەرئەوەی زۆر لە کوردان سەبارەت بە دەگمەنیی زانیاریی لە ماسمیدیای ئەوروپییەوە سەبارەت بە ڕەوشەکەیان بێهیوابوون، من کەسێکی سوودبەخش بووم بۆ ئەوان، ئەمەش یارمەتییدام پەیوەندیی بگرمو هانی کەسانێك بدەم کە کاتی خۆیان بۆ گەڕان بەدوای زانیاریی بۆ من تەرخان بکەن. من زۆرکات لەنێو کورداندا خۆم وەك ڕۆژنامەوان ناساندووە، نەك وەك کۆڵەر.

پێنەدرا سەردانی ئیلیە بکەن، لەکاتێکدا بێگانەکانی دیکە توانیان ئەوە بکەن؟ تەنیا هۆکاری مەعقول بۆ ئەمە کە من بتوانم لێیتێبگەم ئەوەیە کە لەشارەکەدا هێندە پۆلیس تەواوی لێنەبوو کە بتوانن چاودێریی بێگانەکان بکەن. میشال ئیگناتیف، کە لە ساڵی 1993دا سەردانی کوردستانی کردبوو بۆئەوەی دیمەنێکی تەلەفیزۆنی بۆ (بی بی سی) ئامادەکات، وەبیریدەهێنێتەوە کە لە بەشە تورکییەکەی کوردستاندا، بۆماوەی چەندین رۆژ بەدوای کەوتوون و کامێراوانی سوپا وێنەی هەرکەسێکیان گرتووە کە قسەی لەگەڵ کردوون.[1]

زۆربەی ئەو خەڵکە تورکەی من لەماوەی ئەم کۆڵینەوەیەدا بینیومن، پۆلیس بوون. لەماوەی 14–23ی مارتی 1997دا، لەگەڵ گروپی ئێن جی ئۆی فینلەندیی سەفەرم کرد بۆ باکووری کوردستان، لەوێ سەردانی ئامەد، جزیرە، ئیلیەو هەروەها توکس(توتڤان)م کرد. ئێمە تەقریبەن لە نزیکەوە تێکڕای ئەو ماوەیە لەلایەن پۆلیسی نهێنییەوە چاودێریی دەکراین، هەربۆیە بەزەحمەت کەسێك دەیوێرا قسەمان لەگەڵدا بکات. لە خانەی هەواڵ(بایکان) تەواوی گروپەکە دەستگیرکران. ساڵی دواتر من بەشدارییم لە ڤیستیڤاڵی ئاشتیی موسا عەنتەر لە ئەستەمبوڵ لە ئوتی 1999دا کرد. لەبەر مەسەلەیەکی شەخسیی، ناچاربووم زوو بگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵام بەشداربووەکانی دیکەی ڤیستیڤاڵەکە رووبەڕووی گرفتی مەزن ببوونەوە. ئەوان هەوڵیاندابوو کە بە پاس سەردانی ئامەد بکەن، بەڵام لەلایەن سوپاوە لە گیرەسوور(سیڤریك)ی نزیك ئامەدەوە رێگەیان لێگیرابوو. لەهەمان کاتدا 2000کەس لە ئامەد دەستگیرکران، رۆژی دواتریش 24 بیانیی لە ئەستەمبوڵ قۆڵبەستکران.[2]

لەمارتی 1997دا، چەند رۆژێکم لە ئیلیە لەگەڵ نوێنەرایەتیی فینلەندیی مافەکانی مرۆڤ بردەسەر. پۆلیسی نهێنیی بەوردیی شەوورۆژ چاودێرییان دەکردین، ئەوان پێیانوتین کە ئەوان دەیانەوێت یارمەتییمان بدەن بۆ دۆزینەوەی

---

[1] Ignatieff 1994, 211 .

[2] Hancock 1998 .

ئەو شوێنانەی کە دەمانەوێت بۆی بچین. پۆلیسەکە بە ئەدەبەوە روونیکردەوە:

" تورکیا وڵاتێکی ئازادە. یاسایەك نییە بڵێت کە دەبێت ئێمە خەڵکێك دەستبەسەرکەین لەبەرئەو شتەی کە وتوویانە. خەڵك دەتوانن ئەوە بڵێن کە دەیانەوێت. رۆژانە هەزارەها کەس لە رادیۆو تەلەفیزۆنەکانەوە قسان دەکەن، ئێمە ناتوانین هەموویان بگرین! ئێمە تەنیا بەرژەوەندییمان لەوەدایە ئەوە بزانین کە دژ بە دەوڵەت دەوترێت لەکاتی قسەکردنی خەڵك لەگەڵ تۆدا.[1]

ئەمجۆرە ئەزموونە هانینەدام لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکدا پەیوەندیی بگرم. ویستم کە بچمە دەزگای مەلاریا تاکو پرسیار لە روونکردنەوەیان بکەم سەبارەت بەوەی بۆچی کەیسەکانی مەلاریا بەو شێوە زۆرە لەماوەی ساڵانی 1990کاندا زیادیکردووە، بەڵام بڕوام وابوو کە ئەو کارە نەکەم لەماوەی مانەوەم لە ئەنکەرە لە یەنایەری 1999دا. من لەوە دەترسام کە ئەگەربێتو ئەو بابەتەی جێگەی بایەخمە پێشکەشی دەسەڵاتدارانی بکەم، دەگونجێت ئەوان دەستبەسەر ماتریاڵەکانمدا بگرن، لەوانە لە فڕۆکەخانە لەکاتی جێهێشتنی وڵاتەکەدا.

## راپۆرتەکانی سەفەر

من ئەو ماتریالانەم بەکارهێناوە کە لەلایەن رێکخراوە کوردییەکانەوە لە ئەوروپا بڵاوکراونەتەوە، هەروەها راپۆرتەکانی دەوڵەتی تورکیا هەرلە ساڵی 1996، 1997، 1988و 1999 کە لەلایەن بیرۆی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە سەبارەت بە دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، هەروەها کارەوە بڵاوکراونەتەوە.

وێڕای تێبینییەکانی سەفەری خۆم بۆ تورکیا، راپۆرتەکانی سەردانەکانی ئەمانەی خواریشەوەم بەکارهێناوە: راپۆرتەکانی سەفەرەکەی جۆیل باکسترۆم بۆ پەیمانگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەکادیمیای ئابۆ(مارتی 1997، هەمان ئەو گەشتەی

[1] a Turkish policeman, Elih.

که منیش بەشدارییم تێدا کرد). وتارێك که لەلایەن پیتەر لۆدێنیوسەوە له رۆژنامەی " NY Tid " لەبارەی گەشتی نوێنەرایەتیی فینلەندیی–دانیمارکیی بۆ وان، جۆلەمێرگو هەروەها ئامەد (مارتی 1998) بڵاوکراوەتەوە. راپۆرتی "گەڕان بەدوای تولەڕێکاندا" لەلایەن نوێنەرایەتیی نەورۆزی ئەڵمانیی له 1995دا، راپۆرتی( جەنگو ئاشتیی له کوردستانی تورکیا ) لەلایەن گروپی ئەڵمانیی(IPPNW / پزیشکانی دژ به چەکی ئەتۆمی) لەبارەی سەردانێکیان بۆ ئەدەنە، ئامەدو وان(1996). هەروەها سەفەری خاچی سووری کوردیی ( هەڵاتن بەرەو داماویی شارەکان ) له بارەی گەشتێکیان بۆ ئەدەنەو مێرسین له ئەپرڵی 1997دا.

لەهەموو ئەم گەشتانەدا، بەشداربووان هەوڵیانداوە که زانیاریی بەهۆی چاوپێکەوتنی دەسەڵاتدارانی خۆجێوە بەدەستبێنن، وەك والییەکان، هەروەها سەردانی پارتە سیاسییەکانو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وەك( IHD / کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ)و هەروەها (HRFT / دەزگای تورکیی مافەکانی مرۆڤ ). دەسەڵاتدارانی تورکیا پێشوازییان له هەواڵنێرانی مافەکانی مرۆڤ بۆ وڵاتەکە نەدەکرد. ئەوان ڕێگرییان له نوێنەرایەتییەکان دەکرد لەوەی چاویان به خەڵکی کورد بکەوێتو زانیارییان لێوەرگرن، ئەویش لەرێگەی گرتنی چالاکوانانی سیاسیی کورد لەکاتی سەردانی نوێنەرایەتییەکانو هەروەها بەهۆی ئەوەی نوێنەرایەتییەکانیان دەخستە ژێر کۆنترۆڵێکی وردی پۆلیسەوە.[1] تەنانەت کاتێك ئەگەر گونجاویش بێت که سەردانی تورکیا بکەیتو چاوت به چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ لەوێ بکەوێت، نزیکەی مەحاڵە بتوانیت سەردانی گوندە راگوێزراوەکان بکەیت. بەگوێرەی مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ/ پزیشکانی

---

[1] بۆ من دیارترین نموونە ئەوە بوو که له ئیلیە( باتمان ) روویدا، که لەوێ تەنانەت بێ پاسەوانی پۆلیس، رێگەی ئەوەشیان پێنەداین له هۆتێلەکە دابەزینە خوارەوەو بوتڵە ئاوێك بکڕین گوایە" ئاسایشمان دەپارێزن". هەروەها پۆلیسی نهێنیی نوێنەرایەتیی نێردە دپلۆماسییەکانیش دەخەنە ژێر چاودێرییەکەی ئاشکراوە وەك هەوڵێك بۆ تۆقاندنی ئەوانەی چاویان پێدەکەوتن. ( US State Department 1999. ).

نێودەوڵەتیی،و هەروەها پرۆژەی کوردیی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات ریسکی ئەوە دەکات بگیرێت، یاخود لەهەندێك حاڵەتدا، تەقەی لێبکرێت.[1]

لە راپۆرتەکانی سەفەردا، من بەدوای ئەو زانیارییانەدا دەگەڕێم کە دەربارەی رەوشی تەندروستیین. هیچ لەو راپۆرتانە تەرکیزیان نەکردۆتە سەر پرسەکانی تەندروستیی، بەڵام رەوشە گشتییەکەیان وەسفکردووە. بایەخی سەرەکیی تێدا بە توندوتیژیی سیاسیی‌و پێشێلکارییەکانی مافەکامی مرۆڤ دراوە وەك: دەستبەسەرکردن، بێسەرشوێنکردن، هەروەها ئەشکەنجەدان، بەڵام هەروەها زانیاریی درێژیان سەبارەت بە هەلومەرجی ژیانی دانیشتووانەکە گرتۆتەخۆ.

وێڕای ئەم راپۆرتانە، دوو راپۆرتی سەفەری دیکەم بەکارهێناوە کە وەسفی بایەخپێدانی تەندروستیی دەکەن لەتورکیا پێش هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆ. لەساڵی 1983دا، چوارکەس کە سەر بە ناوەندی بایەخپێدانی تەندروستیی بوون لە شاری بۆتکیرکای سویدیی، دوو هەفتەیان لە میدیاد بەسەربردووە، کە 200کم لە رۆژهەڵاتی ئامەدەوەیە. ئەوان خوازیاربوون زانیاریی لەوبارەیەوە کۆبکەنەوە کە ژنان چۆن مامەڵە لەگەڵ سکپڕیوون‌و منداڵبووندا دەکەن. پێدەچێت ئەوانیش وەك نوێنەرایەتییەکانی دواتر، رووبەڕووی هەمان ئەو گرفتانە بووبنەوە، ئەوانیش هەمیشە پۆلیسیان بەدواوە بووە، هەربۆیە نەیانوێراوە پەیوەندیی بە خەڵکە خۆماڵییەکەوە بکەن نەبا ببنە هۆکاری کێشە بۆیان. سەرچاوەیەکی دیکە بریتییە لە کتێبی " چاوی پیس یان بەکتریا " کە لیسبێس ساچس نووسیویەتی. ساچس لە کرداری بایەخپێدانی تەندروستیی ژنانی تورکی لە تێنستا، سویدو هەروەها لە کولو، تورکیا(هەرێمی قۆنیا) کۆڵیوەتەوە. سەردانەکەی بۆ کولو لە ساڵی 1977و 1978دا، زانیاریی دەوڵەمەندی لەبارەی سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی تورکیی تێدایە. ئەمە دەتوانێت سوودبەخش بێت چونکە بایەخپێدانی تەندروستیی لە هەرێمە کوردییەکاندا وابەستەی هەمان بنەماکانی بەشەکانی

[1] medico international and KHRP 1996, 9.

دیکەی تورکیایە. ساچش هیچ باسی لە کێشەو زەحمەتییەك لەگەڵ پۆلیس یان هەر دەسەڵاتدارانی دیکەوە نەکردووە.

## بابەتی نووسراو، سەرژمێریی، هەروەها ئینتەرنێت

سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی کەلتووریی، لایەنی تیۆریی کۆڵینەوەکەی من سوودی لە زۆربەی ئەو کتێبو وتارانە بینیوە کە لەلایەن تۆڤی سکوتناب–کەنگاسەوە نووسراون. لەوانەیە لە هەموویان گرنگتر ئەوەبێت کە من یەکەمجار خوێندوومەتەوە "مافەکانی زمانیی مرۆڤ . زاڵبوون بەسەر هەڵاواردنی زمانییدا" کە لەلایەن سکوتناب–کەنگاس، رۆبەرت فلیپسۆن، هەروەها مارت رانوتەوە دانراوە، ئەوەی زانیارییەکی فرەی لەبارەی کوردانەوە گرتۆتەخۆ. هەروەها بیروڕاکانی جۆشوا.ا فیشمان زۆر بایەخداربوون لە ناساندنی پێکهاتەکانی ئیتنسیتیدا. سەبارەت بە تیۆرە گرنگەکەی دیکە: جەنگی توندیی نزمەئاست ، دۆزینەوەی زانیاریی زۆر ئەستەم بوو، بەڵام کتێبێکی بایەخدار هەبوو:"جەنگی توندیی نزمەئاست. دژەیاخییگەرایی، یاخییگەراخوازیی هەروەها دژەتیرۆریزم لە هەشتاکاندا" کە لەلایەن مایکڵ.ت کلارو پیتەر کۆلنبلووە، نووسراوە.

بایەخدارترین سەرچاوەی دەگمەن لە مێژووی کورداندا بریتییە لە کتێبەکەی دێڤد ماکدۆواڵ " مێژووی هاوچەرخی کوردان ". هەروەها نووسینەکانی ئیسماعیل بێشکچی کاریگەرییەکی مەزنیان تێکردووم، بەڵام زۆربەی کتێبو وتارەکانیم لەلا نییە. گرنگترین سەرچاوەی دەگمەن سەبارەت بە رەوشی تەندروستیی لە کوردستان بریتییە لە راپۆرتەکەی " جەنگو تەندروستیی لە کوردستان " کە سیمینارێکە لەلایەن هەیڤا سۆرا کوردستانی لە هەمبۆرگ لە 28–29ی ژونی 1997 ئامادەکراوە، بەتایبەت ئەو بەشەی کە لەلایەن لقی دیاربەکرەوە لە یەکێتی پیشەیی SES / سەندیکای ساغڵەمییەوە نووسراوە. ئەمە زۆر بەسوود بوو بۆ من، هەروەك راپۆرتەکانی تورکیی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن

HRFT / دەزگای مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا ئامادەکراوە. . ئەم راپۆرتانە بە وریاییەوە بە بەڵگەییکراونو چەندین وردەکاریی لەخۆدەگرێت. (جەنگ لە کوردستانی تورکیادا) کە لەلایەن ئەندریاس بێرگەر، رودی فردریك، هەروەها کاترین شندیرەوە نووسراوە، زانیاریی وردیان سەبارەت بە سوپای تورکو جەنگ لە باشووری رۆژهەڵات تێدایە.

ماتریاڵە سەرژمێرییەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی لە کتێبی ساڵانەی سەرژمێرییەکانی تورکیا وەرگیراون، پەیجی ئینتەرنێتی وەزارەتی تەندروستیی تورکیا (http://www.health.gov.tr)، هەروەها لاپەڕەی " راپۆرتی تەندروستیی لەسەر هەرێمی دیاربەکر 1996 " لەلایەن سەندیکای ساغڵەمییەوە پێشکەشکراوە، لقی دیاربەکر لە سیمیناری " جەنگو ئاشتیی لە کوردستان " کە لەلایەن "هەیڤا سۆرا کوردستانی " لە هەمبۆرگ لە 28–29ی ژونی 1997 بەسترا.

ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی یارمەتییدەرە بۆ زانیاریی لەبارەی پرسی کوردانەوە. من هەریەك لە سەرچاوەکانی حکومەتی تورکیی– بەتایبەت وێبپەیجی وەزارەتی تەندروستیی–و سەرچاوە کوردییەکانیشم بەکارهێناون. "Harawazi/ هەرەوەزیی" کە ئیمێل لیستی فینلەندییە لەبارەی پرسی کوردانەوە، کۆمەڵێك زانیاریی دابینکرد، بۆ نموونە، لە ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ، AKIN/ تۆڕی زانیاریی ئەمەریکیی–کوردیی، هەروەها ئاژانسی چاپەمەنیی ئۆزگویرلوگ. من هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم لیستی ئیمەیلانەوە لە هاوینی 1997ەوە، بەکارمهێناون.

ئینتەرنێت سوودێکی تایبەتی هەبوو، چونکە فینلەندا لەچوارچێوەی کۆڵینەوە کوردییەکاندا ولاتێکی گۆشەگیرە، کۆمەڵی کوردان لە فینلەندا فرە بچووکە، بابەتی نووسراو کەم دەستدەکەوێت، هەروەها کەم لە کۆڵەران بایەخ بە بابەتێکی لەم چەشنە دەدەن. بەهۆی ئینتەرنێتەوە توانیم بەشێوەیەکی رێژەیی خۆم لەم سنووردارییو بەرتەسکییە جیۆگرافییە رزگاربکەم. لەبەرئەوەی رەوشی سیاسیی لە کوردستانو تورکیا بەخێرایی دەگۆڕێت، ئینتەرنێت میتۆدێکی کاریگەرو خێرایە بۆ

پەخشکردنی زانیارییەکان. زۆربەی ئەو وتارانەی بەکارمهێناون لە ئینتەرنێتەوەن.

## 2.4 رەخنەکردنی سەرچاوەکان

دۆزینەوەی زانیاریی ئەزموونکاریی کە وەسفی رەوشەکەی کوردستان بکات کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە دەبێت ئەو راستییە پەسەند بکرێت کە زانیاریی زۆر دروست نییە. ئەمە رەوشێکی ئاساییە کاتێك لە رەوشی تەندروستیی خەڵکانێك دەکۆڵرێتەوە کە لە لەماوەی قۆناغی جەنگدان. دۆریس ئۆرلیك شواڵم، لە رەوشی تەندروستیی لوبنانی کۆڵیوەتەوە، ئەو کۆڵینەوەکەی خۆی لە ساڵی 1992دا دەستپێکردووە، واتە ساڵێك پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆ. ئەو تێبینییکردووە کە لەسەرەتادا گرفتی دۆزینەوەی بابەتی نووسراوی سۆسیۆلۆجی یاخود ئیتنۆلۆجی بۆ کۆڵینەوەکە هەبووە. بابەتی نووسراو سەبارەت بە سیما سۆسیۆلۆجییەکانی نەخۆشیی نییە، تەنانەت سەرژمێری بنەڕەتییش لەبارەی رەوشی تەندروستیی لە وڵاتەکەدا نییە.[1]

من ئەو زانیارییانە بەکاردەهێنم کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن رێکخراوەکانی ئێن جی ئۆکانەوە دابینکراوە، رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی وەك:HID / کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ، توانایەکی دارایی کەمیان لەبەردەستدایە، هەروەها چالاکییەکانیان لەتورکیادا بەشێوەیەکی بەردەوام بەهۆی دەستبەسەرکردنی ئەندامەکانییەوە تەگەرەی دێتەڕێ. زۆربەی بارەگاکانی HID داخراون، بۆ نموونە، بارەگای HID لە ئامەد لە مایۆی 1997 داخرا، نزیکەی پاش دوو مانگ لەوەی من سەردانم کرد.[2] لەکارەکانیاندا دوو جۆرە هەڵە دەگونجا بکرایە، دەگونجێت رێکخراوەکانی ماڤ مرۆڤ بەمەبەستگەلێکی سیاسیی زێدەڕۆیی لە زیاندا بکەن،

---

[1] Schwalm 1994, 317 .

[2] Berger et al. 1998, 45 .

بەڵام لەلایەکی ترەوە، دەگونجێت زانیاریی تەواویان نەبێت، چونکە بەدەستهێنانی زانیاریی دروست، ئەستەمە. لە هەندێك ناوچە، دەسەڵاتداران چالاکیی ڕێکخراوە کوردییەکانیان کۆتوبەند کردووە هەربۆیە زۆر بەکەمیی زانیاریی سەبارەت بەو ناوچانە هەن. بۆ نموونە، لە شیرناخ، هادیپ تاکو هاوینی ساڵی 2000 نەیتوانی بە فەرمیی بارەگا بکاتەوە. لە چەندین راپۆتی جیاوازدا، نزیکەی زانیارییەکی ئەوتۆ لە ناوچەی شیرناخ–سلوپی وە نەبوو، وێڕای ئەو ڕاستییەی کە یەکێکە لەو ناوچانەی بەتوندیی کاریگەریی جەنگی ناوخۆی بەسەرەوەیە.

من لێرەدا تەنیا نموونەیەك دەخەمە بەرچاو بۆ پێشاندانی ئەو زەحمەتییانە. نوێنەرایەتیی فینلەندیی مافەکانی مرۆۋ کە لە مارتی 1998دا سەردانی کوردستانی کردووەو بە پاس لە وانەوە چۆتە جۆلەمێرگ(هەکاریی)، مەزەندەی ئەوەیان کردووە کە نزیکەی نیوەی ئەو ماڵو گوندانەی لە سەرە ڕێگاکەوە نزیك بوون، وێرانکراون.[1] حوسێن ئونت ی سەرۆکی پارتی "ANAP پارتی دایکی نیشتمان لە جۆلەمێرگ، پێیوتوون کە زیاتر لەنیوەی گوندەکانی هەرێمەکە چۆڵن، لەبەرئەوەی دانیشتووانەکەی بەهۆی جەنگەوە هەڵاتوون.[2] ناتوانرێت ئەم ڕاستییە لە سەرژمێرییەکانی دانیشتووواندا ببینرێتەوە کە لەلایەن دەزگای سەرژمێرییەکانی دەوڵەتی تورکەوە کۆکراونەتەوە، ئەوەی کە داتاکانی کتێبی ساڵانەی لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە وەرگرتووە.[3]

---

[1] Lodenius 1998a .

[2] Lodenius 1998a, 7.

[3] Statistical Yearbook of Turkey 1980, VII .

خشتەی 1: دانیشتووانی هەرێمەکانی هەکاری و ڤان[1]

| هەکاری | 1980 | 1985 | 1990 | 1995 |
|---|---|---|---|---|
| شار | 44,118 | 55,563 | 71,099 | 71,52 |
| گوند | 111,345 | 127,82 | 101,380 | 100,957 |
| تێکڕا | 155,463 | 182,645 | 172,479 | 172,479 |
| ڤان | | | | |
| شار | 56,852 | 89,269 | 258,967 | 258,967 |
| گوند | 11,796 | 57,946 | 378,466 | 378,466 |
| تێکڕا | 68,646 | 47,216 | 637,433 | 637,433 |

**تەماشاکردنی ئەم سەرژمێرییەی هەرێمی هەکاریی ئەوەمان پیشاندەدات کە دەسەڵاتداران سەرژمێرییەکانی ساڵانی 1990کانیان سڕیوەتەوە. مەزندەکردنی چاودێریش بەتەواویی ناهەموارە، بەهۆی هەلومەرجی ئەستەمی چاودێرەوە، ئەوان لەماوەی 400کم ی گەشتەکەیاندا ڕێگەیان نەداون بوەستن تاکو لەنزیکەوە بڕوانن، تەنیا لە دوو شوێندا نەبێت کە ئەویش لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دیارییکرابوو.[2]**

**وتارێکی زۆرم لە ڕۆژنامەو ئینتەرنێتەوە وەك سەرچاوەی زانیاریی بەکارهێناوە. ئەوەش لەبەرئەوەی کە هەلومەرجەکە لە تورکیا بەخێرایی دەگۆڕێت و زانیاریی کۆڵینەوەش کەمن. بەداخەوە، ئەمە دەتوانێت هەندێکجار جێمتمانەیی زانیارییەکان کەمبکاتەوە. گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی یەکجار زۆری پلەدوو هەیە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە یاسای تورکییەوە. تا ئەوپەڕی**

---

[1] Year 1980: Statistical Yearbook of Turkey 1983, 36, Year 1985: Statistical Yearbook of Turkey 1987, 37
Year 1990: Statistical Yearbook of Turkey 1991, 52, Year 1995: Statistical Yearbook of Turkey 1996, 67

[2] Raportti 15.-23.3.1998 .

هەوڵمداوە کە سەرچاوە ڕەسەنەکان ببینمەوە، بەڵام لە هەندێك باردا ئەوە کارێکی مەحاڵ بوو. لەسۆنگەی ئەوەوە کە من یاساناس نەبووم، هەربۆیە متمانەم بە سەرچاوەکان کرد( بۆ نموونە، KHRP / پرۆژەی کوردیی مافەکانی مرۆڤ) وێڕای ئەوەی نەمدەتوانیی جەخت لەوە بکەمەوە کە داخۆ ئاماژە بۆ هەندێك یاسا دەکەن کە بە باشترین شێوە وەسفی چوارچێوەکە دەکات . تەنانەت ئەو کاتەی کە گونجاوە پێویست بە درێژەی دەقەکان نەکات، چەندین پەرەگرافم لە یاساکە وەرگرتووە، هەربۆیە خوێنەرانێك کە بایەخ بە بابەتەکە دەدەن دەتوانن بۆ زانیاریی زێدەتر بگەڕێن.

سەفەرەکانم بۆ تورکیا فرە کورتبوون، چوار بۆ چواردە ڕۆژ، بەڵام بەرنامەکانم زۆرجار چڕوپڕ بوونو بەدرێژایی کات ژمارەیەکی زۆر خەڵکم بینیوە. هەروەها ئەمە ئەو شێوازەیە کە زۆرجار نوێنەرایەتییە بیانییەکان زانیارییەکانی لە تورکیا پێ کۆدەکەنەوە. ئەمەش بۆ ڕەوشگەلەکەی تورکیا دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە زستانی 1998–1999 کە زۆر زەحمەت بوو ماوەیەکی زۆر لەوێ بمێنیتەوەو لە پرسگەلی تەندروستییو مافەکانی مرۆڤ بکۆڵیتەوە، لانیکەم بۆ کەسێك کە پشت بە وەرگێڕی خۆماڵیی ببەستێت. لیتزینگەر ڕەخنە لە گەشتەکانی نوێنەرایەتییەکان بۆ تورکیا دەگرێتو دەڵێت ئەوان سەردانی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانیان نەکردووە،[1] هەوڵی ئەوەمدا بڕیاربدەم داخۆ زانیارییبەخشە کوردەکانم سەریان لێنەشێواندووم. من توانیم نزیکەی تەواوی ئەو خەڵکانە ببینم کە لە داواکەمدا دەستنیشانم کردبوون، کاتێك کات لە کورتییدا، زانیارییبەخشەکانم وایان پێ باشبوو کە چاوپێکەوتنەکانم لەو شوێنانە ڕێکبخرێت کە ئەوان خۆیان پێیان گونجاوە، بۆ نموونە، لە بارەگای ڕێکخراوە کوردییەکاندا لەبری ڕێکخراوە ئیسلامییەکان.

کەلێنێکی ئەم کۆڵینەوەیە بریتییە لە کەمیی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە دابینکراوە. لەبەر ئەو هۆکارەی پێشتر ڕوونکراوەتەوە، کاتێك لە تورکیا بووم چ پەیوەندییەکم پێوەنەکردوون. لەوکاتەوەی کە

---

[1] Leitzinger 1999, 75-76 ,.

دەسەڵاتدارانی تورك قەدەغەی رووماڵکردنی رەوشی تەندروستیی باشووری رۆژهەڵاتیان لەلایەن رێکخراوە بیانییەکانەوە کرد، زۆر لەوانەیە کە زانیارییەکی راستو دروستیان بۆ کۆڵەرانی بیانیی دابیننەکردبێت کە لە سەرچاوەکانی دیکەدا نین. دەگونجێت چەندین کەلێنی دیکەش هەبن، لەهەموویان بایەخدارتر، لەو بەشەدا کە باسی مێژووی تورکم کردووەو لە پرسگەلی تورکییم کۆڵیوەتەوە، ئەم بابەتانەم لەو رووەوە شەنوکەو کردووە کە چەندە لەسەر رەوشی کوردان کاریگەر بوون، مەبەستی من شرۆڤەکارییەکی گشتگیر لەمەڕ ئەم بابەتانەوە نەبووە.

بایەخی سەرەکیی راپۆرتی سەفەرەکان کە من وەرمگرتوون رەوشگەلی تەندروستیی نەبووە، لەبەرئەوە ئەو زانیارییانەی کە ئەوان دابینیانکردووە تەواو رەمەکییو سەرپێیین. ماتریاڵێکی بەم چەشنە تێری کۆڵینەوەیەکی وردو تۆکمەو بەرفراوان سەبارەت بە بایەخپێدانی تەندروستیی ناکات، بەڵام ئەوانە بە روونی پێشانیدەدەن کە رەوشەکە بە چ ئاراستەیەکدا پەرەیسەندووە. لەبەر ئەم مەبەستە لەڕاستییدا چ پێویستییەکی بە چەشنە وەسفکردنێکی دوورودرێژ نەبووە، چەندین نەخۆشی رووماڵبکات وەك ئەوەی من کردوومە. بەڵام من بڕیارمدا چەندین نموونە بکەمە پێشەکیی کۆڵینەوەکە، لەبەر کەمیی بڵاوکراوەکان سەبارەت بە رەوشی تەندروستیی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا.

جدییترین گرفتی راپۆرتی سەفەرەکان، لەرووی رەوشی تەندروستییەوە، بریتییە لەوەی کە کە زانیارییەکان تەواو سەرپێیین. ئامانجی گەشتەکان رووماڵکردنی رەوشگەلی تەندروستیی نەبووە، تەنانەت ئەوکاتەشی کە کۆڵەر زانیاریی لەو بارەیەوە پێشانداوە، بە روونی دیارە کە زانیارییبەخشەکان نەیانتوانیوە کە زانیاریی دروستیان پێبدەن. زانیارییەکی فرە کەم لەبارەی ئەو ناوچانەوە هەن کە لەدەرەوەی ئامەدن.

گرفتێکی زیاتری دیکەی کۆڵینەوەکە ئەوەیە کە من نە بە کوردییو نە بە تورکیی قسان دەکەم. دەبوو پشت بەو سەرچاوانە ببەستم کە بە ئینگلیزییو ئەڵمانیی نووسراون، هەروەها چاوپێکەوتنێکی زۆرم بەهۆی وەرگێڕەوە کردووە. لەو

بڕوایەدام کە لە کاری مەیدانییدا بەکارهێنانی وەرگێڕ گرفتێك نەبێت، لانیکەم لەم جۆرە کۆڵینەوەیەدا کە تێیدا کاری مەیدانیی گرنگترین میتۆد نییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی. ڤان برونسن مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە دەتوانرێت راپۆرتێکی باش بهێنرێتەبەر لەکاتێکدا تەنیا لەگەڵ وەرگێڕێکدا هەڵسوڕێیت.[1] گرفتێکی جدیی تر ئەوەبوو کە نەمدەتوانی نووسراوێکی فەرمیی و تیۆریی لەبارەی تورکیاوە بخوێنمەوە، ئەو نووسراوانەی، بۆ نموونە وەك راپۆرتی( TOBB / یەکێتیی بۆرسەکاران و ژوورەکانی بازرگانیی تورکیا، مەسەلەی رۆژهەلات ) کە وەرنەگێڕراون. حەزمدەکرد کە دەقێکی زیاتری نووسینەکانی ئیسماعیل بێشکچی بخوێنمەوە، بەلام ژمارەیەکی کەم لە کتێب و وتارەکانی بۆ ئینگلیزیی وەرگێڕدراون.

[1] Van Bruinessen 1994a, 176 .

# پێنجەم: مێژووی کوردان لە تورکیا

## 5. 1 زانیاریی بنەڕەتیی لەبارەی کوردانەوە

کوردستان، وڵاتی کوردانە، ناوچەیەك دەگرێتەخۆ کە هەندەی فەرەنسا مەزنە، رووپێوەکەی 500,000 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. کوردان زۆرینەی دانیشتووانی وڵاتی خۆیان پێکدەهێنن، کە لەنێوان ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دابەشکراوە.[1]
کوردستان وڵاتێکی چیاییە کە چیاکانی پۆنتیاك‌و تۆرۆس، زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی ناوەندیی، هەروەها هەندێك لە زنجیرە چیاکانی باشووری زاگرۆس دەگرێتەخۆ. بڵندترین چیا لە کوردستانی بەشە تورکییەکەدا ئاراراتە( 5,165 م ). کوردستان ئاووهەوایەکی کیشوەریی هەیەو خاکەکەی لەماوەی نیوەی ساڵەکەدا بەفر دایپۆشیوە. دەشتەکانی ماردین‌و ئورفەو هەروەها دۆڵی دیجلە، ئاووهەوایەکی مامناوەندییان هەیە. هەردوو رووباری دیجلەو فورات لە کوردستانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرن.[2] هەندێك لە دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهان لە کوردستاندان.[3] لە تورکیادا، مەڵبەندە کوردییەکان 230,000 کیلۆمەتر چوارگۆشە ( 30٪ لە تێکڕای خاکی تورکیا پێکدەهێنن ).[4]
کوردان بڕوایان وایە کە نەوەی میدییەکانن. شارستانییەتی میدیی، چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر لەسایەی دیاکۆدا هێنراوەتەئارا، کە تاران‌و هەمەدانی لە زنجیرە چیای زاگرۆسدا پێکەوە گرێداوە. کەیئەکساری پاشای میدیی لەساڵی 612 پ.ز نەینەوایان داگیرکردو کۆتاییان بە باڵادەستیی ئاشوورییەکان هێنا، ساڵنامەی

---

[1] Sheikhmous 1991, 2; Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 349 .

[2] Kendal 1980b, 47; O'Shea 1994, 173 .

[3] Laber 1994, 48 .

[4] Kendal 1980b, 47 .

کوردیی بەو مێژووە دەستپێدەکات کە نەینەوای تێدا داگیرکراوە.[1]

بەگوێرەی دیڤید ماکدۆواڵ، گومانی ئەوە هەیە داخۆ کوردان یەکەیەکی هاوبەستەی ئیتنیی بەمانای بوونی باوانێکی هاوبەش پێکدەهێنن.[2] لەوانەیە زۆربەی کوردان نەوەی ئەو شەپۆلەی خێڵە هیندۆ– ئەوروپییەکان بن کە بەرەو رۆژئاوای ئێران کشان، دەگونجێت لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ .ز. ڤان برونسن ئەنجامگیریی لەوبارەیەوە کردووە کە کوردان لە بنەچەیەکی ئیتنیی جۆراوجۆرن، میدییەکان بەوە ناسراون کە رەگەزگەلێکی کۆچەریی و نیشتەجێیان گرتۆتەخۆ.[3] بەدەگمەن گەلێك هەن کە تەنیا لە خەڵکانێکی کۆچەری شوانکارە پێکبێن، چونکە کۆچەرەکان زۆربەی جار پەیوەندیی بەردەوامی بازرگانیی یاخود پەلامارو هێرشکارییان لەگەڵ وەرزێرە نیشتەجێیەکان هەیە.

کوردیی زمانێکی هیندۆ–ئەوروپییە، کە لەگەڵ زمانی ئەفغانیی و فارسییدا گروپی زمانە ئێرانییەکان پێکدەهێنن.[4] سێ زاری کوردیی سەرەکیی هەن: کورمانجیی( بەشێوەیەکی سەرەکیی لە کوردستانی باکوور قسەی پێدەکرێت )، سۆرانیی( کوردستانی باشوور )، هەروەها کرمانشانی–لەکیی( باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان ). زمانەوانەکان لەوبارەیەوە ناکۆکن کە داخۆ زازایی( ناوچەی دێرسیم )و گۆرانیی( باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان ) زارگەلێکی زمانی کوردیین یاخود زمانی سەربەخۆن.[5]

---


[1] Pireh Babi 1999, 58; O'Shea 1994, 169; Roshani 1993 .

[2] McDowall 1997, 8 .

[3] Van Bruinessen 1992, 115 .

[4] Kendal 1980a, 11 .

[5] Pireh Babi 1999, 53




**بەشە_کوردستانەکەی تورکیا**

**<u>خشتەی 2: ناوە کوردییەکان بە تورکیی</u>**

| | |
|---|---|
| **جزیرە = جزرە** | **نیسێبین = نوسەیبین** |
| **جولەمێرگ = هەکاری** | **ریها = ئورفە** |
| **دێرسیم = تونجلی** | **سێرت =سیرت** |
| **ئیلیە = باتمان** | **شیرناخ = شیرناك** |
| **مێلاتێ = مەلاتیە** | **خانە هەواڵ = بایكان** |
| **مێردین = ماردین** | **خەرپێت = ئیلازیك** |
| **میدیاد = میدیات** | **وان = ڤان [1]** |

---

[1] **گروپی بەئامانجکراو لەم کۆڵینەوەیەدا کوردانی کوردستانی بەشە تورکییەکەیە. من ئەم ناوە بەکاردەهێنم بۆ وەسفکردنی ئەو ناوچەیەی کوردانی تێدا دەژین، هەرچەندە کە وڵاتێکی سەربەخۆ نییە. دەوترێن کە کوردستان لە دوو نیوە پێکدێت، باکووری کوردستان ( باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا )، هەروەها باکووری کوردستان ( باکووری عێراق و باکوووری رۆژئاوای ئێران ). من وام پێ باشە کە باکووری کوردستان بەکاربهێنم، بەڵام بەگوێرەی چوارچێوەی دەقەکان هەروەها وەك باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، باشووری رۆژهەڵات یاخود هەرێمی ژێرسایەی باری نائاسایی ئاماژەم بۆ کردووە، بەتایبەتی کاتێك سەرچاوە تورکییەکان بەکارهێنراون، یاخود کاتێك باسی هەلومەرجەکانی هەندێك لە بەشەکانی دیکەی تورکیا کراون.**

**هەندێك ناوچە خاوەنی هەریەك لەناوە کوردییە رەسەنەکەی خۆیانن و هەروەها ئەو ناوە تورکییەش کە لەلایەن کۆماری تورکیاوە بەکاردەهێنرێت. بۆ ئەو شوێنانەی کە بەباشیی ناسراون وەك ( ئامەد، دیاربەکر بە تورکییەکەی، هەروەها دێرسیم، تونجلی بە تورکییەکەی ) من تەنیا ناوە کوردییەکەم بەکارهێناوە. من سەبارەت بە هەمان شارەکە ناوی (ئامەد)م بەکارهێناوە، هەروەها ناوە تورکییەکەشم بەکارهێناوە کاتێك وەك بەشێك لە ناوی شوێنێك وەك (هەرێمی دیاربەکر)، یان وەك رێکخراوێك وەك( سەندیکای ساغڵەمیی بەشی دیاربەکر SES ) ئاماژەم بۆ کردووە. بۆ شوێنە بچووکەکان، ئەوانەی کەمتر ناسراون، هەردوو ناوە کوردیی و تورکییەکەشم بەکارهێناوە کاتێك ناوە تورکییەکە زۆر لە ناوە ئەسڵییەکەی جیاوازتر بێت وەك( جۆلەمێرگ/ هەکاری ). هەروەها تەنیا کوردییەکەشم بەکارهێناوە کاتێك لە ناوە تورکییەکەوە زۆر نزیك بێت وەك ( سێرت/ سیرت ). لەبەرئەوەی کە هەرێمەکانی باشووری رۆژهەڵات هەمان ناوی شارەکانیان هەڵگرتووە، هەربۆیە لەکاتی ئاماژەدان بە شارەکان ناوە کوردییەکە بەکارهاتووە و بۆ ئاماژەدان بە**

هەرێمەکانیش ناوە تورکییەکە ( شاری جۆلەمێرگ/ هەرێمی هەکاری ). شارەکان نزیکەی لە دەورانی عوسمانییەوە هەبوون، لەو قۆناغەدا کوردان بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم دەژیانو زمانو ناوی شوێنەکانی خۆیان بەکاردەهێنا. فۆرمی هەرێمەکانی ئێستا داهێنراوی دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیان. ئەدەبیاتی نووسراو بە زمانی ئینگلیزیو ئەڵمانیی سەبارەت بە باکووری کوردستان، بەشێوەیەکی سەرەکیی ناوە تورکییەکانیان بەکارهێناوە( جگە لە دێرسیمو هەندێکجاریش ئامەد )، هەربۆیە لەچەند کەیسێکی کەمدا روون نییە داخۆ زانیاریی پرسێك ئاماژە بە شارەکە دەکات یان بە هەرێمەکە. ئەگەر سەرچاوەکە بە هەڵە وەرگێڕدرابێت، ئەوا بەرپرسیارێتیی ئەو هەڵەیە لە ئەستۆ دەگرم.

ناوە کوردییەکانم لەو نەخشەیەوە وەرگرتووە کە لەلایەن( ERNK / بەرەی رزگارییخوازیی نەتەوەی کوردستان ) دابەشکراوەو هەروەها لە کتێبەکەی باران رزگارەوە " کوردیی فێربە "، هەروەها فەرهەنگی ئینگلیزیی–کوردیی. هەروەها لەکاتێکدا سەرچاوەکان ناوە تورکییەکانیان بەکارهێناوە، من ناوە کوردییەکانم بەکارهێناوە. وێڕای ئەو هەوڵەشم، دەترسێم هەندێك لەو شوێنانەی من بە ناوە تورکییەکانیان ئاماژەم پێداون دەشێت لەبنەڕەتدا بۆخۆیان ناوی کوردیان هەبێت. لە هەندێك حاڵەتدا بەرامبەرە ئینگلیزییەکەم بەکارهێناوە، ئەوەی کە زیاتر بە خوێنەرانی زمانی ئینگلیزیی ئاشنایە تاکو ناوە کوردییەکان یاخود تورکییەکان( چیای ئارارات – ئاگری بە تورکیی، رووباری تایگرس– دیجلە بە تورکیی– پینار بە کوردیی ).

تورکییو کوردیی سەر بە خێزانگەلێکی زمانیی جیاوازن. کوردیی، لەگەڵ فارسییو ئەفغانیی بەشێکن لە زمانەکانی هیندۆ–ئەوروپییەکان، لەکاتێکدا تورکیی بەشێکە لە گروپی زمانی ئاڵتایی، کە هەروەها بۆ نموونە زمانەکانی ئازەربایجانیی( نزیکترین زمان بۆ تورکیی )، ئوزبەکیی، قەرەغیزیی، تەتاریی، مەنگۆلیی، هەروەها یاکوتیی لەخۆدەگرێت. وێڕای تێکڕای ئەو هەولانەی بۆ کوشتنی زمانی کوردیی دراون، هێشتا وەك زمانی دایکی زۆربەی کوردان لە تورکیا ماوەتەوە. لەماوەی سالانی 1970کاندا سێ چارەکی کوردان بەتورکیی قسەیان نەدەکرد. بەگوێرەی رۆژنامەی " جەمهورییەت " کە لە 1996/7/31 بلاوکراوەتەوە، 91٪ دانیشتووانی ماردین یەك وشەی تورکییش قسە ناکەن، رێژەکە لە سیرت 87٪، لە هەکاریی 81٪ ، لە دیاربەکر 67٪ ، هەروەها لە بتلیس 66٪ . (وەرگیراوە لە: Kendal 1980b, 84 ). کاردانەوەی باو لەنێو رۆژنامەوانانو سیاسەتکارانی تورك بە توڕەییەوە دەرکەوت: چۆن دەبێ ئەوە وابێت، لەناوچەیەکدا کە بەشێکی تەواوە لە کۆماری تورکیا، ملیۆنەها هاولاتیی هەن کە نەتوانن بەتورکیی بئاخفن؟ (Kendal 1980b, 84-85). زمانی کوردیی تایبەتمەندە بەوەی کە لە

## 2 .5 چەند کاریگەرییەك لەسەر مێژووی کوردان لە تورکیا

**دەوترێت لەبەختی رەشی کوردان بووە کە کوردستان کەوتۆتە سنووری نێوان دوو ئیمپراتۆریی لەسەردەمی نوێدا– ئیمپراتۆریی عوسمانیی و هەروەها ئێرانیی( ئیمپراتۆریی سەفەویی )– هەروەها ئێستاکەش لەنێوان چوار دەوڵەتی درِی فراوانخوازی :تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا دابەشبووە. شوێنی ستراتیجی کوردستان هەمیشە گرنگ بووە، بۆنموونە، رێگای ئاوریشم لە هندەوە بۆ ئەوروپا**

---

ژمارەیەکی زۆر زاری نێوچەیی پێکدێت، کە نموونەیەکی زمانە نانەتەوەییەکانە. ( Hirdchler 1999, 8 ) .

ماکدۆواڵ لە ساڵی 1997دا مەزەندەیکردووە کە 24 بۆ 27 ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەژین و لەوانەش لانیکەم 13 ملیۆنیان لە تورکیادا دەژین، کە لەویٚ نزیکەی بیست لە سەدی نێکرشای دانیشتووان پێکدەهێنن Gunter (McDowall 1997, 3; Tahiri) (1990, 6). بەگەرانەوە یۆ سەرچاوە کوردییەکان، هەمان ژمارەمان پێدەدەن. لابیرو شێخموس گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە 20–25 ملیۆن کورد لەجیهاندا هەیە. Laber (1994, 48) and Sheikhmous (1991, 2) .

بەگوێرەی سەرچاوە فەرمییەکان، لە ساڵی 1970دا، لە تورکیادا 8,5 ملیۆن کوردزمان هەبووە( 8 ,23٪ی تێکرِای دانیشتووان کە 35,7 ملیۆنە ). کیندال دەڵێت کە ئەم ژمارەیە لەوانەیە زۆر دروست نەبێت، بەگوێرەی هەندێك سەرژمێریی، ژمارەی راستەقینەی کوردان لەو دەمەدا لەتورکیا لەنێوان 8 بۆ 12 ملیۆن بوو. دەسەڵاتدارانی تورك وایان پیٚ باشە کە ژمارەکە کەمبکەنەوە، هەروەها کوردانی نەتەوەییش مەیلیان بەو لایەدایە زێدەرۆیی تێدا بکەن. رێژەی سەدیی کوردان لە دانیشتووانی تورکیادا تادێت زێدەتر دەبێت. لە ساڵی 1945 بۆ 1965 رێژەی ناوەندیی گەشەکردن لە کوردستانی بەشە تورکییەکەدا 2,88٪ بووە بە بەراورد 2.65٪ لە تەواوی تورکیادا. (Kendal 1980b, 48)) لێرەدا گرنگە تێبینیی ئەوە بکرێت کە گەشەکردنی دانیشتووان لە بەشە تورکییەکەی تورکیادا لە 2,65٪ کەمترە، بەوەی کە ژمارە بەرزەکانی هەرێمە کوردییەکان هەروەها کاریان لە رێژە ناوەندییە نیشتمانییەکە کردووە. مکدۆواڵ مەزەندیکردووە کە رێژەی سەرلەنویٚ بەرهەمهێنانەوەی کوردان نزیکەی دووبەرامبەر بەوەی تورکانە. (McDowall 1997, 3).

به کوردستاندا تێپەڕیوە، لەرێگەی تەبرێز، وان، بتلیس، ئامەد، رها( ئورفە). هەروەها حەجکردن بۆ مەککە لە کوردستانەوە بووە، کوردستان بەدرێژایی ئەو جەنگانەی چەندبارە لەنێوان ئیمپراتۆریی عوسمانییو ئێرانییدا دەقەومان، ناوچەیەکی دابڕی لەوبەینەدا پێکدەهێنا.[1]

دوای نزیکەی دووهەزار ساڵەی فەرمانڕەوایەتیی فارسەکان، کوردان لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا بوونە بەشێك لە ئیمپۆاتۆریی عوسمانییەکان.[2] خێڵە کوردییەکان لە جیهانێکدا بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم دەژیان کە هێشتا دەوڵەتی نەتەوەیی نەدەناسی، مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی پاش شۆڕشی فەرەنسا(1789) گیرایەبەر، لەماوەی سەدەی 19هەمو سەدەی 20هەمدا.[3] تاکو سەدەی نۆزدەهەم پازدە میرنشینی سەرەکیی پێکهێنرا کە بونیاتی سیاسیی تێکڕای کوردستانی پێکدەهێنا. وێرانکردنی ئەو میرنشینانە وەك ئاکامێکی سیاسەتی ناوەندگەرایی عوسمانییەکان "بنکەی دەسەلاتی" بۆ پارچەی فرە چکۆلەتر وردوخاش کرد، ئەوەی کە کاریگەرییەکی قووڵی لە کۆمەڵگای کوردییو بونیاتە سیاسییەکەی کرد. سوڵتانەکان مەیلیان وابوو کە سەرۆك خێڵەکان وەك فەرماندار لە هەرێمە کوردییەکاندا دابمەزرێنن وەك هەوڵێك بۆ جڵەوکردنی کوردان لەرێگەی سەرۆکەکانیانەوە.[4]

دەوڵەتی تورکیا پاش رووخاندنی ئیمپراتۆریی عوسمانیی هاتەئارا. کوردان لەو جەنگەدا کە پێی دەوترێت جەنگی سەربەخۆیی، شانبەشانی تورکان جەنگانو رابەرانی خەباتگێڕ باسیان لە برایەتیی تورکیی–کوردیی دەکرد. لە یەنایەری 1923دا، هێشتا مستەفا کەمال پێشنیازی ئەوەی دەکرد کە دەگونجێت

[1] Jafar 1974, 226-227 .

[2] Gunter 1990, 11 .

[3] Chaliand 1980, 8; Sheikhmous 1999, 1; Tahiri .

[4] Jafar 1974, 243; McDowall 1992, 27, 29 .

ئۆتۆنۆمییەکی خۆجێ بە ناوچە کوردنشینەکان بدرێت.[1] بنەماکانی ویلسن سەبارەت بە خۆدیارییکردنی چارەنووس بۆ ئەو گەلانەی کە پێشتر لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا ژیابوون، ئەوەی پێیدەوترێت "پاکتی نەتەوەیی" لەماوەی گفتوگۆکانی ئاشتیی لەپاش سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا ئاماژەی بۆ دەکرا. لە رێکەوتننامەی سیڤەردا کە لە 20ی ئوتی 1920دا مۆرکرا، کوردان بەڵێنی وڵاتێکیان پێدرابوو، بەڵام هاوپەیمانەکان بەرێبەرایەتیی بریتانیی و فەرەنسییەکان، زانیان کە جێبەجێکردنی ئەم رێکەوتننامەیە پێویستیی بە تۆکمەکردنی هێزە سەربازییەکان لە چەندین وڵات و هەلومەرجی جیاواز هەیە، لەبەرئەوەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی ماندوو بوون، هەربۆیە ئامادەکارییەکیان بۆ بەدیهێنانی ئەم بەڵێنە نەکرد. لەبەرئەوە لە رێکەوتننامەی لۆزاندا کە لە 24ی ژوئیەی 1923دا مۆرکراو تێیدا دامەزراندنی کۆماری تورکیا راگەیەندراو سنوورەکانیشی دەستنیشانکرا، تەنانەت ناوی "کوردان" ئاماژەشی بۆ نەکرابوو. بەگوێرەی ئەم رێکەوتننامەیە کوردان وەك گروپێکی کەمینە لەقەڵەم نەدرابوون.[2]

ئاماژەدان بە کەمینەکان بۆ غەیرە موسوڵمانەکان سنووردارکرابوو، هەرچەندە بەندی 39 پێشانیدابوو کە ماف تێکڕای کەمینە زمانییەکان بدرێت، هەردوو موسوڵمان و ناموسوڵمان، زمانی خۆیان لە بازرگانیی، ئاین، چاپەمەنیی و بڵاوکردنەوە، هەروەها لە کۆبوونەوە گشتییەکان.[3]

---

[1] van Bruinessen 1994b, 150 .

لەماوەی دادگاییکردنەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا لە هاوینی 1999دا، کاتێك باسی لە برایەتیی نێوان کوردو تورك کرد وەك بەنەمایەك بۆ تورکیایەکی دیموکراتیی، ئەو ئاماژەی بە رەوشەکەدا لەسەرەتای 1920 کاندا کاتێك کۆماری تورکیای تێدا دامەزرا.

[2] Chaliand 1980, 12; Ignatieff 1994, 179; Jafar 1974, 249; McDowall 1992, 33; Tahiri .

[3] Avebury 1995, Helsinki Watch 1990, 2; Jafar 1974 .

بەشی سێی بەندی 39ی ڕێکەوتننامەی لۆزان وەك لای خوراوە دەخوێندرێتەوە:

"چ سنووردارییەکی فەرمیی ناکرێت بۆ هەر مافی هاوڵاتییەکی تورکیی بۆ بەکارهێنانی هەر زمانێك کە پێی خۆشە، چ لەکاروباری شەخسیی، لە مامەڵەی بازرگانیی، لەکاروباری ئاین، لە چاپکردن یاخود کۆبوونەوەی گشتییدا.

وێڕای بوونی زمانی فەرمیی، ئاسانکاریی گونجاو بۆ هەر هاوڵاتییەکی غەیرە تورك زمان لە تورکیا دەکرێت تاکو زمانی خۆی لەبەردەم دادگادا بەکاربهێنێت."[1]

کارمەندە باڵا فەرمییەکانی تورك مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکەن کە سیاسەتی تورك لەهەمبەر کەمینەکان بەتەواویی لەسەر بنەمای بەندەکانی ڕێکەوتننامەی لۆزان بنیاتنراوە. بەگوێرەی ئەوان، هەموو هاوڵاتیانی تورکیا لە مافی یەکسان بەهرەمەندن. ئەوان دەڵێن گوایە لەبەرئەوەی تەنیا کەمینەی ئاینیی لە تورکیادا هەیە، بەڵام نەك کەمینەی ئیتنیی یاخود نەتەوەیی، هەربۆیە پێویست ناکات دان بە هیچ مافێکی زێدەدا بنرێت جگە لەوەی کە کەمینە ئاینییەکان لێی بەهرەمەندن.[2]

بنەمای "پاکتی نەتەوەیی" لە کوردستان یاخود لە پارچەکانی دیکەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی پێشوودا جێبەجێنەکران، هەربۆیە کوردان نەیانتوانی وەك ئەوەی لە پلانە ئەسڵییەکەدا بانگەشەی بۆ کرابوو دەنگ لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. جەعفەر دەڵێت ئەوەی ڕوویدا داگیرکارییەکی سەربازیی دیفاکتۆ بوو.[3]

بێشکچی دەڵێت دەوڵەتی تورك ڕێکەوتننامەی لۆزانی وەك ئاماژەیەك شرۆڤەکردووە بۆ ئەوەی کوردان لەسەر زەوی قەڵاچۆکەن. ئەو دەوڵەتەی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەیان وەك گرێنتییەکی نێودەوڵەتییو هەروەها سەلماندنی هەڵسوڕانو بەردەوامبوونی لەسەر سیاسەتەکانی خۆی بینی. بە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی لۆزان، کوردستان بووە کۆڵۆنییەکی ناوخۆی دەوڵەت.[4]

---

[1] Treaty of Lausanne, Section III, Article 39, ref. Kendal 1980b, 60 .

[2] Kirisçi and Winrow 1997, 45 .

[3] Jafar 1974, 249 .

[4] Besikçi: The Lausanne .

لە ساڵی 1918 بۆ 1925، کوردان دەرفەتێکی مەزنیان بۆ بەدەوڵەتبوون لەدەستداو خۆیان وەك کەمینەیەك لەنێو دەوڵەتی نوێی تورکیادا بینییەوە. لەمیانەی کەوتن‌و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا، زۆربەی گەلە رەعییەتەکانی ئەو ئیمپراتۆرییە توانیان دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، بەڵام کوردان ئەوەیان بۆ نەکرا.[1] چالیاند تێبینییکردووە کە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانییدا کوردان لە رووی پەرەسەندنەوە بە بەراورد لەگەڵ جوڵانەوە نەتەوەییەکانی دیکەی نێو ئیمپۆاتۆریی عوسمانییدا لەپاشەوە بوون.[2] لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، میرە کوردەکان، ئەوانەی زۆربەکات ئاسۆی بیرکردنەوەیان لە سنوورەکانی میرنشینەکانیان تێنەدەپەڕی، نەیانتوانی خەڵکەکانیان لەسایەی تاکە دەسەڵاتێکی ناوەندییدا یەکبخەن. رووناکبیرانی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا چالاکبوون، بەڵام لەنێوان سوننەتخوازان‌و مۆدێرنخوازاندا ناکۆکیی هەبوو، هەربۆیە بەسەر چەند دەستەیەك پارت‌و تاقمی جیاوازدا دابەشببوون. ئەرکی بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە بان توانای ئەوانەوە بوو، چونکەن ئەوان ئەزموونی سیاسیی‌و مێژوویی پێویستیان نەبوو.[3]

## خەونەکانی پان-تورانییەکان

ساڵی 1998 حەفتاوپێنجهەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری تورکیا بوو، ئەو مێژووەی کە لە تورکیادا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاهەنگی بۆ دەگێڕرێت. بەڵام لەڕاستییدا، دامەزراندنی کۆمارەکە سەرکەوتنێك نەبوو، بەڵکو بەزینی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوو. درککردنی میراتگەلێکی لەدەستچوو بەچەندین شێوە کاری لە

[1] Kendal 1980a,
44; McDowall 1997, XI, 187 .
[2] Chaliand 1980, 15 .
[3] Kendal 1980a, 23, 39; O'Shea 1994, 175 .

کۆمارەکە کرد.[1] بەگوێرەی گێرگار، گواستنەوە لە ئیمپراتۆرییەوە بۆ کۆماریی، گواستنەوەیەکی نەرمو ساکار نەبووە، بەڵکو پارچەبوونێکی توندوتیژ بوو، هەرچەندە سایکۆلۆجیی، کەلتووریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، هەروەها لە هەندێك ناوچەدا تەنانەت گرێبەندگەلێکی یاسایی لەنێوان دوولادا وایکردووە کە ئەوەی دواتریان وەك فراوانخوازییەکی سروشتیی لەسەر ئەوی پێشوو دەرکەوتووە.[2] بژاردە نوێیە فەرمانڕەواکە بەتەواویی دەستی لە میراتی عوسمانیی هەڵنەگرت. ئەم شەرمە جێپەنجەی خۆی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆجیی کۆمارەکە دانا:

"گیانی تورکیی نزیکەی بۆ ماوەیەکی درێژ دیلی دێوەزمەیەکی ئازاربەخشو هەروەها شەرمەزاریی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپۆاتۆریی عوسمانیی بوو. نەتەوایەتیی تورکیی لە هەرێمە لەدەستچووەکاندا لەدایکببوو...ئەوەی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئازاربەخشی ئیمپراتۆرییەکە هاوجووت بوو. ئەم پەرەسەندنانە، ئەم دیاردانەی خوارەوەیان وەك مۆرێك لە گیانی تورکییو نەتەوایەتییەکەی دا : ترس، کاردانەوەیەکی دوژمنکارانە دژ جیهانی دەرەکیی، نزیکەی بوونی هاندەرێکی سەرەڕۆیانە بۆ نواندنی توندوتیژیی لەپێناو مانەوەدا، شەڕەنگێزییەك کە ئاکامی ئاوێتەبوونێکی سەیرە لەنێوان خۆبەکەمزانییو خۆبەزلزانیی ئاڵۆزدا هەروەها زینۆفۆبیایەکی( لەبێگانەتۆقین-سەردەشتیی) تایبەت، خۆبەدوورگرتنو گۆشەگیرییەکی وشك کە سیماکانی دواکەوتوویی تۆکمە دەکات."[3]

خەونەکانی تۆرانییەکان دەتوانرێت لە فکری برایەتیی تورکیاو هەروەها تورانیا( ئازەربایجان، ئوزبەکستان، تورکمانستان، قەرەغیزستان ..هتد ) ببینرێت. ئەوان ئیلهامێکی مەزنیان لە خەونەکانی پان- جێرمانتیکەکان وەرگرتبوو. لەمپەرێکی بەردەم بەدیهاتنی خەونی پان-تورانییەکان ئەو راستییەبوو کە ناوچەی نێوان

---

[1] van Bruinessen 1984, 7; Horowitz 1987, 77 .

[2] Gerger 1997, 2- 3 .

[3] *Gerger 1997, 2.*

هەرێمە تورانییەکان گەلانێکی ناتورکو خەڵکانێکی وەك کوردو ئەرمەنە کریستیانێکانی تێدا نیشتەجێین. لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، رابەرانی یەکێتییخوازەکان چارەسەرێکیان بۆ ئەم گرفتە دۆزییەوە، ئەوان ئامانجیان بوو کە جەنگەکە بەکاربهێنن بۆ تارومارکردنی ئەو قەوارە نەتەوەییانە، لەرێگەی توانەوەی فیزیکیی ئەگەر بگونجێت، هەروەها ئەگەر نا، ئەوسا لەرێگەی راگواستنی بەکۆمەڵ چەندەی دەکرێ هەوڵی تەنککردنیان بدرێت. ئەرمەنییەکان، وەك کریستیانیی، رەگەزێکی هەرسنەکراون و پێویستە قەڵاچۆبکرێن . کوردان دەبێت پەرتەوازە بکرێن، رابگوازرێن یاخود بتوێنرێنەوە.[1] هەڵمەتی یەکێتییخوازەکان دژی کەمینە ناموسوڵمانەکان زۆر لە رژێمەکەی سوڵتان عەبدولحەمید دڕندانەتر بوو. راگواستن و کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەنێوان سالانی 1915 بۆ 1917بووەهۆی مردنی زیاتر لەنیوەی دانیشتووانی ئەرمەنیی، کە لەبنەڕەتدا لەنێوان دوو بۆ سێ ملیۆن بوو. ئەو کۆمەڵکوژییە بە گرتن و کوشتنی هەزار کەس لە رێبەرانی ئاینیی، سیاسیی و رووناکبیریی ئەرمەنیی لە ئەپرڵی 1915دا دەستیپێکرد، دواتر 200,000 سەربازی ئەرمەنیی لە سوپای عوسمانییدا لەناوبران. پاش ئەوە، ئەو دانیشتووانەی مابوونەوە فەرمانی راگواستنیان پێدرا. نزیکەی نیوەی ئەوانە لەماوەی شەش مانگدا مردن، بەشێکی مەزنیش لەوانەی مابوونەوە دواتر بە برسێتیی گیانیان لەدەستدا. ئەوانەی کە نەمردبوون ئەو مافەیان لێسەندرایەوە کە وەك کۆمەڵێك لە خاکی باپیرانیان بژین.[2]

عیسمەت ئینۆنو لەماوەی دانوسانەکانی لۆزاندا ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە کوردان لە بنەچەیەکی تورانیین.[3] تەنانەت لە ئێستاشدا کارمەندانی تورك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردان لە بنەچەیەکی تورانیین، بەڵام بەهۆکاری

---

[1] Kendal 1980a, 21-22, 37; Kendal 1980b, 60 .

[2] IMK Weekly Information Service 23.2.2001; Libaridian 1987, 204-206; Poulton 1997, 81; Uppsala universitet 1999, 23 .

[3] McDowall 1997, 190 .

مێژوویی دیارییکراوەوە ئەوانە زمانی زمانی رەسەنی خۆیان لەبیرچۆتەوەو زمانێکی تریان وەرگرتووە کە تێکەڵەیەکە لە زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی.[1]

ئیدۆلۆگی سەرەکیی پان تورانییەکان زیاگۆکاڵبە، ئەوەی بە "باوکی رۆحیی تورکیای هاوچەرخ "ناودەبرێت. ئەو لە "بنەماکانی تورکیزم"دا کە لەساڵی 1920دا بڵاوکرایەوە، مشتومڕێکی سەرەکیی بۆ کەمال ئەتاتورک فەراهەمکرد تا پاساوی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێزی، سێکیولاری، ناوەندگەرای بۆ بێنێتەوە کە لەبەرامبەر کەمینەکاندا لێنەبوردە بێت‌و لەسەر "تورکاندن" یان سووربێت. بەگوێرەی گۆکاڵب، نەتەوە گروپێکی رەگەزیی، ئیتنیی، جیۆگرافیی، سیاسیی یاخود خۆبەخشانە نییە، بەڵکو لە تاکگەلێك پێکدێت کە زمان، ئاین‌و ئەخلاقییەتێکی هاوبەشیان هەیە– وەك ئەوەی بڵێیت، هەمان پەروەردەو فێرکردنیان هەبووبێت. ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە سۆسیۆلۆجستێکی کورد کە بنەچە ئیتنییەکەی خۆی بشارێتەوەو تیۆرەکانی دۆرکهایم بە بایەخ وەربگرێت.[2]

لە ساڵانی 1930 کانەوە بەرەوسەر، بانگەشەیەکی ئەفسانەیی لەبارەی مێژووی تورکییەوە لەشێوەی تێزی مێژووی تورك " تورك تەئریخ تێز " هەبوو. بانگەشەی ئەوە هەبوو کە تورکان نەوەی "گورگە بۆرەکان"ی دۆڵی ئەرگەنەکۆنن لە ناوەندی ئاسیاو لەبنەڕەتدا لە رەگەزی ئارییاین. ئەمە بانگەشەیەکی چەندبارەوەبووی ساڵانی 1930کان بوو. " مێژووی جیهانیی تورکیی " کە لەلایەن پەیمانگای مێژووی تورکییەوە دانرابوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شارستانییەتی بەناوبانگی سۆمەریی، میسریی، بابلیی، لیدیی، ئایۆنیی، هەروەها هیتییەکان هەموویان لەلایەن تورکانەوە ئەفرێنراون. جەختێکی مەزن خرابووە سەر تورکبوونی بنەچەی ئاتیلا، جەنگیزخان‌و هۆلاکۆ. تا ساڵانی 1980کانیش، ئەم "مێژووی جیهانیی

---

[1] Van Bruinessen 1984, 6 .

[2] Kendal 1980a, 44; Poulton 1997, 76; Randal 1999, 267; Sakaranaho 1998, 95 .

تورکییه" هێشتا له تەواوی خوێندنگاکانی تورکییدا دەخوێندراو، جگە لە چەند رووناکبیرێك، کەسێك لە بنەمای راستیینەی ئەم مەسەلەیەی نەپرسیی. تیۆری زمانی رۆژ " گوینەش دیل تیۆریسی " تەواوکەرێکی لۆجیکیی مێژووی جیهانیی تورکیی بوو، مشتومڕی ئەو لەوبارەیەوە بوو کە زمانی تورکیی سەرچاوەی تێکڕای زمانەکانی دیکەی دنیایە، هەروەها تورکیی یەکەمین زمانی قسەپێکراوە لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتییدا.[1] گێرگار ئەم پرۆسەی تیۆریزەیە بە وەستێنراو لەسەر بناغەی گریمانەگەلێکی هەڵە دادەنێت " ساختەکارییەکانی کەمالیزم بۆ مێژوو. "[2]

## " یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە، یەك زمان، یەك کەلتوور "

تورکیای عوسمانیی دەوڵەتێکی فرە ئیتنیی بوو، بەڵام مستەفا کەمالی سەرۆکی تورکە لاوەکان کە دواتر خۆی ناونا "ئەتاتورك/ باوکی تورك" ویستی تورکیایەکی مۆدێرنی سێکیولار لەسەر بنەمایەکی یەکڕەنگ بێنێتەئارا. رژێمی کەمالیی کە بانگەشەی "رەتکردنەوەی چین و جیاوك"دەکرد، هێشتا چارەنووسی جووتیارانی ئەنەدۆڵ هەروەك هەمان حاڵەتی پێشووی ژێر سایەی حوکمی عوسمانییدا مابوونەوە: باجگەلێکی قورسی دەوڵەتیی، ئەنجامنەدانی هیچ ریفۆرمێکی کشتوکاڵیی، نەبوونی خوێندنگاکان. پێویستە رەگەزەکانی "ریفۆرمی" ئەتاتورك، وەك: هاوردەکردنی ساڵنامەی گریگۆریی، سیستمێکی نوێی کاتی کار، پۆشاکی ئەوروپیی، کۆدی یاسایی سڤیلی سویسریی..هتد، دژ بەم پێشینەیە لەقەڵەمبدرێت. دەسەڵاتی مستەفا کەمال، لە هەر سوڵتانێکی دیکەی عوسمانیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، زێدەتر بوو. لەسەر ئاستی سیاسیی، دەتوانرێت رژێمی

---

[1] Besikçi 1987, 87 and 1997b; Ciment 1996, 107-108; Hirschler 1999, 5; Kendal 1980b, 68; Poulton 1997, 102 .

[2] Gerger 1997, 17 .

کەمالیست وەك فاشیست بناسێنرێت: لەساڵی 1930 بەرەوسەر ئەتاتورك وەك "ئەبەدی شێف/ رابەری هەتاهەتایی" ناسرا کە زۆر لە "فوهرەر"و "دۆچی" جیاواز نەبوو. عیسمەت ئینۆنو، کە دوای ئەتاتورك هات، خۆی ناونا "میللی شێف/ رابەری نەتەوەیی". پارتی کۆماریی گەل لەناو دەوڵەتێکی تاك–پارتییدا تاکە پارت بوو. پارتەکە بە تەواویی لەگەڵ دەوڵەتدا تێکهەڵکێش بوو، لە 1930کاندا، سەرۆکی پارتەکە هەرخۆی سەرۆکی کۆمارەکە بوو، هەروەها سکرتێری گشتیی پارتەکە وەزیری ناوخۆ بوو. لە شارەکاندا، والییەکان کاروباری لقەکانی پارتەکەیان بەڕێوەدەبرد.[1] راندڵ دەنووسێت کە کەمالیزم هزرێکی هاوچەرخ نییە بەڵکو کاردانەوەی ئایدۆلۆجییەکانی بێگانەیە، لە شۆڕشەکانی فەرەنساو روسیاو هەروەها لە دەوڵەتە تێکهەڵکێشەکەی مۆسۆلینی وەرگیراون کە بەڕادەیەکی مەزن کاری لە ئەتاتورك کردبوو.[2]

ریشەی تورکاندنی کەمینەکان لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدایە. فەرمانڕەواکانی عوسمانیی لەقۆناغی ناوەندا هەوڵی تواندنەوەی بەزۆری کەمینەکانیان داوە، بەتایبەتی کوردان، هەرچەندە ئەم هەولآنە زۆربەی جار بێهودە بوون.[3] لەهاوینی 1922دا، وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە "راکێشانی کورد بۆ ئاستێکی بەرزی "شارستانیی" لەرێگەی بنیاتنانی خوێندنگا، رێگاکان، هەروەها پۆستەکانی ژاندارم وهەروەها لەرێگەی خزمەتی سەربازییەوە" ئاخاوت. مەسەلەی گۆڕینی کوردان بۆ تورکێکی باش لەقۆناغێکی دواتردا برەوی پێدرا.[4] ئایدۆلۆجیی فەرمیی کۆماری تورکیا هەر لە ناوەڕاستی 1920 کانەوە نکۆڵیی لە بوونی گەلی کورد لە ولآتدا دەکرد. ئامانجی ئەم سیاسەتە ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی سیاسیی، کەلتووریی و کۆمەلآیەتیی و لەرێگەی تواندنەوەوە کوردان بکەن بە تورك. بۆ

---

[1] Kendal 1980b, 71 .

[2] Randal 1999, 252 .

[3] Jafar 1974, 162 .

[4] McDowall 1997, 191 .

بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دەسەڵاتداران لە هەوڵی ئەوەدابوون کە هەرشتێك لەناوبەرن کە دەگونجێت ریشەیەکی کوردانە پێشانبدات.[1]

عیسمەت ئینۆنو کە لەساڵی 1938دا بووە جێنشینی ئەتاتورك، لە ساڵی 1930دا رایگەیاند:" تەنیا نەتەوەی تورك رێپێدراوە بانگەشە بۆ مافە ئیتنییو نەتەوەییەکانی لەم وڵاتەدا بکات، هیچ رەگەزێکی دیکە مافێکی بەم چەشنەی نییە."[2]

مەحموود عیزەت بۆزروست لە ساڵی 1930دا لەکاتی راپەڕینی ئاراراتدا هەمان شتی وت:

" بڕوام وایە کە پێویستە تورکان ببنە تاکە ئاغا، تەنیا خاوەنی ئەم وڵاتە. ئەوانەی کە لە تۆرەمەی پاکی تورکان نین تەنیا دەتوانن لەم وڵاتەدا خاوەنی یەك ماف بن: ئەویش مافی کۆیلایەتییو خزمەتکارییە."[3]

هەروەها تۆفیق روشدی وەزیری دەرەوە ئەو دیدو بۆچوونانەی لەنامەیەکدا بڵاوکردەوە کە لەو دەمەدا لەنێو کابینەکەدا دەگوزەرا:

" لە کەیسەکەی ئەواندا(کوردان)، ئاستی کەلتوورییان فرە نزمە، عەقڵیەتیان زۆر دواکەوتووە، کە بە ئاسانی ناتوانن لە جەستەی سیاسیی گشتیی تورکییدا شوێنبگرن...ئەوان بەرەو لەناوچوون دەچن، لەڕووی ئابوورییەوە بۆئەوە ناشێن کە لە ململانێی ژیاندا رکابەری لەگەڵ تورکانی زێدە پەرەسەندووترو خاوەن کەلتووردا بکەن...هێندەی دەتوانن بەرەو ئێرانو عێراق کۆچ دەکەن، ئەوەشی ماوەتەوە بەئاسانی دەبێت ئازاری توانەوەی نەشیاویان بچێژن.[4]

لەساڵی 1923دا، دەستووری تورکیی بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە شوێنە

---

[1] Gunter 1990, 43 .

[2] Ismet Inönü, Milliyet 31.8.1930, ref. Gunter 1990, 7 .

[3] Mahmut Esat Bozhurst, Milliyet 16.9.1930, ref. McDowall 1992, 38.

[4] Tawfiq Rushdi, quoted in McDowall 1997, 200).

گشتییەکاندا قەدەغەکرد.[1] لەو رۆژەدا کە خەلافتی تێدا هەڵوەشایەوە، واتە 3ی مارتی 1924، خوێندنگا کوردییەکان، کۆمەڵەکان، بڵاوکراوەکان، هەروەها تەریقەتە ئاینییەکانی تێدا قەدەغەکرا. لەساڵی 1938دا، کەوتە ئەوەی بەکوردان بوترێ "تورکانی چیایی" هەروەها ناوی کوردیی زیاتر لە 200,000 شوێنی نیشتەجێبوون کرا بە تورکیی.[2] وشەی کوردستان– کە هەر لەسەدەی دوازدەهەمەوە ببووە ناوی وڵاتەکەی کوردان– یەکەمین شت بوو کە قەدەغەکرا. ئەوەی کە هێمایەکی یەکێتیی گەلی پەرتەوازەی کورد بوو، لەبری ئەوە، ناوی ناوچەکە کرا بە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ.[3]

ناوەکان بە توندیی شتێکی شەخسیین‌و شوناسی هەریەك لە کەسێکی تاك‌و هەروەها کەسەکە وەك ئەندامی گروپێك دیارییدەکەن.[4] لەبەرئەوەی لەتورکیادا کوردان وەك کۆمەڵەیەکی کەلتووری نەبوو لەقەڵەم دەدرا، هەربۆیە بوونی ناوی کوردیی پێچەوانەی واقیعی کۆمەڵایەتیی ئەژمێردرا.[5] لە ساڵی 1982ەوە، دەسەڵاتداران ناوی کوردییان تۆمار نەدەکردو دایك‌وباوکان ناچاردەکران ناوی

---

[1] Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 368 .

[2] Hirschler 1999, 6; Ignatieff 1994, 179-180; McDowall 1992, 36 and 1997, 200; Olson 1989 .

[3] Kendal 1980, 85; Sheikhmous 1991, 2 .
هەروەها دەتوانرێت هەندێك ناوی شوێنە کوردییەکان لە ئینجیلیشدا ببینرێتەوە، بۆ نموونە، حەڕان ( کەوتۆتە هەرێمی ئورفەوە ) کاتێك ئیبراهیم هەروەك خوداوەند قسەی لەگەڵدا کرد، کۆچی کرد بۆ ئەوێ، هەروەها لوت یش لەگەڵی رۆشت، هەروەها کاتێك ئیبراهیم حەڕانی جێهێشت، تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵان بوو. ئیبراهیم سارای ژنی‌و لوت‌و برازاکەی‌و تێکڕای ئەو ماڵ‌و دارایییەی لەگەل خۆی برد کە کۆیکردبووەوە، هەروەها ئەوانەشی کە لە حەڕان وەدوی کەوتبوون، ئەوانە روویان لە خاکی کەنعان کرد، هەروەها لە خاکی کەنعانەوە هاتبوون. (Genesis 12:4-5)

[4] Jernudd 1994, 121 .

[5] Sakallioglu 1996, 8 .

تورکیی لە منداڵەکانیان بنێن. بەتایبەتی ئەو ناوانەی بە پیتی "ۆ" کۆتاییاندێت، شێوەی ناوی نموونەیی کوردیی قەدەغەکرا.[1] هەروەها ئەم کارە لە ئەوروپاش لە باڵیۆزخانەکانی تورکیی ئەنجامدەدرا، ئەوان دەرکردنی پاسپۆرتیان بۆ منداڵانێك ڕەتدەکردەوە کە ناوی کوردییان هەبێت. باڵیۆزخانەکانی تورکیی لیستیان بەو "ناوانەوە هەیە کە پێویستە لە هاوڵاتیانی تورکیی بنرێن."[2] زۆر لە کوردان ناچار کران کە ناوێك لەخۆیان بنێن کە نەك هەر تورکیی بێت بەڵکو مانای "تورك" یش ببەخشێت، وەك نازناوی "ئۆزتورك" کە بەمانای "پاك تورك" دێت.

لە هەمان کاتدا کە نکۆڵی لەماڤ کوردانی تورکیا دەکرا ناوی کوردییان هەبێت، دەوڵەتی تورك ناڕەزایەتییەکی دژی بولگاریا دەربڕی کە لەنێوان ساڵانی 1985و 1988دا سیاسەتی ناچارکردنی تورکانی بولگاریا گرتۆتەبەر تاکو ناوی خۆیان لە تورکییەوە بۆ بولگاریی بگۆڕن.[3]

نکۆڵیی لەناونان کاریگەریی لە هەردوو ئاستی تاكو هەروەها ئاستی گروپ هەبوو. سەبارەت بە تاك، بەمانای نکۆڵیی بوو لە شوناس، هەروەها ئەوە توانای کەسەکەی (چ نێر چ مێ) لاواز دەکرد کە خۆی وەك ئەندامی گروپێك بەرجەستە بکات. لەسەر ئاستی گروپیش، واتە دەستێوەردان لە شوناسی گروپەکە. گۆڕینی زۆرەملێی ناوێك مانای نکۆڵییکردن لە بوونی گروپێگ "وەك گروپ".[4]

لە ئەپرڵی 1961دا، ژێنڕاڵ جەمال گۆرسێل سەرکردەی کودەتا سەربازییەکە، پێشەکییەکی بۆ چاپی دووەمی کتێبەکەی م. شەریف فیراتس نووسی کە بەناونیشانی" دۆغو ئیللەری ڤە ڤارتۆ تەهریهی / شارەکانی رۆژهەڵاتو مێژووی ڤارتۆ"، بوو، تێیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوردان لە بنەچەدا تورکن.[5] یاسای

---

[1] Gunter 1990, 44; medico international and KHRP 1997, 23 .

[2] Skuttnab-Kangas and Bucak 1994, 368; Yildiz 1996 .

[3] Besikçi: From 'everybody…

[4] Jernudd 1994, 130-131; Skutnabb- Kangas 1996, 126 .

[5] Kinnane 1964, 32-33; McDowall 1997, 404 .

ژماره 2820، کە لە ئەپرلی 1983دا تێپەڕێنرا، دەڵێت:" بانگەشەکردن بۆ بوونی کەمینەکان لە تورکیا قەدەغەیە"[1] ئەم تێڕوانینە بەگشتیی پەسەندکراوبوو، نزیکەی کەسێك پرسیاری لەبارەوە نەکرد. کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی نورکیی کە لە 29–31ی ئۆکتۆبەری 1970دا بەسترا دانی بەمەدا نا:

" گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیادا هەیە...هەر لە دەستپێکەوە حکومەتە جیاوازەکانی تورکیا سیاسەتی سەرکوت، تیرۆرو تواندنەوەی گرتۆتەبەر...هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئەو ناوچەیەی کە گەلی کوردی تێدا نیشتەجێیە، بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە، بریتیە لەو سیاسەتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییانەی لەلایەن ئەو حکومەتانەوە بەڕێوەچوون، ئەوەی ئەو راستییەی گرتۆتەبەرچاو کە ئەم هەرێمە گەلی کوردی تێدا نیشتەجێیە، هەروەها یاسای پەرەسەندنێکی نایەکسانی سەرمایەداریی تێدا بەگەڕخستووە."[2]

حکومەتی تورکیی لە 20ی ژوئیەی 1971دا نایاساییبوونی پارتەکەی راگەیاند، هەروەها لە 19ی ئووتی 1971دا، سەرکردایەتیی پارتەکەی هێنایەبەردەم دادگای سەربازیی بەتۆمەتی گرتنەبەری سیاسەتێکی جیاخوازانە.[3] لە ئەپرڵی 1979دا، وەزیرێکی کابینە، شەرەفەتین ئاڵچی، بەئاشکرا رایگەیاند:" کوردان لە تورکیادا هەن، منیش بۆخۆم کوردم." ئەمە هەژانێکی لەنێو کابینەکەدا پێکهێنا کە تەنیا بووەهۆی هەڵوەشاندنەوەی کابینەکە پاش کۆبوونەوەیەکی قەیراناویی 17 ساتیی. پاشتر ئاڵچی بە دووساڵ زیندانیی و دوو مانگ کاری گران سزادرا تەنیا لەبەرئەوەی بانگی کوردبوونی خۆی دابوو.[4] لەساڵی 1989دا، ئەندامێکی پارلەمانی تورکیی، ئیبراهیم ئاکسۆی، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەپارتی SHP / پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل دەرکرا دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی پارلەمانیی کۆمسیۆنێکی

[1] quoted from Skutnabb-Kangas and Buçak 1994, 356 .

[2] quoted in Vanly 1971, ref. Jafar 1974, 256-257 .

[3] Besikçi 1987, 62-63; Jafar 1974, 257 .

[4] McDowall 1997, 413 .

تورکیی–ئەورووپییدا لە ستراسبێرگ وتبووی کە کوردان لە تورکیادا هەن و پێویستە وەك مرۆڤ مامەڵە بکرێن.[1]

ویڕای ئەوەی کە سەرکوتکردنی زمانی کوردیی هەر لەسەردەمی ئەتاتورکەوە سیاسەتێکی تورکیی بوو، بەڵام لە ساڵانی 1980کانداو بەهۆی ژمارەیەك یاسای نوێوە ئەم سیاسەتە توندترکرا.[2] زمانی دایك وا پێناسەکراوە کە ئەو زمانە کە مرۆڤ یەکەمجار فێری دەبێت و بەشێوەکی فرە بەهێز خۆی دیارییدەکات.[3] بەگوێرەی یاسای 2932/3 کە تا 12ی ئەپرلی ساڵی 1991 هەڵنەوەشێنرایەوە، " زمانی دایکی هاوڵاتیانی تورك تورکییە"[4]

ئیسماعیل بێشکچی نووسیویەتی کە تا ساڵانی 1980 کان کارمەندانی تورك بەو بیانووە نکوڵییان لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد دەکرد کە " هەموو کەسێك تورکە، بنەچەی کوردانیش هەر تورکییە. نەتەوەی کورد نییە، زمانی کوردیی نییە. لەبەرئەوەی نەتەوەو زمانێکی ئەوها نییە، هەربۆیە ناتوانرێت مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی قەوارەیەکی نەبوو بدرێت."[5] بێشکچی نووسیویەتی

---

[1] Helsinki Watch 1991, 32 .

[2] Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 353 .

[3] Skutnabb-Kangas and Phillipson 1994, 71 .

[4] quoted from Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 356 .

[5] دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی لە ساڵی 1994 بۆ 1999 لە زینداندا بوو، بەڵام ئەو لە بەشدارییکردن لە مشتومڕە گشتیی و ئەکادیمییەکاندا بەردەوام بوو. یوردوسیەڤ ئوزسۆزکمنلەر کە سەرنووسەری رۆژنامەی "ئولکەدە گویندەم"ە وتویەتی: " گرنگترین کتێب و وتارەکان لە تورکیادا ئەوانەن کە لەزیندانەکاندا نووسراون." ( کە لەو کاتەوە داخراوە) لە ئەستەمبوڵ لە فێبرایەری 1999. پێدەچێت کە زۆر زەحمەت نەبێت وتارەکان لە زیندانە تایبەتەکانی تورکییەوە رەوانەی دەرەوە بکرێن، بۆنموونە، لەیلا زانا کە ئەندام پارلەمانێکی زینداننیکراوە عەموودێکی لە رۆژنامەی "ئوزگور پۆلیتیکا"دا هەیە کە لە ئەڵمانیا دەردەچێت. لەکاتی ڤیسنیڤاڵی شەمەندەفەری ئاشتیی موسا عەنتەر کە لە ئەورووپا لە سێپتەمبەری 1997دا، مێهمەت جان یوسە تێبینیدا کە لە زیندانی جانقەڵاوە وتری بۆ رۆژنامەکان ناردووە، ئەو تێبینیەی کە لەلایەن

لەبەر ئەم سیاسەتانەی تواندنەوە، کوردستان لە چ حاڵەتێکدا نییە، تەنانەت کوردان لە حاڵەتێکی کەمتر لە گەل و وڵاتێکی بەکۆلۆنییکراون.[1]

" چەوساندنەوەی کوردان لەواقیعدا...مەزنە، نەك لە هێزدا بەڵکو لە کەمی ڕێزدانان بۆ ئەو خەڵکە. حاڵەتێکی وەك ئەوەی ئاپارتایدە لە باشووری ئەفەریقا، ئەوەی کە ڕەشەکان تەنانەت وەك مرۆڤ ناژمێردرێن. بەڵام نکۆڵی ئەوەیان لێناکەن کە ڕەشەکان زمان و شوناسیان هەیە. بوونی کوردان بەتەواویی نکۆڵییلێکراوە."[2]

بێشکچی ڕەوشەکەی تورکیای بە باشووری ئەفەریقای لەپێش ساڵی 1994دا بەراوردکردووە:" لە باشووری ئەفەریقا کارگێڕیی سپییەکان بە خەڵکە ڕەسەنەکەیان دەوت:"ئێوە وەك ئێمە نین. پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆتان هەبێت، هاوسێی خۆتان هەبێت، خوێندنگاو ڕێستۆرانتی خۆتان هەبێت. لەگەڵ ئێمە تێکەڵ مەبن." سەپاندنی ئەوەی "دەبێت لەگەڵماندا بژین، بەڵام وەك تورك. هیچ بژارەیەکی دیکەتان نییە" فرە دڕندانەترو وێرانکەرترە لەو ڕەگەزپەرستییەی کە لە باشووری ئەفەریقا پراکتیزە دەکرێت. ڕەگەزپەرستیی تورکیی، وەك ئاپارتاید، نکۆڵیی لە هەر بژارەیەك دەکات، بەلام بەپێچەوانەی ئاپارتایدەوە، شوناسی نەتەوەیی و کەلتووریی و هەروەها مێژوویی ڕەعییەتەکانی تێکوپێکدەدات.[3]

ئەگەر دایكوباوکان زمانی خۆیان نەگەیەننە منداڵەکانیان، ئەگەر ئەو زمانە نەبێتە یەکەمین زمان کە ئەو منداڵە فێری دەبێت، ئەگەر ئەو مندالأنە بەو زمانەوە

---

دادوەری دەوڵەتیی تورکیاوە بەکارهێنرا بکرێتە سەرەتایەك بۆ داوای داخستنی ڕۆژنامەکە(ئولکەدە گویندەم) . ئەم ڕەوشە هاوشێوەی ئەوەکەی ئیتالیای فاشیستییە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا: بۆنموونە، ئەنتۆنیۆ گرامشی کارە سەرەکییەکانی خۆی لە زینداندا نووسی..(Horowitz 1987, 68)

[1] Besikçi: From 'everybody...; Besikçi 1997a .

[2] *Celepli 1998*.

[3] Besikçi: From 'everybody...'

نەناسرێنرێن، ئەوا ئەو زمانە دەمرێت. دەتوانرێت وابکرێت کە دایكوباوکان خۆبەخشانە ئەم کارە بکەن باخود ناچاربکرێن مل بۆ ئەو راستییە کەچ بکەن کە منداڵەکانیان فێری زمانی دایکیان نەکرێن‌و بەو زمانەشەوە نەناسرێن. بەگوێرەی سکوتناب-کەنگاس‌و بوجاك، تورکیا نموونەیەکی ئاشکرای ئەم سەدەیە پێشاندەدات لە زمانکوژیی‌و هەوڵدانی بۆ کوشتنی زمانی کوردیی. هیچ ولاَتێکی دیکە لە جیهاندا بەشێوەیەکی فەرمیی لەدەستوورەکەیدا ئەو یاساو بڕیارانەی تایبەت بە دژایەتیی پابەندبوونی ناوەکیی‌و دەرەکیی بە زمانی دایکەوە دانەناوە. لانیکەم سیازدە یاسا هەیە کە بەکارهێنانی زمانی کوردیی‌و دەربڕینی کەلتووری کوردیی قەدەغە دەکات.[1] تورکیا هەوڵدەدات کە شوێنی زمانی دایکی کوردان بەوە بگرێتەوە کە زمانی تورکیی بکاتە زمانی دایکیان.[2]

لەساڵی 1967دا، موسا عەنتەر فەرهەنگێکی تورکیی-کوردیی هێنایەبەر.[3] یەکەمین بەرگی کوردیی(دیالێکتی کرمانجیی) لە تورکیا لە 1968دا لەلایەن م. ئەمین بوزئەرسلانەوە بلاَوکرایەوە. ئەو هەمان کات دەقە وەرگێڕراوە تورکییەکەی داستانی نەتەوەیی کوردیی "مەم‌وزین"[4]ی بلاَوکردەوە. هەردوو کتێبەکە پاش دوو

---

[1] بەندکانی 8، 311، 312و 159 لە یاسای بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم کە ئازادیی بیرورا بەرتەسك دەکاتەوە، هێشتا بەکارە. بەندەکانی 168، 169، 312ی یاسای سزادانی تورکیی بەکاردەهێنرێت بۆ راوەدونانی یاسایی ئەو نووسەر، رۆژنامەنووس‌و هەروەها چالاکوانە سیاسییانەی کە رەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەت لە باشووری رۆژهەلاَت دەگرن. ( Vermot-Mangold 1998, 11).

[2] Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 362-363, 365-366; Vermot-Mangold 1998, 11 .

[3] McDowall 1997, 40 .

موسا عەنتەر لە 20ی سێپتەمبەری 1922دا لە ئامەد کوژرا، وەك ئەوەی پێیدەڵێن "کوشتنی نادیار".

[4] وا مەزەندە دەکرێت کە چیرۆکی مەم‌وزین نزیکەی شەش سەد ساڵی تەمەن بێت، هێشتا ئەم چیرۆکە بەسەر زاروزمانانی خەڵکەوەیەو لە کوردستان بە "مەمی ئالان" دەناسرێت. لەساڵی

ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە کتێبخانەکاندا قەدەغەکران و بوزئەرسلانیش قۆڵبەستکرا. پاش ئەوەی دوای چوار مانگ زیندانیی، سزادانەکەی بوزئەرسلان وازی لێهنرا، ئەو پرسەکەی بردە دادگا و داوای کرد کە ئەو مەرەخەسکردنە کتێبەکەش بگرێتەوە. کەیسەکەی لە دادگا چوار ساڵی خایاند، دوا بڕیاری دادگای باڵا ئەوە بوو کە تەنیا بوزئەرسلان مەرەخەس بکرێت و کتێبە کوردییەکە دەستی بەسەردا بگیرێت، وەك ئەوەی کە ئامرازێکە بۆ تاوانکاریی دژی دەوڵەت. بوزئەرسلان ئەو گۆڕانکاریانەی لە مەمۆوزین دا کرد کە دەسەڵات داوای کردبوو، هەربۆیە لە ساڵی 1973دا لە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکاندا هەڵگیرا. لەدوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1980، دەسەڵاتدارانی تورکیی تەواوی کۆپییەکانی مەموزین یان سووتاند کە بەردەستیان کەوت.[1]

لەساڵانی 1990کاندا، قورئان بۆ کوردیی(زاری کرمانجیی) وەرگێڕدرا و لەتورکیا

1695دا، ئەحمەدی خانی بەکوردستاندا سوڕا و هۆنراوە کوردییەکانی دەنووسینەوە و لەسەر ئەم پایەیەش چیرۆکی خۆشەویشستی مەمی میرو زینی کچە هەژاری داڕشت. ئەحمەدی خانی وەك پێشینەیەك بۆ چیرۆکە دڵدارییەکە، وەسفی ئەوەی کردووە کە ژیان لە کوردستانێکی سەربەخۆدا چۆن دەبێت. چیرۆکەکە کۆتاییەکی خۆشی نییە، چونکە مەم و زین دەمرن لەکاتێکدا ناچاردەکرێن کە لەیەکتری جیاببنەوە. هەندێك لە کوردان ئەم چیرۆکەیان بەشێوەیەکی سیمبولیی شرۆڤەکردووە بەوەی کە زین هێمایەکە بۆ خاکی کوردستان و مەم یش بەرجەستەی گەلی کورد دەکات، ئەو دووانەی کە هێشتا یەکیان نەگرتۆتەوە. زۆربەی کوردان بڕوایان وایە کە گۆڕە کۆنەکەی گۆڕستانی جزیرە گۆڕی مەم و زینە. لە ساڵانی 1600کاندا کرمانجی بە پیتی عەرەبیی دەنووسرا، بەڵام بوزئەرسلان کرمانجییە کۆنەکەی گۆڕیوەتە سەر پیتی لاتینیی.

[1] بوزئەرسلان هەر لەکاتی کودەتاکەوە لە سوید دەژی، لەوێ ئەو چاپێکی نوێی مەموزین ی بە زمانی کوردیی لەمارتی 1995 بڵاوکردەوە و لە 1996یشدا بە تورکیی. هەروەها چاپە تورکییەکە لە ئەستەمبوڵیش لە مایۆی 1996دا بڵاوبووەوە. لەوێ پاش دوو مانگ لە بڵاوبوونەوەی قەدەغەکرا و بڵاوکەرەوەکەشی کە ئیحسان تورکمان بوو لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە سزای سیازدە مانگ زیندانی درا بەتەنگەیا.

بڵاوکرایەوە، ئەوەش هەروەها قەدەغەکرا.[1] دەرکەوتنی زمانی کوردیی لە کەناڵی تەلەفیزۆنییەوە لەساڵانی 1990کاندا بۆ پەرەسەندنی زمانی کوردیی فرە گرنگ بوو، لەبەرئەوەی ئەو زمانەی کە لەمیدیادا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە رادیۆو تەلەفیزۆنەکانەوە،کاریگەرییەکی مەزن لە گوێگران دەکات، بەتایبەت منداڵان‌و کەمینەکان.[2] ئەو بەرنامانەی کە لە ئەورووپاوە ئامادە دەکران‌و لەرێگەی سەتەلایتەوە بڵاودەکرانەوە، ئەوانەی کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە کوردانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتورکیاشەوە تەماشادەکران، هەروەها لە ئەورووپاش. بەرنامەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی باس لە رەوشی کوردستانی بەشە تورکییەکە دەکەن. Med TV لە 15 مایۆی 1995 دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کردو لە 22ی مارتی 1999دا داخرا. کاتێك ITC بریتانیی( کۆمسیۆنی تەلەفیزیۆنی سەربەخۆ ) مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی Med ی هەڵوەشاندەوە(Ltd)، ئەوەی کە لە ئینگلتەرا بە سەتەلایتەوە دەیبەستەوە، لەوسۆنگەیەوە گوایە بەرنامەکانی Med TV هانی بینەرانی دەدات کە کاری توندوتیژیی ئەنجامبدەن. کەناڵی نوێی C-TV و میدیا TV لە بەهارو هاوینی 1999وە دەستیان بە پەخش کرد کە ستۆدیۆکەی لە برۆکسل‌و ستۆکهۆڵم بوو. تەلەفیزیۆنی کوردیی میسۆپۆتامیا و هەروەها میدیا پێکەوە رۆژانە هەژدە ساتیان بە سێ زاری کوردیی (کرمانجیی، زازاو هەروەها سۆرانیی )و بە زمانی تورکیی بڵاودەکردەوە. هەر لەگەڵ دەستپێچکردنی پەخشی کەناڵەکە، ئەو بەرنامانەی بەزمانی تورکیی پەخشدەکران بەقازانجی بەرنامە کوردییەکان کەمکرانەوە. کارمەندانی میدیا TV دەڵێن کە بینەرانی کەناڵەکەیان دەیانەوێت ئەو کەناڵە بەرنامەکانی بە زمانی خۆیان پەخشبکات لەبری زمانی تورکیی.

قسەکەری حکومەتەکانی تورکیا لە دەرەوە بەبەردەوامیی بەرگرییان لە سیاسەتی تواندنەوە کردووە. بۆنموونە، د. سەگبان لە 1933دا وتی:" بەڕاستیی، بۆ دەبێت

---

[1] Skutnabb-Kangas 2000c, 516-521 .

[2] medico international and KHRP 1997, 25 .

له تواندنەوە بترسین؟ پێگەی لاواز کە لەلایەن بەهێزەوە توێندراوەتەوە هەمیشە وای سەلماندووە کە باشترە. ئەوە بەسە گەر هێزی بەکارنەهێنرێت."[1] لەماوەی ساڵانی 1980کاندا کاتێك بوونی کورد پەسەند کرا، بەڵام تەنیا لەسەر ئاستی تاك، جێری لابەر ئاماژەی بە مشتومڕێك کردووە لەگەڵ پارلەمانتارێکی تورکیی کە ناوی نەهێناوە، ئەوەی تێبینییکردووە کە " تۆ دەتوانی بڵێت کەسێك لە بنچەوە کوردە، بەڵام ناتوانی ئاماژە بە کەمینەی کوردان بدەیت."[2]

بەگوێرەی شرۆڤەی گێرگار، ئەزموونی کەمالیست لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیتنیی یەکڕەنگدا نزیکەی هەر لەسەرەتاوە کەوتۆتە داوی بازنەیەکی شەڕەنگێزی (ترس–توندوتیژیی–سووکایەتیی)وە. ئەو "ناجێگیریی"یەی کە بووەتە تایبەتمەندیی سیستمی کەمالیزمو هەروەها ئاکاری بژاردەی فەرمانڕەوا، ریشەکەی لەمێژووی تورکییدایە، بەهۆی ئەوەی کە کۆمارەکە لەسەر میراتی ئیمپراتۆرییەکە بنیاتنراوە. ئەم دیاردەیە ئەمێستا لە تێکڕای رەهەندەکانییەوە لەرێگەی ئەو جەنگەی دژی کوردانەوە مەزنکراوەتەوە. کوردان هەمیشە وەك هەڕەشەیەك بۆ یەکێتیی دەوڵەتی تورکیی لەقەڵەم دەدرێن. گێرگار ئەوەشی خستۆتەسەر، کە "توندوتیژیی" هەروەها ریشەگەلێکی مێژوویی و کەلتووریی و دینامیکییەتێکی ناوخۆیی خۆی هەیە کە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەدا خۆی بەرهەمدێنێتەوە. لەبنەڕەتدا ئەمە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووەو پێویستە هەر بەویشەوە پەیوەست بێت. رەتکردنەوەی پەسەندکردنی کوردان وەك قەوارەیەکی نەتەوەیی دەبێتەهۆی پێکهێنانی بونیاتێکی توندوتیژیی مەڵاسدراوو ئاکامی میلیتاریزمێکی بێشەرمانەی کۆمەڵگای تورکیی لێدەکەوێتەوە. کێشەی کورد بۆتە تابویەك کە لەهەموو شتێکی دیکە زیاتر ژیانو ئەخلاقی فکریی تورکیی شێواندووە. بەگوێرەی گێرگار، کە ئەم پرۆسەیەی بە "جینۆسایدی ئەخلاقیی"

[1] Dr. Ch. Sekban, La Question Kurde, Paris 1933, quoted in Ghassemlou 1965, 58.

[2] Laber 1988, 14 .

ناوبردووه.[1] ئەمە بەوەوە پەیوەستە کە سمس ناویناوە هاولاٌتیان فێری نەتەوایەتییکردن: تاکەکان هاندەدرێن کە بەرپرسیارێتیی پاراستنی خاکی باوباپیرانیان، بەرژەوەندیی نەتەوەییان، هەروەها هێزوتوانای نەتەوەییان لەئەستۆ بگرن.[2]

هەر لە دامەزراندنی کۆمارەوە، رۆڵی ململانێ تێکەڵ بە دەوڵەتو پێکهاتەی نەتەوە کرا. رووبەرووی دوو ئەرك بووەوە کە دامەزراندنی شەرعییەتی دیموکراتییەکەیو هەروەها کۆنترۆڵکردنی دەسەلاٌتە. راپۆرتیTOBB / یەکێتی بۆرسەکارانو ژوورە بازرگانییەکانی تورکیی، ئەنجامگیریی ئەوەیکرد کە مۆدێلی ئیتنیی نەتەوە هەستاوە بەسیاسییکردنی زۆنە کەلتوورییەکان، کە یەکێك لە گرنگترین ئاماژەکانی بریتیە لە ئتنۆگەرایی. تورکێتیی وەك دیاردەیەکی سیاسیی بەکاربرا تاوەك ئەوەی وەك دیاردەیەکی کەلتووری تەماشا بکرێت.[3]

لەکاتێکدا دەوڵەت بانگەشەی ئەوەیدەکرد کە کوردان لەراستییدا تورکن، زۆربەی تورکان ئەم چیرۆکەیان بەشێوەیەکی رەگەزپەرستانە رەتدەکردەوە. لەساڵی 1927دا، گۆڤاری "ئۆتوکان" وتبووی کە " کوردان رەنگورووخساری مرۆڤیان نییە." هەروەها پێشنیازیکردبوو کە پێویستە بەرەو ئەفەریقا کۆچ بکەن تاکو لەگەڵ ئەو نیوە مرۆڤو نیوە ئاژەلاٌنەی ئەوێدا بژین.[4] " کوانێ کلکت؟" بەمە سووکایەتیی بە منداڵانی خوێندنگا دەکرا گەر بیانوتایە ئێمە کوردین. لەسالاٌنی 1960کاندا ئەم رەگەزپەرستییە بە ئاشکراو بەربلاٌو بوو. خەڵکانێك کە رۆژهەلاٌتی مێلاٌتێ (مەلاٌتیا) دەژیان، جگە لە ناوەندە فەرمییەکان، تێکڕایان بە بێگانە لەقەڵەم دەدران. لەولاٌتی خۆیاندا وەك بێگانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، کوردانیش هەستیان بەوە کردبوو کە خاکەکەیان بۆتە شتێکی نامۆ بەوان. تەنیا لەنێو چەپی تورکییدا بوو کە کوردان

---

[1] Gerger 1997, 1-2, 9; Gunter 1990, 123 .

[2] Smith 1981, 19 .

[3] Sakallioglu 1996, 4-6, 14 .

[4] quoted in McDowall 1997, 407 .

هەستیان بەوەکرد کەم‌و زۆر وەك چوونیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.[1]

## راپەڕینە کوردییەکان

کوردان لەماوەی راپەڕینەکانیاندا( لەتورکیاو هەروەها لە کوردستانی ئێران‌و عێراق) بەتەواویی بێتوانا بوون لەوەی هەر بەرهەڵستکارییەکی کاریگەر بێننەئارا. ئەوان لە رووی جیۆگرافییەوە فرە دابڕاوو زۆریش بەهۆی پەیوەستەگی ئاینیی‌و خێڵەکیی، چالاکیی کۆمەڵایەتیی–ئابووریی‌و هەروەها لەرووی زمانەوە دابڕاو بوون. تەنیا چەند کوردانێك فکرێکی هاوبەشیان سەبارەت بە شوناسی کوردیی لای خۆیان گەڵاڵە کردبوو، کە ئاماژەیەکی وا بە بایەخی سیاسیی فکرێکی لەو چەشنە نەبوو.[2] لەبواری ناوخۆییدا، کوردان نەیانتوانی دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن بەهۆی هەستی خێڵەکییەوە کە تا سەرەتای سالآنی 1950کان هەستێکی بالآدەست بوو، بەهۆی کەمی دەسەلآتی ناوەندیی‌و بەزم‌وهەرای دەرەبەگەکان کە خەڵکەکەی پەرت‌و دابەشکردبوو. کوردستان لە جیهانی دەرەکیی دابڕابوو، هەروەها بەهۆی کەڵەکەبوونی کەلتووری دواکەوتوویی، کوردان دەردی کەمیی رووناکبیرانی هاوچەرخیان هەبوو کە توانای تێگەیشتنی رووداوە هەنوکەییەکانیان هەبێت‌و پێ بەپێ ئەو رووداوانە هەنگاوبنێن. رابەرێکی نەتەوەیی یان خێڵەکیی بەهێز نەبوو کە بتوانێت زۆرینەی خەڵکی کۆبکاتەوەو بۆئەوەی دانپیانانی مافە هاوبەشە نەتەوەییەکانیان بەدەستبهێنێت. ئەو سەرکردەو جوڵانەوانەی دەرکەوتن لەوەدا شکستیانهێنا کە لەسەر بەرنامەو پلاتفۆرمێکی کۆدەنگبن. کیندالْ لەساڵی 1980دا لەو باوەڕدایە کە تەنانەت بەو بونیاتەشەوە، گەر کوردان کۆڵۆنی بەریتانیا

---

[1] Kendal 1980b, 83, 85; McDowall 1997, 407 .

[2] van Bruinessen 1992, 7; McDowall 1997, 184; O'Shea 1994, 175; Öcalan 1999, 78.

یاخود فەرەنسا بوونایە، ئەوا دەمێك بوو كە سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنابوو، بەقوربانییەكی فرە كەمتریش.[1]

یەكەمین رێكخراوی نەتەوەیی كوردان "ئازادیی" لە كۆتایی ساڵی 1922دا دامەزرا، هەروەها كۆمەڵەی نەتەوەیی كوردیی "خۆیبوون" لە ئووتی 1927دا دامەزرێنرا، كەسایەتییە سەركردەییەكانی ئازادیی بریتیبوون لە : یوسف زیا، نوێنەری پێشووی بتلیس، كۆڵۆنێل خالید بەگ وهەروەها ژمارەیەك ئەفسەری پلە بەرز لە سوپای توركییدا. جگە لە هۆگریی كەمەكێك لە سەرخێڵەكانی كوردو سەركردە ئاینییەكان لە ئاست بیروبۆچوونەكانی ئازادیی، پیاوانی خێڵەكیی سوننەتیی هیچ رۆڵێكیان لەم قۆناغەی هەژانی نەتەوایەتییدا نەبینی. جووتیارانی كوردو پیاوانی خێڵەكیی بەشدارییان لە ئازادییدا نەكرد تاكو یارمەتیی بیری نەتەوایەتیی بدەن لە كۆمەڵگای گوندنشینی كوردییدا ریشە داكوتێت. لەساڵی 1924دا، كاتێك ئازادیی دەستیكرد بە كۆكردنەوەی كوردان بۆ راپەڕین، یوسف زیاو كۆڵۆنێل خالیدو سەركردەكانی دیكە لەلایەن حكومەتەوە دەستبەسەركرانو تیرەباران كران.[2]

## راپەڕینی شێخ سەعید لەساڵی 1925دا

یەكەمین راپەڕینی كوردیی دژی رژێمی تورك لە فێبرایەری 1925دا دەستیپێكردو لەلایەن شێخ سەعیدی پیرانەوە رێبەرایەتییكرا. ئەوو لایەنگرانی بانگەشەیان بۆ نەتەوایەتیی كوردیی دەكرد، هەروەها بۆ ئاینی ئیسلامیش، ناڕەزایەتییان دژی سێكیولاریزمی دەوڵەتی نوێ پێشاندا. زۆربەی شوێنكەوتووانی كوردانی زازا بوون.[3] بەگوێرەی رۆبەرت ئۆلسن، شێخ سەعید توانی 15,000 زازای سوننی

---

[1] Kendal 1980b, 101; Sheikhmous 1999 .

[2] Kendal 1980b, 62; Pireh Babi 1999, 95, 175 .

[3] McDowall 1992, 36-37; Poulton 1997, 98 .

خێڵەکیی کۆبکاتەوەو ناوچەیەکی بەرفراوان لەنێوان ئامەد، خەرپێت (ئیلزاگ)، موش‌و هەروەها بتلیس بگرێت. حکومەتی تورکیی 52,000 سەربازی دژی راپەڕیوان بڵاوکردەوەو لەناوەڕاستی ئەپرڵدا راپەڕیوانی تێکشکاند.[1]

پاش شکستی شۆڕشەکە، شێخ سەعیدو پەنجاودووکەس لە شوێنکەوتووانی لەلایەن دادگایەکی سەربازییەوە سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنرا. ئەوان لە 4ی سێپتەمبەری 1925دا لە ئامەد لەسێدارەدران. هەزارەها جووتیار کۆمەڵکوژ کران‌و سەدەها گوندیش سووتێنران"بۆئەوەی وانەکەیان بۆ ببێت بە پەندێك هەمیشە لێوەی فێربن". قاسملو ژمارەی کۆمەڵکوژییەکەی بە 15,200 کورد و هەروەها 206 گوندی وێرانکراو داوە.[2] سوپا لەکاتی کشانییدا بەناوچە گوندنشینەکاندا بەدڵرەقییەوە هەڵدەسوڕا، بۆنموونە، لە لیجەو ئامەد 30,000 سەر مەڕی دەستبەسەرداگیراو هەڕاج کرا، سەرچاوەکانی خۆراکی دانیشتووانە خێڵەکییەکەیان تەلەف کرد، ئەو شێخ‌و ئاغایانەی کە راستەوخۆ بەشێك نەبوون لە راپەڕینەکە بۆ رۆژئاوای ئەنەدۆڵ راگوێزران.[3]

شکستی شۆڕشەکەی شێخ سەعید، ئەستەمیی یەکخستنی رەگەزە جیاوازەکانی جیۆگرافیی، زمانیی، کۆمەڵایەتیی–ئابووریی‌و هەروەها ئاینیی لەنێو کورددا دەرخست. تەنیا کوردانی زازا بەکۆمەڵ راپەڕین. لە زۆرینەیەکی کوردانی کرمانجیی تەنیا خێڵەکانی جوبرانیی‌و حەسەنان شۆڕشیانکرد، هەروەها دەگونجێت لەوانیش هەر چەند بەشێکیان بووبن.[4] ئۆلسن نووسیویەتی کە سەرکردەکان تەنانەت هەوڵیان نەدا کە پیاوە خێڵەکییەکان‌و جووتیارە

---

[1] Olson 1989, 107-111 .

[2] Ghassemlou 1973, 61, ref. Pireh Babi 1999, 77 .

د.قاسملو سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە 13ی ژوئیەی 1989دا، لە ڤیەنا لەماوەی کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێراندا کوژرا.

[3] Jafar 1974, 250; Kendal 1980b, 62; McDowall 1997, 196 .

[4] McDowall 1997, 197 .

گوندنشینەکانیش وەك چەکدار راکێشنە نێو شۆرشەکەوە.[1] هەروەها لەبەر تایبەتمەندیی ئاینیی شۆڕشەکە، کوردانێك کە لەلایەن رێکخراوە کوردییە نەتەوەییەکە "ئازادیی" رێبەرایەتیی دەکران بەشداریی راپەڕینەکەیان نەکرد.[2]

بۆ تورکیا، ئاکامەکانی شۆڕشەکە زۆر لە خودی شۆڕشەکە بایەخدارتر بوو. ئەو شۆڕشەی بەرجەستەی نەتەوایەتییەکی دەکرد کە لەگەڵ نەتەوایەتیی تورکیی لە رکابەرییدا بوو، هەروەها بەوەش هەڕەشەی لە دەوڵەتی تورك کرد. دەرفەتی دایە کەمالیستەکان ئەو دەنگە رەخنەگرانە بێدەنگ بکەن کە لەنێو میدیاو گروپە بەهەڵستکارەکاندا هەن. ئەو یاساو دەزگایانەی کە بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی شێخ سەعید پێکهێنرابوو لەلایەن ئەوانەوە پەسەندکران کە بەرهەڵستی کەمالیزم بوون. دواتر ئەم یاساو دەزگایانە، وێڕای ئەوەی لەبنەڕەتدا بۆ سەرکوتکردنی دوژمنێکی "دەرەکیی" هێنرابووەئارا، لەلایەن گروپی دەسەڵاتبەدەستەوە بۆ سەکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی "ناوخۆیی" بەکارهێنرا. ئۆلسن بڕوای وایە کە کۆڵەران و بایەخداران بە تورکیا گرنگیی کوردو نەتەواویەتیی کوردییان لە پەرەسەندنی دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیادا بەکەمبایەخ وەرگرتووە.[3] بەگوێرەی ڤان برونسن، راپەڕینەکەی شێخ سەعید سەرەتای قۆناغێکی نوێ لەمێژووی کۆماری تورکیی پێکدەهێنێت، لەبەرئەوەی مەیلی حکومەتی بۆ هێنانەی کایەی حکومەتێکی ئۆتۆریتەو دەسەلاتسەپێن خێراترکرد، هەروەها ئەو سیاسەتانەی هێنایەپێش کە بەئەنقەست ئامانجی لەناوبردنی میللەتی کورد بوو.[4]

---

[1] Olson 1989 .

[2] Pireh Babi 1999, 77 .

[3] Olson 1989 .

[4] van Bruinessen 1994b, 151 .

## ئارارات 1930

راپەڕینێکی بەناوبانگی دواتر کە لە ساڵانی 1929–1930 لە ئارارات روویدا، لەلایەن ئیحسان نوری ئەفسەری پێشووی سوپای عوسمانییەوە رێبەرایەتیی کرا. چەکدارەکان هەندێك پشتگیرییان لە جوڵانەوەی خۆیبوونەوە لە سوریاو لوبنان پێگەیشت کە بەشێوەیەك ئامادەکاریی بۆ کرابوو کە خاکی ئێران بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنن. بەڵام لە هاوینی ساڵی 1930دا، حکومەتی تورکیی لەگەڵ شادا رێکەوتننامەیەکی بەست، ئەوەش یارمەتیی سوپای تورکییدا کە گەمارۆی هێزەکانی ئیحسان نوری بدەنو تێکیبشکێنن. دوای بەزینی شۆڕشگێڕەکان، سوپای تورکیی بە توندوتیژییەکی کوێرانەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەربووە کوردستانو توندوتیژییەکەی خۆی دووهێندەکرد. هێشتا گوندە کوردییەکان وێرانو تەخت دەکران پاش تێپەڕینی چەندین مانگ لە تێکشکاندنی شۆڕشەکە.[1] یاسای ژمارە 1850 کە لە رۆژنامە تورکییەکاندا بڵاوکرایەوە، رایگەیاند هیچ لێپرسینەوەیەك ناکرێت لەو تاوانو خراپەکارییانەی لەماوەی سەرکوتکردنەکەدا(لە کوردستان) کراون. بەگوێرەی ئەم یاسایە، کوشتنو هەموو ئەو کارانەی دیکەی کە بەشێوەی تاك یان کۆمەڵ لەماوەی 20ی ژونی 1930 بۆ 10 دیسەمبەری 1930 لەلایەن نوێنەرایەتیی دەوڵەتەوە یان هەرێمەکانەوە ئەنجامدراون، لەلایەن لەشکرەوە یان دەسەڵاتدارانەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێوە، لەلایەن پاسەوانو میلیشیاکانەوە، یاخود لەلایەن ئەو هاوڵاتیانەی بۆ یارمەتی ئەوانەی سەرەوە یاخود لەلایەن خۆیانەوە کردوویانە، لەماوەی راوەدونانو قەڵاچۆکردنی یاخییبوونەکە کە لە ئێریکس، زیلان، ئاگریداغ(ئارارات)ۆ ناوچەکانی دەوروبەر، وەك پلومەر لە هەرێمی ئەرزنجانو هەروەها ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە

---

[1] Kendal 1980b, 65; Tahiri .

**پشکنەرایەتیی یەکەمەوە، بە تاوان ناژمێردرێت.[1]**

**تاهیریی ئاماژەی بەوەداوە کە ئەم یاسایە بەتایبەت واتای چاوپۆشینە لەو سەرکوتکاریی و ئازاردانەی دانیشتووانی سڤیلی کورد، چونکە لەکۆتایی هاوینی 1930دا، شۆڕشەکە شکابوو، چەکدارەکانیشی یان کوژرابوون، یاخود لە ولاتانی دەوروبەر ببوونە پەنابەر. ئەم رەوشە هاوشێوەی ئەوەیە کە لەو ولاتانەدا دەگوزەرا کە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییدا لەسایەی حوکمی داگیرکاریی نازییەکاندا بوون، کاتێك حکومەتی ئەڵمانیی فەرمانێکی گشتیی دایە هێزەکانی پۆلیس لەو ولاتە جۆربەجۆرانە کەبێ گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی دادگاکان سزای کوشتن بسەپێنن. ئەگەر کاری تاوانکارانە لەلایەن ئەندامانی پۆلیسەوە ئەنجامدارو برا بۆ دادگا، دەبرێت بۆ ئەو دادگا تاوانکارییە تایبەتەی کە تەنیا بۆ ئەندامانی SSو پۆلیس دامەزرێنرابوو. تورکیا دڕندایەتییەکی مەزنی ئەنجامدا بێئەوەی بخرێتە ژێر هیچ فشارێکی نێونەتەوەییەوە یاخود لەلایەن هیچ دەوڵەتێکی بیانییەوە ریسوا بکرێت.[2]**

**بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی ڤان برونسن، ئەم راپەڕینە، کە لەلایەن پارتێکی سیاسیی کوردییەوە لە مەنفا پشتگیریی لێکرا، لەنێو تێکڕای راپەڕینەکانی تردا نەتەوەییترینیانە.[3]**

---

[1] Article 1, quoted in Kendal 1980b, 65.

**ناوچەی پشکنەرایەتیی یەکەم تیکڕای ئەم ویلایەتانەی کوردستانی گرتەوە : بتلیس، دیاربەکر، ئیلزاگ، هەکاری، ماردین، سیرت، و ڤان. ناوچەچیاییەکانی ئارارات کە راپەڕینەکەی تێدا بوو، بۆ ناوچە ناوخۆییەکان درێژ نەدەبووەوە.** (Kendal 1980b,65)

[2] Lemkin 1944, 20-21; Tahiri .

[3] van Bruinessen 1994b, 151.

## دێرسیم 1938-1936

بەرەو کۆتایی ساڵی 1935، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینەکەی دێرسیم، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ وەستا. دێرسیم(تونجلی) لەراستییدا لانەیەکی هەڵۆئاسا بوو بە بەرزایی چیایەکەوە کە زۆربەی کات سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆی پاراستووە. دانیشتووانەکەی زۆربەیان بە زازا دەئاخاوتن‌و عەلەوی ی[1] بوون، ئەوان بەشدارییکردنیان لە شەڕەکانی تورکیی–ڕوسیی ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییداو هەروەها لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا ڕەتکردەوە. دێرسم دوا قەڵای سەختی کوردستان بوو، کە بە بەردەوامی هەر لە ساڵی 1925ەوە لەشەڕدا بوو. لە ساڵی 1936دا، ژێنراڵ ئالپ دۆغان، حاکمی سەربازیی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە داوا دەکات خەڵکی دێرسیم 200,000 تفەنگ ڕادەستی دەسەڵاتداران بکەنەوە. ئامادەکاریی سوپا بۆ هێرشکردنە سەر ئەم دوا سەنگەرەی بەرگریی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوبوو لە سیاسەتی هێمنکردنەوەی بەجیاجیای

---

[1] عەلەویزم تێکەلەێیەکە لە نێوان ئیسلامی شیعەو زەردەشتیی. لەلایەن موسوڵمانەکانەوە بە دژی دەق‌و گیانی قورئان لەقەڵەم دەدرێت، هەربۆیە بە لقی ئاینێکی نا ئیسلامیی (فریشتە پەرستیی) دادەنرێت. بڕواو پراکتیکە ئاینییەکانی کۆمەڵگا عەلەوییەکان بەشێوەیەکی بایەخدار جیاوازە. عەلەوییەکان ڕەگەزگەلێکی فرە ئاینە کۆنەکانی تورکیی‌و ئێرانیی پێش ئیسلامیان زیاتر لە موسوڵمانی سوننی گرتۆتەخۆ. هەروەها لەتورکیا چەندین ملیۆن تورکی عەلەویی هەن. دانیشتووانی تورکان‌و کوردانی عەلەویی پێکەوە نزیکەی دە بۆ دوازدە ملیۆن خەڵك پێکدەهێنن. ئەوان لە تورکیادا بە پەراوێزخراوترین‌و سەرکوتکراوترین گرووپی کۆمەڵایەتیی دادەنرێن. ئەوان یەکەمینی ئەو کەسانە بوون کە پشتگیریی ڕێکخراوە چەپەکانیان دەکرد. زۆربەی کوردانی عەلەویی زیاتر بەشداریی جوڵانەوەی سەرتاسەریی دیموکرانییان لە وڵاتدا کردووە وەك لەوەی لەگەڵ جوڵانەوەی نەتەوایەیی کوردیی تێوەبگلێن. (van Bruinessen 1996c, 7)., (Izay, 1992,150).

(Pireh Babi 1999, 57; US State Department 1997)

کوردستان لەلایەن حکومەتەوە.[1]

لەساڵی 1936دا، حاڵەتێکی گەمارۆ بەسەر دێرسیمدا سەپێنرا. لە بەهاری 1937دا، خودی عیسمەت ئینۆنوی سەرەك وەزیر هەستا بە پشکنینی سوپا. ئەم جەنگە وەك هیچ یەك لە جەنگەکانی دیکەی نیە کە پێشتر لە کوردستاندا قەوماوە: چ سنوورێك نەبوو، چ شەڕێکیش لەنێوان یەکەی سەربازیی مەزن نەبوو. جەنگی گەریلایی بووە کارێکی رۆژانە بەدرێژایی ناوچەکە. لەکۆتایی هاوینی 1937دا، وێڕای بەکارهێنانێکی بەرفراوانی گازی ژاراویی‌و هەروەها تۆپخانەو بۆمبارانکردنی ئاسمانیی، سوپا چ ئاکامێکی بەرچاوو راستەقینەی سەربازیی نەهێنایەدی. سەرۆکی خێڵە راپەڕیوەکان، سەید رەزای رابەری عەلەوییەکان لە زستانی 1937-1938دا لەسێدارەدرا. لەناوەڕاستی ساڵی 1938 دا، حکومەت سێ لەشکری سەربازیی‌و زۆربەی هێزە ئاسمانییەکانی لە دێرسیم کۆکردەوە. گەمارۆی داو لە هاوکارییە دەرەکییەکان دایبڕی، خەڵکی دێرسیم لە ساڵی 1936ەوە تاکو ئەو کاتەی جبەخانەو ئازووقە جەنگییەکانیان لە ئۆکتۆبەری 1938دا تەواو بوو بەرگرییانکرد.[2]

لەبەرئەوەی کە سوپای تورکیی باجێکی گەورەی سەرکەوتنەکەی دابوو، ئەو سەرکوتکارییەی گرتییەبەر تەنانەت زۆر لەوانەی پێشوو توندوتیژتر بوو. نزیکەی 400,000 کورد لە ماوەی راپەڕینەکەی دێرسیمدا تێداچوون، هەرچەندە، مکدۆواڵ ئەنجامگیرییکردووە کە ئەم ژمارەیە دەگونجێت زێدەڕۆیی تێداکرابێت. بەگوێرەی ڤان برونسن، لانیکەم دە لەسەدی دانیشتووانەکە کۆکوژکران. خەڵکانێکی زۆر هەڵاتنە چیاکان، بەڵام تەنانەت دارستانەکانیش گەمارۆدران‌و ئاگریان تێبەردرا لەلایەن سوپاوە بۆئەوەی قەڵاچۆی ئەوانە بکەن کە بەخەیاڵی خۆرزگارکردن پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو. هەروەها خۆکوژیی بەکۆمەڵ روویدا. ژمارەیەکی زۆر کچ‌و ژنانی

---

[1] van Bruinessen 1996a; Ercan 1999, 58; Kendal 1980b, 67, Randal 1999, 260 .

[2] Kendal 1980b, 67; McDowall 1997, 208 .

کورد خۆیان فڕێدایه منزورەوه( لقێکی رووباری فوراته)، که دەوترێت له بەرخوێن بۆماوەی چەندین ڕۆژ ئاوەکەی سوور بووه. ڤان برونسن ئەنجامگیرییکردووه که کۆمەڵکوژیی دێرسیم جینۆساید نەبووه، وەك ئەوەی که لەماوەی دژەیاخیبوونەکەدا روویداوەو هەروەها مەبەستیان کوشتنی کوردان نەبووه وەك کورد، ئەو کوردانەی که خۆیان له نەتەوەخوازەکان بەدوور گرتبوو کەمتریان ئازار بینی یاخود ڕووبەڕووی هیچ هەڵاواردنێك نەبوونەوه. بەڵام کۆمەڵکوژییەکه بەشێك بوو له سیاسەتی ئیتنۆسایدی دەوڵەت، که ئامانجی وێرانکردنی دامەزراوه ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردانی جیاخوازو هەروەها قەڵاچۆکردنی کوردان بوو وەك گروپێکی جیای ئیتنیی.[1] دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکه، سوپای تورك ژمارەیەکی زۆری له منداڵانی کورد فڕاند که تەمەنیان لەخوار حەت ساڵەوه بوو، ئەوانه لەگەڵ خێزانی تورکاندا دانران له ڕۆژئاوای تورکیا.[2]

دێرسیم دوا ڕاپەڕینی "خێڵەکیی" دژی دەوڵەتی کەمالیست بەرجەسته دەکات، لەکاتێکدا ناوچەی دێرسیم بەتەواویی خامۆش بوو، یەکەیەکی چیایی تایبەت پێکهێنرا بۆئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی له دێرسیم جێگیر بێت که ناوەکەی بۆ(تونجلی) گۆڕا. سێ هەزار له ئەشراف شارو خەڵکانی دی ڕاگوێزران. تاکو کۆتایی ساڵی 1946، بڕیاری حاڵەتی ئاوارته هەڵنەگیراو ڕێگه نەدرا به خێزانه ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوه زێدی خۆیان.[3] بەوهۆیەی که زیاتر لەدەیەیەك تێپەڕیبوو، تەواوی ڕاگوێزراوەکان نەگەڕانەوه بۆ دێرسیم، زۆربەیان لەنێو ژیانی گشتیی تورکیادا توابوونەوه.[4] کۆڵەرانی مێژووی کورد لەوبارەیەوه ناکۆکن که

[1] van Bruinessen 1994b, 148, 162-163 and 1996a; Ercan 1999, 56-57; Kendal 1980b, 67-68; McDowall 1997, 209.

[2] Kandolin 1997 .

[3] McDowall 1997, 209 .

[4] van Bruinessen 1996a .

داخۆ راپەڕینەکانی شێخ سەعیدو دێرسیم نەتەوەیی یاخود ئاینیی بن. بۆنموونە، لوقمان پیرە بابی مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە هیچ یەك لەو دوو راپەڕینە سروشتێکی نەتەوەییان نەبووە، هەروەها ئەوانە ئەوپەڕی جولانەوەگەلێکی ئیتنۆ-ئاینیی بوون. نەتەوایەتیی وەك بنەما بریتیە لە ئایدۆلۆجییەکی سێکیولارە کە خۆی وەك جولانەوەیەکی سیاسیی هاوچەرخ بەرجەستە دەکات.[1]

زۆربەی دانیشتووانی دێرسیم ئەمێستا دوور لە ولات دەژین‌و پەرتەوازەن، چ لە رۆژئاوای تورکیا یاخود لەدەرەوە، هەربۆیە کەلتوورە جیاوازو تایبەتمەندەکەی دێرسیم زۆری لێ جێنەماوە.[2] ژیان لە دێرسیم بۆماوەی چەندین دەیە مات‌و لە دەوروبەر دابڕاو بوو. جێری لابێر لەساڵی 1988دا سەردانی دێرسیمی کردووە. لەوکاتەدا دانیشتووانێکی 19000 کەسی‌و یەکەیەکی سەربازیی هەمیشە جێگیری 2000 نەفەری‌و هەروەها 300 کۆماندۆی لێ بووە.[3]کۆمەڵەی تورکیی مافەکانی مرۆڤ هەواڵیداوە کە لەساڵی 1995دا تەنانەت هیچ وەزیرێکی حکومەتیش رێگەی نەدراوە سەردانی شارەکە بکات، هەروەها ئەندامانی تیمی تایبەت پاسەوانی فەرمانڕەوای هەرێمی تونجلی دەکەن.[4] لایەنگرانی DEP / پارتی دیموکراتیی، بەهۆی چەندی گرفتێکەوە، ویستیان لە مارتی 1994دا بۆیکۆتی هەڵبژاردنەکانی تورکیا بکەن، بەلام دەنگدان لە تورکیادا بەزۆرەملێ بوو. ئەوەی دەنگی نەدایە دەبوو وەك سزا بڕەپارەیەکی کەم بدات. بەگوێرەی نوێنەرایەتیی بەریتانیی/ئێرلەندیی مافەکانی مرۆڤ کە لەدێرسیم چاودێریی هەڵبژاردنەکانی کردبوو، 79٪ی سندوقەکانی دەنگدان پوچەڵکرانەوە.[5] بەردەوام راپۆرتەکان هەواڵی پێکداداانی نێوان سەربازی تورك‌و گەریلاکانی کوردیان لە هەرێمی دێرسیم

[1] Pireh Babi 1999, 78-79 .

[2] van Bruinessen 1994b, 154 .

[3] Laber 1988, 17 .

[4] HRFT 1997, 10 .

[5] Laizer 1996, 141 .

دەگەیاند، کە کەوتۆتە نزیکی سنووری رۆژئاوای کوردستانەوە، نزیکە 400 کم لە سنوورەکانی عێراق‌و ئێرانەوە دوورە، ئەو شوێنەی کە دەگوترێت بنکەکانی گەریلاکانی پەکەکەی لێیە. بۆنموونە، لە 10ی ئەپرڵی 1999دا، ئاژانسی خەبەری رۆیتەر بڵاویکردەوە کە شەش گەریلای پەکەکەو دوو سەربازی تورك لە پێکدادنێکدا لە هەرێمەکانی تونجلی‌و باتمان، کوژراون.

## هاوکاریی ئەمەریکا لەگەڵ سوپای تورکیی

لە کۆنفرانسی لۆزان لە ساڵی 1923دا، دابەشکردنی کوردستان ئەرێکراو لەلایەن رێکەوتننامەیەکی نێونەتەوەییەوە رەوایەتیی پێدرا. بەریتانیای مەزن‌و فەرەنسا چالاکانە بەشدارییان لە پرۆسەی دابەشکردنەکەدا کرد. کوردستانی باشوور وەك بەشێك لەعێراق خرایە بن ماندێتیی بریتانییەوە، هەروەها بەشێك لە باشووری رۆژئاوای کوردستان درا بە سوریاو خرایە بن ماندێتیی فەرەنساوە. بێشکچی رۆژئاوای بەوە تاوانبارکردووە کە لە جێبەجێکردنی دابەشکردن‌و وێرانکردنی کوردستاندا بەرپرسیارن، بەوەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پشتگیریی‌و لایەنگریی تورکانیان کردووە.[1]

تورکیا لەبەرامبەر هاوکارییەکانی ئەمەریکا کەلە چوارچێوەی پلانی مارشاڵدا بەڕێوەدەچوو، لە نێوان ساڵانی 1949بۆ 1952دا، هەزارەها سەربازی تورکی( لەناویاندا چەندین کوردیش هەبوو) بۆ شەڕکردن رەوانەی کۆریا کرد. تورکیا لە 18ی فێبرایەری 1952دا بووە ئەندامی ناتۆ. لەماوەی جەنگی سارددا، تورکیا بۆ ناتۆ بایەخدار بوو، چونکە سنووری لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت‌و بولگاریادا هەبووو دەیتوانی چاودێریی جووڵانەوەکانی هێزی دەریایی سۆڤێتیی لە دەریای رەشەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست لە بۆسفۆڕەوە بکات. ئەو راستییەی کە تورکیا

---

[1] Besikçi: The Lausanne ... .

**بەشداریی بەهاگەلە دیموکراتییەکانو مافەکانی مرۆڤی ئەندامەکانی دیکەی ناتۆی نەکردووە تەواو بەهۆی ملکەچبوونییەوە بوو بۆ فەرمانو پابەندییەکانی جەنگی سارد. لە 26ی فێبرایەری 1954دا، تورکیا مۆڵەتی بە ئەمەریکادا کە لە وڵاتەکەیدا بنکەی سەربازیی و پێگەی سیخوڕیی دابمەزرێنێت. لە ساڵی 1955 حکومەتی تورکیی بە سەرۆکایەتیی عەدنان مەندەریس، پاکتی دژە کۆمۆنیستیی و دژە کوردیی بەغدای ( دواتر سێنتۆ ) لەگەڵ عێراق، ئێرانو پاکستان مۆرکرد، ئەوەی کە بریتانیاشی لە 4ی ئەپرڵی 1955دا پێوە پەیوەستبوو. عێراق پاش شۆڕشی 14ی ژوئیەی 1958 لەم پاکتە پاشەکشەیکرد.[1]**

**بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە تورکیا بریتیبوو لە بنکە هەواڵگریی و پەیوەندییەکان. بنکەی هەوایی ئینچەرلیك لە نزیك ئەدەنە ناوەندێکی سەرەکیی رێبەرایەتیی و پەیوەندییەکان بوو کە بە تۆڕی ستراتیژیی جیهانیی ئەمەریکاوە بەسترابوو. عومەر شێخموس ئینچەرلیکی بە گرنگترین بنکەی ئەمەریکیی لەنێوان ئیتالیاو باشووری کۆریا ناوبردووە. دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لەساڵی 1979 دەسەڵاتی لە ئێراندا گرتەدەست، بنکەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە رووبەڕووی داخستن بووەوە، هەروەها ئەوەکەی تورکیا بایەخی زێدەتر بوو. لەساڵانی 1980کاندا، تورکیا پلەی چوارەمی هەبوو لە ژمارەی ئەو پێگە ئەمەریکییانەی تایبەت بوون بە بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمیی : ئەمانە لە ئینچەرلیكو چوار پێگەی سەربازیی ئەمەریکیی دیکە دانرابوون، لەوانە: ئێرهاك لەنزیك مێلاتیێ(مەلاتیە)، بنکەکانی دیکەی سەبازیی ئەمەریکیی لە هەرێمە کوردییەکان لە دیاربەکر، ئەرزروم،موش هەروەها باتمان بوون.[2]**

**ئەمەریکا، وێڕای بوونی هاوکاریی پتەوی سەربازیی، پەیوەندییگەلێکی بەهێزی ئابووریشی لەگەڵ تورکیادا هەبوو. تورکیا لەدوای ئیسرائیلو میسر، سێیەم**

---

[1] Kendal 1980b, 73; medico international and KHRP 1996, 37; PHR 1996, 28 .

[2] Karasapan 1989, 4-5 .

مەزنترین وەرگری هاوکارییە پەرەپێدەرەکانی ئەمەریکاوە بوو.[1] هەرچەندە، وڵاتانی رۆژئاوا رەخنەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیان کرد لەلایەن تورکیاوە، بەڵام بازرگانیی بێ هیچ گرفتێک لەگەڵ تورکیادا بەردەوام بوو، بەتایبەت بازرگانیی چەك.[2] لە ساڵی 1987ەوە بۆ 1991، تورکیا 77٪ی چەکەکانی لە ئەمەریکا کڕیوە. لەنێوان 1991–1993، کاتێك جەنگی دژەیاخیبوون پەرەیگرت، ئەم رێژەیە بۆ 80٪ بەرزبووەوە. کۆڵەرجێنیفەر واشبێرن دەڵێت کە زۆربەی چەکەکانی تورکیا لەلایەن باجدەرە ئەمەریکییەکانەوە وەك هاوکارییەکی مەزن لەڕێگەی بەرنامە جۆربەجۆرەکانی چەکبەخشینەوەو بەرنامەکانی سەرفکردنی "زێدەباییەکانی چەك". لە بەرنامەی کاسکاد(تاڤگە) دا، "زێدەبایی"چەکەکان لە بنکەکانی ئەمەریکا لە ئەوروپا وەك بەخشین درا بە تورکیا.[3] تورکیا بەردەوام یەکێك بووە لەو پێنج دەوڵەتە یەکەمە وەرگرەی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمەریکایە لە جیهاندا.[4]

بە 850,000 پیاوەوە، تورکیا پێنجەم مەزنترین سوپای دەمی ئاشتیی لە جیهاندا هەیە.[5] لە ساڵی 1994دا، تورکیا مەزنترین هاوردەکەری کەرەسەی سەربازیی ئەمەریکییو هەروەها مەزنترین کڕیاری جیهانیی چەك بووە. گەنجینە سەربازییەکانی تانکی M-60 و فڕۆکەی F16 و هێلیکۆپتەری کۆبراو کۆپتەری بلاکهۆکی تێدایە. بەگوێرەی جۆناسان راندلی رۆژنامەنووس، هەموو ئەم چەکانە دواجار دژی کوردان بەکارهێنران.[6] هیومان رایتس ووچ لە نۆڤەمبەری 1995دا دەڵێت: تورکیا ئەو فڕۆکانە بۆ هێرشکردنە سەر گوندە سڤیلەکان بەکاردەهێنێت کە لە ئەمەریکای وەرگرتوون. بەگوێرەی چەندین سەرچاوە، ناتۆو چەکەکانی

---

[1] Rugman 1996, 19 .

[2] Laizer 1996, 78-79 .

[3] Covert Action Quarterly, No. 54, Fall 1995, 21; Washburn 1997, 79 .

[4] Karasapan 1989, 5 .

[5] Karasapan 1987, 27 .

[6] Randal 1999, 268; Rugman and Hutchings 1996, 19 .

ئەمەریکا رۆڵێکی ناوەندییان لەو پەلامارو خراپەکارییانەدا بینیوە کە دەگوترێت لەلایەن هێزە ئاسایشییەکانی تورکیاوە دژی کوردان ئەنجامدراون.[1] ئەمە روویدا وێڕای ئەو راستییەی کە رێکەوتننامەی CEF رێگەی بە ناتۆ نەدەدا چەكو كەرەسە جەنگییەکانی دژی کوردان بەکاربێنێت. بۆ خۆدزینەوە لەم رێکەوتنە، تورکیا هەروەها چەکی لە وڵاتانی دیکەی وەك رۆمانیا، روسیاو پاکستان هاوردەکرد کە قەیدو بەندێکی ئەوتۆی لەسەر نەبوو.

پەیوەندییەکانی تورکان لەگەڵ ناتۆدا لەسایەی هەژمونی پەیوەندیی دۆستانەی تورکیاو ئەمەریکا بوو. لەساڵی 1974دا، ئەمەریکا، گەمارۆی چەکی بەسەر تورکیادا سەپاند لەبەرامبەر ئەوەی تورکیا هەستا بە بەکارهێنانی چەکی ناتۆ لە قوبرس دژی قوبرسییە یۆنانییەکان. ئەم گەمارۆیە تا ساڵی 1978 بەردەوامبوو. گرفتێکی دیکەی حکومەتی تورکیی لە ساڵانی 1970کان‌و 1980کاندا ئەوەبوو کە نەیدەویست پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت، کە هاوبەشە بایەخدارە سەربازییەکەی ئەمەریکا بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیا بۆئەوەی پشتبەستنی خۆی بە چەکی ئەمەریکا کەمبکاتەوە، دەستیکرد بە مۆدێرنەکردنی پیشەسازییە سەربازییەکانی خۆی‌و گەڕان بەدوای هاوکاریی سەربازیی هاوبەشانی دیکەدا، بۆ نموونە، ئەڵمانیا.[2]

دوای کودەتا سەربازییەکەی سێپتەمبەری 1980، لیژنەی کودەتا بەرنامەگەلێکی دەستپێکرد بۆ مۆدێرنەکردنی پیشەسازیی چەکی تورکیی. هەروەها پلانێکی لەم چەشنە بەشێك بوو لە بەرنامەکانی حکومەتەکەی ئۆزالیش لەساڵی 1983دا. لەساڵی 1993دا، 110 کۆمپانیای چەکسازیی تورکیی هەبوون، کە کەرەسەی تەواو دروستکراویان بەرهەمدەهێناو راژەیان پێشکەش بە چالاکییەکانی بەرگریی دەکرد، هەروەها 119 کۆمپانیا هەبوون کە کەرەسەی نیوەتەواوبوویان بۆ ئەو

[1] Rueters,23.11.1999;Internet:http://burn.ucsd.edu/archives/kurd-l/1995/0157.html .

[2] Günlük-Senesen 1995, 78; Johnstone 1989, 17-18 .

کۆمپانیایانه دابینده‌کرد. پێویستیی به بوونی هێزی ئاسمانیی خرایه پێشه‌وه‌ی لیستی پێویستییه به‌رگرییکارییه‌کانی تورکیا.[1]

دیانا جۆنستۆنی رۆژنامه‌نووس نووسیویه‌تی که هانده‌ری ئه‌ڵمانیا بۆ پشتگیرییکردنی سوپای تورکیا زیاتر سیاسیی‌و ئابووریی بووه وه‌ك ئه‌وه‌ی راسته‌وخۆ سه‌ربازیی بێت. هاوکاریی سه‌ربازیی ئه‌ڵمانیی وه‌ك پشتگیرییه‌کی دارایی راژه به پیشه‌سازییه چه‌کسازییه‌کانی خۆی ده‌کات، به تایبه‌تی بۆ کراوس مافی. له نێوان ساڵانی 1986بۆ 1989دا، ئه‌ڵمانیا بایی 260 ملیۆن دی ئێم چه‌کی به سوپای تورکیی داوه. پشتگیریی هه‌ریه‌ك له ئه‌ڵمانیا و ئه‌مه‌ریکا له پیشه‌سازییه چه‌کسازییه‌کانی تورکیی که‌ناڵێك بووه که رێگه به‌و دوو حکومه‌ته بدات هاوکاریی سه‌ربازیی به تورکیا بده‌ن بێئه‌وه‌ی رووبه‌ڕووی هه‌ڵایه‌کی سیاسیی نێوخۆیی ببنه‌وه. بۆ کۆمپانیا ئه‌ڵمانییه‌کان، هاوکارییکردنی پیشه‌سازیی سه‌ربازیی له تورکیا هه‌روه‌ها که‌ناڵێکه واده‌کات ده‌ستیان به‌و بازاڕانه‌دا بگات که ئه‌گه‌ر وانه‌بێت ئه‌سته‌مه بۆیان بلوێت، بۆنموونه، وه‌ك لیبیا.[2]

جێری لابه‌ر له‌ساڵی 1994دا ده‌ڵێت که جه‌نگ له باشووری رۆژهه‌ڵاتی تورکیا یه‌کێکه له‌و جه‌نگه قورسانه‌ی جیهان که به‌خه‌ستیی میلیتاریزه کراوه. له‌وکاته‌دا، سوپای تورکیی رایگه‌یاندووه که 400.000 سه‌رباز، پۆلیس، ئه‌فسه‌رانی هه‌واڵگریی، هه‌روه‌ها جه‌رده‌وانانی گونده‌کانی بۆ شه‌ڕکردن له‌گه‌ڵ په‌که‌که به‌کارهێناوه، که وه‌ك ئه‌و باسی لێوه کردووه 5000 گه‌ریلایان هه‌بووه. به‌گوێره‌ی شاره‌زایه‌یه‌کی سه‌ربازیی، جه‌نگی دژه‌چه‌ته‌گه‌ریی پێویستی به پێنج بۆ ده سه‌ربازه بۆ هه‌ر گه‌ریلایه‌ك. له تورکیادا، که که‌سێك بڕوا به‌و ژماره فه‌رمییه‌ی بکات، ئه‌وا رێژه‌که هه‌شتا سه‌رباز بۆ گه‌ریلایه‌ك ده‌بێت.[3] ده‌وترێت "ئۆپه‌راسیۆنی مورات"ی

---

[1] Günlük Senesen 1995, 78-79 .

[2] Johnstone 1989, 17-18; Karasapan 1987, 27 .

[3] Laber 1994, 49 .

سوپای تورکیی کە لە ئەپرڵی ساڵی 1998دا لە هەرێمی هەکاریی ئەنجامیدا[1]، مەزنترین ئۆپەراسیۆنی سەربازییە لەماوەی چواردە ساڵدا، هەروەها تەنانەت گەورەترینیان بووە لە بەڕێوەبەردندا لەماوەی تەمەنی 75 ساڵەی کۆماری تورکیادا.[2] لەم ئۆپەراسیۆنەدا، 40,000 سەرباز لەژێر سەرکردایەتیی 40 ژێنراڵدا دژی 450 گەریلا دەجەنگان. ڕێژەکە 88 سەرباز بۆ یەك گەریلا بوو. لە 2ی فێبرایەری 1999دا، ئاژانسی خەبەری ڕۆیتەر بڵاویکردەوە کە 7000 سەربازێکی پیادە بەیارمەتی چوار فڕۆکەی F-16 ناوچە چیاییەکانیان بۆمبارانکردووەو بەدوای نزیکەی 50 گەریلا لە هەرێمی تونجلی کەوتوون، لێرەدا ڕێژەکە 140 سەرباز بۆ یەك گەریلایە. لەم شەڕەدا دە گەریلاو چوار سەرباز کوژران.

بەدرێژایی بوونی کۆماری تورکیا، یاخیبوونی چەکداریی، چ گەورە یاخود بچووك، دژی ڕیژێمی تورکیی هەبوون. کۆنترۆڵکردنی باکووری کوردستان ئەرکی سەرەکیی سوپای تورکیی بووە. تەنیا یەك تێوەگلانی سوپای تورکیا لەو هەژدە دانەیەی کە لەماوەی ساڵانی 1924 بۆ 1932 ڕوویداوە لە دەرەوەی کوردستان بووە. پاش ساڵی 1945، جگە لە جەنگی کۆریا لەساڵی 1949 بۆ 1952 هەروەها داگیرکردنی قوبرس لە 1974دا، تەنیا ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیی بە بەردەوامیی دژی کوردان بووە.[3] لەو سۆنگەیەوە کە تورکیا کوردی بە دوژمنی سەرەکیی خۆی داناوە، زۆر لۆجیکییە ئەو گریمانەیە بکرێت کە تورکیا ئەندامێتیی خۆی لە ناتۆدا بۆ مەبەستی ئەم جەنگە بەکارهێناوە.[4]

---

[1] هەندێك لە کوردان دەڵێن ئەم ئۆپەراسیۆنەوە بەناوی "مورات قەرەیلانەوە" ناونراوە کە ئەو کاتە فەرماندەی پەکەکەو بەرپرسیاریی ناوچەی بۆتان بووە.

[2] Özgürlük 1999 .

[3] McDowall 1997, 198; Olson 1989 .

[4] پاش گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، پەکەکە دەیوت گوایە سی ئای ئەی هاوکاریی تورکیای کردووە. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە هاوکاریی سەربازیی نێوان ئەمەریکاو تورکیا ئەوەشی گرتۆتەخۆ کە ئەمەریکا زانیاریی هەواڵگریی سەتەلایتی سەبارەت بە کوردستان دەدات بە تورکیا.

حاڵەتی هەمیشە بەردەوامی دژەچەتەگەرایی زۆر دەگونجێت کاریگەریی خۆی لە پەرەسەندنی دەوڵەت لەرووی پرسە سەربازییەکانەوە هەبووە کە ئەوپەڕی بایەخی پێدراوە. ئیگناتیف دەزگای میتی(رێکخراوی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیی) بەو"جرجانە" ناوبردووە کە کارەکەی ئەتاتورك دەکەن بەوەی یەکێتی خاکی تورکیای هاوچەرخ دەپارێزن.[1] لە ساڵی 1986 بانگەشەی ئەوە کراوە کە تەواوی باشووری رۆژهەڵات جۆرێکە لە کامپی زۆرەملێ کە هاوڵاتی تێدا وەك گومانلێکراو مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو هەروەها سەرکوتکردن، ئەشکەنجەدان و سووکایەتیپێکردن بوونەتە بنەما.[2] یاسای دژەتیرۆر لە لایەن تورگوت ئۆزالەوە لە 12ی ئەپرلی 1991دا پێشکەشکرا کە تیرۆریزمی بە" هەر جۆرە کارێك...کە ئامانجی گۆڕینی تایبەتمەندیی کۆمارەکە بێت" پێناسەکردووە. ئەو پێناسەیەی کە هەموو ئەو هەوڵە دیموکراتییانەش دەگرێتەوە کە لەپێناو هێورکردنەوەی تایبەتمەندی وشك و توندی دەوڵەتەوەیە، وەك خۆپێشاندان، کۆبوونەوە، یان بڵاوکردنەوەو چاپەمەنیی.[3]

## مێژووی راگواستن

"تورکە لاوەکان" تەنانەت پێش ئەوەی کۆماری تورکیاش هەبێت، پلانیان بۆ تواندنەوەی کوردان داڕشت. ئەنوەرو تەڵعەت پاشا، کە دوو سەرکردەی یەکێتییخوازەکان بوون و دوو دەستپێشخەری سەرەکیی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان بوون، بەرنامەیەکیان بۆ راگواستنی کوردان خستەگەڕ. دەبێت کوردان بۆ ئەو ناوچانەی رۆژئاوای ئەنەدۆڵ رابگوازرێن کە تێیدا زیاتر لە پێنج دەر سەدی دانیشتووان پێکنەهێنن. ئەشراف و سەرۆکە خۆماڵییەکان دەبێت لە شارو شارۆکان

---

[1] Ignatieff 1994, 211 .

[2] Cumhuriyet 12.2.1986, quoted in McDowall 1997, 428 .

[3] McDowall 1997, 429 .

نیشتەجێبکرێنەوەو هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ خێڵەکانو شوێنکەوتووەکانیان لێ قەدەغەبکرێت. ئەمە پلانێك بوو کە فەرمانی بە "جینۆسایدکردنی ئەرمەنییە گومڕاکانو تواندنەوەی زۆرەملێی کوردانی موسوڵمانە ئاژەوەگێڕەکان". ئەمەش مەرجی جینۆسایدی کەلتووریی بەجێدەهێنا. لامکین، جینۆساید وەك هێرشێك بۆسەر سیما جۆربەجۆرەکانی ژیانی گروپە بەئامانجکراوەکە دەناسێنێت. یەك لە میتۆدەکان بریتیە لە راگواستن، هەروەها یەکێکی دیکە بریتیە لە وێرانکردنی هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتیی گروپەکە لەرێگەی کوشتن یاخود جیاکردنەوەی سەرکردە خۆماڵییو خوێندەوارە رۆشنبیرەکانە، لەبەرئەوەی ئەم گروپەیە کە بەرگریی لە دژی داگیرکەران رێکدەخا.[1]

لەماوەی زستانی 1916–1917دا، زۆربەی گوندنشینانی هەرێمەکانی بتلیسو ئەرزرۆم بەرەو رۆژئاوا دوور لە سنوورەکان راگوێزران، لە سۆنگەی ئەو ترسەوە، کە نەوەکا کوردان بکەونە هاوکاریی لەگەڵ روسەکاندا.[2] دوای شۆڕشەکەی شێخ سەعید، کارمەندانی حکومەت کەوتنەئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە تەنیا رێگەیەك بۆ ملپێکەچکردنی کوردستان ئەوەیە کە لە دانیشتووانەکەی چۆڵبکرێت. کینداڵ نووسیویەتی کە لەماوەی زستانی 1925و 1928 نزیکەی ملیۆنێك کەس راگوێزراون. دەیان هەزاریان لە رێگادا مردن، بەهۆی کەمیی خۆراكو پێویستییەکانیان، هەروەها دووریی ماوەی ئەو رێگایەی کە ناچار کران لە رەوشێکی ساردی زستاندا بۆی رابگوازرێن.[3]

دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ سەعید لە ساڵی 1925دا، سەدەها گوند سوتێنرانو تەختکرانو هەزارەها جووتیار ، لەنێوان 40,000 بۆ 250,000 کەس لەمیانەی پرۆسەی " هێورکردنەوە"دا مردن. هەموو ئەم ژمارانە مەزەندەکراون، لەبەرئەوەی کە سەرژمێرییەکی بابەتیی نییە. لەماوەی ساڵانی 1930کاندا،

---

[1] Kendal 1980a, 44-45; Lemkin 1944, xi-xii; McDowall 1997, 105-106 .

[2] McDowall 1992, 31, 37- 38 .

[3] Kendal 1980b, 63 .

راگواستنێکی بەرفراوانی خەڵکانی کورد بۆ رۆژئاواو بەشەکانی ناوەندی وڵات بەرێوەچوو کە ناوچەگەلێکی تورکیین. ئامانج لەمە راگواستنی کوردان بوو بۆ ناوچەیەك کە تێیدا زیاتر لە پێنج لەسەدا پێکنەهێنن.[1] بەگوێرەی یاسایەك کە لە مایۆی 1932دا دەرچوو، " ئەوانەی کە زمانی دایکیان جگە لە تورکیی زمانێکی ترە بۆیان قەدەغەیە کە گوندو هەرێمەکانیان بنیاتبنێنەوە."[2]

لەلایەکی ترەوە، چەندین کۆچبەرانی دیکەی تورك لەبەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە، بەشێوەیەکی سەرەکیی لە بولگاریاو بەلکانەوە، لە هەرێمە کوردییەکان نیشتەجێکران بۆئەوەی رێژەی سەدیی رەگەزی دانیشتووانە تورکەکەی زێدەبکەن. ئەوان هەمیشە بەپیتترین زەوییەکانی ئەو ناوچانەیان پێدەدرا.[3]

لە مایۆی 1932دا، یاسایەك بۆ راگواستنی کوردان دەرچوو. دەبێت چوار پلەبەندی جیا بۆ مەڵبەندگەلێکی نیشتەجێبوون لە تورکیادا هەبێت:

ژمارە 1: مەڵبەندێك ئەو ناوچانە دەگرێتە خۆی کە دەبینرێت واباشە قەبارەی دانیشتووانەکەی کە کەلتووریی تورکیی هەیە زێدەبکرێت.( ئەمە بە ئاشکرا ئاماژە بۆ کوردستان دەکات).

ژمارە2: مەڵبەندێك ئەو ناوچانە دەگرێتە خۆی کە دەبینرێت واباشە دانیشتووانێکی تێدا دابمەزرێن کە لەنێو کەلتووری تورکییدا بتوێنرێنەوە.(لە رووی ئیتنییەوە ناوچە تورکییەکانە).

ژمارە3: مەڵبەندێك ئەو ناوچانە دەگرێتە خۆی کە کۆچبەرە خاوەن کەلتوورە تورکییەکان رێگەیان پێبدرێت کە خۆیان دابمەزرێنن، بەشێوەیەکی ئازادانە بەڵام بە هاوکاریی دەسەڵاتداران.( بەپیتترینو شیاوترین ئەو ناوچانەی کوردستانن کە

---

[1] Jafar 1974, 252; medico international and KHRP 1996, 3 .

[2] Ghassemlou 1965, 57-58 .

[3] Bexikçi 1987, 45-46; van Bruinessen 1984, 8; Jafar 1974, 120; Kendal 1980b, 47 .

**پێشنیازیی ئەوەیان بۆکرا بدرێنە کۆچبەرانی تورك).**

**ژمارە4: مەڵبەندێك ئەو ناوچانە دەگرێتە خۆی کە بڕیاری پێویستیی چۆڵکردنی دراوەو پێویستە لەبەر هۆکاری تەندروستیی گشتیی، مادیی، کەلتووریی، سیاسیی، ستراتیجیی و هەروەها ئاسایشی دابخرێت. ( ئەم پلەیە ناوچە فرە سەختەکانی کوردستانی لەخۆدەگرت).[1]**

**بۆ نموونە، دێرسیم وەك بەشێك لە مەڵبەندی ژمارە 4 دانرا، بەوەش ئەو بڕیارەی بەسەردا درا کە بەتەواویی چۆڵبکرێت.[2]**

**یاسای ژمارە 2510 لە ژونی 1934دا دەرچوو، ئەم یاسایە لەبارەی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە، تورکیای بەسەر سێ مەڵبەنددا دابەشکرد:**

**1- ئەو ناوچانەی دەبێت تەرخانبکرێن بۆ کۆکردنەوەی خەڵکانێك کە خاوەن کەلتووری تورکیین.**

**2- ئەو هەرێمانەی کە خەڵکەکەی کەلتووری ناتورکییان هەیەو دەبێت بەمەبەستی تواندنەوەیان لەنێو زمان و کەلتووری تورکییدا رابگوازرێن.**

**3- ئەو هەرێمانەی دەبێت بەتەواویی چۆڵبکرێن.**

**ئەم یاسایە هەموو ئەو دانپێدانانەی پێشووی بە خێڵەکان و ئاغاکانیان و هەروەها شێخەکان هەڵوەشاندەوە. سەرخێڵەکان و خێزانەکانیان دەبوو رابگوازرێن بۆئەوەی لەنێو کەلتووری تورکییدا بتوێنرێنەوە. هەرجۆرە کۆمەڵبوون و پەیوەستێك کە زۆرینەکەی بەتورکیی قسان نەکات قەدەغەکرا.[3] لەساڵی 1951و بەگوێرەی یاسای 5826، مەڵبەندی ژمارە 3 هەرێمەکانی ئاگری، ساسۆن، تونجلی، زیلان(ڤان)،**

---

[1] Kendal 1980b, 66 .

[2] Kendal 1980b, 67 .

[3] McDowall 1997, 207; Yildiz 1996 .

قارس، دیاربەکر، بینگۆڵ، بتلیس، هەروەها موشی لەخۆدەگرت.[1]

پارتی کۆمۆنیستی تورکیا مەزەندەی ئەوەیکرد کە لەماوەی سیازدە ساڵدا لەنێوان 1925 بۆ 1938، زیاتر لە ملیۆنو نیوێك کورد کۆمەڵکوژو راگوێزراون.[2] مکدۆواڵ مەزەندەیکردووە کە لەوانەیە یەك ملیۆن کورد، لەوانە ئاغاو شێخەکانیش، لەماوەی ساڵانی 1925و 1938،دا بە زۆرەملێ راگوێزراون.ئەو لەوبڕوایەدایە کە لەماوەی ساڵانی 1930کاندا، تەنیا لە تواندنەوەیەکی بێهودەدا زیاتر لە سێ ملیۆن خەڵکی کورد گواستراونەتەوە بۆ ناوچە تورکییەکان بۆتە رێگرییەك لە جێبەجێکردنی یاسای راگواستن جگەلەوەی بە مۆدێلێکی بەرتەسكو پەرتەوازە نەبێت.[3] کینداڵ نووسیویەتی کە تەنیا کەمیی ئامرازە پێویستە مادییەکان رێگەی لە حکومەت گرت تەواوی دانیشتووانی کوردستان رانەگوێزێت.[4]

سیاسەتی راگواستن ئامانجی ئەوەبوو کورتەنامەیەکی روون بداتە دانیشتووانی کورد بەوەی هەر راپەڕینێك دەبێتە راگواستنی تەواوی دانیشتووانەکە بۆ ئەو ناوچانەی تورکانی تێدا نیشتەجێن. لەوەش زیاتر، ئەوە یارمەتی حکومەتی دا کە ئەو ناوچە ستراتیجییانە چۆڵبکات کە لەگەڵ ئێران، عێراقو سوریادا هاوسنوورن، بۆئەوەی رێگە لە کوردان بگرێت کە هاوکاریی لە کۆمەڵەکانی دیکەی کوردەوە وەربگرن.[5]

لەساڵی 1942دا، گۆڤاری "خۆیبوون"ی کوردیی کە لە بەیروت چاپدەکرا، راپۆرتێکی لە ژێنراڵی پشکنەری پشکنەرایەتیی یەکەمەوە بڵاوکردۆتەوە، کە ویلایەتەکانی بتلیس، دیاربەکر، هەکاری، موش، ماردین، ئورفەو هەروەها ڤانی لەخۆدەگرت، تێیدا دڵەڕاوکێی خۆی سەبارەت بە هاوسەنگیی دانیشتووانی ئەم

---

[1] IMK e.V. 1993, 52 .

[2] Kendal 1980b, 68 .

[3] McDowall 1997, 207 .

[4] Kendal 1980b, 67 .

[5] Pireh Babi 1999, 105; medico international and KHRP 1996, 10 .

هەرێمانە پێشانداوە. لە ساڵی 1927دا، دانیشتووانی ئەم هەشت هەرێمە پێکەوە 870,000کەس بووە کە 62٪ی کورد بوون. وێڕای راگواستنی کوردانو هێنانی تورکان بۆ ئەم ناوچەیە، رێژەی کوردان لەنێو دانیشتووانەکەدا بۆ 70٪ بەرزبووەوە، لەکاتێکدا کە تێکڕای ژمارەی دانیشتووانەکە نزیکەی ملیۆنێك بوو. ئەوەش بۆ رادەی بەرزی لەدایکبوون لە نێو کورداندا دەگەڕێتەوە.[1]

بەگوێرەی بڵاوکراوەیەکی مێدیکۆ ئینتەرناشناڵو پرۆژەی کوردیی مافەکانی مرۆڤ( KHRP )، هەر لە ساڵی 1925ەوە، چۆڵکردنی گوندە کوردییەکان راشکاوانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکییەوە وەك تەمێکارییەکی پێویست بینراوە. ئەو باوەڕەی کە پێیوایە ئەوانەی رووبەڕووی ئایدیۆلۆجیی دەوڵەت دەبنەوە پێویستە" وانەیەکی باشیان فێربکرێت" وەك تایبەتمەندییەکی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنە ئاسایشییەکان بوو لە باشووری رۆژهەڵات.[2]

## کودەتای ساڵی 1980

لە ساڵانی 1970کاندا، چەپی تورکیی کە لە ژمارەیەك پارتی بچووکی شورەویخواز یان چینیخواز و هەروەها گروپگەلێکی چەکدار پێکدەهاتن، سەبارەت بە چۆنێتیی هاوکارییان لەگەڵ یەکتردا دابەشو کەمفام بوون.[3] پیرەبابی ئاماژەی بەوەداوە کە راپەڕینە رادیکاڵەکانی خوێندکارانی تورکو کورد و هەروەها کرێکاران دەتوانێت پەیوەندیی بە رووداوگەلێکی نێونەتەوەیی بەرفراوانتری وەك جووڵانەوەی رادیکاڵانەی خوێندکارانی ساڵی 1968 لە فەرەنساوە هەبێت. گروپە نەتەوایەتییە کوردییەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی لەو کۆمەڵە کوردییانەی ساڵانی

[1] McDowall 1997, 209-210 .

[2] medico international and KHRP (1996, 4 .

[3] Ahmad 1981, 10; Cengiz 1996 .

1960کان و هەروەها لە چەپی تورکییە سەریانهەڵدا.[1]

لەماوەی ساڵانی 1970کان، ڕێبەرایەتیی لاوازی حکومەت کۆمەڵگای تورکیی لە پشێویی نزیك کردەوە.[2] لە درەنگانێکی دیسەمبەری 1979دا، کۆمەڵکوژییەك لە قەهرەمانمەراس کە شارێکی سوننییە ڕوویدا، ئەوەی پەلامارێکی ڕاستڕەوەکان بوو دژ بە چەپەکان. بەگوێرەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان، 109کەس کوژران و 176 کەسیش بەتوندیی بریندار بوون، هەروەها 500 دوکان و ماڵ تالان و وێرانکران. ئەنجامدەری سەرەکیی ئەم کۆمەڵکوژییە ( گورگە بۆرەکان/ چەکدارانی باڵی ڕاستی پارتی نەتەوەیی گەل(MHP ی فاشیست ) بوون، هەروەها قوربانییەکانیش بەشێوەیەکی سەرەکیی کوردە عەلەوییەکانی گەڕەکە هەژارنشینەکان بوون. وەڵامی ئەجەویدی سەرۆك وەزیران بۆ ئەم کۆمەڵکوژییە ئەوە بوو کە سیازدە هەرێمی کوردیی خستە ژێر حوکمی سەربازییەوە، بەڵام ئەمە لە هیچ شوێنێك نائارامیی ڕانەگرت. لە هەفتەی یەکەمی سێپتەمبەری 1980دا، کۆبوونەوەیەکی گەورەی ئیسلامیی لە قۆنیا بەئاشکرا هێرشیانکردە سەر میراتی سێکیولاریزم و ڕۆژئاواگەرایییەکەی ئەتاتورك. لەماوەی هەشت مانگ و نیوی پاش کۆمەڵکوژییەکەی قەهرەمانمەراسدا، نزیکەی 3,865کەس لە پێکدادانەکاندا گیانیان لەدەستدابوو. لە 12ی سێپتەمبەری 1980، ژێنراڵ کەنعان ئێڤرین حکومەتە مەدەنییەکەی لەکارخست و فەرمانڕەوایی سەربازیی ڕاگەیاند.[3] سوپا دەستووری هەڵوەشاندەوە، هۆڵی پارلەمانی داخست و تێکڕای پارتەکانی لەکارخست، مانگرتنەکانی قەدەغەکرد و هەموو کۆمەڵە پیشەییەکانی داخست. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا توندوتیژییەکان کۆتاییانهات. لەکۆتایی ئەو ساڵەدا، سوپا نزیکەی 175,000 کەسی قۆڵبەستکرد، کە زۆربەیان چەپ بوون.[4]

---

[1] Pireh Babi 1999, 120 .

[2] Laber 1988, 14 .

[3] Ahmad 1981, 24; McDowall 1997, 413 .

[4] Karasapan 1989,.8 .

لیژنەی کودەتا لە ئەپرلی 1983دا بەرپرسیارێتیی بۆ حکومەتێکی مەدەنیی گێڕایەوە، بەڵام بە دەستوورێکی نوێوە کە زۆربەی ئەو سەربەستییانەی لابرد کە ساڵی 1971دا لە دەستووردا شوێنی بۆ کرابووەوە. دەستوورەکەی ساڵی 1961 پلورالیزم‌و ئازادییە مەدەنییەکانی گرتبووەخۆ، بەڵام ئەوەکەی ساڵی 1982 سەرتاپا کۆنترۆڵکردن بوو. "سەبەتەیەك" قەیدوبەندی لەخۆگرتبوو.بەندی 14 کە ئازادییەکانی تاك‌و هەروەها رێکخراوەکانی سنووردارکردبوو، هەروەها خەباتی سیاسیشی لەسەر بنەمای چین، ئاین، زمان‌و رەگەز قەدەغەکردبوو.[1] بنەمای " یەکێتیی‌و دابەشنەبوونی دەوڵەت بە خاك‌و خەڵکەکەیەوە" بیست‌وچوار جار لە بەندە جۆربەجۆرەکانی دەستوورەکەی ساڵی 1982دا هاتووە. لە دەستوورەکەی ساڵی 1961دا، ئەم دەسەتەواژەیە تەنیا یەك یان دوو جار هاتبوو، لەو پێداچوونەوەی کە ساڵی 1971دا کرابوو، ئەمە 16 جار دووبارە بۆتەوە.[2]

## پارتیا کارکەرێن کوردستان ( پەکەکە )

پارتیا کارکەرێن کوردستان، پەکەکە، لە ساڵی 1978 لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە دامەزرا، کە خوێندکارێکی کۆلێجی زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی ئەنکەرە.سەرکردەکانی ئەم پارتە لە دوای کودەتا سەربازییەکە لە ساڵی 1980دا هەڵاتنە دەرەوەی تورکیا. ئۆجەلان چوو بۆ دیمەشق لە سوریا.[3] لە 15ی ئووتی 1984دا، پەکەکە جەنگی دژی تورکیا راگەیاند بەوەی هێرشیانکردە سەر پۆستەکانی ژاندرمە لە شەمدینلی‌و ئەروە.[4] جەنگەکە لەلایەن باڵی سەربازیی پەکەکەوە( ئارگەکە/ ئارتێشا رزگاریا گەلێ کوردستان ) بەرێوەدەبرا.

---

[1] Ahmad 1981, 6; McDowall 1997, 413-414 .

[2] Besikçi: The Lausanne...

[3] Laber 1988, 16 .

[4] Berger et al. 1998, 38 .

پەکەکە خۆی وەك ڕێکخراوێکی پێشەنگ لەقەڵەمدەدات کە شوناسی کوردی بۆ کوردان گەڕاندۆتەوەو هەروەها پێشانیداون چۆن بەسەر ئەو مێنتاڵیتەی بەکۆیلەبوونەدا زاڵبن کە ئاکامی چەندین ساڵی سیاسەتی تواندنەوەو سەرکوتکردنی دەوڵەتی تورکییە. لەماوەی ساڵانی 1980کاندا، ئەو بۆشاییەی کە لەلایەن پەکەکەوە پڕکرایەوە بووە بایەخدارترین جووڵانەوەی بەرهەڵستکاریی.[1] لە ئەپرلی 1990دا، سەرۆکی شارەوانی نیسێبین(نوسەیبین) موسلوم یەڵدریم، هەرایەکی نایەوە_هەروەها لە 20ی ئەپرلّ کارەکەی لەدەستدا– کاتێك بە هەواڵنێرێکی رۆیتەری وتبوو کە 95٪ی هاوڵاتیانی شارەکەی بە هاوکارییکردنی پەکەکە خۆشحاڵن.[2]

لە دیدی زۆبەی کوردانەوە، گەریلاکان سەربازی کوردن و دژی ئەو داگیرکارییە سەربازییە دەجەنگن کە لە کوردستان، وڵاتە لەمێژینەکەیاندا، خۆی داکوتاوە.[3] لەمیانەی پەرەسەندنی پەکەکەدا، ئەو ڕێکخراوە لە گروپێکی بچووکی چەکدارەوە– لەماوەی ساڵانی 1970کاندا هاوشێوەی چەندین گروپی شۆڕشگێڕیی بوو لە تورکیا – بۆ هێزیکی جەنگاوەری گەریلایی بە ئەزموون و هەروەها لەماوەی 1990کاندا زێدەتر پەرەیانگرت بۆ جووڵانەوەیەکی رزگارییخوازیی نەتەوەیی کە وردە وردە فێری دپلۆماسیی و گەڕان بەدوای چارەسەری سیاسیی بوون.

" ئێمە گەریلای تەواومان هەیە، ژمارەیەکی زیاترمان پێویست نییە، ئێمە دەبینین کە ناتوانین بە ڕێگەی سەربازیی ئەم جەنگە بەرینەوە. مستەفا بارزانی سەد هەزار پێشمەرگەی هەبوو بەڵام دژی سەدام حوسێن نەیبردەوە. چالاکییە سیاسییەکان گرنگترن.[4]

---

[1] Helsinki Watch 1990, 10-11; McDowall 1997, 427 .

[2] Helsinki Watch 1990, 10-11; McDowall 1997, 427 .

[3] Laizer 1996, 91 .

[4] *a Kurdish man interviewed in Europe.*

عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکە، پەرەسەندنی ڕێکخراوەکەی بەمشێوەیەی خوارەوە لێکداوەتەوە:

"بەهەرحاڵ، بەرگرییەکانم هەروەها بەرجەستەی پێویستیی گۆڕان لە بونیاتی پەکەکەدا دەکات، دیدە ئایدیلۆجییە بەرتەسكو توندەکانی-پاشماوە ئاگرینەکانی ساڵانی 1970کان- هەروەها بونیاتە سیاسییەکانی لەبەر تیشکی ئەو پەرەسەندنانەی لە جیهانو هەروەها لە تورکیادا لەساڵانی 1990کاندا ڕوویانداوە. من جەختم لە پێویستیی پێداچوونەوە کردووە، گۆڕینو نوێکردنەوەی بنەماگەلو بەرنامەکانی لەپاش ئەو ئەزموونە مەزنە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا، فرە هەوڵمداوە جیهانبینی پەکەکە فراوانکەم.

...هەروەها بەرگرییەکانم جەخت لەسەر گۆڕانکاریی لە ڕێکخراوەکەمانو گەلەکەمان دەکات کە تێکەڵ بێت لەگەڵ وەرچەخانەکانی پێشوودا. لەجیاتی ئەو شێوە کلاسیکییەی ئێستا، بەرگرییەکانم بانگەشە بۆ ئەوەدەکەن کە زۆر باشترە کە بژینو لێگەڕێن ئەوانی تر بژین وەك ئەوەی قۆناغە هاوچەرخەکە پێویستی دەکات...لەکاتێکدا لە ساڵی 2000 نزیك دەبینەوە، پەکەکە پێویستە خۆی ڕێکبخات کە پێگە دژەبەیەکەکەی چارەسەربکات بەوەی خۆی تێپەڕێنێتو جارێکی دیکەش گرفتەکە بە ئاراستەی چارەسەردا بەرێت، پێویستە ڕۆڵێکی مێژوویی هەبێت. ئەتوانێت ئەمانە بەوە بێنێتەدی کە خۆی بگۆڕێت لە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ڕێکخراوێکی دیموکراتییانە"[1]

پەکەکە ناوبانگێکی تەواو نەرێیی لە ئەوروپا هەیە، بەوەی کە ڕێکخراوێکی داخراوو پلەبەندییەکی توندیی هەیە بەوەی کە لایەنگرانیشی زانیاریی زۆریان نییە. کوردانێك کە پشتگیریی پەکەکە دەکەن ئەم بونیاتەیان لا پەسەند بوو، هەروەها دەیانوت کە ئەوە پێویستە بۆئەوەی ڕێگریی لە خزانی تورکان بۆ ناو پەکەکە بگرێت. ئەوان نموونەیان بە شکستی( TIKKO/ تورکیا ئیشچی کۆیلو کۆمووینست ئۆردوسو/ سوپای ڕزگارییخوازی کرێکارانو جووتیاران ) ئەوەی کە دەوترێت

[1] Öcalan 1999, 9, 13, 31 .

بەهۆی تێخزانی ئەفسەری میتەوە بوو بۆ ناو ڕێکخراوەکەو وێرانکردنی لەناوەوە.

سیاسەتی حکومەتی تورکیی بەرامبەر پەکەکە ئەوەبووو کە خۆی لە مشتومڕ لەبارەی ئەو ڕێکخراوەوە بدزێتەوە چونکە" نەتەوەی کورد نییە، زمانی کوردیی نییە، هەربۆیە مافێك نییە بۆ قەوارەیەکی نەبوو". بەرپرسانی تورکیی پەکەکەیان وەك گروپێکی چەکداری بچووك لە باشووری ڕۆژهەڵات وێنا دەکرد کە چ پشتگیرییەکی جەماوەریی نییەو هەربۆیە شایەنی ئەوە نین بەجدیی وەربگیرێن. بەگوێرەی حکومەت هیچ جەنگێکی ناوخۆ لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا نییە، تەنیا هێندێك گرفتە لەگەڵ تیرۆرستەکاندا. حکومەت ئامادە نەبوو چەمکی "جەنگ " بەکاربهێنێت تەنانەت ئەو کاتەشی کە خەریکی ئامادەکردنی ئۆپەراسیۆنێك بوو کە یەکە سەربازییەکانی خۆیان بە 30.000 بۆ 50,000 سەرباز دەداو تانكو هێلیکۆپتەری سوپەر کۆبراو سیکۆرسکیو جۆرەکانی دیکەی فڕۆکە سەربازییەکانی تێدا بەکاردەهات.[1] پەکەکە سێجار ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاندووە( 21ی مارتی 1993، 14ی دیسەمبەری 1995، هەروەها 1ی سێپتەمبەری 1998 )، هەروەها لە پایزی 1999دا ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادەن دەست لە خەباتی چەکداریی هەڵبگرنو تەنیا ڕێگەی سیاسییو دپلۆماسیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بگرنەبەر. بەڵام حکومەتی تورکیی ئەم ئاگربەستانەیان تەنیا وەك لاوازییەکی سەربازیی بینییو دەستپێکردنی هەر دیالۆگێکی لەگەڵ پەکەکەدا ڕەتکردەوە.[2] لەساڵی 1994دا، لابەر ئەو بۆچوونەی ڕاگەیاند کە دەگونجێت پەکەکە نەتوانێت گەشە بکاتو پەرەبسێنێت ئەگەر تورکان وەڵامی داواکارییە کوردییەکان سەبارەت دابینکردنی مافە سەرەتاییە کەلتوورییو سیاسییەکان بدەنەوەو کاری زیاتر بۆ چاککردنی ڕەوشە ئابوورییەکەی باشووری ڕۆژهەڵات بکەن.[3] دۆگو ئارگیل، زانایەکی سیاسیی لە زانکۆی ئەنکەرە، ئاماژەی

---

[1] Besikçi 1996a, 43 .

[2] Laizer 1996, 74 .

[3] Laber 1994, 50 .

بەوەداوە کە یەك لەو هۆکارانەی وایکردووە پەکەکە نفوزی هەبێت ئەوەیە کە حکومەت تێکڕای ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردی داخستووەو هەموو ڕێگەکانی دەربڕینی شوناسی کوردیی سەرکوتکردووە.[1] بێشکچی نووسیویەتی کاتێك کەناڵە دیموکراتییەکان دادەخرێن، چەك دەبێتە تەنیا شێوەیەکی خۆبەرجەستەکردن.[2]

پەکەکە لە جووڵانەوە نەتەوەییە کوردییەکانی پێشوو جیاواز بوو بەو هۆشەوە کە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئەو کوردانە هەبوو کە لە تاراوگە بوون، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کوردانەی کە لە ئەورووپا نیشتەجێبوون. ئەم پشتگیرییە بۆ پەکەکە بنەڕەتیی بوو، چ لەرووی مادیی‌و چ لە رووی سیاسییەوە. کوردانی تاراوگە هاوکاریی دابینکردنی خەرجییە مادییەکانی خەباتی چەکداریی‌و دامەزراندنی کەناڵی سەتەلایتی تەلەفیزۆنی کوردیی کرد، هەروەها ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ جووڵانەوە رزگارییخوازەکانی دیکە، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، پارتە سیاسییەکان و ماسمیدیا..هتد دا گرت. بە بەکارهێنانی سەتەلایتی مۆدێرن، ئینتەرنێت، هەروەها تەکنیکە تەلەفاکسییەکان. ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەورووپا جەخت لە بوونی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کوردان لە تورکیا دەکەنەوە– هەروەها سوپاس بۆ گەندەڵیی تورکیی– تەنانەت لە زیندانە تورکییە تایبەتییەکاندا. هەڵمەتەکانیان بووەهۆی زێدەبوونی هۆشیاریی نەتەوایەتیی لەنێو کورداندا. ئاڕنەکەو ڕێکخراوەکانی دیکە لە کۆتایی 1990کاندا، چەندین خۆپێشاندان‌و فیستیڤاڵیان لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا ئەنجامدا کە 100.000 بۆ 150.000 کەسی تێدا بەشداربوو. بنکەکانی چاپەمەنیی لە ئەورووپا کتێب‌و گۆڤار بڵاودەکەنەوە، دروستکردن‌و ڕێکخستنی هۆمپەیجەکانی ئینتەرنێتیی، گروپەکانی مۆزیك‌و پێکهێنانی کاسێت‌و سی دی نوێ، هەروەها بەستاندەرکردنی زمانی کوردیی بەردەوامە، ئەوەی وەك

---

[1] Ergil 1999 .

[2] Besikçi 1996a, 44 .

**زمانی دایك بۆتە زمانی فێرکردنی منداڵانی کورد لە ئەوروپاو هەروەها بەرهەمهێنانی ماتریاڵی فێرکردن‌و پەروەردەیی کوردیی. هەروەها کێشەی کورد لەلایەن دەزگا کۆڵینەوەیی‌و ئەکادیمییە ناکوردییەکانەوە بایەخی زێدەی پێدەدرێت. هەموو ئەمانە کارگەریی خۆیان لەسەر پەرەسەندنی نەتەوایەتیی کوردیی هەبووە. کۆمەڵی کوردان لە تاراوگە رۆڵێکی بایەخدار لە بنیاتنانی نەتەوەیی کوردییدا دەگێڕن. رەوشەکەی کوردستان بەشێوەیەکی بەهێز شکڵگرتنی شوناسی کوردیی کوردانی کۆچبەر بەرجەستەدەکات، هەروەها چالاکییەکانی ئەوان لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی تورکییدایە. چەندین رێکخراوی سیاسیی‌و کەلتووریی کوردیی لە ئەوروپا دامەزراون، وەك پارلەمانی کوردیی لە تاراوگەو هەروەها کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان( لەساڵی 1999 دامەزرێنرا).**

**بێشکچی مانای پەکەکە بۆ کوردان بەم شێوەیەی لای خوارەوە شرۆڤە دەکات: دەگونجێت جووڵانەوەی گەریلا لەماوەیەکی کەمدا ئاکامە خوازراوەکان بەدینەهێنێت، بەڵام ئەم جووڵانەوەیە گۆڕانێکی سایکۆلۆجیی لەگەڵ خۆیدا دێنێتەئارا. کوردان دەکەونە ئەوەی رەوشەکەی خۆیان لەگەڵ ئەوەکەی تورك‌و عەرەب‌و فارسدا بەراورد بکەن‌و دەستدەکەن بەوەی کە داوای یەکسانیی‌و دیموکراسیی بکەن. کاتێك تەلەفیزۆنی تورکیی پێشانی دەدات بە چ شێوەیەکی خراپ لە بولگاریا مامەڵە گەڵ تورکاندا دەکرێت، کوردانیش ئەو رەوشەی ئەوێ لەگەڵ ئەوەکەی خۆیاندا بەراورد دەکەن‌و درك بە هاوشێوەیی دەکەن. گەریلا کە سوپای کوردانە، متمانەبەخۆکردنی بە کوردان بەخشیوە. یەك لەو بەڵگانەی کە گۆڕان لە هەڵوێستی خەڵکەکە پێشاندەدەن ئەوەی کە داوای تەرمی گەریلاکان دەکەن‌و رێوڕەسمی بەگۆڕسپاردنی بۆ رێکدەخەن. پێشتر، لەسەرەتای دەستپێکردنی جووڵانەوەی گەریلادا، ئەوان دەترسان کە داوای تەرمەکانیان لە سوپا بکەنەوە. دەزگا ئاسایشییەکان نەیاندەویست کوردان داوای تەرمی رۆڵە کوژراوەکانیان بکەنەوە، ئەوان دەیانویست وا پێشانبدەن کە ئەوانە تاقمێك"تیرۆریستن"و پەیوەندییەکیان بە خەڵکییەوە نییەو تەنانەت خزمانیشیان**

نایانەوێت تەرمەکانیان وەربگرنەوە.[1] لەماوەی بەهارو هاوینی 1999دا، هەواڵی سەرەکیی ماسمیدیا بریتیبوو لە رەوشەکەی کۆسوڤۆ. لەکاتی بینینی ئەوەی کە پەناهەندەکانی کۆسۆڤۆ چەندە یارمەتیی نێونەتەوەیی وەردەگرن، کوردان کەوتنە بەراوردکردنی کوردانی راگوێزراو بەو کۆسۆڤییە پەنابەرانە. ئیچدیگو، رۆمانۆ، هەروەها سیرکیجی ئەنجامگیرییانکردووە کە پەکەکە یەکەمین گروپ بووە کوردان بەسیاسەت بارگاویی بکات‌و زیاتر لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی‌و ئیتنیی وەك لەوەی خێڵەکیی‌و ئاینیی، یەکیانبخات.[2]

## پێشنیازگەلێك بۆ دانوسان

لەماوەی ساڵانی 1990کاندا، چیدی کوردان هەروەك ساڵانی 1980کان، لەسەر ئەوەی کە دەیانوت ئێمە کوردین، رەوانەی زیندانەکان نەدەکران. بەرپرسانی حکومەت‌و ماسمیدیای تورکیی بۆخۆیان ئەوەیان رادەگەیاند کە کوردان لەراستییدا هەن. ئەوان ناچاربوون ئەوە بکەن، بەشێکی بەهۆی پەرەسەندنی ئەو جەنگە بوو کە لەگەڵ پەکەکەدا هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی کۆڕەوی کوردانی عێراقەوە بوو بۆ تورکیا پاش جەنگی کەنداو. کوردانی عێراق شەرم لە قسەکردن بە زمانی خۆیان‌و لەبەرکردنی پۆشاکی سوننەتیی خۆیان ناکەن، ئەمە تەنیا زمانێکە کە دەیزانن‌و ئەوانەش تەنیا بەرگێکە کە هەیانە.[3]

لەسەرەتای 1990کاندا، لەدۆخی سیاسیی تورکیادا نیشانەی ئەوە هەبوو کە دەگونجێت وڵاتەکە بتوانێت گفتوگۆیەکی کراوە سەبارەت بە کێشەی کوردو گەڕان بەدوای چارەسەرێکی ناسەربازییدا دەستپێبکات. یەکەمین جارە لە مێژووی

---

[1] Besikçi: The Achievements ...; Vanly 1997, 58-59 .

[2] Içduygu et al. 1999, 994 .

[3] Kürkçü 1996, 3; Laber 1988, 14 and 1994, 48; Sheikhmous 1991, 22 .

**کۆمارەکەدا مشتومڕی ئاشکرا لەبارەی یاخیبوونە چەکدارانەکەی کوردەوە بکرێت. بۆچوونی جەماوەریی ئەوەبوو کە تەنیا زمانێك کوردان لێیتێبگەن ئەوەیە کە هێزە ئاسایشییەکان بەرجەستەی دەکەن‌و تەنانەت پێویست بە کاری توندتر دەکات. بەڵام لەنێو سیاسییەکاندا دانپێدانانێك گەشەی دەکرد کە چارەسەری سەربازیی سەبارەت بەو لەدەستچوونە خێرایەی "دڵ‌و عەقڵەکان"ی لە باشووری ڕۆژهەڵات وەڵامێکی نییە.[1]**

**لەسەرەتای ساڵی 1991دا، مەسعود یەڵماز، سەرۆکیANAP پارتی دایکی نیشتیمان، ئەو بۆچوونەی دەربڕی کە پێویستە زمانی کوردیی ببێتە دووەمین زمانی فەرمیی تورکیا. لە فێبرایەری 1991، سەرۆك تورگوت ئوزال یاسای ژمارە 2932ی پێشکەشکرد کە ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردیی بدرێت جگەلە بوارەکانی رادیۆ، تەلەفیزۆن، بڵاوکراوەکان‌و فێرکردن. ئەوەش بەیاساییکردنی ئەو حاڵەتە بوو کە ئێستا لەشەقامەکانی ئەستەمبوڵ‌و شارە کوردییەکانی دیکە دەگوزەرا، کە زمانی کوردیی ئازادانە قسەی پێدەکراو کاسێتی کوردییش بەئاشکرا هەبوون. لەساڵی 1991دا، ئوزال رازیبوونی خۆی بۆ بیرۆکەی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردیی لە باکووری عێراق راگەیاند. ئەو پێشنیازییکرد کە بەهەمان شێوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بەدوای چارەسەرێکی سیاسییدا دەگەڕێت. عەبدوڵڵا ئوجەلان سەرۆکی پەکەکە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عیسمەت ئیمسێتدا لە نۆڤەمبەری 1991دا، کاتێك پرسیاری لێکرا داخۆ چارەسەری فیدراڵی پەسەندە، وەڵامیدایەوە کە "بێگومان ئەمە ئەوەیە کە ئێمە دەیبینین". ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، ئوزال ئەنکەرەی حەپەساند بەوەی وتی کە ئەو خوازیارە لەبارەی سیستەمی فیدراڵییەوە قسە بکات. لەماوەی ساڵی 1992دا، ئوزال مشتومڕی لەوبارەیەوە دەکرد کە لێبوردن بۆ گەریلاکان دەستەبەر بکرێت‌و پەکەکەش وەك پارتێکی سیستەمە سیاسییەکەی تورکیا دانپێدابنرێت. ئوزال نوێنەرایەتیی قوتابخانەی بیرکردنەوەی رادیکاڵی دەکرد، لەکاتێکدا سلێمان**

[1] Laber 1994, 47; McDowall 1997, 427 .

**دەمیرئەلی سەرۆك وەزیران ڕێبەرایەتیی کۆنەپارێزەکانی دەکرد.[1] بەڵام تەنات دەمیرئەلیش، کاتێك لە ساڵی 1991دا بوو بە سەرۆك وەزیران بەڵێنی ئەوەیدا کە "حکومەتێکی شەفاف" پێکدەهێنێت‌و ئەشکەنجەدانی پۆلیسیش کۆتایی پێدێنێت–ئەو بەڵینەی بەوە جەختی لێدەکردەوە کە داوای "دیواری شوشەیی" بۆ بنکەکانی پۆلیس دەکرد. تانسۆ چیلەر کە دوای دەمیرئەل هات، بایەخی خۆی بە کۆڵینەوە لە "مۆدێلی باسك" دەربڕی، ئەوەی کە لەبارەیەوە گەڵ سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا فیلیپ جۆنزالیسەوە مشتومڕی لەبارەوە کرد.[2]**

**ئۆزال بەماوەیەکی لە مردنەکەی لە ئەپرڵی 1993دا، بۆ دەمیرئەلی نووسیوە:**

**" کۆماری تورکیی ڕووبەڕووی مەزنترین هەڕشەی مەترسیداری خۆی تائێستا بووەتەوە، بومەلەرزەیەکی کۆمەڵایەتیی دەتوانێت بەشێکی تورکیا لە باقییەکەی دیکەی دابڕێت‌و دەتوانێت ئێمەش لەگەڵ خۆیدا بکاتە ژێر داروپەردووەکەیەوە."[3]**

**لە 17ی مارتی 1993دا، ئوجەلان ئاگربەستێکی یەکلایەنەی ڕاگەیاند کە لە نەورۆزە (21ی مارت) وە تاکو پازدەی ئەپرلڵ بەردەوامبوو. لە تورکیا ئەمە وەك نیشانەیەکی لاوازیی سەربازیی پەکەکە وەرگیرا کە دەیەوێت بە شێوەی سیاسیی چەندەی بتوانێت بەدەستیبێنێت. لەکاتێکدا سەرۆك ئۆزال لەسەردانی کازاخستان بوو، ڕاگەیاند کە پاش گەڕانەوەی بۆ ئەنکەرە بەیاننامەیەکی گرنگ لەبارەی ئەو کێشەیەوە بڵاودەکاتەوە. لە 16ی ئەپرڵدا، ئوجەلان ئاگربەستەکەی بۆ کاتێکی نادیار درێژکردەوە. بۆ سبەی ڕۆژ ئۆزال لە هەلومەرجێکی گوماناوییدا گیانی سپارد، گوایە پاش ڕۆژێك لە گەڕانەوەکەی سەکتەی دڵ لێیداوە. ئاگربەستەکە دواجار لە 24ی مایۆدا کۆتاییهات پاش ئەوەی گەریلاکانی پەکەکە 33 سەربازی**

[1] McDowall 1997, 428- 431; Randal 1999, 278 .

[2] Kirisçi and Winrow 1997, 20; Laber 1994, 47; Randal 1999, 283 .

[3] President Turgut Özal, The Independent 13.11.1993, quoted in McDowall 1997, 1.

بێچەکی تورکیان لەدەرەوەی بینگۆل کوشت کە دەگەڕانەوە ماڵەوە.[1]

بەوەش لەماوەی تورگوت ئۆزالدا، ماوەیەکی کورتی ئومێد هەبوو کە وادەردەکەوت ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا وەك کۆمەڵێك دان بە کورداندا بنێت. ئۆجەلان سەبارەت بەم قۆناغە دەڵێت:

" هەڵگرتنی قەدەغەکردنی زمان لەلایەن دەوڵەتەوە لەسەرەتای 1990کاندا، ئازادییەکی سنووردار لەبواری زمانو کەلتووردا درا، پەسەندکردنی گرفتەکە لەلایەن کاربەدەستانی باڵاو هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەکە، هەروەها دواجار ئاگربەستەکەی من لە مارتی 1993دا بەئاشکرا قۆناغێکی بەرجەستەکرد کە هەردوو لایەنەکە جەختیان لە یەکێتییەکی ئازاد کرد.[2]

سولەیمان دەمیرئەل، کە ڕێگەیدا ئاگربەستەکەی پەکەکە وەك نیشانەی لاوازیی ئەو ڕێکخراوە لەلایەن سوپاوە شرۆڤە بکرێت، وەك سەرۆك پاش ئۆزال هات. لەماوەی شەش هەفتەی یەکەمدا، لەشکرەکانی سوپا نزیکەی سەد گەریلاو هاوڵاتی کوشتو سەدەهای دیکەشی دەستبەسەرکرد. دەمیرئەلو سوپا بەڕوونی دەریانخست کە نە دانوسانو نە هیچ سازشێکی دیکە لەپێشدایە. لەساڵی 1994دا، کە تانسۆ چیلەر سەرۆك وەزیران بوو، هەموو ئومێدەکان لەسایەی توندبوونی سەرکوتکاریی سەربازیی لە کوردستان لەبارچوونو دوورخستنەوەی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراوی یاسایی کوردیی DEP لە پارلەمان بەڕێوەچوو.[3] لە ساڵی 1993و 1994دا، نزیکەی 3200 کورد شوێنەونکران یاخود لەو کوشتنانەی پێیدەگوترێت " کوشتنی نادیار " گیانیان سپارد.[4] کۆمەڵەی پارێزەرانی دیاربەکر(1998) ئەم مردنانەیان بە "تیرەبارانکردنەکانی دەرەوەی دادگا"ناوبرد.

لەهەمان کاتدا، زۆینەی تورکان کەوتبوونە ئەوەی واببینن کە کەمینە کوردییەکە

---

[1] Rugman and Hutchings 1996, 52 .

[2] Öcalan 1999, 32 .

[3] Ciment 1996, 3-4; Laizer 1996, 105; McDowall 1997, 437, 441.

[4] Randal 1999, 258 .

**بۆخۆی هەڕەشەیەکی مەزنە. هەندێك لە تورکان دەستەواژەی" چارەسەری دێرسیم" پێشاندا وەك هێمایەك بۆ ئەو تاکتیکانەی جینۆساید کە سالانی 1930کان بەکارهێنرابوون. ئەوەش وەك کورتە دەستەواژەیەك بۆ دیارییکردنی ئەو میتۆدە پێویستانەی وانەیەك بداتە کوردان. هەستێکی بەو چەشنە کە ورووژاندنی لە نەستدا لەوانەیە بەهۆی پرۆسەی قەلاچۆکردنی ئیتنیی لە هەردوو بەری تورکیا لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو و هەروەها لە کۆماری ئەرمینیاو ئازەربایجان، بووبێت.[1] لەلایەکی ترەوە، جوولانەوەی نەتەوەیی کوردیی هەروەها لە دەرەوە ئیلهامی وەردەگرت، بۆ نموونە، لە راپەڕینی فەلەستینییەوە.[2]**

**لەم سالانەی دواییدا، نوێنەرایەتیی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی تورکیا، سەبارەت بە دانیشتووانی کورد چەندین بلاوکراوەیان راگەیاندووە، بەلام هەمیشە لە جێبەجێکردنی بەلێنەکانیاندا شکستیانخواردووە. ڤیمۆت-مانگۆلد نووسیویەتی کە پێدەچێت بەهۆی لاوازیی کۆنترۆلی مەدەنییەوە بەسەر سوپاو دەزگا ئاسایشییەکان لە باشووری رۆژهەلات بووبێت، کە بە پراکتیك لە ناوچەکەدا تەنیا دەسەلات پێکدەهێنێ.[3]**

**بەگوێرەی ئیسماعیل بێشکچی، هەتاکو کێشەی کوردان لە تورکیا وەك تابویەك مامەلەی لەتەکدا بکرێت، ئەوا ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، ئەوەی پێویستە بریتیە لە یەکەم، لێکۆلینەوەیەك لە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی‌و پەرەسەندنی مێژوویی کێشەکە، هەروەها دوای ئەوە، مشتومڕێکی ئاشکرای بنکە فراوانە.[4] مافەکانی کەمینە مەسەلەیەکی ئەستەمە لە ولاتێکدا کە تێیدا ئازادییە سیاسییەکان بۆ زۆرینە فرە سنووردارە. بە بۆچوونی چالیاند، ئەوە ئەستەمە کە بتوانرێت مافەکانی کەمینە دانیپێدابنرێت لەکاتێکدا جەماوەری خەلك بۆخۆی وەك مندالێ رەفتاری**

---

[1] McDowall 1997, 440 .

[2] Sheikhmous 1991, 21 .

[3] Vermot-Mangold 1998, 10 .

[4] Besikçi 1997a, 44 .

لەگەڵدا بکرێت‌و تەنیا بە زمانلوسییەکی هەژێنەری نەتەوەییانە وتاری ئاگرینی بۆ بدرێت.[1]

وێڕای بانگەشەی کاربەدەستان سەبارەت بە "یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە، یەك زمان"، تورکیا وڵاتێکی فرە ئیتنییە کە گەلی تورك تەنیا نزیکەی نیوەی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنێت. جگە لە کوردان، چەندین کەمینەی دیکەش هەن، بۆ نموونە، ئەرمەنیی، ئاسووریی، عەرەب، گریك، لاز، تەتار، هەروەها چەرکەس‌و خەڵکانێکی دیکە لە بەلکانەوە. پاش ساڵی 1991، کاتێك بڵاوکردنەوە جگە لە زمانی تورکیی بە زمانی دیکەش ڕێگەی پێدرا، لازو چەرکەسەکان دەستیانکرد بە خۆ ڕێکخستن‌و ئەدەبیاتیان بە زمانی خۆیان بڵاوکردەوە، ئەوان ئیلهامیان لە نموونە کوردییەکەو ئەو پەرەسەندنانە وەرگرت کە لە یەکێتیی سوڤێتی پێشوو بەرێوەدەچوون.[2] حکومەتی تورکیی دانپێدانانی کێشەی کوردی بە یەکەمین هەنگاو بەرەو هەڵوەشاندنەوەی کۆتایی تورکیا دەبینی– "تیۆری دۆمینۆ" وەك سەرچاوەیەکی نائارامیی. ئەگەر حکومەت دان بە مافی کورداندا بنێت کە زمان‌و مافەکانی دیکەیان بەکاربهێنن، کەمینەکانی دیکەش دەستدەکەن بە داواکاریی بۆ دانپێدانانی مافەکانیان. بیبێر لەوبڕوایەدا نییە ئەمە ڕووبدات، لەو سۆنگەیەوە کە زۆربەی کەمینەکانی دیکە شوناسێکی ئیتنیی بەهێزیان نییە، بەڵام کوپەلی پێی وایە کە ناناوەندییکردنی دەوڵەت دەبێتە هۆی پشێوییەکی مەزن‌و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی تورکیی.[3]

---

[1] Chaliand 1980, 10 .

[2] Van Bruinessen 1996c, 7 .

[3] Bieber 1998; Küpeli 1997, 20 .

# شەشەم: ئیتنۆسایدی کوردان لە تورکیا

## 6. 1 نکۆڵییکردن لە شوناسی کوردان

کێشەی شوناسی کوردیی لەم کۆڵینەوەیەدا گرنگە، زۆر لە کوردان هەستێکی فرە بەهێزیان سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی هەیە، وێڕای ئەو راستییەی کە ئەوان هیچ کاتێك دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان نەبووە،[1] هەروەها ئەوەی کە گروپە کوردییەکان گرفتگەلێکی زۆریان هەبووە تاکو هاوکاریی یەکتری بکەن. هەروەها لەم بەشەدا ئەو شێوە جۆربەجۆرانەی جینۆسایدی کەلتوورییم وەسفکردووە کە تورکیا دژ بە کوردان ئەنجامیداوە.

## زمانکوژیی کوردان لە تورکیا

لە بەشی 2.2 دا (بابەتی ئیتنۆساید)، ئەوەم شرۆڤە کردووە کە چۆن دەتوانرێت گروپێکی ئیتنیی بەهۆی کوشتنی پەیوەندییەکانی بەزمانەکەیەوە، لەناوببرێت، هەروەها لە بەشی پێنجەم (مێژووی کوردان لە تورکیا) ئەوەم وەسفکردووە کە چۆن تورکان هەوڵیانداوە ئەمە بەسەر کورداندا بهێنن.

زمان سەرچاوەی شوناسەو هەروەها کرۆکێکی بەهادارە کە سیمبولێکە بۆ ئەندامەتیی کەسێك بۆ کۆمەڵێکی تایبەت. زمان بایەخدارترین شتە کە خەڵکانێك وەك نەتەوە پێکەوە گرێدەدات، ئەو زۆر لە خاك و مێژوو گرنگترە. ئەمەش دەیکاتە کێشەیەکی سۆزەکیی قووڵ لەنێو نەتەوەخوازەکان و ئامانجێکی لەبار بۆ ئەوانەی

---

[1] دەوڵەتی مەهاباد لە بەشە ئێرانییەکەی کوردستاندا لە 1945–1946 بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوامبوو. (Clason 1986, 15-16).

بەدوای لەناوبردنی کۆمەڵەکەدا دەگەڕێن.[1] ئەو سەرکوتکارییەی لەتورکیادا بەسەر کوردان هاتووە وایلێکردوون کاردانەوەی خۆیان لە بەرگرییەکی بەهێزدا پیشانبدەن.

" کاتێك کوردێك سەبارەت بە شوناسەکەی بێبایەخە پێدەچێت فرە بێسەروبەر دەربکەوێت. بەتایبەتیی ئەو کوردانەی کە تەنانەت نازانن مانای شوناس چییە. بۆ نموونە، دەگونجێت بڵێت کە ئەو کوردێکە لەسایەی ئالآی تورکییدایە، ئەوەش هەروەها نەبوونی شوناس پیشاندەدات کاتێك کەسێك ئالآی نەبێت، کاتێك رۆژنامەی کوردیی نەبێت، خوێندنگای کوردیی نەبێت، تەلەفیزۆن، کتێبخانە، کتێب، پەیمانگا، کۆڵینەوە یاخود هەر شێتێکی هاوشێوەی ئەوانە بەکوردیی یان بۆ کورد نەبێت. لەڕاستییدا کەسێك هەست بە لاوازیی دەکات کاتێك هۆشی بە شوناسی کوردییە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، کاتێك دەبینم ئەو کەمەکەی کە هەمە لە مەترسییدایە–ئەو زمانەی کە لە دایکمەوە فێری بووم– ئەوساکە بەڕاستیی توڕەترو هەژاوتر دەبم."[2]

هەر لە ساڵی 1924ەوە بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە شوێنە گشتییەکاندا لەتورکیا قەدەغەکرابوو، بەڵام فشارە ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکان هەندێك گۆڕینیان بەسەر ئەم ئاکارەی دەوڵەت لەهەمبەر کورداندا هێنایەئارا، بەتایبەت لە بواری زماندا. لە ئەپرڵی 1991دا، یاسای ژمارە 2932 رێگەی بە بەکارهێنانی کوردییدا لە قسەکردنی تایبەتیی رۆژانە، گۆرانی، هەروەها مۆزیکی تۆمارکراودا. هەرچەندە، دەگونجێت هێشتا کوردیی بۆ مەبەستی سیاسیی و فێرکردن بەکارنەهێنرێت ، هەروەها ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەمێژووی کوردانەوە هەیە، بە کەلتوورو شوناسی ئیتنییەوە، بەبەردەوامی لەسایەی ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم "یەکێتیی شاراوەی دەوڵەت" هێشتا ملکەچی

---

[1] Ignatieff 1994, 10; Kendal 1980b, 83; Smolicz 1994, 237 .

[2] *Celepli 1998.*

دەستبەسەرداگرتن‌و لێپێچینەوەی یاساییە.[1] هەر لەسەرەتای 1990کانەوە، حکومەتی تورکیا لەهەوڵی قانعکردنی جیهاندا بوو بەوەی فشار بۆسەر زمانی کوردیی کۆتایی پێهاتووە. بەڵام کۆڵینەوەیەك لە دەستووری تورکیی چیرۆکێکی جیاوازمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەستوور دەڵێت کە " دەوڵەتی تورکیا لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکە خۆیداو لای تەواوی هاوڵاتیانی دەوڵەتەکە، زمانەکەی تورکییە."[2] هەروەها دەستوورەکە رایدەگەیەنێت کە" بۆ هیچ زمانێك نییە کە بەیاسا قەدەغەکرابێت بەکاربهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی یان بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونەکان. ماتریاڵە نووسراو چاپکراوەکان، تۆمارەکان، کاسێت، ڤیدیۆکاسێت، وێڕای هەر ئامرازێکی دیکەی دەربڕین کە پێشێلی ئەو قەدەغەکردنە دەکات، دەبێت دەستیبەسەردا بگیرێت..."[3] بەگوێرەی سکوتناب–کەنگاس، ئەمە بە ئاشکرا مەبەستی زمانی کوردییە.[4]

لە ئووتی 1996دا، دەزگای کەلتوورو کۆڵینەوەی کوردیی( KURT-KAV ) هەوڵیدا کۆرسێك بۆ زمانی کوردیی رێکبخات‌و هەروەها داوای مۆڵەتی لە بۆردی فێرکردن لە هەرێمی ئەستەمبوڵ وەرگرت بۆئەوەی کۆرسێکی تایبەت بە کوردیی بەرێوەبەرێت. ئەم هەوڵەی ( KURT-KAV )و داواکەی وەڵامێکی نەرێیی درایەوە. رێکخراوە ناڕەزایی دژی ئەم بڕیارە دەربڕی، کێشەکەی بردە بەردەم دادگای هەرێمی ئەنکەرەو بێ مۆڵەت دەستیکرد بە کردنەوەی کۆرسی زمانەکە، ئەوەی بووەهۆی لێپرسینەوەیان لەلایەن پۆلیس‌و هەروەها داخستنی کۆرسەکە. بەگوێرەی یاسای ژمارە 2932 پێویستە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێك لەبارەی

---

[1] McDowall 1992, 52-52; medico international and KHRP 1997, 26-27; US State Department 1999 .

[2] Constitution, Article 3.

[3] Constitution, Article 26/3 .

[4] Skutnabb-Kangas 1996, 132-133 .

فێرکردن بە زمانی بیانیی دەربکات، پاش ئەوەی بۆچوونی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەوبارەیەوە پێدەگات. هەر بە گوێرەی هەمان یاسا، سپۆنسەری دەوڵەت و کۆرسی تایبەت لەتورکیا دەگونجێت تەنیا بە زمانەکانی ئینگلیزیی، فەرەنسیی، ئەڵمانیی، روسیی، ئیتاڵیی، ئیسپانیی، عەرەبیی، ژاپۆنیی و چینیی بن.[1]

لە کۆتایی ساڵانی 1990کاندا، هەندێك گۆڤاری کوردیی لە ئیستنابوڵ لە سایەی زەحمەتێکی زۆری ئابووریی و گرفتگەلێکی دیکەدا، بڵاوکرانەوە( بۆنموونە، وڵات، رەوسان، رۆژا تازە، زەند، پینە ). هەرچەندە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کوردیی رێگەپێدراو بوو، بەڵام بۆ خوێنەر مەترسیی بوو کە ئەو گۆڤارانە بکڕێت یاخود لەناو کەلوپەلەکانیدا هەڵیانبگرێت. دەتوانرێت کڕینی بڵاوکراوە کوردییەکان وەك هاوسۆزییەك لەگەڵ پەکەکەدا لێکبدرێتەوە.[2] بنەماکانی حکومەتی تورکیی لەو ئامۆژگارییەی سەرۆك جیّمی کارتەر بۆ شای ئێران وەسفدەکرێت (لەلایەن خانمێکی پەنابەری ئێرانییەوە لە تورتیانتین لەساڵی 1998 وتراوە) کە وتویەتی: " لێگەڕێ هاوڵاتییەکانت کتێب بڵاوبکەنەوە، ئەوە شتێکی باشە چونکە دەتوانیت بڵێیت کە دیموکراتیی لە ئێراندا هەیە، هەروەها پۆلیسیش دەزانێت کێ نووسیونی و کێش دەیانخوێنێتەوە." حەسەنپوور ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەندە زمانی کوردیی لە نووسینی کتێبدا بەکاردەهێنرێت، بەلام هێشتا نووسین بەم زمانە یاسایی نییە، چونکە زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکان یان ئەوانەی لەوبارەیەوەن قەدەغەکراون و دەستیانبەسەرداگیراوە، هەروەها نووسەرو بڵاوکەرەوەکانیان

---

[1] Information sheet of IMK e.V .34.

دەگونجێت هەرزوو زمانی فەرەنسیی لەو لیستە دەربهێنرێت. قەدەغەکردنی زمانی فەرەنسیی لە نێو ئەو داواکارییانەی بۆیکۆتکردنی زمانی فەرەنسییە پاش ئەوەی پارلەمانی فەرەنسیی لە یەنایەری 2001دا یاسایەکی دەرکرد کە بەفەرمیی دانینا بە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان.

[2] US State Department 1999 .

**لەلایەن دەوڵەتەوە سزادراون.**[1]

**ڕەوشی زمانی کوردیی لە باکووری کوردستان، دەتوانرێت بەپشتبەستن بە پلەبەندییەکەی کاترووبیەس، شرۆڤەبکرێت. ئەو هەڵوێستی دەوڵەتی لەمەڕ زمانی کەمینەکان بۆ پێنج جۆر دابەشکردووە:**

**1- هەوڵدان بۆ کوشتنی زمانێك.**

**2- ڕێگەدان بە مردنی زمانێك.**

**3- پشتگیریینەکردنی پێکەوەژیان.**

**4- پشتگیرییکردنێکی هەندەکیی ئەرکەکانی زمانێکی تایبەت.**

**5- وەرگرتنی وەك زمانێکی فەرمیی.**[2]

**لە ساڵی 1924ەوە بۆ 1991 ڕەوشەکە بە ڕوونیی ئەوەکەی ژمارە 1 بووە. تورکیا هەوڵی کوشتنی زمانی کوردیی داوە. یاسای ژمارە 2932 کە لەساڵی 1991دا دەرچوو، هەروەها ڕێگەی بە بەکارهێنانی زمانی کوردییدا لە قسەکردنی تایبەت،گۆرانیو مۆزیکی تۆمارکراودا، ڕەوشی زمانەکەی بۆ ئاستی 2 گۆڕی. دەسەڵاتدارانی تورکیی چیدی بەئەنقەست زمانی کوردیی ناکوژن، بەڵام لەبری ڕێگە بە مردنی دەدەن. ڕێگە بە زمانی کوردیی نادرێت بۆ مەبەستیی سیاسییو فێرکردن بەکاربهێنرێت. هەربۆیە ڕەوشەکە هێشتا لە پشتگیریینەکردنی پێکەوەژیانەوە دوورە(ژمارە3).**

**ئەوەی لەکاتی لەناوچوونی زمانێکدا لەدەستدەچێت بریتیە لە یەکانگیربوونی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی نەوەکان، هاوبەستەگییو سروشتو تەواوی داهێنانی، هەستێکی ئارام بە شوناس، هەست بە بەهای دەستەجەمعی کۆمەڵو گەلێك. لەدەستچوونی ئەم کارەکتەرانە بەهایەك لەبەیندەبات کە لەئاستێکی باڵای دوورخستنەوە، زیانگەیاندن لە هەردوو تەندروستیی جەستەییو عەقڵییەوە**

---

[1] Hassanpour 2000 .

[2] Cobarrubias 1983, 71 .

بۆماوەی زیاتر لە دوو نەوە، هەروەها زێدەبوونێکی بەرفراوانی ریشەکێشکردنی کۆمەڵایەتیی. ئەوەی خۆی لە پێشێلکاریی و هێرشە سڤیل و تاوانکارییەکاندا خۆی پێشاندەدات.[1] زمانی کوردیی لەنێو سەدەها زمانە زۆر بەربڵاوە بەکارهێنراوەکانی جیهاندایە.[2] ئەم زمانە لەناو نەچووە، بەڵام بەهۆی سەرکوتکاریشەوە، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی سروشتیی پەرەبسێنێت. لەبەرئەوەی کوردان لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەشبوون، قسەکەرانی زارە جیاوازەکان نەیانتوانیوە لەگەڵ یەکدا هاوکاریی بکەن و پێکەوە زمانەکە پەرەپێبدەن. کوردیی بە رێنووسی جۆراوجۆر دەنووسرێت( لاتینیی، عەرەبیی، هەروەها سیریلیك). نوێنەرایەتیی ئینستیتیوتیا کوردیی لە ئەستەمبوڵ لە یەنایەری 1999دا مەزەندەیکردووە کە 30٪ ی کوردانی تورکیا زمانی دایکیان لەبیرچۆتەوە. تەنانەت لەنێو ئەوانەی کەشدا زۆر کەم هەن کە بتوانن بە کوردیی بخوێنن و بنووسن.

سەرکوتکردنی زمان کاریگەریی لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆ هەیە. من بۆ خۆم گوێم لە گەلێك بیرەوەریی منداڵانەی هەژێنەر هەبووە سەبارەت بەوەی کە چۆن منداڵانی کورد پێویستیان بە کەسێك بووە وەرگێڕانیان بۆ بکات کاتێك لەگەڵ دایکیاندا قسەیان کردووە لەماوەی پشوویاندا لە خوێندنگا نێوخۆییەکان. گرفتە شەخسیی و خێزانییەکان ( بۆ نموونە، جیابوونەوە لەنێو ئەو کوردانەی کە لە ئەوروپا دەژین و هەروەها توندوتیژیی خێزانیی لەنێو ئەو کوردانەی لە کوردستان دەژین ) دەوترێت کە بەربڵاون، هەروەها یەك لە لێکدانەوەکان بۆ ئەمە دەتوانرێت بە-وێڕای گرفتە ئابووریی و گرفتەکانی دیکە- لەناوبردنی دابی زارەکیی بۆماوەی چەند نەوەیەك بێت هەر لە ساڵانی 1920کانەوە. ئەدەبی زارەکیی هەمیشە بۆ کوردان بایەخدار بووە، بەشێکی لەبەرئەوەی شێوەکانی دیکەی ئەدەب قەدەغەکرابوو.[3] لەسەر ئاستی کۆ، ئەوە شتێکی ئەستەم بوو بۆ کوردان کە بەرگریی

---

[1] Fishman 1994, 60 .

[2] Skutnabb-Kangas and Phillipson 1999 .

[3] Skutnabb- Kangas and Bucak 1994, 350 .

خۆیان یەکبخەن– کە لە راستییدا ئامانجێکی هەوڵەکانی رژێمی تورکان بووە بۆ کوشتنی زمانی کوردیی. لەلایەکی دیکەوە، زۆر لە کوردان هەستێکی فرە بەهێزیان سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی هەیە، هەرکاتێك ئەوان بە روونی بتوانن پێناسەی بکەن ئەوا خۆیان بەتەواویی تەرخاندەکەن بۆئەوەی لەپێناوی نەتەوەکەیان بجەنگن. من بڕوام وایە ئەگەر ئەوان بتوانن شوناسی نەتەوەییان بە رێگەیەکی ئاسایی پەرەپێبدەن ئەوا ئەوان کەمتر دەمارگیر دەبن.

## فێرکردن وەك میتۆدێکی تورکاندنی کوردان

تورکیا واژۆی لەسەر پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵان کردووەو دانپێداناوە، بەڵام لەسەر بەندی ژمارە 17، 29، هەروەها 30 خۆپارێزیی پێشانداوە. ئەم بەندانە دەڵێن کە منداڵانی سەر بە هەر کەمینەیەکی ئیتنیی، ئاینییو هەروەها زمانیی یاخود گەلە رەسەنە خۆماڵییەکان مافەکانی زمانیی، فێرکردنو هەروەها شوناسی کەلتوورییان هەیە.[1] هەرچەندە خوێندن لە تورکیا لەساڵی 1924ەوە بەپێی یاسا بەزۆرەملێ بووە، تاکو چەند دەیەیەکی کەم لەمەوبەر، کوردان "نەخوێندەوار" بوون. لەوسۆنگەیەوە کە ئەوان بەزمانی دایکیان فێرنەدەکران، "نەخوێندەوار" لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەیە بۆ کەسێك کە نەتوانێت بە تورکیی بخوێنێتەوەو بنووسێت، ئەوان زۆربەی جار نازانن بە تورکییش قسە بکەن، بەوەی کە تواندنەوە کاریگەرییەکی لەسەریان نەبووە. لەساڵی 1965دا، رێژەی نەخوێندەواریی لەنێو رەگەزی مێ لە ناوچە گوندنشینەکان لە 14 هەرێمی کوردییدا 93٪ بوو،[2]هەروەها رێژەکە لە هەرێمێك 99٪ بوو. رێژەکە لەنێو رەگەزی

---

[1] Kwrwxçw and Winrow 1997, 46 .

[2] ئەم 14 هەرێمە بریتین لە: ئەدیامان، ئاگری، بینگول، بتلیس، دیاربەکر، ئیلزاگ، ئەرزنجان، هەکاری، ماردین، موش، تونجلی، سیرت، ئورفە، هەروەها ڤان. هەرێمەکانی باتمانو شیرناخ لە ساڵی 1965دا نەبوون.

مێ لە ناوچی شارنشینەکان 72٪ بوو. لەوکاتەدا زیاتر لە نیوەی پیاوانی هەرێمەکانی کوردستان، 59٪ یان نەخوێندەوار بوون .[1] لەکۆتایی سالآنی 1970کان، ڕێژەی نەخوێندەواریی لە بەشە تورکییەکەی تورکیا 41٪ بوو، هەروەها لە بەشە کوردییەکە 72٪ بوو.[2] لەساڵی 1990، ڕێژەی ناوەندیی خوێندەواریی لە هەرێمی ماردین 48٪ بووە( ڕێژەی ناوەندیی لە تورکیا 78٪ بوو ). لەو کاتەدا تەنیا 70٪ی مندالأن چووبوونە خوێندنگاکان، لەوانەش تەنیا 18٪ چووبوونە فێرکردنی ناوەندیی و 9٪یان تەواویان دەکرد.[3] هەرێمی تونجلی لەو ژمارەیەی خوێندەواریی لە باشووری کوردستان بەدەرە، لەوێ ڕێژەی خوێندەواریی 98٪ بووە.[4]

زێدەبوونی خوێندەواریی لەدوای 1950کاندا، بۆ گۆڕانکاریی لە تاکتیکەکانی حکومەتی تورکیی دەگەڕێتەوە. تاکو سالآنی 1950کان، دەسەلأتداران لەو بڕوایەدابوون کە کاریگەرترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردان ئەوەیە بە نەخوێندەواریی بهێڵرێنەوە. بەلأم لەساڵی 1950دا، حکومەتی نوێ ستراتیجێکی نوێی گرتەبەر، ئەویش بەکارهێنانی ڕاهێنانی زمانی تورکیی بوو وەك ئامرازێکی تواندنەوە.[5] هەروەك کینرۆس لە ساڵی 1954دا نووسیویەتی: " ئەمێستا فێرکردن گەیشتۆتە هەکاریی خۆی، لەوکاتەوەی کە چیدی سیاسەتی تورکیی ئەوەنییە کە سەرکوتبکات بەلکو بەمەدەنییکردنی ئەو خێڵەکییە چیاییە سەرکەشانەیە. بەلأم ژمارەیەکی کەم لە مامۆستاکان بە کوردیی قسان دەکەن و کەمێکیش لە قوتابییەکان بەتورکیی قسان دەکەن، بەرەوپێشەوەچوونی هێواشە."[6] جەعفەر لەساڵی 1974 سەرنجی دەربڕیوە کە " ئەگەر هەندێك لە مامۆستایان بتوانن بەکوردییش قسان

---

[1] Jafar 1974, 151-152, 154 .

[2] Kendal 1980b, 49 .

[3] McDowall 1997, 435 .

[4] HRFT 1997, 98 .

[5] Jafar 1974, 153 .

[6] Kinross 1954, 126 .

بکەن ئەوە ڕێگەی ئەوەیان پێنادرێت."[1]تەنانەت ئەمڕۆش ڕەوشەکە هەروایە. لەهەر خوێندنگایەکی ناوچەی هەلومەرجی ئاوارتەدا، بنکەیەکی بچووکی پۆلیسی تێدایە. " لەپێناوی ئاسایشدا" پۆلیس لەوە دڵنیادەبن کە مامۆستاکان پابەندی خواستی حکومەتن لە خوێندنگادا. بۆ نموونە، پێویستە هەموو بەیانییەك خوێندکاران بەتەواویی سروودی نەتەوەیی تورکیی بچڕن. تەنانەت ئەگەر تێکڕای قوتابییەکانیش کورد بن، تەنیا بە کوردییش قسە بکەن، ئەوا ئەوان وەك زمانێکی بیانیی فێری تورکیی نابن بەڵکو وەك ئەوەی هەریەکێك کە دەتوانێت بە پاراویی قسەی پێ بکات. ئەمە هەروەها ئەو ڕەوشەیە لەکاتێکدا مامۆستاکەش کورد بێت.[2]مامۆستایەکی کورد لەبارەی فێرکردنی مندالانی کوردەوە وتی:

"من بەگوێرەی یاسا ناتوانم بەکوردیی لەگەڵ منداڵەکاندا قسە بکەم، هەروەها بەکارهێنانی وەرگێڕیش قەدەغەیە. ئەوەش مانای وایە کە فرە زەحمەتە مامەڵە لەگەڵ مندالانی کورددا بکەیت کە دەگونجێت کاتێك دێتە خوێندنگا تەنیا دوو وشەی تورکیی بزانێت، بەڵێو نەخێر.[3]

کۆمیتەی بەرەی نەتەوەیی، هەروەها لیژنەی سەربازیی کودەتاکەی کەنعان ئەڤرین بڕیاریدا لەسەرەتای 1960کاندا خوێندنگای ناوخۆیی بۆ منداڵانی کورد بەمەبەستی "تورکاندیان" دابمەزرێنرێت. ئەم خوێندنگایانە بەگوێرەی هەمان بنەماکانی خوێندنگا هاوشێوەکانیان لەسەدەی نۆزدەهەم ڕێکخرابوو کە بۆ منداڵانی ئەمەریکییە ڕەسەنەکان تەرخانکرابوون، ئەوەی کە کاریگەرترین میتۆد بوو بۆ کوشتنی زمانی ئەمەریکییە ڕەسەنەکان. بەگوێرەی سکوتناب-کەنگاس،

---

[1] Jafar 1974, 154 .

[2] تەنانەت هەندێکجار ئەو پۆلیسەش کە لە خوێندنگاکەدا جێگیرە، کوردە. لەبەرئەوە پۆلیسە کوردەکان ناچاردەکرێن کە ئەوە ببینن کە مامۆستا کوردەکان لەکاتی فێرکردنی منداڵانی کورددا تورکیی بەکاردەهێنن.

[3] *a teacher in Amed, interviewed in Lodenius 1998c)*

جیاکردنەوەی منداڵانی کەمینەیەك لە دایكو باوکیان شێوەیەکە لە ئازاردانو توندوتیژیی فیزیکیی. کردنەوەی خوێندنگا ناوخۆییەکان بۆ کەمینەکان هەوڵێکە بۆ قەڵاچۆکردنی زمان، کەلتوورو هەروەها پێشینەیانو "فێرکردن"ی ملکەچیی ئایندەییانە بۆ گرووپی باڵادەستی خۆسەپێن. سکوتناب–کەنگاس نووسیویەتی کە ئەمە ئەو پێودانگەی پەیمانەکەی یوئێنە بۆ جینۆساید، بەوەی کە خوێندنگا منداڵان لە گرووپێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوێزێتەوە.[1] لەساڵی 1998دا، 88خوێندنگای ناوخۆیی بەم چەشنە لە تورکیا هەبوون کە توانای تەواوی لەخۆگرتنی 49,614 خوێندکاریان هەبوو، هەروەها 38 خوێندنگای نوێی دیکە خەریك بوو بنیاتدەنران.[2] کیندال نووسیویەتی کە هەر لەسەرەتاوە ئەو بیرۆکەیە بۆ تواندنەوە بەتەواویی شکستیهێنا، بەوەی کە زۆربەی منداڵە کوردە خوێندەوارەکان بوون بە کوردی نەتەوەیی.[3] تەنانەت لەسایەی ئەم رەوشەشدا زۆرێك لە منداڵان ئەو دەرفەتەیان نەبوو روو لەو خوێندنگا بکەن. لاوازی ژێرخانی شارەکان پاش کۆچی بەلێشاوی کوردە گوندنشینە راگوێزراوەکان هەروەها مانای کەمی خوێندنگاکان بوو. زۆربەی خوێندنگاکان لە باشووری رۆژهەڵات دوو دەوامی تێدا دەکرا، کە زیاتر لە 100 خوێندکار لە پۆلێکدا بوون.[4] هەروەها کەمیی بەردەوامی مامۆستایانیش لەولاوە بوەستێت. مامۆستایەك کە لەلایەن لۆدینەسەوە لە ئامەد لە مارتی 1998دا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە وتویەتی کە زۆربەی خوێندنگاکان بەهۆکاری ئاسایشیی داخراون، هەروەها نزیکەی نیوەی منداڵان لە هەرێمی دیاربەکردا ناتوانن بچن بۆ خوێندنگا. لەساڵی 1998دا، لە ئامەد نزیك بە دوو هەزار منداڵی سەرشەقامەکان هەبوون.[5] بەگوێرەی مێدیکۆ ئینتەرناشناڵو

---

[1] Skutnabb-Kangas 2000c, 332 .

[2] US State Department 1999 .

[3] Entessar 1992, 80; Kendal 1980b, 75 .

[4] US State Department 1999 .

[5] Lodenius 1998c; UCTEA 1996, 10 .

KRHP ، زۆربەی جار ئەو هۆکارەی کە بەهۆیەوە منداڵانی پێ لە خوێندنگاوە بۆ ماڵەوە ڕەوانە دەکەنەوە، نەگونجاویی پۆشاکەکەیەتی.[1]

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی 1996، کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە ئامادەکراوە، 2,789 لە 6,244 خوێندنگای سەرەتایی لە باشووری ڕۆژهەڵات داخراون. لە ساڵی دواتردا، ژمارەی خوێندنگا سەرەتاییە داخراوەکان لە 22 هەرێم لە باشووری ڕۆژهەڵات بریتیبوو لە 3,223 خوێندنگا. لەساڵی 1998دا، ژمارەی خوێندنگا داخراوەکان لە یازدە هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵاتدا بریتیبووە لە 1,726 خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندیی و هەروەها دوو خوێندنگای باڵا.[2] ڕاندال ژمارەی خوێندنگا داخراوەکان لەساڵی 1994دا بە زیاتر لە چوار هەزار خوێندنگا دادەنێت، ڕوش-گابی، ڤێرمۆت-مانگۆڵد، بڕیاردەری کۆمەڵەی پارلەمانی لە ئەنجومەنی ئەوروپیی، لەساڵی 1998دا ڕایگەیاندووە کە 2,076 خوێندنگا داخراون و 117,000 خوێندکار ناتوانن لە خوێندنگا ئامادەبن. یەك لە هۆکارەکانی داخستنی خوێندنگاکان، کەمیی مامۆستا بوو. مامۆستایان ئامادەنەبوون کە خۆیان لە مەترسیی مامۆستایەتیی لە گوندە کوردییەکان بهاوێن، لەوێ کە چالاکوانانی پەکەکە بەچاوی سیخوڕو برەوپێدەری کەلتووری تورکیی سەیریان بکەن، کە هەوڵی وەرگرتنی زانیاریی لە منداڵانی کورد سەبارەت بە پشتگیریی گوندنشینان لە پەکەکە دەدەن. لەنێوان ساڵانی 1992 بۆ 1997، 122 مامۆستا کوژراون و 17 دانەش بریندارکراون. بەگوێرەی ڕوگمان، لە ساڵی 1994دا، نزیکەی چواریەکی ئەو مامۆستایانەی لە ناوچەکە دامەزرابوون ئامادەنەبوون بڕۆن بۆ ئەوێ. بەگوێرەی ڤێرمۆت-مانگۆڵد، لەساڵی 1997دا، 6,144 مامۆستا لەناوچەکە دامەزرێنرابوون، بەڵام 3,173 کەس لەوانە دەستیان لەکار هەڵگرت.[3]

---

[1] medico international and KHRP 1996, 21 .

[2] US State Department 1997, 1998, and 1999 .

[3] Randal 1999, 257; Rugman and Hutchings 1996, 65; Vermot-Mangold

بەگوێرەی دەستوورو هەروەها یاساکانی کار، کارپێکردنی منداڵانی خوار 15ساڵ قەدەغەکراوە، لەگەڵ دەرهێنانی ئەو حاڵەتەی کە منداڵانی 13 بۆ 14 ساڵ دەتوانن لەکاری سوکی کاتدیارییکراوەوە بگلێن ئەگەر بەشێك بێت لە بەرنامەی خوێندنگا یاخود راهێنانی پیشەیی. لەساڵی 1998دا، وەزارەتی کارو هەروەها ILO / رێکخراوی کاری نێونەتەوەیی، کۆڵینەوەیەکیان لەمەڕ کاری منداڵان لە تورکیا بەرهەمهێنا کە پێشانیدا نزیکەی نیوەی ( 44٪ ) منداڵانی کارکەر لەخوار 15 ساڵانەوەن. ئەوان کەمتر لە لانیکەمی کرێ وەردەگرن‌و هیچ مسۆگەرییەکی کاریشیان نییە.[1]

لە ناوەندی ئەستەمبوڵ کە دانیشتووانێکی مەزنی کوردی لێیە، سەدەها کارخانەی رستن‌و چنینی لێیە کە بەڕادەیەکی بەرفراوان منداڵانی کورد بەکاردەهێنن. ئەوان پۆشاکی هەرزان بۆ بازاڕە خۆماڵییەکان‌و هەروەها بۆ هەناردەکردن بەرهەمدەهێنن، زیاتر بۆ هەرزانبازاڕە کراوەکانی ئەوروپای رۆژهەلات. هەروەها منداڵان لە فرۆشگاو چێشتخانەکاندا کاردەکەن، هەروەها وەك دەستگێڕ لەسەر شەقامەکان ئاو، جگەرەو پارو ..هتد دەفرۆشن. لە ئەستەمبوڵ، ئەتوانرێت منداڵانی 5 بۆ 6 ساڵانە ببینرێت لەسەر شەقامەکان دەسڕو شیرینیی دەفرۆشن، تەنانەت هەندێك لەوانە کچن، وێڕای ئەوەی زۆربەیان کوڕن. کاتێك لە یەنایەری 1999دا، سەردانی ئەستەمبوڵ‌و ئەنکەرەم کرد، بینیم کە منداڵانی سەرشەقامەکان بەرگێکی فرە سووکەڵەیان لەبەردایە، تەنانەت کە پلەی گەرمیی نزیك بە سفرو بارانیش دەباری. زۆربەی ئەو منداڵانە چاکەتی پێویست‌و تەنانەت گۆرەویشیان لە پێدا نییە. من بۆخۆم هیچ منداڵێکم نەبینی دەستکێشی لەدەستدا بێت، تەنانەت ئەو کیژۆڵەیەش کە بۆخۆی لەسەر شەقامەکە دەستکێشی دەفرۆشت، دەستکێشی لەدەستدا نەبوو. لە مارتی 1997دا، لە ناوچە گوندنشینەکانی هەرێمی دیاربەکر، تاقمێك منداڵم بینی نزیکەی دە کوڕ دەبوون کە

1998, 10 .

[1] US State Department 1999 .

گوێنی قورسیان لە نێو خاشاکەکە بەکۆڵەوە بوو.

## کورداندن، کاردانەوەی ئیتنیی کوردیی

کوردان نزیکەی تاکو سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەستێکیان بۆ یەکێتی نەتەوەیی نەبووە. لەم ماوەیەدا ئایدیا نەتەوەییەکان لە ئەوروپا بەهێز بوو هەروەها ئەم جووڵانەوەیە رووی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی، کوردستان لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەشکرا- تورکیا، ئێران، عێراق‌و سوریا- کە هەموو ئەوانە بوونە دەوڵەتگەلێك خاوەنی حکومەتێکی بەهێزی ناوەندگەرا بوون کە مەزنترین گروپی ئیتنیی گرتبووەخۆ. کەمینە نەتەوەییەکانی وەك کورد لەنێو کەلتووریی سەرەکییدا نوقمکران، چونکە شوناسی ئیتنیی کەمینەکان وەك هەڕەشەیەك لە یەکێتیی‌و ئاسایشی دەوڵەت دەبینرا. ئەم دابەشبوونە تەگەرەی خستە بەردەم پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەیی لە کوردستان. هەستی نەتەوەیی کوردیی زیاتر لە هەرشتێکی دی وەك کاردانەوەیەك لەئاست هەژمونی سیاسیی‌و کەلتووریی تورك، فارس‌و عەرەبدا لەدایکبوو. هەر لە ساڵانی 1920کانەوە، کوردان بە ژمارەیەکی گەورە بۆ بەشەکانی دیکەی تورکیا، ئێران‌و عێراق کۆچیانکرد، کە دوو ئاکامی لێکەوتەوە. زۆربەی کوردان ریشەی خۆیان لەدەستداو لەناو کەلتووری زۆرینەدا توانەوە، بەڵام زۆریشیان بە ئاراستەی پەرەسەندێکی پێچەوانەدا تێپەڕین. ئەوانە لە شارە گەورەکاندا، پاش ئەوەی لەگەڵ کەمینەکانی دیکەو کوردانی شوێنە جیاوازەکانی ترەوە یەکانگیر بوون لەبارەی شوناسی ئیتنییانەوە هۆشیاربوونەوە. تووشبوونی هەڵاوردن بەهۆی کوردبوونەوە هاندەرێك بووە بۆ چەندەها کەس کە لە کەلتوورو مێژووی کوردان بکۆڵنەوە.[1]

"کوردان هەستێکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە چونکە بۆماوەیەکی درێژ بندەستە

---

[1] Van Bruinessen 1990, 25-26, 35-36; Sheikhmous 1999 .

بوون. ئەوە تەنیا هەستێکی بەرگریی هێناوەتەئارا. کوردان هەمیشە لەسەر خاکی خۆیان ژیاون. ئاسانە بۆیان کە داگیرکەران وەك بێگانە بناسێنن. بەڵام نازانم ئەمێستا چی روودەدات کە زۆر لە کوردان ناچارکراون زێدی خۆیان جێبهێڵن."[1]

کوردان بەهۆی کارەکتەری خێڵەکییبوونی کۆمەڵگاکەیانەوە نەیانتوانیوە دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان پێکبهێنن. سیاسەتی "پەرتکەو زاڵبە"ی داگیرکەران هەلومەرجێکی هێناوەتە ئارا کە کوردان هێندەی شەڕی یەکتریان کردووە ئەوەندە دژی دوژمنە هاوبەشەکەیان نەجەنگاون. بەڵام داگیرکەران نەیانتوانیوە کوردان بتوێننەوە. ئیگناتیف بڕوای وایە کە هۆکاری ئەمە سوننەتییبوونی کوردانە. کۆمەڵگای کوردیی لەبنەڕەتدا خێڵەکییەو لەو پێکهاتە کۆچەریی‌و نیمچە کۆچەرییانەی زۆربەی خێڵە کوردییەکانی ئەو وڵاتانەی پێشوو پێکهاتووە. هاوبەستەگیی خێڵەکیی کوردیی لەسەر پەیوەندیی خوێن‌و ناوچەگەرایی بنەمای گرتووە، بەڵام ژمارەیەکی سەرەکیی کوردان لە ناوچە نزمەکاندا خێڵەکیی نین‌و تەنانەت لە هەستی ناوچەییشیاندا. خێڵەکییبوونی کوردان سەرچاوەی دابەشبوونی سیاسیی‌و لاوازییانە، بەڵام سەرچاوەیەکی نائاگاهانەی هاوبەستەگیشیانە. گواستنەوە لە هەستێکی خێڵەکییەوە بۆ هەستێکی شارەکیی نەتەوەیی لەماوەی دوو نەوەدا روویداوە، هەربۆیە هێشتا هەستە نەتەوەییەکەیان بە پەیوەندییە خێڵایەتییەکانەوە شکڵی گرتووە. بەگوێرەی ئیگناتیف، کوردان "فرە دواکەوتوون‌و لەچوارچێوەی ئینتیما خێڵەکییەکاندا گۆشەگیرن"ئەوەش لە تواندنەوەو ئاوێتەبوون پاراستوونی.[2] چەمکی "من" بە ئەستەم لە سیستمی بەهای کەلتووریی خێڵەکییدا هەیە، "ئێمە" بەواتای خێڵ چەمکی باڵادەستە. تاکەکان بە تەواویی لە چوارچێوەی خێڵدا خۆیان بەرجەستە دەکەن. هەرتاکێك یەکەمجار ئەندامی خێڵەکەیەتی، پاشتر موسوڵمانێکە. هەستکردن بە ئەندامەتیی گروپێکی نەتەوەیی،

---

[1] a Kurdish man, Europe .

[2] Ignatieff 1994, 181; McDowall 1992, 17 .

وەك كوردێك، هەستێكی لاوازی پلە سێیە.[1] براینە قادری دەرمانسازی خێزانە كوردەكان دەڵێت كە تاك بایەخو گرنگییەكی ئەوتۆی وەك گروپ نییە:

" ئێمە لە جەنگدا سیاسەتو خزمایەتییو سۆز پێكەوە تێكەڵ دەكەین، كە دەشێت مەترسیدار بێت. وەك كوردێك تۆ سەر بە گروپەكەی، هەروەها گروپەكەش سەر بە تۆیە. لە هەستێكی بەم جۆرەدا، بۆشاییەكی هاوشێوە بۆ هەستی تایبەتو بەرپرسیارێتیی تاك بۆ ژیانی خودی یەكێك نییە."[2]

ماكدۆواڵ پرسیویەتی داخۆ خراپترین دوژمنی خولیا نەتەوەییەكانی كورد سروشتی پەرتەوازەیی كۆمەڵگای كوردییە زیاتر لەوەی خولیای نەتەوەیی زۆر لەوانە بێت كە عەقڵییەتێكی سوننەتییان هەیە. كوردان وەك زۆربەی گەلانی چیایی كەوتوونەتە نێوان بەرداشی بەهێزی شوناسی سوننەتیی لەمێژینەیانو هەروەها لاوازیی پەرەسەندنی سیاسییان.[3] ئەو ناوچە چیاییە سەختانەی كوردانی لە لەناوچوون پاراستووە، هەروەها تەگەرەی خستۆتە بەردەم شوناسێكی هاوبەشو بۆتە هۆی بەهێزبوونی شوناسگەلێكی خێڵەكیی خۆماڵییو ناوچەگەرا. هەروەك ئەو هاوشێوەیەی ناوچە چیاییەكانی سكۆتلاند.[4] لەنێو هندییەكانی مایا لە گواتیمالا هەمان رەوش هەیە، خێڵەكان هۆشیارییەكی دەستەجەمعی ئیتنییان نییە. بەهۆی دابەشیوونی زمانو هەروەها دابڕانی وڵاتە چیاییەكەیان، ئەوانە بەسەر چەندین شارۆكەی نیمچە سەربەخۆدا دابەشبوون، یان لانی زۆر، بەسەر گروپی زمانییدا.[5] بەرجەستەبوونی سیاسیی خێڵ بریتیە لە خێڵایەتیی نەك نەتەوایەتیی.[6]

---

[1] Kendal 1980a, 24; van Bruinessen 1992, 6-7 .

[2] Braina Kadir, interviewed in Weigl 1999 .

[3] McDowall 1992, 4-5 .

[4] Ciment 1996, 1-3; Sheikhmous 1999 .

[5] van den Berghe 1990, 259 .

[6] Pireh Babi 1999, 66 .

مکدۆواڵ نووسیویەتی کە کوردان تەنیا لە ساڵی 1918ەوە وەك کۆمەڵێکی ئیتنیی دەستیان بە بیرکردنەوەو کارکردن کردووە. بەدەر لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی لەسەدەی حەڤدەهەمدا، تاکو دوا چارەکی سەدەی نۆزدەیەم هیچ کوردێك بیری لە چەمکی تێکڕایی گەلی کورد نەکردۆتەوە. ئەو دەمە هەستگەلێك سەبارەت بە کۆمەڵێکی نەتەوەیی لای کوردان هاتەئارا کە لەهەمان کاتدا تورکان لەبری هاوڵاتیبوونی پێشووی عوسمانیی باوەشیان بە هەستی ئیتنیی شوناسی تورکییدا کردبوو. بەڵام کوردان خراپ دەستەپاچە مانەوە لەبەرئەوەی جووڵانەوەیەکی مەدەنییو ئەدەبیاتێکی دامەزراویان نەبوو. دواتر، پاش ئەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی هێزی پەیداکرد، خوێندەوارانی کورد تێگەیشتن کە ئەدەبی کوردیی بۆ پێکاتەی نەتەوەیی مەسەلەیەکی بنەڕەتییە.[1] پیرە بابی وادەبینێت کە دەرکەوتنی کوردە لاوەکان( لەبەرامبەر تورکە لاوەکاندا)و ئەو ڕێکخراوە کەلتوورییە کوردییانەی نێوان سالانی 1908و 1922 یەکەمین قۆناغی پێکهێنانی پرۆسەی نەتەوایەتیی کوردییە. کوردە لاوەکان بایەخدار بوون بەتایبەتیی لەبەرئەوەی ئاینو سیاسیەتی لەناو جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردییدا لەیەکتری جیاکردەوە.[2]

پێناسەکردنی کەلتووری کوردیی گرنگە، لەبەرئەوەی کە تورکیا ستراتیجی هەڵمژینی چەند بەشێکی هونەری کوردیی بۆ ناو دەرکەوتەی فەرمیی کەلتووری نەتەوایەتیی تورکیی بەکارهێناوە. بۆ نموونە، هونەری هەڵپەڕکێی میللی نەتەوەیی، هەڵپەڕکێی کوردیی گرتۆتەخۆ، هەرچەندە، ئەوانە وەك هەڵپەرکێی کوردیی نەناسێنراون، بەڵکو زیاتر وەك ئەوەی کە لە ناوچەیەکی تایبەت بە تورکیاوە هاتووە.[3]

کلینمان مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە خەمۆکیی شتێکە پەیوەستە بە

---

[1] McDowall 1997, 1-2, 4, 408; O'Shea 1994, 174 .

[2] Pireh Babi 1999, 91 .

[3] Besikçi 1987, 79; Laber 1988, 14 .

درککردنی خۆیی کەسێك‌و هەستکردنی بە بێدەسەڵاتییەکی رێژەیی.[1] ئەم بۆچوونە لۆجیکییە بەڵام لەگەڵ کاردانەوەکەی کوردان لەهەمبەر رەوشەکەیاندا نایەتەوە. گەلی کورد وێڕای ئەو هەموو دژواریی‌و نەهامەتییە، وا دەرناکەوێت کە تەسلیم بە خەمۆکیی بووبن، تەواو بە پێچەوانەوە، رادەیەکی زۆری بوێریی‌و بەرگریی بەکۆمەڵ لەنێویاندا هەیە- دەتوانرێت بەشێوەیەك بێت کە گەلی کورد‌و کاردانەوەکەیان لە گەلانی دیکە جیاواز بێت؟

" ئەگەر نەزانم من لەکوێوە هاتووم، من کێم، بە چ زمانێك قسەدەکەم، زۆر زەحمەتە بۆ من کە ئاگام لە شتەکانی دیکەی ژیانم بێت. پێش هەموو شتێك، من لەپێناو شوناسەکەمدا دەجەنگم، من کێم؟ هەر ئەوەندە بەس نییە کە بڵێم من لە کوردستانەوە هاتووم. هەروەها ئەوەندەش بەس نییە کە بڵێم من کوردم. وڵاتەکەم داگیرکراوە، پێویستە لەگەڵ خوشك‌وبراکانمدا بۆ ئازادیی وڵات بجەنگم. گەر هەرکەسێك بیەوێت شوناسی هەبێت پێویستە بجەنگێت، ئەوە بە کردار پێشانبدات. بەپێچەوانەوە ئەو کەسە لەڕووی سایکۆلۆجییەوە هەستێکی باشی نابێت‌و تووشی خەمۆکیی دێت."[2]

بۆ نموونە، لەنێو ئەو ئێرانییە پەنابەرانەی لە هۆڵەندا دەژین، خۆپارێزییەکی فرە‌و گومانێکی هاوبەش هەیە. نەبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی‌و کەلتووریی مانای نەبوونی شوناسێکی ئێرانیی بەهێزە.[3] هەلومەرجەکە لەنێو کورداندا جیاوازە. بەگوێرەی لارس گوینار ئێرکسۆن، راوێژکاری پێشووری وەزارەتی کۆچی سویدیی، کوردان یەك لە چالاکترین گروپەکانن لەنێو کۆچبەرانی ئەورووپای رۆژئاوادا. ئەو پرۆسەی بەهێزبوونی نەتەوایەتیی بە "کوردانەن" ناوبردووە. لە سوید هەر لەساڵانی 1960کانەوە کوردانێکی کارکەر نیشتەجێبوون، ئەوانە چ ئارەزوویەکیان لە سیاسەت نەبوو تا ئەوکاتەی کە پەنابەرە سیاسییە چالاکەکان خەریك بوون دەهاتنە ئەوێ، ئەوانەی کە شانازییان بە نەتەوایەتیی کوردییەوە

---

[1] Kleinman 1997b .

[2] *a Kurdish woman, Europe*.

[3] Ghorashi 1997, 285 .

دەکرد. ئەمێستا لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا چەندین رێکخراوی کوردیی هەڵسوڕو تۆڕی کۆمەڵایەتیی هەن.[1] هەروەها هەر لەساڵانی 1970کانەوە، هەمان پرۆسەی رابوون‌و بەئاگاهاتنەوە لە کوردستاندا بەڕێوەدەچێت. دەتوانرێت ئایدیاگەلی نەتەوەیی لەنێو کورداندا وەك ئاکامێکی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی سوننەتیی‌و لەناوچوونی تەگەرە خێڵەکییەکان کە دەرئەنجامی بە پیشەسازییبوون‌و ئابووری دراوی هاوچەرخە، ببینرێت. گروپە ئیتنییەکانی دیکەش کە پێشتر بە پرۆسەی مۆدێرنیزەبووندا رۆیشتوون، هەمان پەرەسەندنی ئیتنۆ–نەتەوایەتییان ئەزموونکردووە. شێخموس هەستدەکات کە بە زێدەبوونی ئەم رابوونە نەتەوەییەو نەبوونی ئیمکانییەتی چالاکی دیموکراتییانە، کوردان بەناچاری کەوتوونەتە رەوشی بەرگرییکردنەوە.[2] ئیچدیوگو، رۆمانۆ، هەروەها سیرکیسی نووسیویانە کاتێك ئیتنییەك بەسیاسیی دەکرێت ئەوا دەبێتە هێزێکی هاندەری بەهێز کە زۆربەی جار هەژموون بەسەر دەربڕینەکانی دیکەی شوناسدا دەبێت. کوردان لەباشووری رۆژهەڵاتی تورکیا نائاسایشییەکی فرەیان ئەزموونکردوە کە وایلێکردوون شوناسێکی ئیتنیی سیاسیی پەرەپێبدەن .[3] پرۆسەیەکی بەم چەشنە لای هیتنی بە"پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوایەتیی" ناودەبرێت، بەو واتایەی کە گروپ بەسیاسییدەکرێت‌و پرۆسەکە رەهەندگەلێکی نوێ وەردەگرێت. ئەمەش هوشیاریی ئیتنیی لەنێو گروپەکەدا زێدە دەکات.[4]

سمس شەش ستراتیژیی سەرەکیی ریزدەکات کە لەلایەن ئەو کۆمەڵە ئیتنییانەوە گیراوەتەبەر کە بەو دەوڵەتانەوە گرێدراون کە پاکسازیی رەگەزیی ئەنجامدەدەن، ئەوانیش بریتین لە:

---

[1] Eriksson 1992, 91 .

[2] Sheikhmous 1991, 13 .

[3] Içduygu et al. 1999, 992, 998.

[4] Hettne 1990, 12, 57-58 .

1– گۆشەگیریی: باوترین ستراتیجییە بۆ کۆمەڵە ئیتنییە بچووکەکان لە رابردوودا، کۆمەڵە ئیتنییەکە ئەوەی هەڵبژاردووە کە بەتەواویی خۆی لە کۆمەڵگا بەدوور بگرێت.

2– سازش: کۆمەڵە ئیتنییەکە ئامانجی خۆگونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێدا لەڕێگەی هاندانی ئەندامەکانی بە بەشدارییکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئەو کۆمەڵگایەو دەوڵەتەکەیدا. زۆربەی جار تاکە ئەندامەکانیش لەرێگەی کۆمەڵگا خانەخوێکەوە دەتوێنرێنەوە.

3– پێکەوەییبوون: چەند شێوەی بزۆزو چالاکترە لەمەڕ سازشکارییەوە.

4– ئۆتۆنۆمیزم: چەندین جۆرو پلەی ئۆتۆنۆمی هەیە. ئۆتۆنۆمی کەلتووریی واتای کۆنترۆڵی تەواو بەسەر فێرکردن، ماسمیدیا و هەروەها دادگاکاندا. ئۆتۆنۆمی سیاسیی تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، هەروەها ئابووریی، جگە لە سیاسەتی دەرەوە. ئۆتۆنۆمی پێویستی بە بونیاتی دەوڵەتی فیدراڵ هەیە.

5– جیاخوازیی: ئامانجەکەی خۆکشانەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەرەوەریی خۆییە.

6– یەکپارچەگەرایی: کۆمەڵەیەکی ئیتنیی کە ئەندامەکانی دابەش‌و پەرتەوازەبوون، کە بەدوای یەکخستنەوەو هەروەها گێڕانەوەی خاکە"لەدەستچوو"ەکەیدا وێڵە.[1]

کاتێك بیر لە مێژووو رەوشەکەی ئێستای کوردان لە تورکیا دەکەینەوە، دەتوانرێت هەموو ئەم پلەبەندییانە بەشێوەیەکی بچووك یان فراوان ببنرێت. لەماوەی سەردەمی عوسمانییی‌و دەیەی یەکەمی کۆمارەکە، زۆربەی کوردان لە دەوڵەتی تورکیی گۆشەگیربوون. هەر لەسالآنی 1950کانەوە دەوڵەت لەهەوڵی ئەوەدا بوو کوردان لەنێو کەلتووری تورکییدا بتوێنێتەوە، رەوشەکە یەکێك بووە لە شێوەکانی سازش‌و پێکەوەییبوون. کاتێك پەکەکە لە ساڵی 1978دا دامەزرا،

[1] Smith, A., 1981, 15-17 .

ئامانجەکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی بوو، بەڵام لە ساڵانی 1990کانەوە پەکەکە رایگەیاند کە چارەسەری فیدراڵی لاپەسەندە، هەربۆیە پەکەکە لە جیاخوازییەوە بۆ ئۆتۆنۆمیزم وەرچەرخا. کرۆکی شوناسی کوردیی بریتیە لە کوردستان، خاك‌و زێدی کوردیی، بەڵام لەبەرئەوەی خاکەکە دابەشکراوەو کوردان لەپارچەکانی دیکەی تورکیا، ئێران، هەروەها عێراقدا دەژین، وێرای ئەوروپا، جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی بەدوای یەکخستنەوەی هەموو ئەو کوردانەی تاراوگەدا وێڵە، ئەوەش بۆخۆی یەکپارچەگەراییە.

ئایدیاگەلی سازش‌و پێکەوەییبوون روونیدەکاتەوە کە بۆچی هەڵاواردن دژی کوردان لە تورکیا لەسەر دەربڕینی شوناسی ئیتنیی بنەمای گرتووە، نەك لەسەر بنەمای تەنیا راستیی ئەو شوناسەیە. کوردانێك کە خۆیان وەك تورك دەناسێنن رووبەڕووی چ هەڵاواردنێك نابنەوە کە لەسەر بنەمای میراتی ئیتنیی بێت.[1] یەك پرەنسیپی سازش ئەوەیە کە تاك ئەندامە تواوەکانی کەمینەیەك هاندەدرێن بۆ بەشداریی لە سیستمە سیاسییەکەدا. لە تورکیادا، لەنێو سیاسەتکارە رێبەرییەکاندا کوردرەگەز هەن. خوێنی تورگوت ئۆزالی سەرۆکی پێشوو کوردیی بوو، هەروەك ئێردال ئینۆنو، حیکمەت چەتین، سەرۆکی پارلەمان کوردە.[2] لەساڵی 1994دا، نزیکەی شەست پارلەمانتاری تورکیی لە بنەچەی کوردانن، جگە لە نوێنەرەکانی DEP ی قەدەغەکراو.[3]

---

[1] HRW/H 1994, 7; US Department of State 1999 .

[2] van Bruinessen 1994b, 154 .

[3] HRW/H 1994, 7 .

بێشکچی سەبارەت بەم رەوشە کۆمێنتیداوە:" بۆچی بەم شێوەیەیە کە کوردانێکی تواوە کاردانەوەی فرە بەهێزیان لە هەرکەسێکی دی زیاتر لەهەمبەر پێشێلکردنی مافەکانی تورکانێکی قوبرس‌و بولگاریا هەیە، کەچی کاتێك گوندەکانی کوردستان دەسوتێنرێن‌و چۆڵدەکرێن، کاتێك سەرچاوەکانی گوزەرانی کوردان وێراندەکرێن، کاتێك کوردێکی نیشتیمانپەروەر دەرفێندرێت‌و دەکوژرێت، فزەیان لێوەنایەت.(Besikçi, in: 'everybody)

سمس نووسیویەتی زۆرجار جەنگەکان هاوکاتە لەگەڵ چیرۆکگەلێکی سەرەکیی و ئەفسانەکانی ئازادیی کۆمەڵە ئیتنییەکان، کە پێشنیازدەکات کاری سەربازیی مەسەلەیەکی گەوهەرییە بۆ پەرەسەندنی هەستەکانی کۆمەڵەیەکی ئیتنیی.[1] هەروەها پیرەبابی تێبینییکردووە کە لە کوردستاندا ململانێی چەکداریی رۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی هەستی ئیتنییدا بینیوە. ئەوانەی کە جەنگاون و شەهیدبوون بوون بە قارەمان بۆ هەموو کوردان. نزیکەی تەواوی گۆرانیە فۆلکلۆرییەکان چیرۆکی جەنگ و قوربانیی بەکۆمەڵی کوردان لەخۆدەگرن.[2] گرنگترین ئاهەنگی ساڵانەی کوردان نەورۆزە(21ی مارت)، کە کوردان بەبۆنەی شکۆمەندیی کاوەی ئاسنگەرەوە ئاهەنگ دەگێڕن کە بەسەر زوحاکدا زاڵبووە، ئەو زوحاکەی پاشایەکی شەڕەنگێزبووە و کوردانی چەوساندۆتەوە. بڕوا وایە کە ئەمە لە حەلوان لە باشووری کوردستان روویداوە. لەسەر ئاستی مێژوویی ئەم رووداوە کراوەتە مێژوویەك بۆ سەرکەوتنی میدەکان بەسەر ئاشوورییەکاندا لەساڵی 612 پ. ز، کە کۆتایی دەوڵەتی ئاشووریی بوو. جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی زیرەکانە ئەو ئەفسانەیەی تایبەت بە نەورۆزیان بەکارهێناوە بۆ ئەفراندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو کورداندا. کاوە پاڵەوانێکە بۆتە سیمبولی ئازادییخوازیی و خواستی راپەڕین دژ بە سەرکوت و چەوساندنەوە. "ئاگر" ەکە مانایەکی سیمبولیکی فرە بەهێزی گرتۆتەخۆ، ئەوەی هەروەها لەلای ئەو چالاکوانە کوردە خۆکوژانە دیارە کە وەك سیمبولی نارەزایەتیی خۆیان دەکەنە قوربانیی.[3] مۆبیلیزەکردنی ئەفسانەی کۆن بۆ مەبەستی ئەوڕۆیی لەلایەن جووڵانەوە نەتەوەییەکانەوە بە بەربڵاوی بەکاردەهێنرێت، ئەوەی کە دەبینێت " رابردووی ئیتنیی نابێت ون بکرێت، چونکە هەر لەنێو ئەوەوەیە کە دەتوانرێت پەیوەستبوون بە شکۆمەندییەوە بێتەدی و وێڕای ئەوەی بۆخۆشی گەوهەری خودی

---

[1] Smith, A. 1976, 75 .

[2] Pireh Babi 1999, 26-27, 64-65 .

[3] Hirschler 1999, 17-20; Roshani .

شکۆمەندییە."[1]

ئەو ڕەگەزانە چین کە کوردان وەك نەتەوەیەك پێکەوە گرێدەدەن؟ پەرەسەندنە نەتەوەییەکانی لەمڕۆدا گەیشتووەتە چ قۆناغێك؟ دەگونجێت بتوانرێت وەڵامێك لە شۆڕڤەکاریی ئەزموونی سۆزەکیی توندوتیژیی سیاسیی لەگەڵ بابەتەکانی "هەستی بێوڵاتیی"و تەواو خەیاڵیی" ببینرێتەوە کە لەلایەن هالە قورەیشییەوە وەسفکراوە. ئەوەی کە کۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە ژنانی پەنابەری ئێرانیی ئەنجامداوە، ئەو ئەوەی بینیوەتەوە کە زۆربەی زۆری زانیارییەکانی لەڕێگەی ئەو پرسیارەوە لە چاوپێکەوتووەکان دەستکەوتووە کە ئەوان چۆن ئایندەی خۆیان دەبینن‌و چ شتێکیان لە وڵاتەکەیانەوە لەدەستچووە.[2] بۆ زۆر لە کوردان، نەتەوایەتیی‌و شوناسی کوردیی فرە گرنگە. ئەوان وەك پەنابەرانێك نین بیری وڵاتێکی لەدەستچوویان بکەن، ئەوان لەخەمی وڵاتێکدان کە هەرگیز وەك دەوڵەت بوونی نەبووە، ئەوەی کە تەنیا لە خەونی ئایندەیی ئەواندایە. یەك لەو شتانەی بەرجەستەی خەونە ئایندەییەکەیان دەکات بریتیە لە کەناڵە تەلەفیزۆنییە کوردییەکە کە لەڕێگەی سەتەلایتەوە ئاراستەی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت. لە بەرنامەکانیدا فەزایەکی فرە گەشبین‌و نمایشێکی زۆری کەلتووری پێشکەشدەکرێت. فاروق نەجدەتزادە، بەڕێوەبەری ستودیۆی Med-TV لە ستۆکهۆڵم، لەو بڕوایەدایە کە کوردان لەڕێگەی بەرنامەکانی تەلەفیزۆنەکەوە ئەو دەرفەتەیان دەبێت ئەو وێنەیە ببینن کە کوردستان لە ئایندەدا چۆن دەبێت.[3] وتەکانی فاروق بەکردار ئەوە دەردەبڕن کە فیشمان لەساڵی 1988دا بەتیۆر دەریبڕیوە، تەنانەت دە ساڵ پێش ئەوەی کە MED-TV یش دابمەزرێت:

" (جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی) ئەوپەڕی کار بۆ بەکارهێنانی دەزگاو تەکنیکەکانی جەماوەری کۆمەڵگا دەدات لەکاتێکدا هەوڵی پوچەڵکردنەوەی

---

[1] Fishman 1988, 275 .

[2] Ghorashi 1997, 295, 300 .

[3] Nozhatzadeh 1997 .

ڕەوشگەلی ئەو قەڵاچۆکردنە دەدات کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بەسەریدا سەپێنراوە...ئەو لەناوەندە شارنشینەکاندا گەشەدەکات، لەکاتێکدا لە کەلتووری نەتەوایەتییدا بەدوای ڕیشە لادێییەکەیدا دەگەڕێت و بگرە زۆربەی جار باوەش بە ئایدیۆلۆجییەکی دژە-شارەکیی دا دەکات،...هەروەها بانگەشە بۆ مۆدێرنە دەکات لەکاتێکدا لەپێگەیەکی ئیتنۆ-کەلتووریی ڕاستیینەی نێو کۆمەڵێك لەگەڵ دوراییەکی ڕابردووەوە شوێنی گرتووە."[1]

لەماوەی ئەم چەند دەیەیەی دواییدا، زۆر لە تەعبیراتەکانی کەلتووریی کوردیی لە تورکیا بەشێوەیەکی زێدە بەسیاسییکراوە، بۆیە ئەستەمە کە قسە لەبارەی "کەلتووریی"و "سیاسیی"وە بکرێت وەك ئەوەی کە دوو شتی لەیەکتری جیاوازبن. بۆ نموونە، زۆربەی بابەتە میللییەکانی مۆزیکی کوردیی بریتیە لە خەباتی کورد دژی چەوساندنەوە، هەروەها لەبەرکردنی پۆشاکی میللیی سوننەتیی بەرجەستەیەکی شوناسی کەلتووریی کوردییە، وێڕای دەرکەوتنێکی سیاسیی. بەهۆی سروشتی بەسیاسییکردنی کەلتووری کوردیی، یاساکانی دژەتیرۆریستی تورکیی، کە "پرۆپاگەندەی جیاخوازیی"ی قەدەغەکردووە، بۆ سەرکوتکردنی دەرخستن و بەرجەستەبوونی کەلتووری کوردیی بەکاردەهێنرێت.[2]

حکومەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا نەیانتوانیوە کوردان بتوێننەوە. شێخموس لەوبڕوایەدایە کە ئەوە بەهۆی زۆری ژمارەی کوردان، شوێنی جیۆگرافییان کە لەناوچەیەکدایە حوکمکردنی ئەستەمە، شوناسی زمانیی و کەلتوورییان، هەروەها هەستکردنیان بەوەی کە لەچوارچێوەی زۆرینەی دانیشتوواندا نامۆن، ئەو هەستەی کە لە هەڵاواردنی ئیتنییەوە سەرچاوەی گرتووە. هەستکردن بە شوناسی کوردیی و ڕابوونی نەتەوەیی ئەوکاتە بەهێز بوو، کوردانێك کە لە تاراوگە دەژین، پەیوەندییان پێکەوەکرد، هەروەها کاتێك ڕوودواوە کارەستبارە نەتەوەییەکان دەقەومان، وەك ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد(1946)،

---

[1] *Fishman 1988, 99* .

[2] medico international and KHRP 1997, 3-4 .

ئاشبەتاڵی جووڵانەوەی کوردیی لەعێراق(1975)، کۆمەڵکوژیی لە هەڵەبجە(1988)، کۆڕەوی پەنابەران لە باکووری عێراقەوە پاش جەنگی کەنداو(1991)، هەروەها دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئوجەلان سەرۆکی پەکەکە(1999).[1]

گۆڕانی سیاسیی، هەروەها مافی زیاتر بۆ کوردان لەهەر پارچەیەکی کوردستان، کاریگەریی لە تێکڕای پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبێت. ئیگناتیف لەساڵی 1994دا نووسیویەتی کە کوردانی تورکیا ئەمێستا ئەو کوردانەی بەرەکەی دیکەی سنوورن(لەباکووری عێراق) کە بەئاشکرا دەتوانن بڵێن کە ئەوان کوردن، ئازادانە بەزمانی خۆیان قسان دەکەن، هەروەها لەگەڵ بێگانان دەدوێن بێئەوەی پۆلیس گفتوگۆکەیان تۆماربکات، هەروەها منداڵەکانیان روو لە خوێندنگا کوردیی زمانەکان دەکەن.[2] حکومەتی تورکیی لەمە بەئاگایە، هەروەها ناڕەزایەتیی دەربڕیوەو بەردەوام هەڕەشەی لە ئێران‌و عێراق کردووە کە مەبەستیان بێت مافی زیاتر بە کوردان بدەن لە وڵاتەکانی خۆیاندا(ئێران:1979، عێراق:1963، 1966و 1984).[3] ئەمەریکا هەوڵیدا بکەوێتە نێوان پارتی‌و یەکێتییەوەو دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لەدەروەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن دابمەزرێنێت، تورکیا بە توندیی دژی ئەم پرۆسەیە وەستا، بەوەی کە دەبووە نموونەیەکی مەترسییدار بۆ کوردەکانی. تورکیا‌و ئێران‌و عێراق، وێڕای ناکۆکییان لەمەڕ مەسەلەکانی دیکە، هەر لە ساڵی 1992ەوە کەوتبوونە دانوسان بۆ رێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق.[4]

## 6. 2 بەکارهێنانی پرۆژەی گاپ بۆ تێکدانی شوناسی کوردیی

---

[1] Sheikhmous 1991, 13, 15 .

[2] Ignatieff 1994, 212 .

[3] Sheikhmous 1991, 22 .

[4] Küpeli 1997, 19 .

لەم بەشەدا هەندێك لەو سیمایانە شرۆڤە دەكەم كە چۆن پرۆژەی مەزنی ئەنەدۆڵ(گاپ) بۆ تواندنەوەی كوردان بەكاردەهێنرێت. ئینتیسار باس لەوەدەكات گوایە حكومەت هەر لە سالآنی 1980كانەوە هەوڵیداوە دانیشتووانی كورد لەرێگەی بەڕێوەبردنی هاوكارییەكی ئابووریی زیاتر بۆ باشووری رۆژهەلآتی توركیا بەمەبەستی مۆدێرنەكردنی ژێرخانی هەرێمەكەو هەروەها بەهۆی گرێدانی ئابوورییە خۆماڵییە كوردییەكەوە بە ئابووریی سەرەكیی توركییەوە، هێوربكاتەوە. پرۆژەی بەنداوی ئەتاتورك لەم پێناوەدا دەستپێكرا.[1]

بەگوێرەی كلێر، ململانێی توندی نزمەئاست بەگشتیی بەهۆی پێكدادانی نێوان پرۆسە شۆڕشگێرییەكانو دژەشۆڕشگێڕییەكانەوە دیارییدەكرێت. ئەو مەیلی تێوەگلانی هەیە لە ململانێی نێوان پێشنیازگەلێك لە گۆڕانی رادیكاڵو هەروەها پاراستنی ئەو هێمنییە بەربلآوەدا. لەبەر كارەكتەری كۆمەلآیەتیی–سیاسیی ململانێیەكە، ئۆپەراسیۆنەكانی توندی نزمەئاست هەر یەك لە میتۆدە سەربازیی و ناسەربازییەكانی بەگژداچوونەوە لەخۆدەگرێت.[2] بەگوێرەی سیگال‌و هاكڵ، لەململانێی توندی نزمەئاستدا، جەنگی راستیینە بریتییە لە جەنگی ئابووریی، هەروەها جەنگی كۆمەلآیەتیی. لەماوەی جەنگی ناوخۆیی سلڤادۆردا لەسەرەتای سالآنی 1980كاندا، حكومەتی ولآتەكە، بەهاوكاریی مادیی ئەمەریكا، چەندین بەرنامەی هێوركردنەوەی "دڵەكان‌و عەقڵەكان"ی هێنایەئارا. ئامانجی ئەم پرۆژانە بەتەواویی میلیتاریزەكردنی ژیانی مەدەنیی بوو لەو هەرێمانەی كرابوونە نموونە.[3]

كاتێك ساڵح یەڵدریم، وەزیری دەوڵەت، لە 27ی یەنایەری 1997دا، لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانییدا، لەبارەی دواكەوتوویی رۆژهەلآت‌و باشووری رۆژهەلآتی ئەنەدۆڵ قسەیكرد، بیرۆكەی هێوركردنەوەی دەربڕی:

---

[1] Entessar 1992, 98 .

[2] Klare 1987, 75 .

[3] Siegel and Hackel 1987, 119-120 .

"ئەمرۆکە، ئەو دوراییەی کە شەڕکردن دژی تیرۆریزم گرتوویەتیەوە فرە بایەخدارە. وێڕای ئەوەی ئاستی ئەو سەرکەوتنەی لە شەڕکردنی تیرۆرو تیرۆریزمدا هاتۆتەدی زۆر لەسەرو ئەو سەرکەوتنەوەیە کە لە شەڕکردنی ئەو ژینگەیەوە هاتۆتەدی کە خۆراکی تیرۆر دەدات. هەربۆیە، هەموو هەوڵەکانمان بەئامانجی زێدەکردنی ئەو سەرکەوتنەیە لەبواری رزگاربوون لەم ژینگەیە، ئەمە پێویستە ببێت چونکە هەموومان دەزانین کە تیرۆریزم دیاردەیەکە کە دەبێت نرخێکی زۆری لەپێناودا بدەین."[1]

جەعفەر ئاماژەی بەوە داوە کە ناوەندە نەتەوەییەکانی تورکیی وەك ئەستەمبوڵ، ئزمیر، هەروەها ئەنکەرە، دەستیانگرتووە بەسەر زێدەبایی ئابووریی هەرێمە کوردییەکاندا. ئاکامی پرۆسەی پیشەسازیی و بازرگانیی بریتیە لە پەرەسەندنی رێژەیی ناوەندە نەتەوەییەکان و دواکەوتوویی قووڵی هەرێمە کوردییەکان. پێشئەوەی بتوانرێت بەرنامەی پەرەسەندن لەهەر ناوچەیەکدا جێبەجێبکرێت، پێویستە شرۆڤەکارییەك لەمەڕ هۆکارەکانی دواکەوتنەکەیەوە بکرێت. لە رەوشە کوردییەکەدا، نەبوونی بەردەوامی ئۆتۆنۆمییەکی ئابووریی مانای ئەوەیە کە هەرێمەکە جگە لەپشتبەستن بە حکومەتی ناوەندی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ پەرەسەندن نییە. تا ئەو کاتەی بەرنامەکانی پەرەسەندن ئەم پەیوەندییە لە بەشدارییکردن لە دەسەڵات و سەرچاوەکاندا نەگۆڕن، ناتوانن هیچ پەرەسەندنێکی راستیینە بۆ ناوچەکە بهێنن. هەروەها گرفتەکان تەنیا لەرێگەی هەنگاوهەڵگرتنی ئابوورییەوە چارەسەر نابێت، بەڵکو هەروەها پێویستیی بە هەنگاوانی سیاسییشە.[2]

جیاوازییەکی ئابووریی بەرچاو لەنێوان بەشی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی تورکیادا هەیە. بەگوێرەی ماکدۆواڵ، ناوەندی داهاتی تاك لە باشووری رۆژهەڵات بەئەستەم دەکاتە 42٪ی ناوەندی نەتەوەیی و بەئەستەم دەگاتە چارەکێکی داهاتی ناوەندی

---

[1] State Minister Salih Yildirim, 27.1.1997, ref. Oralalp 1998, 8 .

[2] Jafar 1974, 233, 235, 250 .

تاك لە هەرێمە دەوڵەمەندەکەی تورکیا کە هەرێمی ئیجە/مەرمەرەیە.[1] حکومەتی تورکیی ئیدیعای ئەوەدەکات کە گرفتەکانی باشووری رۆژهەڵات تەنیا هۆکاریی ئابوورییان هەیە. سوپای تورکیا لە کۆتایی 1990کاندا، سەرکەوتنی سەربازیی خۆی بەسەر پەکەکەدا ڕاگەیاند پاش ئەوەی پەکەکە زۆربەی هێزەکانی خۆی لە خاکی تورکیا کێشایەوە، ئا لەم ساتەدا، دەسەڵاتدارانی تورك لەبارەی پێویستیی چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیی-ئابوورییەکانی ناوچەکەدا لەپێناوی چەسپاندنی سەرکەوتنە سەربازیەکەدا کەوتنە قسە.[2]

مەزنترین پرۆژەی پەرەسەندن لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا بریتیە لە پرۆژەی مەزنی ئەنادۆڵ / گوینایدۆگو ئەنەدۆڵو پرۆژەسی(گاپ)، پلانێکە بۆ بنیاتنانی 22 بەنداوی مەزن لەسەر ڕووباری فورات و دیجلە بۆ ئاودێریی و هایدرۆئەلەتریك. خەرجی بەشێکی پرۆژەی گاپ لەلایەن بانکی جیهانییەوە دابیندەکرێت و لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکییەوە وەك بەرنامەیەکی پەرەسەندن بۆ بەرژەوەندیی و چاکەی ناوچە دواکەوتووەکانی باتمان، دیاربەکر، ماردین، سیرت، سانلیئورفە، شیرناخ، هەروەها کلیسە.[3]

مکدۆواڵ نووسیویەتی کە لە پلانەکانی گاپدا، حکومەت یان لە تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی ئابووریی کێشەی کورد شکستیخواردووە یاخود دەیەوێت لەبنەڕەتدا چەندی دەتوانێت هەر سامانێکی باشووری ڕۆژهەڵات بە قازانجی باقی دیکەی وڵات دابدۆشێت. لە هەرێمی گاپدا، 8٪ی خێزانە جووتیارەکان خاوەنی 50٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکانن، 41٪ی خێزانەکان خاوەنی 10بۆ 50٪ی زەوییەکانن، هەروەها 38٪ی خێزانەکان بێزەوین. بێ ریفۆرمێکی بنەڕەتیی زەوی چاوەڕێ ناکرێت دانیشتووانی جووتیار سوودێك لە گاپ ببینن. چ پلانێك بۆ ریفۆرمی زەوی نییە کە پەیوەندیی بە گاپەوە بێت. قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکەی کە پێویستبوو

---

[1] McDowall 1997, 434 .

[2] Içduygu et al. 1999, 992, 994, 1000 .

[3] Oralalp 1997, 13; internet: http:www.mfa.gov.tr/GRUP/gap3.htm .

ناوچەی لافاو بەجێبهێڵن تەنیا دەدرایە خاوەن زەوییەکان نەك ئەو سێیەکبەرانەی کە ئەو زەوییانەیان لەدەستچووبوو کە دەیانکێڵا. هەروەها ئەوە زەحمەتە کە ئەو خەڵکە زۆرە نەخوێندەوارە بتوانن سوود لە کشتوکاڵی سەرمایەدارانە یاخود پیشەسازیی کشتوکاڵیی بکەن. کوردان نە سەرمایەو نە خوێنەوارییشیان هەیە.[1] لەساڵی 1989دا، ئیرهارد فرانز رەخنەی لە حکومەتی تورکیی گرتووە کە رەوشە خۆماڵییەکەی لەبەرچاونەگرتووە. گاپ ئامانجی قازانجی پرۆژە تایبەتەکانە بەڵام چ بایەخی بە وەبەرهێنان لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا نەداوە، ئاکامی ئەمەش ئەوەیە کە ئەو ئەلەتریکەی زادەی ئەم پرۆژەیەیە دەدرێتە رۆژئاوای تورکیا. بەگوێرەی فرانز، حکومەت کاری تەواوی نەکردووە تاکو دانیشتووانە خۆماڵییەکە لە میتۆدە نوێیەکانی کشتوکاڵیی کە پێویستە لەبەر ئاودێریی، ئاگاداربکاتەوە. لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، نزیکەی کۆمپانیایەکەی کشتوکاڵیی یان رێکخراوگەلێك بۆ فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان نییە، هەربۆیە زەحمەت بوو جووتیارە بچووك‌و خەڵکە بێزەوییەکان سوود لە گاپ وەرگرن. پرۆژەکە بونیاتی کۆمەڵایەتیی سوننەتیی گوندەکان وێراندەکات، کە لەسەر خێزان، خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان بنەمای گرتووە. ئەوەش بووەتەهۆی ریشەکێشکردنی دانیشتووانە گوندنشینەکان، کە دەتوانێت رێ بۆ ناجێگیریی کۆمەڵایەتیی خۆشبکات.[2]

گاپ فرە بایەخی سیاسیی نێونەتەوەیی‌و هەروەها سیماگەلێکی سەربازیی هەیە. بنیاتی بەنداوەکانی سەر رووباری دیجلەو فورات لە تورکیا بۆتەهۆی وێرانکردنی ئاودێریی‌و کشتوکاڵی دوو وڵاتی هاوسێی تورکیا کە سوریا‌و عێراقە. ئاو بۆتە ئەو سەرچاوە سروشتییەی کە ئەمڕۆکە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە شتێکی دەگمەن. ئەمێستا تورکیا ئاو بۆ باکووری قوبرس دەگوازێتەوە کە لەلایەن تورکیاوە

[1] Franz 1989, 190-191; McDowall 1997, 434-435 .

[2] Franz 1989, 190-192 .

داگیرکراوە، هەروەها ڕێکەوتننامەی لەگەڵ ئیسرائیلدا گرێداوە تاکو بۆری ئاو لەکوردستانەوە بۆ ناوچەی فەلەستین لە ئیسرائیل رابگوێزێت. بابەتی نووسراو سەبارەت بە سیماکانی سەربازیی گاپەوە هەیە، هەربۆیە من لێرەدا بایەخ بە بەکارهێنانی گاپ لە تواندنەوەو هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر پرسە تەندروستییەکان دەکەم.

ئاوی پیس و شکە پاشماوەکان بیٚ هیچ چارەسەرێك تێکەڵ بە رووبارەکان دەکرێن. ئامەد کە زیاتر لە یەك ملیۆن دانیشتووانی هەیە، بەدرێژایی 100کم کەوتۆتە سەر رووباری دیجلە. هەر لە بەنداوی ئیلسوەوە، گەنجینەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان توانای خۆپاککردنەوەی رووبارەکە کەمدەکاتەوە.[1] گرووپێك لە کۆڵەرانی تورکیی و ئەمەریکیی (ئاکسۆی ئێت ئەل) هۆشیارییاندا کە گەنجینەکە دەبێتە گۆڕان لە ئاووهەوای نزیك ئەو شوێنەو کەوتنەوەی نەخۆشیی لەنێو دانیشتووانەکەدا زێدەدەکات. کۆی ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی پیسیی ئاوەکەوەو لەرێگەی ئاودێرییەوە لەناوچەکەدا بڵاودەبنەوە لەزێدەبووندایە. پرۆژە بەراییەکانی بەنداوەکانی ناوچەی سینیگال، دەریاچەی ڤۆڵتاو هەروەها میسر، پێشانیدەدات کە تاوەکو هەنگاوی کاریگەر بەزوویی نەنرێت بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی دەتوانێت بەئاستەکان ی پەتا بگات.[2] کۆمپانیا سویدییەکان لە بنیاتنانی بەنداوی ئیلسوە بەشداربوون.[3] هەروەها دانی بەوەدا ناوە کە گەنجینەی ئلیسو ناوچەکەی پڕکردووە لە نەخۆشی مەلاریاو لیشمانیاسیس{نەخۆشییەکە بەهۆی ئاوی پیس و لەرێگەی پێوەدانی مێرووە دەگوازرێتەوە–سەردەشتیی}.[4] بۆ پێشبینیی گۆڕانی ئەو جۆرە نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە ئاووهەواو هەروەها گۆڕانە ژینگەییەکانەوە هەیە، زانیاریی لەبارەی ئەو نەخۆشییانەی لەناوچەکەدا هەن مەسەلەیەکی بنەڕەتییە.

---

[1] Berne Declaration 1999 .

[2] Aksoy et al. 1997; Stork 1989, 9 .

[3] Sulzer Hydro and ABB .

[4] Berne Declaration 1999 .

هەروەها پێویستە هەنگاوی گونجاو لەبارەی فەرهەنگێکی تەندروستیی‌و خۆپارێزیی لە نەخۆشییەکان هەبن. هەروەك لە بەشی هەشتەمدا دەیبینین، سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی لە ناوچەی بندەسەڵاتی ئاوارتەدا لەماوە ساڵانی 1990کان نزیکەی وێرانبوو، هەروەها هەرێمی گاپیش لەم پرۆسەیە بەدە نەبوو.

قسەکەری کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی لەساڵی 1995دا، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی دژە-مەلاریادا وتی ئەو وەرچەرخانەی لە کشتوکاڵی ئاودێرییدا بەهۆی گاپەوە هاتۆتەئارا بۆتەهۆی زێدەبوونی مەلاریا. مەلاریا لە ناوچەکانی بتلیس، ئیرگانی، سیلڤان، چینار بەربڵاوترین نەخۆشییە. لەساڵی 1995دا، رووماڵی رەوشەکە ئەستەم بوو، کارمەندانی تەندروستیی بەهۆی هۆکاری ئاسایشییەوە رێگەی سەردانی ناوچەکەیان پێ نەدەدرا.[1] لەبەهاری 199دا، هاوڕیانی رێکخراوەکانی ژینگەی زەوی‌و بەیاننامەی بیرن رایگەیاند کە هەڵسەنگاندنی فەرمیی کاریگەریی ژینگەیی EIA سەبارەت بە پرۆژەی بەنداوی ئیلسو تەنیا بۆ ئاژانسەکانی متمانەدارو بانکەکان کراوەو رێکخراوەکانی ئێن جی ئۆ و نوێنەرایەتیی خەڵکە زیانپێکەوتووەکە هیچ کۆپییەکیان وەرنەگرتووە.[2]

## تێکدانی مێژووی کورد

لەماوەی ئامادەکردنی کاری گەڵاڵەکەی بەیاننامەکەی یوئێن دژی جینۆساید

---

[1] Turkish Medical Association 1995, 21 .

[2] Berne Declaration 1999; Friends of the Earth 1999 .

لەساڵی 1948دا، لیژنە بەراییەکە لەوبارەیەوە کەوتە مشتومڕ داخۆ جینۆسایدی زمانیی و کەلتوورییش بگرێتەخۆ، ئەوەی وەك "تێکدان"ی یاخود رێگرتن لە بەکارهێنانی: کتێبخانە، مۆزەخانە، خوێندنگا، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، پەرستگاکان، یاخود دەزگاو بابەتە کەلتوورییەکانی دیکەی گروپەکە"ناسێنرا.[1] هەرچەندە، ئەم پێناسەیە وەك بەشێك لە دوا دەقی بەیاننامەکە پەسەند نەکرا، بەڵام بە باشیی وەسفی بەهای مێژووو هەروەها مۆنۆمێنتە مێژووییەکانی بۆ شوناسی ئیتنیی کردووە.

لە تۆمارە مێژووییە کۆنەکاندا، دۆڵی نێوان هەردوو رووباری فورات و دیجلە بە میسۆپۆتامیا ناسراوە، بەڵام مێژووی مرۆڤایەتیی لەم ناوچەیەدا بۆ ماوەیەکی زۆر دوورتر لەوە دەگەڕێتەوە. ئادەمیزاد لە راوکردن و کۆکردنەوەی بەروبومی سروشتییەوە بەرەو ماڵیکردنی ئاژەڵ و دانەوێڵە بنەڕەتییەکان بۆ کەناری ئەم رووبارانە گواستییەوە،کە بە کۆنترین ناوچەی کشتوکاڵیی دەدرێتە قەڵەم.[2] کوردان لەوباوەڕەدان کە نەوەی میدەکانن، کە لەم ناوچەیەی ئێستا بە کوردستان ناودەبرێت چوارهەزار ساڵ بەرلەئێستا ژیاون. گەلی تورك نەوەی عوسمانییەکانن کە نۆسەدساڵ بەرلەئێستا لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتوونەتە ئەنەدۆڵ. بەوەش مێژووی کوردان لەم ناوچەیەدا فرە لەوەکەی تورکان کۆنترە. دۆڵی فورات و دجلە بە پێگەی شوێنەوارەکان زۆر دەوڵەمەندە، کۆڵینەوەی زیاتر بەشێوەیەکی مەزن میراتی کەمینە ئیتنییەکان لە تورکیادا روونده‌کاتەوە.

یەك لە میتۆدەکانی تواندنەوە بریتیبووە لە لەناوبردنی مێژووی نەتەوەکان جگە لە تورك، گاپ بە گەنجینەی بەنداوە گەورەکانییەوە ئامرازێکی سوودبەخشی بۆ ئەم ستراتیژییە دابینکرد، بەنداوەکان شوێنە بەنرخەکانی شوێنەواریان خستەژێرئاوو وێرانیانکردن، هەربۆیە نەدەتوانرا ئەوانە تاکو تەنانەت سەدساڵی دیکەش کۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت، کە ماوەی چاوەڕوانکراوی بەنداوە هایدرۆئەلکتریکە

---

[1] quoted from Capotorti 1991, 37 .

[2] Izady 1996, 3 .

مۆدێرنەکەیە. حەسەنکێف کە دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە 40 کم لەرۆژهەڵاتی ئیلیە (باتمان)ە، تەنیا نموونەیەکی ئەم لەناوبردنەی مێژووی کوردانە. پلانەکان داوای ئەوە دەکات کە شارەکەش لەلایەن گەنجینەکەی ئیلیسو وە نقوم بکرێت کە 299,5 کم دووجا دادەپۆشێت.[1] ناوی بنەڕەتی حەسەنکێف بریتیە لە حیصن کەیفا، کە لەزمانی ئاشوورییەوە هاتووەو ماناکەی " قەڵای بەردین"ە. لە شارەکەدا کە دەکەوێتە هەردوو بەری رووبارەکەوە، لە قەدپاڵی بەرزایەکاندا سەدەها ئەشکەوتی تێدایە کە هێشتا خەڵکی تێدا دەژی، حەسەنکێف دەکەوتە سەر سنووری رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریی رۆمانیی لەساڵی 60 پ.ز. هەروەها بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریی بیزەنتیی و تاکو سەدەی دوازدەیەمی زاینیی، پایتەختی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەیوبییەکان بووە کە لەلایەن سەلاحەدینەوە دامەزراوە، ئەوەی بەوە ناسراوە کە لە سێیەمین هەڵمەتی خاچهەڵگرەکاندا دژی پاشای ئینگلتەرا ریچاردی یەکەم جەنگاوە. ئەم شارە لە ساڵی 1260دا لەلایەن مەغۆلەکانەوەو لە ساڵی 1516 لەلایەن عوسمانییەکانەوە داگیرکراوە.[2]

من لەمارتی 1997دا سەردانی حەسەنکێفم کرد. شوێنەواری ئەو پردە بەرینەی کە لەلایەن رومانەکانەوە دروستکراوە هێشتا بەسەر رووباری دیجلەوە دەبینرێت. تاکو ساڵانی 1980کان، ژمارەیەکی زۆر گەشتکەران سەردانی حەسەنکێفیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە زۆر ئەستەمە لەبەر زۆری خاڵە پشکنینە سەربازییەکان سەردانی ئەوێ بکرێت. لانیکەم لەوکاتەدا هێشتا هیچ جەردەوانێك لە حەسەنکێف نەبوو، خەڵکەکەش ئازادانە لەگەڵ بیانییەکاندا قسەیاندەکرد. ئەوان داوای یارمەتییانکرد "بۆئەوەی شارە فرە فرە کۆنەکایان بپارێزن و نایانەوێت بەجێیبهێڵن چونکە گۆڕی باووباپیرانیان لەوێدایە". لەڕاستییدا موڵکدارە

[1] details of the plan: Internet: http: // **www.mfa.gov.tr /** GRUPC / ilisu.htm.

[2] The Encyclopaedia of Islam, Vol. III, 1971, 507; The New Encyclopaedia Britannica, Vol. 7, 1988, 40.

دەوڵەمەندەکان‌و خەڵکە خوێندەوارەکەی حەسەنکێف بەرەو شارەکانی رۆژئاوای تورکیا رۆیشتن، هەروەها ئەوانەی کە جیانهێشت بەشێوەیەکی سەرەکیی جووتیار بوون، زۆربەی ئەوانە بەو دواییە لەو گوندانەوە هاتبوون کە لەلایەن سوپای تورکییەوە وێرانکرابوون. پاش ئەوەی پلانەکانی بەنداو دروستکردنەکە ئاشکرابوو، زۆربەی دانیشتووانەکەی حەسەنکێف متمانەیان بە ئایندە نەما، هەربۆیە هیچ کەسێك لەماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا، شتێکیان بنیات‌و نۆژەن نەدەکردەوە.

باشووری رۆژهەلات وەك بەشێك لە تورکیا کەمترین کاری شوێنەوارناسیی تێدا کراوە. لەماوەی کاری بنیاتنانی ئەو سێ بەنداوەی کە تەواوکرا: کەرەکایا، کیبان‌و ئەتاتورك، ئەوکاتە رێگە بە شوێنەوارناسان درا بۆ رووماڵکردن بچنە ئەوێ کە 38 گوند لە کۆی 643 دانە بەهۆی گەنجینەی ئاوی ئەم بەنداوانەوە نقوم ببوون. مێژوونووسی کورد میهرداد.ر ئیزادی ئەم رووماڵکردنە دوا ساتییەی بە ئۆپەراسیۆنی "بگەڕێ‌و رزگارکە" ناوبردووە کە کۆڵینەوەکە زیاتر خۆی لە کۆکردنەوەی رووکاریی بینیوەتەوە تاکو هەڵکۆڵین، بێئەوەی تیشکێك بخرێتە سەر ئەوە پرسەی کە چۆن باپیرانی کورد ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە لەمێژینەیان لەسەر ئەم هەسارەیەدا دامەزراندووە. هەر هەڵکۆڵینێك لەم ناوچەیەدا ئەنجامدراوە دەریخستووە کە پێویستیی بە دۆزینەوە شوێنەکانی دیکەیە. ئیزادی حەسەنکێف بە "مۆزەخانەیەکی زیندوو" ناودەبات.[1] ئەوەی میراتێکی کەلتوورییەو موڵکی تەواوی جیهانە. لە یەنایەری 1999دا، پێیانوتم کە خەڵکانێك لە حەسەنکێف بەئامێری کانزادۆزەوە بەدوای پاشماوەکانی پێش مێژوودا دەگەڕێن‌و بەو کەسانەی دەفرۆشن کە خولیای کۆکردنەوەی کەرەسە شوێنەوارناییەکانیان هەیە. وەك باوە ئەم کارە لە تورکیادا بەتوندیی قەدەغەیە، بەڵام دەسەڵاتداران لە حەسەنکێف گوێ بەمە نادەن"لەبەرئەوەی شوێنەکە بەهەرحاڵ وێراندەکرێت."

لەناوبردنی مێژووی کورد لە حەسەنکێف بە چەندین میتۆد بەڕێوەدەچێت، پلانی

[1] TACDAM; Izady 1996, 4 .

گەنجینەی ئیلیسو تەنیا یەکێك لەوانەیە. یەك لە میتۆدەکانی دیکە بریتیە لە ڕێگرتن لە سەردانی پسپۆڕانو گەشتیاران بۆ ئەم شوێنە. لەنزیك حەسەنکێف، هەمان میتۆد دژی ئاسوورییەکان بەکاردەهێنرێت کە پەرستگاو کڵێساکانیان لە میدیاد بەشێکە لە کۆنترین پەرستگاکانی جیهانی کریستیانیی. بۆ نموونە، کڵێسای میدیاد کە لە سەدەی شەشەمی زاییندا بنیاتنراوە تاکو ساڵانی 1980کانیش زیارەتگای حاجییانی کریستیانیی بوو.[1]

## 6. 3 .کۆڵینەوەو سەرژمێرییەکان : نکۆڵییکردن لە بوونی کوردان

### 6 . 3 . 1 کۆڵینەوە

### کۆڵینەوە لەبارەی کوردانەوە

---

[1] Brimo 1997 .

دژی ئەم پێشینەیە ئەوەی جێگەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە کە هێڵی ئاسمانیی تورکیی ریکلامێکی گەشتیاریی لە گۆڤاری Skylife بۆ حەسەنکێف هەیە. ئایشە ئونەڵ لەبارەی حەسەنکێفەوە نووسیویەتی:

" ئەم شارە کاری تاکە کەلتوورێکی ئاینیی نییە، بەڵکو پوختەی تێکڕای کەلتوورگەلێکی لەمێژینەیە کە هەریەکەیان بەهۆی تاکە سیمبولێکەوە بەشدارییان هەیە، جا ئەوە خوانەناسیی، بودایی، فرەخوایی، تاکەخوایی، داگیرکار، یان بەرگرییکار بێت. هەرئەمەیە وادەکات کە پسپۆڕان جەخت لەوە بکەنەوە کە پێویستە حەسەنکێف لە نغرۆبوون رزگاربکرێت... هێشتا دەتوانین دەست لەسەر دەست دانیشینو هیچ شتێك نەکەین تا حەسەنکێف لەگەڵ رازەکانیدا بپارێزین؟ لانیکەم پێویستە بچینو ببینین تاوەکو بەشداریی ئەو ئەفسوناوییەی بکەین، ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت. جارێکی دی دان بەو جوانییەدا دەنێین کە هەر ڕوویەکی رەنگدانەوەی میراتی رووخسارێکی رابردووە.(Önal 1998)

لێرەدا وەسف و شرۆڤەی کۆڵینەوە لەبارەی کوردانەوە دەکەم، بەتایبەت کوردانی تورکیا. تەنیا بڕێکی کەم کۆڵینەوە لەبارەی کوردانەوە کراون، نەتەوەیەك کە نزیکەی 30 ملیۆن کەسە. مکدۆواڵ نووسیویەتی لەوانەیە زیاتر بابەتی نووسراو لەبارەی کویێتەوە هەبێت، کە وڵاتێکە تەنیا نیو ملیۆن کەس دەگرێتەخۆ.[1] نزیکەی کۆڵینەوەیەك لەمەڕ بایەخپێدانی تەندروستیی لە کوردستاندا نییە. هەروەها کاریگەریی جەنگی ناوخۆش لەسەر کۆمەڵگای کوردیی هێشتا لێی نەکۆڵراوەتەوە.

لە16ی مارتی 1988 دا، هێزە ئاسمانییەکانی سەدام حوسێن شاری هەڵەبجەیان لە بەشە کوردستانەکەی عێراق بە گازی خەردەل، ئەعساب و هەروەها سیانید بۆردومانکرد. دەستبەجێ پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیل گیانیان لەدەستداو زیاتر لە دەهەزار کەسیش بریندار بوون.[2] زیاتر لە دە ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوەو هێشتا ئەوانەی کە لە هەڵەبجەدا رزگاریان بووە هیچ هاوکارییەکی نێونەتەوەییان پێنەگەیشتووە. هەروەها کۆڵینەوەی کەم لەبارەی کاریگەریی چەکە بایەلۆجییەکان لەسەر خەڵك لەڕووی پزیشکیی و سایکۆلۆجییەوە کراوە. لەڕاستییدا ئەمە سەرنجڕاکێشە، چونکە کۆڵەران لەبارەی ئەم پرسانەوە زۆریان نەدەزانی و هەروەها دەتوانرێت هەڵەبجە وەك تاقیگەیەکی مرۆڤیی ببینرێت کە تێیدا چەکی بایەلۆجیی دەتوانێت چی بە خەڵك بکات.

کۆڵینەوەیەکی فرە لەبارەی گەلی کوردەوە نەکراوە، لەو بابەتە نووسراوانەی کە مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەکەن، بەگشتیی کوردان پەراوێزخراون. زانکۆکانی ئەوروپا و باکووری ئەمەریکا، بەرنامەی کۆڵینەوەی عەرەبیی، فارسیی و تورکیی زۆریان هەیە، بەڵام بەرنامەی کۆڵینەوەی کوردیی نزیکەی بوونێکی نییە. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر بۆ حاڵەتی کورد وەك نەتەوەیەکی بێدەوڵەت دەگەڕێتەوە. حکومەتەکانی تورکیا و ئێران سەرکوتکردنی کوردیان گەیاندووەتە ناوەندە ئەکادیمییەکانی رۆژئاوا. ئەوان زۆربەی جار بەشداریی

---

[1] McDowall (1997, XI).

[2] Ignatieff 1994, 197 .

دارایی له بەرنامه کۆڵینەوەییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەکەن، کتێبو گۆڤارەکەکان دەدەنه کتێبخانەکانو بانگی ئەکادیمیستەکان دەکەن سەردانی ئەو ولاتانه بکات. یەك لەو ڕێگانەی که سەرکوتی کۆڵینەوە کوردییەکانی پێدەکرێت بریتیه له سیاسەتی نکۆڵییکردن له کۆڵینەوەکانی تایبەت به کوردو ڕێگرتن له دانی بەو کۆڵەرانەی بایەخ به کوردان دەدەن. باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەر لەساڵی 1925 بۆ 1965 ناوچەیەکی سەربازیی بووە، هەربۆیه کۆڵەران نەیانتوانیوه بچنه ئەویّ بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانیی. ئەو کۆڵینەوانەی لەبارەی کوردانه کراون بەشێوەیەکی سەرەکیی له بوارەکانی زمانەوانیی، سیاسیی، مێژوویی و کۆمەڵایەتیی چڕدەبنەوە.[1] ئەو ڕاستییەی که کوردان لەڕووی جیۆگرافیی، سیاسیی و ئابوورییەوە پەراوێزخراون مانای ئەوەیه که تەنانەت لەڕووی لێکۆڵینەوەشەوە پەراوێزخراون.

نادر ئینتیسار له ساڵی 1992دا نووسیویەتی که زۆربەی ئەو کتێبه نوێیانەی لەبارەی کوردەوە نووسراون یان ئەوەیه گێڕانەوەن، یان ئەوەتا بۆ ئەو نووسراون که پشتگیریی پێگەی ئایدیۆلۆجیی گروپێکی تایبەت یان جووڵانەوەیەکی سیاسیی بکەن. لەو ژمارە کتێبه کەمەی لەلایەن کۆڵەرانەوە نووسراون، زۆربەیان له داتا بەدەرن یاخود سەرنجێکی تەسکیان گرتۆتەبەر. لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕەوشەکه تەنیا کەمێك گۆڕاوە.[2]لەگەڵ بەرجەستەبوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی له ساڵانی 1990کاندا، کتێبێکی زۆر لەبارەی پرسی کوردەوە له تورکیا و له ئەوروپا لەلایەن گروپه کوردییەکانو ڕێکخراوەکانی ئێن جی ئۆوە بڵاوکراونەتەوە. بەڵام ڕەخنەکەی ئینتیساریان بەباشیی تێدا بەرجەسته دەبێت. جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد له ئەوروپا، بۆ نموونه، خانەی چاپی "میسۆپۆتامیا یاینلەری"له ئەڵمانیا، چەندین کتێبیان به تورکیی لەبارەی کوردەوە بەرهەمهێناوە. بەڵام زۆر لەم کتێبانه ڕەوشەکه وەسفدەکەن بێئەوەی هیچ پێشینەیەکی تیۆریی

---

[1] Chaliand 1980, 13; McDowall 1997, 210; Mojab 1997, 70 .

[2] Entessar 1992, vii .

پێشکەشبکەن. نموونەیەکی باشی ئەم جۆرە نووسینانە لەلایەن کتێبەکەی سەلاحەدین چەلەیك دابینکراوە، کە لەنێو بابەتەکانی دیکەدا، لەبارەی هێزەکانی پۆلیسی تورکیی و کوشتنی رۆژنامەنووسەکان لە تورکیا نووسراوە. ئەو لەم کتێبەدا زانیارییەکی زۆری پێشکەشکردووە، بەڵام بێ هیچ پێشینەیەکی زانیاریی یاخود تیۆریی کە پەیوەندییان بە پرسە گەورەکانەوە هەبێت. کتێبی لەم چەشنە بەڵگەی بەنرخ لەبارەی رەوشە هەنوکەییەکە پێشکەشدەکات، بەڵام پێویستی بە بایەخێکی مەزنی پرۆسەیی هەیە تاکو ئەو مەرجە بێنێتەدی کە ببێتە بابەتێکی ئەکادیمیی. لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا، مەزنترین پەرەسەندن لە کوردۆلۆجییدا لە بواری زمانەوانییدا روویدا، چەندین زمانەوان لەبارەی پەرەسەندنی رێزمانی کوردیی و پێکهێنانی زمانێکی هاوبەش لە دیالێکتە جۆربەجۆرەکان. ئەمە بە تایبەت لە کرمانجییدا روویدا، بۆ سۆرانیش نزیکەی هەمان کار لە هەندێك لە زانکۆکانی عێراقدا کراوە، هەروەها بۆ زازاش هێشتا کار لە سەرەتایدایە. بەڵام زۆرینەی ئەوانەی کۆڵینەوەیان لەبارەی زمانی کوردییەوە کردووە بەڵام لەبەرامبەر کوشتنی بەئەنقەستی زمانی کوردییەوە لەلایەن تورك، ئێرانیی و سورییەکانەوە بێدەنگ ماونەتەوە.[1]

سیاسەتی زمانکوژیی تەنیا نکوڵیی لە مافە زمانییەکانی کورد ناکات، بەڵکو ئازادییە ئەکادیمییەکانی ئەو زمانەوانانەش پێشێلدەکات کە لەزمانی کوردیی دەکۆڵنەوە. حەسەنپور چەند نموونەیەکی لەمبارەیەوە پێشکەشکردووە. لە کۆتایی 1950کاندا، مەکەنزی نامەی دکتۆراکەی لەبارەی زمانی کوردییەوە دەنووسی. لەبەرئەوەی رێگەی ئەوەی پێنەدەدرا کۆڵینەوەکەی لە تورکیا ئەنجامبدات، ئەو کەرەسەکانی خۆی لە باکووری عێراق کۆکردەوە، تەنانەت بۆ ئەو مەحاڵ بوو کە سەردانی رۆژهەڵاتی تورکیاش بکات تاکو کەرەسە لەبارەی زمانی کوردیی لەو ناوچەیە بەدەستبێنێت. لەساڵی 1959دا، سوپای تورکیی، USAIDK، هەروەها

---

[1] Hassanpour 2000 .

زانكۆی جۆرجتاون دەستیانكرد بە بەرنامەیەكی بەرفراوان لەبارەی راهێنانی فێركردنی پێگەیشتووان لەنێو خۆبەخشەكانی سوپادا، چونكە رێژەی كەوتووان لەنێو قسەكەرە ناتوركەكان، بەتایبەتیی كوردان، بڵند بوو. بۆئەوەی لە گرفتەكە بكۆڵنەوە، شارەزایانی ئەمەریكیی زانیارییان لەبارەی زمانی كوردییەوە لە مامۆستاكانی ناوەندی سەربازیی راهێنانەكە لە تەواوی وڵاتدا كۆكردەوە. بەڵام پێش ئەوەی بتوانن هەموو ئەو زانیارییانە پێشكەشبكەن، سوپا دەستی بەسەر تەواوی كەرەسەكاندا گرت، تەنیا هەندێكی كەمی لێ هێشتەوە.[1]

لە توركیا بە قەدەغەكردنی رێنووسی عەرەبیی لە ساڵانی 1920كاندا، كەمالیستەكان یادەوەریی رابردوویان لەناوبردو مێژووی توركییان بەو شێوەیە نووسییەوە كە پێویستە بنووسرێتەوە.[2] تێزی مێژوویی توركیی و هەروەها تیۆری زمانی رۆژ لەساڵانی 1930كاندا باڵادەستبوون. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد خەڵكی تورك زمان رۆڵێكی سەرەكییان لە دامەزراندنی پەرەسەندنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیی و بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا بینیوە، هەروەها زمانی توركیی سەرچاوەی تێكڕای زمانەكانی دیكەی جیهانە.[3] هەر زوو پاش دامەزراندنی كۆماری توركیا، حكومەت هەموو ئەو بڵاوكراوە نافەرمییانەی قەدەغەكرد كە وابڕوا بوو مشتومڕ لەبارەی پرسی كوردانەوە دەكەن. كارە مێژوویی و ئەدەبییەكان، تەنانەت گێڕانەوەی گەشتیارەكان بەزمانی توركیی و هەروەها زمانەكانی دیكە، لە كتێبخانە گشتیی و تایبەتییەكان هەڵگیران و ئەگەر ئاماژەیەكیشیان بۆ كوردان و مێژوو و نیشتیمانەكەیان تێدابووایە ئەوا لەناودەبران.[4]

گرنگترین بنەما لە دەستوورەكەی ساڵی 1982دا، " یەكێتیی و یەكپارچەیی دەوڵەتە بە خاك و گەلەكەیەوە." ئالەم بنەمایەوە بیرۆكەی"ئاسایشی نەتەوەیی"و

---

[1] Hassanpour 2000 .

[2] van Bruinessen 1994b, 153 .

[3] Hirschler 1999, 5 .

[4] Kendal 1980b, 82-83 .

"بەرژەوەندیی نەتەوەیی" هەڵگۆزراوە. بەهۆی ئەم بنەمایەوەیە کە کۆڵەر، بۆ نموونە، کاتێك بیەوێت لە کوردو کۆمەڵگای کوردیی بکۆڵێتەوە، تەنانەت پێش ئەوەی رووبەڕووی لێکۆڵینەوە قەزائییەکان بێتەوە، رووبەڕووی لێکۆڵینەوە کارگێڕییەکان دەبێتەوە. لەویٚ ئامۆژگاریی تۆمەتبار دەکرێت کە ئەم جۆرە کۆڵینەوانە پێشێلکاریی بنەمای یەکپارچەیی دەوڵەت دەکەن بە خاك و گەلەکەیەوە. لەوانەش سروشتی یەکێتیی دەوڵەتی تورکیی. کاتێك خوێندکاران تێزەکانیان دەنووسن، مامۆستاکانیان دەقەکان دەپشکنن نەوەکا شتێکی تێدا هاتبێت لەسەری تووشی سزاو لێپێچینەوەیان بکات.[1] لە بەهاری 1983دا، پارلەمانی تورکیا یاسای ژمارە 2820ی تێپەڕاند، کە دەڵێت:" ئەوە قەدەغەیە بانگەشە بۆ ئەوە بکرێت کە کەمینەکان لە تورکیادا هەن. قەدەغەیە زمانو کەلتووره ناتورکییەکان بپارێزرێتو پەرەیانپێبدرێت."[2]

وەك ڤان برونسن تێبینیکردووە، زۆربەی ئەو کتێبانەی لە تورکیا قەدەغەکراون ئەوانەن کە لە ئەوروپادا بە زمانی تورکیی بڵاوکراونەتەوە، زۆر زەحمەتە لە تورکیادا رێگە بەم کتێبانە بدرێت.[3] بەڵام چ جۆرە کۆڵینەوەیەك دەتوانێت ئاماژە بەو کتێبە نایاساییانە لەولاتێکدا بدات کە کۆڵینەوەکەی لەبارەوە کراوە، وێڕای ئەو گرفتە کردارییانەی کە بەدڵنیاییەوە بۆ کۆڵینەوەکە پێکدەهێنرێت، هەروەها گرفتی ئیتنییش هەیە. دەسەڵاتداران دەخوازن لەرێگەی یاساییەوە واقیعی کۆمەڵایەتیی لەبەرچاونەگرن، هەروەها زانکۆکانی تورکیاش بیٚ مشتومڕ ملیان بە ئایدیۆلۆجیی فەرمیی داوە. نزیکەی کۆڵینەوەیکی جدیی نییە مەبەستی تێگەیشتن بێت لە واقیعە کوردییەکە.

بێشکچی مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە ئایدیۆلۆجیی فەرمیی دەوڵەتی تورکیی وێڕای پشتگوێخستنی مافەکانی کورد، هەروەها لەمپەر دەخاتە بەردەم

---

[1] Besikçi 1997c; Besikçi: The Lausanne....; Yildiz 1996 .

[2] quoted from Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 356 .

[3] van Bruinessen 1994a, 176 .

پەرەسەندنی کاری کۆڵینەوەیی لە تەواوی وڵاتەکەدا. ئەو تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان کاری لێکۆڵینەوەیی‌و ئایدیۆلۆجیی فەرمیی لەرووی گەمەپێکردن‌و ئاراستەکردنی عەقڵ‌و بیرکردنەوە لە تورکیادا. زانکۆکانی تورکیا لەبری ئەوەی ئەم ئایدیۆلۆجییە بخنە ژێر پرسیار کەچی درێژەی پێدەدەن‌و دەیپارێزن.[1] ئاسانە نموونە لەبارەی ئەو بابەتە تورکییانەوە بدرێت کە چ کۆڵینەوەیەکیان لەبارەوە نەکراوە یان وەك پێویست لێیان نەکۆڵراوەتەوە. بۆ نموونە، رووداوەکانی دێرسیم لە ساڵانی 1937–1938 لەلایەن زۆربەی مێژوونووسە تورك‌و هەروەها بیانییەکانەوە، یان بێدەنگیی لەبارەوە کراوە یاخود بەئەنقەست شێوێنراوە.[2] پاش ساڵی 1965، لە سەرژمێرییەکی دانیشتوواندا خەڵکەکە لەبارەی زمانی دایکیانەوە هیچ پرسیارێکیان لێ نەدەکرا، هەربۆیە زانیارییەکی فەرمیی لەبارەی ژمارەی کوردان‌و شوێنی ژیانیان لەتورکیادا لەبەردەستدا نەبوو.[3]

---

[1] Besikçi 1987, 54, 61, 85, 97, 98, 122 and 1989, 1-2, 5-6 and 1997a, 44-47and 1997b .

[2] van Bruinessen 1994b, 144 .

[3] Mutlu 1995, 35 .

لە پرۆژەیەکی کۆڵینەوەیی سەبارەت بە کۆچکردن لە هەرێمی گاپەوە کە لەلایەن بەشی کۆمەڵناسیی زاکۆی تەکنیکیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنکەرە لەساڵی 1993دا ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت کە لەو هەلومەرجەدا ئەنجامدانی کۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی چەندە ئەستەمە. ئەو دەقانەی کە زۆر بەوریاییەوە نووسراون ئەو سەرنجەمان پێدەدات کە کۆڵەران نەیانتوانیوە هەرچییەکی دەبینن بینووسن. لەماوەی کاری مەیدانییدا، ئەوان خۆیان لە بابەتی ئیتنیی بەدوور گرتبوو:

دەرئەنجام: شوناسی ئیتنیی‌و گرفتەکانی دیکە

لە پرسیارەکانی ئەم کۆڵینەوەیەدا هیچ پرسیارێکی راستەوخۆ سەبارەت بە شوناسی ئیتنیی نییە. ئەنجامگیریی لەبارەی شوناسی ئیتنییەوە لە دوو پرسیار لەبارەی زمانی سەرەکیی‌و زمانەکانی دیکە ئاخاوتنەوە وەرگیراون. دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەم داتایانە ئاکامگیری

سانسۆرو خۆسانسۆرکردن تایبەتمەندییەکی مشتومڕە گشتییەکان‌و کۆڵینەوەکانە، بەڵام هەروەها ئەوانە کاریگەریی لە کاری پارلەمانتارو زۆر لە لیژنەو دەزگاکانیش دەکەن. بۆ نموونە، پاش غافڵکوژییەکەی رۆژنامەنووسی بەناوبانگ "ئوگور مومجو" لە یەنایەری ساڵی 1993دا، پارلەمان لیژنەیەکی دیارییکرد تا لەو پیاوکوژییانە بکۆڵنەوە کە بە"پەلاماردەری نەناسراو" ناسرابوو. لیژنەکە پاش 20 مانگ لێکۆڵینەوەکەی خۆی کۆتایی پێهێنا، بەلام راپۆرتەکانی هیچ کاتێك ئاشکرا نەکرا. هەندێك لە ئەندامانی لیژنەکە لەو بڕوایەدا بوون لێکۆڵینەوەکە شتی وای لەخۆگرتووە کە زیان بە پرستیژی دەوڵەت دەگەیەنێت‌و هەربۆیە رەتیانکردەوە پێشکەشی پارلەمانی بکەن.[1] نموونەیەکی دیکە بریتیە لە خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ چەسپاندنی ئامادەیی سەربازیی لە باشووری رۆژهەڵات، ئەوەی کە ژمارەکانی ئاشکرانییە.[2] شرۆڤەکارییەکان لەبارەی تێچوونەکانەوە لەسەر بنەمای گۆترە دانرابوون نەك راستییەکان.

لە فێبرایەری 2001دا، تورکیا قەیرانێکی دپلۆماسیی لەگەڵ فەرەنسادا خوڵقاند پاش ئەوەی پارلەمانی فەرەنسیی یاسایەکی تێپەڕاند کە تێیدا کۆمەڵکوژیی

---

لەبارەی ئەو شوناسە جۆربەجۆرە ئیتنییانەوە بکرێت کە لەناوچەکەدا هەن...موتلو لەسەر بنەمای ئەو ئاکامانەدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە پرسە ئیتنییەکان یان شوناسە کەلتوورییەکان یەك لە گرنگترین گرفتەکانی ناوچە شارنشین‌و گوندنشینەکان پێکناهێنن. وامان بۆ دەردەکەوێت کە پێویستە ئەنجامگیرییەك لەگەڵ لێکدانەوەیەکی قووڵتری ئاکامەکاندا بگونجێنرێت. پێویستە ئەم کارە لێکدانەوەییە چوارچێوەی چاوپێکەوتنکاران– ئاوێتەبوون بە چاوپێکەوتنەکان لەبەرچاو بگرێت، لەگەڵ ئیعتیباراتە سیاسیی، کەلتووریی‌و سایکۆلۆجییەکانی دیکەدا. ئێمە نزیکەی روونمانکردۆتەوە کە بێکاریی، دواکەوتوویی، هەروەها تیرۆریزم ، چ بەتاك‌و چ بە کۆ، زیاترین گرفتگەلێکن کە ئامارەیان بێدرابێت. دەگونجێت کە ئەم گرفتانە بۆئەوە ئامارەیان پێدرابێت کە سەنگی مێژوویی، کەلتووریی‌و هەروەها ئیتنیی لەم ناوچەیەدا پێشانبدەن. (Aksit et al. 1995, 69-72)

[1] Van Bruinessen 1996b, 22 .

[2] Günlük-Senesen 1995, 75 .

ئەرمەنییەکانی بەشێوەیەکی فەرمیی بە جینۆساید ناساندبوو. ئەمە تەنیا یەکێکە لە هەوڵەکانی دەوڵەتی تورکیی بەدرێژایی چەندین دەیە بۆ نکۆڵییکردنو رەتکردنەوەی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان. چارنی بە ئاماژە بۆ لیباردیان[1] دەڵێت" کاتێك ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە تورکیا هەڵوێستێکی تۆتالیتارییانەی لەهەمبەر پرسەکە گرتۆتەبەر. هەموو ئامرازەکانی پەیوەندییکردنو پرۆپاگەندە لەپێناوی تۆکمەکردنی نکۆڵییکردن لە راستییەکی مێژوویی بەکاردەهێنرێت. هەروەها حکومەت باڵیۆزخانەو دامەزراوە تورکییەکان بەکاردەهێنێت بۆ فشارخستنە سەر کۆڵەرانی غەیرە تورك تاکو بە خواستی ئەو مێژوو بنووسنەوە. تورکیا هەڕەشەی لە ئەمەریکا کرد کە لە هاوپەیمانییەکان دەچێتەدەرەوە گەربێتو کۆنگرسی ئەمەریکیی دان بە مێژووی جینۆسایدی ئەرمەنییەکاندا بنێت.[2]

پێویستە هەوڵەکانی حکومەتی تورکیی لەو گۆشەنیگایەوە شرۆڤە بکرێت کە چۆن ئەم هەوڵانە کاریگەریی دەکەنە سەر فەزا ئەکادیمییەکە لەتورکیا. حکومەتی تورکیی وێڕای کۆڵینەوەکانی دیکە، ئەو کۆڵینەوانە دەشارێتەوە کە لەبارەی جینۆسایدی ئەرمەنەوە کراون. پێویستە ئەو ئەرشیفی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بۆ ئەکادیمییانی تورکو بیانییەکان بکاتەوە. ئەمێستا ئەو کۆڵەرانەی داوای کۆڵینەوەی ئەرشیفی دەکەن دەبێت ئەوەیان پەسەند بێت کە بچنە کەمتر لە سێیەکی کەرەسەکانەوە. لەنێو ئەو کاردانەوانەی دژ بە دانپێدانانی فەرەنسا بە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان ئەو پلانانەیە بۆ قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی فەرەنسیی لە خوێندنگاو زانکۆکانی تورکیادا –ئەو پلانانەی لەلایەن زۆر لە مامۆستاکانی زانکۆوە پشتگیریی لێکرا. زۆر لە دەزگا کەلتوورییە تورکییەکانو هەروەها زانکۆکان پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ هاوبەشە فەرەنسییەکانیان

---

[1] Libaridian, G.J.: Genocide and Politics: a New Role for the Academic Community. Armenian Assembly Journal, 12 (1), pp. 1, 6. 1985.

[2] Charny 1991, 4, 13 .

پچڕاند. هەندێك لە ئەكادیمییەكان و ڕۆژنامەنووسان قسەیان دژی ئەم قەدەغەكردنە كردو وتیان كە زیان بە بەرژەوەندیی توركیی دەگەیەنێت، بەڵام ئەوانە پرسیاری ئەوەیان نەكرد كە لە ڕاستییدا چی بەسەر ئەرمەنییەكاندا هاتووە. هەروەها ئەوان ڕەتیانكردەوە لە تاوانباربوونی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و یەكێتییخوازەكان بپرسنەوە، بەوەش هەمان خەتی سیاسەتی فەرمیی توركییان گرتەبەر.[1]

بە بەكارهێنانی چەمكەكەی فیشمان، ئیتنۆس دەتوانرێت لە چوارچێوەی چەمكەكانی باوكبۆماوەیی، بۆماوەیی گشتیی و هەروەها دیاردەناسییدا شرۆڤە بكرێت. باوكبۆماوەیی بنەچەگەلە بایەلۆجییە بۆماوەییەكان دەگرێتەخۆ، بۆماوەیی گشتیی ئەو تایبەتمەندییەیە كە فێری دەبی، هەروەها دیاردەناسیی ئەوە شرۆڤە دەكات كە چۆن ئەندامانی گروپێكی ئیتنیی سەیری ئیتنۆستیی دەكەن. هەروەك لە پێشتردا وتراوە، ئیتنۆستیی پێش مۆدێرنە لانیكەمی خۆناسیی هەیە، دیاردەناسیی ئیتنۆستیی پێش مۆدێرنە بەشێوەیەكی بنەڕەتیی ئاسایی و خواوەندسالارییەكی ڕوو لەناوەوەیە.[2] گۆڕانەكان لە دیاردەناسییدا مانای ئەوەیە كە بەهای ئیتنۆستیی لەماوەی مۆدێرنیزەبوون و پرۆسەی بەنەتەوایەتییبووندا زێدە دەبێت. لە پرۆسەی ئیتنۆسایددا، ئامانجی سەرەكیی سەركوتكاران بریتیە لە گۆڕینی ڕەگەزەكانی بۆماوەیی گشتیی گروپە ئیتنۆستییە بەئامانجكراوەكەیە. بەڵام ئەوان ڕێگرن لەوەی گۆڕان بەسەر دیاردەناسییەكەدا بێت، هەربۆیە گروپە بەئامانجكراوەكە سەبارەت بە بەهاكانی ئیتنیی هۆشیار نابێت. كردارە ئیتنۆسایدییەكان دەتوانێن ببێتەهۆی تواندنەوەی گروپەكە، بەڵام هەروەها دەتوانێت ڕێگە بۆ كاردانەوەی بەرگرییكارانە، ئیتنۆستییەكی كۆنەپەرستانە خۆشبكات. ئەمەش گۆڕانكاریی لە بواری بۆماوەیی گشتیی ئیتنۆستیی لەنێو ئەندامەكانی گروپەكەدا وەك تاك و هەروەها لە دیاردەناسیی لە تەواوی ئیتنۆسیتیی گروپەكەدا پێكدەهێنێت. كاتێك ئەندامانی گروپێكی ئیتنیی

---

[1] IMK Weekly Information Service 23.2.2001 .

[2] Fishman 1977, 35.

خێڵەکیی دەست بەوە دەکەن سەرنج بدەنە کەلتووره هەڕەشە لێکراوەکەیان، تەواوی گروپەکە لە بەهاکانی ئیتنییان هۆشیار دەبنەوە. هۆشیاریی ئیتنیی هەنگاوێکە بەرەو مۆدێرنیزەبوون و دوور کەوتنەوەیە لە شێوەژیانی خێڵەکیی. کۆڵینەوەکان دەتوانن تێگەیشتنی گروپێکی ئیتنیی لەمەڕ کەلتوورەکەی خۆی زێدە بکەن، ئەوەش دەتوانێت رووە دیاردەناسییەکەی ئیتنۆسیتیی بگۆڕێت. زانین لەبارەی کەلتوورەکەی خۆی پشتگیریی لە بەرگریی گروپێك لەبەرامبەر ئیتنۆساییدا دەکات و هەروەها هۆشیاریی ئیتنیی و ئەگەری بیرکردنەوەی نەتەوەیی بەباشیی زێدە دەکات.

ئیسماعیل بێشکچی یەکەمین کەسە و بگرە بۆماوەیەکی درێژیش تەنیا کەس بووە لە نێو بیرمەندانی تورکدا کە بە ئاشکرا ئایدیۆلۆجیی فەرمیی تورکیی و سیاسەتەکانی لەهەمبەر کورد رەخنەکردووە.[1] بێشکچی کۆمەڵناسێکی تورکە و کۆڵەرێکی بواری زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرەیە، لەماوەی سالآنی 1971 بۆ 1987دا دوازدە ساڵی لەزیندا بردە سەر لەبەرئەوەی لە کارە کۆڵینەوەییەکانیدا جەختی لەوە کردبووەوە کە کوردان گروپێکی ئیتنیی جیا و سەربەخۆ پێکدەهێنن.[2] ئەو دوو کتێبەی وایانکرد سزای زیندانی بەسەردا بسەپێنرێت بریتیە لە تێزی دکتۆراکەی "گۆچەبی ئەلیکان ئەشیرەتی/ کۆچکردنی عەشیرەتی ئالیکان"و هەروەها " دۆگو ئەنەدۆڵون دوزنی/ رێساکان لە ئەنەدۆڵی رۆژهەلآتدا" کە ناونیشانێکی لاوەکیی پێداوە، دەتوانرێت بە "ستراکتۆری کۆمەلآیەتیی-ئابووریی و ئیتنیی لە رۆژهەلآتی ئەنەدۆڵ" ئاماژەی بۆ بکرێت. بێشکچی بە تۆمەتی"بلآوکردنەوەی پرۆپاگەندە بەئامانجی لاوازکردنی یەکێتیی نەتەوەیی تورکیا و سوکایەتییکردن بە یادەوەرییەکانی کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ" تاوانبارکرا.[3] ئەو هەروەها لەنێوان نۆڤەمبەری 1993 تاکو

---

[1] van Bruinessen 1994b, 144 .

[2] Günter 1990, 123; Jafar 1974, 164 .

[3] Amnesty International 1990; Kendal 1980b, 77 .

دیسەمبەری 1999 جارێکی دی خرایەوە زیندان.[1]

کۆڵینەوەو زانستخوازیی پرسگەلێکی ئاڵۆزن، تەنانەت لە کۆمەڵگایەکیشدا کە گرووپێك لەهەمبەر گرووپگەکانی دیکەدا سیاسەتگەلێکی ئیتنۆسایدی پەیڕەو ناکات. زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێك بۆ ناساندنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. زانستە کۆمەڵایەتییەکان بونیاتی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانن–بۆ

---

[1] Amnesty International 1990; Kendal 1980b, 77 .

بێشکچی 36 کتێبی نووسیوە، لەوانە 32 دانەی لە تورکیا قەدەغەکراوە.ئەو خاوەنی شێوە نووسینی خۆیەتی، لە تێکستەکانییدا نموونەیەکی زۆر بە درێژیی هاتووە، بەڵام ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە تیۆرو سەرچاوە غەیرەتورکییەکان نەدراوە. شێوەکارەکەی فرە ئەکادیمیی نییە، دەتوانرێت وا لەمە تێبگەین کە بۆ رەوشی کارکردنەکەی دەگەڕێتەوە، ئەو زۆربەی کتێبەکانی لەنێو زینداندا نووسیون، هەروەها تەنانەت لەدەرەوەش نەچۆتە ناو سەرچاوە تیۆریی و کتێبخانە باشەکانەوە. عیسمەت شەریف میتۆدی بێشکچی بۆ ئەنجامدانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە پۆزتڤیستی ناودەبا، بەوشێوەیەی ئۆگۆست کۆنت درکیکردووە، ئەو راستییەکانی لەچوارچێوەی چ بنەمایەکی دیارییکراو شرۆڤە نەکردووە، چ بنەمایەکیشی لە ئەنجامگیرییەکەی هەڵنەهێنجاوە، لەبری ئەوە تەنیا تێبینیی و شرۆڤەی ئەو رەوشەی کردووە کە هەیە. هەندێکجار دەقەکانی تەواو سۆزەکیین، مرۆ دەتوانێت درك بەو توڕەییەی بکات لەوەی کە بە کورد کراوە. بۆ نموونە، ئەو هەندێك شت دووبارە دەکاتەوە کە نزیکەی لە هەمان دەقدا ئاماژەی بۆداوە، هەروەها چەمکی سۆزدارنەی وەك "جەنگی قێزەون" لەبری "جەنگ" یان "جەنگی ناوخۆ" بەکاردەهێنێت. هەندێك لە کۆڵەران لەبارەی ئەو پرسانەوە نووسیویانە کە پەیوەندیی بە جەنگ‌و جینۆسایدەوە هەیەو بە زمانێکی ئاسایی قسەیان لە ئەستەمیی نووسین لەبارە شتە ترسناکەکان کردووە، هەروەها دەتوانرێت ئەم ئەستەمییانە لە دەقەکانی بێشکچیشدا ببینرێت. بێشکچی سەبارەت بە هەندێك پرس گەیشتۆتە هەمان ئەنجامگیریی کە کۆڵەران لەبارەی هەمان پرسەوە گەیشتووینێ، ئەمەش ئەوە پێشاندەدات کە بێشکچی ئاشنای کارەکانی ئەوان نەبووە. زۆر لە ئەنجامگیرییەکانی بێشکچیی– بۆ نموونە ئەوەی کە زمانی تورکیی یەکەمین زمانی قسەکردن لەسەر هەسارەکەمان نییە– زۆر ساکار دەردەکەوێت ئەوەی کە لەراستییدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە چەندین دەیەی خایاندووە لەتورکیا بۆئەوەی درك بکرێت.

نموونه وەرچەرخان لە سوننەتییەوە بۆ مۆدێرن– ئەوان رۆڵێکی فرە بەرچاویان لە پێناسەکردنی بونیاتی شوناس نوێیەکاندا بینیوە.[1] کاتێك کوردان نکۆڵیی مۆڵەتپێدانیان لێکرا کۆڵینەوە لەبارەی کۆمەڵگاکەی خۆیان بکەن، ئەوە نکۆڵی ئەو مافەیان لێکرا کە ئەو زانیارییە دروستە بەدەستبێنن کە پێویستیانە بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانەی لە کەمەڵگاکەیاندا روودەدات. کوردستان لەسالأنی 1920کاندا، کاتێك کە کۆماری تورکیی دامەزرێنرا، کۆمەڵگایەکی خێڵەکیی بووە. دەوڵەتی تورکیی لە هەوڵی تواندنەوەی کورداندا بوو، بەڵام لەوناچانەی کە دەوڵەت شکستیخوارد، کۆمەڵگای کوردیی وەك کۆمەڵگایەکی سوننەتیی مایەوە لەبری ئەوەی بۆ کۆمەڵگایەکی کوردیی مۆدێرن بگۆڕێت. بە بێ خستنەگەڕی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ کوردان ئەستەمە لە سیستەمە ئاڵۆزەکەی خۆیان لە جیهانێکدا تێبگەن کە بەخێرایی مۆدێرن دەبێت. من نموونەیەك دەدەم. لەنێو کورداندا سیستمی خێڵەکیی یەکێکە لە لەمپەرە سەرەکییەکان بۆ یەکێتیی نەتەوەییان. خێڵەکان بە هۆکارێك دادەنرێت کە بەرجەستەی کۆمەڵگایەکی لادێنشنیی سوننەتیی دەکات، لە ناوچە شارنشینەکاندا پەیوەندییە خێڵایەتییەکان ئەو مانایەیان نییە. ئەم دیاردەیە بە دەگمەن نەبێت (بەدەر لە هەندێك لێکۆڵینەوە کە لەلایەن بێشکچی و ڤان برونسنەوە کراون) لێینەکۆڵراوەتەوە، هەروەها هیچ کات وەك ئەوەی شایەنێتی لێینەکۆڵراوەتەوە. تەنانەت ئەو کەمە کۆڵینەوانەشی هەن لە دەرەوەی دەستپێڕاگەیشتنی کوردانن. ئەمەش تەنیا بۆ کەمیی کۆڵینەوە ناگەڕێتەوە، گرنگترین هۆکار ئەوەیە کە زۆرینەی کوردان لە تورکیا ( هەروەها ئەو کوردانەشی لە تاراوگەن و لە تورکیاوە هاتوون ) رۆشنبیرییەکی سەرپێیی زۆر کەمیان هەیە، هەروەها بۆیان زەحمەتە لە شرۆڤەکارییە تیۆریی و ئەبستراکتەکان تێبگەن. زۆر لە کۆمەڵگا پەرتەوازەکان لەگەڵ مۆدێرنەبوونیاندا یەکێتیی خۆیان پەرەپێدەدەن، ئەم پرۆسەیەی کە واپێدەچێت ئەمێستا بە باشیی لەنێو کورداندا بە هێواشیی بەڕێوەبچێت.

---

[1] Dittrich and Radtke 1990, 11, 24 .


## گرفتەکانی بەردەم ئەنجامدانی رووماڵی تەندروستیی

لەساڵی 1993دا، وەزارەتی تەندروستیی تورکیی و هەروەها دەزگای کۆڵینەوە دانیشتووانییەکانی سەر بە زانکۆی هاجتەپە لە ئەنکەرە رووماڵێکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی تەندروستیی دایکان و منداڵانی تورکەوە ئەنجامدا. رووماڵی دانیشتووان و تەندروستیی تورکیی(TDHS) 1993، کە بەشێکە لە بەرنامەی رووماڵی تەندروستیی و دانیشتووانی جیهانیی بەرفراوان.[1] بۆ ئەم رووماڵەی تورکیا بەسەر پێنج هەرێمدا دابەشکرا. ئامارەکانی هەر هەرێمێك بەجیا دابیندەکرا، هەرچەندە باوترین پلەبەندیی بۆ تەواوی وڵاتەکە تەنیا "گوندنشین"و "شارنشین" بوو. زانیاریی لە هەرێمی رۆژهەڵاتەوە دەتوانرێت بە بەڵگەیەك بۆ رەوشەکە لە باکووری کوردستان بدرێتەقەڵەم، وێڕای ئەوەی ئەوەکەی دواتریان ناوچەیەکی بەرفراوان دەگرێتەخۆ، لەوانە بەشەکانی 25 پارێزگا. لەکاتی رووماڵکردنەکەدا، 14 ساڵ بوو لە هەرێمە کوردییەکە یاسای سەربازیی بەرقەرار بوو. ئەوە لۆژیکی دەبوو کە هەرێمی بن سایەی دەسەڵاتی ئاوارتە وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لەم رووماڵەدا دابنرایە، لەبەرئەوەی یاسا و هەروەها رەوشی ژیان تێیدا بە ئاشکرا لە باقی دیکەی وڵاتەکە جیاواز بوو. بەڵام لە رووماڵەکەدا، زانیاریی لەبارەی ئەو کوردانەی لەبن یاسای سەربازییدا دەژیان تێکەڵ بەو تورکانە کرا کە لەسایەی یاسای مەدەنییدا بوون. لەبەرئەوەی ئەم رووماڵە لەساڵی 1993دا ئەنجامدرا، رووماڵەکە ئەو رەوشە وەسفدەکات کە پێش دەستپێکردنی راگواستنی بەکۆمەڵی دانیشتووانی کورد بوو.

---

[1] Içduygu et al. 1999, 1000 .

### ناوچەکان لە رووماڵی دانیشتووانیی و تەندروستیی تورکییدا TDHS




لەم رووماڵەدا زانیارییەکان لە ئامارەکانی تایبەت بە ناوچەکە کۆنەکراوەتەوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئاماری دروستی تەواو نەبێت. لەبری ئەوە، بەهۆی چاوپێکەوتنی سامپڵێك لە ژنان کۆکراونەتەوە، لە ناوچەی رۆژهەڵات 933 ژن پرسیاریان لێکرابوو.[1] لە TDHS ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرابوو لەبارەی زمانی دایکیانەوە، زمانی دایکی دایكوباوکیان، زمانی دایکی دایكو باوکی مێردەکانیان، پرسیاریان لێکرابوو. ئیچدیوگو، رۆمانۆ هەروەها سیرکیسی لە کۆڵینەوەیەکی خۆیاندا ئەو خێزانانەیان بە کورد ئەژمارکردبوو کە تەنانەت کوردیی زمانی دایکی یەکێك لەو گروپانەیان بووە. ئەوان 289 خێزانی کوردیان لە چاوپێکەوتنەکانی TDHS دا ناساندووە، بەگوێرەی ئەوان، ئەم داتایە یەکەمین

---

[1] TDHS 1993, 139 .

ژمارەی متمانەپێکراوو نموونەیی سەبارەت بە رەوشی کوردان لە تورکیا دابیندەکات. ئامانجی رووماڵەکە بریتی نییە لە کۆڵینەوە لە رەوشی گروپە ئیتنییە جیاوازەکان، بەڵام ئیچدیوگو، رۆمانۆ هەروەها سیرکیسی داتاکانیان بۆ مەبەستی تایبەت بەخۆیان شرۆڤەکردووە.[1]

لەو بەشەی کە لەبارەی مردنی ساوا و منداڵانەوەیە(لەلایەن ئاتیلا هانچەرلی ئۆگلو نووسراوە)[2] کەموکوڕییەکانی TDHS ئاشکرایە. ئەم رووماڵە کە پشتگیریی ئابووریی خۆی لە USID بەدەستهێناوە–بەرنامەی هاوکاریی پەرەسەندنی ئەمەریکیی، هاوپەیمانی سەرەکیی سەربازیی تورکیا– تەواوی ئەو وردەکارییانەی وەسفکردووە کە بەدیهیێن یاخود پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە، بەڵام رەوشە گشتییەکەی تورکیایان پشتگوێخستووە. لەم کۆڵینەوەیەدا، ئەو سامپڵەی بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکی وەرگیراوە بریتیە لە 500 کەس. بۆ نموونە، سەبارەت بە مردنی ساوایان، کۆڵەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بایەخپێدانی پزیشکیی بۆ دایکایەتیی هۆکارێکی گرنگە بۆ دابەزینی رێژەی مردن لەماوەی ساوایی و منداڵییدا. مردنی منداڵانی خوار پێنج ساڵ 55 لەسەدا بەرزترە ( 77 لە 1,000) لەنێو ئەو منداڵانەی کە دایکانیان نە بایەخپێدانی کۆرپەلەیی و نە منداڵبوونیان لە شارەزایانی تەندروستیی راهێنراو وەرگرتووە، بە بەراورد بەو منداڵانەی کە دایکانیان یەك یاخود هەردوو ئەو راژەیەیان وەرگرتووە(50 لە 1,000).[3]

لە خوێندنەوەی رووماڵی دانیشتووانیی و تەندروستیی تورکییدا دەگونجێت کەسێك وا بیربکاتەوە کە هەندێك لە ژنانی سکپڕ تەنیا لەبەر نەزانییان مینەی بایەخپێدانی کۆرپەلەییان نەکردووە و نەچوونەتە خەستەخانەش تا منداڵبوونێکی تەندروستیان هەبێت. راپۆرتەکانی رووماڵەکە تەنانەت زانیارییە بنەڕەتییەکانی سەبارەت بە سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی لە تورکیا یاخود رەوشی

---

[1] Içduygu et al. 1999, 991, 1004 .

[2] TDHS 1993, 77-86.

[3] TDHS 1993, 82 .

**ئابووریی دانیشتووانەکە داپین نەکردووە. ئامانجی کۆڵینەوەکە کۆکردنەوەی زانیاریی بووە بۆ مەبەستی پلاندانانی خێزانیی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ ئەو رەوشە راستیینەیەدا نەکردووە کە بۆچی زۆربەی ژنانی کورد لە تورکیادا خوازیارن چەند منداڵێکیان هەبێت. بۆ زۆر لە کوردان، منداڵی زۆر تەنیا بۆ ئەوە نییە کە لە ئێستادا بایەخ بە مانەوە دەدەن‌و هەروەها لە تەمەنی پیریی دایك‌و باوکاندا، بەڵکو ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە مانەوەی نەتەوەییەوە هەیە، لەبەرئەوەی " زۆر لە کوردان دەمرن هەربۆیە پێویستە منداڵانێکی زۆر لەدایکبن، بە پێچەوانەوە، کوردان قڕیان تێدەکەوێت."[1]**

**مرۆ گۆشەنیگایەکی دیکە سەبارەت بە گرفتی رووماڵی رەوشە تەندروستییەکە لە باکووری کوردستان وەردەگرێت بەهۆی قسەکردن لەگەڵ کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی‌و خوێندنەوەی راپۆرتەکانیان. بۆ پلاندانان‌و رێکخستنی سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی زۆر گرنگە حاڵەتەکانی تەندروستیی دانیشتووانەکەو هۆکاری خراپی تەندروستییان بزانین.[2] میدیای تورکیی بەشێوەیەکی متمانەپێنەکراو رووماڵی جەنگەکە لە باشووری رۆژهەڵاتدا دەکات، وەك ئەوەی کەمتر قسە لەبارەی هەندێك شتەوە دەکات‌و هەندێ شتی دیکەش ئەورووژێنێت. بڕیاری 430ی حکومەت خودسانسۆریی بەسەر هەموو ئەو هەواڵانەدا دەسەپێنێت کە لە باشووری رۆژهەڵاتەوە یان لەبارەی ئەوێوە رەوانەدەکرێن، هەروەها بەگوێرەی داوای فەرمانڕەوای هەرێمیی، دەسەڵاتدارانی وەزارەتی ناوخۆ بلاوکردنەوەی هەر هەواڵێك قەدەغە دەکەن کە وەك بەدپێشاندانی رووداوەکانی هەرێمەکە ببینرێت.[3] زانیاریی متمانەپێکراو لەبارەی کوردو باکوری کوردستانەوە لەو کۆڵینەوانەدا نین کە لە تورکیا ئەنجامدەدرێن، هەروەها کۆڵینەوەو ئامارەکان لەبارەی بایەخپێدانی تەندروستییەوە لەم رووەوە بەدەرنین. دەزگای تورکیی**

---

[1] **ژنێکی کورد لە ئەوروپا.**

[2] Hooks 1991, 20 .

[3] Helsinki Watch 1991, 13-15; U.S. Department of State 1997 and 1999.

مافەکانی مرۆڤ لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە 1997دا تێبینیکردووە کە زۆر ئەستەمە لە هەرێمە کوردییەکاندا داتا لەبارەی رەوشی تەندروستییەوە کۆبکرێتەوە، ئەو داتایەشی کە ئێستا لەبەردەستدایە جێی متمانە نییە.[1]

کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی لە راپۆرتی ساڵی 1995ی خۆیدا، تێبینیکردووە کە نەتوانراوە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا رروماڵو کاری مەیدانی سەبارەت بە ناوەندەکانی بایەخپێدانی سەرەتایی تەندروستیی یاخود لەسەر ئاستی هەرێمیی بەڕێوەببرێن. بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئاکامەکانی رووماڵەکە کە لە ناوەندەکانی تەندروستیی هەرێمییەوە رەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی بایەخپێدانی سەرەتایی تەندروستیی کراوە دوورن لە راستییەوە، هەروەها داتاکانی تایبەت بە گرفتە تەندروستییەکان لەو کۆڵینەوە سنووردارانە کۆکراونەتەوە کە راستەوخۆ بۆ دەزگا تەندروستییەکان تەرخانکراوە. وێڕای گرفتێکی دیکە کە بریتیە لەوەی ئامارێکی باوەڕپێکراوی دانیشتووان لە هەرێمی بندەسەڵاتی ئاوارتەدا نییە، هەروەك لە بەشی 6. 3 ئامارژەم پێداوە. بەگوێرەی کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی، هەواڵی هەموو لەدایکبووانو مردووەکان نەدراونو تۆماری گۆڕستانەکان هێشتا بەس نین، لەهیچ حاڵەتەکانی مردندا داوای گرێنتیی ناشتن ناکرێت.[2] هەژاریی مانای ئەوەیە کە تەنانەت ئەوانەی نەخۆشیی مەترسییداریشیان هەیە ناتوانن بەدوای چارەسەری پزیشکییدا بگەڕێن، چونکە پارەی چارەسەرەکەیان نییە، ئاکامی ئەوەش ئەوەیە کە دەسەڵاتداران رەوشی تەندروستیی دانیشتووانەکە نازانن. لەبەر کۆچبەریی، دەسەڵاتداران ناتوانن بەدواداچوون بۆ نەخۆشییەکانی نەخۆشەکانی پێشوو بکەن:

" ژمارەی کەیسەکانی تووشبووان بە نەخۆشی سیل لە شارەکەماندا لەنێوان ساڵانی 1992 بۆ 1993 لەکەمبووندایە. داواکارییەکان بەهۆی ئەم نەخۆشییە کەمبوونەتەوە. ئەمە وەك دژبەرییەك دێتە بەرچاو. ئەو ژمارانە چاوەڕێی

---

[1] HRFT 1997, 130 .

[2] Turkish Medical Association 1995, 15 .

زیادبوونیان لێدەکرێت...ئێمە نەخۆشەکانی ناوچە گوندنشینەکانمان لێ ون بووە. ئەو نامانەی نووسیومانن گەڕاونەتەوە، چونکە نەتوانراوە ناونیشانەکانیان بدۆزرێتەوە. نزیکەی لە کولپدا هچ پەیوەندییەکمان نییە. ناتوانین بەدواداچوون بۆ ئەم نەخۆشانە بکەین، پەیوندییمان لەگەڵیاندا پچڕاوە."[1]

## 6. 3. 2 ئامارەکان

### ئامارەکانی دانیشتووان

مەزنەندەکردنی ژمارەی کوردانی تورکیا بەگوێرەی زۆر لە سەرچاوەکان لەنێوان دە بۆ دوازدە ملیۆن کەسە. پازدە ملیۆن ئەو ژمارەیەیە کە زۆربەی جار دەبینرێت.[2]ئامارێکی فەرمیی لەبارەی نەتەوایەتیی هاوڵاتییەکان لە تورکیا نییە– هەموو ئەو خەڵکانەی لە تورکیا دەژین بە تورك لەقەڵەمدەدرێن. دەستوور رایگەیاندووە(بەندی 66 پەرەگرافی 1) کە " هەرکەس لەرێگەی گرێبەندی هاوڵاتیبوونەوە بە دەوڵەتی تورکییەوە پەیوەستە تورکە."[3]

ئامارە نیشتیمانییەکانی تورکیی هەر لەساڵی 1965ەوە وازیان لەوە هێناوە کە لەسەر بنەمای ئیتنیی داتا کۆبکەنەوە. پێش ئەوە، خەڵکی لەبارەی زمانی دایکیانەوە پرسیاریان لێدەکرا.[4] کیندال نووسیویەتی کە لە ئاکامی ئەو درندایەتییەی هەر لە ساڵانی 1920کانەوە رووبەڕووی کوردان بۆتەوە، زۆر لە کوردان فرە دوودڵ بوون لەوەی خۆیان وەك کورد رابگەیەنێن. ئەو لە ئامارەکەی

---

[1] *a physician, interviewed in Turkish Medical Association 1995, 38* .

[2] McDowall 1992, 11; Menon 1995 .

[3] quoted from Skutnabb-Kangas and Bucak 1994, 355 .

[4] Kirisçi and Winrow 1997, 119-120 .

ساڵی 1965ی دانیشتوواندا لە تورکیا بووەو بینیویەتی کە چۆن دانیشتووانی گەڕەکە هەژارنشینەکان کە وشەیەکیشیان بە تورکیی نەدەزانی بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەدایەوە کە دەڵێت" زمانی دایکت چییە؟" بەوەی "باشترە تورکیی دابنێی، هیچ گرفتێك ناخوازین."[1] فرێی لە ساڵی 1965دا تێبینیکردووە کە کەمیی داتا لەبارەی کوردانەوە هەیە، ئەوەی بە ئاسانیی لەبارەی دانیشتووانەکەی دیکەوە لەبەردەستدان.[2] هەروەها جەعفەر، کە نامەی دکتۆراکەی لە ساڵی 1974دا پێشکەشکردووە، ئەنجامگیرییکردووە کە سەرچاوە فەرمییە تورکییەکان بەتایبەتیی جێی متمانە نین.[3]

بۆ داوەرییکردن لەرێگەی ئامارە فەرمییەکانی پەیمانگای ئامارەکانی دەوڵەتی تورکییەوە، پێناچێت هیچ راگوێزانێکی دانیشتووان یان هەر گرفتێکی دیکە لە پارێزگاکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بەڕێوەبچێت.

**خشتەی 3 : دانیشتووانی پارێزگا کوردییەکان**[4]

| | 1990 | 1995 |
|---|---|---|
| **باتمان** | 344,699 | 344,121 |
| **بینگۆل** | 250,966 | 249,047 |
| **بتلیس** | **330,115** | **330,115** |
| **دیاربکر** | 1,094,996 | 1,096,447 |
| **ئیلزاگ** | **498,225** | **498,225** |

[1] Kendal 1980b, 48 .

[2] Frey 1965, 147 .

[3] Jafar 1974, 123 .

[4] Year 1990: Statistical Yearbook of Turkey 1991, 52;
Year 1995: Statistical Yearbook of Turkey 1996, 67.

| | | |
|---|---|---|
| هکاری | 172,479 | 172,497 |
| ماردین | 557,727 | 558,275 |
| موش | **376,543** | **376,543** |
| سیریت | **243,435** | **243,435** |
| شیرناخ | **262,006** | **262,006** |
| تونجلی | 133,143 | 133,548 |
| ڤان | **637,433** | **637,433** |

**سەرچاوەکانی دیکە وێنەیەکی فرە جیاواز لەبارەی رەوشەکەوە بەدەستەوە دەدەن. ژمارەی دروستی ئەو دانیشتووانە نەزانراوە کە هەر لەساڵی 1984ەوە بە زۆرەملێ راگوێزراوە. زۆربەی هەڵسەنگاندنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەنێوان 2600 بۆ 3000 گوندو گوندۆکە (کە 3–4 ماڵی تێدا نیشتەجێن) چۆڵکراون.[1] بەگوێرەی پزیشکان بۆ مافی مرۆڤ، لەکارکەوتنێکی کۆکردنەوەی حکومەتیی ئامارەکان لە هەرێمی بندەسەلاتی ئاوارتەدا لەگۆڕێدایە. لە هەندێك ناوچەی گوندنشیندا کۆکردنەوەی حکومەتیی ئامارەکان بەتەواویی وەستاوە.[2]**

## ئامارەکانی تەندروستیی

**وەزارەتی تەندروستیی (T.C ساگلیك باکانلیگی) نامیلکەی ساڵانەی بڵاوکردەوە"ساگلیك ئیستاستیکلەری– ئامارەکانی تەندروستیی" کە زانیاریی لەبارەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە تورکیا داوە. هەروەها ساڵنامەی ئامارەکان لە تورکیا ساڵانە لەلایەن پەیمانگای دەوڵەتەوە بۆ ئامارەکان ئامادەدەکرێت و بەشێکی گرتۆتەخۆ بەناونیشانی"تەندروستیی". ئەم دوو ساڵنامەیە بەشێکی زۆر لە زانیاریی گرتۆتەخۆ، بەڵام بڕێکی زۆر کەم زانیاریی بێسەروبەریان لەبارەی پارێزگاکانەوە تێدایە، وەك باوە ساڵنامەکان یان رەوشەکەی تورکیا بە گشتیی وەسفدەکەن یاخود بەگوێرەی پلەبەندی "گوندنشین"و "شارنشین".**

---

[1] U.S. Department of State 1998 .

[2] PHR 1996, 20 .

له " ئامارەکانی تەندروستیی"دا کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بڵاوکراوەتەوە(بۆنموونە، T.Cساگلیك باکانلیگی 1992و 1996) تەنیا زانیاریی بەگوێرەی پارێزگاکان تایبەتە بە دابەشبوونی خەستەخانەکانو هەروەها قەرەوێڵەکانیان، ژمارەی ناوەندەکانی تەندروستیی، بنکە تەندروستییەکان، دەرمانخانەکانی TBC ، ناوەندەکانی MCHFP ئانە چۆجوك ساگلیك ڤە ئابلە پلانمەسی / تەندروستیی دایکانو منداڵانو پلاندانانی خێزانیی، هەروەها خوێندنگا باڵاکانی پیشەیی تەندروستیی، هەروەها دابەشکردنی کارمەندانی تەندروستییو کارمەندانی وەزارەتی تەندروستیی. لە بەشی "تەندروستیی" ساڵنامەی ئامارەکانی تەندروستییدا، ئەو ژمارانەی بەگوێرەی پارێزگاکان دراوە تەنیا ژمارەکانی خەستەخانە گشتییو تایبەتییەکان، خەستەخانەکانو ژمارەی قەرەوێڵەکان لە پەیمانگای ئاسایشی کۆمەڵایەتیی، ناوەندەکانی تەندروستییو نەخۆشەکان، کارمەندانی تەندروستیی، پزیشکانو ڕێژەی دانیشتووان بەپێی پزیشکەکان، هەروەها دەرمانخانەکانو دەرمانسازەکان. لە هیچ یەك لەو ساڵنامانەدا، هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە ڕێژەو هۆکارەکانی مەرگ-مەرگی پێگەیشتووان، ساوایانو هەروەها منداڵان- هەروەها دابەشبوونی نەخۆشییەکان بەگوێرەی پارێزگاکان تێدا نییە. ئەگەر کەسێك تەنیا ئەم سەرچاوە تورکییە حکومییانە بەکاربهێنێت، مەحاڵە وەسفی پەرەسەندنی ڕەوشی بەشە تایبەتەکانی تورکیا بکرێت یاخود بەراورد لەنێوان پارێزگا تورکییو کوردییەکاندا بکرێت.

# حەوتەم : میلیتاریزەکردنی پارێزگا کوردییەکان

## 7. 1 . سیستمی بەرگریی و ئاسایشیی کوردان

### حوکمی حاڵەتی ئاوارتە

دەتوانرێت میلیتاریزەکردن بە چەندین شێوە لە ژیانی ڕۆژانەدا ببینین. گرنگترین فاکت ئەوەیە کە پارێزگا کوردییەکان هەر لەساڵی 1979ەوە لە سایەی یاسای سەربازیی و هەروەها لە ژوئیەی 1987ەوە لە حاڵەتی ئاوارتەدان( ئۆلگانوستو هال بۆلگەسی/ ئۆهال). خەڵکی سڤیل وەك پاسەوانانی گوند کراونەتە بەشێك لە سیستمی سەربازیی، هەروەها ڕاگواستنی بەکۆمەڵکی خەڵکەکە بەڕێوەچووە. پێویستە فەرمانی ئاوارتە لەلایەن پارلەمانی تورکییەوە هەر چوار بۆ شەش مانگ جارێك درێژبکرێتەوە. لە مارتی 1996دا، بۆ جاری بیستو شەشەمین جار درێژکرایەوە. لەبەرئەوەی یاسای حاڵەتی ئاوارتە لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا بۆماوەی دوو دەیەیە بوو ڕەوایەتیی پێدرابوو، هەربۆیە تەنیا لەم هەرێمەدا سیستمێکی یاسایی تایبەت پەرەپێدرابوو. نموونەیەك لە دووفاقییەکانی ئەم سیستمە یاساییەدا بریتیە لە درێژترین ماوەی دەستبەسەرکردن، تاکو مارتی 1997 لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا سی ڕۆژ بوو، پاش ئەوەش وەك ماوە فەرمییەکەی دە ڕۆژە، لەکاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی تورکیادا حەوت ڕۆژ بۆ دەستبەسەرکردن دانراوە.[1]

لەساڵی 1987دا، پێگەی پارێزگاری هەرێمیی هەرێمی حاڵەتی ئاوارتە (ناوچەی

---

[1] Kirisçi and Winrow 1997, 128; Lawyers' Association of Diyarbakir 1998
.

**ئۆهال) کە بە "پارێزگاری باڵا" دەناسرا، هێنرایەئارا. پارێزگاری باڵا فەرماندەی هێزە ڕێکخراوە ئاسایشییە تایبەتو گشتییەکانە، دەزگای میت(میلی ئیستیخبارات تەشکیلات) یشی لەبندەستدایە. ئەو ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە چاپەمەنییەکان کۆتوبەند کات، کارمەندی گشتیی لەسەرکار لابەرێت، گوندەکان رابگوێزێت، لەدادگای مەدەنییدا چاودێریی ئەو داوایانە بکات کە دژی ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بەرزدەکرێنەوە، هەروەها فەرمان دەدات بە والیە هەرێمییەکان کە "هەنگاوی پێویست" بگرنەبەر. پارێزگاری هەرێمیی لەسایەی حاڵەتی ئاوارتەدا دەسەڵاتی پەسەندکردنو رەتکردنەوەی هەر داوایەکی یاسایی هەیە کە دژی دەسەڵاتدارانی حکومەت بەرزکرابێتەوە. پەسەندنکردن کەموێنەیە، ئەم کۆتوبەندە دەبێتە هۆی دەگمەنیی ئەو داوایانەی دژی ئەشکەنجەدان بەرزدەکرێنەوە.[1]**

**بە یاسا، ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ سەرۆکدا، پاش راوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، دەگونجێت حاڵەتی ئاوارتە لە هەرێمێك یان زیاتر بۆ ماویەك رابگەیەنێت کە لە شەش مانگ تێپەڕنەکات(یاسای حاڵەتی ئاوارتە). بە کردار، ئەنجومەنی وەزیران حاڵەتی ئاوارتەی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا هەر لەساڵی 1987ەوە هەموو چوار بۆ شەش مانگ جارێك راگەیاندووە، بەڵام ژمارەی ئەو پارێزگاکایانەی کە یاساکە گرتوونییەوە جیاواز بووە. لەسەرەتای ساڵی 1996دا، پارێزگاکانی باتمان، بینگۆل، بتلیس، دیاربەکر، هەکاری، ماردین، موش، سیرت، شیرناخ، تونجلیو ڤان خرابوونە بن یاسای حاڵەتی ئاوارتە.[2] لەکۆتایی ساڵی 1996دا، نۆ پارێزگا خرانە بن یاساکەوە(ئەو یاسایە لە نۆڤەمبەری 1996 لەماردین هەڵگیرا). لە 1997دا، ئەو یاسایە لە شەش پارێزگا کاری پێدەکرا(لە ئۆکتۆبەری 1997 لە پارێزگاکانی بینگۆل، باتمانو بتلیس هەڵگیرا)، هەروەها لە 1998دا، دووبارە یاساکە لەو شەش پارێزگایە کاری پێکرایەوە.[3]**

---

[1] Gunter 1990, 83; US State Department 1999 and 2000 .

[2] Amnesty International 1996a .

[3] US State Department 1997; 1998 and 1999 .

ئاكامی ئامادەكارییەكانی حاڵەتی ئاوارتە ئەوەیە كە یاساكە لە باشووری ڕۆژهەڵاتو بەشەكانی دیكەی توركیا هەمان ئەو یاسایە نییە. وەزیری ناوخۆ بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی یاسای ژمارە 430 پێیداوە، دەتوانێت ڕێگە لە بڵاوكردنەوەی هەر بڵاوكراوەیەك لە هەرێمەكانی ئاوارتەدا بگرێت.[1]هەندێك ڕەوش تەنانەت گاڵتەجاڕییشە، بۆ نموونە، ئەو مەسەلەیەی كە لە ئامەد لەلایەن ڕۆژنامەنووس عیسمەت باكاگ لە ڕۆژنامەی "ئولكەدە گویندەم" لەمارتی 1998دا، بڵاوكرایەوە، ئەو ڕۆژنامەیە كە لایەنگریی زمانی كوردیی توركییە:

"ئولكدە گویندەم هەر لە 7ی ژوئیەی 1997ەوە بڵاوكراوەتەوە. گرفتو هەڕەشەكان دەستبەجێ دەستیانپێكرد، هەروەها لە 26ی سێپتەمبەرەوە بەپێی بڕیاری هێزەكانی ئاسایشو سوپا، دابەشكردنی ڕۆژنامەكە لە مەڵبەندەكە قەدەغەكرا. پارێزگاری باڵا بۆی شیكردینەوە كە ڕۆژنامەكە لە قازانجی مەڵبەندەكەدا نییە هەربۆیە لە :دیاربەكر، هەكاری،ڤانو شارەكانی دیكەی بن یاسای ئاوارتە قەدەغەكراوە. لەبەرئەوە هەر لەو كاتەوە بەداخەوە نەمانتوانی ئەوە چاپ بكەین كە دەماننووسی. ڕۆژنامەكەمان لە ئەستەمبوڵ، ئەنكەرەو شارەكانی دیكە ڕێگەپێدراوە، بەڵام تەنیا یەك كۆپی لەو ڕۆژنامەیە لێرە ببینرێتەوە ئەوا بەگوێرەی یاسای ئاوارتە ئۆفیسی سەرنووسەرەكەی دادەخرێتو ڕۆژنامەنووسەكانی قۆڵبەستدەكرێن. هاوڕێیەكم دوومانگ لەمەوبەر تەلەفۆنی بۆكردمو پێیوتم كە دانەیەكت بۆ دەنێرم. هێڵی تەلەفۆنەكەیان بڕیو ئەو هاوڕێیەشم دەستبەسەركرا. داواكار پەیوەندیی پێوەكردمو بەزمانیچكی هەڕەشەئامێز لەگەڵم دوا، هەرچەندە كەمن هێشتا ڕۆژنامەكەشم بەدەست نەگەیشتبوو.[2]

لەساڵی 1980دا كودەتایەكی سەربازیی لە توركیا قەوماو ئەو دەستوورەی كە

---

[1] medico international and KHRP 1997, 27 .

[2] *Ismet Bakag, interviewed in Lodenius 1998b* .

لەلایەن دەسەڵاتی سەربازییەوە لەساڵی 1982دا دەرکرا هێشتا لەکاردایە. سوپا ڕۆڵێکی ڕێبەرییانەی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی(MGK میلی جوڤینلیك كورولو) كە ڕێبەرایەتی وڵات دەكات.[1] ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بریتین لە: سەرۆك، فەرماندەكانی سوپا، هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانیی، جەندرمە، سەرۆك وەزیر، وەزیركانی ناوخۆ، دەرەوە، هەروەها بەرگریی.[2]

## سوپاو پۆلیس

وەك پێشینەیەكی ڕەوشەكەی پارێزگا كوردییەكان لە ساڵی 1992ەوە بۆ 1997، من بەكورتیی ئەو سیستمە سەربازیی و پۆلیسییەم وەسفكردووە كە لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا كاریپێكراوە.

سوپاو هێزە ئاسایشییەكان لەسەر بنەمای ڕاژەی جیهانیی سەربازگیریی زۆرەملێی كاردەكەن كە ماوەكەی 18 مانگە. ژمارەی جیاواز لەبارەی ئەو كەسانەوە هەن كە خراونەتە بەر خزمەتی سەربازیی. بەگوێرەی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ، سوپا –پیادە، دەریایی، هێزی ئاسمانیی و هەروەها پۆلیسی سەربازیی–547,000كەس لەخۆدەگرێت، كە لەوانە 410,000 كەس ڕاژەی سەربازیی ئەنجامدەدەن. لەنێوان 140,000بۆ 150,000 سەرباز لە سوپای دووەم و سێیەمی توركیی لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدان. بەگوێرەی وتارێك كە لە 25ی نۆڤەمبەری 1997دا لە ڕۆژنامەی "مللییەت"دا بڵاوكراوەتەوە، 215,000 سەرباز لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا هەیە.[3] سوپای توركیی پاش سوپای ئەمەریكیی، دووەمین سوپای مەزنە لە ناتۆدا.[4]

---

[1] Besikçi 1997b .

[2] Gerger 1997, 10-11; Randal 1997, 63 .

[3] ref. Berger et al. 1998, 13 .

[4] Amnesty International 1996b, 3; Berger et al. 1998, 49-50, 113 .

پۆلیسی نیشتیمانیی تورکیی بەشێوەیەکی سەرەکیی لە ئاسایشی شارەکان بەرپرسیارە، بەگوێرەی کورکچو، هێزی پۆلیس 120,000 کەسی هەیە، هەروەها بە گوێرەی بێرگەر، فردریك‌و سچیندێر، 150,000کەسن.[1] ئەو بەشەی کە زۆر پەیوەندیی بەم کۆڵینەوەیە هەیە بریتیە لە پۆلیسی ئاسایش یاخود میت MIT. دژە گەریلا رێکخراوێکە کە لەلایەن میتەوە ئاراستەدەکرێت، ئەوان لە کۆتایی سالانی 1970کانەوە دامەزراون.[2] بێرگەر، فردریك‌و سچیندێر، میتۆدەکانی کاری میتیان بۆ نموونە لەرووی بەکارهێنانی کۆدەکانی ناوەوە، بە گەستاپۆ لە ئەڵمانیای نازیی بەراورد کردووە. ئەوان ئاماژەیان بەوەداوە کە دەزگای میت هەروەها لەدەرەوەی تورکیاش ئۆپەراسیۆن دەکات، بۆ نموونە، ئەوان لە کوشتنی سیۆفیلۆس جورجیادیسی سەرۆکی قوبرسیی- یۆنانیی "کۆمیتەی هەماهەنگیی کوردستان"لە 20ی مارتی 1994دا، بەشدار بوون.[3]

**جەندرمە** بریتیە لە هێزی پۆلیسی ناوچە گوندنشینەکان، هەروەها ئەم هێزە لە گواستنەوەی زیندانییەکان بەرپرسیارە. دەزگا هەواڵگرییەکەی ژیتەمەJITAM / جەندرمە ئیستیخبارات تیرۆرلە موجادەلە/ رێکخراوی ئاسایشی دژەتیرۆری جەندرمە، کە لە کۆتایی سالانی 1980کانەوە دامەزراوە. بڕوا وایە کە ژیتەم لە رووداوەکانی کوشتن‌و فڕاندنەوە یان"دیارنەمانەکان"کە لەلایەن "بکەرانی نادیارەوە" ئەنجامدراون، هەروەها لە بازرگانیی هیرۆینیشەوە گلاوە. لە پارێزگا کوردییەکاندا نزیکەی 50.000جەندرمەو 40,000 پۆلیس هەن.[4] کۆمەڵەی پارێزەرانی دیاربەکر(1998) چاودێرییکردووە کە بەهۆی هێزەکانی پۆلیسەوە، ئەوانەی لێپرسینەوە بەڕێوە دەبەن، لە شەڕەکانیشدا بەشداردەبن، ئەوانە کاتێك کەسێك دەبەنە زیندان بەچەشنی گومانلێکراو مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن بەڵکو وەك

---

[1] Berger et al. 1998, 79; Kürkçü 1997, 7 .

[2] Andersson 1986, 56 .

[3] Berger et al. 1998, 100-101 .

[4] Berger et al. 1998, 113 .

دوژمنێك.

**تیمە تایبەتەکان**(ئوزەل تیم) لە نۆڤەمبەری 1993دا لەلایەن تانسۆ چیلەری سەرۆك وەزیرانەوە دامەزراوە"بۆ ئەوەی شەڕی چەکدارەکان بکەن بەی هەمان میتۆدگەلی خۆیان". ئەندامانی هێزە ئاسایشییەکان کە بە قورسیی چەکدارکراون، لەسەر جەنگی داخراو لەگەڵ گەریلاکان راهێنراون، ئەمانە لە ژێر دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆدا هەڵدەسوڕێن، لەبەرئەوەی بەشێکن لە هێزەکانی پۆلیس، هەرچەندە بەگشتیی ئەمانە بە "سەرباز" ناودەبرێن. لەساڵی 1994دا، ژمارەیان نزیکەی لەنێوان 15,000– 20.000 کەسن.[1] لە ئەپرلی 1994دا، چیلەری سەرۆك وەزیران وتی کە "رۆژانی دادێ خاڵێکی وەرچەرخان دەبێت لەبواری شەڕکردن دژی تیرۆریزم"، بەڵام بایەخداران تێبینیانکردووە کە "لەڕاستییدا، ئەو (کارگێڕییەکەی چیلەر) کۆنترۆڵی تەواوی پرسی کوردی بە دەزگای سەربازیی داوەو تەنیا چاوەڕێی ئەوە دەکات چی روودەداتو داخۆ سوپا دەتوانێت ئەو بەڵێنەی داوێتی بیهێنێتەدی."[2]

---

[1] Berger et al. 1998, 83-84; HRW/H 1994, 27; UNHCR 1994 .

[2] HRW/H 1994, 9 .

تیمە تایبەتەکان لە کوردستان بە "رامبۆکان" ناسراون. هەندێك لە کوردانیش لە تیمە تایبەتەکان کاردەکەنو ئەوان زۆر بەهادارن لەبەرئەوەی زمانی کوردیی دەزانن. ژنێکی کورد کە خزمێکی نزیکی وەك گەریلای پەکەکە گیانی لەدەستدابوو، باسی لە خزمێکی کرد کە لەگەڵ تیمە تایبەتەکان کاریکردووە:

پسمامێکم سەربازی رامبۆ بوو، ئەو ئەوکارەی لەبەر پارە دەکرد، هەندێك لە کوردان ئەوە بۆ پارە دەکەن، تورکانیش بۆ پارە دیکەنو هەروەها چونکە دەیانەوێت پشتگیریی نەتەوەی تورکیی بکەن. کاتێك لە پاش ساڵی یەکەمی بۆ پشوو گەڕایەوەماڵەوە، ئەو نەیویست بگەڕێتەوە، بە براکەی وت کە ئەوان لەپێشەوە دەنێرن(بەرەو مەترسیی). ئەوان کوردن، هەروەها ئەوان یەکەمجار رەوانە دەکەن، تەنانەت لەنێو هێزەکانی رامبۆشدا. بەڵام باوکی ناچاریکرد بگەڕێتەوە، لەپێناو پارەدا. ئەوان 50 ملیۆنیان پێدەدەن، ئەوە پارەیەکی باشە. ئێستا لەوانەیە 100 ملیۆن بێت. ئەنجا جارێکی دیکە گەڕایەوەو وتی" نە لەسەر حیسابی ژیانم" ئەو ناگەڕێتەوە...خزمێکی

ئیگناتیف وەك سەربازخانەیەکی گەورە وەسفی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای کردووە، وڕەی هێلیکۆپتەر بەئاسمانەوە، شریخەی F16 بەسەر گوندە کوردییەکانەوە، زریپۆش‌و تانکەکان لەهەر دووڕیانێکی سەرەکیی ناوچە گوندنشینەکاندا وەستاون، هەروەها لە هەر چایخانەیەکی شارەکاندا پیاوێکی بە وۆکی– تۆکی (تەلەفۆنێکی دەستییە لەلایەن پۆلیسەوە بەکاردێت) یەکەوە لێیە.[1]

دانیشتووانی فەرمیی کە لە دوازدە پارێزگای بن حاڵەتی ئاوارتەدان[2] بریتیە لە 5,073,000 کەس.[3] لە نۆزدە پارێزگای کوردیی[4] ژمارەی دانیشتووان 9,885,000 کەسە.[5] ئەوانە بەهۆی 150,000 سەرباز، 40,000 پۆلیس، 50,000 جەندرمە، 110,000 پاسەوانی گوند، هەروەها 20,000 لە ئەندامانی تیمی تایبەت لە بن کۆنترۆڵدا ڕاگیراون، کە دەکاتە 370,000 کەس.[6] ئەگەر تێکڕای ئەم پۆلیس‌و سەربازانە لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا جێگیربن، ئەوا هەریەك پۆلیس/سەرباز بۆ هەر 14 هاوڵاتییەکی سڤیل دانراون. ئەگەر تێکڕای ژمارەی ئەم هێزە ئاسایشییانە لە تەواوی پارێزگا کوردییەکان جێگیربکرێن، ئەوا هەر پۆلیس/سەربازێك بۆ 27 هاوڵاتی دەبن. سەربازان بەگوێرەی ڕەوشە سەربازییەکە لە دەگوێزرێنەوە، لەبەرئەوە ژمارەیان لە پارێزگا جۆربەجۆرەکاندا لەو

---

دیکەشم هەر سەربازی ڕامبۆیە، ئەویش هەروەها جێیهێشت. ئەو وتی زۆربەیان فاشیستن، ئەو ناتوانێت بەردەوام بێت.(ژنێك لە ئەورووپا)

[1] Ignatieff 1994, 209 .

[2] ئەم پارێزگایانە بریتین لە: باتمان، بینگۆل، بتلیس، دیاربەکر، ئیلزاك، هەکاری، ماردین، موش، سیرت، شیرناخ، تونجلی، هەروەها ڤان کە لە یاسای حاڵەتی ئاوارتەی ساڵی 1996دا هاتبوو. ژمارەی ئەو پارێزگایانەی کە ئەم یاسایە گرتویێتیەوە لەماوەی نەوەتەکاندا جیاوازە.

[3] Statistical Yearbook of Turkey 1995, 61 .

[4] وێڕای 12 پارێزگاکەی پێشوو، پارێزگاکانی دیکە کە دانیشتووانێکی زۆری کوردیان هەیە بریتیە لە: ئەدیامان، ئاگری، ئەرزنجان، ئەرزروم، غازی ئەنتاب، مەلاتیە، هەروەها سانلی ئورفە.

[5] Statistical Yearbook of Turkey 1995, 61 .

[6] Berger et al. 1998, 13, 50, 83-84, 113 .

کاتانەدا کە دروان جیاوازە. بەوەش لە کوردستان، بۆ هەر پۆلیس/سەربازێکی تورکیی، نزیکەی 14–27 هاوڵاتی هەیە، ناگونجێت ژمارەیەکی دروست بدرێت لەبەرئەوەی سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراوی دانیشتووان نییە، ژمارەی کارمەندە سەربازییەکانیش هەروەها جۆراوجۆرە.

ژمارەی کارمەندانی پۆلیس‌و ئاسایش هێندە زۆرن دەگونجێت کەسێك وا چاوەڕوان بکات کە تێکڕای تاوانباران گیراون‌و زیندانییکراون. کەچی هێشتا سەدەها حاڵەتی کوشتن لەلایەن بکەرانی نادیارەوە روودەدەن، هەروەها سەدەها کەس شوێنەون دەکرێن. لابەر لەساڵی 1994دا سەرنجی بۆ ئەم حاڵەتە ناوازەیە راکێشاوە، کاتێك هەواڵیدا کە چەند تیمێکی شاراوەی مەرگی دژە کورد بێ لێپرسینەوە هەڵدەسوڕێن وێرای ئامادەییەکی بەهێزی پۆلیس‌و سەربازێکی زۆر.[1]

سوپا، تیمە تایبەتەکان، جەندرمەو هەروەها میت بەئاشکرا بەفەرمانی حکومەتی تورکیی‌و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەڵدەسوڕێن، هەربۆیە لانیکەم هەندێك ئەگەری وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی هەڵسوڕان‌و ئەوانەی کە لەو هێزانەدا بڕیارسازن هەیە. بەڵام هەروەها رێکخراوی نیمچەسەربازیی بەهێز هەیە کە ئەندامەکانیان، شێوەی هەڵسوڕانیان، پەیوەندییان بە بژاردەی دەسەڵاتدارەوە فرە ئەستەمە لێی بکۆڵرێتەوە. گرنگترینی ئەم رێکخراوانە "گورگە بۆرەکان/ بۆزکویرتلەر" ە، بەشی چەکداری لاوانی باڵی راستڕەوی پارتی مەهەپە. گورگە بۆرەکان بڕوایان وایە کە ئەرکیانە کە"دوژمنی ناوخۆ" قەڵاچۆبکەن.[2] پێگەی گۆرگە بۆرەکان هاوشێوەی SS ی ئەڵمانیای نازییە، SS پاسەوانە بژاردەکانی پارتی سوشیالیستی نەتەوەیی بوون لەوماوەیەدا کە پارتەکە هێشتا نەگەیشتبووە دەسەلات.[3]

---

[1] Laber 1994, 47 .

[2] McDowall 1997, 411 .

[3] Lemkin 1944, 15; The New Encyclopaedia Britannica, Vol. 11, 1988, 193.

مەزەندەکردنی جۆربەجۆریش سەبارەت بە خەرجییەکانی حکومەت بۆ جەنگەکە هەیە. گوینلوك–سێنسەن لە زانکۆی تەکنیکی ئەستەمبوڵ مەزەندەیکردووە کە خەرجییە سەربازییەکانی تورکیا پێنج لەسەدی داهاتی گشتیی نەتەوەییە، بەڵام ئەم ریژەیە هەموو ئەو خەرجییە سەربازیی و نیمچەسەربازییانەی ئۆپەراسیۆنەکانی لە باشووری رۆژهەڵات نەگرتۆتەخۆ. داتایەکی بەم چەشنە لە سەرچاوە فەرمییەکاندا نین.[1] وێڕای خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگریی، هەندێك خەرجیی چەکدارکردن لە بودجەی وەزارەتی ناوخۆوەیە، کە هێزەکانی پۆلیس چەکدار دەکەن. بەگوێرەی لایزارو راندال، تورکیا زیاتر لە پێنجیەکی بودجەی نێوخۆیی خۆی لە ساڵی 1994دا بۆ شەڕکردن لەگەڵ پەکەکەدا خەرجکردووە. جەنگ لە باشووری رۆژهەڵاتدا ساڵانە هەشت ملیار دۆلار لەسەر تورکیا کەوتووە.[2] ئارتوگرول کورکچو، رۆژنامەنووسی تورکیی مەزەندەیکردووە کە لەساڵی 1993دا خەرجیی بەرگریی وئاسایش 40 لەسەدی بودجەی دەوڵەتی پێکهێناوە.[3]

جەنگەکە بە دوو شێوە کاری لە ئابووریی تورکیی کردووە. یەکەم، ئەو جەنگە پارەیەکی زۆری هەڵلوشیوە بەجۆرێك بڕی تەواوی پارە بۆ وەبەرهێنان نەماوەتەوە. خەرجیی زۆری جەنگەکە حکومەتی ناچارکردووە کە لە خەرجیی گشتیی هەر کایەیەك ببڕێت، کە ئەوەش بۆخۆی دەبێتە هۆی ناجێگیریی سیاسیی. هەشت ملیار

---

[1] Günlük-Senesen 1995, 75, 86 .

[2] Gerger 1996, 4; Laizer 1996, 83; medico international and KHRP 1996, 23; Randal 1999, 257.

تانسۆ چیلەر وتی کە تورکیا لەماوەی پێنج ساڵدا هەر لەکۆتایی هەشتاکانەوە بۆ سەرەتای نەوەتەکان 27ملیار دۆلاری لە"شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریزم"دا خەرجکردووە. بەگوێرەی راپۆرتی لیژنەیەکی پارلەمانیی، تورکیا لەساڵی 1994 دا 6 ملیار دۆلاری بۆ شەڕ دژی پەکەکە خەرجکردووە.

Günlük-Senesen 1995, 89. She is referring to Jane's Intelligence Review-Pointer, April 1994, p. 2 .

[3] Kürkçü 1996, 7 .

دۆلار واته 120 دۆلار بۆ هەر هاوڵاتییەك لە توركیادا، هەموو ساڵێك، كە لە خزمەتگوزارییەكانی: فێركردن، بایەخپێدانی تەندروستیی، گواستنەوە، هەروەها كۆڵینەوەو گەشەپێدان بێبەش دەبێت.

بەگوێرەی سەرچاوەیەكی فەرمیی، بڕی خەرجیی بەرگریی هەمیشە فرە بڵندترە لە ئەوەكەی وەزارەتی تەندروستیی. سەرنجدانێك لە بودجەی دەوڵەت بەئاشكرا پێشانیدەدات كە چۆن بایەخپێدانی تەندروستیی، بۆ نموونە، لە توركیادا پشتگوێخراوە:

**نەخشەی 4: پشكەكانی بەرگریی‌و تەندروستیی لە بودجەی گشتیی دەوڵەتی توركیی (ژمارە دانپێدانراوەكان)[1]**

| | وەزارەتی بەرگریی[2] | وەزارەتی تەندروستیی |
|---|---|---|
| 1985 | 11.6 | 2.3 |
| 1986 | 13.5 | 2.6 |
| 1987 | 11.4 | 2.9 |
| 1988 | 10.4 | 2.9 |
| 1989 | 11.6 | 1.5 |
| 1990 | 11.7 | 4.7 |
| 1991 | 10.4 | 1.3 |
| 1992 | 11.3 | 4.6 |
| 1993 | 8.9 | 3.9 |
| 1994 | 9.5 | 3.5 |

---

[1] Source: Günlük-Senesen: Some Economic Aspects of Turkish Armament Spending, p. 85 in: New Perspectives on Turkey, Fall 1995. She is referring to the Ministry of Finance: *Bütäce Gider ve Gelir Gerceklesmeleri (1924-1995)*, Ankara 1995, pp. 312-341.

[2] پشكی وەزارەتی بەرگریی تێكڕای ئەو خەرجییانەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیی‌و پارلەمانتارییانە ناگرێتەخۆ كە لەباشووری رۆژهەڵات بەڕێوەدەچن.

**دووەم، سەرچاوە ئابوورییەکانی باکووری کوردستان چیدی بەتەواویی سوودبەخش نابێت، ئەو ناوچەیەی کە وەك بەرهەمهێنەرێکی گرنگی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەکارهێنراوە. بەگوێرەی کۆمەڵەی تورکیی کشتوکاڵیی، لەساڵی 1994دا، بایی350 ملیۆن دۆلار پاشەکشە لە بەرهەمی کشتوکاڵییدا هەبووە. هەروەها کاولکارییەکی مەزنی دارستانەکان وەك رێبازێکی دژەیاخییبوون گیراوەتەبەر، سوپا ناوچەیەکی بەرفراوانی دارستانەکان دەسووتێنێت بۆئەوەی رێگە لە گەریلاکان بگرێت خۆیانی تێدا بشارنەوە. لەساڵی 1989دا، ئەوە مەزەندەکراوە کە هێزەکانی ئاسایش نزیکەی 25.000 تۆن لە داری ساڵانەی دارستانەکانیان سووتاندووە، لەهەمان کاتدا کە بەشی دارستانەکان، وەبەرهێنانی لە پاراستنی دارستانەکان لە تورکیا دەکرد، بە باشووری رۆهەڵاتیشەوە.[1]**

**ئابووریی تورکیا لەساڵانی 1990کاندا فرە لاواز بووە. بەڵگەیەکیش بۆ ئەمە بریتیە لە رێژەی بەرزی هەڵاوسان : لە ساڵی 1996 80٪ بوو، 1997 91٪ ، هەروەها لە 1998دا 54٪ بوو.[2] سیمایەکی ئابووریی دیکەی جەنگەکە بریتیە لە زێدەبوونی چالاکییەکانی بازاڕی رەش، بۆ نموونە، بازرگانیی چەك‌و مادە بێهۆشکەرەکان، هەروەها زێدەبوونی گەندەڵیی. چەندین کەس‌و کۆمپانیا هەن کە سوود لەو جەنگە دەبینن، بۆئەوان، ئاشتیی مانای کۆتایی ئەو بیزنسە قازانجبەخشە دەگەیەنێت.[3]**

---

[1] Lawyers' Association of Diyarbakwr 1998; medico international and KHRP 1996, 22-23 .

**سیستماتیکترین شێوەی سووتاندنی دارستانەکان لەلایەن سوپاوە لە پایزی 1994ەوە لە تونجلی–ئەرزنجان لە ناوچەیەکی دارستانی کەموێنە روویدا کە لەلایەن بەشی دارستانەکانەوە وەك پارێزراوەیەك دەستنیشانکرابوو..**(medico international and KHRP 1996, 23)

[2] Besikçi 1997a; US State Department 1997 and 1999 .

[3] Küpeli 1997, 20 .

## 7 . 2 . گروپە نیمچەسەربازییەکان

**حیزبولّا** گروپێکی ئیسلامیی چەکداریی چالاکە لە تورکیا، کە پەیوەندییەکی بە حیزبولّاکەی لوبنانەوە نییە. زۆربەی ئەندامەکانی کوردن. ئەوانە مێزەر بەسەرو پانتۆلّ فش‌و کوتەك بەدەستن‌و کێردی قەسابان هەلّدەگرن. ئەو تاوانی کوشتنانەی بەم کێردانە ئەنجامدەدرێن هەمیشە وەك نیشانەیەك بۆ حیزبولّا دەردەکەون. زۆربەی کوردان لەو باوەڕەدان کە حکومەتی تورکیی حیزبولّای لە سالّانی 1980کاندا دامەزراندووە بۆئەوەی هێرشی پیّ بکەنە سەر پەکەکەو لایەنگرانی. لەکاتێکدا رەخنەگران هێزە ئاسایشییەکان بە تێوەگلان لە زۆربەی کوشتنە نادیارەکان تۆمەتبار دەکەن، حکومەت ئۆبالّی زۆربەی ئەوانەی خستۆتە سەر حیزبولّا. لەسالّی 1996دا، بۆ نموونە، کەیسێکی دادگا لەسەر حیزبولّا کرایەوە سەبارەت بە کوشتنەکەی محەمەد سنجەری پارلەمانتاری DEP لەسالّی 1993دا، لەکاتێکدا گروپی مافەکانی مرۆڤ وەك کوشتنێکی نادیار لەقەلّەمیاندا. سنجەر لە شەقامێکی باتماندا تەقەی لێکراو کوژرا. لە سالّانی 1997–1998، چوار دادگایی لەسەر 89 ئەندامی حیزبولّا بەتۆمەتی کوشتنی 113 کەس هەبوو.[1]

لە گروپە نیمچەسەربازییەکاندا دەسەلّاتی رێبەرایەتیی شاراوەیە. لە باکووری کوردستان هێزە سەربازیی‌و نیمچەسەربازییەکان بیّ رێبەرایەتییەکی هاوبەش کاردەکەن، سەربازەکانی لەشکرو ئەندامەکانی تیمە تایبەتەکان لەژێر سایەی وەزارەتی جیاوازن، هەروەها پۆلیس‌و جەندرمەش. هەریەك لە گروپە نیمچەسەربازییەکان–وەك تیمە تایبەتەکان، ژیتەم، دژەگەریلاکان، گورگە بۆرەکان، هەروەها سوپای تایبەت کە لە پاسەوانی گوندەکان پێکدێن– رێکخراو

---

[1] van Bruinessen 1996b, 22; US State Department 1997; 1998 and 1999; UNHCR 1996 .

سەرکردایەتیی خۆیان هەیە، لۆردەکانی جەنگ، ئەوانەی زۆربەی جار لە ململانێیەکە قازانج دەکەن. وەزیری مافەکانی مرۆڤ، ئەلکان هاجەلئۆغلو[1] لەماوەی 8–10ی ئووتی 1995 سەردانی دێرسیمی کردو دوای سەردانەکە سەبارەت بە سەرنجی خۆی دوابوو:

" گومانێکی هاوبەش هەیە کە چۆڵکردنی گوندەکان لەلایەن ناوەندێکەوە ئاراستەبکرێت. کاتێك من لەوێ بووم، پارێزگاریش هەروەها لەو فەرمانانە سەری سوڕمابوو کە ئاراستەی گوندەکان دەکرا:" پێویستە ئەم گوندە پێش 15ی ئەم مانگە چۆڵبکرێت." بەبۆچوونی پارێزگار، ئەم فەرمانانە لە ئەفسەرە زۆر پلە نزمەکانەوە دێت کە بۆ سەرکردایەتیی مەعلوم نییە. هەرکەس دەتوانێت گوندێك چۆڵبکات."[2]

لە نۆڤەمبەری 1996دا، ڕووداوێکی هاتوچۆ لە شاری سوسورلوك لە ڕۆژئاوای تورکیا قەوما کە بەڵگەیەکی ڕوونی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ڕێکخەرانی تاوان، مەهەپە MHPو هەروەها دەسەڵاتدارە بەرپرسەکانی ئاسایش بەدەستەوەدا، بەتایبەتیی لە باشووری ڕۆژهەڵات. لەو ئۆتۆمبێلەی کە خۆی کێشابوو بە پشتی لۆرییەکی بازرگانییدا، سێ لە چوار کەسی سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکە گیانیان لەدەستدابوو، لەوانە عەبدوڵڵا چاتلی ڕابەری پێشووی گورگە بۆرەکانو چەکدارانی ڕاستڕەو کە لەلایەن ئینتەرپوڵەوە بەتاوانی کوشتنی حەوت ئەندامی پارتی کرێکاران لە ساڵی 1980دا داواکراو بوو. حوسەین کۆجەداك، جێگری پێشووی سەرۆکی پۆلیس لە ئەستەمبوڵ، هەروەها گونجە ئوز، شاجوانی پێشووو دۆستی چاتلی. ئەوەی تەنیا ڕزگاری ببوو سیدات بوجاك بوو، ئەندام پارلەمانێکی بەرەگەز کوردو سەرەکخێڵێك بوو کە پایەیەکی گرنگی بەرنامەی حکومەتی تایبەت بە پاسەوانی گوندەکان بوو. ڕاپۆرتێکی حکومیی لە یەنایەری

---

[1] هاجەلئۆغلو ئەندام پارلەمانە لە ئەستەمبوڵەوەو نوێنرایەتیی پارتی کۆماریی گەل(جەهەپە) دەکات.

[2] *Minister of Human Rights Algan Hacaloglu, ref. HRFT 1997, 96.*

1998دا سەبارەت بە رووداوەکە راگەیەندرا، وێڕای ئەو راپۆرتە پارلەمانییەی لەساڵی 1997ەوە راگەیەندرا بوو. ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان دەسەڵاتداران و باندە تاوانکارەکان بڵاوبووەوە، دڵەڕاوکێیەکی جدیی لەهەمبەر ئەو گەندەڵیی و بەدبەکارهێنانەی دەسەڵات لەلایەن هێزە ئاسایشییەکانەوە ورووژاند. محەمەد ئاکاری وەزیری ناوخۆ، پەیوەندیی بە قوربانییەکانی رووداوەکەوە هەبوو، وایکرد دەست لەکار بکێشێتەوە. لە ئەپرڵی 1998دا، کەیسێکی دادگاییان لەدژ کردنەوە. لە سێپتەمبەری 1998دا، ئەیوب ئاچیکی وەزیری دەوڵەت، لەنێو ئەو بانگەشانەی سەبارەت بە پەیوەندی ناوبراو بە عەلادین چاکجی سەرۆکی تاوانە ڕێکخراوەکانەوە هەیبووە، کە لە دەرەوە بە پاسپۆرتێکی دپلۆماسیی تورکییەوە دەستبەسەرکرا، دەستی لەکارکێشایەوە.[1] میدیای تورکیی بۆ چەند مانگێك رووماڵی ئەم هەواڵەی کرد. یەك لەو سەرنجانە ئەو هەواڵە بوو کە چاتلی بۆماوەی زیاتر لە دەیەیەك پیاوکوژی فەرمیی حکومەت بووە، وێڕای ئەو رۆڵە خراپەی ناوبراو کە لە سەرۆکاری شکاندنی زیندان لەساڵی 1978داو دەرکردنی محەمەد عەلی ئاگجەی ئەندامی گورگە بۆرەکاندا بینیوویەتی، ئەو پیاوەی کە دواتر هەوڵی کوشتنی پاپای دا. هەمیشە یەك سەرنجی بالادەست هەبوو: ڕێکخەرانی تاوان خزابوونە نێو سوپا، هێزەکانی ئاسایش، حکومەت و هەروەها پارلەمانەوە.[2]

## پاسەوانانی گوند

سەیفی جەنگیز، ئەندامی پێشووی کویرتولوس،[3] کە بۆ ماوەی سێ ساڵ پاش

---

[1] US State Department 1997 and 1999 .

[2] Randal 1999, 253 .

[3] (تورکیا هەلك کورتولوس پارتی جەبهەسی THKP-C / بەرەی-پارتی سەربەستیی گەلی تورکیی) لە ساڵانی 1960 کاندا گروپێکی چەپی چەکدار بوو کە بۆ سێ گروپ دابەشبوو:

**کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1980، جەنگێکی گەریلایی دژی هێزەکانی حکومەت ڕاگەیاند، سەبارەت بەم ماوەیە وتی:**

**" ناوچە گوندنشینەکان بایەخێکی ناوەندییان بۆ ستراتیجی گەریلایی هەیە، چونکە ناوچە گوندنشینەکان لاوازترین خاڵی دەوڵەتە. پێویستە یەکەمجار بنکەی خۆمان لە ناوچە گوندنشینەکاندا هەبێت."[1]**

**حکومەتی تورکییش لەلایەن خۆیەوە هێزی خۆی لە ناوچە گوندنشینەکاندا بە دامەزراندنی سیستمی پاسەوانانی گوند زیّدەکرد. لە 4ی ئەپرڵی 1985دا، حکومەت لەلایەن ANAP ەوە ڕێبەرایەتیی کراو تورگوت ئوزال بووە سەرۆك وەزیران، ئەوەی کە دوو بەندی بۆ یاسای گوندی تورکیی زیّدەکرد، ئەوەی هەلومەرجێکی بۆ حکومەت هێنایەئارا "کورچولوك/ پاسەوانانی کاتیی گوندەکان" لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا بەکرێ بگرێت. لە میانەی سیستمێکی نیمچەسەربازیی بۆ تەواوکاریی ئۆپەراسیۆنەکانی جەندرمەدا، پاسەوانی گوندەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە چەکدارکران‌و پارەیان پێدەدرا تا شەڕی گەریلاکان بکەن‌و ڕێگەیان لێبگرن کە نەچنە گوندەکان‌و پشتگیریی لە گوندنشینانەوە وەربگرن.[2] لەسەرەتادا، پاسەوانانی گوند تەنیا لە گوندەکانی خۆیاندا جێگیربوون، بەڵام ئێستا لە ئۆپەراسیۆنە هێرشکارییەکاندا بەشدار دەبن.[3] لەنێو ئەو 40.000 سەربازەی لە مایۆی 1997دا لەلایەن سوپای تورکییەوە ڕەوانەی باکووری عێراق کران، 10.000یان پاسەوانی گوندەکان بوون.[4]**

**مکدۆواڵ مەزەندەی ئەوەی کردووە کە لەسەرەتای ساڵانی 1990کاندا لەوانەیە**

---

کورتولوس یەك لەوانە بوو. ناکۆکیی سەبارەت بە کێشەی کورد پرسی سەرەکیی پەرتبوونەکە بوو. دواتر گروپێك کە "تێکۆشین" ی پێدەوترا لە کورتولوس جیابووەوە. جەنگیز 1996.

[1] جەنگیز 1996.

[2] Berger et al. 1998, 92; Imset 1996, 29; Muller 1996, 44 .

[3] HRW/H 1994, 25 .

[4] Hürriyet 15.5.1997, ref. Berger et al. 1998, 93.

50٪ی کوردان بێلایەن یاخود نەیاری چالاکییەکانی پەکەکە بوون.[1] حکومەت ئەم فاکتەی بەکارهێنا، وێڕای ناکۆکیی نێوان خێڵەکانی کورد، لە دامەزراندنی سیستمەکەی خۆی کە تایبەتبوو بە پاسەوانی گوندەکان، کە لەسەر بنەمای بونیاتی کۆمەڵایەتیی سوننەتیی هەرێمەکە بنیاتنرا. بەگوێرەی هەندێك هەڵسەنگاندن، 90٪ی پاسەوانی گوندەکان لەو گوندانە دەژین کە هێشتا سیستمی خێڵەکیی تێدا باڵادەستە. ئەم سیستمە بە بوونی گروپگەلێکی موڵکداری مەزن جیادەکرێتەوە کە لەدەوری سەرۆکخێڵەکان کۆبوونەتەوە، ئەوانەی کە بۆخۆیان موڵکدارن. ئەندامانی عەشیرەت زۆرجار خاوەنی زەوی نین، بەڵام لەسەر زەوی موڵکدارەکان کاردەکەن. هەرچەندە دەوڵەت زۆر لە کوردانی ناچار کردووە کە ببنە پاسەوانی گوندەکان، بەڵام لە پارێزگاکانی هەکاریو خورناك، زۆربەی خێڵەکان خۆبەخشانە بەشدارییان لە سیستمەکەدا کردووە.[2]یەك لە سیما خێڵەکییەکانی سیستمەکە ئەوەیە کە پاسەوانی گوندەکان دەسەڵاتی موڵکدارەکان زێدەدەکەن، چونکە ئەوان وەك سوپایەکی تایبەتی سەرۆکخێڵەکان هەڵدەسوڕێن. حکومەت موچەی ئەو پاسەوانانە دەدات- کە لە ساڵی 1997دا نزیکەی 110-135دۆلار بوو لە مانگێکدا- بەڵام زۆربەی جار موچەکان بەمۆڵیی بە سەرۆکخێڵەکان دەدرێت، ئەوانەی کە بەشێکی زۆری ئەو پارەیە بۆخۆیان هەڵدەگرن. بۆ نموونە، سیدات بوجاك کە سەرۆکخێڵەو تەنیا رزگاربووی رووداوەکەی سوسورلوکە، فەرماندەی دەهەزار پیاوی چەکدارە. کاتێك پاسەوانی گوندەکان وەك سوپایەکی تایبەت بەکاربهێنرێت هەروەها مانای ئەوەیە کە سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان نییە. لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکانی ساڵی 1993دا، زۆر لەو موڵکدارانەی کە چالاکانە پشتگیریی بەرنامەی پاسەوانی گوندەکانیان دەکرد، وەك سەرۆکی شارەوانیی هەڵبژێردران. بێشکچی ئەم موڵکدارانەی بە "چینی بەکرێگیراو" ناودەبات، چونکە

---

[1] McDowall 1992, 47 .

[2] HRW/H 1994, 26 .

**ئەوانە لەگەڵ بونیاتی دەسەڵاتی دەوڵەتدا هاوکاریی دەکەن.**[1]

**پاسەوانی گوندەکان لەوناچانەدا پەروەردەبوون کە تێیدا راژە دەکەن، هەروەها ئەوان شارەزای چیاکان بوون. سەربازانی تورك لە رۆژئاوای وڵاتەوە دەهاتن و زۆربەیان لەشارەکاندا مەزن ببوون، هەربۆیە ئەوانە بێ رێبەری پاسەوانی گوندەکان نەیاندەتوانی لەو چیا و چۆڵەدا بگەڕێن.**[2]

**" دەوڵەتی تورکیی بێ پاسەوانی گوندەکان ناتوانێت لەوێ هەڵسوڕێت. چیاکانی ئێمە تەواو بڵندو فرە سەختە. خەڵك تەنانەت ناتوانن لەوێ بشڕۆن، هەربۆیە زۆر زەحمەتە. پاسەوانی گوندەکان ناوچەکە دەناسن، ئەوان لەوشوێنەدا گەورە بوون. سەربازەکان بێ ئەوان ناتوانن کاری خۆیان بکەن. گەر شتێك رووبدات لەپێشدا پاسەوانی گوندەکان دەنێرن. هەربۆیە ئەوان یەکەمین جار دەمرن. هەروەها ئەوان ئەو شتە دەزانن. ئەگەر گرفتێك هەبێت ئەوە ئەوانن کە سەرزەنشت دەکرێن...لە میدیاکانی تورکەوە ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە ئۆباڵی شکستەکان لە ئەستۆی پاسەوانی گوندەکانە."**[3]

**ئامانجی سیستم ئەوەیە کە گوندە کوردییە** "باشەکان" **لە** "خراپەکان" **جیابکاتەوە. سیستمی پاسەوانی گوندەکان دیاردەیەکە کە جەنگێکی ناوخۆیی بۆ کۆمەڵگایەکی سیڤیل هێناوە، ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی بەسەر چەند گروپێکدا دابەشکردووە کە لەگەڵ یەکدا بەشەڕدێن– ئامانجی حکومەتی تورکیی ئەوەیە"لێگەڕێ کوردان یەکتری بکوژن." ئەم سیستمە برینێکی هێندە قووڵی کردۆتە جەستەی کۆمەڵگای کوردیی کە ئەگەر بێتو رۆژێك جەنگەکە بە قازانجی کورد کۆتایی بێت، ساڕێژکردنی برینەکان پێویستی بە زیاتر لەو شێوە کۆمسیۆنی راستییەی باشووری ئەفەریقا هەیە.**

**لەڕووی تیۆرەوە، چەکهەڵگرتن لەڕیزی پاسەوانی گوندەکاندا کارێکی خۆبەخشانەیە، بەڵام رەتکردنەوەی بەشدارییکردن لە سیستمەکە لەلایەن تاکەکان**

---

[1] Berger et al. 1998, 14, 95- 98; Kirisçi and Winrow 1997, 132 .

[2] Berger et al. 1998, 90 .

[3] **ژنێك، ئەوروپا.**

یان گوندەکانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکییەوە بە پشتگیرییەکی ناچالاك یان چالاکی پەکەکە لەقەڵەم دەدرێت.[1]

دەسەڵاتدارانی تورکیی لە دامەزراندنی ئەم سیستمەدا ناکۆکیی و ناتەبایی نێوان خێڵە کوردییەکانیان قۆزتۆتەوە، ئەو ناکۆکییانەی زێدەبوون و قووڵتر بوونەتەوە. عوسمان بایدەمیر، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی تورکیی مافەکانی مرۆڤ IHD لقی دیاربەکر، شرۆڤەیکردووە:

" لە هیچ مەڵبەندێکدا خەڵکی بە ویستی خۆیان نەبوونەتە پاسەوانی گوندەکان، کوردان هێشتا لەنێو سیستمی عەشیرەتییدان، لە سیستمێکی دەرەبەگایەتییدا. لە هەندێك

[1] UNHCR 1994 .

پاسەوانی گوندەکان لە پێنج گوندی پارێزگای شیرناخەوە شکایەتیان لە گرفتانەکرد کاتێك دەیانویست واز لە پاسەوانی بێنن. ئەو نامەیەی خوارەوە لە 19ی سێپتەمبەری 1991دا نێردراوە بۆ والی شیرناخ، پارێزگاری هەرێمی ناوچەی ئۆهال، هەروەها دەسەڵاتدارانی دیکەی تورك، باڵیۆزخانەکان و رێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤ:

" بۆماوەیەك وەك پاسەوانانی گوند کارمانکرد. هەر زوو کە دەستمانپێکرد، پەیوەندییمان لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکەی خۆمان و ئەوەکانی دراوسێمان رووی لە خراپیی کرد... گوندنشینەکان کەوتنە ئەوەی کە یەکتری تۆمەتبار بکەن...ئێمە چیدی ناتوانین سەردان بکەین و بچین لەبازاڕەکان شت بکڕین. وەك پاسەوانانی گوند لەلایەن خەڵکەکەوە بۆیکۆت کراوین...وەك پاسەوانانی گوند، ئێمە زۆربەی جار خراوینەتە ژێر چاودێرییەوە بێئەوەی خێزانەکانمان لەوە ئاگادار بکرێنەوە. هەروەك ئێمە کاتێك چووینە سەربازخانەی باسە لە گوچلوکئۆناك بۆئەوەی چەکەکانمان رادەستکەینەوە. بەڵام ئەوان وێڕای هەموو تکایەکمان ئەوەیان رەتکردەوە...دەوڵەتی تورکیی تا ددانەکانی چەکدارە، دەوڵەت هەزارەها و هەزارەها پۆلیس و جەندرمەی هەیە. دەوڵەت چ پێویستییەکی بە ئێمەیە؟ ... لەوکاتەوەی کە وەك پاسەوانانی گوند کاردەکەین، هەرچییەکمان هەبووە لەدەستمانداوە. تەنانەت منداڵەکانیشمان خەریکن سوکایەتییمان پێدەکەن، ئەگەر بۆیان بکرێت دەشمانکوژن...خوازیارین حکومەت گوێ لە داواکارییەکەمان بگرێت و چەکەکانی وەربگرێتەوە."

ref. Kurdistan Committees 1992, 10 .

ناوچە گرفت لەنێوان عەشیرەتەکاندا هەیە. سیستمی پاسەوانی گوندەکان تەنیا ڕێگەیەکە بۆ قۆزتنەوەی ئەم ناکۆکییانە. ئەو خەڵکانەی کە بوونەتە پاسەوانی گوندەکان هەروەها دەستیاکردووە بەوەی تاوانی دیکە ئەنجامبدەن."[1]

لە مارتی 1997دا، سەردانی گوندی سامانیۆڵوم لە باتمان کرد، کە هەڵگرتنی چەکیان لە پاڵ سوپای تورکدا پەسەندکردبوو. لەگوندەکەدا نزیکەی هەزار کەسێکی تێدا بوو، لەوانە 26 پاسەوانی گوندی بەکرێگیراوی تێدا بوو، لەگەڵ پێنج پیاودا کە خۆبەخشانەو بێبەرامبەر ئەو کارەیان دەکرد. هیچ ڕاهێنانێکی تایبەت نەبوو بۆئەوەی ببیت بە پاسەوانی گوند، تەنیا داوا ئەوەبوو کە پێنج قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبێت. لەبەرئەوەی لە گوندی سامانیۆڵو کە ڕازییبوون ببنە پاسەوانی گوند خوێندنگای لێنەبوو، ئەوە روون نەبوو کەوا داخۆ ئەو 31 پیاوە چوونەتە خوێندنگا. پاسەوانی گوندەکان مانگانەکەیان بە موچەیەکی باش دەزانی، هەروەها ئەوان کاتی زیادەیان هەبوو لە کێڵگەکاندا کاربکەن. لەگوندەکاندا خانووی نوێ خەریك بوو بنیاتدەنرا، هەروەها گوندییەکان خوێندنگایەکیان بە پێنج مامۆستاوە لەگەڵ بنکەیەکی تەندروستیی پێگەیشت، هەرچەندە ئەوەکەی دواییان بەکارنەدەهێنرا، چونکە ئەو دکتۆرو دوو پەرستارەی کە دەبووایە بهاتنایەتە گوندەکە ئامادەنەبوون بێن. سەرۆکخێڵێك، کە پیرەمێردێکی شەست ساڵەی خاوەن دوو ژن و نۆزدە منداڵ بوو، بەئامادەبوونی دە ئەندامی میت و پازدە جەندرمە، بڕیاری گوندمشینەکانی بۆ پەیوەستبوون بە سیستمەوە شرۆڤەکرد:

" ئێمە لەبەر قازانج ئەوە ناکەین. ئێمە لەنێوان دوو ئاگرداین. من هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەم نییە، پاش ئەوەی پەکەکە خۆم و دوو کوڕەکەمیان بۆ ماوەی 24 سات خستە زیندانەوە. بەڵام لەسەرەتادا زەحمەت بوو. پەکەکە هەڕەشەیان کرد گوندەکە بسوتێنن. ئێمە پێمان وتن کە تەنیا دەمانەوێت گوندەکەمان بپارێزین. ئەگەر پەکەکە ببینین بەناو کێڵگەکانماندا دەڕۆن و لێمان بەدوور دەبن و هێرش ناکەنە سەرمان، ئەوا هیچ شتێك

[1] *Osman Baydemir, interviewed in Lodenius 1998a*.

ناکەم. بڕیارێکی فرە سەختە پیاو ببێت بە پاسەوانی گوندەکان. لەڕاستییدا، هەڵگرتنی چەك دژی خەڵکەکەی خۆمان شەرمەزارییە بەڵام چ ڕێگەچارەیەکیش نییە."[1]

ئامانجی پەکەکە بەدەستهێنانی پشتگیریی گوندنشینەکانو ڕێلێگرتنیان بوو لەوەی بە سیستمی نیمچەسەربازییەوە پەیوەستبن. لەساڵی 1987دا، بڕیاری پەکەکە لەمەڕ پاسەوانانی گوند بریتیبوو لە تارومارکردنی بەکۆمەڵیان. ئەم شێوە ڕێلێگرتنەیان دڵڕەقانە بوو. ئەو گوندانەی پاسەوانانی گوندیان هەبوو هێرشیان دەکرایە سەر. هاوکارانی حکومەت دەکوژران و زۆربەی جار تەواوی خێزانەکانیشیان دەکوژران. لە چەندین حاڵەتدا خانووەکان دەسوتێنرانو کاول دەکران، هەروەها گوندنشینان ناچار دەکران هەڵبێن. لەکاتێکدا سەربازانی تورکیی لەلایەن پەکەکەوە دیلدەکران ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا، پاسەوانە گیراوەکانی گوند دەستبەجێ گوللەباران دەکران.[2] هەندێك لە پاسەوانانی گوند بەوە ناسرابوون کە باجیان بە پەکەکە دەداو تەنانەت فیشەكو تەقەمەنیشیان دەدانێ بۆئەوەی لە سزاو تۆڵەسەندنەوەیان دوور بن.[3]

ژمارەی پاسەوانانی گوند بەخێرایی لەزێدەبووندا بوو، لەساڵی 1987دا نزیکەی 6000 پاسەوان بوون، لە 1990دا نزیکەی 24.000، لە 1995دا نزیکەی 70.000، هەروەها لە 1997دا نزیکەی 110.000 کەس بوون.[4] ئەوان وا ناسراون

---

[1] a village guard in Samanyolu, interviewed in Backström 1997 .

[2] Imset 1996, 24; HRW/H 1994, 26 .

[3] Rugman 1996, 34 .

[4] Berger et al. 1998, 13; Gunter 1990, 81; McDowall 1992, 47; HRFT 1997, 134; Imset 1996, 29 .

لە ساڵی 1995دا، ژمارەی پاسەوانانی گوند بەپێی پارێزگاکان بەم چەشنە بوو: باتمان 3.487 ، بینگۆل 2.715 ، دیاربەکر 5.858 ، هەکاری 7.263 ، ماردین 3.738 ، سیرت 4,801 ، شیرناخ 7.597 ، تونجلی 384، ڤان 7.936، ئەدیامان 1.655، ئیلزاگ 2.320 ، موش 2.053، ئاگری 1.969، غازی عینتاب 646، ماراس 2.350، قارس 691، ئاردەهان 125، ئیگادیر 423،

کە لەنێو هێزە ئاساییشییەکانی حکومەتدا لانیکەمی ڕاهێنانو دیسپلینیان هەیەو هەروەها بەردەوام بە گەندەڵکاریی، تاوانی گشتیی، هەروەها پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتبار دەکرێن. پاسەوانانی گوند لە تاوانێکی بەو چەشنانەی وەك قاچاخچێتیی، دزیی، تالانیی، هەڵگرتنی ژنانو لاقەکردن تێوەگلاون.[1] سنان یارلیکایا، جێگری سکرتێری پارتی جەهەپە، لە ئووتی 1997دا ڕایگەیاند کە "پەکەکە بۆ دەوڵەت مەترسییە، بەڵام پاسەوانانی گوند بۆ خەڵکەکە."[2] لەساڵی 1995دا، لیژنەی پارلەمانیی بۆ لێکۆڵینەوە لەو کوشتنانەی لەلایەن بکەرانی نادیارەوە ئەنجامدەدران، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا داوایکرد کۆتایی بە سیستمی پاسەوانانی گوند بهێنرێت لەبەرئەوەی پاسەوانانی گوند ئەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە لە تێوەگلان لە قاچاخچێتیی و پەلاماردانی گوندەکاندا بەکاردەهێنن.[3] یەك لە هۆکارەکانی ئەم گرفتانە ئەوەیە کە کۆنترۆڵێکی مەدەنیی بەسەر سیستمی پاسەوانانی گونددا نییە.[4]

هەروەها سیستمەکە لەنێو خەڵکانی تورکیشدا بووە جێی ڕەخنەیەکی زۆر. یەك لەو هۆکارانە ئەو ترسەیە کە پاسەوانانی گوند لەکاتی هەلومەرجە قەیرانا وییەکاندا ملکەچی دەوڵەت نەبن. لەساڵی 1991دا، لەباکووری عێراق، ئەوە پاسەوانی گوندەکان بوون، نەك پێشمەرگەکانی پدك و ینك، کە ڕووی تفەنگەکانی خۆیان کردە سوپای عێراقیی، کاتێك ئەو سوپایە قەیرانی ئۆتۆنۆمیی کوردیی پاش

---

مەلاتیا 1.402، هەروەها ئورفە 1.109. ئەو ژمارە کەمەی تونجلی بڕواپێکراو نییە. لەبەرئەوەی تونجلی ناوچەیەکە نزیکەی بەردەوام شەڕی لەنێوان ئارگەکەو هێزە ئاساییشییەکاندا لێ دەقەومێت، هەربۆیە چاوەڕواندەکرێت پاسەوانانی گوندی زۆری هەبێت. (HRFT 1997, 134).

[1] Berger et al. 1998, 94; KHRP 1996, 5; US State Department 1998 .

[2] Yeni Yüzyil 11.8.1997, ref. Berger et al. 1998, 92 .

[3] HRFT 1997, 133 .

[4] Vermoth-Mangold 1998, 19 .

جەنگی کەنداوی دامرکاندەوە. لەساڵی 1993دا، کاتێك تانسۆ چیلەر بووە سەرۆك وەزیران‌و سەرکردایەتیی حکومەتێکی هاوپەیمانیی کرد کە پێکهاتبوو لە DEP /پارتی ڕێگای ڕاست‌و SHP پارتی سۆشیال دیموکراتی گەل، ئەو بەڵێنیدا کە سیستمی پاسەوانانی گوند هەڵدەوشێنرێتەوە، بێئەوەی کاتی هەڵوەشاندەنەوەکەی دیاری بکات.[1] لەساڵی 1994دا، هەروەها سەرۆك دەمیرئەل بەڵێنیدا کۆتایی بە سیستمی پاسەوانانی گوند بهێنێت.[2]

## 7 . 3 . میتۆدەکانی ناچالاکهێشتنەوە کە دژی خەڵکی سڤیل گیراوەتەبەر

### وێرانکردنی گوندە کوردییەکان

سەرۆك ئوزال پشتگیریی لە ڕاگواستنی بەکۆمەڵ وەك هەنگاوێك بۆ تواندنەوەی کوردان کرد، مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ‌و هەروەها KHRP ئاماژەیان بە نامەیەکی ئوزال داوە، کە پاش مردنەکەی لە نۆڤەمبەری 1993دا لە "تورکیش پرۆب"و "تورکیش دەیلی نیوز"دا بڵاوکراوەتەوە. ئوزال لە نامەکەیدا مەزەندەی ئەوەیکردووە کە ئەو گوندنشینانەی پێویستە ڕابگوێزرێن لە 200.000 تێپەڕناکەن، هەروەها وتویەتی کە کارێکی بایەخدارە ئەوانە لەپێشیی لەسەرکاردامەزراندنیان هەبێت. ڕاگوازستنەکە دەبێت هەمیشەیی بێت: " ڕێگە لە گەڕانەوەی خەڵکە خۆماڵییەکە بگیرێت بگەڕێنەوە هەرێمەکە، بنیاتنانی ژمارەیەکی زۆر لە بەنداوەکان لە شوێنی شیاودا تەنیا ئەلتەرناتیڤە."ئوزال مەزەندەیکرد کە بە بەخشینی نموونەی ئابوورییەکی درێژخایەنی کۆچبەری ڕوو لە ڕۆژئاوا، تەنیا دوو یان سێ ملیۆن کورد لە ئایندەدا لە هەرێمەکە نیشتەجێ دەکرێن.[3]

---

[1] Avebury 1995 .

[2] Laber 1994, 47; HRW/H 1994, 7 .

[3] medico international and KHRP 1996, 18 .

چۆڵکردنی ئۆردوگا مرۆییەکان وایکرد گونجاوبێت لەساڵی 1987دا بەپێی یاسای حاڵەتی ئاوارتە لە بڕیاری ژمارە 285، کە دەسەڵاتی بەخشیە پارێزگاری هەرێمی حاڵەتی ئاوارتە فەرمانی چۆڵکردنی کاتیی یان هەمیشەیی گوندو ناوچەکان بەقازانجی "ئاسایشی گشتیی" دەربکات.[1] لەڕاستییدا چۆڵکردنی گوندەکان نزیکەی پێشتر دەستیپێکردبوو. لەماوەی هەشت هەفتە لەپاش یەکەمین پەلاماری هێزەکانی پەکەکە بۆسەر سەربازە تورکییەکان لە ئووتی 1984دا، حکومەت بڕیارییدا کە بەدرێژایی سنووری خۆی لەگەڵ عێراقدا– لەکاتێکدا بڕوا وابوو کە یەکەمین پەلامار لەوێوە هاتووە– چوارچێوەیەکی خۆپارێزیی لە 50 گوندی سنووری پێکبهێنێت.[2]

لەساڵی 1992دا، لەشکری تورکیی گۆڕانکاریی لە ستراتیجیی دژەیاخیبوونی خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ پەکەکەدا ئەنجامدا. یەکەکانی سوپا، کە لەماوەی پێشوودا ستراتیجییەکی کاردانەوەیی گرتبووەبەر، تاکتیکەکانی خۆی گۆڕیی"جەنگ بگوازێتەوە بۆ پەکەکە". ئەوان دەبوو بەدوای پەکەکەدا بگەڕێن‌و هێرشبکەنە سەر حەشارگەی گەریلاکان لە ناوچە شارنشینەکان‌و هەروەها ئەو گوندانەش بەزۆرەملیٚ چۆڵبکرێت کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت پشتگیریی بۆ پەکەکە دابینبکەن. فریمان دەڵێت کە سوپا بڕیاریداوە ئەو گوندانە چۆڵبکات کە لەبەرزاییەکی دیارییکراودان بۆئەوەی گەریلاکان بهاوێتە دەرەوەی لوتکەکان. هەروەها سوپا دەستیکرد بە بەکارهێنانی میتۆدی ململانێی توندی نزمەئاست. ئەم ستراتیجییە لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا لەلایەن تورگوت ئۆزال‌و هەروەها فەرماندەی باڵای جەندرمە ژێنراڵ ئەشرەف بتلیسی، رووبەڕووی بەرهەڵستکارییەکی بەهێز بووەوە. ئەو دووانە هەردووکیان لەساڵی داهاتوودا

[1] Akduvar v. Turkey 1996, 9; McDowall 1992, 48; medico international andKHRP 1996, 5 .

[2] medico international and KHRP 1996, 7 .

مردن.[1] میتۆدەکە کە بۆ راگواستنی دانیشتووانی کورد بەکارهێنرا هەمان ئەوەکەی "کۆنترۆڵی دانیشتووان‌و سەرچاوەکان" کە سوپای ئەمەریکا لە فلیپین لەساڵی 1898 و دواتریش لە ڤێتنام‌و سلڤادۆر بەکاریهێنا.

بەگوێرەی مێدیکۆ ئینتەرناشتاڵ‌و هەروەها KHRP ، لەساڵی 1990دا، گوندەکانی باکووری کوردستان زۆر دەگونجا چۆڵبکرێت لەکاتێکدا:

1- ئەو گوندانەی نزیکن لە پەکەکەو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە حەشارگەی خواردن‌و تەقەمەنییان تێدا دەدۆزرێتەوە.

2- ئەو گوندانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرێت هاوکاریی لۆجستیی پێشکەشی پەکەکە بکەن.

3- ئەو گوندانەی لە ناوچەی چالاکییەکانی پەکەکەوە نزیکن.

4- ئەو گوندانەی لەسنوورەوە نزیکن.

5- ئەو گوندانەی دانیشتووانەکەی پەیوەستبوونیان بە پاسەوانانی گوندەوە رەتکردۆتەوە.[2]

رێکخراوی IHD و KHRP، هەروەها رێکخراوەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ بڕێکی زۆری زانیارییان لەوبارەیەوە دابینکردووە کە چۆن گوندەکان وێران دەکرێن. گوندی کێلەکچی لە پارێزگای دیاربەکر لەساڵی 1992دا راگواسترا. ئەوەی یەکەمین گوند بوو پەنابەرێتە بەر دادگای ئەورووپای مافەکانی مرۆڤ[3] کە دەوڵەتی

---

[1] Freeman 1999; Kürkçü 1997, 8-9 .

[2] medico international and KHRP 1996, 9 .

[3] هەر لەساڵی 1987وە هاوڵاتیانی تورکیی مافی ئەوەیان هەبووە ئەرزوحاڵی تایبەت بۆ دادگای ئەورووپیی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ستراسبێرگ بنێرن. لەنێوان 1991و ئۆکتۆبەری 1995دا لانیکەم 778 کەیس دژی کۆماری تورکیا پڕکراوەتەوە، کە زۆربەی ئەوانە پەیوەندییان بەو جەنگەی باشووری رۆژهەڵاتەوە بووە. بەتایبەتیی سوتاندن‌و راگواستنی گوندەکان.

تورکیی ریسوا بکاتو قەرەبوی زیانەکانی گوندنشینان بکاتەوە. لەماوەی دادگاییکردنەکەدا کەیسی گوندنشینان شرۆڤەی چۆنێتیی سووتاندنی گوندەکەی کرد:

" لەئێوارەی 10ی نۆڤەمبەری 1992دا، ئەندامانی "تیمە تایبەتەکان"ی لەشکر چوونە نێو گوندی کێلەکچی و فەرمانیان بە سەرۆکی شارەوانییدا کە دەستبەجێ تەواوی دانیشتووانەکە رابگوێزێت. لەکاتێکدا سەرۆکی شارەوانی دەیویست خەڵکەکە پێکەوە بانگ بکات، سەربازەکان ئاگریان لە ژمارەیەك ماڵ بەردا، لەوانە ماڵی ئەوانەی ئەم داوایەیان بەرزکردۆتەوە. تەواوی نۆماڵ بەهەموو کەلوپەلەکانییەوە سووتێنرانو لەگەڵ زەوی تەختکران. لەئاکامدا، زۆربەی داواکەران روویان لە دیاربەکر کرد، لەوێ هەندێکیان چوونە لای خزمەکانیان. باقی دیکە بێ جێو رێ مانەوە. لە 6ی ئەپرڵدا هێزەکانی ئاسایش گەڕانەوە بۆ گوندەکەو باقی خانووەکانی دیکەیان گڕتێبەردا. کێلەکچی لەپێشوودا 500 دانیشتووانی هەبوو، ئەمێستا بەتەواویی چۆڵە."[1]

ژنێك کە لە گوندێکی دیکەوە راگواسترابوو گێڕایەوە کە چۆن گوندنشینان رێگەیان پێنەدراوە هیچ شتێك لەگەڵ خۆیاندا ببەن لەکاتێکدا سەربازەکان ناچاریانکردوون ماڵەکانیان جێبهێڵن:

" سەربازەکان هەمووشتێکیان لە گوندەکەدا سوتاند، لەوانە ئاژەڵەکان، کەلوپەلو جلوبەرگەکانیشمان. ئێمە کەرێکمان هەبوو ئەویشیان کوشت. کێڵگەکانمان سوتێنران، هەروەها رێگەمان پێنەدرا سەوزەش لە کێڵگەکانمانەوە بەرین. سەربازەکان بۆ ماوەی سێ رۆژ لە گوندەکەدا مانەوە، ئنجا خەڵکەکە روویان لە ئامەد کرد."[2]

عوسمان بایدەمیر سەر بە IHD لە دیاربەکر لە راپۆرتێکیدا دەڵێت کە سوپا لە هەوڵی ناچارکردنی خەڵکیدایە کە ببنە پاسەوانی گوندەکان، ئەوانەی رازیی دەبن

---

HRW/H 1996, 13).

[1] Akduvar v Turkey 1996, 5 .

[2] ژنێك لە ئامەدەوە.

ڕێگەی پاراستنی ماڵەکانیان پێدەدرێت، لەکاتێکدا لە هەمان گوندا ئەوانەی ڕەتیانکردۆتەوە ببنە پاسەوانی گوند، ماڵەکانیان دەسوتێنرێت. سوپا هەندێك گوندی بەتەواویی وێرانکردوون. ژنێکی راگواستراو کە من ئەوم لە ئامەد بینی پێی وتم کە هەندێك خەڵك لە گوندەکەی ئەو هەڵاتوونەتە ئامەد، لەکاتێکدا خەڵکانێکی دی بەوە رازییبوون ببنە پاسەوانی گوند. ئەوانە لە گوندەکەدا ماونەتەوەو دەستیان بەسەر کێڵگەی ئەوانەشدا گرتووە کە گوندەکەیان جێهێشتووە. هەندێکجار لەشکر مایانیان لە دەوری کێڵگەکان چاندووە بۆئەوەی ڕێگە لە گەڕانەوەی گوندنشینان بگرن‌و "زەوی بێ کەسە" بێننەئارا، کە پەکەکە نەتوانێت بەکاریبێنێت.[1]

بەگوێرەی مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ‌و KHRP، هەر لەساڵی 1990وە چاودێرییکردنی راگواستنی گوندەکان فرە ئەستەم بوو بەهۆی کۆت‌وبەندی حکومەت‌و ڕێگرتنی لە دزەکردنی هەواڵ لەبارەی ڕەوشەکەوە. لەسەرەتای ساڵانی نەوەتەکاندا سیاسەتی حکومەتی تورکیی بریتیبوو لە نکۆڵییکردنۆی راگواستنەکان، تاکو ساڵی 1994 حکومەت بە ئاشکرا دانی بە راگواستنی گوندەکان وەك بەشێك لە ستراتیجی شەڕ دژی پەکەکەدا نەنا.[2] هیچ سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو سەبارەت بە راگواستنی گوندەکان لەبەردەستدا نییە. دەزگای تورکیی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەم ژمارانەی خوارەوەی بەدەستەوەداوە: سوتاندن‌و راگواستنی گوندەکان لە ساڵی 1991 دەستیپێکردووە، لە 1993دا، 871 گوند راگواستراوە، بەگوێرەی داتایەکی فەرمیی لەساڵی 1994دا 2.115 گوند راگواسترابوون، هەروەها لە ژونی 1995دا، ژمارەکە گەیشتە 2.505 گوند.[3]

لە ئووتی 1995، ئەلگان هاجەلئۆغلو، وەزیری پێشووی دەوڵەت بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەراوردی ڕەوشی خەڵکە سڤیلەکەی تونجلی بە پەنابەران لە بۆسنەو

---

[1] Kurdistan Committees 1992, 9 .

[2] medico international and KHRP 1996, 9 .

[3] HRFT 1997, 98 .

فەلەستین کرد:

"دیمەنەکانی خەڵك لە تونجلی کەمێك لەوەکەی بۆسنەو فەلەستین لەڕووی برسێتیی‌و نەهامەتییەوە جیاوازە. بەڵێ بۆ خەبات دژی تیرۆر، بەڵام مافی پەنادان‌و گوزەران‌و ژیان پێویستە لەبەرچاوبگرێت. ئەگەر تورکیا بەمە بڵێت نەخێر، ئەوا مافی ئەوەی نییە بە یەکێتیی ئەوروپاوە پەیوەست بێت."[1]

لە بالکان، ماڵە چۆڵەکانی ئەندامانی گروپێکی ئیتنیی کە هەڵاتبوون یاخود کوژرابوون زۆربەی جار بە خێرایی لەلایەن ئەو خەڵکانەوە پڕدەکرایەوە کە لە ماڵەکانی خۆیانەوە هەڵاتبوون. لە کوردستان ئەمە روویندەدا، گوندە سوتێنراوەکان وەك خۆیان مانەوە. تورکان نەیاندەویست بچنە باشووری رۆژهەڵات، وێڕای ئەوەی بێکاریی لە رۆژئاوای تورکیاشدا گرفتێکی مەزن بوو، هەروەها کەمیی کرێکاری هونەریی لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا هەبوو. لە ساڵی 1994دا، جێری لابەر چاوی بە چالاکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا کەوتووە، ئەوانەی کە پێیان وتووە :" ئەمە پاکتاوی ئیتنیی نییە، ئەمە پاکتاوی مرۆییە. گوندەکان کەسی دیکەیان تێدا نیشتەجێ ناکرێتەوە، بەڵکو وێراندەکرێن."[2]ئەو پلانانەی لە سەرەتای ساڵانی 1930کانەوە دانرابوون هەنووکە جێبەجێدەکرێن: لە ژونی 1934دا، یاسای ژمارە 2510 پلانێکی راگەیاند بۆ دابەشکردنی تورکیا بۆ سێ هەرێم، هەرێمی سێیەم "ئەو ناوچەیە بوو کە دەبوو بەتەواویی چۆڵبکرێت."[3]

## "گەمارۆی خۆراك"

سوپا هەروەها فشاری ئابووریی‌و سایکۆلۆجیی بەکاردەهێنا بۆ ناچارکردنی خەڵك تا گوندەکانیان جێبهێڵن.لەشکر گەمارۆی هەندێك گوندی دەدا، ئامانجی

---

[1] Algan Hacaloglu, Cumhuriyet 13.8.1995, ref. HRW/H 1996, 12 .

[2] Laber 1994, 47.

[3] Kendal 1980b, 66-67 .

ئەمەش بێبەشکردنی گوندنشینان بوو لە پێویستییەکانی گوزەرانیان‌و ئەوەش ناچاریان دەکات گوندەکەیان چۆڵبکەن. لەماوەی گەمارۆداندا هیچ گوندنشینێك ناتوانێت بێ مۆڵەت لە گوندەکەی خۆی بچێتە دەرەوە. دەشێت جووتیاران نەتوانن کێڵگەو رەزەکانیان بکێڵن، نەتوانن ئاژەڵەکانیان بدۆشن یاخود بیانبەنە لەوەڕگاکان. کڕینی خۆراك لە شارو سەردانی پزیشك تەنانەت بۆ خەڵکانی نەخۆشیش قەدەغەکرابوو.[1] ئەم پرۆسەیە هەروەها "گەمارۆی خۆراك"ی پێدەوترێت، کە لە پارێزگای شیرناخ لەساڵی 1992دا بەکارهێنراو لە ساڵی دواتریش لە شیرناخ‌و هەکاری. لە ئووتی 1994دا، هێزە ئاسایشییەکان گەمارۆی ئابوورییان سەپاند بەسەر 117 گوند لە پارێزگای بینگۆل. لەماوەی گەمارۆکەدا، گوندنشینان دەبوو لیستێك لە پێویستییەکانیان بدەن بە بنکەی جەندرمەو هەروەها بەدەستهێنانی ئەو پێویستییانە ملکەچی بڕیاری ملهوڕانەی جەندرمەکان دەبوو. ئەگەر مۆڵەت یان بەڵگەیان پێ نەدرایە، زۆربەی گوندنشیان ناچاربوون شمەکەکانیان بفرۆشن‌و بەدەستی بەتاڵ بەرەو گوندەکانیان بگەڕێنەوە. ئاکامی ئەم جۆرە ئاکارەش ئەوەبوو کە خەڵکەکە ئازاری برسێتییان دەچەشت‌و دواجار کۆچیاندەکرد.[2]

ئاماژەگەلێك بە بەکارهێنانی تەکتیکی گەمارۆ هەیە تەنانەت پێش ساڵی 1992. بۆ نموونە، جێری لابەر کە بەخۆی لەساڵی 1988دا بە نێو کوردستانی بەشە تورکییەکەدا گەشتی کردووەو سەردانی دێرسیم‌و ماردینی کردووە، نووسیویەتی کە زۆربەی وڵاتەکە وایپێدەچێت لەژێر حاڵەتی گەمارۆیەکی بەردەوامدا بێت.[3] HRFT هەواڵیداوە کە لەساڵی 1995دا، گەمارۆی خۆراك بەشێوەیەکی سەرەکیی

[1] Kurdistan Committees 1992, 9-10 .

[2] Kurdistan Committees 1994, 13-14 .

[3] Laber 1988, 16 .

له پارێزگاکانی تونجلی‌و هەکاری جێبەجێکراوە.[1] لابەر لەبارەی گەشتەکەیەوە هەواڵیداوە:

" بە ئێمە وترا کە چەندین گوندی دیارییکراو گومانی یارمەتیدانی تیرۆریستەکانیان لێکراوە" لە دۆزەخدا بژی، هەموو کاتێك لە ژێر چاودێرییدا."گوندنشینان هێندە لە نزیکەوە چاودێریی دەکران کە ئەگەر یەکێکیان دوو کیلۆ شەکری بکڕیایە، جەندرمەکان لێیان دەپرسی: بۆچی؟ ئەمە یەکجار زۆرە، پارەت لەکوێ هێناوە؟ لەوانەیە خۆراك بە تیرۆرستان بدەیت."[2]

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئابووریی‌و سیاسیی بۆ کاری کۆمەڵ (CIEPAC) کە چاودێری ڕەوشەکەی لە چیاپاس لە باشووری مەکسیك کردووە، سەبارەت بە هەمان ئاکار لەلایەن سوپای مەکسیکەوە لەهەمبەر هندییە دەوارنشینەکان هەواڵیداوە. خەڵك دەڵێن گوایە هەموو شتێك لە کێڵگەدا ون دەبێت، لەبەرئەوە سەربازەکان ڕێگەیان لێدەگرن لە کێڵگەکانیان کار بکەن. سەربازەکان بەچەکی قورسەوە لە گوندەکان جێگیر کراون، هەروەها هێلیکۆپتەرەکان بە نزمیی بەسەریاندا دەفڕن ئامادەن لەهەر کاتێکدا بنیشنەوە، بەو هیوایەی جووتیارەکان لەترساندا شێت بکەن. مەبەست لەو توندوتیژییە ئاشکرایە ئەوەبوو هەڕەشە لەلایەنگرانی جووڵانەوەکەی زاپتێستا بکەن. وێڕای ئەم ڕووداوە تاکانە، ڕەوشەکە هەروەها ئاکامی درێژخایەنی هەیە، لەبەرئەوەی بوونی سوپا لە گوندەکان دەبێتە هۆی شێواندنی خولی کشتوکاڵیی، خولی جەژن‌و بۆنەکان‌و هەروەها ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ. هەروەها دەبێتە هۆی ململانێ‌و دژوارییی لەنێو خەڵك کاتێك پیاوان ناتوانن بچنە سەر کارەکانیان‌و ژنان ناتوانن بۆ دارکۆکردنەوە یان جلشتن لەگوندەکانیان بچنە دەرەوە.[3]

---

[1] HRFT 1997, 110 .

[2] *Laber 1988, 16* .

[3] Castro Soto 1998a .

## راگواستنی کوردان بۆ گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی رۆژئاوای تورکیا

هەندێك رێکخراوی کوردیی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە راگواستن بەشێکە لە پلانی رژێمی تورکیی بۆ تێکشکاندنی شوناسی کوردیی.[1] ئەوە سزایەکی بەکۆمەڵە بۆ ئەو گوندنشینانەی ملکەچی پەیوەستبوون بە سیستەمی پاسەوانانی گوندەوە نین، یان ئەوانەی هاوکاری راستیینەیان پیشکەشی پەکەکە کردووە یاخود گومانی ئەوەیان لێدەکرێت.[2]

پەکەکە وادەبینێت کە راگواستنی گوندە کوردییەکان وەك پلانێکی بەئەنقەست کارێکە بۆئەوەی ریشەکێشکردنی کوردە لە کوردستان. بەگوێرەی مەزەندەی ئەوان، لە سالانی نێوان 1982 بۆ 1997، نزیکەی نیوەی دانیشتووانە کوردییەکە ناچارکراون پارێزگاکانی باشووری رۆژهەلات جێبهێڵن.[3] لۆرد ئەڤێبوری مەزەندەیکردووە کە نیوەی دانیشتووانە کوردییەکەی تورکیا ئێستا لە دەرەوەی پارێزگا کوردییەکان دەژین.[4] مانگی سووری کوردیی تەنانەت ژمارەیەکی بڵندتریش دەدات، ئەو مەزەندەیکردووە کە زیاتر لە 80٪ی دانیشتووانە گوندنشینە کوردییەکان هەر لەساڵی 1990وە ناچاربوون کۆمەڵگاکەیان جێبهێڵن.[5]

ئونەل ئەرنەك، پارێزگاری هەرێمیی، لە 13ی ژونی 1995دا لە رۆژنامەی "سوز" (ئامەد) وتی کە 2.667 گوندوگوندۆکە چۆڵکراون و هەروەها 311.229 کەسیش راگواستراون.[6] بەگوێرەی مەکتەبی دیموکراتیی، مافەکانی مرۆڤ، هەروەها کاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، حکومەتی تورکیی هەواڵیداوە کە لە ساڵی 1997وە

---

[1] Gunter 1990, 45 .

[2] HRW/H 1994, 10 .

[3] Mater 1998 .

[4] Avebury 1995 .

[5] 1999, 6 .

[6] ref. Avebury 1995 .

ژمارەی تەواوی ئەوانەی راگوێزراون بریتیە لە 336.717.[1] IHD لەساڵی 1996دا، هەواڵیداوە کە 2.540 گوند وێرانکراون‌و سێ ملیۆن کەس لە ساڵی 1984وە راگوێزراون، UNHCR یش هەمان ژمارە بۆ ساڵی 1996 بەدەستەوەدەدات، بەڵام ئەو کوردانەشی دەهاوێتەسەر کە لەبەر هۆکاری ئابووریی رۆیشتوون.[2] خاتوو زەینەب باران، سەرۆکی Kadav کە رێکخراوێکە هەوڵی هاوکارییکردنی ئەو ژنە کوردانە دەدات کە لە ئەستەمبوڵ دەژین، مەزەندەیکردووە کە لە مارتی 1988دا زیاتر لە چوار ملیۆن کورد ناچارکراون بەرەو شارە گەورەکانی تورکیا هەڵبێن.[3]

هەڵسەنگاندنی جیاواز لەبارەی ژمارەی گوندو گوندۆکە سوتێنراوەکان هەیە. کۆمەڵەی پارێزەرانی دیاربەکر ئەنجامگیرییکردووە کە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانیان تەواوی 3.211 گوند لە هەرێمەکەدا لەنێوان ساڵانی 1990 بۆ 1997 بە زۆرەملێ راگواستراون. ئەم کۆمەڵەیە ژمارەی ساڵانەی وەك لای خوارەوە دەدات:

**خشتەی 5: ژمارەی ساڵانەی گوندە راگواستراوەکان**[4]

| | |
|---|---|
| 1993-1989 | 923 |
| 1994 | 1.800 |

---

[1] US State Department 1998 .

[2] Avebury 1995; UNHCR 1996 .

UNHCRئاماژە بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەکات:

Intelligence Review 1.4.1994; Turkish Daily News 12.7.1995; Le Monde diplomatique Mar. 1995; HRW/H Oct. 1994; Freedom Review May-June 1995; Der Spiegel 9.1.1995

[3] Lodenius 1998a, 10 .

[4] Lawyers' Association of Diyarbakir: Regional Report, 1998, p. 5.

| | |
|---|---|
| 1996 | 175 |
| 1997 | 118 |
| **تێکڕا** | 3.211 |

**بەگوێرەی** UNHCR **قەبارەی دانیشتووانی چەند شارێکی دیارییکراوی باشووری رۆژهەڵات وەك ئامەد،سێرت، دێرسیم و هەروەها جزیرە بە گەیشتنی کوردە راگواستراوەکان دووهەندە یان سێ هەندە زیادی کردووە. لە سێرت سەرنجراکێشترین تەقینەوەی دانیشتووان لەسالآنی** 1993**و** 1994**دا روویداوە، کاتێك دانیشتووان لە** 70.000 **بۆ** 130.000 **زیادیکردووە. دانیشتووانی ئامەد لە ساڵی** 1994**دا، لە** 300.000 **بۆ** 90.000 **پەرەیگرتووە. هەروەها دەوترێت لە ساڵی** 1998**دا دەبێتە** 1.5 **ملیۆن کەس.**[1] **لە دێرسیم دانیشتووانەکە لە ساڵێکدا لە** 24.000 **بۆ** 40.000 **کەس زیادیکردووە. لە جۆلەمێرگ (هەکاری) دانیشتووانەکە لە ساڵی** 1995**دا لە** 35.000 **بۆ** 83.000 **کەس زیادیکردووە. لە ژونی** 1995**دا، ناهیت مێنتەس، وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند کە هەر لەساڵی** 1984**وە،** 2.200 **گوندو گوندۆکە بەتەواویی یاخود بەشێکیان وێرانکراون.**[2] HRFT **مەزەندەیکردووە کە لەساڵی** 1995**دا، دوو بۆ سێ ملیۆن کەس ناچارکراون گوندەکانیان جێبهێڵن. لە هەر بەشێکی کوردستاندا پەنابەران قەیرانێکیان لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی، نیشتەجێبوون و هەروەها دەستکەوتنی کار تەقاندەوە.**[3] **دانیشتووانی ئەدەنە لە** 900.000 **کەسەوە بۆ** 1.5 **یان دوو ملیۆن و**

---

[1] **دانیشتووانی ئامەد لە سالآنی** 1930**کاندا** 30.000 **کەس بووەو لە سالآنی** 1950**کاندا** 65000 **بووە.**

[2] ref. Rugman 1996, 16 .

[3] HRFT 1997, 109; Lodenius 1998a, 7; medico international and KHRP 1996, 19; UNHCR 1994; UNHCR 1996 .

ئەوەکەی مارسین لە 550.000 بۆ یەك ملیۆن زیادیکردووە.[1] زۆربەی پەنابەران روویان لە ئەستەمبوڵ، ئزمیر، هەروەها ئەنکەرە کردووە، هەر لەساڵی 1995وە، 1.442.000 کۆچبەری نوێی گەیشتوونەتە ئەستەمبوڵ.[2]

KHRP ئەم مەزەندەیەی خوارەوەی سەبارەت بە ژمارەو شوێنی کوردانی راگوێزراو داوە. زانیارییەکانی ئەو رێکخراوە لەلایەن مەزلوم–دەر دابینکراوە.

**نەخشەی 6 : مەزەندی تێرژانی کوردانی راگوێزراو**[3]

| | |
|---|---|
| ئامەد | 1.150.000 |
| ئەدەنە | 1.200.000 |
| سانلیورفە | 450.000 |
| غازی ئەنتاب | 350.000 |
| مێردین | 250.000 |
| ئلیە(باتمان) | 230.000 |
| مازرا(ئیلزاگ) | 70.000 |
| جۆلەمێرگ (هەکاری) | 50.000 |
| مالەتێ | 35.000 |

ئەگەر ئەم ژمارانە باوەڕپێکراوبن ، ژمارەی مەزەندەکراو دەگاتە نزیکەی 3.750.000 خەڵکی راگوێزراو.

هەندێك لە شارەکان رووبەڕووی پەرەسەندنی پێچەوانە بوونەوە. شاری شیرناخی چیایی لە 18 بۆ 20ی ئووتی 1992 بەهۆی بۆمبارانی سەربازییەوە بەتەواویی

[1] UNHCR 1996; HRFT 1997, 109 .

[2] Turkish Daily News 12.6.1995, ref. UNHCR 1996; UNHCR 1994 .

[3] KHRP: Surviving for Living: Report on the Current Conditions of Kurds in Turkey, 1996, pp. 5-6 .

**وێرانکرا، پاش ئەوەی 18000- 25000 کەس شارەکەیان جێهێڵا.[1] کاتێك لەرێگەی ساڵنامەی سەرژمێریی تورکیاوە سەیری سەرژمێرییەکان لەبارەی شیرناخەوە بکرێت، کەسێك ناتوانێت ئەوە بێنێتەبەرچاو کە شیرناخ شانۆی شەرێکی توند بووە کە دەرئەنجامەکەی هاوشێوەی بومەلەرزەیەك بوو، هەروەها لەلایەن چاودێرانی بیانییەکانیشەوە بینرا. من لە مارتی 1997دا سەردانی شیرناخم کرد، کاتێك شارە بێدەنگەکە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش‌و پاسەوانانی گوندی سەربە خێڵی تاتارەوە کۆنترۆڵکرابوو. هاتوچۆ لە شەقامەکان هەر لە سات 4ی پاش نیوەڕۆوە قەدەغەکرابوو. زۆر لە خانووەکان واپێدەچوو کە چۆڵ بن، بەڵام هەندێك خانووی کەپردار هەبوون‌و دوو مزگەوتی گەورەش خەریك بوو بنیاتدەنرا.**

**لە دیسەمبەری 1994دا، چیلەری سەرۆك وەزیران پلانێکی راگەیاند بۆ بنیاتنانی "گوندە بەکۆمەڵەکان" بۆ هەزاران لەو کوردانەی کە لەلایەن سوپاکەیەوەماڵەکانیان وێرانکرابوو، بە چاولێکەریی نموونەکەی سەدام حوسێن "گوندە هاوچەرخەکان" لە عێراق. ئەو پلانێکی بۆ بنیاتنانی 548 گوندی بەکۆمەڵ پێشکەشکرد کە ئاسانتر بێت تەندروستیی، فێرکردن‌و هەروەها پاراستن دابینبکرێت بۆ** ئەو کوردانەی رازیی دەبن هاوکاریی بکەن.[2] **لەساڵی 1996دا، حکومەت دەستیکرد بە "بەرنامەی پشتگیریی فریاکەوتن" بۆ خێراکردنی نیشتەجێبوونەوە لە باشووری رۆژهەڵات. بڕە پارەیەیەك -2 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 1996دا- بۆ بنیاتنانی خانووو شەقام بەکارهێنرا، هەروەها بۆ بایەخپێدانی ئاژەڵ‌و بەرنامەکانی هەنگەوانیی. لە ئۆکتۆبەری 1996دا، وەزیری دەرەوەی تورکیی وتی کە 15.314 کەس گەڕاونەتەوە گوندەکانی خۆیان. لەساڵی 1997دا، 7.608 کەس بۆ 61 گوند**

---

[1] Avebury 1995; HRFT 1997, 92; McDowall 1997, 435; medico international and KHRP 1996, 10 .

[2] Laizer 1996, 140; Rugman 1996, 67 .

گەڕانەوە.[1]

بەگوێرەی KHRP وێرانکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیی، لەگەڵ کارگەو دوکانی پیشەگەرەکان لە شارەکاندا، دەگونجێت هەوڵێکی بەئەنقەست بێت بۆ کەمکردنەوەی توانایی ئابووریی ناوچەکەو ئەوەش بێکاریی زێدەتر دەکات. ئەوەش پشتبەستنی خەڵکە راگواستراوەکەی بە حکومەت زێدەتر کردو وایکرد زەمینەی زیاتر بۆ ناونووسینیان لە سیستمی پاسەوانانی گوند برەخسێت.[2]

KHRP مەزەندەیکردووە کە 50٪ی دانیشتووانە کوردییەکەی تورکیا ئێستا لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکەدا دەژین. لەدەستدانی خاك بەرجەستەی زیاتر لە لەدەستدانێکی مادیی دەکات: ئەوە بریتیە لە لەدەستدانی شێوەی ژیان کە بەدرێژایی چەندین نەوە لە خێزانەکاندا پارێزراوە. کوردان لەرووی کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەوە لەرێگەی خاكو هەرێمەکەیانەوە ناسراون. کاتێك ئەم کەلتوورە لەناوبچێت مەحاڵە زێندووبکرێتەوە.[3]

رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی وەك IHD، HRFT، هەروەها لێبوردنی نێونەتەوەیی ژمارەی گوندەچۆڵکراوو خەڵکە راگوێزراوەکانیان تۆمارکردووە، بەڵام لە راپۆرتەکانی ئەواندا ئاماژەیەك بەوە نییە کە چی بەسەر ئەو خەڵکەدا هاتووە پاش ئەوەی چوونەتە گەڕەکە هەژارنشینەکان لە شارە تورکییەکان. زۆربەی ئەو کوردانەی بەرەو رۆژئاوای تورکیا هەڵاتوون لەو گەڕەکە هەژارنشینانەدا دەژین کە بە "گێجەکوندوز/ شەوبنیاتەکان" ناسراون کە دەکەوێتە کەناری شارە گەورەکانەوە.

" ئەوان منداڵەکانیان دەبەنو دەڕۆن، لە خێوەتدا دەژین، خێوەتەکان لە نایلۆن دروستکراون، تەنانەت خێوەتی راستیینەش نین، ئەوان تەنیا دەڕۆن چەند مەترێك

---

[1] US State Department 1997; 1998 and 1999 .

[2] KHRP 1996, 10 .

[3] KHRP 1996, 16; medico international and KHRP 1996, 24 .

نایلۆن دەکرێنو خێوەتێك دروستکەنو هاوینو زستان لەژێریدا دەژین."[1]

بەفەرمیی، کوردانی راگوێزراو حاڵەتی پەنابەریان نییە. بەگوێرەی UNHCR ئەوانە کەسانێکی راگوێزراوی ناوخۆیین. زۆربەی ئەوانە پێناسی یاساییشیان نییە، هەربۆیە ناتوانن لە ئەستەمبوڵ یان هەر شارێکی دیکە کاری یاساییش بکەن، هەروەها منداڵەکانیشیان لە خوێندنگاکان وەرناگیرێن. ئەوان هاوکاریی مرۆیی لە UNHCR یان خاچی سوورەوە وەرناگرن. UNHCR تەنیا هاوکاریی ئەو پەنابەرانە دەکات کە لەدەرەوەی وڵاتی خۆیانن، هەروەها خاچی سووری نێونەتەوەییش ئەوکاتە هاوکاریی دەکات کە رێکخراوە لۆکاڵییەکان داوای بکەن.

رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ/هیلنسکی رایگەیاندووە کە بەرنامەکانی حکومەتی تورکیی بۆ هاوکاری خەڵکانی راگوێزراو لەبواری جێبەجێکردندا دواکەوتووەو لەڕووی چارەسەرکردنی گرفتەکەشەوە نەشیاوە، هەروەها بەلاوازییش ئەنجامدەدرێت. لەساڵی 1995دا، حکومەت 5.7 ملیۆن دۆلاری بۆ نیشتەجێکردن، پۆشتەکردن، بایەخپێدانی تەندروستییو هەروەها فێرکردن بۆ 32.260 منداڵ لە باشووری رۆژهەڵات تەرخانکرد. هەر لە ساڵی 1994وە دوو بەرنامە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێکردن لە باشووری رۆژهەڵاتدا دانرا. یەکەمین بەرنامە کە پرۆژەکەی"گوندە ناوەندییەکان" بوو لەلایەن تانسۆ چیلەری سەرۆك وەزیرانەوە راگەیەندرا، بەهۆی ناجێگیریی لە پشتگیرییکردنی مادیی ئەنجومەنی ئەورووپییەوە دواخرا. سەندوقی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی لە ئەنجومەنی ئەورووپیی داواکەی تورکیای رەتکردەوە کە بڕی 252 ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆژەکە بداتێ لەترسی ئەوەی کە نەوەکا ئەو پارەیە بۆ نیشتەجێکردنەوەی زۆرەملێ بەکاربهێنرێت. لە ناوەڕاستی ساڵی 1995دا، "گەڕانەوە بۆ پرۆژەی گوندەکان" راگەیەندرا، بەڵام لەکۆتایی ئەو ساڵەدا بەهۆی دەرکەوتنی چەند گرفتێکەوە دواخرا. هەوڵەکانی خەڵکە راگوێزراوەکە بۆ وەرگرتنی قەرەبووی وێرانکردنی کێڵگە،ماڵو کەلوپەلەکانیان لە دەوڵەت زۆربەی جار بێسوود بوو.[2] مێدیکۆ ئینتەرناشناڵو پرۆژەی کوردیی بۆ مافەکانی مرۆڤ شرۆڤەیانکردووە کە

---

[1] ژنێك ،ئەوروپا.

[2] HRW/H 1996, 1, 6-8 .

کاتێك نوێنەرایەتیی ئەورووپیی سەردانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیایان کردووە تاوەکو "گوندە ناوەندییەکان" یاخود خانووەکانی نیشتەجێکردنەوە ببینن بۆیان دەرکەوت کە ئەوانە لەئاستێکی زۆر بەرتەسکدان.[1] کاتێك "راپۆرتی کۆچبەران" لەلایەن کۆمسیۆنی پارلەمانیی کۆچبەرانەوە ئامادەکراو لە ژونی 1998دا لە پارلەمانی تورکیی پێشکەشکرا، تەنیا 20 پارلەمانتار لەکۆی 550 بەشدارییان لە گفتوگۆکردن لەبارەی راپۆرتەکەوە کرد.[2]

کاتێك من لە یەنایەری 1999دا سەردانی ئامەدم کرد، شەقامەکانی شارەکە پڕ بوو لە فرۆشیاری دەستگێڕ، واپێدەچوو سەدەها تاکسی راوەستابێت، هەروەها هەموو شتێك لەسەر شەقامەکان هەبوو، هەر لە میوەو سەوزەوە بۆ قۆری چای چینیی، چەتر، پۆشاك، هەروەها شتەکانی دیکەی وەك بۆیاخی پێڵاوو گوێزانو موبڕە. تەنیا شتێك کە لێی نەبوو کڕیار بوو.

ئەو دارمانەی لە ژێرخانی ئابوورییدا وەك ئاکامێکی راگواستنی دانیشتووانەکە روویدا، وایکرد هەژارییەکی دژوار بکەوێتەوە. بەگوێرەی مەحموود کلینچ، ئەندامی پارلەمانی کوردیی لە تاراوگە، رێژەی بێکاریی لە ئامەد 70٪ و ئەوانەشی لەسەرکارن کارەکەیان تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتییە. لەکاتێکدا داهاتی ناوەنجیی ساڵانە لە تورکیا 3000دۆلارە بۆ هەر تاکێك، بەگوێرەی کلینچ، لە ئامەد 238 دۆلارە.[3] یەکێتیی ژوورەکانی ئەندازیارانو تەلارسازانی تورکیی (UCTEA) لە رووماڵکردنەکەی ساڵی 1996دا دەریخست کە رێژەی بێکاریی لە ئامەد 60٪ پێکدەهێنێت، داهاتی تاکی شارەکە 14٪ ی ناوەنجیی تورکییەکەیە(ساڵانە 297 دۆلار)، هەروەها زیاتر لەنیوەی ژیانی خەڵکی شارنشینەکان لە خوار ئاستی برسێتییەوەن. ڤێرمۆس–مانگۆلد لە راپۆرتێکیدا بۆ ئەنجومەنی ئەورووپیی مەزەندەیکردووە کە کە 60٪ی دانیشتووانەکەی باشووری رۆژهەڵات لە خوار ئاستی هەژارییەوەن، هەروەها رێژەی مردن 50٪ بەرزترە لە بەشەکانی دیکەی تورکیا. لە پرۆژەیەکی کۆڵینەوەییدا کە لەلایەن زانکۆی تەکنیکیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە ساڵی 1993دا بۆ لێکۆڵینەوە لە جووڵانەوەی دانیشتووان لە هەرێمی گاپدا ئەنجامدراوە، کۆڵینەوەکە مەزەندەیکردووە، لە گەڕەکە هەژارنشینە تازەدروستکراوەکان، زۆربەی

---

[1] medico international and KHRP 1996, 18 .

[2] Erdogan 1998 .

[3] Kilinc 1998 .

خێزانەکان کەمێك لە سەرووی ئاستی هەژارییەوەن، هەرچەندە بەئاشکرا لەسەرو ئاستی برسێتییەوەن. ئامەد بەهۆی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی کوردییەوە لە وێرانبوونی کۆمەڵایەتیی رزگاری بووە، ئەوەی لەسەر گرنگیی هاوکاریی بەگوێرەی خێزان‌و پەیوەندییەکانی خوێن لە چوارچێوەی بەها سوننەتییە کۆمەڵایەتییەکان بنەمای گرتووە.[1] رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ/هیلنسکی رایگەیاندووە کە تەنیا پەیوەندییەکانی خزمایەتیی رێگەی لە تەنانەت قەیرانێکی مەزنتر گرتووە، چونکە گوندنشینە راگوێزراوەکان پەناگای خۆیان لەلای خزمە نزیکەکانیان بینیوەتەوە.[2] کوردە کۆچبەرە نیشتەجێیەکانی ئەوروپا پارەیان بۆ هاوکاریی راگوێزراوەکان لە تورکیا ناردۆتەوە. چونکە هیچ هاوکارییەکی نێونەتەوەیی بۆ راگوێزراوەکان نەبوو، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ رزگاربوونیان. زۆر لە خێزانە راگوێزراوەکان بەتەواویی پشتیان بەو پارەیە دەبەست کە خزمانیان لە ئەوروپاوە بۆیان دەناردنەوە.

ئەو کوردانەی بەرەو شارەکانی رۆژئاوای تورکیا کۆچیانکرد، کەلتووری کوردیی‌و شوناسی لادێییان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. کاتێك لەو بارە نائاساییەدا گەیشتنە شارەکان، ئەوانە راڕاو بێمتمانە بەخۆ بوون، هەروەها ئامادەیی ژیانی شارنشینییان نەبوو. ئەوانە لەبری ئەوەی لەنێو کەلتووری تورکییدا بتوێنەوە، بۆخۆیان لەگەڕەکە هەژارنشینەکاندا دوورگەیەکی کوردییان پێکهێنا. کوردان رووبەڕووی هەڵاواردن بوونەوەو دژواریی لەنێوان تورك‌و کورددا لەشارە قەرەباڵغەکاندا پەرەیگرت، کە لەلایەن میدیا تورکییەکانەوە بە پرۆپاگەندەی دژبەکوردان دەورووژێنران. هەندێك لە کوردان وەك کرێکاری رۆژانەکار یاخود وەك دەستفرۆش کاریان دەکرد، بەڵام زۆربەیان هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی داهاتیان نەبوو. خەڵکە راگوێزراوەکان لەهەرجێگایەك گەوتبوونە بەر بێزارکردنی پۆلیس‌و فشار بۆ ئەوەی بڕۆن. هیچ شارێك پەرۆشی ئەوە نەبوو باوەش بۆ خەڵکانێکی بێکارو بێکارە بکاتەوە، هەروەها تازەهاتووەکان بەشێوەیەکی رۆتینیی وەك هەوادارنی پەکەکە گومانیان لێدەکرا. لەماوەی ساڵانی 1990 کاندا، جەمسەرگیرییەك لەنێوان بەرەی کوردیی‌و

[1] Aksit et al. 1996, 65; UCTEA 1996, 10, 14, 18; Vermoth-Mangold 1998, 11 .

[2] HRW/H 1996, 3 .

تورکیدا پەیدابوو کە بەوە جیادەکرایەوە " کرێکارانی کورد هەڕەشەیان لێبکرێت، کشتیارانی تورك بترسێنرێن کە کوردان وەك کرێکاری وەرزیی لە کێڵگەکانیاندا رانەگرن، هەروەها ماڵو جێگەی نیشتەجێبوون بە کوردان نەدرێت."[1]

رەوشی ئەو خەڵکە بەئاشکرا لەو وەسفەی راندالدا سەبارەت بە کوردی گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئەستەمبوڵ دەردەکەوێت:

" بێ هیچ بەڵگەیەکی گونجاو، نە ئەو و نە هیچ کەسێك لە خێزانەکەدا ناتوانێت کاری یاسایی بکات. بەڵام سەرەڕۆییو هەروەها دۆزینەوەی کار لە بازاڕی رەشیشدا لە بنیاتنانو کاری کەمکرێدا هەبوون کە بەڵگەی کاری پێویست نەبوو یان پرسیاری لەبارەوە نەدەکرا. بەرتیلدان لێرەو لەوێ بەباشیی پۆلیسی دوور لە دەرکە رادەگرت...هەندێك لە منداڵەکانی دەچنە خوێندنگا، سوپاس بۆ ئەو هاوڕێ تورکەی منداڵەکانی کردە هی خۆیو بەناوی خۆیەوە تۆماری کردن."[2]

یەحیا مونیس، سەرۆکی لقی کۆچبەرانی مێرسین (گۆچ-دەر)[3] لە سێپتەمبەری 1995دا وەسفی رەوشەکەی کردووە:

" دەوڵەت هەمیشە حیسابی تاوانباریان بۆ دەکات، نەك وەك زڕ کوڕێکیش، بەڵکو وەك دوژمنێك مامەڵە دەکرێن. سەرۆکی شارەوانی هەرگیز سەردانی کۆچبەران ناکات. پارێزگارو نوێنەرو وەزیریش ئەوە ناکەن. کێ ئەوە دەکات؟ پۆلیس دەیکات. هەمیشە ئەم خەڵکە خەریکن خۆیان لە پۆلیس دەشارنەوە."[4]

راگواستن بۆ شارەکان نەك هەر تەنیا بووە سەرباری ناتەواویی ژێرخان، بەڵکو هەروەها نایەکسانییەکی قووڵی لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان هێنایەکایەوە. پرۆسەکە بزاوتی ناوخۆیی شارەکیی لاوازکرد، لەبەرئەوە لەبری شارستانییبوون، ناوچە

---

[1] HRFT 1997, 111; medico international and KHRP 1996, 20; Randal 1997, 282; UCTEA 1996, 13; UNHCR 1996 .

[2] Randal 1999, 286 .

[3] حکومەت لە ئەپرلی 1998دا کۆمەڵەی کۆچبەرانی لە مێرسین داخست.

(US State Department 1999).

[4] Yahya Munis, ref. HRFT 1997, 112.

شارنشینەکان بوونە لادێ.[1] لە سێپتەمبەری 1988دا، بۆخۆم کوردانی لادێییم بینی لە گەڕەکێکی ئەستەمبوڵدا گاگەل‌و پۆلە مراوییان بەخێودەکردو نانیان بە تەنوری کوردیی سوننەتیی دەکرد کە لە زەوییەکەدا چاڵیان بۆ هەڵکەنیبوو. گەیشتنی سەدەها هەزار خەڵکی نوێ گرفتگەلێکی پێکهێنا، بەتایبەتیی لەبواری ، هەلی کار، هاتوچۆ، فێرکردن هەروەها بایەخپێدانی تەندروستیی. یەحیا مونیس لە سێپتەمبەری 1995دا، رایگەیاند:" گرفتەکانی باشووری رۆژهەڵات گواسترانەوە بۆ ئەستەمبوڵ‌و شارەکانی دیکە."

" گەڕەکەکانی شیتالەر، گوینایدوغو، یەنیپازاڕ، هەروەها چای (لە مێرسین) هەموویان وەك رۆژهەڵاتی تورکیان. رۆژهەڵاتی مێرسین لە هەکاریی، ئولودەرە، شیمدینلی، جزیرە دەچێت. شەقامە سەرەکییەکە شارەکەی کردبووە دوو بەش. بەشی رۆژئاوای لە ئزمیرو ئەستەمبوڵ دەچێت. ئەو کەسەی لە هەکارییەوە یان لە شیرناخەوە کۆچی کردووە، جارێکی تر هەکاریی‌و شیرناخی لە مێرسین دەدۆزییەوە. ئەمە بنەمای کێشەکەیە، ئەو بڕوای وایە کە گرفتی راستیینە لە کوردبوونەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە دواکەوتوویی هەکارییەوە."[2]

زۆر لەو کوردە راگوێزراوانەی کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری ئامەدو شارەکانی رۆژئاوادا دەژین لە مارتی 1994دا رێگەی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکاندا پێنەدرا، لە 12ی ژونی 1995دا، رۆژنامەی توکیش دەیلی نیوز رایگەیاند کە لانیکەم 1.5 ملیۆن کەس کە کۆچیان بۆ ئەستەمبوڵ کردووە لەبەرئەوەی تۆمارنەکراون ناتوانن دەنگبدەن، هەروەها هەمان گرفت لە شارەکانی دیکەی وەك ئەدەنە، ئەنکەرە، بۆرسە، ئامەد، ئزمیر، هەروەها غازی ئەنتاب هەبوو.

# هەشتەم: بایەخپێدانی تەندروستیی لە باکووری کوردستان

## 8 . 1 . پراکتیکەکانی بایەخپێدانی تەندروستیی کوردیی

---

[1] Aksit et al. 1996, 66; Turkish Medical Association 1995, 52 .

[2] Yahya Munis, ref. HRFT 1997, 111 .

کاتێك ژنانی گوندێکی تورکیی• پرسیاری ئەوەیان لێکرا کە تەندروستیی باش لای ئەوان چ مانایەکی هەیە، ئەوان زۆربەی جار کەسێکیان بە تەندروست وەسفدەکرد کە بتوانێت کاروباری رۆژانەی ئاسایی بەڕێوەبەرێتو تا ئەو تەمەنەی لێی چاوەڕواندەکرێت سكوزاو تەمەن بکات. کەسی تەندروست ئەوەیە کە لەرووی جەستەییەوە بەهێزە، بەخۆرایە، دەتوانێت شتی قورس هەڵبگرێت، بۆماوەیەکی زۆریش دەڕواتو هەڵدەسوڕێت. بۆ ژنانی کولو، نەخۆشبوون یەکسان بوو بەوەی نەتوانیت ئەرکە رۆژانەیەکیان جێبەجێبکەیت، بۆ نموونە، ماڵەکە بە پاکیی راگری، ئاو بێنیت، خواردنیش ئامادە بکەیت. ژنانی تورك لە دەرەوەی شارەکان لەسەر کاری گران راهاتوون. هەڵسوڕانی ئەوان بۆ مانەوەی خێزانەکە زۆر گرنگە، هەربۆیە بەئاسانیی خۆیان رادەستی نەخۆشیی ناکەنو بۆی ناکەون. بارودۆخی ژنێکی نەخۆش دەبێت هێندە خراپ بێت پێش ئەوەی وای لێبێت بتوانێت واز لەبەرپرسیارێتیی رۆژانەی بهێنێت. چەندین هۆکار هەن وابکات کە نیشانەکانی نەخۆشیی تا قۆناغێکی درەنگ پشتگوێبخرێت. یارمەتیی شارەزایەك ئەستەمە دەسبکەوێتو هاوکارییش لەدەرەوەی ماڵ گرانە.[1]

لیزابیت ساکس، کاردانەوەی خانەخوێیەکەی لە کولو شرۆڤەکردووە پاش ئەوەی بۆخۆی تووشی نەخۆشی (گیاردیاس) بووە:

---

• لەبەرئەوەی رووماڵێك سەبارەت بە پراکتیکی بایەخپێدانی تەندروستیی کوردانەوە نییە، بۆ زانیاریی پێشینەیی ئاماژەم بە لیزابیت ساکس داوە " چاوی پیس یان بەکتریا"(1983)، کە زانیارییە ئیتنۆگرافییەکانی لە شارێکی بچووکی (پارێزگای کۆنیە) کۆکردۆتەوە کە شاری کولوە، هەروەها لەخەڵکی ئەو شارە لە گەڕەکی ستۆکهوڵم لە تێنستا. ئەمە نزیکترین کۆڵینەوەیە کە لەبارەی ئەم بابەتەوە هەبێت، هەروەها زۆربەی چاودێرییەکان لە ناوچە گوندنشینەکانی ئاسیای ناوەندییەوە ئاماژەیان بەو کوردانە داوە کە لە تورکیا دەژینو هەمان سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی بەکاردەهێنن.

[1] Sachs 1983, 54, 103; Ståhl-El Mallah 1983, 33-34 .

" به خانەخوێیەکەم وت کە من نەخۆشم، ئاماژەم بە تاو هەروەها سکچوون کرد. پیرەژنی خێزانەکە بەدەستی خۆی دەستمی گرتو بردی بۆ دەمی و پاشان دەمی نا بە ناوچەوانمەوەو ئنجا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی کە من بەتایبەت تام نییە، هەروەك رووە تەڕەکەی من، ئەوان تێکڕا لەو گەرمای هاوینەدا هەمان گەرماییان هەبوو. پیرەژنەکە بە کچەزاکەی وت کە هەندێك دۆم بۆ ئامادەکەن."[1]

وەسفکردنی باشووری رۆژهەلاّت لە کۆتایی سالآنی 1950کاندا لەلایەن هانسێنەوە هەمان شتمان پێشاندەدات، کە تەواو لەبەرامبەر نەخۆشییدا بێبایەخبوون. نەخۆشێك ئەوکاتە لەجێدا دەکەوت کە نەیتوانیایە بە پێوە بوەستێت، نە نەخۆشو نە مردوو جیانەدەکرانەوە تەنانەت ئەگەر ئامادەکردنی ژوورێك بۆ نەخۆشەکە لە ماڵەکەشدا بلوایە. ئەو نەخۆشانەی ژانەسەریان هەیە پەڕۆیەکیان دەدرایە لەسەریانی ببێچنو ئەوانە زۆربەی جار لەماڵەوە خەویان لێدەکەوت تا دواتر میوان لەدەمەو ئێوارەدا دەردەکەوتن. لەکاتی پەتای هەلاّمەتدا هیچ کارێك بۆ جیاکردنەوەی قاپو کەوچکی خواردنو خواردنەوەی نەخۆشەکە لە باقی دیکەی ئەندامانی خێزانەکە نەدەکرا، هەلاّمەتگرتووان شەوانە بۆ سەردانی ماڵە هاوسێیکان دەبران.[2] نیشانەکانی رۆژانەی وەك تا، سکچوون، ژانەسەر، هەروەها کۆکە بەگشتیی یان پشتگوێدەخران یاخود لەماڵەوە لەلایەن خەڵکەکە خۆیانەوە چارەسەردەکران. دەتوانرێت زۆربەی دەرمانەکان بیٚ رێنوێنی پزیشك لە دەرمانخانەکان بکڕدرێت.[3] زۆربەی راپۆرتی گەشتیارەکان باس لەو خەڵکە دەکەن کە بۆخۆیان چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەکەن، لەبەرئەوەی بێپارەیی ناتوانن سەردانی دکتۆر یان خەستەخانەکان بکەن، بەلاّم ئەوانە زۆر لەبارەی شێوازەکانی چارەسەرکردنەکانەوە ناڵێن کە بەکاردەهێنرێت.

خەڵك تەنیا ئەوکاتە سەردانی نەخۆشخانە دەکەن کە زۆر هیلاك بن، یان لە

---

[1] Sachs 1983, 214-215 .[

[2] Hansen 1961, 139 .

[3] Sachs 1983, 58-59 .

حاڵەتی منداڵبووندا کە ئاڵۆزییە چاوەڕواننەکراوەکان لەپێشن. نەخۆشخانە بەئاشکرا وەك دوا پەناگای نەخۆش دەبینرێت، هەربۆیە نەخۆش زۆربەی جار فرە درەنگ دەگاتە ئەوێ. نەخۆشخانە بەو شوێنە ترسناکە دەژمێردرێت کە خەڵکی تێدا دەمرێت، ئەم بۆچوونە وادەکات کە خەڵکی تا دەتوانن روو لە نەخۆشخانە نەکەن.[1]

نەخۆشەکان، وێڕای دەرمان، چاوەڕێی هاوکارییەکی دروست لە کارمەندانی بایەخپێدانی تەندروستیی دەکەن. خەڵك لە تورکیا کاتێك نەخۆش دەکەون چەندین شێوەی چارەسەریی وەردەگرن.

" خەڵك (لە کوردستان) کە سەردانی دکتۆر دەکەن وا راهێنراون کە بە کیسە دەرمان وەربگرن، بە بڕێکی زۆر گەورە. پێویستە کەسێك دەرمانێکی زۆر وەربگرێت بۆئەوەی تەندروست بێت...دکتۆرو دەرمانساز پێکەوە رێکەوتوون، دکتۆر 10بۆ 20 جۆر دەرمان بۆ نەخۆشەکە دەنووسێت، دەرمانساز زۆریان دەستدەکەوێت و بەشێکی ئەو پارەیەش بە دکتۆرەکە دەدەن."[2] ژنانی کولو عەوداڵی ئەو دەرمانەن کە ئازارشکێنن، یارمەتی خەوتن دەدەن، ئارەزووی خواردن زیاد دەکەن و وادەکەن چالاکانە هەڵسوڕێن. هەموو ئەم جۆرە دەرمانانە، وێڕای هەندێك جۆری ئەنتیبایۆتیك، دەگونجێت بەشێك بێت لە رەچەتەی هەرتاکێك کە لەلایەن شارەزایەکی تایبەتی تورکییەوە بۆی دیارییکردبێت.[3]

پزیشکەکان دەرمان بە شێوەی حەب یان دەرزی دیارییدەکەن. نەخۆشەکان دەرزی بە کاریگەرترین شێوەی وەرگرتنی دەرمان دەزانن.[4] پزیشکەکان زۆربەی جار دەرمانی ئەنتیبایۆتیك دەنووسن، یەك لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەیە ئەگەر نەخۆش دەرمان وەرنەگرێ و بەخێرایی چاك نەبێتەوە ئەوا دەچێتە لای دکتۆرێکی

---

[1] Sachs 1983, 59; Salomonsson 1983, 17 .

[2] ژنێك، ئەوروپا.

[3] Sachs 1983, 59, 199-200 .

[4] Sachs 1983, 59, 32 .

تر.[1] سەرفکردنی دەرمان پێی دەوترێت"عەقڵییەتی دەرمان"، ئەوەی کە لە وڵاتانی دیکەی جیهانی سێیەمدا باوە. ئەوە کاریگەریی هەم لە ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی‌و هەم لە نەخۆشەکانیش دەکات.گارفیلڈو ولیامس دەڵێن کە لە نیکەراگوا ئەم "عەقڵییەتی دەرمان"و هەروەها بازرگانییکردنە گەیشتۆتە ئاستێکی بێمانا، بۆ نموونە، لە رووماڵێکدا کە ساڵی 1984 لە نیکەراگوا کراوە زیاتر لەنیوەی چاوپێکەوتووان لەو باوەڕەدان کە حەبی رەنگاوڕەنگ لە حەبی سپی کاریگەرترن. لە نیکەراگوا لەماوەی حوکمی سامۆزادا، کەمینە دەوڵەمەندە دەرمانێکی زۆریان بەکاردەبرد، بەڵام زۆرینەی دانیشتووانەکە پشتیان بە چارەسەری خۆماڵیی‌و دەرمانە سوننەتییەکان دەبەست. هەروەها عەقڵییەتی دەرمان کاریگەری لە کارگێڕیی بایەخپێدانی تەندروستییش هەیە، بەدبەکارهێنان‌و زۆری سەرفکردنی دەرمان دەبێتە هۆی بەهەدەردانی ئەو بڕەپارەیەی کە دەگونجێت بۆ شتی تر بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە، پەرەپێدانی تاقیگەکان، ئاسانکارییەکانی تیشکی X و هەروەها گواستنەوە.[2]

لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، منداڵبوون زۆربەی جار لە ماڵدا بە ئامادەبوونی ژنانی ماڵەکەو هەندێك لە هاوسێکان روودەدات. لایزەر نووسیویەتیی کە هەموو ژنە لادێییەکان واپێدەچن مامانێکی بەئەزموون بن.[3] نوێنەری سویدیی کارمەندانی بایەخپێدانی تەندروستیی کە ساڵی 1983 سەردانی میدیادی کردووە، دەریخستووە کە ئەستەمە زانیاریی لەبارەی سکپڕیی‌و منداڵبوونەوە وەربگریت، ئەوە بۆ بێگانە شتێکی شیاو نییە کە لەبارەی ئەو مەسەلە شەخسییانەوە پرسیار بکات. هەندێك لە دکتۆرە پیاوەکان بایەخێکی نامۆیان دەرخستووە" شتێکی تایبەت نیە کە ئەوان سەرۆکاریی منداڵبوون بکەن." نوێنەرایەتییەکە هەستیکرد کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو وێنەیەی بایەخپێدانی تەندروستییدا هەیە کە

---

[1] Alfgren 1983, 20 .

[2] Garfield and Williams 1989, 151-152, 158-161 .

[3] Laizer 1991, 35 .

دەسەڵاتدارانی تورکیی وێنایانکردووە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە لە دانیشتووانە ئاسوورییەکەیان کۆکردۆتەوە.[1]

منداڵبوون ریسکێکی تەندروستییە بەتایبەت بۆ دایکانی گەنجو دایکانی بەتەمەن. لەتورکیا تەمەنەکە لەنێوان خوار 20 بۆ سەروو 34 ساڵ دیارییکراوە.[2] ژنانی کورد بەرجەستەی هەردوو ئەو پلەبەندییە دەکەن چونکە ئەوان زوو شوو دەکەنو هەروەها زۆربەی جاریش لە تەواوی ژیانی بەرهەمهێنانەوەیاندا منداڵیان دەبێت. ئەو ژنەی کە لەماوەی یەکەمین منداڵبوونیدا مرد، ئەوەی کە ژنێك باسی لێوەکرد کە سەردانی کوردستانی کردبوو، نموونەیەکی زەقی ئەم کێشانەیە.

" کاتێك چەندساڵێك لەمەوبەر لە کوردستان بووم بیستم کە یەکێك لە خزمەکانم بەسەر منداڵەوە مردووە. لەکاتێکدا منداڵەکە لەوەدابوو کە ببێت، مامانەکە ئامادە نەبوو کە بێت بەلایەوە. بەلام ئەو زۆر خوێنی لێ رۆشتبوو، هەروەها کاتێك فڕاندبوویانە نەخۆشخانە لە ئۆتۆمبێلەکەدا گیانی لەدەستدابوو. ئەو ژنێکی گەنج بوو، ئەوە یەکەمین منداڵبوونی بوو."[3]

بەگوێرەی قورئان، ماوەی نموونەیی بۆ شیردان دوو ساڵە. نوێنەرایەتیی سویدیی بایەخپێدانی تەندروستیی دەریخستووە کە لەو ناوچەیەی دەروبەری میدیاد، زۆربەی ژنان بۆ ماوەی 1-2 ساڵ شیر بە منداڵەکانیان دەدەن. ئەگەر دایکان شیری تەواویان نەبێت، ئەوا شیری مەڕو مانگا بە منداڵەکە دەدرێت پاش ئەوەی لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرێت. لەسەرەتای سالانی 1980کاندا لە تورکیا شیری وشکە هەبوو، بەلام ئەوە بۆ خەڵکی گەندەکان زۆر گران بوو.[4] هانسن دەریخستووە کە لە کۆتایی سالانی 1950کاندا زۆر لە ژنان نەیانتوانیوە شیری منداڵەکانیان بدەن،

---

[1] Ahlin 1983, 7 .

[2] UNICEF Türkiye Temsilciligi etc. 1992, 41 .

[3] ژنێك ، ئەوروپا.

[4] Hjelm 1983, 19 .

بەهۆی کەمیی پرۆتین لە خواردنەکانیاندا، شیری وشکە لە بازاڕەکاندا لە سلێمانیە دەفرۆشرا، دەکڕراو بەکاردەهێنرا، بەڵام ئاکامێکی لاوازی هەبوو، چونکە لەگەڵ بایەخپێدانو رۆشنبیریی تەندروستیی شیاو ئاوێتە نەبوو.[1]

ئاستی رۆشنبیریی تەندروستیی لە گوندەکاندا زۆر بڵند نییە، شتنی هەموو قاپەکان بە ئاوی ساردە، تەنیا شتێك کە ئاوی گەرمی بەرکەوێت پیاڵەی چایە کە لەکاتی چاتێکردندا ئەنجامدەدرێت. دەستی ژنو زۆربەی منداڵەکان بەهۆی کەوتنەبەر باو کاری گران قڵێشاوو چرچن وەك توێکڵە دارێك بە بەفراو بشۆرێتەوە. هەریەك لە هانسنو لایزار تێبینیی ئەو راستییەیان کردووە کە ئەو خەڵکە زۆر بایەخ بە گۆڕینی جلەکانیان نادەن، کاتێك دەچن دەخەون جلەکانی دەرەوە داناکەنو جلی ماڵەوە لەبەربکەن. ژنان هەر بەو جلەوە دەخەون کە بەدرێژایی رۆژ لەبەری دەکەن. جل ئەوکاتە دەگۆڕێت کە هەست بە چڵکنبوونی بکرێت، جلەکان بەئاوی گەرم دەشۆرێت کە لە مەنجەڵی برنجدا لەسەر ئاگر، دەکوڵێنرێت، دواتریش لەئاوی سارددا هەڵدەکێشرێت.[2]

## 8 . 2 . بایەخپێدانی تەندروستیی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا

بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە پێوانەکانی تەندروستیی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا لە ماوەی ساڵانی 1970کان و 1980کاندا فرە ئەستەمە، چونکە سەرچاوەکانی حکومەتی تورکیی زانیاریی زۆر لەبارەی رەوشەکە لە پارێزگا جۆربەجۆرەکان بەدەستەوەنادەنو تەنیا رەوشە گشتییەکە لە وڵاتەکە وەسفدەکەن. لەساڵی 1963دا، حکومەتی تورکیی بەرنامەیەکی بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتیی گرتە ئەستۆ لە ناوچە گوندنشیینەکانو هەروەها پەرەپێدانی هەردوو خزمەتگوزاریی خۆپارێزییو چارەسەرکردن لە یەکەمین پلانی پێنج

---

[1] Hansen 1961, 107 .

[2] Hansen 1961, 51; Laizer 1991, 37-39 .

**ساڵەیدا. لەماوەی ساڵانی 1970کاندا، خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتیی بەشێوەیەك پەرەیسەند کە 32 پارێزگای لە کۆی 67 پارێزگاکە گرتەوە، بە تایبەتیی ئەوەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا، کە پێویستییەکی گەورەیان بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی بوو. خزمەتگوزارییەکان بەخۆڕایی بوو کە بایەخپێدانی تەندروستیی، تەندروستیی ژینگەیی، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە درمەکان، بەهێزکردنی فێرکردنی تەندروستیی، بایەخپێدانی تەندروستیی دایکایەتیی و منداڵ، هەروەها پلاندانانی خێزانیی گرتبووەخۆ.[1]**

**زۆربەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شارەکانی هەرێمەکەدا چڕببوونەوە وێڕای ئەو راستییەی کە سێبەشی دانیشتووانەکە لە گوندەکاندا دەژیان. ژمارەیەکی زۆر کەم دکتۆری شارەزا یاخود دانساز هەبوون. لەساڵانی 1960کاندا، هیچ یەك لە پارێزگاکانی هەرێمە کوردییەکە لە ئاستی نیشتیمانیی بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی نزیك نەببوونەوە، تەنیا شت کە بەدەر بوو بریتییبوو لە ژمارەی قەرەوێڵەی خەستەخانەکان لە پارێزگای ئالازوك. لەساڵی 1955دا، پێنج لە چواردە پارێزگای کوردیی دانسازیان نەبوو، یەکێکیان دانەیەکی هەبوو، دووانیشیان یەکی دوو دانسازی تێدا بوو. لەساڵی 1965، هێشتا دوو پارێزگا هەبوون کە دانسازیان تێدا نەبوو، هەروەها سێ پارێزگاشیان تەنیا یەکی دانەیەکیان تێدا بوو.[2]**

**لەماوەی ساڵانی 1970کاندا، گرفتە سەرەکییەکانی تەندروستیی لە تورکیا بە پەتاو نەخۆشییە پارەسیتییەکانەوە• پەیوەست بوو. بەدخۆراکیی کە لە وڵاتەکەدا گەیشتبووە 40٪ هەروەها لە کوردستاندا ئەگەری زۆر بوو. شەشەمین راپۆرتی WHO سەبارەت بە رەوشی تەندروستیی جیهانیی دەڵێت کە بەهۆی کەمیی هێزی مرۆیی و پەیوەندیی گرانیی تەنانەت لە راپۆرتکردنی حاڵەتەکانی مردن و**

---

[1] WHO 1980, 250-251.

[2] Jafar 1974, 146-150 .

• **وەك نەخۆشییەکانی مەلاریا، سکچوونی ئەمیبی، کرمی ئنسیلوستوما.**

لەدایکبوون‌و هەروەها نەخۆشییە درمەکاندا هەیە. لەسالآنی 1970کاندا، ئەو نەخۆشییە درمەی کە زۆر هەواڵی لەبارەوە دەدرا برتییبوو لە سورێژە، هەوکردنی جگەر، کۆکەرەشە، هەوکردنی دەماخ، سکچوونی خوێناویی.[1] لە هەرێمە کوردییەکە، 2.5 ٪ دانیشتووانەکە بەدەست نەخۆشییەکانی سیلەوە دەیانناڵآند، هەروەها پەتای سورێژەو تەراخوما لەنێو مندالآنی گوندەکاندا بلآون.[2]

لەماوەی سالآنی 1970کاندا، بەشی تەندروستیی گشتیی لە وەزارەتی تەندروستیی هەندێك بەرنامەی تاك بژارەیان بەڕێوەبرد. بۆ نموونە، بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی سیل 253 دەرمانخانەی گشتیی 32 تیمی برۆزی تیشکی X هەبوو، هەروەها تیمی کۆنترڵکردنی تەراخوما 41 دەرمانخانەی گشتیی‌و 70 یەکەی چارەسەرکردنی هەبوو، هەرچەندە، جەخت دەخرایە سەر ئەو هەڵمەتانەی بۆ کۆنترڵکردنی پیسبوونی بەکتریایی‌و ڤایرۆسیی‌و هەروەها مەلاریا دەکران لەڕێگەی یەکە تەندروستییە دەرەکییەکان کە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی دیکەدا پێکەوە گرێدرابوو.[3]

ڕێژەی مردنی ساوایان لە باشووری رۆژهەلآتی تورکیا لە سالآنی 1960کاندا تاکو سەرەتاکانی 1990کان بەردەوام لەکەمبوونەوەدا بووە، بەلآم رادەی کەمبوونەوەکە لە ناوەندی نیشتمانیی لەخوارتربووە.  بۆ نموونە، لەنێوان ساڵی 1967و 1982دا، لەکاتێکدا کە ڕێژەی نیشتمانیی مردنی ساوایان 27٪ کەمببووەوە( لە 149 بۆ 109 لە 1000دا) کەچی تەنیا 1٪ لە ڤان، 3٪ لە بینگۆل، 11٪ لە هەکاری دابەزیبوو. لەساڵی 1982 بۆ 1990 ڕێژەی نیشتمانیی مردنی ساوایان لە تورکیا 45٪ کەمببووەوە( لە 109 بۆ 60 لە 1000دا) بەلآم کەمبوونەوەی ئەو ڕێژەیە لە ڤان 26٪و لە بینگۆل 27٪و لە هەکاری 32٪

---

[1] WHO 1980, 250 .

[2] Jafar 1974, 145 .

[3] WHO 1980, 251 .

کەمببووەوە .[1] مکدۆواڵ ئاماژەی بە وتارێك داوە لە رۆژنامەی لیمۆند لە 1983/6/16دا کە لەلایەن رۆژنامەنووسێکەوە نووسراوە کە سەردانی گوندۆکەیەکی لە هەرێمی ماردین کردووە، گوندنشینەکان پێیان وتوە کە رێژەی مردنی منداڵان 30٪ پێکدەهێنێت.

## گرفتی زمان

یەك لە گرفتەکانی بایەخپێدانی تەندروستیی لە کوردستان بریتییە لە گرفتی زمان. ئەمەش دوو سیمای هەیە. یەکەم، لەبەرئەوەی کوردیی لە تورکیا زمانێکی قەدەغەکراو بوو، پەرەسەندنی سروشتی ئەم زمانە ئەستەم بوو. لەبەرئەوەی کوردیی زۆر سنووردارکرابوو بە وشەگەلێکی قسەکردنی رۆژانە، زۆر لەو بیرۆکانەی لەساڵانی 1920کانەوە، بۆ نموونە لەمەڕ کۆڵینەوە پزیشکییەکان، دەرکەوتبوون، لە زمانی کوردییدا بەرامبەریان نەبوو.[2] نەخۆش ناتوانێت کە بە دروستی وەسفی نیشانەکانی نەخۆشییەکەی بکات لەبەرئەوەی شتێکی زۆر لەبارەی فیسیۆلۆجیای مرۆڤەوە نازانن.

دووەم، زۆربەی پزیشکان و کارمەندانی بایەخپێدانی تەندروستیی لە پارێزگا کوردییەکان تورکن و بە کوردیی قسەناکەن، لەبەرئەوەی بڕێکی زۆر لە گرفتی پەیوەندیی هەیە، چونکە زۆربەی کوردان تەنیا بەکوردیی قسەدەکەن.[3] لە ناوەندی تەندروستیی ئامەد، زیاتر لە نیوەی پزیشکەکان پێویستیان بە کەسی سێیەم هەیە بۆئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ نەخۆشەکاندا بگرن، هەروەها زیاتر لە نیوەی پەرستارو مامانەکانیش بەهۆی گرفتی زمانەوە لە هەڵسوڕانی ئامادەکارییەکاندا رووبەڕووی

[1] Turkish Medical Association 1995, 25 .

[2] Abdulkarim 1989, 10 .

[3] SES, Diyarbakir section 1997, 48; Joachheim 1997, 161 .

گرانیی و زەحمەت دەبنەوە.[1] نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی کە لە ساڵی 1996دا سەردانی وانی کردووە وتویەتی کە کەمتر لە 20٪ی دانیشتووانە گوندنشینەکانی هەرێمەکە بە تورکیی قسەدەکەن.[2]

" لە کوردستانە تورکییەکە، زۆربەی دکتۆرەکان تورکن. هەروەها بەڕاستیی کێشەو گرفتێکی مەزن هەیە لە تێگەیشتنی دروستی ئەوەی کە نەخۆش لە کوێدا هەست بەئازار دەکات. نەخۆشەکان زۆر بەخراپیی مامەڵەدەکرێن، ئەوان هەر زوو رەوانەی ماڵەوە دەکرێنەوە لەبەرئەوەی ناتوانن ئەو گرفتە شرۆڤەکەن کە هەیانە. تەنیا لەبەرئەوەی کە بە تورکیی قسەناکەن. نەخۆشەکان دەتوانن بە ئاسانیی بەکوردیی نیشانەکانی نەخۆشییەکانیان شرۆڤەکەن، بەڵام دکتۆرەکان لە کوردیی تێناگەن. هەربۆیە پەیوەندییگرتن لەنێوان دکتۆرو نەخۆشەکاندا زۆر زەحمەتە. دەبێت ئەوان کەسێك لەگەڵ خۆیان بەرن تاکو بۆیان وەرگێڕێت، هاوڕێیەك، منداڵێك، مێردێك یان ژنێك. هەروەها لەوانەیە ئەو کەسە ژن بێ یان پیاو لە زمانی تورکییدا زۆر باش نەبێت، لە راستییدا بڕێکی زۆر لە بەدحاڵیبوون دێتەپێش."[3]

لە میدیاد بەچوار زمان قسەدەکرێت: تورکیی، کوردیی، ئاسووریی، هەروەها عەرەبیی. ساڵی 1983 لە نەخۆشخانە خۆجێییەکە نووسراوێك بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو دەیوت کە لە نەخۆشخانەکەدا تەنیا رێگە بە زمانی تورکیی دەدرێت قسەی پێبکرێت.[4] ئەوە تەنیا ئەوە نییە کە ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی زمانی کوردیی نەزانن کە وایکردووە پەیوەندییگرتن لەگەڵ نەخۆشەکاندا زەحمەت بێت، بەڵکو ئەوان کەمیی زانیارییشیان لەبارەی کەلتووری کوردییەوە هەیە.[5] پەرستارێکی گواتیمالایی کە لەلایەن مارگرێت هۆکسەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا

[1] Turkish Medical Association 1995, 44-45 .

[2] IPPNW etc. 1996a, 44 .

[3] ژنێك ، ئەوروپا.

[4] Hjelm 1983, 2 .

[5] IPPNW etc. 1996a, 44 .

کراوە دەڵێت کە لە گواتیمالا کارمەندانی تەندروستیی یەکێکن لە لەمپەرە مەزنەکانی بەردەم تەندروستیی خەڵکیی، لەبەرئەوەی بیریێکیان سەبارەت بە واقیعی ژیانی خەڵکەکە لا نییە. بەرنامەی تەندروستیی لەسەر شێوە پزیشکییە رۆژئاواییەکە چڕبۆتەوە، رەوشی ژیانو ترادسیۆنی گروپی بەئامانجکراو پشتگوێ دەخات.[1] کاتێك ژنان دەچنە لای پزیشك ئامادەنین بۆ پشکنین جلەکانیان داکەن.[2]

" لەو شوێنەوەی کە منی لێوە هاتووم دکتۆرێکی لێ بوو کە بەکوردیی قسەیدەکرد، ئەو لە سوریاوە هاتبوو، بە ئاسانیی، لەبەرئەوەی دەتوانی بە کوردیی قسەبکات، هەموو کەس دەچوونە لای ئەو، تەنانەت ژنانیش. بۆ ئێمە زۆر زۆر زەحمەتە ژنێك دکتۆرێکی پیاو ببینێت. ئەوان دەچنە لای، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو ناتوانێت بە شێوەیەکی شیاو بیانپشکنێت. ئەو ناتوانێت سنگیان بپشکنێت، ناتوانێت پشتیان بشکێنێت، ئەگەر دکتۆرەکە پیاو بێت، ژنان جەستەی خۆیان پێشان نادەن."[3]

وێڕای ئەو کەموکورتییەی لەڕووی زانینی زمانی کوردییەوە لەلایەن دکتۆرەوە هەیە، کوردان گلەیی ئەوەدەکەن کە دکتۆرو پەرستارە تورکەکان بەکینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. ئەم جۆرە چیرۆکانەم چەندین جار پێ وتراوە"

ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی لە رۆژئاوای تورکیاوەن. ئەوان پڕن لە کینەو لەهەمبەر کورداندا گرژن. ئەوان بەشێوەیەکی نادۆستانە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن. ئەگەر ژنێك لەبەر ئازاری منداڵبوون بزریکێنێت ئەوا لێیدەدەنو دەڵێن لەکاتی منداڵبووندا ئازار ئاساییە. ژنانی دەوڵەمەند کە پۆشاکی جوانیان پۆشیوە دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام نەك کوردانی راگوێزراو."[4]

## کەمیی سەرچاوە ئابوورییەکانو هێزی کار

[1] Hooks 1991, 21 .

[2] Sachs 1983, 32 .

[3] ژنێك ، ئەوروپا.

[4] ژنێك، ئامەد.

پرسێکی سیاسیی هەیە کە کێ بایەخپێدانی تەندروستیی وەردەگرێت، هەروەها چ جۆرە بایەخپێدانێك، داخۆ سەرچاوەکان بەشێوەیەکی سەرەکیی بۆ باشکردنی خۆراك، تەندروستییو هەروەها بۆ تەندروستیی بنکەی دانیشتووانەکە بەکاردەهێنرێت، یان دەرمانو تەکنەلۆجیای گرانبەهای بۆ تەرخاندەکرێت. لەساڵی 1978 لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئەلما ئاتا، WHO ئامانجی "تەندروستیی بۆ هەمووان لە ساڵی 2000دا" دیارییکرد. بایەخپێدانی سەرەتایی تەندروستیی وەك ستراتیجییەکی شیاو بۆ پەیوەستبوون بەم ئامانجەوە راگەیەندرا. ئەو زیاتر جەختی لە بەرگریی کردەوە تا بایەخپێدان، هەروەها منداڵانو ژنانی کردە ئامانج کە زیاتر بەرگرییان لەبەرامبەر نەخۆشییە درمەکاندا لاوازە.[1]

دوو کەرت لە بایەخپێدانی تەندروستیی تورکییدا هەیە: گشتییو تایبەت. ئەو دکتۆرانەی لە کەرتی گشتییدا کاردەکەن زۆربەی جار کاری تایبەتیان هەیەو ئەوان ئامۆژگاریی ئەو نەخۆشانە دەکەن کە توانای مادییان هەیە کە سەردانی کلینکە تایبەتەکانیان بکەن، لەوێ چارەسەرکردنی پزیشکییەکە باشترە.[2] چەند کوردێك لە ئامەد پێیان وتم کە کارگێڕیی بایەخپێدانی تەندروستیی زۆر ناچالاکەو بڕێکی یەکجار زۆر گەندەڵیی هەیە، کە لە تەواوی جەستەی کارگێڕیی تورکییدا فرە بڵاوە. گەندەڵیی– لە بواری بایەخپێدانی گشتیی تەندروستیی یان لە جەستەی کارگێڕیی تورکییدا – پرسێکە کە لەم کۆڵینەوەیەدا لەسەری ناڕۆم. واپێدەچێت ئەوە بەشێکی بەربڵاو بێت لە ژیانی تورکیادا، بەڵام لەو کۆڵینەوانەی لەبارەی تورکیاوە کراون زۆربەی جار ئاماژەی بۆ نەکراوە. لە کوردستاندا هەموو نەخۆشخانەکان گشتیین، تەنیا یەکێك نەبێت لە ئامەد.

لە کۆتایی ساڵی 1991دا، بەگوێرەی ئامانجەکانی کۆنفرانسەکەی WHO لە ئەلما ئاتا، ریفۆرمێك لە سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی تورکییدا هەبوو بۆ

---

[1] Stork 1989, 4-5 .

[2] Ståhl-El Mallah 1983, 8-9 .

بەرزکردنەوەی توانایی بایەخپێدان‌و یەکسانیی دەرفەتی چارەسەریی. لە گوندەکان، بنکەی تەندروستیی ( کە زۆربەی جار دکتۆر، پەرەستار، مامان، تەکنیکیی تەندروستیی‌و سکرتێری تەندروستیی لیٚ بوو) و پۆستی تەندروستیی کە مامانیشی لێی بوو، هەبوون.[1]

فێرکردنی پزیشکیی لە کۆلێجەکاندا شەش ساڵ دەخایەنێت. وێڕای ئەمەش، پزیشکەکان دەبوو ساڵێك (پێشتر دوو ساڵ بوو) لە ناوچە گوندنشیینەکان یاخود دواکەوتووەکان کاربکەن. دواتر دامەزراندنەکان بەگوێرەی پێویستیی دەبێت. ئەم سیستمە لە ساڵانی 1980کانەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لە تەواوی تورکیادا دەستپێکرد.[2]

بەگوێرەی دامەزراوەی مافەکانی مرۆۋ لە تورکیا، بۆ هەر 2.194 کەس لەسەر ئاستی ناوەندیی لە تورکیا یەك پزیشکی گشتیی هەبوو.[3] لە هەندێك پارێزگا کوردییەکان ژمارەکە وەك لای خوارەوەیە[4]:

| | | |
|---|---|---|
| دیاربەکر | 1995: | 1.692 |
| دیاربەکر | 1998: | 4.429 |
| ماردین | 1995: | 6.062 |
| باتمان | 1995: | 4.870 |
| سیرت | 1995: | 4.080 |

لە ساڵی 1993دا، هیچ پزیشکێك لە مەڵبەندەکانی کولپ، هازرۆ، هەروەها گوینگوز نەبوو، هەروەها تەنیا دانەیەك لە مەڵبەندی ئێرگانی، لیس، هەروەها دیجلە هەبوو. لە تورکیا بۆ هەر 2.268 کەی یەك پزیشکی پسپۆڕ هەیە، بۆ پارێزگا کوردییەکان ژمارەکە ، بۆ نموونە، لە پارێزگای شیرناخ یەك پزیشکی پسپۆڕ بۆ هەر

---

[1] PHR 1996, 30; WHO 1994, 276 .

[2] Alfgren 1983, 14; IPPNW etc. 1996a, 33 .

[3] HRFT 1997, 131 .

[4] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 83; Hanife 1998 .

43.688 کەس هەیە، لە بینگۆل یەك بۆ 22.815 کەس، هەروەها لە تونجلی یەك بۆ هەر 22.191 کەس.[1] کاتێك کەسێك ئەم ژمارانە لەگەڵ ژمارەی ستاف هێزەکانی پۆلیس‌و سەربازییەکان بەراورد دەکات کە 14 لەبەرامبەر 27 کەسە – ئاستی میلیتاریزەکردنی کوردستان زۆر تۆختربووە. هەموو ئەم ژمارانە تەنیا مەزەندەکردنن، لەبەرئەوەی سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراوی دانیشتووان نییە.

وەرگرتنی چارەسەری پزیشکیی لەناوچە گوندنشینەکاندا زۆر لە شارەکان ئەستەمترە. لەو ناوچانەی دەروبەری شارەکان جگە لەوانەی بەناچاریی خەریکن ساڵەکەیان تەواو دەکەن هیچ پزیشکێکی دیکەی لێ نییە.[2] هەندێك لە گوندەکان هێندە دابڕوان کە نەخۆشێکی پەرێشان یان ئەوەی تووشی رووداوێك دەبێت ناتوانرێت بۆ نەخۆشخانە بگوازرێتەوە.

"کەس هاوکاری ئەو کوردانە ناکات کە لە گوندە دووردەستەکانەوە نەخۆش دەکەون. بەڵام ئەگەر تەنیا یەك پێشمەرگە لەو ناوچانە ببینرێت، سەدەهای سەربازی بۆ دەنێرن تاکو بەدوایدا بگەڕێن."[3]

گرفتگەلێکی ئابووریی‌و کردارییی لە دابینکردنی چارەسەری پزیشکییدا هەیە. سەردانی دکتۆرو وەرگرتنی چارەسەریی بۆ جووتیاران زۆر گران دەکەوێت، هەروەها سەردانی ناوچە شارە دووردەستەکانیش بەهۆی بارودرخی ئاوهەواوە لەوانەیە مەحاڵ بێت، بەتایبەت لە زستاندا. هەموو ئەم گرفتانە لەو چیرۆکەدا دەردەکەون کە لەلایەن پزیشکێکەوە لە ئامەد بۆم باسکراوە:

" ئێمە زانیارییمان لە گوندە دووردەستەکانەوە پێناگات تەنانەت لەکاتی مردنی کەسێکیشدا. باوکێك پێیوتم کە کیژۆڵە پێنج ساڵانەکەی تووشی سورێژە بووەو زۆر نەخۆش بووە. لەکاتێکدا کە ئەگەری هێنانی بۆ نزیکترین شارۆکە نەبوو، خزمان هەوڵیاندا بۆ خۆیان چارەسەری بکەن. ئەوان رۆژانە هیوایان وابوو کە زۆر

[1] HRFT 1997, 131 .

[2] IPPNW etc. 1996a, 33 .

[3] پزیشکێکی تورك.

نابات چاکدەبێتەوە. بەڵام هەموو هیوایەکیان بێهودە بوو. کاتێك وەزعەکەی زۆر پەرێشان بوو، باوکی هەڵسا بەناو ئەو بەفرەدا رۆیشت بۆ نزیکترین شارۆکە- هەرچەندە دەیزانی کە مەحاڵە دەستی بە دکتۆردا راناگات. ئەمە ژیانی رۆژانەی ئێرەیە."[1]

چارەسەرکردن لە کەرتی تایبەتدا بەخۆڕایی نییە. ئەو خەڵکە پێویستیان بە نەشتەرگەریی پزیشکیی هەیە بەڵام ئەو پارەیەیان نییە روو لە والی بکەن‌و داوای چارەسەریی خۆڕایی لێبکەن.[2] نەخۆشی نەخۆشخانەکانیش هەروەها دەبێت پارە بە چارەسەریی‌و گواستنەوەی خوێن بدەن. تەنانەت کەسێکی زۆر نەخۆشیش ئەگەر پارە نەدات لە نەخۆشخانەکان دەرئەکرێت. من بۆخۆم لە مارتی 1997دا، لە لە ئۆردوگای سیرینتەپە لەنزیك ئامەد رەوشێکی بەو چەشنەم بینی. کاتێك سەردانی ئۆردوگاکەم کرد خەریکبوون پرسەیان بۆ ژنێکی 30 ساڵە دانابوو. لەو چەند رۆژەی دواییدا ئەو ژنە هەستی بە گرانیی هەناسەدان کردووەو براوە بۆ نەخۆشخانە. ژنەکەو خزمەکانی نەیانتوانیوە کرێی نەخۆشخانەکە بدەن، هەربۆیە رەوانەی کەمپەکەیان کردوونەتەوە، ژنەکە دواتر پاش چەند ساتێك گیانی سپاردبوو.

"ئەو بایەخپێدانە تەندروستییەی هەیە خۆڕایی نییە. گەر کەسێك پارەی نەبێت ناتوانێت بڕواتە لای دکتۆر. هەربۆیە دەتوانێت بۆخۆی لەماڵەوە بێت‌و هەوڵی چاکبوونەوە بدات. ئەگەر ئەو هەر زۆر زۆر نەخۆش بێت، هەوڵدەدات قەرز بکات‌و سەردانی دکتۆر بکات. ئەگەر ئەوەش نەتوانێت، ئەوە بۆخۆی لەماڵەوە لە جێگادا دەکەوێت‌و لەوانەیە بمرێت."[3]

"کاتێك هەر نەخۆشێك روو لە ژووری فریاکەوتن دەکات یەکەمین شت پشکنینی لەبارەوە بکەن ئەوەیە داخۆ نەخۆشەکە پارەی تەواوی پێیە بیدات. هەر لە خوارەوە

---

[1] ref. Koordinationsbüro Newroz etc. 1996, 82 .

[2] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 30 .

[3] ref. Koordinationsbüro Newroz etc. 1996, 82 .

تا بەڕێوەبەرانی خەستەخانەکە داخۆ ئامادەن بایەخ بە تەندروستیی کەسێك بدەن کە پارەی نییە. چەند رۆژێك لەمەوبەر لە هەواڵەکانی تەلەفیزۆنی تورکییدا بینیم کە دوو نەخۆشخانە چارەسەرکردنی نەخۆشێکیان رەتکردۆتەوە، لەرێگای رۆیشتنی بۆ نەخۆشخانەی سێیەم گیانی لەدەستداوە. ئێستا هەندێك لە تورکیا مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکەن کە نابێت بەم چەشنە بێت. ئەگەر کەسێك لە نەخۆشخانە بێت هەتاکو پارەی تێچوونەکان نەدات رێگەی نادرێت بچێتەوەماڵەوە، ئەو ژنەی لە نەخۆشخانە منداڵەکەی ببێت هەتاکو مێردەکەی پارەی نەخۆشخانەکە نەدات دەبێت هەر لەوێ بمێنێتەوە."[1]

ژنە کوردێکی دانیشتووی ئەدەنە باسیکرد کە لەکاتێکدا نەیانتوانیوە پارەی نەخۆشخانە بۆ کچەکەیان بدەن چۆن مامەڵەکراون:

" کاتێك ئێمەی کورد نەخۆشەکانمان دەهێنین بۆ نەخۆشخانەو دەڵێن پارەمان نییە، ئەوان پێمان دەڵێن کە نەخۆشەکەمان دەمرێت. پێویستە لە نەخۆشخانە یەکەمین شت پارە بدەیت. لەوەوە کە رەچەتە وەردەگرێت، ئنجا سەردانی دکتۆرەکە دەکەیت یان کارتی پشکنینی خوێن وەردەگریت. دەبێت پێش پشکنین کرێکە بدرێت. ئەمەی خوارەوە بەسەر مندا هاتووە: لەسەر کار بووم، پاش ئەوەی گەڕامەوە ماڵەوە، تێبینییمکرد کە کچەکەم تووشی رووداوێك بووە، بردم بۆ نەخۆشخانە. دەبوو نەشتەرگەری بۆ بکرێت، نەشتەرگەرییەکە پێنج ساتی خایاند. ئەوان کاغەزێکیان خستە دەستمەوە ناردیانمە لای مێزی پارەدان. ئەوان پسوڵەیەکی 12.5 ملیۆن لیرەیەییان دامێ، من ئەو پارە زۆرەم پێ نەبوو، کاتێك گەڕامەوە وتیان بڕۆرەوە لای مێزی پارەدان، وتم باشە. هەر یەکسەر ئەفسەرێکی پۆلیس هاتو پرسیاری لێکردم کە بۆچی پارەکەم نەداوە. بۆم شیکردەوە کە منداڵە گەورەکەم شەش ساڵانەو ئەوەکەی تریش بچووکترە. ناتوانم پارەکە بدەم. لەوێوە بردیانم بۆ لای بەرێوەبەر. بەرێوەبەرەکە رازییبوو دوو ملیۆن لیرە لە پارەی پسوڵەکە دابەزێنێت. تەنانەت ئەو کاتەش نەمتوانی پارەکە بدەم. ئەو کاتە پێیانوتم کە

[1] ژنێك ، ئەوروپا.

منداڵەکە دەبێت لە نەخۆشخانەکە بمێنێتەوە. بە پیاوێکم وت کە دەمناسی تاوەکو لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلەکەیدا لەوێ بمێنێتەوە. ئینجا چاوەڕێمکرد تا نەخۆشخانەکە تۆزێك قەرەباڵغ بوو، سووكو باریك تاوی منداڵەکەمداو لەگەڵ دایکیدا هاتینەوە ماڵەوە."[1]

بایەخپێدانی تەندروستیی بۆ ئەو کەسانە خۆڕاییە کە لەرێگەی کارە فەرمییەکانیانەوە بیمەیان هەیە. ئەوەش خەڵکە جووتیارەکانی لێ بەدەر دەکات. لەبەرئەوەی بایەخپێدانی تەندروستیی لەسەر قازانج بازرگانیی بنەما دەگرێت، هەربۆیە لەدەرەوەی دەستپێڕاگەیشتنی دانیشتووانە گوندنشیینەکانە. شارە گەورەکان فرە دوورن‌و خەڵکەکەش ناتوانن پارەیەکی زۆر لە بایەخپێدانی تەندروستییدا خەرجبکەن.[2] نزیکەی نیوەی دانیشتووانەکە لە تورکیا بیمەی تەندروستییان هەیە، بەڵام بەگوێرەی پزیشکانی نێونەتەوەیی بۆ رێگرتن لە جەنگی ئەتۆمیی، لە پارێزگا کوردییەکان رێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمە.[3] بۆ نموونە، لە ئەدەنە، سێیەکی خەڵکەکە کە کاردەکەن‌و پێویستە بیمەیان هەبێت، نییانە.

لەم ساڵانەی دواییدا لە تورکیا هەوڵێك لەئارادا بوو تاکو لە رێگەی سیستمی کارتی سەوزەوە خەڵکە هەژارەکە بخرێتە چوارچێوەی بایەخپێدانی تەندروستییەوە. هەڵگرانی ئەم کارتە مۆڵەتیان پێدراوە بەخۆڕایی هەندێك خزمەتگوزاریی تەندروستیی دیارییکراویان پێ بگات.[4] کارتەکە پێویستە لە بنکەی جەندرمە خۆجێییەکەوە داوابکرێت.[5] کارتەکە لە گوندی هەڵگرەکەیەوە یان لە شارەکەیەوە مۆری یاسایی دەکرێت. کاتێك کوردان لە گوندەکەی خۆیانەوە

---

[1] A woman interviewed in Kurdischer Roter Halbmond 1997, 30.

[2] Sachs 1983, 58-59 .

[3] IPPNW etc. 1996a, 51 .

[4] SES, Diyarbakwr section 1997, 54.

[5] KHRP 1996, 8 .

**هەڵدێن پاش ئەوەی هێزە ئاسایشییەکان دەیسوتێنن، بۆ ئەوان فرە زەحمەتە لە شوێنە نوێیەکەیان کارتی سەوز وەربگرن تەنانەت ئەگەر پێشتریش ئەو کارتەیان هەبووبێت. کاتێك کەسێك داوای وەرگرتنی کارتی سەوز دەکات، پێویستە کارتی خێزانیی دەربخات بۆئەوەی پێشانیبدات کە لە ناوەندی تۆماری دانیشتووانی ئەو شوێنە تۆمارکراون. نوێنەرایەتیی کوردیی خاچی سوور کە لە ئەپرڵی 1997دا سەردانی ئەدەنەی کردووە پێی وتراوە کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کوردان کارتی سەوزیان هەیە، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆریان خۆیان لە پەیوەندییکردن لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بەدووردەگرن و نایانەوێت تۆماربکرێن.[1] سیستەمە قازانجگەراکە بۆتە شتێك کە کەلێنی نێوان کوردو تورکی فراوانتر کردووە، لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەهەمان شێوەی خەڵکانی دیکە بۆ ئەوانەی لەنێوخۆدا راگوێزراون چاك نەکراوە.**

**ئەو کوردانەی من چاوپێکەوتنم لەگەڵداکردن زۆر گرفتیان لەبارەی کارتە سەوزەکەوە بۆ باسکردم:**

**" چارەسەرییەکە باش نییە، دکتۆرەکان زۆر سەرقاڵن، ئەوان تەنیا خەریکی دەرمان نووسینن. بۆئەوەی لە نەخۆشخانە بمێنیتەوە دەبیت پارە بدەیت. دەرمانەکان فرە گرانن."[2]**

**"پۆلیس هێرشیکردە سەر بارەگای هادیپ HADEP لێرە لە ئامەد، ئەوان زۆر لەهەمبەر هەڵگرانی کارتە سەوزەکە دڵڕەقبوون. ئەوان وتیان کە حکومەت هاوکاریی ئەم خەڵکە دەکات هەربۆیە دەبێت سوپاسگوزاربن."[3]**

**" ماوەیەك لەمەوبەر، ئەوان سیستەمەکەیان گۆڕی بۆئەوەی کارتی سەوز وەربگریت دەبێت داوایەك بدەیتە بنکەی پۆلیس. ئەوان دەیانەوێت دەست بەڕووی**

---

[1] Kurdischer Roter Halbmond 1997, 32 .

[2] **ژنێك**

[3] **ژنێك ،ئامەد.**

کەسانێکەوە بنێن کە لەنێو خێزانەکەیدا لەرووی سیاسییەوە چالاکە."[1]

وەزارەتی تەندروستیی ئەو پارێزگایانەی دەستنیشانکردوون کە لەڕووی بایەخپێدانی تەندروستییەوە لەپێشترن. بەپێی ئەم دەستنیشانکردنە، 23 پارێزگا لە ئاستی لەپێشیی پلەی یەکەمو 14پارێزگاش لە ئاستی لەپێشیی پلەی دووەمدان. هەموو پارێزگاکان لە حاڵەتی ئاوارتەدان[2] دەکەونە ئەم بەرنامەیەوە. ئیلزاگ لە ئاستی لەپێشیی پلەی دووەمو 11 پارێزگاکەی دیکەش لە ئاستی لەپێشیی پلەی یەکەمدان، کە هەروەها پێنج پارێزگای دیکە بە دانیشتووانێکی زۆری کوردەوە دەگرێتەخۆ: ئادیامان، ئاگری، ئیزنجان، کارس، هەروها سانلیئورفە.[3]

لە پارێزگا کوردییەکاندا، بایەخپێدانی تەندروستیی لەماوەی ساڵانی 1990کاندا داڕماوە. تەنیا بایەخپێدانی بنەڕەتیی تەندروستیی هەیە، تەنانەت ئەوەش زۆر دەگمەنە. نەخۆشخانەی قەزاکان دکتۆری پسپۆڕیان تێدانییە یاخود شیاوی دابینکردنی بایەخپێدانی تەندروستیی تایبەت نین. ئاکارێکی رێزدارانە لە قاوشەکاندا نییە. ئەو فەزایەی کە پێکدادانەکان پێکیهێنابوو ببووەهۆی کۆچی دکتۆرەکان بۆ دەرەوەی هەرێمەکە.[4] بەگوێرەی عەلی ئورکوت کە لە ساڵی 1996دا، سەرۆکی بەشی ساغڵەمیی بوو لە ئامەد، خەڵکی نایانەوێت لە باشووری رۆژهەڵات کار بکەن. ئەگەر کەسێك خۆبەخشانە داوای کار لەوێ بکات، ئەوا دەبێتەهۆی پەیدابوونی گومان لای دەسەڵاتداران کەوا ئەو کەسە هەواداری جووڵانەوە

---

[1] ژنێك ،ئامەد.

[2] ئەو پارێزگایانەی لە ساڵی 1996دا لەسایەی یاساکەدا بوون وەك ئەوەی لە پێشەکییەکەدا باسی لێوەکراوە.

[3] Ministry of Health of Turkey web pages: http://www.health.gov.tr/statistics/s121_eng.htm .

[4] HRFT 1997, 131 .

کوردییەکەیە.

دەسەڵاتداران هەوڵیاندا کە گرفتی کار لەرێگەی سیستمی نۆرەکارییەوە چارسەربکەن. پزیشکەکان لە رۆژئاوای تورکیاوە دەنێردران تاکو بۆ ماوەی مانگێك یان دوو مانگ لە پارێزگا کوردییەکاندا کاربکەن. د. رۆدی کە پزیشکەو هەروەها ئەندامی پارلەمانی کوردییە لە تاراوگەو لە ئەڵمانیا دەژی، وادەبینێت کە ئەم سیستمە تەنیا هەوڵێکە بۆ باشکردنی سەرنجی گشتیی لەبارەی وەزارەتی تەندروستییەوە. ئەو پزیشکانەی رەوانەی ئەوێ دەکران تەنیا لەهەوڵی ئەوەدا بوون هەرچۆنێك بێت کاتەکەیان تێپەڕێنن. نەدەتوانرا لەماوەیەکی وا کورتدا چالاکانە کاربکرێت.[1] نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی کە لە ساڵی 1996دا سەردانی نەخۆشخانەکەی دەوڵەتیی لە دێرسیم کردووە پێی وتراوە کە دکتۆرەکان خەڵکی رۆژئاوای تورکیان‌و تەنیا بۆماوەی مانگێك لە دێرسم دەمێننەوە.[2]

گرفتێکی دیکە بریتییە لە کەمیی تەنانەت کەلوپەلی تەکنیکیی زۆر بنەڕەتیی. وەك بنەما بنکە تەندروستییەکان کەمیی تاقیگەیان هەیە، هەروەها تەنانەت لە زستانیشدا گرفتی گەرمکردنەوەیان هەیە.[3] پاکوخاوێنیی لە نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکاندا خراپە. ژمارەیەکی کەم ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هەیە، لەبەرئەوە گواستنەوەی نەخۆشەکان کارێکی ئەستەمە.[4] لە ئامەد تەنیا نەخۆشخانەیەکی منداڵبوون هەیە کە دایکان دەتوانن لەکاتی ئاڵۆزییەکانی منداڵبوونیاندا رووی تێبکەن. تەنانەت ئەم نەخۆشخانەیە لە ساڵی 1996دا، خزمەتگوزاریی پشکنینی بە ئامێری سۆنەر نەبوو.[5] لە ئامەد تەنیا دوو ئامێری تۆبۆگرافیی هەبوو.[6] تەنانەت

---

[1] ref. Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 93 .

[2] Berliner Newroz Delegation 1996, 15 .

[3] (IPPNW etc. 1996a, 44 .

[4] SES, Diyarbakir section 1997, 46 .

[5] IPPNW etc. 1996a, 28 .

[6] Joacheim 1997, 162 .

**ئەگەر ئەندامانی ستافێکی باشڕاهێنراویش لە نەخۆشخانەکانو بنکە تەندروستییەکاندا هەڵسوڕێن، هێشتا لەوکارەی کە دەتوانن بیکەن دەستبەستراو دەبن. تیمی کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی پاش ئەوەی سەردانی نەخۆشخانەکانو بنکەی تەندروستییەکانی لە ئامەد کردووە، هەواڵیداوە کە ناوەندی تەندروستیی باکلەر بۆماوەی دە ساڵە نۆژەن یان بۆیاخ نەکراوەتەوە." ناوەندەکە ئەوەندە تاریکە تەنانەت لە رۆژیشدا پێویستی بە گڵۆپ هەیە دابگیرسێنرێت. بەهۆی سەرماو تاریکیی، تێکڕای کارمەندان بەدەست ئازاری جومگەوە دەناڵێنن."[1]**

## 8 . 3 . ڕەوشگەلی کارکردن لەسایەی یاسای حاڵەتی ئاوارتەدا

**ژیانی رۆژانە لە پارێزگا کوردییەکاندا زۆر توندوتیژە، دەستبەجێترین گرفتی ئەو خەڵکەی لە هەرێمەکەدا دەژین ئەوەیە کە بە زیندوویی بمێننەوە.[2] وێڕای ئەو خەڵکەی کە بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنن، نەخۆشخانەکان دەبێت چارەسەری برینداراانی ئاگرکوژێنەوەش بکەن. لەساڵی 1995دا، نوێنەرایەتییەك لە کۆمەڵەی پزیشکیی تورکییەوە لەگەڵ پزیشکەکانی ژووری فریاکەوتنی نەخۆشخانەی دەوڵەتیی دیاربەکر چاوپێکەوتنی کردووە، ئەوان هەواڵیانداوە کە رۆژانە چارەسەریی 7 بۆ 8 حاڵەت دەکەن کە بەهۆی هێرشی بکەرانی نادیارەوە روودەدات، هەروەها ئەوە قەدەغەکراوە کە هاوکاریی پزیشکیی بۆ تیرۆریستە گومانلێکراوەکان دابینبکرێت.[3] ئەمە بڕی ئەو کارەی لە هەلومەرجێکدا زێدەکردبوو کە تێیدا سەرچاوەکان نزیکەی دەگمەنن. توندوتیژیی و ترس لە توندوتیژیی کاریگەریی لەسەر کاری رۆتینیی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان کردبوو:**

**" پەرستارێك هاتەدەرەوە تاکو دەرزییەك لە نەخۆشێك بدات. ئەو شەقامەی کە**

---

[1] Turkish Medical Association 1995, 22 .

[2] HRFT 1997, 130 .

[3] Turkish Medical Association 1995, 39 .

ئەوی بۆ چووبوو پیاوکوژێکی لێ بوو. پیاوێك تەقەی لە پیاوێکی تر کردبوو، پیاوەکەی تر رایدەکرد، پیاوکوژەکەش بەدوایەوە بوو. ئەمە بە رۆژی رووناك روویدا. پەرستارەکە دەستبەجێ گەڕایەوە بنکەی تەندروستیی. ئەم رووداوانە تەنانەت لە پەنا ناوەندەکەشەوە روودەدەن."[1]

لەبەرئەوەی شارە کوردییەکان شوێنێکن زۆرجار خەڵکیان تێدا "شوێنەون" دەبێت، هەربۆیە خەڵکی تەنیا لە رۆژدا هەوڵی چوونە دەرەوە دەدەن. لە یەنایەری 1999دا، لە ئامەد، من بۆ خۆم بینیم کە چۆن فرۆشیارەکان کاڵاکانیان کۆدەکردەوەو چۆن فرۆشگاکان لە سات 5ی پاش نیوەڕۆدا دادەخران. هەر ئەوندەی تاریکی کرد، شەقامەکان چۆڵبوون. بەم هۆیەوە چارەسەریی لە بنکە تەندروستییەکان لە ساتەکانی رۆژدا سنووردارکرابوو، هەروەها نەخۆشەکان دەبوو زوو بڕۆنەوە پێش ئەوەی شەو دابێت. لە هەرێمەکەدا، گواستنەوەی کەیسە فریاگوزارییە لەناکاوەکان بۆ بنکە تەندروستییەکان ئەستەمە، بەتایبەتیی کاتێك هاتوچۆ قەدەغەکرابێت.[2]

" پیاوێکی خزممان کە تەمەنی حەفتا ساڵان بوو، نەخۆش بوو، لە گوندەکەمانەوە چوو بۆ ئامەد بۆ لای دکتۆر. قەت نەگەڕایەوە، ئەو لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ گوندەکە شوێنەونکرا."[3]

پێویستە پزیشکەکان لەگەڵ پۆلیس‌و لەشکردا هاوکاریی بکەن. لە هەر نەخۆشخانەیەکی هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا(ئۆهال) بنکەیەکی پۆلیسی لێیە. کاتێك من لە توکس(تاتڤان) لەمارتی 1997دا سەردانی نەخۆشخانەم کرد، ستاف

---

[1] a physician in Amed, interviewed in: Turkish Medical Association 1995, 39 .

[2] Dr. Rodi, interviewed in Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 94; Turkish Medical Association 1995, 16 .

[3] ژنێك ،ئامەد.

نەخۆشخانەکە پێیانوتم کە ئەمە لەبەر ئاسایش کارێکی پێویستە. هەندێك لەو ژنەپەنابەرانەی لە ئامەد چاوم پێیان کەوت وتیان کە ئەرکی پۆلیس لە بنکەکانی تەندروستییدا بریتییە لە چاودێرییکردنی ستافەکەو هەروەها دڵنیابوونە لەوەی کە دکتۆرو پەرستارەکان بایەخ بە کوردە نەخۆشەکان نادەن. پەرستارێك[1] وتی کاتێك خەڵکی بریندار بۆ نەخۆشخانەیەك دەهێنن، یەکەمجار لەلایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت، ئەوەی دەگونجێت جەختی لێبکرێتەوە تاکو مێژووی چارەسەریی نەخۆشەکە وەردەگیرێت. هێزە ئاسایشییەکان دەست لە چارەسەریی پزیشکیی نەخۆشەکان وەردەدەن، هەروەها هەندێکجار وادەکەن بینینی نەخۆشەکە لەلایەن پزیشکەوە دوابکەوێت یاخود هەر رێی لێدەگرن، لەکاتێکدا گەر وا بیربکەنەوە کە دەشێت ئەوانە هاوسۆزییان بۆ گەریلاکان هەبێت. هەروەها کاتێك لۆرد ریە لە 4–8ی ئەپرڵی 1995 سەردانی ئامەدی کردووە لە رەوشێکی هاوشێوە ئاگادار کراوەتەوە.[2] ئەم رەوشە هاوشێوەی رەوشی بایەخپێدانی تەندروستییە لە چیاپاس. لەوێش هەروەها تێکەڵبوونی پۆلیسو لەشکر بە بنکە تەندروستییەکان هەبوو بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئەوانەی نەخۆشن سەر بە رێکخراو نین.[3]

لابەر باس لە دیدەنیی لەگەڵ کینان نەهرۆزئۆغلوی پارلەمانتاری نوێنەری ماردین دەکات، ئەوەی پێی وتوە کە لە لێکۆڵینەوەی لە رووداوەکەی ئەپرلی 1988 لە شەش گوندی ناوچەی گێرجوس (پارێزگای ماردین) کردووە، کاتێك سوپا بۆ ماوەی سێ رۆژ گەمارۆی خەڵکەکەیان دابوو. ژمارەیەکی زۆر لەو گوندنشییینانە بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە دەستو قاچیان شکابوو. نەهرۆزئۆغلو پێی وتووە " ئەو بەشێك لەو قوربانییانەی نزیکەی بەزۆر بردۆتە لای دکتۆر، ئەوانە زۆر دەترسان

[1] Hanife 1998.
[2] Rea 1995 .
[3] Castro Soto 1998b .

لەوەی کە بچن."[1]

هەر لە ساڵی 1991وە، یاسایەك لە تورکیا دەرچووە کە بەپێی ئەو یاسایە خەڵکی دەستبەسەر پێویستە ببرێنە بنکەی تەندروستیی پاش لێکۆڵینەوە بۆئەوەی دەریبخەن کە داخۆ ئەوانە ئەشکەنجەدراون. ئەندامێکی نەناسراوی سەندیکای تەندروستیی SES /ساغلیك سەندیکاسی، بەشێکی پێکهێنا کە دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە داخرا، لە مارتی 1998دا لە ئامەد بە نوێنەرایەتیی فینلەندیی وت کە بەکارهێنانی هەموو شێوەیەکی ئەشکەنجە لەکاتی دەستبەسەرکردن لە بنکەی پۆلیسی تورکیی بنەمایە. ئەو وتی کاتێك پۆلیس کەسێکی قۆڵبەستکراو دەبات بۆ پشکنین، هەروەها پزیشکەکە راپۆرتێکی "هەڵە"ی بۆدەکات، ئەو هەڕەشەی لێدەکرێت و پۆلیس بەئاسانیی فەرمانی دەرکردنی راپۆرتێکی زیاتر گونجاو تر لە پزیشکێکی دیکە دەکات.[2]

سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی/ تورك تەبیبلەر بیرلیگی TTB، کیزیلکان لە کۆنفرانسێکی TTB پرێسدا لە ئامەد لە 14ی مارتی 1996دا وتی کە پزیشکەکان ناتوانن کارەکەی خۆیان بە ئازادیی لەو ناوچەیەدا بکەن کە بە یاسای حاڵەتی ئاوارتە حوکمدەکرێت. لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن TTB لە هەمان رۆژدا بڵاوکرابووەوە، رێکخراوەکە داوایکردبوو کە رێگە بە پزیشکەکان بدرێت ئازادانە کاری خۆیان بکەن، کە نووسینی راپۆرتی پزیشکیش بگرێتەخۆ بۆ ئەو خەڵکانەی دەستبەسەردەکرێن.[3] TTB لەساڵی 1996دا رایگەیاند کە چارەسەری دەسەڵاتداران بۆ خەڵکە گومانلێکراوو دەستبەسەرەکان لەگەڵ هیچ یەك لە بنەما تورکیی یان نێودەوڵەتییەکانی تایبەتمەندییە لەبەرچاوگرتنەکانی شارەزایی

---

[1] Laber 1988, 16 .

[2] Lodenius 1998a, 7 .

[3] Kurdistan Sol 6/96, 11 .

نهێنیی نایەتەوە، ئەوەش ئاکارە پزیشکییەکان پێشێلدەکات .[1]

ستاڤ بایەخپێدانی تەندروستیی ناتوانن لە ناوچەی حاڵەتی ئاوارتەدا سەربەخۆیانە کاربکەن. مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستیی یاخود پارێزگاری هەرێمیی پێویستە تەنانەت بۆ زۆر لە چالاکییە رۆتینییەکانیش. پارێزگاری هەرێمیی ئەو دکتۆرانە دەستنیشاندەکات کە نەخۆشخانەکان یاخود بنکەی تەندروستییەکان بەڕێوەدەبەن‌و هەروەها دەتوانن دەست وەربدەنە ئەو کارانەی کە لە بنکەکانی بایەخپێدانی تەندروستیی دەکرێت. ئەو سنووردارییی‌و قەدەغەی کارکردن لە پیشەی بایەخپێدانی تەندروستیی دیارییدەکات. پزیشك‌و پەرستارەکان ناچاردەکرێن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بەشداریی بکەن‌و ئەرکەکەشیان چارەسەرکردنی سەربازە بریندارەکانە.[2] چارەسەرکردنی ئەندامانی پەکەکە یاخود هەوادارانی پەکەکە بەتەواویی قەدەغەیە. لە سێپتەمبەری 1991دا، دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئامەد پەرستارێکی، یەڵدز ئەلپدۆغان، بە 12.5 ساڵ زیندانیی بەتاوانی پێدانی هاوکاریی پزیشکیی بە گەریلاکانی پەکەکە لە مەڵبەندی شیرناخ سزادا.[3] د.عەبدوڵڵا بۆلکا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی جزیرە لە پارێزگای ماردین، لە سێپتەمبەری 1989 بۆماوەی 15 رۆژ دەستبەسەرکرا، لەبەرئەوەی چارەسەری نەخۆشێکی کردووە کە پۆلیس بڕوای وایە ئەندامی پەکەکە بووە. د.بۆلکا لە پۆستەکەی خۆی لابراو رەوانەی یۆزگات کرا لە رۆژئاوای تورکیا. ئەو پاش ئازادبوونی وتی:" ئەرکی من وەك دکتۆرێك ئەوەیە بایەخی تەندروستیی بدەم بەهەر کەسێك کە پێویستی پێیەتی. من ناتوانم بزانم ئەگەر نەخۆشەکە تیرۆرست بێت یان نا. لەوەزیاتر، من ناچارنیم لێکۆڵینەوە بکەم، ئەوە ئەرکی من نییە."[4]

دوو یەکێتیی پیشەیی بایەخپێدانی تەندروستیی لە تورکیا هەیە: سەندیکای

---

[1] IPPNW etc. 1996b, 8 .

[2] Nazlwkul 1996, 51 .

[3] Kurdistan Committees 1992, 12 .

[4] Helsinki Watch 1991, 32 .

تەندروستیی SES، هەروەها کۆنفیدراسیۆنی کارگەرانی تەندروستیی KESK یان لە 1300 سەندیکای تەندروستیی 700.000 ئەندامی هەیە کە نزیکەی ئامەدن.[1] SES لەساڵی 1991دا دامەزراوە، هەروەها چالاکییەکانی لە ئامەد بە بەردەوامیی لەلایەن چاودێرییکردنی پۆلیسەوە سنووردارکراوە. یەك ئەندامی SES لە ژونی 1997دا هەواڵیداوە کە پۆلیس تۆماری هەموو ئەوانەی لای خۆی پاراستووە کە سەردانی بارەگای SES یان کردووە. ئەندامانی SES دەستگیردەکران‌و شوێنەون دەکران. لە ساڵی 1991 بۆ 1997، 16 ئەندام لەلایەن "هێرشکەرانی نادیارەوە" کوژراون‌و هەروەها 124 ئەندامیش دەستبەسەرکراون. بڵاوکراوەکانی SES بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستیان بەسەردا دەگیرا.[2] لە تورکیا کارمەندانی حکومیی، لەوانە ستافی بایەخپێدانی تەندروستیی، مافی مانگرتنیان نییە.[3] بڕیاری 430ی حاڵەتی حکومەتی ئاوارتە، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە 9ی ئەپرلی 1990دا دەرچووە، مافی کۆنترۆڵکردن‌و قەدەغەکردنی هەموو چالاکییەکانی یەکێتییەکان‌و هەروەها گواستنەوەی کارمەندانی دەوڵەتیی "زیانبەخش"ی بە پارێزگاری هەرێمی ئۆهال داوە.[4]

هەندێك لە گرفتە بنەڕەتییەکانی دابینکردنی بایەخپێدانی تەندروستیی لە کوردستان لەم چاوپێکەوتنەی خوارەوەدا لەگەڵ پزیشکێك وەسفکراوە:

ڕەوشی کارمەندانی بایەخپێدانی تەندروستیی فرە خراپە. هەموو ئەوانەی لێرە کاردەکەن دەیانەوێت بڕۆن...مەحاڵە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێرە کاربکەیت بێئەوەی لایەنێك هەڵبژێریت...دکتۆرێك پیاوێك بەخۆڕایی چارەسەردەکات، بە تیشکی X پشکنینی بۆ دەکات، دەرمانی چاکبوونەوەی ئێسکی دەداتێ. پاش

---

[1] Kurdistan Report 26/1998, 23 .

[2] Joacheim 1997, 164-165).

[3] Kurdistan Report 26/1998, 24 .

[4] Helsinki Watch 1991, 13 .

سێ مانگ، پیاوەکە بۆ تۆمەتی ئەندامبوون لە پەکەکەدا دەستگیردەکرێت. کاتێك ماڵەکەی دەپشکنن، ئەوان پشکنینی تیشکیX ەکە دەدۆزنەوە. دکتۆرەکە سزای سێ ساڵو نۆ مانگ زیندانیی بۆ دەبڕنەوە. کەیسەکەی ڕەوانەی دادگای ئەوروپیی دەکرێت. هەمانکات، دکتۆرەکە ئازاد دەکرێت، بەڵام نایەڵن چیدی لە کەرتی گشتییدا کاربکات...نموونەی لەم چەشنە یەکجار زۆرن. لەڕاستییدا کەسێك ناتوانێت لێرە بەهیچ جۆرێك کاربکات. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە کەس خۆبەخشانە نایەت بۆ ئێرە. دواکەوتوویی لە هەموو ڕوویەکەوەیە، تەنانەت لەرووی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریشەوەیە. کەسێك دەبێت زۆر بەهێزو فرە بەتوانا بێت تاکو بتوانێت لێرە کاربکات."[1]

ئەو پزیشکەی دەستی نەخۆشێکی چارەسەر کردبوو، د. دیلکەن بوو. ئەو بە تۆمەتی هاوکارییکردنی ئەندامێکی سەر بەرێکخراوێکی ناشەرعیی بە سێ ساڵو نۆ مانگ زیندانیی سزادرا.[2] ئەو ساڵی 1996 لە چاوپێکەوتنێکدا وتی:

" کاتێك نەخۆشێك دێتەلام، ئەو لەوانەیە پاسەوانی گوند، یان لایەنگری ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو یاخود پۆلیس یا سەرباز بێت. من بە هەمان شێوە چارەسەری هەموویان دەکەم، لەبەرئەوەی من هەموویان وەك مرۆڤ دەبینم. جێگەی داخە کە بەهۆی ترسەوە زۆر لە دکتۆرەکان بەم شێوەیە هەست ناکەن...شتێکی ئاساییە کە پێویستە نەخۆش وەك هاوڕێ یاخود دوژمن نەبینرێت، بەڵکو وەك کەسێك کە من دەتوانم هاوکاریی بکەم."[3]

سەیفەدین کزیلکان، سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکیی دیاربەکرو هەروەها بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی دیاربەکر، لە ئەپرێلی 1996دا، نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی لە پرنسیپی خۆی ئاگاداركردەوە کە ئەرکی تایبەتی پزیشك ئەوەیە کە چاودێری مافەکانی مرۆڤ بکاتو ئەو کاتە کار بکات کە تاوان دژ بە مافەکانی مرۆڤ

---

[1] Dr. lpekyüz, ref. IPPNW etc. 1996a, 65 .

[2] Article 169/2 of the Turkish Penal Code) (PHR 1996, 175 .

[3] *Dr. Dilken, interviewed in IPPNW etc. 1996a, 65.*

دەبینێت.[1] هەر زوو پاش سەردانی نوێنەرایەتییەکە، کزیلکان لە 5ی مایۆی 1996دا دەستبەسەرکرا. ئەو بەوە تاوانبارکرا کە بۆمبیان لە بالکۆنەی ژووری کچەکەیدا دۆزیوەتەوە. بالکۆنەکە سێ مەتر لە شەقامەکەوە بەرزەو 30 مەتریش لە نزیکترین خاڵی پشکنینی ئاسایشییەوە دوورەو بەبەردەوامیی لەژێر چاودێریی کامێرای ئۆتۆماتیکدایە.[2] د.کزیلکان لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە لە ئامەد بە 3 ساڵو 9 مانگ زیندانییکردن سزادرا. رێکخراوی پزیشکیی ئەمەریکیی بۆ مافەکانی مرۆڤ بڕوایان وایە ئەم کەیسە ساختەیەو دەسەڵاتدارانی تورکیی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە د. کزیلکان هەڵیانبەستووە کە بەقازانجی دیموکراتیی، مافەکانی مرۆڤو هەروەها بایەخپێدانی تەندروستیی کاریکردووە. دەسەڵاتدارانی تورکیی رەتیانکردەوە رێگەبدەن بە عەلی ئورکوت، سەرۆکی لقی دیاربەکری SES، کە سەردانی هامبۆرگ بکات بۆ بەشدارییکردن لە سیمینارێکی خاچی سووری کوردیی بە ناونیشانی" جەنگو تەندروستیی لە کوردستان" کە لە رۆژانی 28-29ی ژونی 1997دا پێشکەشکرا.[3]

## 4 .8 . دارمانی بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپارازتن

بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپارێزیی، هەروەك کوتانو بایەخپێدانی دایکایەتیی، بەشێوەیەکی کرداریی، لە هەرێمی هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا بوونێکی

---

[1] Dr. Kizilkan, interviewed in IPPNW etc. 1996a, 65 .

[2] IPPNW etc. 1996a, 33, 38-39; PHR 1996, 170-173, 184-185 .

[3] Kurdistan Report 26/1998, 23 .

نییە. زۆر لە بنکەو ناوەندە تەندروستییەکان لەو شارو گوندانەی کە تا ئێستا خەڵکی تێدا دەژین داخراون یاخود بۆ مەبەستی سەربازیی بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە، لەساڵی 1997دا، لە مەڵبەندی دیاربەکر، لە تێکڕای 112 بنکە تەندروستییە بچووکەکانی گوندەکان تەنیا 14 یان بەکارن، هەروەها زۆربەی ناوەندە تەندروستییەکان کە ستافی پزیشکییان هەیە داخراون. بەگوێرەی لقی دیاربەکری SES ، هۆکاری سەرەکیی داخستنی بنکەکان بۆ کەمیی ستاف دەگەڕێتەوە. لەساڵی 1996، لە مەڵبەندی کولپ (پارێزگای دیاربەکر) تەنیا یەك ناوەندی تەندروستیی مابوو.[1]

لەساڵی 1974دا، WHO بەرنامەکەی خۆی سەبارەت بە فراوانکردنی خۆپارێزیی (EPI) دەستپێکرد. لەئاکامی ئەوەدا، لەساڵی 1995دا، زیاتر 80٪ی منداڵانی جیهان دژی نەخۆشییەکانی ملەخڕێ، گەزاز، کۆکەرەشە، ئیفلیجی، سورێژە، هەروەها سیل کوتران – لەساڵی 1974 ئەو ڕێژەیە کەمتر بوو لە 5٪. [2] پێشنیازی WHO ئەم کوتاندنانەی خوارەوەی گرتبووەخۆ: BCG (کوتانی دژی سیل)و ئیفلیجی لەکاتی لەدایکبووندا، PDT لە 6، 10و14 مانگیدا، هەروەها سورێژە لە 9 مانگیدا.[3] کوتانیBCG دژی نەخۆشی سیلەو PDT یش دژی ملەخڕێ، کۆکەڕەشەو سورێژەیە.

لە پارێزگا کوردییەکان، ئاستی خۆپارێزیی کەمترە لەو ئاستە ناوەنجییەی کە لەتورکیادا هەیە، تەنانەت پێش ئەوەی ڕاگواستنی خەڵکەکەش دەستپێبکات.

**خشتەی 7 : کوتان لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا، 1991 (٪)**[4]

---

[1] IPPNW 1996a, 28, 32; Hanife 1998; SES, Diyarbakir section 1997, 46 .

[2] WHO 1998a, 49 .

[3] Perrin 1996, 136 .

[4] UNICEF: Türkiye'de Anne ve Çoçuklarin Durum Analizi 1991, ref. Türk Tabipler Birligi: "Güneydogu'da saglik hizmetleri ve saglik personelinin

| | PDT | BCG | سورێژە |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی ئاوەنجیی لە تورکیا | 73 | 40 | 68 |
| دیاربەکر | 55 | 15 | 47 |
| هەکاری | 19 | 1 | 21 |
| ماردین | 34 | 9 | 38 |
| تونجلی | 38 | 15 | 38 |
| ڤان | 77 | 10 | 77 |

ئەو ژمارانەی ساڵی 1993ی ڕووماڵی تەندروستییو دانیشتووانی تورکیی بەتەواویی جیاوازن. بەگوێرەی مەزەندەی ئەوان ڕێژەی ڕووماڵکردنی خۆپارێزیی لە نێوان منداڵانی تەمەن 12–23 مانگ بریتیە لە 90٪ بۆ BCGو هەروەها یەکەمین دوو ژەمی PDTو ئیفلیجی منداڵان، هەروەها نیوەی منداڵانی پێش یەك ساڵان ئەم کوتانانەیان بۆکرابوو. لە هەرێمی ڕۆژهەڵات، مەزەندەکردنی ڕووماڵەکە 41٪ بوو.[1]

بەرنامەی کوتان لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا نزیکەی بەتەواویی دابەزیبوو.[2] هەروەها بوارەکەی لە ئامەد بەشێوەیەکی بەرچاو کەمببووەوە.

نەخشەی 8 : ڕووماڵی خۆپارێزیی لە ئامەد 1990-1996 (٪) [3]

---

durumu" Raporu. Mart 1994, p. 20.

[1] TDHS 1994, XVII .

[2] Ürküt, ref. IPPNW etc. 1996a, 65; Hanife 1998 .

[3] SES, Diyarbakir section: Gesundheitsbericht der Region Diyarbakir 1997, p. 53

| سالّ | کۆکەڕەشە | ملەخڕێ – ئیفلیجی | گەزاز | سورێژە | BCG |
|---|---|---|---|---|---|
| | یەکەم کوتان | | دووەم کوتان | | سێیەم کوتان |
| 1990 | 88 | 77 | 68 | 58 | 32 |
| 1991 | 86 | 72 | 66 | 57 | 28 |
| 1992 | 74 | 57 | 54 | 52 | 24 |
| 1993 | 61 | 49 | 39 | 42 | 30 |
| 1994 | 44 | 38 | 34 | 29 | 29 |
| 1995 | 35 | 25 | 21 | 26 | 20 |
| 1996 | 75 | 62 | 37 | 73 | 29 |

**بەراوردكارییە نێونەتەوەییەكان هاوكاریی یەكێك دەكات تاكو تێبگات كە ڕەوشی خۆپارێزیی لە باكووری كوردستاندا چەند خراپە. بەنگلادیش‌و ڕەوەندا، لە خوارەوەی ئاستی پەرەسەندنی وڵاتە هەژارەكانی جیهانی سێیەمدان. لەماوەی ساڵانی 1990كاندا، لافاوو كارەساتە سروشتییەكانی دیكە ناوبەناو لە بەنگلادیشیان دەداو ڕەوەنداش بەدەست شەڕی ناوخۆوە دەیناڵاند. هەردوو وڵاتەكە هاوكاریی نێونەتەوەییان لە ڕێكخراوە حكومیی‌و ڕێكخراوەكانی UN و NGO كان وەردەگرت.**

**نەخشەی 9: ڕووماڵی خۆپارێزیی (٪) لە PDT، سورێژە،هەروەها BCG، 1996**[1]

---

[1] Diyarbakir: SES, Diyarbakir section: Gesundheitsbericht der Region Diyarbakir 1996, p. 53, Turkey, Bangladesh, Ruanda: WHO: The World Health Report 1998, p. 225- 227.

| | PDT | سورێژه | BCG |
|---|---|---|---|
| دیاربەکر | 37 | 73 | 29 |
| تورکیا | 84 | 84 | 69 |
| بەنگلادیش | 97 | 96 | 100 |
| رەوەندا | 95 | 36 | 93 |

یەکێك لە گرفتەکانی خۆپارێزیی ئەوەیە کە لەبەر تێکچوونی ناوبەناوی پێدانی کارەبا، کوتانەکان ناتوانن بە پارێزراوی لە لە شوێنی ساردا هەڵگیرێن، هەربۆیە کاریگەرییان کەمدەبێتەوە.[1] پزیشکێکی تورك پێیوتم کە هەمان کێشە لە پارێزگا تورکییەکانیشدا هەیە. ژنێك لە ئامەد پێیوتم ئەوان لەوە دەترسن کە ئەو کوتانانانەی بۆ منداڵە کوردەکانیان دەکەن ئێکسپایەر بووبێت.

لەبەرئەوەی پەکەکە مینی لە سەر رێگاکانی ناوچە گوندنشیینەکان داناوەتەوە، ئەو رێگایانە پارێزراو نین، هەربۆیە تیمەکانی کوتان دەترسێن بۆ کوتانی منداڵان سەردانی گوندە دووردەستەکان بکەن.[2] کاتێك تیمەکانی کوتان دەیانەوێت سەردانی هەندێك لە گوندەکانی هەرێمی حاڵەتی ئاوارەتەدا بکەن بۆ ئەوەی منداڵان بکوتن، لەلایەن هێزی سەربازیی و جەندرمەوە پاسەوانی دەکرێن.[3] هەندێکجار جەندرمە رێگە بە کارمەندانی تەندروستیی نادەن سەردانی گوندەکان بکەن تا منداڵەکانیان بکوتن.[4] پەرستارێك لەبارەی گرفتەکانی کوتانەوە وتی:

" چەند ساڵێك لەمەوبەر چەند دکتۆرێك هەوڵیاندا بەدەستپێشکەریی خۆیان کە لە گوندەکانی دەوروبەری دیاربەکر بەرنامەیەکی زۆر گرنگ سەبارەت بە کوتانی ئیفلیجی منداڵان جێبەجێبکەن. دکتۆرەکان تۆمەتی پشتگیریی چالاکیی

[1] Turkish Medical Association 1995, 19 .

[2] PHR 1996, 204 .

[3] IPPNW etc. 1996a, 44 .

[4] HRFT 1997, 132 .

دوژمنانەیان دژی دەوڵەت لەنێو دانیشتوواندا خرایەسەرو دەستبەسەرکران."[1]

گرفتێکی دیکەی کوتان بریتییە لە گومانی دانیشتووانەکە لە ئەنجامدانی:

" بەهەرحاڵ، بەشێکی زۆری دانیشتووانەکە کوتانی ئیفلیجی منداڵان رەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی بێمتمانەییان بە دەوڵەت هێندە مەزنە کە تەنانەت سەری بۆ کاروبارە تەندروستییە گشتییەکانیش کێشاوە، لەترسی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیی بەخراپیی پرۆژەیەکی وا دەقۆزێتەوە تاکو ژنانی کورد نەزۆك بکات کاتێك چارەسەریی پزیشکییان بۆ دەکرێت."[2]

هەروەها ئەلڤان دۆملو، کە پەرستارێکە لە ئەستەمبوڵ، لە مارتی 1998دا هەواڵیداوە کە زۆربەی ئەو کوردانەی لەوێ دەژین کوتان پەسەند ناکەن لەبەرئەوەی متمانەیان بە دەوڵەت نییە.[3]

## 5 . 8 . لاوازیی بایەخپێدانی تەندروستیی ژینگەیی

زۆربەی نەخۆشییەکان لەرێگەی ئاوی پیسەوە بڵاودەبنەوەو هەمیشە مەترسیی کەوتنەوەی پەتاشیان لێدەکرێت. نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی IPPNW کە لە بەهاری 1996دا، سەردانی ئامەدی کردووە، هەواڵی بڵاوبوونەوەی پەتای(enteritis/

[1] a nurse, ref. Kurdistan Report 26/1998, 23 .

[2] a nurse, ref. Kurdistan Report 26/1998, 23.

[3] ref. Lodenius 1998a, 10.

هەوكردنی ریخۆڵە)ی لە گوندەكانی نزیك ئامەد بیستووە:

" دوو كەس بەهۆی هەوكردنی ریخۆڵەوە مردوون‌و چەندین منداڵیش لە نەخۆشخانە لە دیاربەكر خەوێنراون. كارمەندانی بنكە تەندروستییە خۆجێیەكە تێبینییەكانی خۆیان گەیاندۆتە بەڕێوەبەرەكەیان. بەڵام هیچ شتێك نەكراوە. ئینجا ئەوان شكاتیان لە بەرێوەبەرەكەیان كردووە. ئەو پارێزەرانەی بەرگرییان كەیسەكە كردووە هەڕەشەی دوورخستەنەوەیان لێكراوە. سەبارەت بەو ئاوە پیسەش كە هۆكاری پەتاكە بووە هیچ شتێك نەكراوە."[1]

لەبارەی رەوشی هاوشێوەوە زۆرم بیستووەو خوێندۆتەوە: دەسەڵاتداران لە گرفتەكان بەئاگابوون، بەڵام هیچ شتێكیش بۆ چارەسەركردنیان نەكراوە. پسپۆڕێك لە راپۆرتی ساڵی 1995ی كۆمەڵەی پزیشكیی توركیی دەڵێت:" سامپڵ لە ئاوو خواردن دەبرێت، بوونی بەكتریای زیانبەخش لە ئاوەكەدا دیارییدەكرێت‌و پاشان رەوشەكە وەك خۆی جێدەهێڵرێت". هەروەها راپۆرتەكە ئاماژەی بەوەداوە كە تەنانەت حاڵەتی وا هەیە كە مادەی كلۆر ناكرێتە ناو ئاوەكەوە لەبەرئەوەی ئەفسەری شارەوانیی لەبەر هۆكاری ئاسایشیی نایەڵێت كار بە مەكینەی كلۆرەكە بكرێت."[2]

یەك لە گرفتە سەرەكییەكان كە رووداني كەوتنەوەی نەخۆشیی زێدە دەكات رەوشگەلێكی ژینگەیی هەژارە، بەتایبەتیی پیسبوونی ئاو. كاتێك كوردە راگوێزراوەكان گەیشتنە گەڕەكە هەژارنشینەكانی شارە كوردیی‌و توركییەكان هیچ پەرەپێدانێك لە ژێرخانی ئەو شارانەدا، لە سیستمی ئاوو ئاوەڕۆ، ئەنجامنەدرابوو. كۆمەڵەی پزیشكیی توركیی نموونەی بنكەیەكی تەندروستیی دەدات كە لە ساڵی 1993دا، 2000 كارتی بەڵگەیی خێزانیی لەلابووە لە ناوچەیەكدا كە پێنج گەنجینەی ئاوی لێبووە. پاش دوو ساڵ، گەنجینەكان هەر هەمان خۆیان بوو،

---

[1] IPPNW etc. 1996a, 28 .

[2] IPPNW etc. 1996a, 28 .

لەکاتێکدا ژمارەی کارتە بەڵگەییە خێزانییەکان 20.000 بوو.[1]

" شتێکی بێمانایە بانگەشەی پاکوخاوێنیی بکەیت لەکاتێکدا بە دوو ڕۆژ جارێك ئاو بە تۆڕی ئاوی شارەکەدا بێت، هەروەها کاتێك کاردانەوەی خەڵکەکە بۆ ئەو پێشنیازەی کە دەڵێت پێویستە ئاوەکەیان بکوڵێنن ئەوە بێت کە دەڵێن ئەنجامدانی ئەو کارە دەبێتە هۆی سەرفبوونی غازەکانیان."[2]

لە ئەستەمبوڵ کەمیی ئاو هەیە، بەڵام لە شارە کوردییەکان کەمیی ئاوی پاك دژبەرییەکی تەندروستییە، چونکە ئاوی سازگار لە ناوچەکەدا زۆرە، ڕووباری دیجلەو فوراتو چەندین چەمی دیکە لەوێوە سەرچاوەدەگرن. تورکیا بەرنامەی هەیە کە ئاوی ڕووبارەکان بفرۆشێتو لەرێگەی لولەی ئاوەوە لە کوردستانەوە ڕەوانەی ئیسرائیلی بکات. تورکیا ئێستا ئاو بۆ باکووری قوبرس دەگوێزێتەوە.

بەهەمان شێوە، لە کەیسی مەلاریادا، زێدەبوونی نەخۆشییەکە نەبۆتە هۆی ئەوەی چ کاروهەڵسوڕانێك بۆ گۆڕینی ڕەوشە ژینگەییەکە بکرێت.

" ئەوە دەزانم کە پێشتر هێلیکۆپتەر بە ئاسماندا دەفڕینو دەرمانییان دژی مێشوولەی مەلاریا دەپرژاندن، ئەڵام ئەوان چیدی ئەوە ناکەن، کە بەڕاستیی سەرسامیکردووم."[3]

لەساڵی 1994دا، لە مەڵبەندی سیلڤانو چینار، دەسەڵاتداران نایانتوانی هیچ دەرمانێکی مێرووکوژ لە بەشی دژە مەلاریا بەدەستبێنن.[4] ئەمە تەنیا نموونەیەکە، من نەمتوانی زانیاریی دروست لەمەڕ کاروهەڵسوڕانەکانی خۆپارێزیی لە مەلاریا کۆبکەمەوە.

بەگوێرەی WHO، چالاکییە کاریگەرییەکانی دژبە مەلاریا پێویستی بە بەشداریی دانیشتووانە، هەروەها پێویستە ئەم چالاکییانە لەماوەی پرۆسەی پەرەپێدانی بایەخپێدانی سەرەتایی تەندروستیی چاكو فراوان بکرێت. WHO

---

[1] Turkish Medical Association 1995, 19 .

[2] Turkish Medical Association 1995, 24.

[3] ژنێك، ئەوروپا.

[4] Turkish Medical Association 1995, 21 .

رێنمایی خۆی لەوبارەیەوە دەدات کە چۆن ستاڤ بایەخپێدانی تەندروستیی دەتوانن دانیشتووان بە ئاراستەی خۆپارێزیی لە مەلاریا هانبدەن.[1] ئەم جۆرە رێنماییانە لەگەڵ رەوشە کوردییەکەدا ناگونجێت، لەبەرئەوەی بڵاوبوونەوەی مەلاریا ئاکامی گەمژەیی خەڵکەکە نییە.

# نۆیەم : بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەساڵانی 1990کان لە باکووری کوردستان

## 9. 1 . بایەخپێدانی تەندروستیی لە رەوشگەلی ئاوارتەدا

لەو بابەتە نووسراوانەدا کە سەبارەت بە ململانێی توندی نزمەئاست هەن، زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە بایەخپێدانی تەندروستیی و نەخۆشییەکانی دانیشتووانی سڤیل لە مەکسیك لەبەردەستدا نین. پاش ئەوەی نوێنەرایەتیی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەمەریکا (CHRIA) سەردانی چیاپاسی کرد، رەخنەی لە حکومەتی مەکسیکیی گرت سەبارەت بە بەدبەکارهێنانی بایەخپێدانی تەندروستیی وەك چەکێکی ململانێی توندی نزمەئاستدا. حکومەت هەوادارانی جووڵانەوەکەی زاپتیستای لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بێبەشکردبووو بۆ لایەنگرانی حکومەتی دابینکردبوو. بەڵام ئەو کورتە وتارەی لە ئینتەرنێتدا زانیاری وردی لەم بارەیەوە نەداوە.[2]

پێویستییە پزیشکییەکان لە رەوشگەلی ئاوارتەدا، لە بنەڕەتدا هاوشێوەی ئەوەیە کە لەحاڵەتی ئاساییدایە. جیاوازییەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی خۆی لە مەوداو

---

[1] WHO 1984 .

[2] http://citysearch7.com/E/E/SFOCA/0011/49/57/ ,.Committee for Health Rights in the Americas 1998 .

هەروەها ئەو خێراییەدا دەبینێتەوە کە دەیگاتێ. لەئۆردوگایەکدا کە تازە بۆ راگوێزراوەکان دروستکراوە، پێویستییە پزیشکییەکان دوو بۆ سێ هەندە زیاترە.[1] پەیوەندییەکی نزیك لەنێوان حاڵەتی خۆراکیی خەڵکانێکی راگوێزراو هەروەها دەرفەتیان بۆ ژیانو مانەوە لە ژینگە فیزیکییو کۆمەڵایەتیە–کەلتوورییە جیاوازەکاندا هەیە. لە زۆربەی کاتدا، تێکڕای ئەو میکانیزمانەی کە لە ژینگە بنەڕەتییەکەدا کاریگەرە بەشێوەیەکی کاتیی تێکدەچنو زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە خەڵك نەخۆش بکەون.[2] سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی یەکەمین قوربانیی لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتییو ئابووریی وڵاتێکە کە لە ململانێدا بێت. دەگونجێت دکتۆرو پەرستاری نەخۆشخانەکان نەتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبەرن. لەوانەیە ئەوان بەشێوەیەکی نائامادە بچن بۆ نەخۆشخانە یان هەر نەتوانن بگەنە ئەوێ، یان لەوانەیە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیاندا هەڵواردنیان لەدژ بکرێت. ئەم هۆکارانەو ترس لە توندوتیژیی کاریگەریی بەرچاویان لە هاندەرو تواناییان بۆ کارکردن هەیە.[3]

پێوانەکانی تەندروستیی لە باکووری کوردستان لە هەموو بەشێکی ئەم بوارەدا دابەزیوە کە زانیاریی لەبارەوە هەیە. هەمان شتیش لە باشووری مەکسیك لەنێو لایەنگرانی جووڵانەوەکەی زاپتیستادا هەیە، زێدەبوون لە نەخۆشییەکانی بەدخۆراکیی، شەکرە، بەرزیی فشاری خوێن، هەروەها چەند نەخۆشییەکی دیکەدا هەیە. تەنانەت نەخۆشییەکانی خوێنبەربوونی ڤایرۆسییو هەوکردنی سییەکان (سیل) لەزێدەبووندایە.[4] زێدەبوونی نەخۆشییەکان ئاکامێکی لۆجیکیی تێکچوونی رەوشەکانی ژیانە. بەدخۆراکییو نەخۆشییە نەکوژەکان توانای بەرگریی لەبەرامبەر نەخۆشییەکانی دیکەدا دادەبەزێنن. کوردستان، هەروەها زۆر دەگونجێت

---

[1] Perrin 1996, 301 .

[2] ICRC: Guidelines…; Stork 1989, 9.

[3] Coupland 1994, 1694 .

[4] Castro Soto 1998a .

چیاپاسیش، ناوچەگەلێکبن کە چەندین نەخۆشیی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تێدا جێگیر بن. ئەوەش بەمانای ئەوەی هەندێك نەخۆشیی لە جێگەیەکی دیارییکراو بڵاو بن، بەڵام لەدەرەوەی ئەو ناوچەیە نا. تەنانەت ئەوکاتەش کە بڕوا وایە ئەو نەخۆشییەکە لەژێر کونترۆڵدایە، زۆر لە خەڵکەکە کە نیشانەی نەخۆشییەکەشیان پێوەدیارنییە بەڵام هەڵگری نەخۆشییەکەن، ئەوانە زیاتر بڵاویدەکەنەوە، هەروەها ئەگەر رەوشەکە بگۆڕێت، ئەوانە زۆر بەئاسانیی نەخۆش دەکەون. لە رەوشێکی وادا زۆربەی جار مەترسیی کەوتنەوەی پەتاکان لەئارادایە.

لە بەرازیل، وادەبینرا کە نەخۆشییەکان لەژێر کۆنترۆڵدان– گرانەتا، تای ماڵتا، مەلاریا، سورێژە، سیل، گەڕیی، هەروەها تاعون – کەچی لەسالانی 1980کاندا، سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەو قوربانیی دیکەیان لێکەوتەوە، بەتایبەتیی منداڵان. شیپەر–هیوز نووسویەتی کە ئەم جۆرە نەخۆشییانە وا دەبینرێت کە نەخۆشیی ناوچە ئیستوائییەکانن‌و بەهۆی کەم‌و زۆر کارلێکی"سروشتی" کەش‌و هەوا، جیۆگرافیی‌و هەروەها ژینگەی مرۆڤایەتییدا سەرهەڵدەدەن، بەڵام ئەوانە پێویستە وەك نەخۆشیی هەژاریی یاخود نەخۆشیی "پەرەسەندنێکی بێسەروبەر" لەقەڵەم بدرێن، کە تێیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی گوندنشییە بۆ کۆچی شارەکیی، بێکاریی، گەڕەکە هەژارنشیینەکان، نەخوێندەواریی، هەروەها بەدخۆراکیی کە خەتاباری سەرەکیی پشت ئەو پەتایانەن.[1]

یەك لە میتۆدەکانی بەکارهێنانی بایەخپێدانی تەندروستیی وەك چەکێك لە ململانێی توندی نزمەئاستدا نەزانییە. کاتێك ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی ژنێك ناچاردەکەن کە ژان گرتوویەتی تاکو لەبەردەم نەخۆشخانەی منداڵبووندا منداڵەکەی ببێت، هەروەك لە ئەدەنەوە هەواڵدراوە،[2] ئەوانە بەتەواویی لەوە ئاگادارن کە دەشێت ئەمە ببێتە هۆی مردنی هەریەك لە دایك‌و منداڵەکەش. بەڵام کەس راستەوخۆ لە کوشتنی ئەوانە بەرپرسیار نییە. ئەمە بە کورتیی، ئامانجی

---

[1] Scheper-Hughes 1992, 31 .

[2] Kurdischer Roter Halbmond 1997, 30 .

تەواوی ستراتیجییەکەیە. کاتێك خەڵك بە نەخۆشیی دەمرن وادەکات مردنەکەیان سروشتیی دەربکەوێت. ئەوەش پەیوەندیی بە بنەمای ململانێی توندی نزمەئاستەوەیە کە جەنگەکە پێویستە بەشاراوەیی بمێنێتەوە بەجۆرێك کە ماسمیدیای نێودەوڵەتیی و جووڵانەوەی ئاشتیی نەیەت و ململانێکە تێکبدات.

## نەخۆشیی لە باکووری کوردستان

لە تەواوی ماوەی سەربەخۆیی تورکیادا تەندروستیی دانیشتووانی گوندنشین باشبووە، بەڵام لە ساڵانی 1990کانەوە جووڵانەوەیەکی دواکەوتووانەی ئاشکرا هەبوو. نەخۆشییەکانی وەك: گرانەتا، مەلاریاو هەروەها سیل کە نزیکەی لە تورکیادا کۆتاییهاتبوو، سەرلەنوێ بڵاوبووەوە. لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا ئاستی تەندروستیی لە ئاستی ناوەنجیی لە تورکیا نزمترە بەڵام تاکو کۆتایی 1980کان باشبوونێکی بەردەوام هەبوو، ئەوەش بەشێکی بۆ پرۆژەکانی WHO دەگەڕێتەوە.[1]

مەزنترین ریسکە تەندروستییەکان بۆ خەڵکە راگوێزراوەکانی ناوخۆ کە لە ناوچە هەژارنشینەکانی شارە گەورەکاندان بریتییە لە نیشتەجێبوونی نەشیاو، بەدخۆراکیی، کەمیی ئاوی پاکی خواردنەوەو سیستمی ئاوەڕۆ. ئەو خەڵکەی بەدەست بەدخۆراکییەوە دەیانناڵاند لاوازبوون و زۆربەی جار بەو نەخۆشییانە دەمردن کە چارەسەریی لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا ئاسایی بوو.[2] پەرستارێکی کورد کە نەیویست ئاشکرابێت سەبارەت رەوشی ئێستای تەندروستیی لە ئامەد وتی:

" ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیی درم بەهۆی ئاوی پیسەوە بڵاوبوونەتەوە. کەمیی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، خۆراك و هەروەها شوێنی خاوێن بۆ ژیان، فاکتەری

---

[1] Lord Rea 1997, 16-18 .

[2] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 82, 84 .

بنەڕەتین بۆ دڵەڕاوکێی ئێمە هێندەی حاڵەتی تەندروستیی گشتیی لەناوچەکەدا جێگەی بایەخە. لەڕاستییدا، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پەنابەران هەژارانەیە، لەبەرئەوە ناتوانن خەرجیی هاوکاریی پزیشکیی بکێشن و تەنیا لە حاڵەتی نەخۆشییەکی زۆر خراپدا نەبێت بەدوای چارەسەرێکی پیشەییدا ناچن. لەبەر ئەم هۆیە فرە ئەستەمە ژمارەی دروستی ئەو نەخۆشییە درمانە بدرێت کە سەریانهەڵداوە، بێئەوەی کە تۆ کەمیی پێشمەرجێکی گرنگی دیکەت بۆ کارو هەڵسوڕانی خۆپاراستن کاریگەر یان چارەسەریی هەبێت. لە دیاربەکر، ئێمە لەنێو شتەکانی دیکەدا ڕووبەڕووی نەخۆشیی زەردوویی، کۆلێرا، هەروەها زەحیریی و جۆرەها پەتای سکچوونی دیکەو نەخۆشیی سیل بووینەتەوە. لەساڵی 1997دا، 776 حاڵەتی سیل تۆمارکراوە. تەنیا لە دیاربەکردا، 27٪ی حاڵەتەکانی مەلاریا و 24٪ی حاڵەتی سیلی تەواوی تورکیا ڕوویانداوە. ئەمە ژمارەی فەرمیی بەشی تەندروستیی دیاربەکرە. ئێمە لەو بڕوایەداین ژمارەی ڕاستیینەی ئەم نەخۆشییە درمانە لانیکەم دووبەرابەری ئەوەیە."[1]

کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی لەراپۆرتێکیدا باسی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە باشووری ڕۆژهەڵات کردووە کە لە سایەی ڕەوشی ململانێی چەکداریی و زێدەبوونی کۆچبەرییدا، ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە ئاساییە تەندروستییەکان نزیکەی مەحاڵە. وێڕای نائاساییبوونی ڕەوشەکە، واچاوەڕێ دەکرێت کارمەندانی تەندروستیی بەشێوەیەك کاربکەن وەك ئەوەی ڕەوشەکە ئاسایی بێت. کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی داوایکردووە کە پێویستە کارمەندانی تەندروستیی لەوە ئاگاداربکرێنەوە کە چۆن لەو چەشنە ڕەوشەدا خزمەتگوزاریی پێشکەشبکەن. ئەوان ڕێنماییان کردووە کە پێویستە ڕاهێنانی کارمەندان بەشێوەیەك ڕێکبخرێت کە سیمینارەکانی کۆمەڵەی پزیشکیی جیهانی وەك بنەمایەك بۆ ڕێنماییەکان بەکاربهێنرێت.[2]

---

[1] a nurse, ref. Kurdistan Report 6/1998, 23 .

[2] Turkish Medical Association 1995, 7, 51 .

بەدەستهێنانی زانیاریی دروست سەبارەت بە ڕەوشەکە ئیمکانی نییە. لەبەر کۆچی بەکۆمەڵ سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو نییە.[1] گوندەکان هێندە دووردەستن دەسەڵاتداران تەنانەت ناشزانن ئەگەر پەتایەك بکەوێتەوە. پەرستارێکی کورد سەرزەنشتی حکومەتی تورکیی دەکات کە بەئەنقەست زانیاریی سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستیی لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا دەشارێتەوە. چەندین پێشنیاز لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە وەك پزیشکانی بێسنوور یاخود کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور بۆ کۆڵینەوەی پەتاناسیی بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکییەوە ڕەتکراوەتەوەو ڕێگەی لێگیراوە.[2]

لە بەهاری 1996دا، نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی IPPNW لە کارمەندیکی ناشناسی بایەخپێدانی تەندروستیی بیستووە کە هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای سکچوون لە سیرت‌و سیلوپی. شارەکان خرانە حاڵەتی ئاستی پەتاکەوتنەوە بەڵام هەواڵی پەتاکە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەنهێنیی پارێزرا.[3]

" بۆ نموونە، هەموو هاوینێك پەتای سالمۆنیلاو تای ماڵتا گرفتێکە کە هەوڵدەدەین ڕێی لێبگرین. بەڵام بەگژداچوونەوەی ئەم چەشنە پەتایانە پشتدەبەستێت بە ئاگادارکردنەوەی دانیشتووانەکە، پێویستە کەسێك هاوتەریبییەك لەنێوان نەخۆشییە درمەکان‌و کەمیی دیموکراسیی لە تورکیا بکات."[4]

من لەم کۆڵینەوەیەدا وەسفی ڕەوشی تەندروستییم لە باکووری کوردستاندا کردووە، بەتایبەت ئەم نەخۆشییانەی خوارەوە: زەحیریی، هەوکردنی سییەکان، سورێژە، مەلاریا، هەروەها سیل. ئەمە ئەو نەخۆشییانەن کە بە بەردەوامیی لە ڕاپۆرتەکاندا ناویان دێت کە بەکارمهێناون. لەم ڕاپۆرتانەدا بەدەگمەن ناوی هەندێك

---

[1] Lord Rea 1997, 17 .

[2] Kurdistan Report 26/1998, 23; Niskala 1999; Vermot-Mangold 1998, 12.

[3] IPPNW etc. 1996a, 47 .

[4] a health care employee, ref. IPPNW etc. 1996a, 47 .

نەخۆشیی وەك شێرپەنجەو شەکرەو نەخۆشیی شادەمارەکانی دڵ دێت، یاخود ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانەی کە لە ئەوروپا خەڵکی پێ دەمرن. ئەو نەخۆشییانەی کە لە کوردستان خەڵکی پێ دەمرن ئەو نەخۆشییانەن کە بە ئاسانیی لە شوێنەکانی دیکەی جیهان چارەسەردەکرێن. کوردان بەم نەخۆشییانە دەمرن پێش ئەوەی تووشی شێرپەنجەبن یاخود سەکتەی دڵ لێیان بدات.

کاتێك WHO لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دامەزرا، ئەو نەخۆشییانەی کە دڵەڕاوکێیەکی مەزنی بۆ تەندروستیی گشتیی پێکهێنابوو بریتییبوو لەو نەخۆشییانەی کە تەندروستیی دایکان‌و منداڵانی دەخستە مەترسییەوە: بەدخۆراکیی، سیل، مەلاریا، نەخۆشیی ئەندامەکانی زاووزێ، سۆزەنك، ئاوڵە، تاعون، کۆلێرا، هەروەها زەردەتا.[1] بەسەرنجدان لە ڕەوشی ئێستای باکووری کوردستان، جدییترین گرفتی تەندروستیی ئەوەیە کە 50 ساڵ لەمەوبەر هەبووە، سەبارەت بە تەندروستیی دانیشتووانەکە کات هێشتا لەشوێنی خۆی وەستاوە. گرفتێکی مەزن لە تەندورستیی دایکاندا هەیە، بەڵام من لەم کۆڵینەوەیەدا وەسفم نەکردووە چونکە پرسەکە ئەوەندە ئاڵۆزە کە ناتوانرێت بەکورتیی وەك ئەوەی قسەم لەسەر نەخۆشییەکانی دیکە کردووە مامەڵە لەگەڵ ئەویش بکرێت. بەدخۆراکیی لەنێو کورددا زیاتر بنەمایە تائەوەی ئیستیسنا بێت، تووشبوون بە نەخۆشییەکانی مەلاریا، سیل، هەروەها کۆلێرا لەماوەی ساڵانی 1990کاندا زیادیانکردووە، من ناتوانم بڵێم کە ڕەوشەکە سەبارەت بە نەخۆشییەکانی دیکەی وەك هەوکردی رووپۆشی مێشك‌و زەردەتا باشترە. من هەوڵمداوە سەرنج لەسەر چەند نەخۆشییەکی دیارییکراو چڕبکەمەوە تاکو پەرەگرتنیان پاش ڕاگواستنی ناوخۆیی دانیشتووانە کوردییەکە پێشانبدەم، لەبەرئەوە نە دەگونجێت‌و نە مانایەکیشی هەیە کە وەسفی گەشەسەندنی هەریەك لەم نەخۆشییانە بدرێت لە پرۆژەیەکی کۆڵینەوەییدا کە لە بنەڕەتدا شۆرڤەکارییەکی کۆمەڵایەتییە نەك کرۆنۆلۆجییایەکی نەخۆشییەکان. نەخۆشیی ئەندامەکانی زازوزێ هەنووکە لە وڵاتانی ئیسرمییدا

[1] WHO 1998a, 28 .

یەکێکە لە کێشە تەندروستییە گشتییە جدییەکان.

## 9. 2 . نەخۆشییەکانی سکچوون (Diarrhoea)

سکچوون یەك لە گرنگترین هۆکارەکانی مەرگە لەنێو منداڵانی کورددا. ئەو ئامارانەی بەردەست دروست نین بەڵام سەرنجێکی روون لەمەڕ رەوشەکە دەخەنەڕوو. کۆنترۆڵکردنی نیشتیمانیی بۆ نەخۆشییەکانی سکچوون لەساڵی 1986دا لە تورکیا جێبەجێکرا. ئامانجی سەرەکیی بەرنامەکە رێگرییە لە مەرگی ئەو نەخۆشانەی تووشی سکچوون بوون بەوەی رێگریی لە وشکبوونەوە بگیرێت.[1] ئەم بەرنامەیە لە رۆژهەڵاتی تورکیادا شکستیخوارد. رووماڵەکەی ساڵی 1993 ئاشکرایکرد کە 18٪ منداڵان لە رۆژهەڵاتی تورکیادا لەماوەی 24 ساتی رابردوودا سکچوونیان هەبووە. پەیمانگایەك کە لەژێر سایەی وەزارەتی تەندروستییدا کاردەکات ئەم کۆڵینەوەیەی ئەنجامداوە.[2]

بەگوێرەی لقی دیاربەکری SES لەساڵی 1994دا، 24٪ی کەیسەکانی مەرگ لەنێو منداڵان لە شارەکەدا بەهۆی سکچوونەوە بووە.[3] بەگوێرەی کۆڵینەوەیەك کە لەلایەن زانکۆی دیجلەوە لە ئامەد ئەنجامدراوە، هەموو ساڵێك نزیکەی 300.000 منداڵ بە نەخۆشییەکانی سکچوون لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا دەمرن.[4]

ئایسە باکاج لە لقی مێرسینی SES هەواڵیداوە کە لە هاوینی 1996دا، لە چوکرۆڤا، شەش منداڵ لە هەر سەد منداڵ بەهۆی سکچوونەوە مردوون. ناوچەی

---

[1] Biliker et al. 1993, 103 .

[2] Biliker et al. 1993, 103 .

[3] SES Diyarbakir section, 1997, 59 .

[4] ref. IPPNW et al. 1996a, 53 .

چوکرۆڤا پارێزگاکانی ئەدەنە، مێرسین و هەروەها ئەسکەندەرونە دەگرێتەخۆ. باکاج ئامازەی بە سەرچاوەو تەمەنی منداڵە تووشبووەکان نەکردووە.[1]

## بەدخۆراکیی (Malnutrition)

زۆربەی نەخۆشییەکانی منداڵان لە ئاکامی بەدخۆراکییدایە. شیپەر هیوز، کە لە مەرگی منداڵانی ساوای لە باکووری بەرازیل کۆڵیوەتەوە، نووسیویەتی کە بەرنامەکانی خۆپاراستن بەهایەکی ئەوتۆیان نابێت ئەگەر منداڵان بەدەست بەدخۆراکییەکی درێژخایەنەوە بناڵێنن.:

لە بەشی ناوەوەی باکووری رۆژهەڵاتی بەرازیلی ئەمڕۆ، ساواو منداڵانی خێزانە هەژارەکان هێشتا تاکو دەگەنە تەمەنی چوونە خوێندنگا خۆیان لە کوتان بەدوور دەگرن، بەڵام ئەوانە بەگشتیی لە شەڕی نەخۆشییەکانی منداڵان وەك: سورێژە، ئاوڵە، ملەخڕێ، کۆکەڕەشە پارێزراون– بەهۆی خۆپاراستنی زۆرینەوە کە ریسکی سەر هەمووانی کەمکردۆتەوە. بەڵام چ خۆپاراستنێك لەهەمبەر بەدخۆراکیی و سکچوونی درێژخایەندا نییە. دەرمانە شلەمەنییەکان کە لە دەمەوە دەدرێتە ساوایان، دەتوانێت شەش حەوت جار یان زیاتر ساوایەکی هەژار لەکەناری مردن "رزگار" بکات، تاکو دواجار ئەو ساوایە چارەسەر وەرناگرێت و پاش چەند هەفتەیەك یان مانگێك دەمرێت."[2]

پزیشکێکی نایجیریی هەمان شتی وت:

" سکچوون بەهۆی ئاو، خۆراك، هەروەها فەرهەنگی خەڵکەوە دەبێت، ئێمە لە نەخۆشخانە منداڵێکی بەدخۆراك چارەسەر دەکەین و رەوانەی هەمان دۆخی دەکەینەوە. هەر زوو خۆی لە نەخۆشخانە دەبینێتەوە، بەم شێوەیە خولدەخوات تا ئەوکاتەی دەمرێت. ئەمەش گرفتێکی پزیشکیی نییە بەڵکو گرفتێکی کۆمەڵایەتییە.

---

[1] Bakac 1997, 61-61.

[2] Scheper-Hughes 1992, 285.

**دکتۆرەکان بەشێکن لە گرفتەکە، لەبەرئەوەی ئێمە فێرمان کردوون کە نەخۆشخانەو دەرمانە مەترسییدارەکان وەڵامدەری گرفتەکانیانە."[1]**

**ئەو منداڵانە بە بەدخۆراك دەناسرێن کاتێك کێشیان کەمدەبێتەوە بۆ خوارتر لە 80٪ی ڕێژەی ناوەنجیی کێشیان لەئاست درێژییاندا. منداڵی بچووك زیاتر بۆ تووشبوونی بەدخۆراکیی لەبارترن تاکو پێگەیشتووان. یەك هۆکاریش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەوان زۆر خێرا گەشە دەکەن، هەربۆیە ڕێژەی پێویستییان بۆ مادەخۆراکییەکان مەزنترە. بەدخۆراکیی توند بەهۆی کەمیی خواردنی خۆراکەوەیە، بەڵام دەگونجێت هەروەها بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشییەوە بێت. هەموو حاڵەتێکی سکچوون دۆخی خۆراکیی منداڵ لاواز دەکاتو بەرگرییەکەی لەبەرامبەر تووشبوونێکی دیکەدا لاواز دەکات. سکچوونە دژبەرەکانو ئەو تووشبوونانەی بەوەوە پەیوەستن، هەروەها هۆکاری بەدخۆراکیی 30–40٪ی مردن بەهۆی سکچوونەوەیە لەنێو منداڵاندا. لەم چەشنە حاڵەتانەدا، زۆر ئەستەمە هۆکاری دروستی مردنەکە بناسێنرێت. کەشوهەوای سارد کاریگەرییەکانی بەدخۆراکیی خراپتر کردووە – بەهۆی سەرماکەوە خەڵك پێویستیی بە وەرگرتنی کالۆریی زیاتر هەیە– بەڵام ئەو خەڵکەی کە کاریگەریی برسێتیی لەسەرە، زۆربەی جار کەمیی بەرگی شیاوو شوێنی گونجاویشیان بۆتە سەربار. ئەم کەمیی خۆپاراستنە لە سەرما بەقازانجی پەرەگرتنی بەدخۆراکییە.[2]**

**ئاکامی لاوازیی تەندروستیی لە منداڵێتییدا، لەوانەش بەدخۆراکیی، لە قۆناغی پێگەیشتوویيدا دەردەکەوێت، بەتایبەتیی بۆ ژنانی سکپڕ. لە زۆر لە وڵاتانی پەرەسەندوودا ژنان لەسایەی فشاری کۆمەڵایەتییدا ناچاردەبن چەندین منداڵیان هەبێت. خزمەتگوزارییەکی تەندروستیی دایکایەتیی نەشیاو هەیەو زۆربەی ژنانی سکپڕ کەمخوێنن. منداڵەکانیان مەترسیی ئەوەیان لەسەرە کە بە کەمکێشیی**

---

[1] a Nicaraguan physician, interviewed in Garfield and Williams 1989, 118.
[2] Hakewill 1999; Perrin 1996, 8, 112; Vesikari 1989, 326-327 .

لەدایکبن، ئەوەی وا دەناسێنرێت کە لەدایکبوونێکە بە کێشی کەمتر لە 2.500گم. ئەوانەی کە بە کەمکێشیی لەدایکدەبن، لەکاتی ساوایی‌و بەمنداڵییش، زیاتر لە ساواکانی دیکە مەترسیی مەرگ‌و تووشبوون بە نەخۆشییە کوشندەکانیان لەسەرە. ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ساوا خرپنەکان، 3-4 جار زیاتر مەترسیی مردنیان بە نەخۆشییەکانی سکچوون‌و تەنگەنەفەسیی توند لەسەرە، یان ئەگەر نەکوترابن، نەخۆشیی سورێژەش. ئەوانە زۆر لەوانەیە لە تەمەنی یەك ساڵاندا تووشی بەدخۆراکیی بن.[1]

لە ناوچە کوردییەکاندا نەخۆشییەکانی سکچوونی وەك گرانەتا، کۆلێرا، زەحیریی سەرهەڵدەدەن، بەتایبەت لە مانگە گەرمەکانی هاویندا. بەرگریی زۆربەی خەڵك دژی نەخۆشیی بەهۆی بەدخۆراکیی‌و کەمخۆراکییەوە کەمبوونەتەوە.[2]

" هەرکەس دەتوانێت گرنگیی چالاکییە خۆپاراستنەکانی وەك کوتان تێبگات لە دۆخێکدا کە بۆ زۆربەی هەڵگرانی نەخۆشییەکان رەوشی ژیانی نموونەیی دابینکرابێت – بەتایبەت کاتێك حاڵەتی بەدخۆراکیی دانیشتووان بەشێوەیەکی کارەساتئامێز بەرگرییانی دژی تووشبوون بە نەخۆشییەکان کەمکردبێتەوە. بەتایبەتیی منداڵان بەدەست ئەمەوە دەناڵێنن، چونکە سیستمی خۆپاراستنیان بەتەواویی پەرەینەسەندووە. ئاکامەکەشی بریتییە لە رادەیەکی بڵندی مەرگی ساوایان."[3]

نوێنەرایەتیی کەنەدیی کە لە ماوەی نەورۆزی 1995دا سەردانی ئامەدی کرد، هەستیکرد کە هەموو ئەو منداڵانەی ئەوان بینیویانە کەمخۆراك‌و نەخۆشن.[4] هەروەها ئەوەش سەرنج‌و ئەزموونی من بوو کاتێك بۆماوەیەکی کەم لە گەڕەکی ئەمینۆنو لە ئەستەمبوڵ لە ئووتی 1997دا مامەوە. زۆربەی منداڵەکان قژ تەنك،

---

[1] WHO 1998a, 7, 67-68 .

[2] KHRP 1996, 8; Nazlikul 1996, 51-53 .

[3] Dr. Rodi, ref.Koordinationsbüro Newroz et al. 1995, 94.

[4] Koordinationsbüro Newroz 1995, 192.

دان قاوەیی و پێست نەخۆش بوون. پاش ئەوەی هەندێك لەو منداڵانە وێنەیان گیرا، پسکیتیان درایە، ئەوان دەستبەجێ هەمووشتێکیان قووتدا، خێراتر لە هەر منداڵێکی تر کە لە تەمەنمدا بینیبێتم لە فینلەندا هەر شتێك بخوات.

فێ، ئیفلیجیی منداڵان و هەروەها کەمخوێنیی(ئەنیمیا) لەنێو ئەو منداڵە کوردانەدا باوە کە لە ئەدەنەو مێرسین دەژین.[1] بەگوێرەی کۆڵینەوەیەك کە لە ئامەد کراوە، نزیکەی 32٪ی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنێوان 0–6 ساڵیدایە لەخوارەوە درێژی ئاسایی گروپە هاوتەمەنەکانی خۆیانن. 85٪ی منداڵەکان کەمخوێنن، هەروەها 65٪یان بەتوندیی کەمخوێنن.[2]

لە رووماڵێکدا کە لە ئامەد کراوە، لە ناوچەی باگلار لەساڵی 1990دا، دۆزراوەتەوە کە لە 88٪ ی ژنانی سکپڕ کەمخوێنن. لە رووماڵێکی تردا دیاریکراوە کە 48٪ی خەڵکەکە وەرگرتنی کالۆریی پێویستیان ناتەواوە، وێڕای ناتەواوی وەرگرتنی پرۆتین، ئاسن، کالسیوم، فڤیتامین، Aو ڤیتامین C کە لە ئاستێکی مەترسییدارەکاندا دیارییکراوە. هەردوو ئەم رووماڵکردنە کراون پێش ئەوەی راگوازتنی نێوخۆیی دانیشتووانەکە دەستپێبکات.

## گرانەتا (Typhoid)

گرانەتا نەخۆشیی ریخۆڵەکانە کە دەبێتە هۆی ژاراوایی بوونی تەواوی جەستە. نەخۆشییەکە بە لەشداهێزران و سەرێشەو هەروەها تا دەستپێدەکات. ئازاری سكو سکچوون پاش چەند رۆژ ئنجا دەستپێدەکات. لە هەفتەی دووەمی نەخۆشییەکەدا، ژاراوییبوونەکە خراپتر دەبێت، سپڵەکان گەورە دەبن، هەروەها رووپۆشە لینجەکانی ریخۆڵەکان لاوازدەبن و خوێنیان لێدێت. نەخۆشەکە کێشی بەخێرایی لەدەستدەدات. زۆربەی جار سێیەمین هەفتە خاڵی وەرچەرخانە: حاڵەتە

---

[1] Kurdischer Roter Halbmond 1997, 10 .

[2] Türk Tabipler Birligi 1994, 21 .

پزیشکییەکەی یان بەرەو چاکبوون دەچێت یان خراپتر دەبێت. هۆکاری راستەخۆی مردنی نەخۆشی گرانەتا بریتییە لە هەوکردنی رووپۆشی ریخۆڵەکانە کە بەهۆی تەقینی ئەندامەکانی هەناوە، ریخۆڵەکان یان پەردەی حاجزەوە، روودەدات. ئەو نەخۆشەی گرانەتای هەیەو چاکدەبێتەوە، بەکتریای گرانەتا بۆ ماوەی چەندین مانگیش لە پاشەرۆکەکەیدا دەمێنێتەوە، لەوانەیە تاکو کۆتایی تەمەنیشی. رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لەنێو خەڵکدا تەنیا بە ئەنجامدانی چەندین کارو چالاکیی بواری لەشساغیی دەبێت. منداڵانی بچووك کەمتر دەبنە قوربانیی ئەم جۆرە نەخۆشیی گرانەتا، زۆربەی نەخۆشەکان لەنێوان دە بۆ سی ساڵەوەن.[1]

لەم ئامارەی خوارەوەدا کە لەیەن یەکێتی کارمەندانی SES بڵاوکراوەتەوە، دەتوانرێت بە روونیی ببینرێت کە تووشبوون بە گرانەتا لە هەمان کاتدا(1992) لە ئامەد دەستی بە زیادبوون کردووە کە راگوازتنی زۆرەملێی کورد لە گوندەکانیانەوە دەستیپێکردووە.

**خشتەی 10 : تۆماری کەیسەکانی گرانەتا لە ئامەد 1990-1996** [2]

| | |
|---|---|
| 1990 | 2.905 |
| 1991 | 3.669 |
| 1992 | 2.641 |
| 1993 | 5.817 |
| 1994 | 5.186 |
| 1995 | 8.789 |
| 1996 | 10.523 |

---

[1] Peltola 1979, 176-178 .

[2] : SES, Diyarbakir section: Gesundheitsbericht der Region Diyarbakir 1996, p. 52.

**لە ساڵی 1992دا، 22٪ی ئەو راپۆرتانەی سەبارەت بە نەخۆشیی گرانەتان لە تورکیا لە ئامەدەوە بوون.[1]**

**"تیفۆی مورینا" کە نەخۆشییەکە بەهۆی بەکتریای سالمۆنێلاوە روودەدات هاوشێوەی گرانەتایە بەڵام کەمتر مەترسییدارە. نەخۆش تا، سکئێشە، هەروەها سکچوونیشی تووشدەبێت، کە دوو بۆ پێنج رۆژ دەخایەنێت. تیفۆی مورینا بۆ تەندروستیی پێگەیشتووان زیانبەخش نییە، بەڵام دەتوانێت بۆ ژیانی منداڵان و بەساڵاچووان فرە مەترسییداربێت، بەتایبەتیی ئەگەر وەك خەڵکی کوردستان نزیکەی لە تەندروستییەکی هەژارانەدا بن. لەم نەخۆشییەشدا، تووشبووان بەکتریای سەلمۆنێلا لە پاشەرۆکەکەیاندا هەڵدەگرن، هەربۆیە رێنمایی لەشساغیی زۆر ورد پێویستە بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە.[2] حاڵەتەکانی نەخۆشی سالمۆنێلا لە کوردستاندا لە زێدەبووندایە.[3] دەتوانرێت ئەوەش چاوەڕێبکرێت کە ئەم نەخۆشییە بە وریاییەوە تۆمارنەکراوە، چونکە بەشێوەیەکی کرداریی نەخۆشییەکی مەترسییدار نییە. نیشانەکانی تای ماڵتاش هەمان ئەوانەی گرانەتان، بەڵام بەرهەمە شیرەمەنییەکان پیسبووەکان نەخۆشییەکە بڵاودەکەنەوە. ئەوەش هەروەها بە بەدخۆراکییەوە پەیوەستە.[4]**

## کۆلێرا (Cholera)

**کۆلێرا جۆرە تووشبوونێکە بە سکچوون کە ئەگەر چارەسەری گونجاوی بۆ نەکرێت زۆربەی جار بەخێرایی دەبێتە هۆی مردن. زۆرجار مردن روودەدات کاتێك جەستە 10 بۆ 15٪ی کێشی خۆی لەدەستدەدات، لە حەڵەتە مەترسییدارەکاندا**

---

[1] Turkish Medical Association 1995, 35 .

[2] Peltola 1979, 171-172 .

[3] Hanife 1998 .

[4] Kurdistan Report 26/1997, 24 .

زۆربەی جار ئەمە دوو سێ سات دەخایانێت. نیشانە نموونەییەکانی کۆلێرا پاشەڕۆی ئاویی و ڕشانەوەیە. نەخۆش عادەتەن زۆر دەڕشێتەوەو ڤایبرۆی کۆلێرا بڵاودەکاتەوە. کەمیی شلەمەنیی و خوێ بەخێرایی دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی مەترسییدارو چارەسەری پێویست بریتییە لە گواستنەوەی شلەمەنیی بۆ نەخۆشەکە لەرێگەی دەمارەکانەوە. کۆلێرا بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی ئاوی پیسەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام هەروەها لەرێگەی خۆراکیشەوە. مێروو دەتوانێت پەتاکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە.[1] کۆلێرا یەکێکە لەو نەخۆشییانەی کە پێویستە WHO لە هەر حاڵەتێکی ئاگاداربکرێتەوە. کۆلێرا لەزۆر جێگەی جیهاندا هێلانەیکردووە، هەروەها ئەم نەخۆشییە لە 5٪ی تێکڕای حاڵەتەکانی نەخۆشییەکانی سکچوون بەرپرسیارە.[2]

نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی کە لەمارتی 1995دا سەردانی ئامەدیان کردووە وتویەتی کە هاوینی پێشوو ژمارەیەکی زۆر حاڵەتی کۆلێرا هەبووە. بە نوێنەرایەتییەکە وتراوە کە کەوتنەوەی نەخۆشییەکە بۆ کۆچی بەکۆمەڵی کوردان دەگەڕێتەوە، کە چەندین کەس ناچارن لە ژوورێکدا پێکەوە بژین، هەروەها بەهۆی نەبوونی پاکوخاوێنیی شیاو لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا.[3] پەرستارێك وتی کە لەهاوینی 1997دا پەتای کۆلێرا کەوتۆتەوە بەڵام راپۆرتی لەبارەوە نەدراوە.

نازلیکلو رەخنەی لە دەسەڵاتدارانی تورکیی بایەخپێدانی تەندروستیی گرتووە، وتویەتی کە ئەوان WHO یان لە هەموو حاڵەتەکانی تووشبوونەکانی کۆلێرا ئاگادار نەکردۆتەوەو کاری تەواویان بۆ رێگرتن لەو نەخۆشییە نەکردووە. دەوڵەتی تورکیی ئۆباڵی پەتای کۆلێرای بۆ کەمیی لەشساغیی و هەژاریی حاڵەتیی خۆراکیی دانیشتووانی گەڕەکە هەژارنشینەکان گەڕاندۆتەوە، بەڵام رەتیدەکاتەوە کە قسە لە

[1] Hakewill 1999; Peltola 1979, 186-187 .

[2] Perrin 1996, 170 .

[3] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 85-86.

هۆکارەکانی پشت ئەو گرفتانە بکات.[1] لە 17ی ئۆوتی 1994دا، میدیکۆ ئینتەرناشناڵ داوایکردووە کە WHO فشار بخاتە سەر تورکیا تاکو پەردە لەسەر رەوشی راستیینەی کۆلێرا لە وڵاتدا هەڵبداتەوە.[2] بەگوێرەی مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ، رەتکردنەوەی تورکیی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە نەك هەر زیانی بۆ خەڵکە هەژارەکەی خۆیان هەبوو بەڵکو هەرەها بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش کە هەوڵی قەلاچۆکردنی کۆلێرای دەدا. رێکخراوەکە مشتومڕی لەبارەیەوە کردووە کە تورکیا بۆتە پەناگایەك بۆ هێلانەکردنی بەکتریای کۆلێرا کە دەتوانێت ئەو ناوچانەش بگرێتەوە بەکتریای کۆلێرایان تێدا جێگیر نییە.

## نەخۆشییە پاراسیتییەکان (Parasitic)

زەحیریی (Dysentery) ناوێکی گشتییە بۆ نەخۆشیی ریخۆڵەکان کە دەبێتە هۆی سکچوونێکی خوێناویی. دەگونجێت ئەم نەخۆشییە بەهۆی بۆ نموونە، بەکتریای (شیجیلۆسس/Shigellosis) ەوە یان ئەمیباوە روویدات. خەڵك لە هەر تەمەنێکدا بن دەشێت دووچاری ئەم نەخۆشییە بن، بەڵام لەنێو منداڵانی یەك بۆ دوو ساڵاندا زۆر بڵاوە. زۆربەی شێوەکانی زەحیریی توند نین، بەڵام نەخۆشەکە دەبێتە خانەخوێی بەکتریا یاخود ئەمیباکەو بۆماوەی چەندین مانگ لە لەشیدا دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت لە گواستنەوەی نەخۆشییەکەدا.[3] زۆر لەو خەڵکانەی کە ئەمیبایان لە ریخۆڵەکانیاندا هەڵگرتووە بەرگرییان هێندە زۆرە کە نابێتە هۆکاری هیچ زیانو نیشانەکانی نەخۆشیی. هەرچەندە، دەشێت ئەوانە لەکاتی لاوازبوونی سیستمی بەرگرییاندا ببنە ئەمیبای مەترسییدار. بۆ نموونە، دوای

---

[1] Nazlikul 1996, 52 .

[2] ref. Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 86 .

[3] Peltola 1979, 179- 183 .

سورێژە، یاخود بەهۆی بەدخۆراکیی یان سکپڕییەوە.[1]

ئەمیبای جیاردیا(Giardia) دەبێتە هۆی سکچوونی جیاردیاسیس‌و بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی ئاوی پیسەوە دەگوازرێتەوە. خەڵك دەشێت لە هەر تەمەنێکدا ئەم نەخۆشییە بگرن، بەڵام لەنێو منداڵانی تەمەن شەش بۆ دە ساڵاندا زۆر بڵاوە. نیشانەکانی زۆربەی جار لاوەکیین، هەروەك وەك سکچوون. نەخۆشییەکە بۆ منداڵان زیاتر لە پێگەیشتووان مەترسییدارترە. ئەوانەی نەخۆشیی جیاردیایان هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ کێشیان لەدەست دەدەن. منداڵان دەشێت توشی ناجێگیریی مژینی ریخۆڵەکان بن، کە دەتوانێت ببێتە هۆی بەدخۆراکییەکی توند، رێگریی لە گەشەکردن بکات‌و هەروەها ژمارەیەك نەخۆشیی دیکەش. نەخۆشی جیاردیا میکرۆبی نەخۆشییەکە لە پاشەرۆکیان هەڵدەگرن، هەربۆیە نەخۆشییەکە زیاتر بەهۆی لاوازیی رەوشی لەشساغییەوە دەگوازرێتەوە. زۆربەی خەڵك هەڵگری جیاردیان بێئەوەی نیشانەکانیان تێدا دەربکەوێت، بەڵام دەشێت تووشی بەدخۆراکیی توندو کەمخوێنیی ببنەوە، هەروەها رێگریی لە گەشەکردن لەنێو منداڵاندا.[2]

زەحیریی‌و زەحیریی ئەمیبایی لەزۆر لەو راپۆرتانەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت کە لە کوردستانەوە دێن.[3] بەگوێرەی کۆڵینەوەیەك کە لە دیاربەکر ئەنجامدراوە زیاتر لە 60٪ی منداڵان پاراسیتی ریخۆڵەیان هەیە کە ئەگەری تووشبوون بە بەدخۆراکیی زێدەتر دەکات,[4] لە کۆڵینەوەیەکی دیکەدا کە لە 22.500 سامپڵ پێکهاتووە، دەرکەوتووە کە زیاتر لە 90٪ی ئەو منداڵانەی پشکنراون لە ساوایییەوە بۆ تەمەنی پێنج ساڵان پاراسیتی ریخۆڵەیان هەڵگرتووە، هەروەها 60٪ی سامپڵەکان جیاردیای ریخۆڵەییان لەخۆگرتووە. لەساڵی 1989دا، رووماڵێك لەنێو هەزار

[1] Gilles and Migasema 1989, 387 .

[2] Gilles and Migasena 1989, 387, 390-391; Peltola 1979, 185-186 .

[3] for example IPPNW etc. 1996a, 45; Hanife 1998.

[4] Türk Tabipler Birligi 1994, 21.

منداڵی چوار خوێندنگای سەرەتاییدا لە سانلیئورفە ئەنجامدارو دەرکەوت کە 88٪ی سامپڵی پاشەڕۆکە پشکنراوەکان پاراسیتیان تێدایە.[1] ئەم کۆڵینەوەیە پێش دەستپێکردنی راگوازتنی بەکۆمەڵی ناوخۆیی ئەنجامدراوە. سانلیئورفە هەروەها دەکەوێتە هەرێمە کوردییەکەوە.

ئامارەکان سەبارەت بە سکچوونی ئەمیبایی لە ئامەد پێشانیدەدەن کە لەپاش ساڵی 1992 تووشبوون بەم نەخۆشییە هەروەك نەخۆشیی گرانەتا زیادییکردووە.

**نەخشەی 11 : کەیسە تۆمارکراوەکانی سکچوونی ئەمیبایی لە ئامەدو تورکیا 1996-1990**[2]

| | 1990 | 1991 | 1992 | 1993 | 1994 | 1995 | 1996 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامەد | 1.023 | 1.049 | 2.43 | 2.615 | 3.056 | 5.242 | 5.347 |
| تورکیا | | 5.256 | 6.743 | 8.493 | | | 22.141 |

لەساڵی 1992دا، 30٪ی کەیسە نێردراوەکان سەبارەت بە زەحیریی ئەمیبایی تورکیی لە ئامەد بووە.

## 9 . 3 . هەوکردنی سییەکان (Pneumonia)

زۆربەی جار هەوکردنی سییەکان بە سەرمابوونێکی سادە دەستپێدەکات، کە دواتر بۆ سنگ دادەبەزێت. ئەوکاتە ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی هەوکردنی بۆری سییەکان، ئەمەش رێگە بە هەر بەکتریایەك دەدات سیستمی لۆکاڵی بەرگریی تێپەڕێنێتو هەوکردنی لاوەکیی دیکە دەخولقێنێت. ئەمە لەوانەیە بەتایبەت رووبدات ئەگەر

---

[1] Unat et al. 1989; 13: 75, ref. Aksoy et al. 1997 .

[2] SES, Diyarbakir section: Gesundheitsbericht der Region Diyarbakir 1996, p. 52.

**منداڵەکە نزیکەی بەهۆی بەدخۆراکییەوە لاوازبێت.[1] هەوکردنی سییەکان‌و ئەندامەکانی دیکەی هەناسەدان مەترسییدارترین نەخۆشییە لەنێو ساوایانی خوار تەمەن یەك ساڵ. ڕێژەی مردن لەنێو منداڵانی 1 بۆ 4 ساڵان سێ بۆ دە هەندە بڵندترە. لە جیهاندا، 70٪ی مردن بەهۆی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە پێش یەکەمین جەژنی لەدایکبوون ڕوودەدات.[2]**

**ڕاپۆرتی تەندروستیی جیهانیی لەساڵی 1995دا، زیاتر لە چوار ملیۆن مردنی ساڵانەی بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسەدان لە جیهانی پەرەسەندوودا ئەژمارکردووە.[3] چارەکێکی ئەم مردنانە بە بەدخۆراکییەوە پەیوەستە، هەروەها چارەکێکی دیکەشی بۆ هەوکردنی ئاڵۆزی سییەکان وەك ئاکامێکی نەخۆشیی سورێژە، کۆکەڕەشە، مەلاریا، یاخود ئایدزە دەگەڕێتەوە. سورێژە بەرگریی نەخۆش دادەبەزێنێت، هەروەها نزیکەی 15٪ی حاڵەتەکانی تووشبوون بە هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەدان دەبێتە هۆی مردنی ئەو نەخۆشانەی کە سورێژەشیان هەیە. مەترسییەکانی دیکە کە دەبێتە هۆی زێدەبوونی مردن بریتییە لە هەوای پیس، لاوازی لەشساغیی، خراپیی شوێنی نیشتەجێبوون‌و هەروەها کەمیی چارەسەریی. دەتوانرێت ڕێژەی مەرگ بەهۆی نەخۆشیی هەوکردنی سییەکانەوە کەمبکرێتەوە ئەگەر منداڵانی نابەکەم کەمتربن، ئەگەر ساوایان‌و منداڵان باشخۆراکبن، هەروەها ئەگەر بەرنامەیەکی خۆپاراستنی باش هەبێت. هاوکارییکردنی مادیی بەرنامە بنەڕەتییەکانی خۆپاراستن دژی سورێژە، کۆکەڕەشە، هەروەها سیل بەرێژەی 25٪ ڕێژەی مەرگ بە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان کەمدەکاتەوە.**

**هەوکردنی سییەکان مەزنترین هۆکاری مەرگی منداڵانە لە تورکیا. لە ساڵی 1994 لە ئامەد، تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان هۆکاری مردنی**

---

[1] Hakewill 1999 .

[2] Ruutu 1989, 337; WHO 1995, 8 .

[3] WHO 1995, 8 .

37٪ی کەیسەکانە.[1] بەگوێرەی کۆڵینەوەیەك کە لە زانکۆی دیجلە لە ئامەد ئەنجامدراوە، نزیکەی ساڵانە 50.000 منداڵ لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا بە نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان دەمرن.[2]

ڕێژەی بڵندی نەخۆشیی هەوکردنی سییەکانو نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان لەنێوان کورداندا پەیوەستە بە بارودۆخی خراپیی نیشتەجێبوونەوە. پەنابەران لە ماڵە هەژارنشینینەکاندا دەژین کە بۆخۆیان لە خشتو هەندێکجار لە پلاستیك دروستیان کردووە. پزیشکانی بێسنوور ڕێنماییانکردووە کە تەنانەت لە ئۆردوگای پەنابەرانیشدا لانیکەمی شوێنی نیشتەجێبوون کە 3.5 دووجایە بۆ هەرکەسێك پێشنیازکراوە بۆ ڕێگرتن لە نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان، چونکە ئەو مایکرۆئۆرگانیزمانەی دەبنە هۆی نەخۆشییەکە لەڕێگەی کۆکینو پژمینەوە بڵاودەبنەوە.[3] سیستمی خۆگەرمکردنەوە سەرەتاییە، بۆ نموونە، بەکارهێنانی زۆپەی ئاسن. لەماوەی مانگەکانی زستاندا پلەی گەرما بۆ ژێر سفر دادەبەزێت بەتایبەتی لە شەودا، لە هەندێك جێگەی وەك : ئەستەمبوڵ، ئەنکەرە، هەروەها ئامەد. هەروەها بارانبارێنێکی زۆر هەیە، کە وادەکات ماڵەکان شێیان هەبێتو ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵامەت. لەسایەی ڕەوشێکی درێژخایەنی وەك ئەوەی سەرەوەدا، ئەو هەڵامەتەی کە بە چارەسەرنەکراوی دەهێڵرێتەوە دەتوانێت بۆ هەوکردنی سییەکان بگۆڕێت. لە وڵاتانی پیشەسازییدا، هەوکردنی سییەکان بە تەواویی نەخۆشییەکی ناباوە. چونکە ئەو نەخۆشانەی هەلامەتیان هەیە زوو چاکدەبنەوە پێش ئەوەی خراپتر بن. هەوکردنی سییەکان دەتوانرێت کاریگەرانە بەهۆی ئەنتیبایۆتیکەوە چارەسەربکرێت، هەربۆیە گەر پێویستکات کوشندە نییە.

خراپی ڕەوشی نیشتەجێبوون هەروەها دەبێتە هۆی نەخۆشیی دیکەی وەك سەرمابردەڵەیی (hypothermia). نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی کە لە ساڵی 1996دا

---

[1] SES, Diyarbakwr section, 1997, 50 .

[2] ref. IPPNW etc. 1996a, 53 .

[3] Hakewill 1999 .

سەردانی وانی کردووە وتویەتی کە لەماوەی زستانی پێشوودا سێ منداڵ لە کامپی پەنابەراندا لە سەرمادا رەقبوونەتەوە. لە کامپی ئیدرەمت نزیك وان پێیان وتراوە کە بەو زووانە دوو کەس بەهۆی گازی کاربۆن مۆنۆکسایدەوە خنکاون کە بەهۆی خۆگەرمکردنەوە بە خەڵوز ماڵەکەیان ژاراوایی بووە، هەرەها لەنێوخۆی زانکۆدا لەوان دەکەس بەهۆی ژاراوایی‌بوون بە گازی خەڵوزەوە رەوانەی نەخۆشخانە کرابوون.[1] لە فێبرایەری 1999دا، لە تورکیا گوێم لە هەواڵ بوو کە لە یەکێك لە گەڕەکەکانی ئەستەمبوڵدا نۆکەس لە خێزانێك بە ژاراوییبوونی گازی کاربۆن مۆنۆکساید گیانیان لەدەستداوە. کاتێك لەگەڵ هەندێك کەس لەم بارەیەوە قسەمکرد، وتیان رووداوی بەم چەشنە لە تورکیادا زۆر باوە. ئاگرکەوتنەوەش هەروەها بڵاوە، بەهۆی خراپیی توانایی ئامێرەکانی گەرمکردنەوەو سیستمی کارەباوە.

" ئێمە خۆمان کارەباکەمان دادەنێین، لەبەرئەوە پارەکەی نادەین. ئێمە کوردین و کارەباش لە رووبارە کوردییەکانەوە دێن، هەربۆیە کارەباکە هی ئێمەیە."[2]

## 9. 4 . مەلاریا (Malaria)

مەلاریا بەهۆی پاراسیتیی مەلاریا روودەدات، کە زیندەخانەیەکە بۆ جۆری پلاسمۆدیۆم دەگەڕێتەوە. لە گلاندە لیکرژێنەکانی مێشوولەی مەلاریادا دەژی. زیندەخانەی پلاسمۆدیۆم لە خوێن و جگەری مرۆڤدا دەژی. کاتێك باس لە خۆپاراستن لە نەخۆشیی مەلاریا دەکرێت، سەرنج دەکەوێتە سەر مێشوولەی مەلاریا، بەڵام کاتێك پرسیار دێتەسەر قەڵاچۆکردنی ئەم نەخۆشییە لە ناوچەیەکی تایبەتدا، خۆپاراستن لە نەخۆشییەکە لە تاکەکاندا نییە، رۆڵی مرۆڤ لە هەڵگرتنی نەخۆشییەکەدا لە رۆڵی گواستنەوەی نەخۆشییەکە لەلایەن مێشوولەوە

---

[1] IPPNW etc. 1996a, 41-42; 47 .

[2] ژنێك، ئامەد

بایەخدارترە. ئاژەڵان ناتوانن بەبەردەوامیی ببنە خانەخوێی زیندەخانەی پلاسمۆدیۆم کە دەبێتە هۆی نەخۆشیی مەلاریا لە مرۆڤدا.[1]

زیندەخانەی پلاسمۆدیۆم لە خرۆکە سورەکانی خوێندا دەژی. هێرشی چەندبارەوەبووی مەلاریا خرۆکە سورەکانی خوێن تێکدەشکێنێت، ئەوەی لەماوەی وەرزی کەلاریادا پەرە بە کەمخوێنیی دەدات، بەتایبەت لەنێو ساوایان‌و منداڵاندا. رەوشی گشتیی هەڵگری مەلاریا لاوازتر دەبێت. یەکێك لە نەخۆشییە لاوەکییەکانی بەهۆی مەلاریاوە دەبێت بریتییە لە دژواری دەمارەکان‌و هەروەها گەورەبوونی ناوبەناوی سپڵە. هەڵگگرتنی چەندین ساڵەی پاراسیتی مەلاریا هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی بەرگریی لە دژی نەخۆشییەکە، هەرچەندە هەڵگرەکە بەردەوامە لە خانەخۆییکردنی زیندەخانەی مەلاریا لە خوێنەکەیدا– هەروەها گواستنەوەی زیاتری نەخۆشییەکە.[2]

مەلاریا بەتایبەت بۆ ژنی سکپڕ فرە مەترسییدارە. ئەو ژنە سکپڕەی کەمخوێنە زیاتر ئەگەری مردنی هەیە بەهۆی ئەو خوێنبەربوونەی کە پاش منداڵبوون تووشی دەبێت. بێ لەبەرچاوگرتنی خۆپاراستن، مەلاریا بۆ ئەو ژنانەی کە یەکەمین منداڵبوونیان هەیە 60٪ حاڵەتەکان ئەگەری لەبارچوونی رەمەکیی هەیە، هەروەها 10٪ی حاڵەتەکانیش ئەگەری مەرگی دایکەکەی هەیە.[3]

لەماوەی شەڕی کۆنترا لە نایجیریا لە ناوەڕاستی ساڵانی 1980کاندا، زێدەبوونی پەتای مەلاریا دیارترین کاریگەریی جەنگەکە بوو لەسەر تەندروستیی دانیشتووانەکە. لەپێش جەنگەکەدا، مەترسیی توشبوون بە مەلاریا لەهەردوو هەرێمەکەدا، ئەوەی دواتر جەنگەکەی تێدا کراو ئەوەشی جەنگی تێدا نەبوو، وەك یەك هاوشێوە بوو. رێگرتن لە مەلاریا لەو هەرێمەی جەنگەکەی تێدا قەوما لەمپەری

[1] Peltola 1979, 230-235 .

[2] Peltola 1979, 230, 238-239; Whittle 1989, 378 .

[3] Hakewill 1999; WHO 1998a, 95 .

**خرایەبەر، چونکە کرێکارەکانی مەلاریا رەتیاندەکردەوە بۆ هەر لایەك بڕۆن. ئاکامی ئەوەش واکەوتەوە کە لە کۆتایی سالانی 1980کاندا، مەترسیی تووشبوون بەمەلاریا لە ناوچەی جەنگەکەدا دەجار لە ناوچەکانی دیکە زیاتر بوو.**[1]

**لە سەرەتای سالانی 1980کاندا، مەلاریا لە تورکیا نزیکەی تەنیا لە ناوچەی چوکروڤادا هەبوو.**[2] **لە کوردستان حالەتی لابەلای مەلاریا هەبوو، بەلام لە سالانی 1990کاندا، نەخۆشییەکە بەئاشکرا پەرەیگرت. بەگوێرەی ئەو داتایەی کە لە بەشی مەلاریای سەر بە وەزارەتی تەندروستیی تورکییە، کەیسە راگەیەندراوەکانی مەلاریا لە تورکیا لە 8.680کەیسەوە لە سالی 1990دا بۆ 82.096 لەسالی 1995دا بەرزبۆتەوە.**[3] **بەگوێرەی کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی** (TTB)، **مەلاریا لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا دایکوتاوە. بەڕێوەبەرایەتیی دژەمەلاریا لە دیاربەکر هەوالی زێدەبوونی زیاتر لە 270٪ی کەیسەکانی مەلاریای لە سالی 1992 بۆ 1993 لە ئامەد داوە، لەگەل بوونی نزیکەی 30.000 کەیسی چالاکی مەلاریادا.**[4]

**زۆربەی کەیسەکانی مەلاریا لە کوردستان بریتین لە مەلاریای** ڤیڤاکس پلاسمۆدیۆمە. **هەروەها هەندێك هەوالی دیکە لە تورکیا هەن سەبارەت جۆری زیاتر مەترسیدار کە مەلاریای** پلاسمۆدیۆم فالسیپارومە، **کە دەشێت لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا ببێتە هۆی مردن گەر چارەسەر نەکرێت. چ هەوالێك لەبارەی کەیسەکانی دەرمانی دژە مەلاریاوە نییە.**[5]

**ئەمانە ئەزموونی ژنە کوردێکە کە لە ئەوروپا نیشتەجێیە پاش ئەوەی لە هاوینی 1997دا سەردانی کوردستانی کردۆتەوە:**

**" هەموو ئەوانەی لە گوندەکان و شارە بچووکەکاندا دەژین – دەگونجێت هەروەها**

---

[1] Garfield and Williams 1989, 70- 71.

[2] Alfgren 1983, 14 .

[3] State Institute of Statistics 1991, 142 and 1996, 168 .

[4] Turkish Medical Association 1995, 21 .

[5] Aksoy et al. 1997 .

لەشارە مەزنەکانیشدا – مەلاریان هەبێت. لەکاتێکدا کە ئەوان چارەسەرناکرێن هەربۆیە بەدرێژایی ژیانیان ئەو نەخۆشییەیان دەبێت. کاتێك مرۆ کەسێك دەبینێت لەرز دایگرتووە ئیدی ئەوە دەزانێت کە دیسانەوە مەلاریایە. مەلاریا بۆتە دەردێکی بڵاوو چارەسەریشی لەبەردەستدا نییە."[1]

هەروەها پرسێکی سەرەکیی هەیە کە ئەوەیە چەندە ئامارەکان باوەڕپێکراون‌و چەند کەیسی مەلاریان هەن کە هەواڵیان لەبارەوە نەدراوە، لەبەرئەوەی تەنیا ئەوانەی پارەیان هەیە دەتوان بۆ چارەسەریی سەردانی دکتۆر بکەن. هەندێك لە سەرچاوە تورکییەکان هەروەها ئاماژەیان بەوەداوە کە ئەو نەخۆشانەی دەرمانی مەلاریایان وەرگرتووە دەیدەن بە بە هاوسێ نەخۆشەکانیان.[2] ئەو ژنە کوردەی سەردانی کوردستانی کردووە هەستیکردووە کە ژمارەی فەرمیی کەیسەکانی مەلاریا زۆر نزمە:

" ئەم ژمارانە ناتوانن راستبن، ژمارەی کەیسەکان تەنیا 80.000 نییە. ئەو ژمارەیە لانیکەم دە بۆ بیست ئەوەندەیە، دەشێت لەوەش زیاتر بێت. کاتێك گوندنشینەکان نەخۆش دەکەون، یەکێکیان سەردانی دکتۆر دەکات‌و دەرمان بۆ سەرجەمی خێزانەکە وەردەگرێت."[3]

مەلاریا نموونەیەکی روونە کە چۆن رەوشە تەندروستییەکە لەماوەی ساڵانی 1990کاندا لە کوردستان گۆڕاوەو خراپتربووە. بەگوێرەی WHO لەساڵی 1995دا، راپۆرتی تەندروستیی جیهانیی، پێرستی خراپترین تەندروستی عادەتەن نیشانەی هەژاریی سەخت‌و نالەباری کۆمەڵایەتییە.[4] ئەم لێکدانەوەیە کە بۆچی زۆربەی کەیسەکانی مەلاریا لە تورکیا دەکەوێتە پارێزگا کوردییەکانەوە. لە ساڵی 1994دا، 63٪ی کەیسەکانی مەلاریا کە لە تورکیا راگەیەندراون لە ناوچەکانی

---

[1] ژنێك، ئەوروپا.

[2] For example the Turkish Medical Association 1995, 21 .

[3] ژنێك، ئەوروپا.

[4] WHO 1995, 1.

دیاربەکر، ماردین، سیرت، شیرناخ، باتمانن.[1] بەگوێرەی WHO، لە باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا مەترسیی تووشبوون بەمەلاریا لەنێوان ئەپرلْ بۆ ئۆکتۆبەر لەگۆڕێدایە. لە ناوچە گەشتیارییەکان لە ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای ولات، هیچ مەترسییەك بۆ تووشبوون بە مەلاریا نییە.[2]

دەتوانرێت گۆڕانێکی ئاشکرا لە هەلْوێستی دەسەلاتدارانی تەندروستیی تورکیی لەئاست مەلاریادا لەو ئامارانەدا سەبارەت بە ژمارەی ئەو خەلْکانە ببینرێت کە مەلاریان گرتووەو لەنێوان سالانی 1971 بۆ 1995 چارەسەرییان وەرگرتووە. لەسەرەتای سالانی 1970کان، نزیکەی مەلاریا لە تورکیادا نەبووە. کاتێك ژمارەی ئەو خەلْکانەی تووشی نەخۆشییەکە بوون لەناوەڕاستی 1970کاندا دەستیان بە زێدەبوون کرد. هەوڵەکان بۆ بەگژداچوونەوەی بەخێرایی دەستیپێکرد. لەسالْی 1974دا، 111.000 کەس چارەسەری خۆپاراستنیان وەرگرتو لەسالْی داهاتووشدا ژمارەکە 1.485.000 بوو. ژمارەکە لەسالْی 1978دا گەیشتە ترۆپك، کاتێك 88.000 کەس تووشی مەلاریا بوونو 8.235.000 یش دەرمانی خۆپاراستنیان وەرگرت. دوای ئەمە، ژمارەی کەیسەکانی مەلاریاو چارەسەرییە خۆپاراستنەکان هەروەها کەمبوونەوەتەوە، لەبەرئەوەی لەسالْی 1990دا، تەنیا 8.700کەس تووشی مەلاریا بوونو 310.000یش دەرمانی چارەسەرییان وەرگرتووە. ئنجا ژمارەی کەیسەکانی مەلاریا بەخێرایی دووبارە دەستی بە بەرزبوونەوە کردووە: 82.000 کەس لەسالْی 1995دا مەلاریان گرتووە. بەلام لەسالانی 1990کاندا هیچ زێدەبوونێك لە پێدانی دەرمانی خۆپاراستندا نەبووە. لە سالْی 1995دا، تەنیا 248.000 کەس دەرمانیان بۆ خۆپاراستن دژی نەخۆشیی مەلاریا پێدراوە. ئەمە تەنیا 3٪ی بڕی ئەو دەرمانە خۆپاراستنەیە کە لەسالْی 1978دا دراوە، وێڕای ئەو ڕاستییەی کە ژمارەی ئەو خەلْکانەی نەخۆشییەکەیان گرتووە لەهەردوو سالْەکەدا نزیکەی وەك یەکە.


---

[1] SES, Diyarbakir section, 1997, 50 .

[2] WHO 1999a, WHO 1999b .


**کەیسەکانی مەلاریاو چالاکییەکانی قەڵاچۆکردن لە تورکیا 1971- 1995.**

**کەیسەکانی مەلاریا**




**ڕووداوی مەلاریا لەتورکیا لەکۆتایی 1970کان‌و تاکو ناوەڕاستی 1990کان.**

**ئەو خەڵکانەی خۆپاراستنیان دژی مەلاریا وەرگرتووە (بە ملیۆن)**




لەماوەی 1970کاندا خۆپاراستن دژی مەلاریا زێدەبووە، بەڵام لە 1990کاندا ئەمە روویەنەداوە.

لقی دیاربەکری SES سەرنجی بۆ خۆپاراستن لە مەلاریا راکێشاوە بەڵام هەستیکردووە کە بایەخەکەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەردەسەڵاتداران نەبووە، لەبری ئەوە هەستاون بە تەگەرەخستنەبەر چالاکییەکانیان.[1]

" زووتر دەرمانی دژەمەلاریایان بە خەڵکی دەدا، ئێستا لە کردنی ئەوە وەستاون لەبەرئەوەی بڕوایان وایە کە جووتیارەکان دەرمانەکە دەدەن بە گەریلاکانی پەکەکە...دەگونجێت ئەوان ئەوە بکەن، گەریلاکان رۆڵەی ئەوانن، برایانن، مێردیانن. ئەگەر کەسێك کە ئەوان دەیناسن و زۆر نەخۆشە لە دەرگایان بدات، جێی سەرسوڕمان نییە کە خەڵکانی گوند لە دەرمانەکەیاندا بەشداری بکەن."[2]

## 5. 9. سیل ( Tuberculosis )

سیل نەخۆشیی سییەکانە بەهۆی بەکتریای مایکۆبەکتریمی سیلەوە روودەدات. نەخۆشییەکە بۆری هەوای سییەکان دەڕزێنێت، هەروەها بەکتریاکە دەتوانێت لە نێو

---

[1] SES, Diyarbakir section, 1997, 48 .

[2] ژنێك، ئەوروپا.

سیستمی لینفاوی، ئێسك، سیستمی دەمار، ریخۆڵەكان، هەروەها بەشەكانی دیكەی جەستەی نەخۆشەكەدا بڵاوببێتەوە. ئەم نەخۆشییە دەبێتە هۆی لاوازیی و وەستاندنی گەشەی نەخۆشەكە.[1] هەروەها ئەم نەخۆشییە دەبێتە هۆی گرفتگەلێكی زۆری كۆئەندامی هەناسەدان، بۆ نموونە، سیلاوییەكان زیاتر لە خەڵكانی دیكە مەترسیی ئەوەیان لەسەرە تووشی نەخۆشیی هەوكردنی سییەكان ببن.

سیل وەك نەخۆشییەك، پەیوەندییەكی نزیكی بە هەژاریی و هەلومەرجێكی خراپی لەشساغییەوە هەیە، شلەكانی جەستە، بەتایبەتی لیك، بەكتریای سیل دەگوازێتەوە. كاتێك كەسێكی نەخۆش دەكۆكێت، بەكتریاكە دەتوانێت لە هەوادا بمێنێتەوەو بچێتە سییەكانی كەسێك كە لە نزیكیەوەیەتی. بەتایبەت منداڵی بچووك تا تەمەنی پێنج ساڵان زیاتر ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشیی سیل هەیە، كاتێك پێگەیشتوویەك تووشی سیل دەبێت مەسەلەكە تەنیا تووشبوونێكی تازە نییە، بەڵكو زۆر لەوانەیە كە بۆماوەیەكی درێژ ئەو نەخۆشییەی هەڵگرتبێت بەڵام كاتێك دەركەوتبێت كە سیستمی بەرگری لەش داڕماوە. ئەمە دەشێت رووبدات، كاتێك بۆ نموونە، هەلومەرجی ژیان فرە ئەستەم بێت یاخود نەخۆشەكە بەكتریایەكی بەهێزی سیلی پێ بگات.[2] هەروەها بەدخۆراكیی و گرتنی نەخۆشییەكانی وەك سورێژە، دەتوانێت بەكتریای سیل تا ئاستی تووشبوون بە نەخۆشیی چالاك بكات.[3] راپۆرتی تەندروستیی جیهانیی ساڵی 1995، بەراوردی پرۆسەی كەوتنەوەی پەتای سیلی لەگەڵ ماری كۆبرایەك كردووە لە سەبەتەكەیدا. كاتێك سیستمی بەرگریی هەڵگرێكی نەخۆشیی سیل لاوازدەبێت بەهۆی نەخۆشییەكەوە یان بەدخۆراكییەوە، سەری سەبەتەكە لادەبرێت و كۆبراكە

---

[1] Peltola 1979, 223-224 .

[2] Peltola 1979, 224-225 .

[3] Kuusi 1989, 432 .

دەردەکەوێت.[1]

دەرمانی کاریگەر هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی سیل، بەڵام چارەسەرییەکە پرۆسەیەکی درێژخایەنەو پێویستە نەخۆشەکە لەژێر چاودێرییەکی رێکوپێکی پزیشکییدا بێت. چارەسەرییەکە لانیکەمی شەش مانگ دەخایەنێت. لەماوەی دوو مانگی یەکەمدا، پێویستە نەخۆش چوار جۆر دەرمانی جیاواز پێکەوە بخوات. لە وڵاتانی پەرەسەندوودا، فرە ئەستەمە بۆ کارمەندانی پزیشکیی کە هانی نەخۆشەکان بدەن بۆماوەی پێویست دەرمانەکانیان بەکاربێنن. لە کۆتایی ساڵانی 1980کاندا، مەزندە کراوە کە لە وڵاتانی پەرەسەندوودا 40–50٪ی ئەوانەی دەستیان بە وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشیی سیل کردووە، لە بەکارهێنانی چارەسەریی بۆ ماوەی پێویست بەردەوام نەبوون. بێ چارەسەریی، دەتوانرێت لەماوەی دوو ساڵدا چاوەڕێی مەرگ بۆ 50٪ی کەیسەکانی سیل بکرێت.[2]

لقی دیاربەکری SES زێدەبوونی تووشبوون بە نەخۆشی سیلی بە مەزنترین گرفتی تەندروستیی لە ناوچە کوردییەکاندا ئەژمارکردووە. کەوتنەوەی نەخۆشییەکە لە جزیرە، سیلوپی، شیرناخ، هەروەها کولپ لەوەکەی کە لە وڵاتانی دیکەی جیهانی سێیەمدایە بەربڵاوترە. لە ئامەد، تۆمارکردنی کەیسەکانی سیل لە ساڵی 1993دا 222 کەیس بووە، لەساڵی 1996دا 726 بووە. تووشبوون بە نەخۆشیی سیل بەتایبەت لە پاش ساڵی 1994دا بەخێرایی زیادیکردووە.[3] دکتۆر مەتین ئاکین، سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکیی لە ڤان، وتی کە سیل لە تورکیا نەخۆشییەکە تایبەتە بە کوردان.[4]

چارەسەریی خۆپاراستن لە نەخۆشیی سیل ئاسانە، چونکە کوتانێکی کاریگەر بۆ ئەوە هەیە. بەڵام لە پارێزگا کوردییەکاندا تەنیا 15٪ی منداڵان دەکوترێن. لە

---

[1] WHO 1995, 21 .

[2] Kuusi 1989, 431-432, 439; Perrin 1996, 149 .

[3] SES, Diyarbakir section, 1997, 53, 55 .

[4] IPPNW etc. 1996a, 65 .

**هەكاری، لە سەرەتای سالآنی 1990كاندا، تەنیا 1٪ی منداڵانی تازەلەدایكبوو كوتانی BCG یان وەرگرتووە كە دژی نەخۆشیی سیلە.[1]**

**دكتۆرێك لە قەزایەكی دیاربەكرەوە هەواڵیداوە كاتێك كە دكتۆرەكان حاڵەتێكی سیل لە نەخۆشێكدا دەدۆزنەوە، دەگونجێت ئەوە دواجاربێت كە ئەو نەخۆشە ببینن‌و هەروەها تەنانەت ناشزانن كە داخۆ لەو نەخۆشییەی چاكبۆتەوە.[2] لە ڤان لەساڵی 1996دا، چارەسەركردنی سیل بەخۆڕایی بوو، تەنانەت بۆ ئەو نەخۆشانەشی كارتی سەوزیان نەبوو.[3]**

## 6 . 9 . ئیفلیجیی منداڵان ( Poilo )

**سێ جۆر ڤایرۆسی ئیفلیجیی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان دەگوازنەوە. هەروەك بەكتریای سیل، ڤایرۆسی ئیفلیجیی منداڵان هەروەها بەشێوەیەكی سەرەكیی لە هەلومەرجێكی خراپی لەشساغییدا دەبینرێتەوە. ئیفلیجی منداڵان لە وڵاتانی ئیستیوائیی‌و نیمچە ئیستیوائییەكاندا بڵاوە، زۆربەی دانیشتووانەكە هەڵگری ڤایرۆسەكەن بەڵام نەخۆشییەكە لە یەك لە سەدی هەڵگرانی ڤایرۆسەكەدا دەردەكەوێت. هەڵگرانی ڤایرۆسەكە بەدرێژایی ژیانیان ئەو ڤایرۆسە هەڵدەگرن‌و بۆ خەڵكانی دیكەی دەگوازنەوە.[4] ئەم جۆرە ناوچانە بە ناوچەی بوونی ئەن نەخۆشییە دەناسرێن بە پێچەوانەی ناوچەكانی دیكە كە لەم نەخۆشییە بەدوورن.**

**لەكاتی گرتنی ڤایرۆسەكە، ماوەی گرتنی نەخۆشییەكە یەك بۆ سێ هەفتەیە، لەسەرەتادا نیشانەكانی ئیفلیجیی هەمان ئەوانەی هەڵامەتن، هەروەها بۆ زۆربەی نەخۆشەكان، نەخۆشییەكە بۆ زیاتر لە چەند رۆژێكە. ئەگەر توندی تووشبوونەكە**

---

[1] Türk Tabipler Birligi 1994, 20 .

[2] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 82 .

[3] IPPNW etc. 1996a, 45 .

[4] Peltola 1979, 195-196 .

زیادی کردو له کۆئەندامی دەماردا چڕبووەوە، ئیفلیجیی دەتوانێت ببێتەهۆی پەککەوتنی تەواو، ئەوەی هەندێکجار کوشندەیە. ئیفلیجیی نەخۆشییەکی ڤایرۆسییەو چارەسەریی نییە، تەنیا دەتوانرێت نیشانەکانی چارەسەر بکرێن. ئیفلیجیی دەتوانێت  تووشی هەر تەمەنێك بێت، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکیی کار لەو منداڵانە دەکات کە لەخوار تەمەنی سێ ساڵییەوەن.[1]

له سەدەی بیستەمدا، ئیفلیجیی منداڵان بە مەترسییدارترین نەخۆشیی لە جیهاندا دەژمێردرا. لە وڵاتانی پیشەسازییدا، ئیفلیجیی بەتەواویی دیارنەماوە پاش ئەوەی لەسەرەتای ساڵانی 1950کاندا کوتانیان دژی ئەو نەخۆشییە پەرەپێداوە. لەبەرئەوەی چارەسەریی ئەو نەخۆشییە نییە، خۆپارستن لێی- رێگرتن لە گواستنەوەی ڤایرۆسەکە - بە گرنگییەکی تایبەت لە قەڵەم دەدرێت.[2]

WHO  رێبەرایەتیی کەمپینێکی جیهانیی دژ بە ئیفلیجیی منداڵ دەکات. راڤی ئەسلانیان کارمەندێکی باڵای پزیشکیی لە ئۆفیسی میسریی WHO دوو سیمای رەخنەیی لە هەڵمەتەکەی دژ بە ئیفلیجیی بینییەوە: لەسەر نزمترین‌و بەرزترین ئاستی سیاسیی لە وڵاتانی بایەخداردا، پێویستە لەئەستۆگرتنێکی بەردەوام بۆ ئەم هەڵمەتە هەبێت‌و هەروەها دەبێت هاوکاریی دارایی تەواو بکرێت.[3] بەردی بناغەی هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی ئیفلیجیی زامنی ئاستگەلێکی بەرزی رۆتینی خۆپاراستن لە نێو منداڵانی خوار تەمەنی یەك ساڵانەوە دەکات.[4]

ئیفلیجیی منداڵان لە بەشێکی مەزنی جیهان قەڵاچۆکراوە. مەزنترین شوێن کە ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییەی تێدا دەگوێزرێتەوە بریتییە لە باشووری ئاسیاو

---

[1] over 50 % of all cases., Peltola 1979, 195-197; WHO 1999c.

[2] Peltola 1979, 195, 197.

[3] WHO 1998b, 2 .

[4] WHO 1999c .

ئەفریقای خوار بیابانی مەزندا.[1] لەسەرەتای ساڵی 1997دا، ستاف هەڵمەتەکەی WHO لەو بڕوایەدا بوو کە لە هەرێمە ئەوروپییەکەدا کە لە 51 دەوڵەت پێکدێت، دەبێت لە ساڵی 1998 ماڵئاوایی لە دوا ڤایرۆسی ئیفلیجیی منداڵ بکەن. بەڵام لەنێوان ژوئیە بۆ ئۆکتۆبەری 1997 دا، شەش حاڵەتی چەسپاو لە پارێزگاکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەرکەوتووە، هەروەها لەنێوان یەنایەر بۆ ئۆکتۆبەری 1998، هەواڵی 13 حاڵەتی نوێی دیکەی ئیفلیجیی منداڵان بە WHO دراوە.[2]

لە کۆکردنەوەی داتاکەدا، WHO بەئاگابوو لەوەی کە تەواوی حاڵەتەکانی ئیفلیجیی منداڵ رانەگەیەندراوە. هەروەها مەزەندەی ئەوەیکرد کە ژمارەی راستیینەی ئیفلیجیی منداڵان دەجاران لە ژمارە فەرمییەکە زیاترە.[3] بە سەرنجدان لە باوەڕپێکراویی ئامارەکانی تورکیی، مرۆ پێویستە بەتایبەت رەخنەگربێت کاتێك ژمارەی ئەو کەیسانە ئەژماردەکات کە سەبارەت بە ئیفلیجیی منداڵان لە باشووری رۆژهەڵاتەوە هەواڵی لەبارەوە دراوە. تەنانەت لە ساڵی 1996دا، نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی کە سەردانی نەخۆشخانەکەی وانی کردبوو زانیارییدا کە نەخۆشخانەکە چارەسەریی نەخۆشی ئیفلیجیی منداڵی کردووە.[4] نوێنەرایەتییەکە وتویەتی کە لەساڵی 1995دا، نزیکەی 60 حاڵەتی ئیفلیجیی منداڵان لە تورکیادا هەبووە. پەرستارێکی کورد وتی ئیفلیجیی منداڵان لە کوردستاندا بڵاو نەبووە، بەڵام ئێستا لە دەرکەوتندایە.[5]

پاش ئەوەی هەواڵی حاڵەتەکانی ئیفلیجیی منداڵان لە چوار پارێزگای باشووری رۆژهەڵاتب تورکیاوە رەوانەی WHO کرا( WHO پارێزگاکانی نەناساندووە)، WHO لە پایزی 1998دا، هەڵمەتێکی مەزنی دژ بە ئیفلیجیی منداڵان لە

---

[1] WHO 1999c.

[2] WHO 1998b, 2; WHO 1998c.

[3] WHO 1998b, 2 .

[4] IPPNW etc. 1996a, 45, 47 .

[5] Hanife 1998 .

ناوچەیەکی سەر سنوورەکانی تورکیا ( 11 پارێزگا )، عێراق ( نۆ پارێزگا )، ئێران (چوار پارێزگا )، هەروەها سوریا ( پارێزگا سنوورییەکان ). WHO تەنانەت لە وتارێکدا سەبارەت بەم هەڵمەتە ئاماژەی بە وشەی (کوردستان ) نەداوە. لە 4–1998/10/12 بۆ 7–1998/11/15 نزیکەی 2.3 ملیۆن منداڵ لەخوار تەمەنی پێنج ساڵانەوە کرانە ئامانجی کوتان لە هەڵمەتێکی ماڵ بە ماڵدا. لە وتارێکدا کە لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، WHO وردەکاری ئەوەی نەداوە کە چۆن هەڵمەتی کوتانەکە لە پارێزگاکانی باشووری رۆژهەلاتی تورکیادا سەرکەوتوو بووە کە لەلایەن لەشکرەوە فەمانڕەوایەتیی دەکران، هەروەها وێڕای ئەوەی بەشێکی سەرەکیی دانیشتووانەکە نەیار بە تێکڕای دەسەڵاتدارانی تورکیی بوون، لەوانە ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی.[1] تەنیا راپۆرتی WHO ئەوە بوو کە پرۆژەکە دەیان هەزار لە کارمەندانی تەندروستیی و خۆبەخشی مۆبیلیزە کردووەو لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی چوار دەوڵەتی بایەخدارەوە، بەهاوکاریی WHO، رۆتەری ئینتەرناشناڵ،UNIHCF، هەروەها ناوەندی ئەمەریکیی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی و خۆپاراستن. د. جۆرج ئۆبلاپێنکۆ کارمەندی باڵای WHOو بەرپرسی قەلاچۆکردنی ئیفلیجیی منداڵان لە هەرێمە ئەوروپییەکەی WHOK وتی:" تا ئەوکاتەی ڤایرۆسی ئیفلیجیی منداڵ بەتەواویی لە تورکیاو وڵاتانی دەوروبەر قەلاچۆ نەکرێت، مەترسییەکی گرنگ لەو رووەوە هەیە کە نەخۆشیی ئیفلیجیی منداڵان لە ئەوروپا یاخود لە هەر جێگەیەکی دیکەی جیهان سەرهەڵبداتەوە.[2]

## 7 . 9 . سورێژە ( Measles )

لە ئەوروپا، سورێژە وەك تەنیا نەخۆشییەکی ئاسایی منداڵان لەقەڵەمدەدرێت کە نزیکەی بەهۆی کوتانەوە دیارنەماوە. بەڵام لە جیهانی سێیەمدا یەکێکە لە

---

[1] http: // www. who.int / gpv-news / news / 251098. momentum.htm.

[2] WHO 1988c.

بەربڵاوترین هۆکارەکانی مەرگی منداڵان. راپۆرتی تەندروستیی جیهانیی WHO بۆ ساڵی 1988 سورێژەی بە پێشەنگی بکوژی نێو ئەو نەخۆشییانەی منداڵان ناوبردووە کە بەهۆی کوتانەوە رێگەی لێدەگیرێت.[1] لە ناوچەیەکدا کە کوتانی سورێژە کەمتر لە50٪ دەگرێتەوە، مەترسی کەوتنەوەی پەتا لە زۆرکاتدا هەیە.

کاتێك منداڵ سورێژە دەگرێت، خوران تەنیا رووکەشی پێستەکەی ناگرێتەوە بەڵکو رووی ناوەوەی جەستەی کەسە تووشبووەکەش دەگرێتەوە. ئەمەشە کە ئاڵۆزییەکانی سورێژە پێکدەهێنێت. خوران تووشی ریخۆڵەکان دەبێت، کە دەبێتە هۆی سکچوون. سورێژە رووپۆشی ناوەوەی سییەکان دەگرێتەوە، کە دەبێتە هۆی هەوکردنی لاوەکیی و ئەوەش زەمینە بۆ هەوکردنی سییەکان خۆشدەکات.[2] دژواریی نەخۆشییەکە کاریگەریی توندیان لەسەر منداڵانی بەدخۆراك هەیە وەك لەوانی دیکە، لەبەرئەوە لە هەموو ئەو بەرنامانەی کە ئامانجەکەی کۆنترۆڵکردنی سورێژەیە، وێڕای کوتان، چاکردنی رەوشی منداڵی بەدخۆراك گرنگە.[3] مەترسیی دژواریی نەخۆشییەکە بۆ ماوەی چەندین مانگ لەپاش چاکبوونەوەی منداڵەکە لە سورێژە دەمێنێتەوە. زۆربەی دژوارییە زۆر بەربڵاوەکان کە دەبنەهۆی مردن هەوکردنی سییەکانو سکچوونە.[4] لەڕاستییدا، کوتانی دژ بە سورێژە زیاتر لە کوتانی دژ بە سکچوون مەرگی ساوایان بە سکچوون کەمدەکاتەوە.[5]

لە سێپتەمبەری 1988دا، پزیشکێك لە ئەستەمبوڵەوە هەواڵیدا کە سورێژە بەخێرایی لەنێو منداڵانی کورددا زیاددەکات، لەبەرئەوەی کە بەرنامەی کوتان کە بەودواییە لە تورکیا جێبەجێکرا، شکستیهێنا.بەگوێرەی پزیشکەکە، سورێژە

---

[1] WHO 1998a, 53 .
[2] Hakewill 1999.
[3] Perrin 1996, 162, 165 .
[4] Aaby 1989, 441, 443, 448 .
[5] Vesikari 1989, 332 .

ئێستا لەپاش سکچوون و هەوکردنی سییەکان سێیەمین گرنگترین هۆکاری مەرگی منداڵانە.

هەروەك كەیسەكانی نەخۆشییەكانی دیكە، ئاماری باوەڕپێكراو لەبارەی چەندبارەبوونەوەی سورێژە لە كوردستاندا نییە، هەرچەندە لە راپۆرتی گەشتكەرەكاندا كۆمێنتی جیای زۆری لەبارەوە دراوە. بۆ نموونە، كاتێك نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی لەساڵی 1996دا، سەردانی كەمپی ئاوارەكانی لە ئیدرەمیت لە نزیك وان كردووە، وتویەتی كە چوار منداڵ تازەكی بە سورێژە مردوون. مانگی سووری توركیی ئەم كەمپەی بەڕێوەدەبرد كە لە 53 خێزان پێكهاتبوو كە تێكڕایان 249 كەس بوون. هەروەها نوێنەرایەتییەكە سەردانی كەمپی نزیك زانكۆی وانی كرد كە 88 خێزانی تێدابوون كە هەموویان 435 كەس بوون، كە لە بەشی ناوخۆیی پێشوودا دەژیان، كە هەر خێزانێكیان لە ژوورێكدا دەژیان. بەو زووانە یازدە منداڵ گیانیان لەدەستدابوو، بەربڵاوترین هۆكار سورێژە بوو.

## 9. 8 . نەخۆشییەكانی دیكەو سەرنجێكی گشتیی لەمەڕ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە ساڵانی 1990كاندا

كاتێك سەیری نەخۆشییەكانی تر دەكەین هەمان وێنەی خەمباری هەژاریی تەندروستیی دەبینین. دەتوانرێت هەموو جۆرە نەخۆشییەكان لە كوردستاندا ببینرێت. ژمارەكانی نەخۆشیی ئەم ناوچەیە هاوشێوەی ئەوانەی وڵاتانی ئەفریقای ئیستسوائییەو زیاترە لە وڵاتانەی هاوسێی توركیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. حاڵەتەكانی گولیی و ئەنتراكس ( تای سپڵ ) كە لە راستییدا نەخۆشیی ئاژەڵیین، هەیە.[1] رەوشەكە لە ناوچەكانی دەرەوەی شارەكان و شارە بچووكەكاندا لە شارە

---

[1] لە زیمبابۆی لە كۆتایی شەڕی ناوخۆ لەساڵی 1979دا، پەتایەكی مەزنی ئەنتراكس هەبوو كە تەنیا تووشی دانیشتووانە گوندنشیینە رەشپێستەكان بووەوە، جووتیارە سپیپێستەكان و مێگەلەكانیان سەلامەت مانەوە. مێریل ناس( 1992، 12-17، 61 ) ئەو پرسیارەی كردووە كە داخۆ نەخۆشییەكە بەهۆی رووداوی سروشتییەوەیە یان بەهۆی جەنگی بایەلۆجییەوە. بۆ

گەورەکانی وەك ئامەد خراپترە.[1]

نەخۆشیی لیشماینیسس ( Leishmaniasis ) کە تووشی پێستو لینجی رووپۆشی پێست دەبێت لە ئاکامی زیندەخانەی پاراسیتییەوە روودەدات. ئەم نەخۆشییە لە ئەمەریکای ناوەندی پێیدەوترێت " گولیی چیایی". بەهۆی گازلێگرتنی مێرووەوە دەگوازرێتەوە، زۆربەی کاتیش مەترسیی کەوتنەوەی پەتای هەیە. هەڵگرانی گولیی زیاتر بۆ نەخۆشیی دەگوازرێتەوە، هەروەها ئاژەڵانی وەك سەگو مشك دەتوانن ببنە خانەخۆیی زیندەخانەکەی.[2] لە سانلیئورفە، لە نزیك بەنداوی ئەتاتورك، شێوەی جۆراوجۆری نەخۆشیی پێست بەخێرایی زیاد دەبێت. لە ساڵی 1990دا، ژمارەی نەخۆشی پێست لە سانلیئورفە 552 کەس بوو، هەروەها لەماوەی یەکەمین نۆ مانگی ساڵی 1994 دا، زیاتر لە 3.000 حاڵەت هەبوو. لە ساڵی 1991دا، 80 حاڵەتی نەخۆشیی گولیی هەناویی، کالازار بینراوەتەوە.[3] کالازار مەترسییدارترین جۆری نەخۆشی گولییە کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت زۆربەی جار کوشندەیە. هەڵگرانی ئەم نەخۆشییە ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشیی سیل هەیە .[4] هەروەها بەهۆی خراپی شوێنی نیشتەجێبوونەوە تووشبوون بە نەخۆشیی دیکەی پێستی وەك گەڕیی ( Scabies ) زیادیکردووە.[5] گەڕیی زۆربەی جار نەخۆشییەکە کە کاریگەریی لە تەواوی خێزان دەکات. دایکێك

---

نموونە، بەرنامەی جەنگی بایەلۆجیی ئەمەریکیی تەرکیز دەکاتە سەر چەکی ئەنتراکسو ژاراویی بوون بە خۆراکی پیسبوو. ناس دەڵێت کە بڵاوکردنەوەی نەخۆشییە مرۆییو ئاژەڵییەکان دەتوانێت یەك لە ستراتیجییەکانی دژەیاخییبوون بێت، هەروەها هەموو پەتایەك کە لەرووی پەتاناسییەوە ناوازە بێت پێویستە شرۆڤە بکرێت.

[1] Dr. Rodi, ref. Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 93, 95 .

[2] Garfield and Williams 1989, 18; Peltola 1979, 253-255.

[3] Aksoy et al. 1997 .

[4] Peltola 1979, 254; The World Health Report 1995, 28 .

[5] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 84; PHR 1996, 202; Turkish Medical Association 1995, 35 .

**که نیشانەکانی نەخۆشییەکەی دیار نەبێت زۆربەی جار ئەو نەخۆشییە بۆ منداڵەکەی دەگوێزێتەوە.[1] کاتێك خۆبەخشان لە دەزگای هاوکاریی مرۆڤایەتیی (GIYAV) لە ساڵی 1997دا، سەردانی ڤیدات دالۆکەی لە نزیك مێرسینەوە کرد، ئەوان 17 خێزانی کوردیان بینی کە لە گەنجینەیەکی سەوزەواتدا دەژیان، زیاتر لە 100 کەس تەوالێتەکەیان بەکاردەهێنا، ئاوی خواردنەوە لە دووری نیو کیلۆمەترەوە دەهێنرا، هەروەها ئاوەکەی دیکەش لە کەناڵێکی بچووکەوە دەهێنراو لە ئاوی باراناو کۆدەکرایەوە. خەڵکی وتویانە کە بە 3–4 هەفتە جارێك خۆیان دەشۆن، هەروەها جل شتنیان فرە ئەستەمە.[2] بەگوێرەی پێوانەی پزیشکانی بێسنوور، تەنانەت لە رەوشی ئاوارتەشدا پێویستە ئاودەستێك بۆ هەر بیست کەس‌و لانیکەمی دە لیتر ئاوی پاك رۆژانە بۆ هەر کەسێك هەبێت.[3]**

**کاتێك لە ئامەد لە ژنە کوردێکی راگوێزراوم پرسی چەند جار منداڵەکانی دەشوات، ئەو پرسیارەکەی پێ فرە سەیر بوو. پاش ئەوەی پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، ئەو وەڵامی دایەوە:**

**" من تەشتێك‌و کتلییەکم هەیە. هەموو یەك شەممەیەك ئاو گەرم دەکەم بۆ شتنی منداڵەکان. دەمەوێت زیاتریان بشۆم، بەڵام غاز زۆر گرانە. پارەم نییە بچم بۆ حەمام."[4]**

**WHO هیواداربوو کە تاکو ساڵی 2020و لەڕێگەی بەرنامەی ئەنتیبایۆتیکی درێژخایەنەوە، قەڵاچۆی تەراخوما( trachoma ) بکات، کە نەخۆشییەکی گوازراوەی چاوەو بەربڵاوترین هۆکاری کوێربوونە لە جیهاندا.[5] لە تورکیا، زۆربەی حاڵەتەکانی تەراخوما لە پارێزگای سانلیوورفەی نزیك بەنداوی ئەتاتورکە.**

---

[1] Paajanen 1989, 362 .

[2] Jaakkola 1998; Göç Der Haber Bülteni 1/1998 .

[3] Hakewill 1999 .

[4] **ژنێك، ئامەد.**

[5] WHO 1998a, 53 .

دەوترێت کە نەخۆشییەکە لەوێ دایکوتاوە. لە ئامارەکانی تەراخۆمادا، پارێزگای دیاربەکر بە پلەی دووەم دێت، 62٪ی تێکڕای حاڵەتەکانی تەراخوما لە ناوەڕاستی سالانی 1990کاندا لە تورکیا لەم دوو پارێزگایەدا بوون. تەنیا 17٪ی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی تەراخوما لەدەرەوەی پارێزگاکانی باشووری رۆژهەلاتە.[1]

هەروەك حاڵەتی زۆربەی نەخۆشییەکانی تر، دانیشتووانی ئۆرفە نزیکەی نەخرابوونە چوارچێوەی چارەسەرییەکی پزیشکیی پێویستو هەروەها هەوڵگەلێکی ئەوتۆش بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە تەراخوما بەهۆی زێدەکردنی باری لەشساغییەوە لەئارادا نەبوو.[2]

لەساڵنامە ئامارییە تورکییەکەی ساڵی 1997دا، وێنەیەکی زۆر رێکوپێکی رەوشەکەکان دەداتێ لەوەی کە لەلایەن کۆمەڵەی پزیشکیی تورکییەوە دراوە. بەگوێرەی ساڵنامەکە:

"بەگژداچوونەوەی ئەم نەخۆشییانە، کە بۆماوەی چەندین ساڵە گرفتێکی تەندروستیی سەرەکیی پێکدەهێنێت، هەر لە ساڵی 1925ەوە بەڕێوەدەچێت... کاری بنەڕەتیی بریتییبووە لە دامەزراندنی نەخۆشخانەو دەرمانخانەی تەراخوما لەو ناوەندی پارێزگاو قەزایانەی کە نەخۆشییەکەیان تێدا بڵاوە. ئەم دامەزراوانە بە تێپەڕینی کات هێدی هێدی بەرەو باشبوون چووە."[3]

نەخۆشیی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسیی یا زەردوویی(Hepatitis B) تووشبوونێکی ڤایرۆسییەو کار لە جگەر دەکات، ئەم نەخۆشییە 60–80٪ی تێکڕای شێرپەنجە سەرەتاییەکانی جگەر پێکدەهێنێت، کە یەکێکە لە سێیەم کوشندەترین جۆری بەربلاوی شێرپەنجە لە رۆژهەلاتو باشووری ئاسیاو ئەفریقای خوار بیابانی مەزندا. زەردوویی لەرێگەی جووتبوونی سێکسیی و هەروەها گواستنەوەی خوێنەوە دەگوازرێتەوە. هەروەها لە ولاتانی پەرەسەندوودا،

---

[1] Turkish Medical Association 1995, 35, 37 .

[2] Koordinationsbüro Newroz etc. 1995, 86 .

[3] State Institute of Statistics 1997, 141

لەمندالانی تازەلەدایکبوودا زۆرە کە لەدایکییەوە وەریدەگرێت. کوتانی کاریگەر بۆ زەردوویی هەیە کە 90 وڵات تێکەڵ بە بەرنامەکانی خۆیان سەبارەت بە خۆپاراستنی نیشتیمانیی کردووە. لە تورکیا 1–4،2٪ی دانیشتووانەکە تووشی زەردووییانە.[1] پزیشکێکی تورکیی هەواڵیداوە کە " نزیکەی نیوەی دانیشتووان لە ئامەد هەڵگری زەردوویین." نوێنەرایەتییەکی مانگی سووری کوردیی کە ساڵی 1997 سەردانی کوردە پەنابەرەکانی لە ئەدەنە کردووە وتویەتی کە زەردوویی یەك لە هەشت بەربڵاوترین نەخۆشیی لەنێو پەنابەرەکاندا پێکدەهێنێت.[2]

نەخۆشیی وەناق ( Diphtheria ) چەند جارێکی کەم لە راپۆرتی گەشتەکانەوە لەکوردستان باسی لێوەکراوە. بۆ نموونە، نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی ئاماژەی بە گفتوگۆیەك داوە لە نێو پاسی فڕۆکەخانەکەدا لەگەڵ کچە پزیشکێکی لاو کە راهێنانی خۆی لە جۆلەمێرگ ( هەکاری ) کردووە.[3] شەش حاڵەتی وەناق لە ماوەی چەند مانگێکی ساڵی 1996دا لە جۆلەمێرگ روویداوە. ئەو پزیشکە کارەکەی خۆی زۆر پێ گران بووە. لەبەرئەوەی خەڵکەکەی جۆلەمێرگ زۆر هەژارن، نە دەتوانن دەرمانی پێویست بکڕنو نە ناوەندە تەندروستییەکانیش دەتوانێت دەرمانیان بە خۆڕایی بداتێ. خۆپاراستن لە وەناق ئاسانە، کوتانێکی کاریگەر هەیە کە کوتانی سیانی PDT یە. بەڵام لە ساڵانی 1990کاندا، تەنیا 19٪ی ساوایان لە هەکاری کوتانی PDT یان بۆ کراوە.

تورکیا نە رێگەی بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەدا کە رووماڵی رەوشی تەندروستیی لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا بکەن، نە بۆخۆشی راپۆرتو ئاماری باوەڕپێکراوی لەبارەی رەوشەکەوە بڵاودەکردەوە. ئەو زانیارییانەی کە دەتوانرێت لە راپۆرتی گەشتکەرانو راپۆرتە کۆکراوەکانی یەکێتیە پیشەییە تورکییەکانو رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤدا ببینرێتەوە، پێشانیدەدەن کە کەوتنەوەی

---

[1] Lumio 1989, 474-475; WHO 1998a, 54-55 .

[2] Kurdischer Roter Halbmond 1997, 31 .

[3] IPPNW etc. 1996a, 18 .

نەخۆشییەکان هەر لەگەڵ تاوسەندنی راگوازتنی زۆرەملێی جووتیارانی کورد لە سەرەتای ساڵانی 1990کاندا، زیادیکردووە. رەوشی تەندروستیی لە پارێزگا کوردییەکان لە کۆتایی ساڵانی 1990کاندا هاوشێوەی رەوشەکەیە لە تەواوی تورکیا لە ساڵانی 1970کان. لەجیاتی بزووتن بە ئاراستەی ئامانجە جیهانییەکە "تەندروستیی بۆ هەمووان بەهاتنی ساڵی 2000 " کە لەلایەن کۆبوونەوەکەی WHO لە ئەلما ئاتا لەساڵی 1978دا بەرزکرابووەوە، ئاستی تەندروستیی لە پارێزگا کوردییەکان لە داڕمانا بوو.

هەژاریی و زێدەبوونی نەخۆشکەوتنی ئەو خەڵکە کوردەی راگوێزرابوون ئەڵقەیەکی شەڕەنگێزە، پرۆسەیەکە خۆی بەردەوامیی بەخۆی دەدات. خەڵکانی بەدخۆراك لاوازن و زیاتر ئەگەری نەخۆشکەوتنیان هەیە کە دەتوانن گەر رەوشێکی باشتریان هەبێت بەرگریی بکەن و نەخۆش نەکەون. مەلاریا و پاراسیتەکان فرە بڵاون. هەروەها بۆ هەڵگرانی، کاریگەریی نەخۆشیەکانی دیکە، بۆ نموونە، سورێژە و سکچوون، دەتوانێت مەترسییداربێت. زۆربەی قوربانییەکانی زێدەبوونی مەرگ منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵن. زۆربەی ئەو نەخۆشییانەی کە بەئاسانیی لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا چارەسەردەکرێن، بۆ کوردانی راگوێزراو کوشندەیە. بۆ نموونە، هەڵامەت زۆربەی جار دەبێتە هۆی هەوکردنی سییەکان گەربێتو نەخۆشەکە بەدخۆراك بێت و لە شوێنێکی سارد و ماڵی شێیاوییدا بژی و جلوبەرگی شیاوی لەبەردا نەبێت. هەوکردنی سییەکان مەزنترین هۆکاری مەرگی منداڵانە لە تورکیا. لەساڵی 1994دا، تووشبوون بە نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسە هۆکاری مەرگی 37٪ی حاڵەتەکان بوو.[1] بەگوێرەی کۆڵینەوەیەك کە لە زانکۆی دیجلە ئەنجامدراوە، هەموو ساڵێك لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا 50.000 منداڵ بە نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان گیان لەدەست دەدەن.[2]

زێدەبوونی کەوتنەوەی نەخۆشیی لە باکووری کورستان پەیوەندیی بە چەند فاکتەرێکەوە هەیە، نەك تەنیا بەهۆی ئەو هەژارییەوە کە راگواستن پێکیهێناوە. بایەخپێدانی تەندروستیی لە باکووری کوردستان بە هەمان ئەو شێوەیە رێکخراوە کە لە

[1] SES, Diyarbakwr section, 1997, 50 .

[2] ref. IPPNW etc. 1996a, 53 .

بەشەکانی دیکەی تورکیادا هەیە وێرای ئەو راستییەی کە هەلومەرجەکان جیاوازە. هەوڵێکی جدیی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە بنەڕەتییەکان لەئارادا نەبوو. بۆ نموونە، وەزارەتی تەندروستیی ئەو راستییەی پشتگوێخستبوو کە بەشێکی مەزنی نەخۆشانی کورد لە زمانی تورکیی تێناگەن. لە نەبوونی زمانێکی هاوبەشدا ئەستەمە بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپاراستن رێکبخرێت. کوردان بەشێوەیەکی سوننەتیی تێکەڵ بە بایەخپێدانی تەندروستیی نەبوون و کەمیی زانیارییان لەبارەی بایەخپێدانی تەندروستییەوە هەیە. ئاستی لەشساغیی لە گوندەکاندا لاوازە، هەروەها جووتیارانی کورد زۆر بایەخ بە کەسانی نەخۆش نادەن، بۆ نموونە، وەك ئەوەی کە جیایان بکەنەوە بۆئەوەی رێگە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بگرن. خراپتربوونی رەوشگەلی ژیان بەهۆی راگواستنی زۆرەملێیەوە ئەو گرفتە تەندروستییانەی دژوارترکرد کە نزیکەی پێش جەنگە ناوخۆییەکە هەبوون.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی زۆری نەکردووە بۆ هاوکارییکردنی پەنابەرە کوردەکانی نێوخۆ پاش ئەوەی تورکیا رێگەی لە رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان گرت هاوکاریی بۆ کوردان بگوێزنەوە. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بە تەواویی ئەو راستییەی پەسەند کرد کە تورکیا ئەرکی خۆی پشتگوێخستووە کە WHOلە حاڵەتەکانی نەخۆشییە گواستراوەکان، وەك کۆلێراو ئیفلیجیی منداڵان، ئاگادار بکاتەوە. کاتێك رێکخراوە ناحکومییەکان هەواڵیانداوە کە بەڵگەی بوونی ئەم چەشنە نەخۆشییانە لە باکووری کوردستاندا هەیە، رووماڵێکی گونجاو بۆ چەسپاندنی ئەم بانگەشانە پێویستە. لەبری کردنی ئەمە، وڵاتانی رۆژئاوا ئەو راستییان پەسەند کرد کە باکووری کوردستان ( هەروەها لەوانەیە باشووری کوردستانیش ) بۆتە مەڵبەندێك کە کە لێیەوە نەخۆشییە درمەکان بە باشیی بۆ وڵاتەکانی دیکە بگوازرێتەوە. ئیفلیجیی منداڵان نموونەیەکی ئەو نەخۆشییانەیە. نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی کە لەمارتی 1996دا سەردانی نەخۆشخانەی وانیان کردووە، ئاگاداریداوە کە نەخۆشخانەکە چارەسەری نەخۆشیی ئیفلیجیی منداڵانی کردووە. نوێنەرایەتییەکە وتویەتی کە لەساڵی 1995دا نزیکەی 60 حاڵەتی ئیفلیجیی منداڵان لە تورکیا هەبووە.[1] دەگونجێت مرۆ پێشبینی ئەوە بکات کە ستاف نەخۆشخانەی

[1] IPPNW etc. 1996a, 45, 47 .

دەوڵەتیی کە بیانییەکانیان لەبارەی حاڵەتەکانی ئیفلیجیی منداڵان ئاگادارکردۆتەوە، هەروەها وەزارەتی تەندروستییشیان لە نەخۆشییەکە ئاگادارکردۆتەوە. ئنجا وەزارەت پێویستە ئەو رێکەوتننامەیە جێبەجێبکات کە تورکیا لەگەڵ UNدا بەستوویەتیو زانیاریی لەمەڕ حاڵەتەکانەوە رەوانەی WHO بکات، کە رێبەرایەتیی کەمپینێکی جیهانیی دژ بە ئیفلیجیی منداڵان دەکات. بەڵام WHO تاکو پایزی 1997، لەو شەش حاڵەتە چەسپاوەی ئیفلیجیی لە باکووری کوردستان ئاگادارنەکراوەتەوە.[1] WHO تەنیا لە ئۆکتۆبەرو نۆڤەمبەری 1998دا هەڵمەتێکی کوتانی بەرفراوانی دژی ئیفلیجیی منداڵان دەستپێکرد، واتە دوو ساڵو نیو دوای ئەوەی کە نوێنەرایەتیی ئەڵمانی لەبارەی حاڵەتەکانی ئیفلیجیی منداڵانەوە قسەیکردووە.

## دەیەم : مەرگی ساواو منداڵان لە باکووری کوردستان

بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهانیی سێیەم، رێژەی مەرگی منداڵان باشترین بەڵگەی گشتیی بەردەستە بۆ تەندروستییو پەرەسەندن. ئەوەی کاردانەوەی پەرەسەندنی ئابووریی–کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەیە.[2] زۆربەی جار مەرگی منداڵان لەسەر دوو ئاست تۆمار دەکرێت: مەرگی ساوایان (لە 0 بۆ 12 مانگ)، هەروەها مەرگی منداڵان (0 بۆ 5 ساڵ) . بەهێزترین دیارییکەر بۆ ئاستە جۆربەجۆرەکانی رێژەی مەرگی منداڵان لە جیهاندا بریتییە لە رەوشی ژیانی خێزانەکان، بڵاوبوونەوەو شێوازی ئاژانسەکانی تووشبوون بە نەخۆشییە درمەکان، هەروەها حاڵەتی خۆراکیی منداڵان. باشبوونی لانیکەم یەکێك لەم رەگەزانە، بەڵام واچاکترە کە هەرسێکیان پێکەوە بن، پێویستە بۆئەوەی دابەزینێکی گشتیی بایەخدار لە رێژەکاندا بێنێتەئارا.[3]

لە وڵاتانی پەرەسەندووی جیهاندا، رێژەی مەرگی منداڵان هەر لە کۆتایی ساڵانی

---

[1] WHO 1998b .

[2] WHO 1995, 5 .

[3] WHO 1998a, 61 .

1940كانەوە بە خێرایی دابەزیوە. ئێستاش دابەزێنێکی هاوشێوە لە هەندێك نەخۆشیی تایبەتدا لە وڵاتانی پەرەسەندوودا بەڕێوەدەچێت، ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکیی وەك ئاکامێکی باشبوونی بواری لەشساغیی، دابینکردنی ئاو، رۆشنبیریی، هەروەها تێکەڵبوون بە بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپاراستن‌و چارەسەریی. باشبوونەکان هاوشێوەی ئەوانەیە کە پێشتر لە ئەوروپا و باکووری ئەمەریکادا بەڕێوەچوون. بەڵام پێشکەوتنەکە زۆر بەخێرایی چووە پێش بەهۆی ئەو وانە مێژوویيە وەرگیراوانەو هەروەها زانیاریی‌و تەکنەلۆجیی نوێ کە کاریکردۆتە سەر خۆپاراستن، چارەسەریی، لایەنی خۆراکیی، ئامادەکاریی باشتر.[1]

70٪ی ئەو منداڵانەی لەخوار تەمەنی پێنج ساڵانەوەن کە لە ساڵی 1990دا لە وڵاتانی پەرەسەندوودا مردوون بەهۆی یەکێك یان، بەردەوام، زیاتر لە یەك لە پێنج رەوشگەلێك گیانیان لەدەستداوە: مەلاریا، بەدخۆراکیی، سوورێژە، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان، هەروەها سکچوون. زۆربەی جار مەحاڵە بەڕاستیی ئەوە بزانیت کە چی دەبێتە هۆی مەرگی منداڵان، بەهۆی ئەستەمیی جیاکردنەوەی نیشانەکانی هەندێك لەو نەخۆشییانە لە یەکتری. هەر جۆری نەخۆشییەك منداڵەکە لاوازتر دەکات، ئارەزووی خواردنی لەدەستدەدات‌و وەرگرتنی کالۆری کەمدەکاتەوە، وێڕای داواکاریی زۆر لەسەر وزەی منداڵەکە بەهۆی نەخۆشییەوە.زۆربەی ئەم نەخۆشییانە دەتوانرێت بە ئاسانیی رێگەی لێبگیرێت بەهۆی کۆکردنەوەی : خۆپاراستن، باشکردنی تەندروستیی دایکان، هەروەها پلاندانانی خێزانیی‌و باشکردنی خۆراکیی.[2]

بەگوێرەی راپۆرتی تەندروستیی جیهانیی ساڵی 1998، رێژەی مەرگی منداڵانی خوار کێشی ناوەنجیی کە لەخوار تەمەنی پێنج ساڵانەوەن دووجارونیو 2.5 لەو منداڵانە زیاترە کە کێشیان ئاساییە، هەروەها ئەو منداڵانەی کە بە توندیی کێشیان

[1] WHO 1998a, 61-62 .

[2] WHO 1998a, 62, 67 .

**کەمە، ڕێژەی مەرگیان 5 جار زیاترە.**[1]

**بەگوێرەی TDHS، بەدخۆراکیی گرفتێکی جدییە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا. لە کۆڵینەوەیەکدا کە لە ناوچە گوندنشییینەکانی دیاربەکر بەڕێوە چووە، بەرزیی 32٪ی منداڵانی گروپ تەمەن 0 بۆ 5 ساڵ وا دانراوە کە لە ئاسایی کەمترە. ڕێژەی بەدخۆراکیی دیارییکراوە بە 24٪و هەروەها 85٪ ی ئەو منداڵانە دەرکەوتووە کە کەمخوێنن، 65٪یان بە تەواویی کەمخوێنن.**[2]

**لە پارێزگا کوردییەکان، پێش جەنگەکە، ڕێژەی مەرگیی ساوایان نزیکەی لە بەشەکانی دیکەی تورکیا بەرزتر بوو. کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی ئاماژەی بە ئامارە فەرمییەکان داوەو ئەم ژمارانەی لەبارەی ساڵی 1992 داوە: مەرگی ساوایان: تورکیا 60 لە هەزاردا، دیاربەکر 87 لە هەزاردا، هەکاری 98، بینگۆل 108، مەش 115، هەروەها مەرگی منداڵان ( لەخوار تەمەنی پێنج ساڵان ) : تورکیا 78 لە هەزاردا، دیاربەکر 114 لە هەزاردا، هەکاری 139، بینگۆل 144، موش 154. تەنیا لە تونجلی ڕێژەکە لە خوار ناوەنجیی تێکڕای تورکیاوە بوو: مەرگی ساوایان 58و مەرگی منداڵان 75 لە هەزاردا بوو.**[3] **یەك لەو هۆکارانەی کە خێزانی کورد خوازیارن چەند منداڵێکیان هەبێت بەهۆی ئەو ڕێژە بەرزەی مەرگەوەیە. پێش دەستپێکردنی جەنگەکە، فەریدە توران لەساڵی 1983دا نووسیویەتی کە لە کوردستاندا بایەخپێدانی بنەڕەتیی تەندروستیی نییە، کوتان نییە، هەروەها کەمیی مادە خۆراکییەکان هەیە. زۆر لە کوردان لە گوندەکاندا دەژین کە بەدرێژایی زستان بەهۆی بەفرەوە دادەبڕێن. هەموو ئەمە زەمینە بۆ ئەو ڕەوشە خۆشدەکات کە تەنانەت نەخۆشییە ئاساییەکانی منداڵانیش ببێتە هۆی مەرگ.**[4] **بەشێوەیەکی**

---

[1] WHO 1998a, 132 .

[2] Tuncbilek 1994, 114-115 ., Toksöz 1992, ref. Turkish Medical Association 1995, 30.

[3] Turkish Medical Association 1995, 25 .

[4] Turan 1983, 11 .

سوننەتیی، سەبارەت بە مەرگی ساوایان جۆرێك لە خۆسپاردن بە قەزاو قەدەر هەبوو. وا لای خەڵك باوە کە بەهۆی بەرزی رێژەی مەرگی ساوایانەوە پێیان وایە کە هیچ زامنێك بۆ ژیانی منداڵ نییە تاکو نەگاتە ئەو تەمەنەی کە لەگەڵ پێگەیشتوواندا نان بخوات.[1]

" ئێمە دەزانین کە منداڵە لاوازەکان ناژین، ئێمە ناتوانین شتێکی زۆریان بۆ بکەین، دەگونجێت ئەمە باش بێت چونکە ژیان لێرە یەکجار سەختە."[2]

رووماڵی دانیشتووان‌و تەندروستیی تورکیی (TDHS) ژمارەی مەرگی ساوایان‌و منداڵان بەپێی پارێزگاکان لە تورکیا پێشان نادات، بەڵام هەندێك زانیاریی پێشینەیی دەدات: مەرگی ساوایان لەناوچە گوندنشیینەکان زیاترن تا لە شارەکاندا، کاتێك دایکان لەنێوان تەمەنی 20 بۆ 40 دان، کاتێك منداڵان پاش 24 مانگ لە لەدایکبوونی منداڵی پێشوو لەدایکدەبن، یاخود ئەگەر منداڵ حەوتەم یان زیاتر بێت لە هەمان دایك.[3]

بەشێکی مەزنی دانیشتووانەکە نزیکەی پێش جەنگەکەو پێش ئەوەی راگوازتنی خەڵکەکە دەستپێبکات، لە حاڵەتی هەژارییدا دەژیان. هەروەها بەدخۆراکیی بەربڵاوبوو. سەوزەومیوە دەگمەن بوو، ژەمی خۆراك عادەتەن لە نانی برژاو، پەنیرو شیرو ماستی مەڕ.[4]

من پرسیارم لە ژنە کوردێکی راگوێزراو کرد کە عادەتەن چی دەخۆن؟

"عادەتەن ئێمە شۆربا دروست دەکەین‌و لەگەڵ نان‌و برنجدا دەیخۆین. ئێمە زیاتر لە هاویندا سەوزەومیوەیەکی زۆر دەخۆین تاکو لە زستاندا لەبەرئەوەی کە ئەوکاتە هەرزانن. ئێمە لە ساڵێکدا جارێك بۆ سێ جار گۆشت دەخۆین. شیرو پەنیرو ماست

---

[1] Hansen 1961, 107 .

[2] A doctor in Midyad 1983, ref. Alfgren 1983, 20 .

[3] TDHS 1993, 83 .

[4] Laizer 1991, 9 .

ئەوەندە گرانن کە ناتوانین بیانکڕین، تەنانەت بۆ منداڵەکانیش."[1]

هەروەها پرسیارم لێکردن کە دایکان عادەتەن لە گوندەکاندا چ خواردنێك بە ساواکانیان دەدەن ئەگەر هاتوو نەیانتوانی شیری مەمکی خۆیانی بدەنێ." ئەوان چاو نان تێکەڵ بە یەکتری دەکەن‌و دەیدەن بە منداڵەکانیان." ئەمە وەڵامەکەی بوو. ئەمە سەری وەرگێڕەکەی سوڕماند، ئەوەی پرسیاری لە ژنەکە کرد لەبارەی خواردنەکانی دیکەوە قسەبکات کە بە ساواکانیانی دەدەن، بەڵام ئەمە تەنیا کردارە ئەو ژنانە دەیزانن.

زانیارییەکی دروست لەبارەی مەرگی هەنووکەیی ساوایان‌و منداڵان لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا لەبەردەستدا نییە. لەبەرئەوەی سەرژمێرییەکانی دانیشتووان لەم ناوچەیە لەماوەی ساڵانی نەوەتەکاندا زۆر دابەزیوە. ئەم ژمارانەی خوارەوە تەنیا مەزەندەی ئەوە دەکات ئاراستەی پەرەسەندنەکە پێشانبدات زیاتر لەوەی ئامارێکی دروست بێت. د. مەتین ئاکین، سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکیی ڤان، لەساڵی 1996دا بە نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی وتووە کە هەموو ساڵێك لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا 50.000 ساوا بەنەخۆشیی کۆئەندامی هەناسەدان‌و 30.000 منداڵیش بەهۆی سکچوونەوە دەمرن.[2] لۆرد ریا، لە کۆنفرانسی "جەنگ‌و تەندروستیی لە کوردستان" کە لەماوەی 28–29ی ژونی 1997 لە هامبۆرگ بەسترا، شرۆڤەیکرد کە لە هەندێك ناوچەکانی ئامەددا رێژەی مەرگی منداڵان 90٪ پێکدەهێنێت. کۆمەڵەی پزیشکیی تورکیی ئاماژەی بە هەندێك ژمارە داوە کاتێك دەچێتەوە سەر ئەو ئاکامانەی کۆڵینەوەی لۆکاڵییەکەی زانکۆی دیجلە.[3] هەندێك لەو پزیشکانەی لە ئامەد کاریان دەکرد ژمارەیەکی زۆر زیاتریان لە 120 لە هەزاردا دەدا.[4] مەحمود کلینج، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری نێودەوڵەتیی پارلەمانی کوردیی لە تاراوگە، لە

[1] ژنێك، ئامەد.

[2] ref. IPPNW 1996a, 6 .

[3] Public Health Department ., Turkish Medical Association 1995, 17 .

[4] Rea 1997, 17-18 .

یەنایەری 1998دا لە نامەیەکی ئاوەڵادا نووسیویەتی  کە ڕێژەی مەرگی ساوایان لە دیاربەکر 95 لە هەزاردایە.[1] نەجدەت ئیپیکیوز، سکرتێری کۆمەڵەی پزیشکیی لە دیاربەکر، ماردین، سیرت، باتمان و شیرناخ، لە مایۆی 1995دا مەزندەیکردووە کە ڕێژەی مەرگی منداڵان لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا دوو بۆ سێ ئەوەندەی ڕێژەی ناوەنجیی گشتیی تورکیایە.[2] رووماڵی دانیشتووان و تەندروستیی تورکیی لەساڵی 1993 بەهاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستییدا ئەنجامدرا و ئەنجامگیرییکرد کە ڕێژەی مەرگی ساوایان و منداڵان لە هەرێمی ڕۆژهەڵات نزیکەی 15٪ی لە ڕێژەی ناوەنجیی نیشتیمانیی بەرزترە.[3]

دەتوانین بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو ناوچانەی رووبەڕووی هەمان گرفتی سیاسیی یاخود ئابووریی دەبنەوە، باشتر لە رەوشەکەی باکووری کوردستان تێبگەین. نموونەیەك لەو بارەیەوە باکووری بەرزایلە، کە شیپەر هیوز لە کۆتایی ساڵانی 1980کاندا کۆڵینەوەیەکی لەبارەی مەرگی منداڵان لەوێ کردووە. ڕێژەی مەرگی منداڵان لەوێ 116 لە هەزاردا بووە، کە هاوشێوەی هەژارترین ناوچەی ئەفریقایە. ئامارە فەرمییەکان تەنیا مەزەندەیەکی دیاردەی راپۆرتە ژێربەژێرەکانە.

ناکارایی بایەخپێدانی تەندروستیی گشتیی مانای ئەوەیە کە دیارییکردنێك بۆ هۆکاری مەرگ بۆ نزیکەی دوو لە سێی حاڵەتەکان نییە.[4] ساڵی 1964 کودەتایەك لە بەرزایل روویداو مەرگی منداڵان پاش ئەوە بەخێرایی هەڵکشا. ولیەم لێسەر، هەڵکشانی مەرگی ساوایانی لەنێوان ساڵانی 1909 بۆ 1970 لە سان پاولۆ بەسەرکردۆتەوەو تێبینییکردووە کە تاکو ساڵی 1961 مەیلێکی گشتیی بۆ داکشان هەبووە.[5]دوای ئەوە ڕێژەکە دیسانەوە رووی لە هەڵکشان کرد. رۆبێرتۆ

---

[1] Kilinc 1998 .

[2] ref. HRFT 1997, 132 .

[3] TDHS 1994, 81 .

[4] Scheper-Hughes 1992, 279 .

[5] Leser 1972, ref. Scheper-Hughes 1992, 282 .

ماسیدۆ، له كاریگەرییەكانی قەیرانە گەشەسەندووەكانی ئابووریی لەسەر تەندروستیی، خۆشگەزەرانیی و هەروەها مەرگی منداڵان لە سان پاولۆ لە ساڵی 1980دا كۆڵیوەتەوە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێكاریی لە شارەكاندا، خراپتربوونی دابەشكردنیی داهات، داڕمان یاخود داكشانی بەرهەمە خۆراكییە بنەڕەتییە سەرەكییەكان لەماوەی ساڵانی 1975-1985دا بە توندیی پەیوەستە بە بەرزبوونەوەی مەرگی ساوایان و زێدەبوونی ڕێژەی سەدی ئەو ساوایانەوە هەبوو كە بە كەمكێشیی لەدایكببوون.[1] چارلس وود لە كۆڵینەوەكەیدا دەریخستووە كە پەیوەستییەكی ڕاستەوخۆی نەرێیی لەنێوان كرێیی ڕاستیینەو مەرگی ساوایاندا هەیە.

بەراوردكارییە نێودەوڵەتییەكان هاوكارییمان دەكات باشتر لەوە تێبگەین كە ڕێژەی مەرگی ساوایان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی توركیا چەند بەرزە:

**خشتەی 12 : ڕێژەی مەرگی ساوایان و منداڵان ( لە هەزاردا ) لەساڵی 1997**

| | مەرگی ساوایان | مەرگی منداڵان | داهاتی گشتیی نەتەوەیی بۆ هەر تاكێك بە دۆلاری ئەمەریكیی |
|---|---|---|---|
| ئامەد[2] | 90 | 120 | 238 |
| توركیا | 45 | 58 | 2.780 |
| فینلەندا | 5 | 6 | 20.580 |
| بۆسنەو هەرسك | 14 | 20 | |

---

[1] Macedo 1988, ref. Scheper-Hughes 1992, 282 .

[2] Amed, infant and child mortality: Lord Rea, Die stärkste Belastung trägt das Volk. 1997, p. 18. On GNP per capita: Kilinc, letter to the member states of the European Union, distributed by AKIN via Internet, January 1998. Countries: WHO, World Health Report 1998, pp. 221-223.
سەرچاوەكان ئاماژەیان بەو ساڵە نداوە كە ژمارەكانی تێدا كۆكراوەتەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەنزانیا | 80 | 104 | 240 |
| مۆزەمبیق | 81 | 123 | 120 |
| ئەفغانستان | 156 | 240 | |

**بەرزترین ڕێژە لە ئەفغانستانە، کە دوو دەیە جەنگی ناوخۆی تێدا دەگوزەرا. ئەم خشتەیە بە ڕوونیی گرنگیی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان‌و بەرنامەی پەرەسەندنە درێژخایەنەکانی WHO پێشاندەدا. وێڕای ئەو جەنگە ناوخۆییەی ئەم دواییە، ڕێژەی مەرگی ساوایان‌و منداڵان لە بۆسنە زۆر لە ئاستی ئاسایی ئەورووپا بەرزتر نییە. بۆسنە لەماوەی قەیرانەکەیدا هاوکارییەکی نێودەوڵەتیی چڕی پێگەیشت.**

**لە نایجیریادا، لەماوەی دوا ساڵی ڕژێمەکەی سۆمۆزادا (1979) ڕێژەی مەرگی منداڵان 90–120 لەهەزاردا بوو، کە تەواو هاوشێوەی ئەو ژمارەیەی ئێستایە لە باکووری کوردستان.[1]**

**شیپەر–هیوز، منداڵە مردووەکانی بە قوربانییانی ڕاستەوخۆی کودەتا "هێورو بێخوێنڕشتن" ەکەی بەرازیل ناوبردووە. لەو ناوچە هەژارنشینەی کە ساڵی 1965دا ئەو وەك کارمەندێکی تەندروستیی گشتیی لە هێزی ئاشتییپارێز کاری تێدا دەکرد، 44.5٪ی ئەوانەی مردبوون منداڵی خوار پێنج ساڵان بوون. ئەم ڕێژە بەرزەی مەرگی منداڵان لەچاو پێگەیشتوواندا بەدرێژایی دوو دەیەی داهاتوو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.[2] لە کوردستانیش مەرگی منداڵان لە مەرگی پێگەیشتووان زۆر بەرزترە. لە ساڵی 1995دا ، لۆرد ریا، سەردانی گۆڕستانەکەی پەنابەرەکانی سیرنتەپەی نزیك ئامەدی کردووە. ئەو تێبینییکردووە کە دە گۆڕی پێگەیشتووان‌و زیاتر لە پەنجا گۆڕی منداڵانی لێ بووە.[3]**

**زانیاریی سەبارەت بە ئاستی مەرگی منداڵان‌و ساوایان لە باکووری کوردستاندا**

---

[1] Garfield and Williams 1989, 117 .

[2] Scheper-Hughes 1992, 295-296 .

[3] Rea 1995 .

زەنگێکی وریاکەرەوەیە. مەرگی منداڵان بە بەدخۆراکیی و هەژارییەوە پەیوەستە، ئەو دوانەش هەردووکیان لەنێو کوردانی راگوێزراوی ساڵانی 1990کاندا لە زێدەبووندایە. پێویستییەکی مەزن بە رووماڵی نێودەوڵەتیی بۆ رەوشەکە هەیە، لەبەرئەوەی رێژەی مەرگی منداڵان شێوازێکی کردارییە بۆ شرۆڤەکردنی ئاستی ژیانی گروپێکی دیارییکراوو مەزەندەکردنی ئەوەی کە رەوشەکەیان چۆن دەچێتەپێش.

# یازدەیەم : گرفتە تەندروستییەکان لە ئاکامی جەنگدا ، میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست، هەروەها کاردانەوەی ئیتنۆساید.

## کەمیی هاوکارییە مرۆییەکان وەك میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست

ئایا دارمانی رەوشی تەندروستیی میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست دژ بە کوردانە یاخود ئاکامێکی جەنگەکەیە؟ پێدەچێت رەگەزەکانی هەردووکیان بێت. جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان جەنگی توندیی نزمەئاستو هەروەها ئاکامە"ئاسایی"یەکانی جەنگ ئەوەیە کە لە جەنگی توندیی نزمەئاستدا گرفتەکانی دانیشتووانی سڤیل بەئەنقەست دەخولقێنرێن. دەرئەنجامەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست دەتوانرێت لەگەڵ کاریگەرییە نائەنقەستەکانی جەنگەکەدا ئاوێتە بکرێتو پێکەوە ئاکامگەلێکی نوێیان لێ پێکبهێنرێت.

هەندێك لە رەوشەکان ئاکامگەلێکی روونی میلیتاریزەکردنی بەشێکی سیڤیلی

کۆمەڵگایە. بەهۆی ململانێکەوە ناوەندەکانی تەندروستیی و خوێندنگاکان هەردووکیان داخراون. هۆکاری سەرەکیی لە هەردوو بوارەکەدا، فێرکردن و بایەخپێدانی تەندروستیی، کەمیی ستافە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە لەشکر هەندێك تەلاری بۆ بەکارهێنانی خۆی دەستبەسەرداگرتووە. ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی پێویستە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بکەن و برینندارەکان چارەسەربکەن. رۆتینی رۆژانەی بنکە تەندروستییەکان بەهۆی ئامادەیی هەمیشەیی پۆلیسەوە تەگەرەی دێتەڕێ و زۆرکەس دەترسێن کە دوای هاوکاریی پزیشکیی بکەون. ساتە چالاکەکانی کار لە بنکە تەندروستییەکان کورتە بەوهۆیەی کە نەخۆشەکان دەیانەوێت پێش ئەوەی تاریك بکات بچنەوە ماڵەوە.

زۆربەی گرفتەکان لە بواری تەندروستییدا رەگەزی جەنگی توندیی نزمەئاستن، هەرچەندە کە وەك ئاکامگەلێکی جەنگەکەش دەربکەون. هەندێك لەو کارو کردارانە تەنیا میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست نین، بەڵکو ململانێیەکی ئاسایین لە جەنگێکی ناوخۆییدا بێ بوونی بەرەیەکی جەنگی سوننەتیی. ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی دەبێت لەگەڵ سوپا و پۆلیسدا بەشداریی بکەن، پیاوانی پۆلیس دەستوەردەدەنە کاری چارەسەریی و لێپرسینەوە لە نەخۆشەکان دەکەن. چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی گومانی دژ بە دەوڵەتبوونیان لێدەکرێت قەدەغەیە. ستاف بایەخپێدانی تەندروستیی لەکارو هەڵسوڕانی خۆیاندا ئازاد نین. ئەوان تەنانەت بۆ ئەنجامدانی زۆر لە ئەرکە رۆتینییەکانیان پێویستیان بە مۆڵەتوەرگرتن لە پارێزگاری هەرێمیی هەرێمی حاڵەتی ئاوارتە هەیە.

کاتێك شرۆڤەی جەنگی توندیی نزمەئاست لە باکووری کوردستان دەکرێت، پێویستە ئەو میتۆدانەی لەشکر بەکاریدەهێنێت بەشێوەیەکی جیا لە ئاکامی کارەکان شرۆڤەبکرێت. تەماشاکردنێکی جەنگی سوپای تورکیی لە باکووری کوردستان هەندێکی نموونەی نموونەیی سەبارەت بە میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست دەردەخات. بۆ نموونە، لەشکر گەمارۆی گوندە کوردییەکانی داوە تاکو خەڵکەکە ناچار بە کۆچبەریی بکەن. گەمارۆدان جەنگێکی سەربازیی، ئابووریی و

سایکۆلۆجییە. کۆتوبەندی چوونەناوەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هەروەها وەك میتۆدێکی ئەو جەنگە بەکارهاتووە. کارتی سەوز، ئەو "تکتەی" کە بۆ سەردانی خۆرایی بۆ لای پزیشك بوو، پێویست بوو کە لە بنکەی پۆلیسەوە داوابکرێت، هەروەها نکۆڵیی خزمەتگوزارییەکان لەو خەڵکانە کرا کە پشتگیریی حکومەتیان نەدەکرد.

زێدبوونی کەوتنەوەی نەخۆشیی لەباکووری کوردستان هاوشێوەی ئاکامەکانی جنگەکە بوو، بەڵام ئەوە لانیکەم بەشێکی بەهۆی جەنگی توندیی نزمەئاستەوە بوو. وردەکاریی زیاتر ئەوە پێشاندەدات کە دەسەڵاتدارانی تورکیی کاری زۆری نەکرد بۆ رێگرتن یاخود کەمکردنەوەی گرفتەکانی بەهۆی راگواستنی زۆرەملێی کوردان هاتنەئارا. لەکاتی ئامادەکاریی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لە رەوشێکی ئاوارتەدا، یەکەم شت ئەوە بووە ئەو قەیرانە دیارییبکات کە هەیە. ئنجا چالاکییەکان دەبێت بەگوێرەی ئەوە پلانی بۆ دابنرێت. وێرانکردنی سێ هەزار گوندو راگواستنی نێوخۆیی سێ ملیۆن خەڵك لە تورکیا هەموو ئەو پێودانگانەی رەوشی ئاوارتە دێنێتەدی. هەرچەندە، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەو گەڕەکە هەژارنشیینەکانی شارە تورکییەکاندا، کە ژمارەیەکی زۆر کورد روویان تێکرد، هێشتا بەشێوەیەك رێکخرابوو هەروەك ئەوەی رەوشەکە ئاسایی بێت. تورکیا رێگە نادات رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان هاوکاریی بۆ ئەو خەڵکە بگوێزنەوە کە پێویستیانە. هەروەها تورکیا پابەندبوونی خۆی سەبارەت بە تۆمارکردنو ئاگادارکردنەوەی WHO لەبارەی نەخۆشییە درمەکانی وەك ئیفلیجیی و کۆلێرا پشتگوێخستووە، وێڕای ئەو راستییەی کە تورکیا ئەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەی مۆرکردووە کە سەبارەت بەم نەخۆشییانەن.

من ئیدی شرۆڤەی رەوشی تەندروستیی لە باکووری کوردستاندا دەکەم لەو گۆشەنیگایەوە کە چۆن زێدەبوونی دوو نەخۆشیی – مەلاریا و ئیفلیجیی منداڵان – پێودانگەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست دێنێتەدی. بڕی نەخۆشیی مەلاریا لەماوەی ساڵانی 1990کاندا بەشێوەیەکی مەزن لە زێدەبووندا بوو. من کەمیی

**خۆپاراستن دژیی مەلاریا لە 1990کاندا بە میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست لەقەڵەم دەدەم.دەسەڵاتدارانی تورکیی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەهۆی ئەو گرفتانەی "تیرۆرستان" پێکیانهێناوە، نەیانتوانیوە کاروبارە پێویستەکانی خۆپاراستن بەڕێوەبەرن. بەڵام هەروەك لە بەشی 9 .4 دا وەسفکراوە، رەوشەکە بەتەواویی لەوەکەی سالآنی 1970کان جیاواز بوو ( کاتێك زێدەبوونێکی یەکجار گەورە لە ژمارەی کەیسی مەلاریادا هەبوو ) لەبەرئەوە زیاتر لە هۆکارگەلێکی کرداریی لە پشت ئەم مەسەلەیەوەن. پارێزگا کوردییەکان بەتەواویی لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی تورکییدا نەبوون. سیمایەکی دیکە ئەوەیە کە بەپێچەوانەی تووشبوون بە هەندێك نەخۆشیی دیکە، مێشوولەکانی مەلاریا دەتوانێت نەخۆشییەکە بگەیەنێتە گەریلاکان تەنانەت گەر بێتو سەردانی گوندەکانیش نەکەن. هەربۆیە زێدەبوونی مەلاریاو هەروەها کەمیی دەرمانی دژە مەلاریا کاریکردە سەر گەریلاکان و خەڵکی سڤیلیش .**

**نموونەیەکی دیکە ئیفلیجیی منداڵانە، ئەم نەخۆشییە لە بەشێکی گەورەی جیهان قەڵاچۆکراوەو WHO رێبەرایەتیی هەڵمەتێکی جیهانیی فروان دژی بەرێوەدەبات. پێویستە WHO لە هەر حاڵەتێکی ئفلیجیی منداڵان ئاگاداربکرێتەوە. نوێنەرایەتیی ئەڵمانیی پزیشکانی نێودەوڵەتیی بۆ رێگرتن لە جەنگی ئەتۆمیی (IPPNW) کە لەساڵی 1995دا سەردانی ڤانی کردووە، وتویەتی کە نزیکەی 60 حاڵەتی ئفلیجیی منداڵان لە تورکیا هەبووە. بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیی WHO یان لە هاوینی 1997دا سەبارەت بە شەش حاڵەتی ئیفلیجیی منداڵان ئاگادار کردۆتەوە. ئەمە بووە هۆی هەڵمەتێکی گشتگیریی کوتان لەساڵی 1998دا، لە پارێزگا کوردییەکان کە لەلایەن هەندێك رێکخراوی نێودەوڵەتییەوە پشتگیریی کرا.**

**لەو کەرەسانەی پێیدا چوومەتەوە، ئەم هەڵمەتی کوتانە تەنیا نموونەیە بۆ رێگەدان بە رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان تا کار لە باکووری کوردستاندا بکەن. لە پایزی 1998دا، 2.3 ملیۆن منداڵ لە ناوچە کوردییەکەی چوار وڵاتدا دژی ئیفلیجیی منداڵان کوتران. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم نەخۆشییە لەو مەڵبەندەدا**

بنجی داکوتاوه، ئەو ساوایانەی تازە لەدایك دەبوون‌و نەکوترابوون، ئیدی مەسەلەکە دەبووە مەسەلەی کات بۆئەوەی سەرلەنوێ ئیفلیجیی منداڵان سەرهەڵبداتەوە.

ڕێکخراوەکانی NGO بۆ چەندین ساڵ هەوڵیان لەبارەی ناڵەو نەهامەتیی کوردانی ڕاگوێزراو دەداو داوای مۆڵەتیان دەکرد بۆئەوەی هاوکاریی مرۆڤایەتییان پێ بگەیەنن. ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتیی (ICRC) بۆ ماوەی 15 ساڵ داوایکرد هاوکاریی مرۆیی پێشکەش بە کوردان بکات، بەڵام حکومەتی تورکیی ڕێگەی بە ICRC نەدا کە هاوکارییەکانی خۆی بگەیەنێت.[1] دەسەڵاتدارانی ئاسایشی تورکیی، پێشنیازی بەخشینی دەرمانیان لەلایەن پزیشکانی بێسنوورەوە ڕەتکردەوە.[2] مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ‌و KHRP لەساڵی 1996دا مشتومڕیان لەوبارەیەوە کرد کە لەبەر قەبارەی گرفتەکە، تورکیا پێویستیی بە هاوکاریی دارایی‌و پرۆفیشناڵە تاکو فریاگوزاریی مرۆیی‌و لەبارکردنەوەی خەڵکانی ڕاگوێزراو بەڕێوەبەرێت. ئەوان پێشنیازیانکرد کە پێویستە ئاژانسێکی تایبەتی هاوکاریی پێکبهێنرێت بۆ زامنکردنی ئەوەی کە خەڵکانی ڕاگوێزراو پەنابدرێن‌و خۆراکیان بۆ دابینبکرێت. هەروەها ئەوان داوایانکرد کە ICRC و کۆمسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤی سەر بە UN ئازادانە بێنە ناوەوەو چاودێریی ڕەوشەکەی تورکیا بکەن.[3] لەساڵی 1998دا، ڤێرمۆس-مانگۆڵد، بڕیاردەری ئەنجومەنی ئەورووپیی، داوای چوونەناوەوەی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ باشووری ڕۆژهەڵات‌و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی گشتیی بۆ گێڕانەوەی دانیشتووانی کورد بۆ زێچدی خۆیان کرد، لەگەڵ هاوکاریی مادیی لە پشتگیریی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی ئەنجومەنی ئەورووپییەوە.[4] ئەمانە تەنیا چەند

---

[1] Niskala 1999 .

[2] KHRP 1996, 10 .

[3] medico international and KHRP 1996, Recommendations, 35 .

[4] Vermoth-Mangold 1998, 3 .

نموونەیەکی کەمن بۆ داواکانی نێودەوڵەتیی لەجیاتی کوردان. بەڵام هێشتا شتێك روونەداوە. وێڕای ئەو رەوشە دەگمەنەی کەلە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا بەڕێوەدەچێت، سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی وا رێکخراوە هەروەك ئەوەی کە رەوشەکە ئاسایی بێت.

هاوکارییە مرۆییەکان لە ماوەی جەنگی ناوخۆیی سالانی 1980کان لە ئیسیوپیا وەك میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست بۆ پاسیفکردن بەکاردەهێنرا. لە ساڵی 1984ەوە بەهۆی وشکەساڵییەوە قاتوقڕییەکی مەترسییدار کەوتەوە. زۆرینەی قوربانییەکانی ئەم قاتوقڕییە لە ئەریتریا و تیگرای لە ناوچەیەکدا نیشتەجێبوون کە لەلایەن بەرەی رزگارییخوازی گەلی ئەریتریاوە بەڕێوەدەبرا. لەسالانی 1985–1986 دا، ئیسیوپیا زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری هاوکاریی تایبەت بە قاتوقڕیی وەرگرت کە ئەمەریکا تێیدا مەزنترین بەشدارییکەر بوو. زیاتر 80٪ی ئەم هاوکارییە بۆ حکومەت تەرخانکرا، وێڕای ئەو راستییەی کە کەمتر لە نیوەی قوربانییەکانی قاتوقڕیی گرتبووەخۆ. مەزەندەی لەبرسامردنی یەك ملیۆن کەس لەناوچەی بندەستی گەریلاکاندا لە تیگرانیو ئەریتریا هەبوو. ملیۆنەها کەس ناچارکران زەوییەکانیان جێبهێڵنو کۆچبکەن، هەروەها جوڵانەوەی رزگارییخوازی ئەریتریا زۆربەی ئەوانەی لەدەستدا. بەگوێرەی گایلە سمس، بەشێکی ئەوە بەهۆی ئەو هاوکارییەوە بوو کە لەلایەن رۆژئاواوە بوو کە حکومەتی ئەسیوپیا توانی سەدەها هەزار جووتیار ناچاربکات بچنە دەرەوەی ناوچەی بندەسەلاتی گەریلاوە.[1]
هەمان رەگەزگەل لە رەوشەکە تورکیادا هەیە: کۆنترۆڵکردنی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان یەك لەو میتۆدانەیە کە حکومەتی تورکیی کوردانی پێ ناچار دەکات زێدی رەسەنی خۆیان جێبهێڵن. لەکاتێکدا حکومەتی ئیسیوپیی هاوکارییە مرۆییەکانی بۆ لایەنگرانی خۆی ئاراستەدەکرد، حکومەتی تورکیی لەرێگەی نکۆڵیی لە هاتنەناوەوەی هاوکارییەکانەوە بۆ نێو وڵات کۆنترۆڵی هاوکارییە مرۆییەکانی دەکرد.

---

[1] Smith, G. 1987, 31-37 .

لەکاتێکدا حکومەتی تورکیی ڕێگریی لە ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان دەکرد کە لە باکووری کوردستان چالاك بن، ئامانجی بەرنامە پەرەسەندنەکانی خۆی لەوێ چی بوو؟ ئەو بەرنامانە پێدەچێت مێتۆدێکی سستکردن بێت. بۆ نموونە، هەر زوو پاش دەستبەسەرکردنی سەرکردە عەبدوڵا ئۆجەلان لە فێبرایەری 1999دا، ئەجەویدی وەزیری دەوڵەت ڕایگەیاند، کە 30 ترلیۆن لیرەی تورکیی دەخرێتە سەر ئەو پشتگیرییە مادییەی پەرەپێدانی وەبەرهێنان کە بۆ " دابینکردنی پشتگیریی دارایی بۆ پیشەسازیی مانیفاکتۆرەیی، سیستمی بایەخپێدانی تەندروستیی، هەروەها سیستمی فێرکردن، لەگەڵ هەردوو بواری بەرهەمهێنان و دامەزراندن" دانراوە.[1] پێویستە چاودێران بپرسن ئەوە چ جۆرە بەرنامەیەکی پەرەسەندنە کە حکومەت خوازیارە لە پارێزگا کوردییەکان پێشکەشی بکات لەکاتێکدا کە ئەو نکۆڵیی لە ڕێگەدان بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات هەر هاوکارییەکی خۆیان بگەیەننە کوردان.

## جەنگی توندیی نزمەئاست لە سایەی ئینۆسایدا

کۆتوبەندی هاوکاریی نێودەوڵەتیی بۆ جووڵانەوەی کوردیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکییەوە بەشێکی گرنگە لە جەنگی توندیی نزمەئاست. گەیشتنی ئۆجەلان بۆ ڕۆما لە ئۆکتۆبەری 1988دا، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو کە سەرنجی ماسمیدیای ڕۆژئاوای بۆ کێشەی کورد ڕاکێشا، بەڵام لەماوەی مانەوەی ئۆجەلان لە ڕۆما و هەروەها دواتر لە یەکەمین مانگەکانی دەستبەسەرکردنەکەیدا، میدیا تەنیا ڕەوشە تێپەڕەکەی ئۆجەلان و پەکەکەی وەسفدەکرد بێئەوەی زانیارییەکی فرە سەبارەت بە پێشینەی کێشەی کورد پێشکەش بکات. چەمکی "گەمارۆی میدیا" وەسفێکی باشە بۆ ڕەوشەکەی کێشەی کورد لە ماسمیدیای

[1] Turkish Daily News 20.2.1999 .

ڕۆژئاواییدا پێش ئۆکتۆبەری 1998. جۆناتان ڕوگمان، پەیامنێری پێشووی BBC لە ئەنکەرە، بڕوای وایە کە دوو هۆکار لەپشت بەژێرلێوکردنی هەواڵەکانی جەنگەکەوەن، ئەوەش ئەوەیە کە کوردان سیاسەتکاری بەئەزموونیان نییە، هەروەها هیچ حکومەتێك پشتگیریی پەکەکە ناکات.[1]

کاتێك حکومەتی تورکیی کۆتوبەند دەخاتە سەر ڕۆژنامەوانانی ڕۆژئاوایی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە ڕەوشی پارێزگا کوردییەکان، ئەوە هەردوو میتۆدە دیارو هەروەها شاراوەکان بەکاردەهێنێت. میتۆدێکی دیار ئەوەیە کە سەردانی ناوچەکە کۆتوبەند بکرێت ( ئەوەی کە پاش دەستبەسەرکردنی ئۆجەلان کرا کاتێك خۆپێشاندانەکان لە شارە کوردییەکان هەبوون ) هەروەها پاسەوان خستنە شوێن ئەو ڕۆژنامەوانانەی سەردانی ئەوێ دەکەن" بۆ پاراستنی خۆیان" لەبەرئەوە خەڵکی ناوێرن لەگەڵیاندا قسەبکەن.[2] ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە باکووری کوردستان دەدرێن بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە حکومەتی تورکییەوە سەرچاوەدەگرن.[3]

ڕاگواستنی زۆرەملێی جووتیارانی کورد گرنگترین میتۆدی جەنگی توندیی نزمەئاستە. پلانەکان بۆ ڕاگواستنی کوردان هەر لە سەرەتای سالآنی 1930کانەوە بەشێکە لە یاسای تورکیی، کاتێك ڕاپەڕینە کوردییەکان تەنیا کارەکتەرێکی لۆکاڵییان هەبوو. هەربۆیە پێویستی بە کاری دژەیاخییگەرایی نەدەکرد، ڕاگواستنیش بەشێك نەبوو لە جەنگەکە. کوردان وەختێك ناچارکران کۆچ بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا بکەن کاتێك ڕاپەڕینەکەیان شکستییخوارد. پلانەکان بۆ ڕاگواستنی کوردان بۆ ڕۆژئاوای تورکیاو جێگیرکردنیان لەوێ کە زیاتر لە پێنج لەسەدی دانیشتووان پێکنەهێنن، لەڕاستییدا پلانێك بوو بۆ تواندنەوەی کوردان،

---

[1] Rugman 1996,20 .

[2] Laber 1994, 49 .

[3] Laber 1988, 16 .

نەك ئەوەی میتۆدێك بوو بێت بۆ بردنەوەی كێشمەكێشێكی سەربازیی. دەتوانرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤەی راگواستن بكرێت. راگواستنی خەڵكانێكی سڤیل لە هەندێك حاڵەتدا بریتییە لە ئاكامی جەنگ بەڵام لە هەندێكی دیكەدا میتۆدێكی جەنگی توندیی نزمەئاستە. بەڵام ئەو هەمیشە شتێكی لەوە زیاترە، راگواستن میتۆدێكە بۆ ئیتنۆساید. ئیتنۆسایدی كورد هەر لە سەرەتای دامەزراندنی كۆمارەوە ئامانجی دەوڵەتی توركە.

كەمیی زانیاریی بەشێوەی جۆراوجۆر – هەر لە كۆت‌و بەندكردنی گەشتی رۆژنامەوانانەوە بۆ قەدەغەكردنی كۆڵینەوەی ئەكادیمییان‌و دامەزراوەكان – میتۆدێكی هەر یەك لە ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاستە، بەڵام لەم پرۆسانەدا مانای زۆر جیاوازی دەبێت. پرۆسەی ئیتنۆساید هەر لەسەرەتای سالآنی بیستەكانەوە بەردەوامە، بەڵام لەشكر تەنیا ئەوكاتە میتۆدە جۆراوجۆرەكانی جەنگی بەكارهێنا، بۆ نموونە، دژە یاخیبوون، كە ململانێی سەربازیی روویدا. لە پرۆسەی ئیتنۆسایددا، دەوڵەت زانیاریی سەبارەت بە كوردان دەشارێتەوە بۆئەوەی نكۆڵیی لە بوونیان بكات. وەك مەبەستێكی جەنگی توندیی نزمەئاست ئەوەیە كە جەنگەكە بباتەوە. راپەڕینە كوردییەكەی ئەمڕۆ یەكێكە لە سیماكانی پرۆسەیەك كە بۆماوەی چەندین دەیەیە بەردەوامیی هەیە. یەكێكە لە كاردانەوەی كوردان دژ بە سەركوتكاریی ئیتنۆسایدیی كە بوونیانی كردۆتە ئامانج.

جەنگی توندیی نزمەئاست میتۆدێكە بۆ دامركاندنەوەی بەرخودانی كوردان‌و بواردان بە بەردەوامبوونی ئیتنۆساید. كەمیی زانیاریی سەبارەت بە ململانێیەكە خزمەتی هەر یەك لە ئامانجە سەربازییە كورتخایەنەكانی لەشكرو ئامانجە درێژخایەنە ئیتنۆسایدئامێزەكانی دەوڵەت دەكات. سوننەتی ئیتنۆساید پشتگیریی لە ئامانجی حكومەت دەكات سەبارەت بە شاردنەوەی جەنگی توندیی نزمەئاست كە لەباكووری كوردستان بەڕێوەدەچێت. قەدەغەكاریی ئیتنۆسایدئامێز دژ بە پەیوەندییكردن‌و گواستنەوەی زانیارییە پێشینەییەكان پشتگیریی ئامانجی

جەنگی توندیی نزمەئاست دەکات کە دەیەوێت ناڵەو نەهامەتییەکانی قوربانیانی جەنگەکە لە چاوی ماسمیدیای نێودەوڵەتیی بەدووربگرێت.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە چۆن حکومەتی تورکیی دەتوانێت هەریەکە لە جەنگی ناوخۆو هەروەها راگواستنی لانیکەم دوو ملیۆن خەڵك وەك نکوڵییکردنێك لە بوونی کوردان لە تورکیا بشارێتەوە.

بێشکچی نووسیویەتی کە رۆژئاوا لایەنگرێکی بەهێزی جەنگە لە کوردستان.[1] ئاکاری بەشێوەیەکە وەك ئەوەی هیچ شتێك لەبارەی سووتاندن، وێرانکردن‌و هەروەها راگواستنی ئەو ملیۆنەها خەڵکە نەبینێت، یان نەبیستێت کە لە کوردستان بەڕێوەدەچێت.[2]

شێخموس ئاماژەی بەوەداوە کە لە ساڵانی 1960کانەوە تاکو 1980کان رەوشە کارەساتبارییەکەی کوردان لەلایەن ماسمیدیای ئەوروپییەوە رووماڵکراوە، بەڵام نەبۆتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسیی هیچ کارێکی بۆ بکرێت. کوردان تەنیا لەو رووماڵە چیرۆکییانەدا دەرکەوتوون کە پاداشتە نێودەوڵەتییەکانیان لە رۆژنامەوانیی و فۆتۆگرافییدا بردۆتەوە.[3]

---

[1] Besikçi 1997b .

[2] Besikçi 1997b .

[3] Sheikmous (1999).59 .

وێڕای پشتگوێخستنی ئەو جەنگەی لە کوردستان بەڕێوەدەچێت، ماسمیدیای ئەمەرکیی تەنیا بایەخێکی سەرپێیی بە رووداوەکانی دیکە لە تورکیا دەدات. لابەر سەری لەوە سوڕماوە کە ماسمیدیای ئەمەریکیی تەنانەت ئاماژەی بەوەش نەکرد کە باڵیۆزخانەی ئەمەریکیی لە ئەنکەرە لە 10ی ئەپرڵی 1994دا لەلایەن خۆپێشاندەرانی موسوڵمانەوە هێرشی کرایە سەر کاتێك لە بستبوویان لە تەلەفیزیۆنە ئیسلامییەکانەوە ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە لە گۆرازدا بە چەکی کیمیایی هێرشکراوەتە سەر موسوڵمانە بۆسنییەکان. بەدرێژایی مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمەریکیی–تورکیی ئەمە خراپترین مەترسیی بوو لەسەر ئاسایشیی باڵیۆزخانەی ئەمەریکیی.

(Laber 1994, 49-50).

**هەروەها KHRP و مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ بانگەشەی ئەوەیانکرد کە ناکرێت ئەوروپا لە راگواستنی زۆرەملێی کوردان بێئاگا بێت:**

**" ئەوەندەی پەیوەندیی بە چارەسەر یاساییەکانەوەیە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی رۆڵێکی روونی هەیە کە بیبینێت. هەر ئەندامێکی کۆمەڵگای ئەوروپیی لە ئەنکەرە نوێنەری دپلۆماسیی خۆی هەیە. ناکرێت هەریەك لەوانە لەو وێرانکارییە بەکۆمەڵو کۆچبەرییە زۆرەملێیە ئاگادار نەبێت کە لە باشووری رۆژهەڵات روودەدات. ناکرێت لەو شێوازەش بێئاگابن کە ئەم پێشێلکارییانەی یاسای نێودەوڵەتیی پێ ئەنجامدەدرێت، بەتایبەتیی برگەکانی پەیماننامەی ئەوروپیی.**

**زۆر ئەستەمە خۆ لەو دەرئەنجامە ببوێردرێت کە دووراییەکانی ماڤی مرۆڤی ململانێی تورکیا لەگەڵ پەکەکە بە توندیی ملکەچی بەرژەوەندییە سیاسییو ئابوورییەکانی ئەم حکومەتانەیە. راپۆرتەکانی حکومەتی ئەمەریکا لەسەر تۆماری مافەکانی مرۆڤی تورکیا بە روونی پێشنیدەداتو تێدەگەین کە چی دەگوزەرێت.**

**لەبەرئەوە پێدانی کەلوپەلە جەنگییەکان وێرای بەئاگابوونیان لە پێشێلکارییە جدییەکانی تورکیا بۆ مافەکانی مرۆڤ وادەکات ئەم حکومەتانەی دیکە لەو پرۆسەیەدا بەشداربن.**[1]

**دەیڤید بارچارد لە فێبرایەری 1984دا، پاش سێ ساڵو نیو لە کودەتا سەربازییەکە، نووسیویەتی:**

**" ئەوە لە تورکیا قەوماوە، هەروەها لە هەندێك رووەوە لە ئەوروپاش روویداوە. ئەگەر پیلانێك بۆ بێدەنگیی هەبێت لەپێناوی شاردنەوەی بەدبەکارهێنانی ترسناکی دەسەلات لە تورکیا، کاریگەرییەکانی بەچەندین شێوە لەسەر ئەوروپا رەتگدەداتەوە. گەر ئێمە بەهایەکی ئازادییەکانی خۆمان لابێت، دەبێت هەروەها بەهای ئەوەکەی تورکیاشمان لابێت."**[2]

---

[1] medico international and KHRP 1996, 36, 38, 39, italics KK.

[2] Barchard 1984, 6

سکوتناب–کەنگاس هەروەها بوجاك، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەوە بەئاگایە کە تورکیا سیاسەتی جینۆساید لەڕووی فیزیکیی و کەلتوورییەوە گرتۆتەبەرو هەروەها پێشێلی چەندین بڕگەکانی راگەیاندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەکات، بەڵام واپێدەچێت کە بەنهێنیی ئەو پێشێلکارییانە پەسەندکات کە حکومەتی تورکیی ئەنجامیدەدات.

## دوازدەیەم : پوختەو مشتومڕ

### جەنگی توندیی نزمە ئاست دژی کوردان

ستراتیجییەتی جەنگی توندیی نزمە ئاست لە ئەمەریکا گەشەیکردووە کە گرنگترین هاوپەیمانی تورکیایە. سوپای تورکیی وێڕای زانیارییە سەربازییەکان، ئەم ستراتیجییەی لە ئەمەریکا هاوردە کردووە. سوپای تورکیی، لەبری جەنگێکی سوننەتیی دژی پەکەکە، دەستیکردووە بە بەکارهێنانی میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمە ئاست لەوکاتەوەی کە تانسۆ چیلەر لە ساڵی 1993دا بوو بە سەرۆك وەزیران و تیمە تایبەتەکانی بۆ جەنگی گەریلایی دامەزراند. بەناوبانگترین بنەمای جەنگی توندیی نزمە ئاست بریتییە لە " ئەگەر نەتوانی بە رێگایەکی ئاسایی ماسییەکە راو بکەیت ئەوا دەریاکە وشك بکە". ئەوەش مانای داخستنی کەناڵەکانی دابینکردنی پێویستییەکان بۆ گەریلا لەڕێگەی راگواستنی ئەو دانیشتووانە لۆکاڵییەی لایەنگرییان دەکەن.

**له باكووری كوردستان توندترین وێرانكاریی ناوچه گوندنشینه‌كان له ماوه‌ی ساڵانی 1992 بۆ 1996 به‌ڕێوه‌برا. سوپا نزیكه‌ی سێ هه‌زار گوندی ته‌ختكردووه‌و لانیكه‌م دوو ملیۆن كوردی راگواستراوی نێوخۆ له گه‌ڕه‌كه هه‌ژارنشینه‌كانی شاره كوردیی و توركییه‌كاندا ژیان به‌سه‌رده‌به‌ن.[1] ژماره‌ی كوردانی سڤیل، به شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌كیی منداڵان، كه له‌م جه‌نگه شاراوه‌یه‌دا گیانیان له‌ده‌ستده‌ده‌ن، چه‌ندین جار له ژماره‌ی ئه‌و خه‌ڵكانه زیاترن كه له شه‌ڕه‌كاندا ده‌مرن. ره‌وشی كوردانی راگواستراو زۆر خراپه‌و ئاستی ژیانیان زۆر نزم‌و دژواره. كه‌میی خۆراك، كه‌میی شوێنی نیشته‌جێبوونی شیاو، كه‌میی له‌شساغیی‌و بایه‌خپێدانی ته‌ندروستیی خۆپاراستن‌و چاره‌سه‌ریی. زۆربه‌ی گرفته كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان ده‌توانرێت به گرفته ته‌ندروستییه‌كان ناوبرێت. هه‌روه‌ها له هه‌ر كۆمه‌ڵگایه‌كدا هه‌ژاران زیاترین نه‌خۆشییان هه‌یه. راپۆرتی ته‌ندروستیی جیهانیی بۆ ساڵی 1995ده‌ڵێت كه هه‌ژاریی مه‌زنترین هۆكاری ناله‌باریی ته‌ندروستیی‌و نه‌خۆشییه له جیهاندا، هه‌روه‌ها به‌ڵگه‌ی ته‌ندروستیی خراپ هه‌میشه نیشانه‌ی هه‌ژاریی زۆرو ناله‌باریی كۆمه‌ڵایه‌تییه.[2] له باكووری كوردستان، یاخود له چه‌ند به‌شێكیدا، هه‌ندێك له نه‌خۆشییه درمه‌كانی وه‌ك مه‌لاریا، سورێژه، سیل، ئیفلیجیی منداڵان، گولیی‌و هه‌روه‌ها ته‌راخوما بنجیانداكوتیوه. به‌دخۆراكیی هه‌لومه‌رجێكی پێكهێناوه كه كه‌سانێك هه‌ڵگری نه‌خۆشییه‌كانن بێئه‌وه‌ی پێشتر هیچ نیشانه‌یه‌كیان لێ رووبدات، نه‌خۆش ده‌كه‌ون. كه‌وتنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌موو نه‌خۆشییه درمانه كه ده‌توانرێت زانیارییان له‌باره‌وه بزانرێت زیادیكردووه. نه‌خۆشییه‌كان – به‌تایبه‌تیی سكچوون، سورێژه، هه‌روه‌ها سیل – به‌ئاسانیی بۆ خه‌ڵكانی دی ده‌گواسترێنه‌وه. له‌كاتێكدا روودانی نه‌خوشیی له هه‌رێمی حاڵه‌تی ئاوارته‌دا زیادیكردووه، ژماره‌ی بنكه‌و ناوه‌نده ته‌ندروستییه‌كان‌و هه‌روه‌ها ژماره‌ی ستاڤ بایه‌خپێدانی ته‌ندروستیی**

---

[1] Amnesty International 1996b, 3 .

[2] Kleinman 1997a and 1997b; WHO 1995, 1.

کەمیکردووە. هەروەها کۆی بایەخپێدانی تەندروستیی ژینگەیی، خۆپاراستن‌و رووماڵی رەوشەکە کەمیکردووە.

رەوشی تەندروستیی پارێزگا کوردییەکان لە کۆتایی ساڵانی 1990کاندا، هاوشێوەی رەوشەکەی تەواوی تورکیای ساڵانی 19970کان بوو. گرفتە سەرەکییە تەندروستییەکانی تورکیا لەساڵانی 1970کاندا، بۆ نەخۆشییە درمیی‌و پاراسیتەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها سورێژە لەنێو بەربڵاوترین نەخۆشییە درمەکاندا بوو.[1] لە ساڵانی 1970کاندا، 2,5٪ دانیشتووان لە هەرێمە کوردییەکەدا بەدەست سیلەوە دەیانناڵاند، هەروەها پەتای سورێژەو تەراخوما لەنێو منداڵانی گوندەکاندا بڵاوبوون.[2] هەربۆیە لەبری گەیشتن بە ئامانجە جیهانییەکەی " تەندروستیی بۆ هەمووان بەهاتنی ساڵی 2000 " کە لەلایەن WHO وە لەساڵی 1978 لە کۆبوونەوەی ئەلما ئاتا بەرزیکردەوە، ئاستی تەندروستیی لە پارێزگا کوردییەکاندا پاشەکشەی کردووە. رەوشەکە لە باکووری کوردستان – هەر یەك لە رووداني نەخۆشیی‌و هەروەها بایەخپێدانی تەندروستیی – تا ئاستێك داڕماوە کە لە جیهانی سێیەمدا باوە. ئەوەی هاوشێوەی وڵاتەکانی ئەفەریقای باشووری بیابانی مەزنە زیاتر لەوەی وەك بەشەکانی رۆژئاوای تورکیا بێت.

یەك لە میتۆدە گرنگەکانی جەنگی توندیی نزمە ئاست بریتییە لە بەرتەسککردنەوەی هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی لەگەڵ جووڵانەوە گەریلاییەکەو لایەنگرانیی. ئەمەش مانای گەمارۆی هەواڵ لەبارەی جەنگەکەوە، هەروەها رێگرتن لە گەیشتنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ قوربانییانی جەنگەکە. ئابووریی تورکیا لەماوەی ساڵانی 1990کاندا فرە لاواز بوو، بەڵام ئەمە هۆکاری بنەڕەتیی کەمیی هاوکارییەکان بۆ کوردانی راگواستراو نەبوو، چونکە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لەبەردەستدابوو. بەڵام تورکیا رێگەی بە رێکخراوەکانی UNو رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی وەك خاچی سوورو پزیشکانی بێسنوور نەدەدا تاکو رووماڵی

---

[1] WHO 1980, 250 .

[2] Jafar 1974, 145 .

ڕەوشەکەی کوردانی ڕاگوێزراو بکەن و هاوکارییە مرۆییەکانیان پێبگەیەنن.[1] لەبەرئەوەی کە ماسمیدیای نێودەڵەتیی سەبارەت بە نەهامەتیی کوردانی سڤیل بێدەنگە، چ فشارێکی نێودەوڵەتیی لەسەر حکومەتی تورکیا نەبووە کە ناچاری بکات ڕێگە بە ڕێکخراوە مرۆییەکان بدات لە باکووری کوردستان کار بکەن.

هەژاریی ونەخۆشکەوتن لەنێو کوردانی ڕاگوێزراودا زیادیکردووە. گرفتە بنەڕەتییەکانی بایەخپێدانی تەندروستیی لە باکووری کوردستان هەمان ئەو گرفتانەی پێش جەنگە ناوخۆییەکەن – گرفتەکان ئاکامی جەنگەکە نەبوون، بەڵکو جەنگەکە بوونی ئەو گرفتانەی خراپترکرد. بۆ نموونە، با سەیرێکی حاڵەتی ئیفلیجیی منداڵان بکەین، ئەو نەخۆشییەی کە لە هەرێمی ئەوروپیی WHO دا (کە 51 دەوڵەتن) تەنیا دەتوانرێت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا ببینرێتەوە. WHO هەڵمەتێکی بەرفراوانی جیهانیی دژ بە ئیفلیجیی منداڵان بەڕێوەدەبات، پێویستە لەسەر بەرزترین ئاست بۆ نزمترین ئاستی سیاسیی لە وڵاتانی بایەخدار پابەندبوونێکی بەردەوامیان بەو هەڵمەتەوە هەبێت و هەروەها پێویستە خەرجیی و پێویستیی دارایی تەواوی بۆ دابینبکرێت.[2] لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا هەردوو ئەم لەئارادا نییە. ناتوانرێت چارەسەرێکی ڕاستیینەی گرفتە تەندروستییەکانی هەرێمەکە بکرێت ئەگەر دان بەو حاڵەتە ڕاستیینانەی نەخۆشکەوتنی بەرفراواندا لە هەرێمەکەدا نەنرێت. حاڵەتی دابینکردنی خەرجیی بەم فاکتەرەوە پەیوەستە. جەنگەکە ئەو گرفتانەی زێدەکردووە کە پەیوەندییان بە بایەخپێدانی تەندروستییەوە هەیە، ژمارەی کارمەندانی بایەخپێدانی تەندروستیی کەمبوون، ناوەندەکانی تەندروستیی بۆ بەکارهێنانی سەربازیی تەرخاندەکران. بەڵام تەنانەت پێش جەنگەکەش، هیچ ویستێکی سیاسیی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکانی بایەخپێدانی تەندروستیی لە باکووری کوردستان.

---

[1] PHR 1996, 8; interview in Saqlik Sen Diyarbakir 22.2.2001.

[2] WHO 1998b .

## ئیتنۆسایدی کوردان لە تورکیا

دەتوانرێت ئیتنۆسایدی کوردان بەهۆی وێناکردنی ڕێکەوتننامەکەی UN وە بۆ جینۆساید، هەروەها لەڕێگەی تیۆرەکانی لامکینەوە سەبارەت بە جینۆسایدەوە، شرۆڤەبکرێت. بەگوێرەی لامکین، جینۆساید دوو سیمای هەیە، تێکوپێکدانی نموونەی نەتەوەیی گروپی بەئامانجکراوو خستنەبری بە نموونەی نەتەوەیی گروپی سەرکوتکار.[1] دووەمین سیمای ئەمانە لە باکووری کوردستان روونە. تەنانەت بوونی کوردان وەك گروپێکی ئیتنیی نکوڵیی لێکراوە، هەروەها کوردان بە زۆرەملێی لەنێو کەلتووری تورکییدا بەهۆی چەندین میتۆدەوە توێندراونەتەوە، هەر لە قەدەغەکردنی زمانی کوردییەوە بۆ ئەژمارکردنی هونەری میللیی کوردیی وەك کەلتووریی تورکیی. زانکۆو پەیمانگا تورکییەکان بێ مشتومڕ ئایدیۆلۆجیای فەرمییان پەسەندکردووە– لەجیاتی ئەوەی ئەو ئایدیۆلۆجییا فەرمییە بخەنە ژێر پرسیار، ئەوان بڵاویانکردۆتەوە.[2]

کاتێك ئیمپۆاتۆریی عوسمانیی بوو بە کۆماری تورکیا، ئەو بیرۆکەیەی لەبارەی کەمینەکانەوە وەرگرت کە لە ئەوروپای مۆدێرن‌و باکووری ئەمەریکادا باو بوو،و هەروەها بەسەر چوارچێوە رۆژهەڵات ناوەڕاستییەکەی خۆیدا جێبەجێیکرد: کەمینەکان چیدی وەك بەشێکی هەمیشەیی‌و جیاواز لە پێکهاتەیەکی فرەچەشن ئەژمار نەدەکران، بەڵکو لەجیاتی ئەوە ئەوان وەك گروپێکی تایبەت دەبینران کە سازانیان لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگادا "ناتەواو "بوو.گۆڕانێك روویدا لە ئمپراتۆریی عوسمانییەوە کە لانکی دانیشتووانێکی موسوڵمان بوو کە لە چەندین میللەت پێکدەهاتن، بۆ تورکیا، مەڵبەندی نەتەوەی تورك هەروەك لەلایەن دەسەڵاتدارانی

---

[1] Lemkin 1944, 79 .

[2] Bexikçi 1997b .

**تورکییەوە وێنادەکرا.**

**کاتێك کەسێك لە کلاورۆژنەی وەسفکردنەکەی لامکینەوە بۆ جینۆساید، شرۆڤەی رەوشەکەی کوردان دەکات، دەتوانرێت زۆربەی سیماکانی ئەم وێناکردنە هەر لە ساڵی 1923وە لە باکووری کوردستان ببینرێتەوە. بەگوێرەی لامکین، جینۆساید هێرشێکی هەماهەنگە بۆسەر گروپی بەئامانجکراو:**

**1- لەبواری سیاسییدا: لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا بە راگواستنی سەرکردە لۆکاڵییەکان بۆ رۆژئاوای تورکیا، سیستمی خۆبەڕێوەبردنی کوردان تێکوپێکدرا.**

**2- لەبواری کۆمەڵایەتییەدا: هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردیی هەڵتەکێندراو هەروەها بەکوشتن و راگواستنی گروپگەلێکی وەك رۆشنبیران و سەرکردە ئاینیی و سیاسییەکانی، پەرەسەندنی سروشتیی کوردان تەگەرەی خرایەبەر. پاش چەند دەیەیەکی خامۆشیی لە ساڵانی 1950کاندا، ئەم ئۆپەراسیۆنانە لەساڵانی 1960کانەوە دژوارتر بوو.**

**3- لەبواری کەلتوورییدا: قوتابخانە کوردییەکان، کۆمەڵەکان، بڵاوکراوەکان، هەروەها تەریقەتە ئاینییەکان لەساڵی 1924دا، داخران و بەکارهێنانی زمانی کوردیی تاکو ساڵی 1991، لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغەکرا.**

**4- لەبواری ئابوورییدا: لەکاتێکدا کە رۆژئاوای تورکیا بەئاراستەی ئابوورییەکەی هاوچەرخ پەرەیسەند، هێشتا بەرهەمهێنان لە پارێزگا کوردییەکان لەسەر پەیوەندییە موڵکایەتییەکانی دەرەبەگایەتیی بنەمای گرتبوو، هەروەها هەمان شێوازەکانی کشتوکاڵیی مابووەوە کە لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنرا، نزیکەی پیشەسازییش لەگۆڕێدا نەبوو، ناوچەی کوردستان وەك کۆڵۆنییەك وایە کە کەرەسەی خاوو هێزی کار بۆ رۆژئاوای تورکیا دێنێتەبەرهەم.**

**5- لەبواری بایەلۆجییدا: دەوڵەتی تورکیی سیاسەتی راگواستنی بەکۆمەڵی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو جێبەجێکردووە. ئەوەش لەساڵانی 1990کاندا توندتر بەڕێوچوو.**

6- لەبواری بوونی فیزیکییدا: لەماوەی سالأنی 1990کاندا، نەخۆشکەوتن و مەرگ لەنێو کوردانی راگواستراودا زێدەبوو، بەلأم حکومەتی تورکیی هێشتا رێگە لە رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت کە خۆراك و دەرمانیان پێ بگەیەنێت.

رەوشەکە سەبارەت بەو دوو دوا پێناسەیەی لامکین لەبواری ئاین و ئەخلاقدا فرە روون نییە. قوتابخانە ئاینییە کوردییەکان لەساڵی 1924ەوە داخراون، بەلأم هێشتا ئیسلام رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی کورداندا دەگێرێت. بەلأم ئیسلام هێزێکی نەتەوەیی نییە – هەرچەندە ئەگەر ئیسلامییەکانیش لەرووی سیاسییەوە چالاکبن، ئەوان بەشێکن لە سیستمی سیاسیی تورکیی، نەك بەشێکبن لە جوولأنەوەی نەتەوایەتیی کوردیی.

ئایدیای سازش و پێکەوەییبوون[1] ئەوە شرۆڤەدەکات بۆچی هەلأواردن لەسەر چەمکی شوناسی ئیتنیی بنەما دەگرێت، نەك تەنیا لەسەر فاکتی ئەو شوناسە.[2] کاتێك کەمینەیەك بەگوێرەی سیاسەتی سازش لەنێو کۆمەڵگای خانەخوێدا دەتوێتەوە، تاکە ئەندامەکانی کەمینەکە زۆربەی جار لەنێو کۆمەڵگا خانەخوێیەکەدا دەتوێنەوە. کۆمەڵگای خانەخوێ هانی ئەندامانی کەمینە دەدات کە لە ژیانی کۆمەلأیەتیی و ئابووریی زۆرینەدا بەشداریی بکەن. هیچ کام لە کوردانی راگواسترا و نەتواونەتەوە. لەماوەی سالانی 1990کان، پلانی حکومەت بۆ تواندنەوەی کوردان لەرێگەی راگواستنیانەوە سەرکەوتوو نەبوو، لەبری ئەوە، بارێکی گرانی دیکەش کەوتەسەر ئابوورییە تورکییە لاوازەکە بەوەی نزیکەی پێنج لەسەدی دانیشتووانەکەی بێماڵ و بێکار بوون. لەرێگەی راگواستنەکەوە " گرفتەکانی رۆژهەلأت بۆ رۆژئاوا گواسترانەوە" کوردانی راگواستراو لەبری ئەوەی لەنێو کۆمەڵگای تورکییدا

---

[1] Smith, A. 1981, 15-17 .

[2] ئەو راستییەی زۆربەی جار بایەخدارانی رەوشی کوردانی لە تورکیا سەرسامکردووە ئەوەیە کە زۆر لە کوردان، هەروەك حیکمەت چەتینی سەرۆکی پارلەمان، گەیشتوونەتە پێگەی بەرز بێئەوەی هەلأواردنیان لە دژ کرابێت لەبەرئەوەی لە ریشەیەکی کوردین.

بتوێنەوە هەستان بە گۆڕینی ناوچە شارنشینەکان بۆ گوندگەلێکی کوردیی. ئاکامی ئەم ڕاگواستنە بەتەواویی پێچەوانەی ئامانجە بنەڕەتییەکەی بوو، پرۆسەی ڕابوونێکی نەتەوەیی لەنێو کورداندا ڕوویدا، پرۆسەیەك کە دەتوانرێت بە کاردانەوەی ئیتینکیی ناوببرێت. لەو باوەڕەدام کە هۆکاری سەرەکیی ئەوەی بۆچی کوردان وەك گروپێکی ئیتنیی پاش ئەو ڕاگواستنە ماونەتەوە بریتییە لەو سوننەتە لەمێژینەیەی لە بەرگرییدا هەیانە، ئەو ژمارە مەزنەیانو ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگایەکی کوردیی گەورە لە ئەورووپا یارمەتیی کوردان لە تورکیا دەدات، چ لەسەر ئاستی تاكو چ لەسەر ئاستی ڕێکخراوەییو سیاسیی. کوردان پێنجیەکی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن، 12-13 ملیۆن کەس لە تێکڕای دانیشتووانێکی 65 ملیۆنی. لەتورکیا، چەندین کەمینەی نەتەوەیی وەك لاز، تەتارو چەرکەس تواونەتەوە، بەهۆی ئەوەی ئەوان لە خاکی جوگرافیی خۆیانو ژمارەیەکی تەواوی دانیشتووان بێبەش بوون. ئەوان هێندە بەهێز نەبوون کە بەرگەی توانەوە بگرن، بەڵام کوردان هێندە زۆرن کە ئاسان نییە تێکڕایان پێکەوە بکوژرێن، یان بتونرێنەوە یا ڕابگوازرێن.

ڕێکەوتننامەکەی UN سەبارەت بە جینۆساید زۆر بەرتەسکانەتر لەوەکەی لامکین کردوویەتی جینۆسایدی پێناسەکردووە. بەگوێرەی ئەوەی پێشوویان، جینۆساید مانای ئەوەیە، وێڕای کوشتنی ئەندامانی گروپێك، بۆ نموونە، "گورزوەشاندنی بەنەقەست لە هەلومەرجەکانی ژیانی گروپێك بەمەبەستی هێنانەئارای وێرانکاریی فیزیکیی ئەو گروپە بە تەواویی یاخود بەشێك لێی." ئەمەش لە سیماکانی پێنجو شەشی پێناسەکەی لامکینەوە نزیکە: جینۆساید کوشتن لەخۆدەگرێت " بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستنو هێنانەکایەی سیستمێکی قاتوقڕیی خۆراکییو هەروەها بەهۆی کۆمەڵکوژییەوە." ئایا ڕاگواستنی نێودەوڵەتیی کوردان میتۆدێکە بۆ جینۆساید؟ بەگوێرەی ڕێکەوتننامەکەی UN، جینۆساید کارگەلێکە بەئەنقەست بۆ لەناوبردنی گروپێك ئەنجامدەدرێت. لە جەنگی ناوخۆی نایجیریادا لەساڵانی 1960کاندا، مەرگی بەکۆمەڵ لەنێو دانیشتووانی سڤیلدا بەشێوەیەکی سەرەکیی

بەهۆی مەیدانی جەنگەکەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی نەخۆشییەوە بوو. هەروەك دو پریّس سەبارەت بە جەنگی بیافرا وتویەتی، تەنانەت ئەگەر قاتوقڕییەکە بەئەنقەست بەهۆی گەرمارۆکەوە سەپێنرابێت، جەنگەکە ناچێتە نێو چوارچێوەی پێناسەکەی UN بۆ جینۆسایدەوە، لەبەرئەوەی مەبەستێك بۆ قەلاچۆکردنی سیستماتیکی گروپێك لەئارادا نەبوو پاش ئەوەی کە سوپای نایجیریی ئامانجەکەی خۆی بەدەستهێنا.[1] زۆرلە خەڵکە ڕەسەنەکە نزیکەی لەئاکامی بلاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکان قەلاچۆکران، مەرگی چەندین گروپ تا ئاستی جینۆساید گەیشت. ئەوانە بەهۆی کارە بێمەبەستەکانی مرۆڤەکان روویاندا، بەلام ئەوان نەیاندەتوانی بەئەنقەست بکرێن، لەبەرئەوەی زانیاریی سەبارەت بەهۆکاری پەتاکە هێشتا لەبەدەستدا نەبوو.[2] ڕەوشی ئەو کوردانەی لەسالانی 1990کاندا ڕاگواستراون هاوشێوەی ئەوەکەی ئەمەرنییە ڕاگواستراوەکان‌و خێڵە ڕەسەنە ئەمەریکییەکان، لەلایەکەوە، ئەمڕۆ زانیاریی لەبارەی نەخۆشییە درمەکانەوە لەبەردەستدایە، هەروەها لەلایەکەی ترەوە، کوردانی ڕاگواستراو بەتەواویی جیانەکرابوونەوە. ئەوان پشتگیرییان لەلایەن خزم‌و هاوخوێنەکانیانەوە لەدەرەوەو ناوەوەی تورکیا پێدەگەشت. لەبەر ئەمە، کوردان بەشێوەیەکی باشتر لەو گروپگەلە ڕاگواستراوانەی ماوەی سەدەکانی پێشوو، لەو ڕاگواستنەدا گیانیان دەربرد.

ئاشکرا دەردەکەوێت کە هەرچەندە زێدەبوونی مەرگ لەنێو کوردانی سڤیل زۆر جدییە، زێدەبوونی نەخۆشکەوتن – تەنانەت ئەگەر بە هۆکاری ئەنقەستیش بێت – میتۆدێك نییە بۆ جینۆساید، ئامانجی دەوڵەتی تورکیی قەلاچۆکردنی کوردان نەبووە، بەڵکو تواندنەوەی بووە.

سکوتناب–کەنگاس لەو گۆشەنیگایەوە شرۆڤەی زمانکوژیی دەکات کە چۆن ڕێکەوتننامەکەی UN لەگەڵ جینۆسایددا دێتەوە. فێرکردنی فەرمیی، کە مندالان

[1] du Prees 1994, 27 .

[2] Jonassohn 1992, 20-21 .

لەسەر حسابی زمانەکەی خۆیان فێری زمانی هەژموونگەر دەکات، جینۆسایدە. پێویستە فێربوونی زمانی نویێ لەپاڵ زمانەکەی خۆیاندا بێت. ئەگەر لە فێربووندا ئەڵتەرناتیڤ نەبێت، لەدەستدانی زمانی یەکەمی منداڵانو گواستنەوەیان بۆ زمانی گرووپی زۆرینە لەرێگەی هێزەوە روودەدات. بەگوێرەی سکوتناب – کەنگاس، ئەمە لەگەڵ پێوانەکەی UN دا بۆ جینۆساید دێتەوە کە " گەیاندنی زیانی جەستەیی و عەقڵیی بە ئەندامانی گرووپێك." منداڵانی کەمینەکان کە نائاشنان بە زمانی دایکیان وادەکات تەگەرە بکەوێتە بەردەم گواستنەوەی نەوەبەنەوەی زمانەکە. بەگوێرەی سکوتناب – کەنگاس ئەوە مانای ئەوەیە کە منداڵان بەزۆر لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر رادەگوێزرێن، کە ئەوەش بەشێکە لە پێناسەکەی UN بۆ جینۆساید.[1] لە شرۆڤەکارییەکەدا، جیاوازییەکان لەنێوان "ئەندامانی گرووپەکە"و هەروەها "گرووپەکە" کێشەیە. ئامانجی ئیتنۆساید بریتییە لە قەڵاچۆکردنی گرووپێك وەك قەوارەیەکی کەلتووریی. ئامانج ئەوەیە گۆڕین بەسەر تەواوی گرووپەکەدا بهێنرێت نەك تاکە ئەندامەکانی.

## ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاست لە تورکیا

ململانێی توندیی نزمەئاست ستراتیجییەکی سەربازییە کە تێیدا جەنگ نابێت وەك جەنگ دەربکەوێت. ئەوەی بەکاردەهێنرێت بۆ بەزاندنی دوژمن لە ململانێیەکی چەکدارانەدا، نەك بۆ تواندنەوەی کەمینەیەك. ئیتنۆساید کردارێکی درێژخایەنە بۆ سڕینەوەی گرووپێکی ئیتنیی وەك قەوارەیەکی کەلتووریی. جەنگی توندیی نزمەئاست دەتوانێت یەکێك بێت لە میتۆدە جۆربەجۆرەکان کە حکومەتە ستەمکارەکان بۆ تێکشکاندنی گرووپە ئیتنییەکان بەکاریدەهێنێت. دەتوانرێت بەرگریی دژی ئیتنۆساید بکرێت بەڵام هەمیشە ناگاتە ئاستی چەکداریی. لە

[1] Skutnabb-Kangas 2000a; Skutnabb-Kangas 2000c, 332 .

چەندین حاڵەتدا، ستراتیجییەکانی ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاستدا پشتگیریی یەکتر دەکەن. کاتێك جیهانی دەرەوە کەمترین زانیاریی سەبارەت بە گرووپی بەئامانجکراوەکەوە پێبگات، جەنگەکە بە شێوەیەکی ئاسانتر دەشاردرێتەوە. بەگوێرەی کاسترۆ ئەپریزا، یەکێك لە گرنگترین رەگەزەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست لە چیاپاس لە باشووری مەکسیك بریتییە لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرتەسککردنەوەی هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی لەگەڵ جووڵانەوەی زاپتێستادا.[1] راگواستن میتۆدێکە بەکاردەهێنرێت لە هەریەك لە جەنگی توندیی نزمەئاست و هەروەها لە ئیتنۆسایددا، تەنانەت لە جینۆسایدشدا، چونکە هێرشێکە بۆ سەر بوونی بایەلۆجیی و فیزیکیی گرووپی بەئامانجکراودا.[2]

راگواستنی کوردان زۆربەی جار وەك میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست دەبینرێت زیاتر لەوەی میتۆدێکی ئیتنۆساید بێت. شرۆڤەی ئەم کۆڵینەوەیە پێشانیدەدات کە هەرچەندە رەگەزەکانی هەردووکیان هەن، راگواستن لە بنەڕەتدا کردارێکی ئیتنۆسایدئامێزە. بەرنامەیەك بۆ راگواستنی کوردان لەلایەن ئەنوەرو تەڵعەتەوە کاری بۆکراوە، ئەو دوو سەرکردە یەکێتییخوازەی کە دەستپێکەری سەرەکیی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان بوون. دەبوو کوردان بۆ رۆژئاوای تورکیا رابگوێزرێن، لە جێگەیەکدا کە لە پێنج لە سەدی دانیشتووانەکە زیاترنەبن.[3] دەبێت راگواستنی کوردان لە سالانی 1990کاندا دژی ئەم پێشینە مێژووییە ببینرێت. کاتێك سوپا دەستیکرد بە چۆڵکردنی گوندە کوردییەکان لەسەرەتاکانی سالانی 1990کاندا، بانگەشەی ئەوە دەکرا کە ئەمە لەبەر گرتنی رێگاکانی دابینکردنی پێویستییە بۆ پەکەکە. بەڵام ئەم گوند سووتاننە تەنیا پەیوەستێکە بە مێژووی درێژخایەنی راگواستنی کوردانەوە.

[1] Castro Apreza 1998 .

[2] Lemkin 1944, xi-xii .

[3] Kendal 1980a, 44-45 .

## کەمیی کۆڵینەوە وەك میتۆدێکی ئیتنۆساید

ڕۆڵی کۆڵینەوە چییە: چۆن کاریگەریی دەکاتەسەر جینۆسایدی کەلتووریی‌و هەروەها چۆن کاریگەریی دەکاتە سەر جەنگی توندیی نزمەئاست؟ ئەو زانیارییانەی لەڕێگەی کۆڵینەوەوە کۆدەکرێتەوە دەتوانێت یارمەتیی خەڵك بدات باشتر لە پرۆسەکە تێبگەن — چ گروپە بەئامانجکراوەکەی ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاست‌و هەروەها خەڵکانی دەرەوەش. دەتوانرێت بەشێوەیەکی زیاتر وردتر سەبارەت بە جیاوازییەکان بوترێت کە لە ئیتنۆسایددا سەرکوتکاران دەیانەوێت ڕێگە لە گۆڕینی ئاکاری گروپی بەئامانجکراوەکە بگرن کاتێك ڕێگە لە کۆڵینەوەو شێوەکانی دیکەی زانیاریی دەگرن. کاتێك ئەمە وەك میتۆدێکی جەنگی توندیی نزمەئاست ببینرێت، گروپە بەئامانجکراوەکە بریتییە لە ئاشکراییەکی نێودەوڵەتیی، بە شاردنەوەی زیانیاریی لێیان دەوڵەتە سەکوتکارەکە هەوڵدەکات ڕێگریی لە دوژمنەکەی خۆی بکات پشتگیریی نێودەوڵەتیی بەدەستبێنێت. جیاوازیی لەنێوان ئەم دوو ڕەوشەدا روون نییە. زۆربەی جار حکومەتێك کە میتۆدەکانی جەنگی توندیی نزمەئاست دژی کەمینەیەکی ئیتنیی بەکاردەهێنێت، هەروەها شێوازەکانی دیکەی سەرکوتکارییش بەڕێوەدەبات، لەوانەیە تەنانەت ئیتنۆسایدیش بکات. هەربۆیە کۆڵینەوە کاریگەری جیاوازی لەسەر ئیتنۆسایدو جەنگی توندیی نزمەئاست هەیە. زانیارییەکی قووڵ لەبارەی گروپێك دەتوانێت بەئاگاهاتنەوەی ئەندامانی گروپەکە سەبارەت بە شوناسی ئیتنییان زێدەبکات‌و هەروەها رووی دیاردەناسیی ئیتنستییەکەیان بگۆڕێت. ئەوە دەتوانێت پرۆسەی کاردانەوەی ئیتنستیی لەنێویاندا بەهێزبکات. کاتێك رووماڵ‌و راپۆرتەکانی هەواڵ هەبن کە ئەو گەمارۆی ماسمیدیا بشکێنێت کەبەهۆی جەنگی توندیی نزمەئاستەوە داسەپاوە، ئەوانە زیاتر کار لە وانەی دەرەوە دەکەن تاوەکو گروپە بەئامانجکراوەکە.

کۆڵەران ناکۆکن لەوبارەیەوە داخۆ ئیتنۆساید شێوەیەکی جینۆسایدە کە پێویستە بخرێتە کۆڵینەوەیەکەوە کە سەبارەت بە کەیسی جینۆساید بێت. کۆڵینەوە سەبارەت بە ئیتنۆساید بە روونیی دەکەوێتە دەرەوەی کۆڵینەوەی سەرەکیی سەبارەت بە جینۆساید، هەروەها ژمارەیەکی زۆرکەم شرۆڤەی تیۆریی لەبارەوە هەیە. کوپەر دەڵێت هەرچەندە جینۆسایدی کەلتووریی لە رێکەوتننامەکەی UN دا سەبارەت بە جینۆساید، وەك تاوانێك ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام بەگشتیی هەروەك ئەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەو بەو شێوەیە پێناسەی جینۆسایدی کەلتووریی کردووە کە کارگەلێکە بۆ ریشەکێشکردنی کەلتوورێك بەتەواویی یاخود بەشێکی بنەڕەتیی.کارگەلە ئیتنۆسایدئامێزەکان وەك: بێبەشکردنی گروپێك لە دەرفەتی بەکارهێنانی زمانێك، پەیڕەوییکردن لە ئاینێك، ئەفراندنی هونەریی بە شێوەیەکی باو، پاراستنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان، پاراستنی بیرەوەریی و ترادسیۆنەکان و هەروەها کارکردنی دەستەجەمعی لەپێناو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا .[1] هەروەك پێناسەکانی شێوەکانی دیکەی جینۆساید، یەك لە گرفتەکان ئەوەیە کە چەمکەکەی بۆ ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتییدا پێکهێنراوە، نەك بۆ کۆڵینەوە، ئەوەش وا دەکات کە بەکارهێنانی پێناسەکەی UN بۆ جینۆساید لە کۆڵینەوەدا گرفتی لێبکەوێتەوە.

هەموو گروپە ئیتنییەکان مافی ئەوەیان هەیە لە کەلتوورو کۆمەڵگای خۆیان تێبگەن، کۆڵینەوەش ئامرازێکی ئەم پرۆسەیەیە. من دەبینم کە کەس چەمکی "ئیتنۆساید" بۆ رێگرتن لە کۆڵینەوە دا بەکارناهێنێت، ئەو پێناسەیەی کە کوپەر، بۆ نموونە، ئاماژەی پێدەدات وەسفی شێوەکانی کەلتوور دەکات کە نزیکەی ئەو زانیارییانە بڵاودەکاتەوە کە هەیە، جگە لە " ئەفراندنی هونەریی بە شێوەیەکی باو."[2]کۆڵینەوەکان زانیاریی نوێیان لەبارەی ئیتنۆکانەوە دۆزیوەتەوە. زۆربەی جار وشەی ئەنقەست وایکردووە زەحمەت بێت جینۆساید بناسێنرێت. دەگونجێت

[1] Kuper 1981, 31 .

[2] Kuper 1981, 31 .

قوربانیی هەبێت و هەروەها دەگونجێت جەلادیش هەبێت، بەڵام بەبێ بوونی مەبەستێك بۆ لەناوبردنی گروپێك، شتێك نییە جینۆسایدی پێ بوترێت.[1] بەڵام کاتێك کۆڵینەوە سەبارەت بە ئیتنۆیەك ڕێگەی پێنادرێت، پرسیار سەبارەت بە ئەنقەست سەرهەڵنادات: کۆڵینەوەو رووماڵەکان زۆربەی جار دەکرێن پاش بوونی پلانێکی پێشینە. بۆ نموونە، کاتێك دەسەڵاتدارانی تورکیی بڕیاریاندا لە پاش ساڵی 1965 لە سەرژمێرییەکانی دانیشتوواندا پرسیار لەبارەی زمانی دایکەوە لە خەڵکەکە نەکەن، بێگومان ئەم کارە نەدەتوانرا لەخۆڕا رووبدات.

فەین پێشنیازی پێناسەیەکی کۆمەڵایەتیی-زانستیی بۆ چەمکی "جینۆساید" کردووەکە لەوەکەی UN فراوانترە، بەگوێرەی ئەو، جینۆساید ئەنجامدانی کارێکی مەبەستدارە لەلایەن ئەنجامدەرەکەیەوە بۆ تێکشکاندنی فیزیکیی کۆمەڵێك بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەڕێگەی رێگرتن لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بایەلۆژیی و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیی ئەندامەکانی کۆمەڵەکە، بێ لەبەرچاوگرتنی خۆبەدەستەوەدان یان کەمیی ئەو هەڕەشەیەی کەلەلایەن قوربانییەکەوە پێشاندەدرێت.[2] تەواو ئاشکرایە، کە سەرکوت و رێگرتن لە کۆڵینەوە لەگەڵ ئەم پێناسەی جینۆسایددا دێتەوە – لەقۆناغی ئێستاماندا، چۆن دەتوانرێت گروپێکی ئیتنیی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەمبهێنرێتەوە لەکاتێکدا کەمیی زانیاریی تەنانەت سەبارەت بە ژمارەی ئەندامەکانی ئەو گروپە لەئارادا بێت؟

هەروەها وەسفەکەی لامکین بۆ جینۆساید لەگەڵ سەرکوتی کۆڵینەوەدا دێتەوە. بەگوێرەی ئەو، جینۆساید تەنیا لەناوبردنی دەستبەجێی نەتەوەیەك ناگەیەنێت، بەڵکو هەروەها مانای وێرانکردنی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی ژیانی گروپێکی ئیتنییە، بە مەبەستی لەناوبردنی گروپەکە خۆی.[3] کاتێك سەیری ئەم پێناسەیە دەکەین دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەو لەساڵانی 1940کان ئەمەی فۆرمەڵە کردووە، لەو کاتەوە،

---

[1] du Prees 1994, 9 .

[2] Fein 1992, 3, italics KK .

[3] Lemkin 1944, xi-xii, italics KK .

ژیان گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، هەروەها دەگونجێت ئەمڕۆکە "دامەزراوە بنەڕەتییەکان" بەشێوەیەکی جیاواز لە شەست ساڵ لەمەوبەر ببینین. بۆ نموونە، لە زۆربەی وڵاتاندا فۆلکلۆرو ترادسیۆنی زارەکیی شوێنیان بە ماسمیدیا و فێرکردنی فەرمیی گیراوەتەوە، هەروەها کۆڵینەوە بایەخی گرنگی پەیدا کردووە چونکە ئەو زانیارییانەی دابینی دەکات لەلایەن دامەزراوە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێت. لامکین لەبارەی کۆڵینەوەو کۆڵەرانەوە نەدواوە، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوەداوە کە جینۆساید کارگەلێك لەخۆدەگرێت بۆ " کوشتنی یاخود سڕینەوەی گروپگەلێکی گرنگی وەك رۆشنبیران."هەروەها " قەدەغەکردن یاخود وێرانکردنی دامەزراوەو چالاکییە کەلتوورییەکان بەهۆی خستنەبری فێرکردنی پیشەیی لە هونەرە سەربەستەکاندا بۆ رێگرتن لە بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیی، ئەوەی کە مەترسییدارە چونکە بیرکردنەوەی نەتەوەیی پێشدەخات." کۆڵینەوە زۆر بەباشیی لەم چوارچێوەیەدا دێتەوە: بۆ نموونە، کۆڵینەوە لەبارەی مێژووی کوردانەوە دەتوانێت بیرکردنەوەی نەتەوەیی کوردان پێشبخات.

ئیتنسیتیی حاڵەتێکی وەستاوی بوون نییە بەڵکو پرۆسەیەکی گۆڕانی بەردەوامە. ئیتنسیتیی پێش مۆدێرنە، ئەوەندەی پەیوەندیی بە بایەخی رۆڵی ئاساییەوە هەبێت لانیکەم هۆشیاریی خۆی هەیە. ئیتنستیی هەر لە سەدەی شازدەیەمەوە پەرەسەندنی نەتەوەیی لە جیهانی رۆژئاواو لە زۆربەی بەشەکانی جیهانیشدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە وێناکرد.[1] هەروەها میتۆدەکانی ئیتنۆساید بەئامانجی گۆڕینی پرۆسەی پەرەسەندنی سروشتیی کاردەکات بەشێوەیەك زیان بە گروپەکە بگەیەنێت. کاتێك خێڵگەرایی دادەکشێت و نەتەوایەتیی شوێنی دەگرێتەوە، یەك لە ئاکامەکان ئەوەیە کە ئەو گروپە ئیتنییە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە. کاتێك گروپێکی مۆدێرن کۆنترۆڵی گروپێکی خێڵەکیی دەکات ئەو شتێکی لۆژیکییە کە هەوڵی هێشتنەوەی گروپە سەرکوتکراوەکە دەدات لە قۆناغی خێڵەکییداو لەمپەر دەخاتە سەرەرێی تاکو بگاتە ئاستێکی مۆدێرن.

[1] Fishman 1977, 35 .

کۆڵینەوە ئەکادیمییەکان دیاردەیەکی قۆناغی مۆدێرنن. زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتنی گۆڕان لە شێوە ژیانی سوننەتییەوە بۆ شێوە مۆدێرنەکەی. بۆ نموونە، گۆڕان لە خێڵگەراییەوە بۆ نەتەوایەتیی. نەبوونی کۆڵینەوە لەبارەی گروپێکی کەمینەوە دەتوانێت میتۆدێك بێت بەدەست زۆرینەوە بۆ ڕێگرتن لە گەیشتن بە قۆناغێکی مۆدێرن. بۆ گروپێکی ئیتنیی ناگونجێت بەشێوەیەکی شیاو لە ڕەوشی ئێستای تێبگات گەر بێتو پێشینەی خۆی نەزانێت. بە ڕێگرتن لە ئەنجامدانی کۆڵینەوە سەبارەت بە کەمینە، زۆرینە دەتوانێت کەمینە لەحاڵەتی سوننەتییبووندا بهێڵێتەوە لەکاتێکدا کۆمەڵگاکەی خۆی بەشێوەیەکی مۆدێرن پەرەپێدەدات. ئەمە لەچوارچێوە کوردییەکەدا مانای ئەوەیە، بۆ نموونە، ئەگەر لەنێو کورداندا تێگەیشتنێکی شیاویان سەبارەت بە سیستمە خێڵایەتییەکەیان هەبێت، لەوانەیە ئەگەری ئەوەیان هەبێت  بەسەر نەبوونی یەکێتییاندا زاڵبن کە سیستمە خێڵەکییەکە بەسەریاندا سەپاندوون.

دۆزینەوەی زانیاریی نوێ لەبارەی ئیتنۆیەکەوە زۆربەی جار لە پێناسەکانی جینۆسایددا ئاماژەی بۆ نەکراوە. ئیتنۆساید بەشێوەیەك وەسفدەکرێت کە کارگەلێکە شێوەکانی کەلتوورێك بەئامانجدەگرێتو ئەو زانیارییانە بڵاودەکاتەوە کە نزیکەی هەیە. وێرانکردنی تەلارێك کە بەشێکە لە میراتیی کەلتووریی، بۆ نموونە کتێبخانەی نەتەوەیی، لەلایەن سێلبمانەوە وەك شێوەیەکی ئیتنۆساید وەسفکراوە، هەروەها ڕێگرتن لە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نەتەوەیی سیاسەتێکی ئیتنۆسایدئامێزە.[1] زۆربەی جار وا لە کارگەلی جینۆسایدو ئیتنۆساید دەگەین کە بەخێرایی ڕوودەدەن، لەوانەیە لەماوەی چەند ساڵێك بێت بەڵام نەك لەماوەی چەندین دەیەیەو هەروەها بۆ چەندین نەوە. بەڵام ئامانجو کاریگەرییەکە هەمان شتە، تەنانەت ئەگەر وێرانکارییەکە ماوەیەکی درێژتریش بخایەنێت. ئەگەر بۆمبارانکردنی کتێبخانەی نەتەوەیی بۆسنیی بە کارێکی ئیتنۆساید لەقەڵەم بدرێت، نەبوونی کتێبخانەی نەتەوەیی بۆ چەندین کەمینەش پێویستە هەروەها بە

---

[1] Selbmann 1998 .

ئیتنۆساید ئەژماربکرێت.

کێشەکە لەوە ئاڵۆزترە، لەبەرئەوەی تەنیا نەبوونی بابەتی نووسراو لەبارەی گروپەکەوە نییە، بەڵکو هەروەها نەبوونی هزری کتێبخانەیەکی نەتەوەییو هەروەها هەموو بەرجەستەکردنێکی. هەرچەندە، کتێبخانەی نەتەوەیی بۆسنیی وێرانکرا، بەڵام ئەو هزرە مایەوە کە بەرجەستەی دەکرد. ڕەوشەکە بۆ ئەو گروپانە جیاوازە کە هەرگیز کتێبخانەی نەتەوەییان نەبووەو ناشزانن کامەیان چییە.

## کەمیی کۆڵینەوە لەبارەی کوردانی تورکیاوە

پێویستە پەرەسەندنی ژیانی ئەکادیمیی لە تورکیا لەماوەی 1900کاندا دژبە پێشینەی ئەو گۆڕانە لە ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە بۆ کۆماری تورکیا ببینرێت. دەوڵەتی عوسمانیی کۆمەڵگایەکی فرەکەلتوور بوو هەروەها حکومەتی عوسمانیی ڕێگەی بە گروپە ئیتنییە جۆراوجۆرەکان دەدا کە بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ بژین. کاتێك هاوڵاتی عوسمانیی گۆڕشا بۆ هاوڵاتی تورکیی، حکومەت دەستیکرد بەوەی خەڵکەکە "فێربکات" کە چۆن تورك بن. لەنێو شتەکانی دیکەدا، ژیانی ئەکادیمییو فێرکاریی هەروەها کرایە ئامرازێك بۆ ئەم سیاسەتە، تیۆری زمانی ڕۆژو هەروەها تیۆرەکانی مێژووی تورکیی لەپێناو پێشخستنی نەتەوایەتیی تورکییدا داهێنران. گۆڕینی شێوەنووسین لە عەرەبییەوە بۆ ئەلفبای لاتینیی یارمەتیی دەسەڵاتدارانیدا سانسۆر بەڕێوەبەرن. پاش نەوەیەك، خەڵك چیدی نەیاندەتوانی ئەو دەقانە بخوێننەوە کە پێش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕژێمی کەمالیییەکانەوە نووسرابوون.

تاکو ساڵانی 1950کان، کوردان لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکییدا دەژیان کە خاوەن پەیوەندییەکی زارەکییبوون، هەروەها کۆڵینەوە بەمانا هاوچەرخەکەی، بەشێك لە کەلتووریان نەبوو. ئەوان کەلتوورێکی دەوڵەمەندیان لە هۆنراوە، مۆزیكو هەڵپەڕکێی فۆلکلۆرییدا هەبووە بەڵام نزیکەی سوننەتێکی خوێندەوارییان نەبوو.

سیستمە کۆنەکەی فێرکردنیان لەساڵی 1924ەوە تێکوپێکدرا کاتێك دەسەڵاتدرانی تورکیی قوتابخانە کوردییەکانیان" مەدرەسەکانی قورئان" یان داخست. هەر لەدامەزراندنی کۆمارەکەوە خوێندنی سەرەتایی لە تورکیا بەگوێرەی یاسا کرایە زۆرەملێ. بەڵام تاکو ساڵانی 1950کان، کوردان هەرگیز نەدەچوونە خوێندنگا. لەوکاتەدا تورکیا دەستیکرد بە بنیاتنانی خوێندنگای سەرەتایی لە پارێزگا کوردییەکان، هەروەها لەساڵانی 1960کاندا، خوێندنگا نێوخۆییەکان دامەزرێنران کە تێیدا منداڵانی کورد لە خێزانەکانیان جیادەکرانەوە. ئامانج لە کردنەوەی خوێندنگا سەرەتایی و ناوەندییەکان بۆ کوردان، تورکاندیان بوو.

تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کۆڵەرانی تورك و کورد لە مێژوو، زمان و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستانیان کۆڵیوەتەوە. هەر لە ساڵانی 1950کانەوە هەندێك کەسی بیانیی هەوڵیاندا کۆڵینەوە بکەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیی هەرکاتێك بۆیان گونجابێت وەستاندوویانن. بۆ نموونە، لەرووی کۆت و بەندکردنی گەشتکردنەوە، باشووری رۆژهەلاتی تورکیا هەر لەساڵی 1925 بۆ 1965 هەرێمێکی سەربازیی بووە کە بیانییەکان پێوستیان بە مۆڵەت بووە بۆ سەردانی. تەنانەت ئێستاش سەردانیکردنی سنووردارە. هەر لە ساڵی 1965ەوە لە سەرژمێرییەکانی دانیشتووان لە تورکیا چ ئاماژەیەك بۆ جیاکردنەوەی ئەندامانی گروپە ئیتنییەکان نییە. زانیارییە داتاییەکان لەبارەی باکووری کوردستانەوە کەمن یاخود شێوێنراون. سەبارەت بە ساڵانی 1980کان و 1990کان، "سەرکوتی راستییەکان" بەباشیی ئاستی کۆڵینەوەی تورکیی لەبارەی باکووری کوردستانەوە وەسفکردووە. زانیاریی مەترسییداری (وەك خستنەرووی لێکۆڵینەوەکەی سەبارەت بە کوشتنی ئوکور مومجو کرا بە فەرمانی پارلەمان یاخود لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کاریگەریی ژینگەیی پرۆژەی گاپ ) زۆربەی جار بە نهێنیی دەمێننەوە.

دامەزراندنی پەکەکە بووە هۆی جووڵانەوەیەکی بەرفراوان کە یەکەمین راپەڕینی کوردییە کە خاوەن کارەکتەرێکی نەتەوەییە زیاتر لەوەی خێڵەکیی بێت. لە ساڵانی 1990کاندا، جەماوەرێتیی لەنێو کورددا زێدەبووە، کە بۆتە هۆی سیاسییبوونی

**خەڵکەکەو گەشەسەندنی کەلتووری کوردیی، بەتایبەتیی مۆزیك. خوێندەوارانی کورد لە بەهای بابەتی نووسراو بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی تێگەیشتن. کتێب، گۆڤارو رۆژنامەکان بە زمانی تورکیی‌و کوردیی لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە، هەروەها هەر لە کۆتایی ساڵانی 1990کانەوە، بەشێوەیەکی زێدەش لە تورکیا. بەڵام تاکو ئێستا تێگەیشتنێکی فرە کەم لەنێو جووڵانەوەی نەتەوەیی سەبارەت بە گرنگیی کۆڵینەوەی نەتەوەیی هەیە.**

**لە تورکیا، شوناسی ئیتنیی کوردیی‌و تورکیی بەتەواویی لەڕێگەی جیاوازەوە پەرەیانسەندووە. لەگەڵ جەنگی یەکەمی جیهانییدا، هۆشیاریی ئیتنیی تورکیی گەیشتە قۆناغی نەتەوەیی، لەکاتێکدا هێشتا کوردان لە قۆناغی خێڵەکییدا مانەوە. پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئیتنیستیی تورکیی بەشێوەیەکی سیستماتیك لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیریی دەکرا، تەنانەت ژیانی ئەکادیمییش ببووە بەشێك لەم پرۆسەیە بەوەی کە تورکیان لە باڵادەستیی خۆیان دڵنیادەکردەوە. شوناسی ئیتنیکی کوردیی لەسایەی هەلومەرجێکی ناجێگیردا پەرەیسەندووە، هەروەها ئەو گرفتانەی کە کەوتوونەتە سەر رێی پەرەسەندنی تەنیا سیاسیی نین. دیاردەناسیی ئیتنیستیی ( ئیتنیستیی بۆ ئەندامانی گروپەکە چی دەگەیەنێت ) بۆ تورکان‌و بۆ کوردان جیاوازە. بۆ تورکان، شوناسی ئیتنیی بەشێکە لە ژیانی سروشتییان، لەکاتێکدا بۆ کوردان شوناسی کوردییان بژارەیەکی سیاسییە، لەبەرئەوەی ئەو شوناسە وەك کاردانەوەیەك دژی سەرکوتکاریی پەرەیسەندووە. کۆمەڵگای مۆدێرن‌و کۆمەڵگای خێڵەکیی بە شێوەی جیاواز بونیاتی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەرهەمدێننەوە. کۆڵینەوەی ئەکادیمیی دیاردەیەکی بیرکردنەوەی مۆدێرن‌و کارگێڕییەکەی مۆدێرنە. لەتورکیا، کۆڵینەوە ئامرازێکە بۆ بنیاتی شوناسی نەتەوەیی تورکیی‌و هەروەها بۆ مۆدێرنیزەکردنی بەشە تورکییەکەی وڵات. بۆ کوردان، کۆڵینەوە رێگەی لێگیراوە، وەك پەرەسەندنی سروشتیی چەندین بەشەکانی دیکەی کۆمەڵەکەیان. بە رێگرییکردن لە پەرەسەندنی کۆمەڵگاکەیان بەرەو مۆدێرنە، تورکان کوردیان لە سیستمێکی خێڵەکییدا هێشتۆتەوە کە**

هۆشیاربوونەوەی ئیتنسیتیی و ئایدیای نەتەوەیی بۆ ناگەڕێتەوە. وێڕای ئەوەش، دەوڵەتی تورکیی هەروەها ڕێگەی لە کۆمەڵی کوردیی گرتووە کە بەشێوەیەکی سوننەتیی پەرەبسێنێت. ئەوان کاتێك سیستمە کارگێڕییە سوننەتییەکەیان بە ڕاگواستنی سەرکردە کوردییە لۆکاڵییەکان بۆ ڕۆژئاوای تورکیا وێرانکرا، ڕووبەڕووی گرفتگەلێکی جدیی بوونەوە. پاش وەرگرتنی فێرکردنی تورکیی، زۆر لە ئاغایانی کورد و خێزانەکانیان تورکێنران و چیدی ئەوان لە پێگە سوننەتییەکەی پێشوویان وەك سەرکردەی لۆکاڵیی بەردەوام نەبوون.

